سەرچاوە
Serchawe



# پێڕست


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠ ................................ لاپەڕەی .................. ٧

١- دەنگی کوردەکانی رۆژهەڵات لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان...

٢- بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان لە وتووێژێک دا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە...

٣- کوردەکان چۆن بەرەورووی خۆپیشاندانەکانی٢٢ی بەهمەن ببنەوە؟...

٤- کوردستانپۆست بەرپرسی ناوەرۆکی ئەم بابەتە نییە!...

٥- جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە...

٦- دار بە تەمای نیشتنی باز وشک دەبێ (بۆ "مافناس" حەسەنی ئەیوبزادە)...

٨- دوکتور زیا سەدرولئەشرافی: داوا لە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات دەکەین لەگەڵ یەک بکەونە دیالۆگەوە...

٩- دیمانەیەک لەگەڵ بەرێز عەلی میهرپەروەر...

١٠- ئەرێ کۆنگرەی پازدە بەسەرکەوتنەوە کۆتایی پێهات؟!...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢ ................................ لاپەڕەی .................. ٨٠

١١- بۆچی سومەیە فەیزوڵڵاپوور کوژرا؟...

١٢- دیمانە لە گەڵ مستەفا شەڵماشی...

١٣- دیمانە لە گەڵ ئەحمەد عەزیزی...

١٤- دیدار لەگەڵ سوهەیلا قادری...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥ ................................ لاپەڕەی .................. ١٠٦

١٥- خەنی لە خۆم و لە کتێبخانەی کوردی...

١٦- پێشنیار یا پێشنیاز...
١٧- مستەفا هیجریش سەری حەسەنی ئەیوبزادەی بێکڵاو هێشتەوە!...
١٨- بەسەرهاتی بریندارێکی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد...
١٩- موزاکرە وەک شێوەیەک موبارزە...
٢٠- خۆپێشاندانی مەدەنییانەی خەڵکی بۆکان دژ بە دیاردەی تێزاب پرژاندن بەسەر ژنان دا...
٢١- خواستی گەل، شکستی دەسەڵات؛ ماهوارە وەک نموونە...
٢٢- پێشگیری لە رەگەزپەرستیی تورک لە رۆژهەڵاتی کوردستان...
٢٣- تێکستی سەر بەردەنووسەکەی قەڵایچیی بۆکان...
٢٤- هەتەرێ، مەتەرێ، هەلاوە، مەلاوە...
٢٥- وشەکانی پێوەندیدار بە ئەمشاسپەندان لە ئایینی زەرتوشتی دا...
٢٦- "حە" پێشگری پێچەوانە لە زمانی کوردی دا...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ ................................ لاپەڕەی ................. ١٥٠

٢٧- مەلا جەلالی مونەجیم و ئەمیرخانی برادۆست - قەڵای دمدم...
٢٨- رۆناڵد و دۆناڵد...
٢٩- لە فراکسۆنی نوێنەرانی ناوچە تورکنشینەکان تا فراکسیۆنی ئەهلی سوننەتی بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان...
٣٠- پێویستە گڵکۆی هەر کام لە کەسایەتیەکانی مەزارگەی شاعیران خاوەن شوناسی تایبەتیی خۆیان بن...
٣١- بێڵندان یان بەڵێندان؟...
٣٢- کەمپەینی خویندن بە زمانی کوردی لە کەنارەکانی گۆلی ورمێوە تا سەراوی لیلوپەڕ...
٣٣- شاخەوانان دیدەبانانی وڵات...
٣٤- شیوەجۆ لە سێ وێستگەی زەمان دا...
٣٥- وتووێژ لە گەڵ ماڵپەڕی رۆژی کورد سەبارەت بە نۆژەنکردنەوەی گڵکۆی ئەدیبان لە مەهاباد...
٣٦- ١٠ای ئۆکتۆبر، رۆژی جیهانیی بەرەنگاری سزای ئیعدام...
٣٧- نیشتمانی بە مین چێندراو...

٣٨- "شا" بە بێ تەختیش هەر "سەرە"...

٣٩- چێژی شیرینی بەخشین لە حاند تامی تاڵی تۆڵە...

٤٠- رفاندن یان فراندن؟!...

٤١- وەرزش و قارەمانەتیی وەرزشی، ڕێگایەک بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی...

٤٢- فەرهەنگی ئاژەڵ: سەگ...

٤٣- درێژەی کوشتاری کۆڵبەرانو سەرەنجام دەنگێکی نارەزایەتی لە پارلمانەوە...

٤٤- شەقڵی میترائیسم بە سەر زمانی کوردیەوە...

٤٥- سەبارەت بە وشەی تەگبیر...

٤٥- ژمارە لە زمان و کەلتوری کورددا...

٤٦- درێژەی کوشتاری کۆڵبەران...

٤٧- سەردەشت؛ زامی شارێ کە زەمان سارێژی نەکرد...

٤٨- کەبوودوەند و گەڕاندنەوەی باوەڕ بە هێزی خۆ...

٤٩- سزای "محاربە" ؛ دەسمایەی کوشتنی ئازادیخوازان...

٥٠- ئاژاوە، ئاژاوەگێڕ، ئاژاوە گێڕان...

٥١- وسووکەند، خانەگێ...

٥٢- سوێند...

٥٣- بزووتنەوەی کورد لە نێوان دێموکراسیخوازیی ئێرانی و رزگاریخوازیی کوردستان دا...

٥٤- شۆڤێنیزمی دژ بە دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە پارێزگای ورمێ...

٥٤- پردی مێژوویی "میرزا رەسووڵ" قوربانیی گەندەڵی و لافاو...

٥٦- کەیسی تیرۆری ڤییەن، کێشەی ئەمنییەتیی "روحانی" لە ئوتریش...

٥٧- هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری: ئەوپەڕی گاڵتە بە هەڵبژاردن و بە دەنگی خەڵک!...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ ................................ لاپەڕەی .................. ٢٥٩

٥٧- "شاری جوان و کوردنشینم"...

٥٨- لە لۆڤیسای فینلاندەوە تا غەوساباتی کوردستان...
٥٩- ئەو دەرسانەی کە دەبێ لە دۆخی دوای ریفراندۆم وەرگیرابن...
٦٠- بووم، بوومەلەرزە، بوومەلێڵ، بوودڕ، بەر و بووم، بوڕکان، بوار، کوندەبوو...
٦١- کێ براوە و کێ دۆڕاوە؟...
٦٢- ریفراندۆم؛ برینێک لە جەستەی ئێران کە دەبوو حەشد تیماری بکا...
٦٣- ماڵاوایی لە سکرتێری ناکۆکەکان...
٦٤- غەیبەتی رێبەرێکی تەواقفی و هەڵوەشانەوەی تەوافق...
٦٥- ناتانیاهو و قەڵسەگێڕان لە سەر حیسابی کورد...
٦٦- "کوردستان - عێراق" بۆ کۆنفیدرالیزە کردنی عێراق...
٦٧- تورکیا و پارتیەکی بەهێز بۆ کوردستانێکی بەهێز لە عێراقێکی یەکپارچە دا...
٦٨- ڕەشبەڵەک...
٦٩- خالید شازدە...
٧٠- مێش، گامێش، خۆڵەمێش...
٧١- بۆچوونێک لە سەر بنەچەی وشەی "مامۆستا"...
٧٢- نیگەرانیەکانی ئێران لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان...
٧٣- بیرەوەری و یادێک لە شەهید عەلی قۆیتاسی....
٧٤- رێسای واو و جووت واو لە زمانی کوردی دا...
٧٥- خانەخوێ، خێو، خێزان...
٧٦- وەرگێڕاوی دوو شێعر...
٧٧- حدک و رێگایەکی هەتڵە بەرەو ئامانجێکی گرینگ...
٧٨- "ئەی کوا ناوی من؟!"...
٧٩- منیش واتای "سەوڵەجان"م نەدەزانی...
٨٠- سەرچۆپی و گاوانی...
٨١- ساخ...
٨٢- شیاوی میدالی ئازادی...

٨٣- ئاغوەتمان...

٨٤- بۆچوونی من سەبارەت بە ئینتیخاباتی ٢٩ی بانەمەڕ لە ئێران و کوردستان...

٨٥- هەڵەیەک لە "لوتکە" دا...

٨٦- سزای ڕاوی کەڵەکێوی...

٨٧- چوار نوسخە لە بەیتی سەیدەوان - سەیدەوان (بە ڕاوێژی حەمەی بەیتان)...

٨٨- حەوت شین چۆن بوو بە هەفت سین؟...

٨٩- جوگرافیای ستراقۆنی کاک عەلیی فەتحی...

٩٠- بە شوێن "فانی"ی شاعیر دا...

٩١- ئاغای پیروەلی باغی و ئەوینی خەجێ...

٩٢- زێدی من ؛ پیروەلی باغ...

٩٣- سی...

٩٤- ئەرێ "مهربانی"ی کورد چی لێ هات؟...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨ ................................ لاپەڕەی ................. ٤٠٩

٩٥- «نا»یەک بە پانتایی ئێران بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران...

٩٦- کاک مستەفا هیجری و تەرحێک بۆ یەکنەگرتنەوە....

٩٧- داهاتووی جووڵەی چەکداریی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە نۆژەن کردنەوەی پێوەندیەکانی نێوان ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان دا...

٩٨- قەبووڵ کردن کلیلی یەکگرتن و یەکگرتنەوە...

٩٩- نەتەوەیەکی دادخواز و ڕێبەرانی دادگەر...

١٠٠- "زەرەری بۆ پەز نییە"...

١٠١- میترائیسم لە سەر جامی حەسەنلوو...

١٠٢- دیاریی دوژمنی دڵ چڵکن...

١٠٣- ناچار بووم تەقە لە سەربازەکە بکەم...

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٠

# دەنگی کوردەکانی رۆژهەڵات لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

هەروەک ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڵاوی کردەوە، لە نێوەڕاستی مانگی نوامبری ٢٠٠٩دا کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوتوێ کردنی دۆخی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی جیهان لە تالاری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ بەڕێوە چوو. ئەو کۆبوونەوەیە کە بە بەشداریی بەرپرسانی باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان و زیاتر لە پێنج سەد کەس لە سەفیران و نوێنەرانی پایەبەرزی زیاتر لە سەت دەوڵەتی دنیا و رێکخراوە نێودەوڵەتییە بەنفووزەکان و رێکخراوەکانی گەلانی بێدەوڵەتی جیهان بەرێوە چوو، بابەتێکی زۆر گرینگ و ریشەیی کردبووە تەوەری سەرەکیی کارەکانی کە بریتییە لە بەشداریی کەمەنەتەوەکان و گەلانی بێدەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەتیدا. شوورای مافی مرۆڤ ئەو بابەتەی لە چەندین گۆشەی جیاوازەوە تاوتوێ کرد و کۆمەڵێک بڕیار و راسپاردەی لەسەر پەسند کرد.

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە بە رەسمی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداری کرد و وتارێکی لەبارەی باس و بابەتەکانی کۆبوونەوەکە لە پێوەندی لەگەڵ کوردەکانی ئێراندا پێشکەش کرد. لەلایەکی دیکەوە هەیئەتێکی رەسمیی کۆماری ئیسلامییش لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو و سەفیری ئێران لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەکەدا قسەی کرد.

بەشداریی وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو کۆبوونەوەیەدا لە دوو روانگەوە جێگای سەرنج و لێ وردبوونەوەیە: لە لایەک پێشاندەری نموونەیەکی دیکە لە پەرەئەستاندنی قۆناغی نوێی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە کە لەودا نوێنەرانی حیزب کۆمەڵێک تریبوونی نێونەتەوەیی گرینگتر لە رابردوویان وە دەست دەکەوێ و لەو تریبوونانە بۆ گەیاندنی دەنگی مەزلوومییەتی سەرجەم گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەڵک وەردەگرن. لە وتارەکەی دوکتور ئاسۆی حەسەن زادەدا وێڕای خستنەڕووی دۆخی سیاسیی کوردەکانی ئێران، زەنگی

مەترسییەک لە پێوەندی لەگەڵ سەرکوتی چالاکە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد لە ناوخۆی وڵات و شەپۆلی نوێی گرتن و ئەشکەنجە و ئیعدام لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لێدرابوو، بەتایبەت کە لە کاتی پێشکەشکردنی وتارەکەدا تەنیا ٢٤ سەعات لە ئیعدامی ئیحسانی فەتاحییان تێدەپەڕی.

لە لایەکی ترەوە ئەوە یەکەم جار بوو کە روانگە و روانینی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فۆرۆمێکی نێودەوڵەتی‌دا بەرەوڕووی یەکتر دەبوونەوە. نوێنەری رێژیم لە وتارەکەیدا لەبەردەم شووڕای مافی مرۆڤ وەک پیشەی هەمیشەیی سەرانی ئەو رێژیمە حاشای لە هەر جۆرە زوڵم و ستەمێک لەسەر نەتەوە بندەستەکان لە ئێراندا کرد و هێرشی کردە سەر نوێنەرانی ئەو نەتەوانە و رایگەیاند کە ئەوانە پێوەندی‌یان بە رێکخراوە تێرۆریستیەکانەوە هەیە و نابێ لێرە ئیجازەی وتار خوێندنەوەیان پێ بدرێ. وتەکانی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئەوەندە قیزەون بوون کە تەنیا وتارێک بوو کە لە سەدان کەسی بەشدار لە کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤدا، جگە لەو چەند ئەندامەی وەفدەکەی خۆیان، هیچ کەس چەپڵەی بۆ لێ نەدا.

لە بەرامبەریشدا وتاری نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبەر ئەوەی بانگی هەقتانییەتی ئازادیخوازانی تێدا بوو گەرمترین پێشوازیی لە لایەن ئامادەبووانەوە لێکرا. دوکتور حەسەن زادە لە سەرەتای وتەکانیدا بەرپەرچی قسەکانی نوێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دایەوە و وتی: "کاتێک لەژێر تەوەری ئەزموونی نێوخۆی وڵاتان و مێکانیزمە مەوجوودەکاندا، هەیئەتی رەسمیی دەوڵەتێک واتە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەجیاتی خستنە رووی لیستی ئەو هەنگاوە موسبەتانەی بۆ باشکردنی بەشداریی سیاسیی کەمە نەتەوەکانی وڵاتەکەی هەڵیهێناوەتەوە، تەواوی کاتی قسەکردنی خۆی بۆ ئەوە تەرخان دەکا کە هێرش بکاتە سەر ئەوانەی وا هاتوون لێرە رەخنە لە هەڵسوکەوتی حکومەت بگرن، ئەوە باشترین بەڵگەیە کە ئەو دەوڵەتە خاوەنی هیچ کارنامەیەکی موسبەت و شایانی باس لەبواری مامەڵە لەگەڵ کەمایەتی‌یەکاندا نییە."

سەبارەت بە بارودۆخی گەلانی بندەستی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان رایگەیاند کە "دۆخەکە بە چەشنێکە کە ناچارین باسەکە بگەڕێنینەوە سەر پرسی پێشمەرجەکانی بەشداریی سیاسیی کەمایەتی‌یەکان چونکە مێکانیزمە موسبەتەکان بە تەواوی غایبن". بە وتەی دوکتور ئاسۆ" ئەگەر ئاکامی بنەما سێکتاریست و تەبعیزگەراکانی کۆماری ئیسلامی بێبەشکردنی سەرجەم هاووڵاتی‌یان لە دەرەتانی تەمرینی واقعیی بەشداریی دێموکراتیکە، بۆ خەڵکی سەر بە میللییەتەکانی ئێران سزاکە قورستریشە و کوردەکان لە ئێراندا هاووڵاتیی پلە دوو و پلە سێن". دوکتور حەسەن زادە وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئەو ئەسڵە کە بە

پێی یاسای نێونەتەوەیی ئەندامانی میللییەت و کەمایەتییەکان مافی ڕەوای خۆیانە کە بە دوای ساختارێکی دەستووری و قەوارەیەکی سیاسیدا بگەڕێن کە دەرەتانی ڕاستەقینەی بەشداریی تایبەتیی کەمایەتییەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکوومەتیدا پێک بێنێ، وتی: " کەچی ئەمڕۆ ئێمە لە ئێران بە دەیان چالاکی سیاسی و مەدەنیی وەک کەماڵ شەریفیمان هەیە کە بە تاوانی لایەنگریی ئاشکرا لە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلەکەیان حوکمی دوور و درێژی زیندان لە خراپترین دۆخیاندا بەسەر داسەپاوە". ناوبراو لەپێوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکانیشدا هەمان شتی ڕاگەیاند و بەتایبەتی ئیشارەی بە محەممەد سەدیق کەبودوەند سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان کرد.

فەزای ئەمنییەتی، میلیتاریزە کردنی کوردستان و بەتایبەتی ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد کە تازەترین نموونەیان ئیحسان فەتتاحیانە بەشێکی دیکە لەو ئاماژانە بوون کە نوێنەری حیزب وەک بەشێک لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگیری لە کرانەوەی فەزای سیاسیی وڵات و خنکاندنی بزوتنەوەی مەدەنی لە کوردستاندا بەکاریان دەبا.

بەشداریی وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شووڕای مافی مرۆڤ و وڵامدانەوەی نوێنەری حیزب بە سەفیری کۆماری ئیسلامی لەو کۆبوونەوەیەدا نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە لەگەڵ ڕیسوایی و تەریک کەوتنەوەی هەرچی زیاتری کۆماری ئیسلامی لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا، دەرەتانی خۆ دەرخستنی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەو کۆڕ و کۆمەڵانەدا گەورەتر دەبێتەوە و پێویستە ئەو کاناڵە نوێیانە زۆرترین کەڵکیان بە قازانجی خەباتی ڕەوای گەلی کورد لە ئێراندا لێ وەربگیرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٩

## بارودۆخی ئەمڕۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وتووێژێک دا لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

**پرسیار:** لە هەڵبژاردنی خولی دەهەمی سەرکۆماری لە ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی خولەکانی پێشوو و هەروەها بە پێچەوانەی هەڵوێستی زۆربەی حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم هەڵبژاردنەی بایکۆت نەکرد. ئێوەش لە وتوێژێکدا پشتیوانیتان لەو هەڵوێستە کرد. ئیستا کە پتر لە سێ مانگ بەسەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێ پەڕیوە، چۆن دەڕواننە ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان؟

**وەڵام:** دەگەڵ سپاس و سڵاو بۆ ئێوە و بۆ خوێنەرانی سایتەکەتان. پێمخۆشە جارێ لە پێشدا ئەوە کەمێک راست بکەمەوە کە پێم وانییە لە خولەکانی پێشوودا ئێمە هەمیشە بایکۆتمان کردبێ. چونکە لە چەند خولی هەڵبژاردنی مەجلیس و شوراکان و تەنانەت سەرکۆماریشدا حیزبی دێموکرات داوای بەشداربوونی لە خەڵک کردوە. لە ئەوەڵ هەڵبژاردنی مەجلیس دا ئێمە بۆخۆمان کاندیداشمان موعەرەفی کردبوو، پێم وایە دەورەی شەشەمی سەرکۆماری بوو، ئێمە داوامان کرد خەڵک بەشدار بن و دەنگیش بە ئەحمەدی تەوەککولی بدەن. زیاتر مەبەستمان بەربەرەکانی لە گەڵ ئاغای ڕەفسەنجانی بوو کە خەڵکیش جوابی داینەوە. لە خولی شەشەمی مەجلیس دا دیسان داوامان لە خەڵک کرد کە بەدوور لە دەستەبەندییەکانی نێو ڕێژیم، خەڵکی خاوەن کەسایەتی بۆخۆیان خۆیان کاندید بکەن و خەڵکیش ڕەئییان پێ بدا. لە ئینتخاباتی شووراکاندا دیسانەکە ئێمە داوای بەشداربوونمان کرد. وا نییە کە موتڵەقەن ئێمە لە هەڵبژاردنەکانی دیکەدا بایکۆتمان کردبێ. بەڵام هی ئەم جارە، ئەمن پێم وایە نەگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئێمە بایکۆتمان نەکرد و خەڵکی دیکە، هێزە سیاسیەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بایکۆتیان کرد. چونکە ئەوە هەڵوێست و لێکدانەوەی سیاسییە و ئەگەر ئەوە بۆ ماوەیەک ئێمەی لێک جودا کردۆتەوە، حەق نییە ئەوەی جارێکی دیکە زەق بکەینەوە. دەبێ سەعی بکەین شتی هاوبەش بدۆزینەوە. هەر ئەو وەختیش ئێمە گوتمان ئەگەر خەڵک زۆر بەشدار بوون، بە پێچەوانەی داوای ئەو دۆستانەی دیکە، ئەوە ئەوان ڕەنگە لێکدانەوەکەیان تەواو دروست نەبووبێ. نەک خوای نەخواستە خیانەتیان کردوبێ. ئەگەر خەڵکیش کەم بەشدار بوون یان بەشدار نەبوون، ئێمە لێکدانەوەکەمان ڕەنگە هەڵە بووبێ. ئەگینا نە خیانەتمان کردوە و نە تاوانێکی گەورەمان کردوە. ئەوە لێکدانەوەیە. بەڵام ئێستا کە بە قەولی جەنابت سێ مانگ بە سەر ئەو هەڵبژاردنەدا تێ

پەڕیوە، ئەمن باوەڕم وایە ئەو هەڵوێستەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە راستی لە جێگای خۆیدا بوو. چونکە لە راستیدا هەڵسەنگاندنی بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خەڵکی نێوخۆی وڵات بە تایبەتی رووناکبیران و ئەوانە بوو کە پێیان دەڵێن بژاردەی کۆمەڵ. ئێمە ئەگەر تەبەعیەتیش بێ، تەبەعیەتمان لە خەڵکی خۆمان و لە تێگەیشتوانی خەڵکی خۆمان کردوە. ئەوەش پێم وایە بۆ هەموان دەرکەوتوە کە خەڵکی کوردستان بە راستی، بە شێوەیەکی زۆر کەم وێنە، ئەگەر نەشڵێم بێوێنە، لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون. لایەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەو هەوڵ و تەقەلا و تێکۆشانەی بە دژی سەرەرۆیی کۆماری ئیسلامی لە سەرتاسەری ئێراندا لە ئارا دایە و واش وێ دەچێ هەروا بەردەوام بێ، ئەوە ئاکامی بەشداری لە هەڵبژاردندا بوو نەک ئاکامی بایکۆت. ئەگەر ئەو خەڵکە بایکۆتیان کردبا، چۆن دەیان توانی بڵێن رەئیەکانمان بدەنەوە! هەموو دنیا پێی دەکوتن رەئیتان نەداوە، رەئی چتان بدەنەوە. بەڵام ئێستا کە بایکۆتیان نەکردوە و بەشدار بوون و رەئییان بە کاندیدای دیکە داوە و فێڵیان لێ کراوە و رەئییەکانیان دزراوە، دێنە مەیدان، بە هەموو قیمەتێکیش دێنە مەیدان، بە سینگی ئاوەڵاوە، بە بێ چەک، بە دەستی بەتاڵەوە دێن و سینگ بە گوللەوە دەنێن بۆ ئەوەی داوای مافی خۆیان بکەن لە رێگای داوای وەرگرتنەوەی رەئییەکانیان. بەڵام دیارە ئەوە داوای وەرگرتنەوەی رەئییەکان نییە، داوای ئازادییە، داوای دێموکراسیە، داواکان لەوە زیاترن کە لەو شوعارەدا جێگایان ببێتەوە.

کورتی دەکەمەوە پێم وایە هەڵوێستی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جێی خۆیدا بوو. ئەگەر بڵێین ئەو خەڵکە لە سەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆیان لە بایکۆتی هەڵبژاردن بوارد، رەنگە زۆرمان گوتبێ، بەڵام زۆر بە ئاسانی دەتوانین بڵێین حیزبی دێموکراتی کوردستان خوێندنەوەیەکی دروستی لە نەزەر و بۆچوونی خەڵک هەبوو. وەکوو زۆر جاری دیکەش گوتوومە ئەوە خەڵکی نێوخۆی وڵاتن کە وەکوو ئێمە دڵسۆزن بەڵام لە ئێمە زیاتر ئاگاداری وەزعی نێوخۆی وڵاتن. حەق وایە بۆخۆیان بڕیار لە سەر ئەو مەسەلانە بدەن و ئێمە دەبێ زیاتر چاو لە هەڵوێستی ئەوان بکەین، نەک چاوەڕوان بین ئەوان چاویان لە دەمی ئێمە بێ.

***پرسیار: هاتنەوە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدی نەژاد یان هێنانەوە سەرکاری ناوبراو، لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بە کودەتای هەڵبژاردن ناوی دەبرێ. ئەو دەستەواژەیە تا چەند لە جێگای خۆی دایە؟***

***وەڵام:*** ئەو ناو لێنانە ناولێنانێکی پڕ بە پێستی خۆیەتی. چونکە لە هەموو نیشانەکان را دیار بوو کە ئەحمەدی نەژاد لەو هەڵبژاردنەدا بۆ ئەوەی ببێتەوە بە سەرکۆمار دەنگی پێویستی بە دەست نەهێناوە. تەنانەت وەکوو لە

بیرمانە هێندێک ئاماری رەسمی کە لە واقعدا بۆ خامنەیی چووبو لە لایەن وەزارەتی نێوخۆوە، بڵاو کرایەوە کە نیشانی دەدا مووسەوی بە حدودی ١٨ میلیۆن رەئییەوە رەئی یەکەمی هێناوە. کەڕرووبی رەئیی دووهەمی هێناوە بە حدودی ١٣ میلیۆن یان شتێک زیاترەوە، ئەحمەدی نەژاد پێنج میلیۆن و چەند سەد هەزار رەئیی هێناوە. بەڵام ئەوەیان ون کرد و ئەو کابرایەش کە ئەوەی لێ لەقاو دابوون، لە تەسادوفێکی دەسکرد دا، لە رووداوێکی ئوتومبیل دا، کوشتیان. کەوابێ ئەو بە قەولی ئێوە دەستەواژەیە پڕ بە پێستی خۆی و لە جێی خۆی دایە. ئەگەر ئەوە نەبایە پێویست نەبوو خەڵکی بکوژن. ئەگەر باوەڕیان بە خۆیان هەبایە، باوەڕیان بە ئازادی و بە خاوێنیی ئەو ئینتیخاباتە بوایە، بە بێ منەت قەبووڵیان دەکرد کە بە چاوەدێریی چاوەدێرانی نێونەتەوەییەوە جارێکی دیکە هەڵبژاردن بکرێتەوە. تا ئەو وەختی بە دەنگی بەرز بە دنیایە بڵێن ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران یان دژبەرانی رژیمی کۆماری ئیسلامی، بوختانتان کرد، ئێوە لە غەڵەتدا بوون. بەڵام ئەوان قەت ئەو باوەڕ بەخۆبوونەیان نییە چونکە بۆخۆیان دەزانن چییان کردوە و بۆخۆیان زیاتر لە ئێمە لە وەزعی خەڵک و لە هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە خۆیان ئاگادارن.

***پرسیار: هێندێک کەس ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی پێناسە دەکەن و هێندێکیش پێیان وایە خامنەیی ئەو دەسەڵاتەی نەماوە و پیلان و پلانی کودەتاکە لە بنەڕەتدا لە لایەن سپای پاسدارانەوە دارێژراوە و بەڕێوە چووە. هەڵسەنگاندنی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟***

***وەڵام:*** رەنگە باشتر بێ ئەو کودەتایە بە کودەتای خامنەیی - سپای پاسداران ناو بەرین. چونکە لە راستیدا وەکوو هەڵوێست، هەڵوێستی هەردووکیان ئەوەیە. خامنەیی هەرنەبێ لە باری قانوونییەوە، لە باری دەستوورییەوە یانی وەکوو قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامی، ئەوەی پێی دەڵێن قەولی فەسڵ بە ئیستلاحی خۆیان، قەولی فەسڵی بە دەستەوەیە. یانی دەتوانێ لە باری قانوونی یەوە مەسەلەکان یەکلا بکاتەوە. ئەگەر ئەو بۆخۆی شتێکی نەوێ، دەتوانێ لە باری قانوونی یەوە بڵێ نەخێر ئەوە بڕیاری یەکجاری یە و خەڵک دەبێ بە پێی قانوونی ئەساسی پەیرەویی لێ بکەن. کەوابوو بۆخۆی لە گەڵ ئەو هەڵوێستەیە. بەڵام ئەوەش راستە کە قودرەت و دەسەڵاتەکە لە دەستی سپای پاسداران دایە. ئەو سپای پاسدارانەی کە دروستیان کرد بۆ ئەوەی جوابی ئەرتەش نەدەنەوە، جوابی وەزارەت نەدەنەوە، جوابی رەئیس جمهور نەدەنەوە، ئێستا گەیشتۆتە جێگایەک کە هیچ بە پێویست نازانێ ملکەچی خامەنەیی بێ بە عینوانی رێبەر. کەوابوو بۆخۆی دەیەوێ بڕیار لە سەر چارەنووسی وڵات بدا. بەڵام لە عەینی حاڵدا رووپۆشی ئەو هەڵوێستانەی کە سپای پاسداران دەیانگرێ، وەک "رونما" قانوونی یەکە ئاغای خامەنە-یی

یە بە عینوانی وەلی فەقیە . و بە عینوانی رێبەری نیزام. کەوابوو باشترە پێی بڵێین کودەتای خامەنەیی - سپای پاسداران یان کودەتای سپای پاسداران - خامەنەیی. چونکە هەردووکیان دەستیان وە دەستی یەک داوە و ئاکامی ئینتخاباتیان گۆڕیوە.

**پرسیار**: نەک هەر کورد، بە گشتی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران بە شێوەی پێویست بەشداری یان لە نارەزایەتی یەکانی خەڵکی شارە گەورەکانی ئێراندا نەکرد. جەنابت هۆکاری ئەو بێ تەفاوەتی یە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

**وەڵام**: ئەمن پێموایە لێرەشدا دەبێ کەمێک تەسحیح بکەین. ئەوەڵەن کوردەکان بە دوو جۆر بەشدار بوون. ئێستا رەنگە هەموو ناوەکانم وە بیر نەیەتەوە بەڵام لە سەر یەک جەنازەی حەوت خوێندکاری کوردمان لە تارانێ را بۆ هاتەوە، بۆ شارەکانی کوردستان کە لەو خۆپیشاندانەدا بەشدار بوون و کەوتبوونە بەر گوللەی سپای پاسداران و هێزە بە ئیستلاح ئەمنیەتی یەکان و لیباس شەخسییەکان. جگە لەوە لە سەرتاسەری ئێرانیشدا خۆپیشاندان لە شارە گەورەکان بوو، لە شارە گەورەکانی کوردستانیش، لە کرماشان و لە ورمێش کە یەکەم و دووهەم شاری گەورەی کوردستانن، تەزاهورات هەبوو. بە تایبەتی لە کرماشان گیران و کوژران و برینداربوونیشیان تێدا هەبوو. بەڵام ئەگەر بمانەوێ هۆی بەشدارنەبوونەکە بە شێوەی بەرجەستە باس بکەین، دەتوانین باسی دوو مەسەلەی دیکە بکەین؛ یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو خۆپیشاندانانە جارێ نەبوون بە خۆپیشاندانێکی هەمەلاگر و گشتی کە لە هەموو جێیەکان هەبێ. تەنیا لە شارە گەورەکان هەبوو. شارە گەورەکانیش، زۆربەی هەرە زۆریان ئەو شارانەن کە فارس نشینن. لە پێش دا دەبوو ئەوەش بڵێم تەورێزیش کە شاری یەکێک لە گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانە، ئازەربایجانی یە، بەشدار بوو، باشیش بەشدار بوو. کەوابێ شاری گەورە لە کوردستان کەمە، لە بەر ئەوە ئەو بەشداری یە لە کوردستان و لە ناوچەکانی دیکە کە هی میللەتانی زۆرلێکراون وەکوو بەلووچ و عەرەب و تورکمەن و ئازەری ، کەمتر بوو. دەلیلی دیکەشی ئەوەیە کە سەرکوتی ئەو نەتەوانە بە تایبەت لە لایەن هێزە ئەمنیەتی یەکانی کۆماری ئیسلامی- یەوە زۆر بێ بەزەیی یانەترە، زۆر بێ پەروایانەتر ئەوان سەرکوت دەکەن و دەستیان ئاوەڵاترە. بۆیە هەتا ئەو کاتەی خۆپیشاندانە ئیعتیرازی یەکان زۆر بەربڵاو نەبوون، رەنگە خەڵکی شارە بچووکەکان یان میللەتانی زۆرلێکراو بە دروست نەزانن کە بێنە مەیدان و خۆپیشاندانێکی فەعالیان هەبێ. بەو حاڵەش دەتوانم بڵێم نە هەتا ئێستا هێزە کوردی یەکان و هێزەکانی سەر بە نەتەوە ژێردەستەکان بە تەواوی بێلایەن و بێدەنگ بوون و نە لە داهاتووش دا بێدەنگ دەبن. چونکە بەشداریی لە حەرەکەتێکی رزگاریخوازانەی ئێراندا، ئەگەر ئەو نەتەوە ژێردەستانە بیانەوێ دەسکەوتێکی بۆ ئەوان تێدا بێ، شتێکی واجبە. دەسکەوتی ئەوان بەستراوەتەوە بەوە کە چەندە لەو بزووتنەوەیەدا کە سەر دەکێشێتە گۆڕانی وەزع لە ئێراندا، نەخشیان هەبووە.

***پرسیار:*** ***حیزبە کوردی یەکان تا ئێستا نەیان توانیوە ئەو هەلومەرجەی ئەمڕۆی ئێران بە قازانجی نەتەوەی کورد بقۆزنەوە. بێ هەڵوێستی و نەبوونی سیاسەتێکی روون لە حاند بزووتنەوەی دوای هەڵبژاردن بە سیاسەتەکانیانەوە دیارە. ئێوە تا چەند لە گەڵ ئەو رایەن و پێتان وایە کورد بە گشتی و حیزبە کوردی¬یەکان بە تایبەتی لەم بارەیەوە دەبێ چی بکەن؟***

**وەڵام:** ئەمن پێموانیە ئەو هێزە کوردی یانە بێ هەڵوێست بوون یان سیاسەتێکی روونیان نەبووە. هەر لایەنە بۆخۆی نەوعێک سیاسەتی هەبووە و جۆرێک هەڵوێستی هەبووە. ئەگەر عەیبێک لە کارەکەدا هەبێ، لەوەدایە کە هێزە سیاسی یە کوردی یەکان هەڵوێستێکی یەکگرتووی هاوبەشیان نیە کە بە سەر یەکەوە کاری بۆ بکەن، پێوەندیی خۆیان لە گەڵ هێزە سیاسی یە رزگاریخوازەکانی سەرتاسەری ئێران و لە پێشەوەی ئەوانیش دا هێزەکانی سەر بە نەتەوە زۆرلێکراوەکان بەرنە پێشێ، لە پاشان بە سەر یەکیشەوە داخوازەکانیان هەم لە حکوومەتی مەرکەزی داوا بکەن و هەم لە گەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بهێننە گۆڕێ. یانی کەموکوڕی یەکە لەوە دایە کە ئەو هێزە سیاسی یە یەکگرتوویەمان نیە و بە راستی لەم بارەیەوە کەموکوڕی یەکی یەکجار زۆر هەیە. ئەمن باوەڕم وایە کە وەختی کۆتایی هێنان بەوە نەک هەر هاتوە بەڵکوو زۆریش درەنگ بووە. زۆر لە مێژە پێویستە هێزە سیاسی یە کوردی یەکان لە سەر هەڵوێستێکی روون و لە سەر ئەو خاڵە گرینگە هاوبەشانەی کە هەموویان بۆیان گرینگن و هەموویان باوەڕیان پێیان هەیە، یەک بگرن و هاوکات ئەو پلۆرالیسمە کە هەیە، هەر لە جێگەی خۆیدا بێ. هەر کەس بۆخۆی جگە لە شتە مەرکەزی یەکان، هەڵوێستێکی جودای هەبێ، زۆر تەبیعی‌یە و زۆر مەعقوولە. ئێستاش ئەگەر بڵێم حیزبە کوردی یەکان دەبێ چی بکەن، هەر ئەوە دەڵێم کە هێزە کوردی یەکان، بە تایبەتی ئەو هێزانەی کە لە مەیدانی سیاسەت و تێکۆشانی میللەتی کورد لە ئێراندا ناسراون، ئەوانە بڕوبیانووی بێ مەنتیق و ناواقیعی وەلا بنێن، بە بێ تەعەسوب بە دەوری یەکەوە دانیشن و گوێ بۆ بانگەوازی خەڵک ڕاگرن. هەر ئەمڕۆ شتێکم لە سایتەکان دا خوێندەوە کە بە ناوی لایەنگرانی هێزە سیاسی یەکانی کورد لە نێوخۆی وڵات نووسراوە، داوا دەکەن کە ئەو ئینشعابات و ئیختلافاتە وەلا بنێن و لە سەر پلەوپایە و لە سەر مەقام لە گەڵ یەکتر شەڕ نەکەن کە ئەمن بۆخۆم هەموو جارێ دەڵێم نازانم کام مەقام! هەموو هێزە کوردی یەکان، ئەوانەی کە لە دەرێین، دوو گەز عەرزمان نیە کە دا بنێژرێین. دەسەڵاتی چی و قودرەتی چی! ئەمن بەش بەحاڵی خۆم گاڵتەم بەو قسەیە دێ بەڵام بە هەر حاڵ ئەو داوایە داوای هەموو میللەتی کوردە. ئەگەر نەڵێم گوناحێکی زۆرە، پێم وایە کەمتەرخەمی یەکی یەکجار زۆرە کە هێزە کوردی یەکان گوێ یان لە بانگەوازی دڵسۆزانە و مەسئوولانەی خەڵک و رووناکبیرانی میللەتەکەیان نەبێ. ئەوە تەنیا رێگای نەجاتمانە.

***پرسیار: لە مانگی گەلاوێژدا سێ تێکەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی سێ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزەکانی سپای پاسداران هاتە ئاراوە. ئێوە پێتان وا نیە کە حوزوری پێشمەرگە لەم هەلومەرجەدا بواری زیاتر بۆ خۆ قوتکردنەوەی سپای پاسداران هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران دەخوڵقێنێ؟***

**وەڵام:** لە لایەن حیزبەکانیشەوە زۆر جار ئەو ڕوونکردنەوەیە دراوە، پێشمەرگەی هیچکام لەو حیزبانە بۆ هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکدارانە و هێرش بۆ سەر بنکەکانی ڕێژیم نەچوونەتەوە نێوخۆی وڵات. بەڵام عیللەتی وجوودیی ئێمە خەباتە بۆ نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەگەر لەوێ نەبین کەوابوو دەبێ بڵێین حیزبمان بۆ ڕاگرتوە! ئێمە دەبێ حوزوورمان هەبێ. ئەو حوزوورە بۆ کادر و پێشمەرگەی حیزبە سیاسی-یەکان و زیاتر لە هەمووانیش باسی حیزبەکەی خۆم بکەم، ناچاری یە کە دەبێ بە چەکەوە بێ. چونکە تێکۆشەری حیزبی دێموکرات بە هەر جۆرێک بکەوێتە دەستی دوژمن، خەتەری مەرگی لە سەدا نەوەد و نەوەد و پێنجە. کەوابوو باشتر ئەوەیە وەکوو کورد دەڵێ؛ بە پێوە بمرێ نەک وەکوو کەوبارٍ بیگرن و لە قەفەسی بکەن.

بەڵام لێرەدا دەمەوێ شتێکی دیکە بڵێم هەرچەند بە جۆرێکی دیکە ڕەنگە لە لایەن کەسانی دیکەوە گوترابێ؛ مەسەلێک هەیە دەڵی "لە پاش شەڕێ هەموو کەس ژێنراڵە". با دیسان باسی حیزبەکەی خۆم بکەم، لە ماوەی دوو - سێ ساڵی ڕابردوودا دەتوانم بڵێم کەمتر وەختێک هەبووە کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چەکەوە لە نێو میللەتی خۆیاندا نەبووبن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان . بەڵام هیچ وەختێکیش ئەو زەرەر و تەلەفاتەی لێ نەکەوتۆتەوە و ئەو هاربوونەی سپای پاسدارانیشی لێ نەکەوتۆتەوە. ئەگەر ئەو دۆستانە ئەو وەختی دەیان-زانی بۆ ئێستا ئەو حیزبانە مەحکووم دەکەن و بۆچی هەر ئەو کات ئیعترازیان نەدەکرد. بۆ ئەو وەختی نەیان دەگوت بۆ وا دەکەن؟! ئەگەر نەیان زانیوە بۆ قبووڵ ناکەن کە بەڵێ ئەو حیزبانە کاریان کردوە، لە نێو خەڵک دا ئامادە بوونو سپای پاسداران و هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنیەتی - یەکانیش لە دۆزینەوە و زەربەلێدانیان عاجز بوون. بەڵام دیارە ئەو کەسەی نایەوێ زەربەی وێ بکەوێ و نایەوێ تەلەفات بدا دەبێ لە ماڵی خۆی دابنیشێ. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامییش هەر ئەوەی دەوێ. دەیەوێ ئێمە نەچینەوە نێو خەڵک، لە نێو خەڵک دا حوزوورمان نەبێ و خەبات نەکەین. دەی باشە داخوازەکانمان بۆ چیە ؟ ئەگەر هیچی بۆ نەکەین، با لە ماڵێ خۆمان دانیشین . زۆر جار خەڵک باس لە زرگوێز و دەشتی کۆیە دەکا، هەرچەند زرگوێز جێیەکی ئاو و هەوا خۆشە بەڵام پێموایە هیچکەس عاشقی گەرمای دەشتی کۆیە نیە. ئێمە بۆ ئەوە لە گەرمای دەشتی کۆیە دەژیین کە کار بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین. ڕەنگە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە ، ئێستا بە زۆر دەلیل مەسڵەحەت نەبێ و هەر

بۆیەش ئێمە دەستمان پێ نەکردۆتەوە بەڵام حاڵەتێکی ئاوا روو دەدا کە ئێمە لە نێو خەڵکەکەمان حوزوورمان هەبێ و ئەگەر بێ چەکیش بین وەک کەوبارە دەمانگرن و جار و باریش بمانەوێ و نەمانەوێ تووشی حاڵەتی وا دەبین. دیسانیش هەر باسی حیزبەکەی خۆم دەکەم، ئەو هاوڕێیانەی کە بە داخەوە تووش بوون و شەهید بوون، ئەگەر هەموو جارەکان حیساب بکەین، کەمتر لە یەک لە سەدی ئەو کەسانەن کە لە نێوخۆی وڵات دا بوون و بەخۆشی یەوە بەسڵامەتییش گەڕاونەوە شوێنەکانی خۆیان. ئەوە دەست پێکردنەوەی خەباتی چەکدارانە نیە بەڵام ئەو ڕووداوانەشمان بۆ دێنە پێشێ. سپای پاسداران هەر بۆخۆی هارە. نەدا ئاغا سوڵتان یان ئەو حەفتاو سێ کەسە کە تا ئێستا ناوەکانیان ئاشکرا بووە، هیچیان ئارپیجی‌یان پێ بووە؟! نەخەیر. سپای پاسداران وەحشیانە لێ دەدا.

***پرسیار**: بە دوای ئەو تێکەڵچوونانەدا چەند کردەوەی تیرۆریستی و لەوانە سووتاندنی کارخانەی سەرمایەدارێکی کورد، کوشتنی ئیمام - جومعەی مزگەوتی بەهارانی سنە و تیرۆری قازی یەکی دادگای ئینقیلاب لە پارێزگای سنە رووی دا. تا ئێستاش هیچ لایەنێک ئەو کردەوانەی بە ئەستۆ نەگرتوە. کێ دەتوانێ لە پشت ئەو کردەوانەوە بێ؟*

***وەڵام**:* ئاسان نیە ئینسان بڵێ کێیە. هەرچەند تا ئیستا هێندێک شت گوتراوە و تەنانەت شتێکیش بەناوی لەشکری پێشمەرگەی کوردستان مەسئوولیەتی تیرۆری یەکێک لەو قازی یانەی بە ئەستۆوە گرتوە کە هێزێکی نەناسراوە، یانی خەڵک نازانێ کێیە. بەڵام ئەوەی لەو بارەیەوە دەتوانم بیڵێم، هەر ئەوەندەیە کە حیزبەکەی ئێمە، حیزبی دێموکراتی کوردستان نیە. چونکە ئەوە بەشێک لە سیاسەتی ئەو نیە. بە ئیحتمالی زۆریش ئەو هێزە سیاسی یە ناسراوە مەسئوولانە کە لە مەیدانی تێکۆشانی رزگاریخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەن دەستیان تێیان دا نیە. هەرچەند ناتوانم بە قەتعی ئەوە بڵێم چونکە بە تەواوی ئاگادار نیم.

نەک ئیتیهامێکی رەسمی بدەم بەڵام بە دووریشی نازانم ئەو کارەش هەر کاری بەکرێگیراوانی ڕێژیم بێ. ئەوان هێندێکان دەکوژن، تەنانەت ئەگەر سەر بە خۆشیان بن، بۆ ئەوەی هێندێکی دیکەش لەتۆڵەی واندا بکوژن، چونکە لە هەردوو حاڵەت دا هەر لە کورد دەکوژرێ. دەنا ئەگەر سپای پاسداران هێندە بە دەسەڵاتە کە دەتوانێ هەموو شتێک بکا باشە بۆ پێش بەو تیرۆرانە ناگرێ؟ بۆ نایان بینێتەوە! دەکرێ وەک سینەما ریکسی ئابادان و هێندێک حاڵەتی دیکە کە بۆخۆیان کردوویانە ئەمەش هەر خۆیان کردبێتیان، یەکێک لە شێوەکارەکانی خۆیانە. لێرەدا کوردێک دەکوژن دوایەش بە تۆمەتی قەتڵی ئەو کوردەی کە بۆخۆیان کوشتوویانە چەند کوردێکی دیکەش دەکوژن.

***پرسیار: داهاتووی بزوتنەوەی دوای هەڵبژاردن کە بە بزووتنەوەی سەوز ناوی دەرکردوە، چۆن دەبینی و ئەو بزوتنەوەیە تا چەند سەوزە؟***

***وەڵام:*** ئەمن پێموایە ئەو بزووتنەوەیە هەروەکوو سەوز دەستی پێکردوە، هەروا سەوز دەمێنێتەوە. بەو مانایە کە خەڵکەکە نایانەوێ توندوتیژی و خوێنڕێژیی تێ بکەوێ. بەڵام هەتا ئێستاش ئەوەی مەربووتە بە تەرەفی بەرامبەریان، ئەو بزوتنەوەیە بە سەوزی نەماوەتەوە و زۆر جار بە خوێنی ئازادیخوازانی ئێران و لەوانە ئازادیخوازانی کورد کە لەوێدا بەشدار بوون، سوور بووە و رەنگی گرتوە. ئارەزووی منیش ئەوەیە کە ئەو بزووتنەوەیە هەروا بە سەوزی یا بە سپی بمێنێتەوە و زیاتر خوێناوی نەبێ بەڵام هیچکەس ناتوانێ بڵێ کە بە مسۆگەریی هەروا دەمێنێتەوە. وەک سەعدی دەڵێ:

***بە لطافت چو برنیاید کار***
***سر بە بی حرمتی کشد ناچار***

مومکینە لە ئایندەی دووردا کە ئەوانە هەروا لێ دەدەن، خەڵکیش ناچار بە توندوتیژی بکەن بەڵام ئەو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەیەکە کە زۆر شارستانی یانە و ئاشتیخوازانەیە و هاوکات زۆر مافخوازانەیە. پێشموایە کۆماری ئیسلامی هەرچی بیکا، رەنگە بتوانێ تەزعیفی بکا یان بۆ ماوەیەک بێدەنگی بکا بەڵام ناتوانێ پاشەکشەی پێ بکات و خۆ لە دەست شەپۆلەکانی ئەو بزووتنەوەیە نەجات بدا.

***پرسیار: وەک دوا پرسیار، بە سەرنجدان بەوە کە رێبەرانی ئەو بزووتنەوەیە لانی کەم لە قسەدا باوەڕیان بە یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و پاراستنی نیزام هەیە و بە سەرنجدان بەوەش کە بەشی زۆری دروشمەکانی ئەو بزووتنەوەیە رەنگی مەزهەبی یان پێوە دیارە، کورد چۆن دەتوانێ لەو بزووتنەوەیەدا جێی خۆی بکاتەوە؟***

***وەڵام:*** ئەوە یەکێکە لەو مەسەلانە کە نەزەراتی جۆراوجۆریان لە سەر دراوە. زۆر بۆچوونی سەیروسەمەرە دراون کە پێموایە حەتتا ئەگەر باوەڕیشمان پێیان هەبێ، هێنانەگۆڕیان دروست نیە. وەختێک لە نێو ئەو رێژیمەدا، لە نێو بناخەدانەرانی ئەو رێژیمەدا ناکۆکی پەیدا بووە و لە واقیع دا درزێکی گەورەی تێکەوتوە، هێزی سیاسی مەسئوول و ئینسانی سیاسیی مەسئوول دەبێ پێشوازیی لێ بکا. نابێ بچێ پەروەندان هەڵ - داتەوە و بڵێ ئەرێ ئەتۆ

سەرۆک وەزیر نەبووی، ئەتۆ سەرۆکی مەجلیس نەبووی، ئەتۆ چی و چی نەبووی! یانی ئەو قسانە قسەی مەسئوولانە نین. پاشان مەعلوومە ئێمە کە لە دەرەوەین و چەکمان لە شان دایە دەتوانین نەفیی جمهوریی ئیسلامی و قانوونی ئەساسی و وەلیی فەقیهـ بکەین و هەمووان رەد بکەینەوە بەڵام کەسێک بیهەوێ لە نێوخۆی وڵاتدا خەبات بکا و وەک لە پرسیارەکەی پێشوودا باست کرد، بیشی هەوێ بزووتنەوەکەی سەوز بێ، چۆن دەتوانێ ئەوانە بڵێ کە دەسبەجێ حوکمی تەکفیری بدەن و سەرکوتی بکەن و لە بەینی بەرن. سەرفی نەزەر لەوە کە ئەووەیان هەر بە زمانە یان بە دڵیشە، ویستەکەیان زۆر عاقڵانەیە و زۆر بە جێیە. یان مەسەلەن باس دەکەن هەروا بزانە ئەوانەی چەند ساڵە و چەند دە ساڵە خەباتی میللەتی کورد بەڕێوە دەبەن، یان تێیدا بەشدارن یان بەرنامەیان بۆ دارشتوە و تیئۆری یان بۆ داناوە، نازانن مافی کورد چییە. بۆمان تەوزیح دەدەن کە مافی کورد ئەووەیە و ئەوە نیە، ئەووەی کەڕووبی دەیڵێ هەو نیە و ئەوە نیە کە مووسەوی دەیڵێ. هەموو کەس دەزانێ ئەوە هەموو مافی کورد نیە بەڵام وەکوو دەڵێن ڕێگای هەزار ساڵ بە هەنگاوێک دەست پێدەکا. باشە ئەووەی ئێستا لە باکووری کوردستان رووی داوە. هەموو ئینسانێکی واقیع بین ئەوە بە دەسکەوتێکی یەکجار گەورە دەزانێ. لەحاڵێک دا تا ئێستا باسی خودموختارییش نیە، باسی خودگەردانییش نیە. تەنیا باسی ئەووەیە کە کورد لە تورکیە هەیە. پاش نیزیک بە سەد ساڵ ئینکاری وجوودی کورد، قبووڵی وجوودی کورد، قبووڵی خوێندنی کوردی، قبووڵی تەلەڤیزیۆنی کوردی، قبووڵی ناوی کوردی و گەراندنەوەی ناوی کوردی بۆخۆی دەسکەوتە. لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێرانیش دا مەسەلەکە هەروایە. ئیدی ئێستا ئەگەر بێین و ئەو مەسەلانە زەق بکەینەوە کە با بەشدار نەبین چونکە ئەووەی ئەوانە دەیڵێن هەموو مافەکانی کوردیان تێدا نیە، ئەمن ئەوە بە راست نازانم. خۆ کوردو بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکەی دەست لە داخوازەکانیان هەڵ ناگرن.

قسەیەکی خۆشم وەبیر هاتەوە. بە عوزر لەو کەسەی ئیشارەی پێ دەکەم، جارێک دۆستێکمان کە شوکر لە ژیاندا ماوە و زۆر بەڕێزیشە، شێعرێکی نووسیبوو، لە بەیتێکی دا کە نیوەی یەکەمیم بە دروستی لە بیر نیە و دەڵێ؛ ئەمن وەک خەڵکی دیکە بێهۆش و گێژ نیم، نیوە شێعری دووهەمی ئەووەیە دەڵێ: "هەتا هەم گوێلکی خۆماڵی بە گاجووتی خەڵک نادەم". رووحی شاد بێ، مامۆستا هێمن گوتی؛ "کاکە ئەوە نیشانەی نیشتمانپەروەریت نیە، ئەوە نیشانەی ئەووەیە موعامەلە نازانی دەنا گوێلکێکی بۆ بە گاجووتێک ناگۆڕیەوە؟!" ئەووەی ئەم دۆستانەش نیشانەی ئەوە نیە کە ئەوان لە قازی موحەممەد و لە دوکتور قاسملوو کە خودموختاری یان داوا دەکرد، پتر دڵسۆزی کوردن و پتر کوردن. ئەووەیە کە ئەوان لە سیاسەت دا بە داخەوە بەو جۆرەی پێویستە قووڵ نین. ئەو قسەیەی کە مەشهوورە و دوکتور قاسملوو زۆر جار دووپاتی دەکردەوە، "سیاسەت هونەری مومکیناتە". چی مومکینە ئێمە قسە لە

سەر ئەوە دەکەین. شەرت نیە داخوازی یەکانمان حەتمەن بە رۆژێک بێنە دی. لە بیرمە جارێک لە "سۆفیا" بووین لە گەڵ مەرحوومی کەریمی حیسامی لە نێو شار دەگەڕاین، پردێکی پیشان دام، گوتی وەختێک بولغارستان ئازاد بووە، گوتوویانە بولغارستانی ئازاد تا ئەو پردەی نێو شاری سوفیایە. رێبەرانی بزووتنەوەکە قبووڵیان کردوە. ئێستاش دەبینین کە بولغارستان هەموو خاکەکەی هی خۆیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ١٨ی سیپتامبری ٢٠٠٩

## کوردەکان چۆن بەرەورووی خۆپیشاندانەکانی ٢٢ی بەهمەن بنەوە؟

بایکۆت و هاندانی خەڵک بۆ بەشداری نەکردن لە خۆپیشاندانەکان بە شێوەی ساڵانی رابردوو، وەرێخستنی خۆپێشاندانی جیاواز لە هی دەسەڵات و لە راستیدا دژ بە دەسەڵات، یان کەڵک وەرگرتن لە خۆپیشاندانەکانی حکومەتی بۆ وتنەوەی دروشمی بەدیل و دەربڕینی هەستی ئازادیخوازی و دێموکراسی خوازانە، سێ رێگای بەردەمی خەڵکی کورد و حیزبە سیاسی و رێکخراوە مەدەنیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانن سەبارەت بەخۆپیشاندانەکانی حکومەتیی ٢٢ی رێبەندان. بەڵام هەڵبژاردنی هەر کام لەو رێگایانە پێویستی بە یەکدەنگی و کۆدەنگیی لایەنەکان هەیە، تا پێش بە سەرلێشواوی و پرژ و بڵاوی تواناکان بگرن.

راپەرینێک کە ماوەی چەند ساڵ بوو دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی لە ئێران لە ئارادا بوو، لە رۆژی ٢٢ی رێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، بە رۆیشتنی حەمە رەزا شا لە ئێران، روخانی ئەو دەسەڵاتەی لێکەوتەوە. لە سەرەتادا هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتی پاشایەتی، هەر لە هێزە چەپ و کومونیستەکانەوە بگرە تا لایەنگرانی حکومەتی ئیسلامی، ئەو رۆژەیان وەک رۆژێکی گرینگ و مێژوویی نرخاند. بەڵام خومەینی و هافکرەکانی وەک چۆن توانیان ئاوەڵدوانەی ئیسلامی بە ئینقلابەکەوە بنوسێنن، لە ماوەی سی ساڵی رابردووشدا، وەک رۆژی سەرکەوتنی ئینقلابی ئیسلامی، جێژنی بۆ دەگرن و حەول دەدەن لە هەموو شارەکاندا خۆپیشاندانی گەورەی بۆ وەرێبخەن.

کوردستان بە هۆی بەشداری نەکردن لە ریفراندۆمی سەرکەوتنی نیزام و دواتر ئەو موقاوەمەت و بەرگرییەی کە هەر

لە سەرەتاوە دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نواندی، لە سەرجەم خۆپیشاندان و بۆنە حکومەتیەکان، بە تایبەت خۆپیشاندانەکانی ٢٢ی بەهمەن، بۆ دەسەڵاتی تاران گرینگیی تایبەتی هەیە. بە جۆرێک کە خۆپیشاندانەکانی حکومەتی لە دوو شاری مەهاباد و سنە، هەمیشە لە میدیا سەراسەریەکانی کۆماری ئیسلامی دا رەنگدانەوەی تایبەتیی هەبووە و گرینگی زیاتری پێدراوە.

ئەگەرچی حیزبە کوردستانیەکان هەمیشە جاری بایکۆتی خۆپیشاندانەکانی کۆماری ئیسلامیان داوە، بەڵام حکومەتیش لە ماوەی لانیکەم ٢٥ ساڵی رابردوو دا بە شێوەی جۆراوجۆر قوتابیان و کارمەندانی وێڕای هێزە چەکدارەکانی سپا و بەسیج و مۆرەکانی خۆی لە کوردستان هێناوەتە سەر شەقام و تەزاهوراتی پێ وەڕێخستوون و دیمەنی ئەو تەزاهوراتانەشی لە میدیاکانی خۆی دا گەورە کردۆتەوە.

بە سەرنجدان بە خۆپیشاندانەکانی چەند مانگی رابردووی دوای هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی سەرکۆماری لە ئێران و کەڵک وەرگرتنی نارازییان لە بۆنە حکومەتیەکان بە مەبەستی وەرێخستنی خۆپیشاندان دژ بە دەسەڵات، ٢٢ی رێبەندانی ئەمساڵ هەم بۆ دەسەڵاتدارانی نیزامی کۆماری ئیسلامی و هەم بۆ بەرەی نارازی لە ئێران، گرینگیەکی تایبەتی و جیاواز لە ساڵانی رابردووی هەیە. هەر لە ئێستاوە رێبەرانی بزوتنەوەی سەوز خەڵکیان بۆ هاتنە سەر شەقام لەو رۆژەدا هان داوە و خەڵکیش بە شێوازی جۆراوجۆر خۆیان بۆ بەشداریی لەو خۆپیشاندانە ئامادە دەکەن.

کوردستان لە ماوەی چەند مانگی رابردووی خۆپیشاندان و نارەزایەتیەکانی خەڵکی ئێران دا، تا ئێستا نەیتوانیوە ڕا و روانگەی خۆی بە نیسبەت ئەو نارەزایەتیانە یەکلایی بکاتەوە. هەر بۆیەش، بە پێچەوانەی سەرهەڵدان و خەباتی سی ساڵی رابردووی گەلی کورد، خۆپیشاندانەکان بە جۆری پێویست لە ناو کوردستان دا نابیندرێن. بەڵام سەرەرای ئەوە روانگەی حیزبە کوردستانیەکان سەبارەت بە بزوتنەوەی سەوز، سەرەرای دڕدۆنگی ئەو لایەنانە لە یەکتر، نیزیکایەتیەکی رێژەیی بە خۆوە گرتووە. پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ ئەوان دەتوانن هەرکام لە لای خۆیەوە، هەڵوێستێکی لێک نیزیکیان سەبارەت بەجۆری رووبەروو بوونەوەی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی حکومەتی لە رۆژی ٢٢ی بەهمەن دا هەبێ؟

ماوەیەکی کەمی بۆ ئەو رۆژە ماوە و یەکخستنی هەڵوێستەکان بۆ ئەم مەسەلەیە ئاستەمە. بەو حاڵەش پێوەندیدار

بەجۆری هاتنە مەیدانی کورد لەهەڵومەرجی ئێستاو چۆنیەتی رووبەرو بوونەوەی کورد بەرامبەر بە خۆپیشاندانەکانی ٢٢ی بەهمەن، دوو پرسیاری هاوبەشم بۆ چەند کەسایەتی دیاریکراو لە چالاکوانانی سیاسی و مەدەنی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەروەها ریبەریی حیزبەکان ناردووە کە لە چەند رۆژی داهاتوو، لە توێی راپۆرتێک دا بڵاویان دەکەمەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ١ی فێبریوێری ٢٠١٠

## کوردستانپۆست بەرپرسی ناوەرۆکی ئەم بابەتە نییە!



ماوەیەکە کوردستانپۆست هێرش و سوکایەتیەکی بەرینی بۆ سەر کوردەکانی رۆژهەڵات و بە تایبەت بۆ سەر سەکردەی کورد دوکتور عەبدورەحمان قاسملوو بە بیانووی لایەنگری لە خوالێخۆشبوو ئەحمەد تۆفیق دەست پێکردووە. ئەگەرچی لە سەر و ژێری زۆربەی ئەو بابەتانە ناوی کوردستانپۆست وەک خاوەنی قسە و نوسینەکان نەهاتووە، بەڵام مادام زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو بابەتانە ناو و ئیمزای هیچ کەسێکی دیار و بۆ خوێنەر ناسراویان پێوە نیە، کوردستانپۆست بە خاوەنیان دەناسرێ. ئەگەرچی لە بنی هەموان نوسراوە کە "کوردستانپۆست بەرپرسی ناوەرکی ئەم بابەتە نیە"، بەڵام بە پێچەوانەی رێوشوێنی رۆژنامەگەری، بۆ ماوەی حەوتوویەک دەکرێ بە مانشێتی ماڵپەڕ!

دەڵێن مەلایەک لە گەڵ مەلاژن بە چۆڵگەیەک دا دەڕۆن و لەپڕ چەتەیان لێ پەیدا دەبن. چەتە دەیانهەوێ ئەوەی پێیانە لێیانی بستێنن بەڵام بە پێی ڕەواڵ مەلا هیچی وای پێ نابێ بە کەلکیان بێ. هەر بۆیە بۆ ئەوەی بە دەستی بەتاڵ نەگەڕێنەوە، دەڵێن تا مەلاژن دەورێک سەمامان بۆ نەکا، ئازادتان ناکەین. مەلاژن بە ناچاری و لە سەر چراسەوزی مەلا سەمایەکی زۆر جوانیان بۆ دەکا. کاتێک چەتەکان بە جێیان دێڵن، مەلاژن بۆ ئەوەی دڵی مەلای لێ پیس نەبێ دەڵێ مەجبوریان کردم دەنا من شتی وا نازانم. مەلا دەڵێ باشە مەجبوریان کردی و سەمات کرد قەیدی ناکا، بەڵام پێم ناڵێی بۆچی ئاوا بە ئیشتیا خۆت با دەدا؟

ئەوەی لەم بابەتەدا گەرەکمە لێی بدوێم، کۆمەڵێک بوختانی نوسراوەیەکە کە ناوی "پێشمەرگەیەکی بێ ناو" یان "سەرباز گمنام"ی لە ژێر داوە و سەرەرای ڕمێنی زۆری ماڵپەڕەکە بۆ زۆری بابەت، ماوەی حەوتوویەک کرا بە مانشێتی کوردستانپۆست. بابەتەکە دواتر بە هۆکارێک کە بۆ من روون نیە و کوردستانپۆستیش هیچ رونکردنەوەیەکی لەم بارەوە بە خوێنەرانی نەدا، لە سەر ماڵپەڕەکە لابردرا. رەنگە بەڕێوەبەرانی بەڕێزی ماڵپەڕەکە بیانووی رێگەدان بە بیروڕای ئازاد بۆ بڵاو کردنەوەی بێننەوە، بەڵام بڵێی بۆچی بابەتێکی پڕ لە سوکایەتیی کەسێکی بێ ناو بکرێ بە مانشێتی سایتێکی پڕ خوێنەر؟ ئەی باشە کە نوسیوتانە ئێوە بەرپرسی ناوەرۆکی ئەم بابەتە بێ نووسەرە نین، پێم ناڵێن کێ خاوەنی ئەو هەموو سوکایەتی و بێ رێزی و بوختانانەیە؟

ئەوانەی سەرەتەقەیەک لە کاری رۆژنامەگەری دا دەکەن، دەزانن کە بە پێی رەواڵ مانشێت هەمیشە هەڵگری هەواڵی رووداوێک یان وتەیەکی سەرنجراکێشی کەسێکی ناسراو و کەسایەتیەکە. کەچی لە کوردستانپۆست دا ئاسەوارێک لەم پرەنسیپانە بەرچاو ناکەون هیچ بابەتێکی گومانلێکراوی ناکەسێکیش قوت دەکرێتەوە. کە دەڵێم ناکەس، مەبەستم سوکایەتی نیە و مادام کەسێکی دیار لە پشت بابەتێکەوە نەبێ، ناکەس جێگای دەگرێتەوە. کە دەشڵێم کەسێکی گومانلێکراو، ئەوا لە کۆتایی ئەم نوسینەدا مەبەستەکەم روون دەکەمەوە .

لە گەڵ پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی راگەیاندن، سروشتیە کە زۆربەی کۆمەڵگا دەستی بە یەک یان چەند جۆر راگەیەنەر رادەگا و هەموو کەس و لایەنێک دەبێ خۆی بۆ رەخنە لێ گیران ئامادە بکا. بەوە دەمهەوێ بڵێم کە هەر تاکێکی کۆمەڵگا دەبێ ئەو مافەی هەبێ کە رەخنە بگرێ و تەنانەت لاریم نیە ئەگەر خەتە سورەکانیش بپەڕێنێ. بەڵام خۆ دەبێ ئەو نەختە مافەش بە رەخنە لێ گیراو بدەین کە بزانێ کێ رەخنەی لێ

دەگرێ و دەبێ جوابی کێ بداتەوە! وێڕای ئەوانەش ئەو ڕەخنانە لە کەسێک گیراون کە مێژوو خوڵقێن بووە و بەشێکی بەرچاو لە مێژووی خەباتی کوردی ڕۆژهەڵات بە ڕێبەریی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو تۆمار کراوە. هەروەها ئێمە وەک ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێمان وایە کە قاسملوو لە بیر و ڕێبازی دا زیندووە. هەر بۆیەش دەبێ ئەو مافە بە هەموو کەس بدرێ کە ڕەخنە لەو ڕێبازە بگرێ. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە ڕەخنە و سوکایەتی هیچکات ئاوەڕۆیان لە گەڵ یەک تێکەڵ نابێتەوە. شتێک کە بەڕێوەبەرانی کوردستان پۆست ناویان ناوە ڕەخنە.

لەو قسانەی کە کوردستانپۆست پێیوایە "دێموکرات وەڵامی پێ نیە" ئەوەیە کە ئیدیعا دەکا ئەحمەد تۆفیق سەرۆکی شەرعی بووە و دوکتور قاسملو لە لایەن بەعسەوە بە سەر حیزبدا سەپێندراوە. بەڵگەشی بۆ ئەوە ئەوەیە کە ئەو کۆنگرەیەی ئەحمەد تۆفیق تێیدا بوو بە سکرتێر لە سونێ گیراوە و ئەوەش کە دوکتور قاسملووی بە سکرتێر دیاری کرد لە بەغدا بە بێ لەبەرچاو گرتنی هەلومەرج و بارودۆخی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات!! پێشتریش ئاماژەی بەوە کردووە کە دوکتور قاسملو پیاوی ساواک بووە و بەڵگەشی بۆ ئەوە ئیدیعای ئەحمەد تۆفیق بۆ دەرکردنی دوکتور قاسملوو یان ڕەحمانی قاسملووی ئەو کات لە حیزب بووە.

جارێ با ئەو واقعیەتە مێژوییە بگێڕینەوە کە لە حیزبی دێموکراتی ژێر ڕێبەریی ئەحمەد تۆفیق دا، دوکتور قاسملوو ئەگەر یەکەم نارازیش بووبێ، دوا نارازی ناو حیزبەکە نەبوو. ئەوانەی تۆزێک شارەزای مێژووی حیزبی دێموکرات و ئاشنا بە فکری ڕێبەرانی ئەو حیزبە بن دەزانن کە دوکتور قاسملوو کەسێکی چەپ و پەروەردەی ناو حیزبی تودەی ئێرانی سەر بە ئۆردوگای سوسیالیزم بوو. بە پێچەوانەشەوە ئەحمەد تۆفیق کەسێکی راسترەو بوو، بە پێچەوانەی دوکتور قاسملوو کە پێیوابوو حیزب دەبێ خەباتی خۆی بە شێوەی سەربەخۆ و دژ بە ڕژیمی ئێرانی ئەو کات درێژە پێ بدا، ئەحمەد تۆفیق پێیوابوو کە دەبێ حیزبەکە ببێ بە لقی کوردستانی ئێرانی پارتی دێموکراتی ئەو کات و شەڕی حکومەتی بەغدا بکا. هەر وەک دیتیشمان لەو کۆنگرەیەدا ئەحمەد تۆفیق سەرکەوت و توانی ڕەحمانی قاسملوو لە حیزب دەربکا و بە کردەوە حیزبەکە بخاتە ژێر ئیختیاری پارتی دێموکراتی کوردستان بە ڕێبەریی خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی. ڕەحمانی قاسملوش چوو بۆ ئوروپا و دەستی بە دەرس خوێندن کرد. بەڵام بە ڕۆیشتنی ئەو کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان ئەحمەد تۆفیق لە گەڵ ڕێبەرانی دیکەی حیزب کۆتایی پێ نەهات. سەرەتا کۆمیتەیەک ساز بوو بە ناوی کۆمیتەی ساخکەرەوەی حیزبی دێموکرات کە ئامانجیان خۆ ڕزگار

کردن لە دەست دیکتاتۆریی ئەحمەد تۆفیق و رزگار کردنی حیزب لە پارتی دێموکرات بوو. ئەحمەد تۆفیق بڕیاری کوشتنی ئەوانی دەرکرد کە بەشێکیان وەک مامۆستا ئەبوبەکر فەلسەفی و کاک سەعید کاوە (کوێستانی) ئێستاش ماون و یەکەمیان لە فەنلاند و دووهەمیان لە سویدە و کوردستان پۆست دەتوانێ راستیەکانیان لە دەم ببیسێ. دواتر ئەم کێشەیە بە نێوبژیوانیی چەند ئەندامێکی دیکەی رێبەری کە نە لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق بوون و نە لە گەڵ کۆمیتەی ساخکەرەوە، چارەسەر کرا. بەڵام لە ساڵی ١٩٦٧ جارێکی دیکە ناکۆکیەکان لە سەر هەمان فکری ناو کۆنگرە کە لە سەرەوە ئیشارەم پێ کرد، تەقیەوە. کۆمەڵێک لە کادرە باڵاکانی حیزب لەوانە فایق موعینی، سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە و ... کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان دامەزراند کە ئامانجیان رزگاربوون لە ژێر دەستهەڵاتی پارتی و وەرێخستنەوەی خەباتی چەکداری دژ بە حکومەتی حەمەرەزا شای پەهلەوی بوو. ئەوانە هاوکات لە باشووری کوردستانیش لە گەڵ هێرش و هەڕەشەی ئەحمەد تۆفیق بە پشتیوانیی پارتی دێموکرات بەرەوروو بوونەوە و بە داخەوە لەم نێوەدا چەند کەس لە رێبەرانیشیان وەک فایق موعینی ئیعدام یان تیرۆر کران. پێشتریش لە ١٩٦٥سەدیق ئەنجیری ئازەر تیرۆر کرابوو. هەروەها لە دەرەنجامی ئەو خەباتە خوێناویەی کە ماوەی ١٨ مانگ دژ بە دەسەڵاتی تاران وەڕێیان خست، بەشێکی زۆر لە رێبەران و تێکۆشەرانی ئەو بزوتنەوەیە شەهید بوون .

من بەش بە حاڵی خۆم پێموایە کێشەی نێوان دوکتور قاسملوو و ئەحمەد تۆفیق وەک لە سەرەوە ئیشارەم پێ کرد، کێشەی فکری بوو. کێشەیەک کە بە نەمانی دوکتور قاسملوو لە ناو حیزبیشدا کۆتایی نەهات و دوا جار لە لایەن کۆمیتەی ساخکەرەوە و پاشان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزب دژ بە ئەحمەد تۆفیق سەری هەڵدایەوە. هەربۆیەش لە سەر ئەو بڕوایە نیم کە هیچ لایەکیان جاش و جاسوسی دوژمنان بووبن و هەر کامیان لە فکری خۆیانەوە ئەو رێگایەیان بە رێگای سەرکەوتنی گەلەکەیان دەزانی کە خۆیان بڕوایان پێی هەبوو. بەڵام ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە حکومەتی شای ئێران پشتیوانی بێ ئەملاو ئەولای شۆرشی ئەیلول بوو. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئەگەر قەرارە لایەنێک لەو دوو بۆچوونەی حیزب کاریان بۆ دەزگای جاسوسی ئێران کردبێ کە نەیان کردووە، ئاخۆ دەبێ گومانمان بۆ ئەو لایەنە بچێ کە خوازیاری بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ ئەم رێژیمە بوون یان لایەنەکەی دیکە کە پێیوابوو حیزب دبێ ببێ بە بەشێک لە پارتی دۆستی دەسەڵاتی تاران؟

لە بابەت مەسەلەی گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو بۆ نێو ریزەکانی حیزب، دوکتور قاسملوو کاتێک گەڕایەوە کە

حیزبەکە بە کردەوە ببو بە دو بەش. ئەحمەد تۆفیق ئەو کاتە ئەگەرچی سەرکردایەتی بەشێکی دەکرد و سەرەرای تێپەڕبوونی ٨ ساڵ بە سەر ئەو کۆنگرەیەی تێیدا ببو بە سکرتێر و سەرەڕای جیابوونەوە یان شەهید کرانی بەشی هەرە زۆری ڕێبەریی هەڵبژێردراوی کۆنگرە، ئامادە نەببو کۆنفرانس یان کۆنگرەیەکی دیکە بۆ یەکخستنەوەی حیزبەکەی بگرێتەوە. مەودای نێوان کۆنگرەی ٢ تا گیرانی ئەحمەد تۆفیق لە بەغدا نیزیک بە ١٠ ساڵ بوو. ئەی باشە کارنامەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی بە ڕێبەریی ئەحمەد تۆفیق لە ماوەی ئەم دە ساڵەدا چی بوو؟ جگە لە جیابوونەوە یەک لە دوای یەکەکان و فتوای کوشتنی ڕێبەرانی دیکەی حیزب لە لایەن ئەحمەد تۆفیقەوە، کوا کۆنگرە و کۆنفرانسەکانی حیزب؟ کوا تێکۆشانی سیاسی و خەباتی حیزب دژ بە حکومەتی ئێران؟

ئەحمەد تۆفیق لە لایەن پارتیەوە بە هۆکارێک کە بۆ من روون نیە، بۆ گوندێکی سنووری باکووری کوردستان دوور خرابۆوە و خانەنشین کرابوو و دواتریش لە بەغدا سەری دەرهێنا. با ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە پارتی نە ئەو کات و نە دواتریش لە گەڵ دوکتور قاسملوو پێوەندیەکی خۆشیان نەبوو ئەگەر پێما نوا بێ لە بەر خاتری دوکتور قاسملوو، پارتی ئەحمەد تۆفیقی دوور خستەوە.

بەشەکەی دیکەی حیزبیش کە لە سایەی خەباتی ١٨ مانگەیان دژ بە دەسەڵاتی حەمەرەزا شا دەریایەک خوێنیان لێ ڕژا بوو، لە ساڵی ١٩٦٩ دا کۆنفرانسێکیان بۆ ساخکردنەوەی حیزب بەست. دوکتور قاسملوو دوای تێپەڕبوونی دوو ساڵ بەسەر بەستنی ئەم کۆنفرانسە لە ١٩٧١ گەڕایەوە بۆ کوردستان. واتە کاتێک گەڕایەوە کە ئەندامانی دیکەی حیزب ماوەی پێنج ساڵ بوو کە بە کردەوە ئەحمەد تۆفیقیان وەلا نابوو. سەرەرای ئەوانەش سکرتێر لە لایەن ئەندامانەوە هەڵدەبژێردرێ و ئەوە ئەندامانی هەر حیزبێکن کە شەرعیەت بە کۆنگرە و بڕیار و هەڵبژاردنەکانی دەدەن. ئەگەر دوکتور قاسملوو سکرتێرێکی سەپێندراو بوو، بۆچی سەرەرای بونی زۆر دژبەر و نەیاری لە ناو حیزبەکەدا کە دواتر لە قۆناخی جیاواز و بە شێوەی جۆراوجۆر لێی جیا بوونەوە، تا ئێستا هیچ کەس ئامادە نەبووە باس لەمە بکا؟ لە کوێ بوون ئەو دەنگە نارازیانە؟ نووسەرەکەی کوردستانپۆست لە خۆڕا قسە بە دەمی ئەم و ئەووەوە هەڵدەبەستێ بە بێ ئەوەی بە پێویستی بزانێ ئاماژە بە یەک سەرچاوە و بەڵگەش بکا!! ئەوەش کە کۆنگرەی ٣ لە بەغدا گیراوە، ناکرێ حەتمەن پێوەندی بدەینەوە بە دەخاڵەتی بەعس و بە سکرتێر کردنی دوکتور قاسملوو لە لایەن بەعسەوە. خۆ شاراوە نیە کە دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات پێوەندیی هەمیشەییان لە گەڵ حیزبی بەعس خۆش بووە بەڵام مێژوو سەلماندویەتی کە ئەو پێوەندیانە پێوەندیەکی زۆر سالمی دیپلۆماتیک بوون

و هیچکات لە ڕێگای خۆش خزمەتی بە بەعس لە سەر حیسابی کوردەکانی باشوور یان لایەنەکانی تر نەبووە.

سەرەرای ئەوانەش دوکتور قاسملوو بۆ یەکەم جار و لە کۆنفرانسی ٣ی حیزبدا بە سکرتێری حیزب هەڵبژێردرا نەک لە کۆنگرەی ٣ کە لە بەغدا بەسترا. ئەووش کە ئەحمەد تۆفیق لە لایەن بەعسەوە ئیعدام کراوە و نووسەر بە گێرانەوەی هێندێک چیرۆکی خەیاڵی ئیدیعا دەکا بە فیتی دوکتور قاسملوو بووە، ئیدیعایەکی بێ بنەما و بێ بەڵگەیە و درۆ و دەلەسەکانی کە بە زمانی حەمەدەمینی سیراجی و ئەحمەد نستانی و کەریم حەداد و ئەم و ئەوی هەڵبەستووە، پشتیان بە هیچ دیکۆمینتێکەوە بەند نیە و قسەی مفتن.

وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، ئەحمەد تۆفیق چەند ساڵ پێشمەرگەکانی حیزبەکەی بۆ شەڕ لە گەڵ حکومەتی بەعس تەرخان کرد و دوایەش چوو لە بەغدا لێی دانیشت. باشە بۆ نابێ پێمان وابێ کە ئەوە جۆرێک تۆڵە کردنەوەی حکومەتی بەعس بوو و دەبێ حەتمەن هۆکارێکی خۆیی و بە قسەی فلانی کوتی لە فیساریم بیستووە کە خاڵی فلان کەس وای وتووە، بەڵگەی بۆ بدۆزینەوە؟

## وەڵام بە کۆمەڵێک درۆ و هەڵبەستراوەکان:

*کابرای بێناو دەڵێ: دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو: باوەڕی بە کۆنگرەی یەک و دوو نەبوو، پێشەوای بە خائین دەناسی. (سەرچاوە: نهێنیەکانی حدک، ئیعترافی قاسملو لای ساواک ١٩٦٤، تاران). کۆنگرەی یەک و دووی نییە، لە ناکاو لە ناو جەرگەی دوژمن دا لە بەغدا، کە کەس نەیدەوێرا بڵێت کوردایەتی دەکەم، ئەم کۆنگرەی سێی بەست!

باشە ئەگەر دوکتور قاسملو باوەڕی بە کۆنگرەی ١ و ٢ نەبوو بۆ کۆنگرەی ٣ی بەست و یەکسەر کۆنگرەی یەکەمی نەگرت؟ درۆیەکی دیکەی ئەو بە ناو نووسەرە ساڵی گرتنی کۆنگرەی سێهەمە کە دەڵێ لە ١٩٦٤ لە بەغدا لەو کاتەدا کە کەس نەیدەوێرا بڵێ کوردم، کۆنگرەی بەست، و بە ئانقەست ١٠ ساڵ کۆنگرەکە دوا دەخا. لە حاڵێکدا کۆنگرەی ٣ لە ساڵی ١٩٧٤ دوای بەیانی ١١ی ئازار، لە بەغدا بەسترا. وێڕای ئەووش دوکتور قاسملوو لە کوێدا پێشەوای بە خائین ناسیوە؟ تەنیا ڕەخنەیەک کە دوکتور قاسملوو وەک خەسارناسیی بۆ کۆماری کوردستان لە کتێبی چل ساڵ خەبات دا کردویەتی، ڕەخنە لە خۆ تەسلیم کردنی پێشەوا بە ئەرتەشی ئێرانە و پێیوایە ئەگەر

بارزانیەکان بە ڕێبەریی مەلا مستەفا بارزانی بەرەنگاریان نەکردبا، دەکرا بمانکوتبا کە کۆماری کوردستان ئاشبەتاڵی کرد، نەک شتێکی لەوە زیاتر .

*** دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو: چۆنیەتی هاتنە سەر کاری بە هەڵبژاردەی سەددام حوسێن بوو.) بە پێی کام بەڵگە؟!***

*** (ئەحمەد تۆفیق: بەرامبەر بە نەتەوەکانی تر، زۆربەی خواردەمەنی پێشمەرگەکانی حدک لەلایەن ئازەریەکانی نەغەدە و خانێ ڕا دەهات. گەلی ئازەری "حدک" یان بە پارتێکی خۆیان دەزانی و لە بواری زانیاری و ئابووری دا هاوکاریان دەکرد.) بە داخەوە نووسەر ئەوەندە ناشارەزای ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە نازانێ شاری خانێ یان پیرانشاری ئێستا ئەگەر بنەماڵەیەکی ئازەری لێ نیشتەجێ بێ، یان پاسدارە یان کاربەدەستی کۆماری ئیسلامی. جا چ بگات بە ٤٠ ساڵ لەوە پێش. وێڕای ئەوەش تورکەکانی قەرەپەپاغ شاری نەغەدە و زۆر ناوچەی دیکەیان بە پشتیوانی حکومەتی ناوەندیی ئێران لە کورد داگیر کردووە، بە پێی کام عەقڵ دێن یارمەتیی سەرکەوتنی شۆرشی کورد دەدەن؟ !*

*** (دوکتۆر عەبدوڕەحمان قاسملو: بە قۆنداغ وتێهەڵدان گومرگی لە کاروانچیان و کۆڵکێشان دەستاند. بەم پارانە توانی ٥ ئاپارتومانی ١٠- ١٢ تەبەقە لە پاریس بکرێت و لەسەر ناوی ژنەکەی و کچەکەی تاپۆیان کات. لە مهاباد، ورمێ، پیرانشار،و بانە چەندین شوێن هەنە کە ئێستاش کەس ناتوانێت بیان کرێت یان بیان فرۆشیت، چونکوو تاپۆکراوی سەر ناوی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملون.) من خەڵکی مەهابادم و سەردانی شارەکانی دەوروبەریشیم کردووە و لێیان ژیاوم بەڵام هیچکات نەمبیستووە بڵێن فڵان ملک یان فڵان خانو هی دوکتور قاسملویە یان هی دوکتور قاسملوو بووە. سەیر لەوە دایە کۆماری سێدارەی ئیسلامی لە ماوەی ئەم سی ساڵەدا کەمی دەست بە سەر ملک و ماڵی هاوڵاتیان دا نەگرتووە، کەچی بە قسەی کاکی نوسەر تا ئێستا نەیتوانیوە ئەو ملکە خەیاڵیانەی دوکتور قاسملو موسادرە بکا! ئەرێ ئەوەی کاکی نوسەر باسی دەکا دەوڵەتی دێموکراتی سوید و نۆروێژە یان کۆماری جەور و زوڵمی ئیسلامی ئێران؟!***

*** (پاش ئەنفال و کیمابارانی ئەڵەبجە، قاسملو لە تەلەفیزۆنی ئێڕاق قسەی کرد و وتی کە هەڵەبجە لەلایەن***

*ئێرانەوە کیمابارانکراوە، خەڵکی کوردستانی ئێراق خودموختاری خۆی هەیە و ئازادە کە بەزمانی خۆی بخوێنێت، ئەگەر ئێمە ئەو ئازادیەمان لە ئێران دا هەبا، چی دی مان نەدەویست.) باشە بۆ جگە لە کاکی نوسەر هیچکەس ئەو وتوێژەی نەدیوە؟ تەنیا شتێک کە لە بابەت تاوانی هەڵەبجەوە لە لایەن دوکتور قاسملوو وەک بەڵگە ماوەتەوە ئەوە بوو کە وتی "ئەو کارە هەر کەس ئەنجامی دابێ تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیە و دەبێ مەحکووم بکرێ ".*

نووسەری بابەت لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا چەندین شتی هەڵبەستراو و بێ بەڵگە بڵاو دەکاتەوە. وەک تەحویلدانەوەی ٥٥ کەس لە نیزیکانی ئەحمەد تۆفیق بە ئێران لە لایەن هاوڕێیانی دوکتور قاسملۆوە کەچی لە هێنانی ناوی یەک کەس لەو ٥٥ کەسە دۆش داماوە. بە رای من ئەو قسانە ئەوەندە بێ بەڵگەن کە شیاوی وەڵام دانەوە نین. بەڵام ئەگەر سەرنجی درێژەی نوسینەکە بدەین، نووسەر لە چەند جێگادا هۆییەتی خۆی ئاشکرا کردووە و ئامانجی نوسینەکەی دەرخستووە:

* بە پێچەوانەی ئەو راستیەی کە هەموان لێی ئاگادارن، نووسەر تیرۆری دوکتور قاسملوو بۆ کاری ک. گ. ب. دەگەڕێنێتەوە. ک.گ.ب. یەک کە لە سەرە مەرگ دا بوو و چوار مانگ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە، بە روخانی دیواری برلن کەوتە گیانەڵاوە. بەوەش دەیهەوێ پاکانە بۆ کۆماری ئیسلامی بکا لە ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە ناجوامێرانەیە.

* حیکایەتێکی خەیاڵی لە بابەت دەستدرێژی بۆ سەر کوڕێک لە لایەن پێشمەرگەکانی هێزی قەندیل دەگێڕێتەوە. لە دواییشدا دەڵێ کە کوڕە بە نیوەگیانی دەدۆزرێتەوە و لە نەخۆشخانەی "ئیمام خومەینی" چارەسەر دەکرێ. سەیر کەن کە کابرای بێ ناو چ ناوێک بۆ شوێنی چارەسەری "تاوانە" خەیاڵیەکەی هەڵدەبژێرێ؟ یا هەر لێرەوە ئەو راستیە بۆ کوردستان پۆست بگێڕمەوە کە بە پێچەوانەی "نەخۆشخانەی ئیمام خومەینی" ئەوەی تەجاوزی بە کوڕانی کورد دەکرد و فێری دەکردن و دواتر بۆ ناو ریزەکانی حیزبی دێموکراتی دەناردن، راست دەزگای ئیتلاعاتی "ئیمام خومەینی" بوو. ئامانجیشیان لەو کارە ئەوە بوو کە ئەوانە خۆیان لە فەرماندەکانی حیزب نیزیک بکەنەوە و توشی هەڵەیان بکەن. چونکە زۆر باش لەو بڕیارەی حیزب ئاگادار بوون کە وەها هەڵەیەک کەمترین سزاکەی دەرکردن لە ریزەکانی حیزب بوو. هەر لەم بارەوە نووسەرەکەی کوردستانپۆست کۆمەڵێک بوختان دەداتە پاڵ یەکێک لە کەسایەتیەکانی ناو حیزبی دێموکرات. کەسێک کە بە شاهیدی دۆست و دوژمن یەکێک لە پاکترین بەرپرسەکانی

ئەم حیزبە بووە و بڕوا ناکەم لە ناو کۆماری ئیسلامیش دا کەسێک ئەو شەهامەتەی هەبێ بە ناوی ئاشکرای خۆی شاهیدی بۆ ئەم بوختانە بدا.

* لە کۆتایی ئەو نوسراوەیەدا "پێشمەرگەیەکی بێناو" دەبێ بە "سربازی گمنام" و بەم جۆرە هویەتی راستەقینەی خۆی ئاشکرا دەکا. بە داخەوە بەرپرسانی کوردستان پۆست نازانن کە "سربازی گمنام" لە ئێرانی خومەینی دا بەو تیرۆریستانە دەگوترێ کە بە فەرمانی ئیمامەکەیان دەست لە هیچ تیرۆر و تاوانێک ناپارێزن. کارێک کە ئەم سەربازە گمنامەی ئێوە ئەمجار بە قەڵەم بۆیان ئەنجام دەدا و بە جێگای تیرۆری فیزیکی، تیرۆری کەسایەتیی رێبەرانی کوردیان بۆ دەکا. *ئەگەرچی بە دەست و قەڵەمی را دیارە خەڵکی باشووری کوردستانە. مرۆڤ ئەو ساڵانەی وەبیر دێتەوە کە کەسانێک هەر لەم باشوورە بۆ فەردە ئاردێک پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتیان تیرۆر دەکرد.*

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانپۆست - ڕێکەوتی: ١٣ی ئاگۆستی ٢٠١٠

---

## جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە

### بەشی یەکەم:

### ئەرێ حدک جیرەخۆرە یان حەسەنی ئەیوب زادە؟!

وەک بڵێی بەرنامەیەکی درێژخایەنی بۆ دانابێ و باقی عومرەکەی بۆ ئەوە تەرخان کردبێ، بە بۆنە و بێ بۆنە، بە هەر چەند حەوتوو جارێک حەسەنی ئەیوب زادە بە کۆمەڵێک بوختان و درۆی کۆن و نوێوە بە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان و کەسایەتی ناوداری ئەم حیزبە و گەلی کورد مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دا دەڕشێتەوە. لازم نییە هەموو جارێ بابەتە بە ڕواڵەت و لە راستیدا تەنیا بە سەرتیتر تازەکەی حەسەن ئەیوبزادە بخوێنیتەوە. هەمووی هەر یەک قەوانە کە بەم دیواودیو دا لێی دەداتەوە و بە قەولی کورد دەڵێ چێشتی شەوێ بۆ

نیوەڕۆ و هی نیوەڕۆش بۆ شەو گەرم دەکاتەوە و دەیهەوێ دەرخواردی خوێنەری ساویلکەی بدا.

شابەیتی هەموو نوسینەکانی ئەیوبزادە گواستنەوەی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە قەندیلەوە بۆ دەشتی کۆیە لە هاوینی ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی و بە بڕیاری مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەیە. ڕەنگە نەزانێ یان بۆی گرینگ نەبێ کە ئەو کات مامۆستا نەک سکرتێر بەڵکو جێگری سکرتێر بووە و لە حیزبی دێموکرات دا نەک جێگری سکرتێر تەنانەت سکرتێریش ناتوانێ بە تەنیا بڕیار لە سەر مەسەلەیەک ئەویشی بڕیارێکی وەها گرینگ بدا. لە کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانەدا وا دیارە کاک حەسەن ئەوەندە لە کوردستان و حیزبی دێموکرات بێخەبەر بووە کە نازانێ لە ناو دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندیی ئەو کاتی حیزب دا، وەک دواتر و لە بەرەبەری کۆنگرەی دە دا دیتمان، زۆرینەی ئەندامان لە گەڵ فکر و بۆچوونەکانی مامۆستا نەبوون. کەچی حەسەن ئەیوب زادە کە دوای لەتبوونی حیزب فیلی هەوای هیندستانی لە سەر داوە، لە حاڵێکدا بۆخۆی بە چەند ساڵ پێشتر و لە گەرمەی شەڕی پێشمەرگە دا بەرەو ناوەندی ئورووپا فیزماڵکی دایە، مامۆستا حەسەن زادە بە بڕیاردەری گواستنەوەی بنکەکانی حیزب بۆ دەشتی کۆیە دەناسێنێ و هەر بەم بۆنەیەشەوە توک و دوعای لێ دەکا. سەیریش ئەوەیە ئەیوب زادە کە لە ژێر دروشمی "ئاوری سوور بێ و لە خۆم دوور بێ"، لە ناوەندی ئورووپاوە چوارپارچەی کوردستانی بێ بستێک کەم ناوێ و لەم سۆنگەیەدا دۆست و دوژمنی وەبەر تۆپان داوە، جێگیربوونی بنکەکانی حیزبی دێموکرات بە بڕیارێکی خائینانە پێناسە دەکا. لە حاڵێکدا ئەگەر ئەوە خیانەت بێ، بۆخۆی بە چەند ساڵ زووتر و بە چەند قات زیاتر ئەو خیانەتەی بە شۆرشی کورد کرد. هاوکات بە پێویستیشی نازانێ جارێک لە ویژدانی خۆی بپرسێ ئەرێ ئەگەر عەبدوڵلا حەسەن زادە ئەو خیانەتەی بە حیزبی دێموکرات کرد، ئەی کێ هەمان خیانەتی بە حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێران و تەنانەت سەرانسەری ئێران کرد؟! عەبدوڵلا حەسەن زادەیەک کە لە ناو حیزبەکەی خۆیشی دا نیوەی ئەندامانی ڕێبەری لە گەڵ نەبوون، تۆ بڵێی ئەوەندەی دەست بە سەر لایەنەکانی دیکەش دا ڕۆیشتبێ؟!

وەک باسم کرد، حەسەن ئەیوبزادە بە هەر ماوە جارێک، بە هێندێک کەم و زیادەوە دەست دەکاتەوە بە پەڵخوڕ کردنەوەی درۆ و دەلەسەکانی خۆی. ئەوەی لە دوا بابەتی ناوبراودا بە ناوی "دوو جینایەت، دوو دادگا، دوو قەرار"، بۆ من جێگای سەرنج بوو، شادرۆیەکی دیکەی ئەو بەرێزەیە. ئەیوب زادە کە زەمانێک لە نەبوونی قازی لە ناو حیزبی دێموکرات دا ببوو بە بلّقاسم و ئێستاش بەو پاشخانەوە پاشگری مافناس بە دوای ناوەکەی خۆیدا

ڕادەکێشێ، ڕەخنە لە قازیەکانی دادگای میکونوس دەگرێ و دەڵێ لە سەر جێگە و شوێنی دوکتور سەعید، ئەوە "مەلا عەولا" بووە کە راپۆرتی بە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی داوە!! کاتی زۆر و قسەی مفت و ماڵپەڕی ئینترنێتیی مفت، سروشتیە کە دەبێ کەسایەتیشی بۆ هەرزان بکەی. بەڵام ئەوەی بۆ خوێنەر جێگای پرسیارە، ئەوەیە کە ئاخۆ چ شتێک وا لە حەسەن ئەیوبزادەی خۆ بە قازی زان دەکا کە ئاوا بێ پەروا خەرمانی کەسایەتی خۆی بە ئاودا دا؟ وڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لەو چەند ئەگەرەی خوارەوەدا بدۆزرێتەوە:

١- حەسەن ئەیوب زادە دەبێ رقێکی زۆری لە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بێ. ئەوە بێگومان یەکەم وڵامە کە بە زیهنی هەر خوێنەرێکی نووسراوەکانی ئەو بەرێزەدا گوزەر دەکا. ئەوەش تا رادەیەک راستە. چەند ساڵ لەوە پێش لە وڵامی رەخنەیەکی حەسەن ئەیوبزادە دا کە پێوەندی بە کۆماری کوردستان و جۆری خوێندنەوەی ئەو بۆ کۆمار لە بەرامبەر روانگەی حیزبی دێموکرات هەبوو، مامۆستا حەسەن زادە بە راگرتنی حورمەتی قەڵەم بەڵام کەمێک بە رەقی وڵامی دایەوە. لە ناو وڵامەکەی مامۆستا دا بە تایبەت رستەی "خۆش خەبەر بی"، دڵی ئاغای ئەیوبزادەی بریندار کرد. بەڵام ئەوە هەموو ماجەراکە نییە. چونکە رستەیەک ئەگەر زۆریش توند و برینداركەریش بێ، هەڵناگرێ ئەوەندەی خۆ پێوە سەغڵەت بکەی و بە سەدان لاپەڕە وڵامی بدەیتەوە. بەتایبەت کە وەک نزیکانی هەردووکیان باسی دەکەن تا کەمێک پێش ئەو ماجەرایە هەردووک لا زۆر رێزی یەکتریان گرتبوو.

٢- ئەگەری دووەم لە وەها هەڵوێستێک دا ئەوەیە کە مرۆڤ پێوەندی بە دەزگا سیخوریەکانی کۆماری ئیسلامیەوە هەبێ و لە ژێر رێنماییەکانی ئەواندا قۆڵی بۆ تەخریب و روخاندنی جێگری دوکتور قاسملوو هەڵکردبێ. واتە وەکچۆن کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملووی لە باری فیزیکیەوە تیرۆر کرد، ئەمجار گەرەکیەتی جێگرەکەی لە باری کەسایەتیەوە تیرۆر بکا. ئاخر کۆماری ئیسلامی -و رەنگە خەڵکی دیکەش- بەو راستیە گەیشتووە کە بیری دوکتور قاسملوو بە تیرۆری ئەو پتر پەرەی گرت و ئەوەش زیاتر لە رێگای کەسانێکی وەک حەسەن زادەوە بوو. کەوابوو ئەمجارە دەبێ کەسایەتی ئەو کەسانە تیرۆر بکا کە چ لە باری فیزیکی و چ لە باری فکریەوە نیزیکترین کەس لە دوکتور قاسملوو و پەرەپێدەری سەرەکی بیر و هزری ئەو بوون. بەم جۆرە خەوش دەکەوێتە سەر بیر و کەسایەتی خودی دوکتور قاسملووش. ئەوان پێیانوایە ئەو کارە تەنیا لە دەست مۆرەیەکی سووتاوی ئوروپا نشین دێ. هەڵبەت ئەوە تەنیا فەرزییەیەکە. زۆریش گوناح نیە ئینسان فکری بۆ فەرزییەی ئاوا بچێ لەبارەی کەسێکدا (ئەیوبزادە) کە بۆخۆی یەکێک لە رێبەرانی هەرە دڵسۆزی کورد و سەرجەم رێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبەکەی بە

مۆرە و داردەستی کۆماری ئیسلامی ناو دەبا.

٣- بەشێکی زۆری قسەکانی ئەیوبزادە لە رواڵەتدا وا نیشان دەدەن کە ناوبراو لە بەرامبەر مامۆستا حەسەن زادە دا دیفاع لە دوکتور قاسملوو دەکا. وەک بڵێی ئەو دوانە بە خۆیان نەزانیبێ و هەر لەو کاتەدا کە یاری غاری یەکتر بوون، دوژمنیش بوون! بەڵام ئەوەش بەو چەند هۆیەی خوارەوە ناتوانن هۆکاری ئەو هەموو رک و کینەی ناوبراو بن:

أ- حەسەن ئەیوبزادە لە گەڵ زیندووی دوکتور قاسملوو نەیار بوو. وتارە رادیۆییەکانی ناوبراو لە رادیۆی رێبەرایەتی شۆرشگێڕی ئەو کاتدا بە دژی دوکتور قاسملوو گەواهی ئەو راستیە دەدەن. کەوابوو ناکرێ بڵێین ئەو خۆشەویستیە دوای مەرگی دوکتور قاسملوو ١٨٠ دەرەجە وەرسوڕاوە و ئێستاش ئەوەندەی گوڵ کردووە کە ئامادەیە بە سەدان لاپەڕە لە پەسنی دوکتور قاسملوو دا بنوسێ.

ب- ئەگەر فەرز بکەین کە خۆشەویستی ئەیوبزادە بۆ دوکتور قاسملوو، بە دوای مەرگی دا سەری هەڵداوە، ئەوە چ خۆشەویستیەکە کە لە رێگای هێرش و بێ‌ڕێزی بە جێگر و هاوڕێ وەفادارەکەی دوکتور قاسملوو دەردەبڕدرێ؟! بێگومان ئەوەش رێی تیناچێ و دەبێ هۆیەکە لە جێیەکی دیکەدا بدۆزینەوە.

ت- رەنگە ئەیوبزادە بیهەوێ بەوە تێی هەڵبێنێتەوە و قەرەبووی هەڵەکانی رابردووی خۆی لە بەرامبەر دوکتور قاسملوودا بکاتەوە. ئەوەش تا رادەیەک رێی تێدەچێ. چونکە سروشتیە کە بۆ تەزاهور بە خۆشەویستی دوکتور قاسملوو دەبێ لە عەبدوڵلا حەسەن زادە گوزەر بکەی. ئاخر کەم کەس بووە بە رادەی حەسەن زادە لە دوکتور قاسملوو نیزیک و یارمەتیدەری بووبێ. لە روانگەی کەسانی وەک حەسەن ئەیوبزادەوە ئاسانترین رێگا بۆ خۆ بە نیزیک نیشاندان لە دوکتور قاسملوو ئەوەیە کە بڵێی ئەوانەی لێی نیزیک بوون دوژمنی بوون و بە پێچەوانەوە ئەوانەش کە نەیاری بوون، دۆستی بوون!

بەڵام لە راستیدا هۆکاری سەرەکی ئەو نوسینانە نە بە تەنێ بۆ رک و کینی نووسەرەکە لە مامۆستا حەسەنزادە دەگەرێتەوە و نە فرِی بە خۆشەویستی بۆ دوکتور قاسملوو هەیە. بە پێی زانیاری سەرچاوە نزیک و باوەڕپێکراوەکان، داستانەکە لەوەوە دەستی پێکرد کە لە جەرگەی کێشە ناوخۆییەکان و ماوەیەک پێش لەتبوونی

حیزبی دێموکڕات حەسەن ئەیوبزادە لە چەندین قسە و نووسراوەی خۆیدا رایگەیاند کە مام جەلال دەستی لە تیرۆری دوکتور قاسملوودا هەبووە. ئەوەش سەرەتای سیناریۆیەک بوو کە لە لایەن جیناحی مستەفا هیجری و لە رێگای یەکێک لە ئەندامانی رێبەری حدکا کە بەرپرسی بەشی ئەمنییەتی ئەو حیزبەش بوو، لە سەر حەسەن ئەیوبزادە دارێژرا. ئەویش بە چەند مەبەست:

١- ئەیوبزادە لە زۆر کۆنەوە رقێکی قووڵی لە بنەماڵەی موهتەدی داگرتووە. نیزیکی بنەماڵەی موهتەدی لە شەخسی مام جەلال وای کردووە کە رک و کینی ئەیوبزادە مام جەلالیش بگرێتەوە. ئەوەش هۆکاری سەرەکیی دژایەتی حەسەن ئەیوبزادە لە گەڵ مام جەلالە. بەو پێیە هەر کەس بە دۆستی مام جەلال بناسرێ، ئەوا بەشە رقی ئەیوبزادەی بە سەردا دەبەشێتەوە. جیناحی هیجریش کە پێیانوابوو مام جەلال دۆستی نیزیکی حەسەنزادەیە، پێویستیان بە کەسێک هەبوو بۆ هێرش کردنە سەر مام جەلال کە پێشینەی ئەندامەتی لە رێبەرایەتی شۆرشگێڕی پێشووی هەبێ. جا چ لەوە باشتر کە ئەندامی مەرکەزیەتیش بووبێ. واتە لەو رێگایەوە بە جۆرێک ینک و مام جەلال لە شەخسی عەبدوڵڵا حەسەنزادە و هاورێکانی کە ئەو کات نوێنەرایەتی باڵی نارازی لە ناو حدکایان دەکرد، دڵکرمێ بکا.

٢- لە جەرگەی ناکۆکیەکانی ناوخۆی حیزبی دێموکرات، کاک مستەفا هیجری و هاورێکانی پێویستیان بە کەسێک هەبوو کە پێشتر لە ناو رێبەرایەتی شۆرشگێڕ دا بووبێ و دژ بە مامۆستا حەسەن زادە، کە بە قەولی ئەو بەرێزانە ئەوانی هێنابۆوە، دوژمنایەتی بکا. واتە لەو رێگایەوە دەیانویست بەرەیەکی دیکەی شەڕ لە دژی حەسەنزادە بکەنەوە و شاعیر گوتەنیش لەو شەڕەدا "لە هەر لایەک بکوژرێ، سوودی ئیسلامە". کەوابوو حەسەن ئەیوبزادە مۆرەیەکی گونجاو بوو بۆ ئەو سیناریۆیە. دیارە ئەوان حەولیان دا کەسانی دیکەش هەر لەو پێرە بە دژی مامۆستا زەق بکەنەوە و تەنانەت شاشەی میدیاکانی خۆشیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئیختیار نان، بەڵام سەرنەکەوتن.

ئەوە بوو کە بە دوای بڵاو بوونەوەی قسە و گریمانەکانی ئەیوبزادە لەسەر مام جەلال، وەک سەد مێشیان لە کونێکدا دیبێتەوە خێرا لە لایەن کارناسە پایەبەرزەکەی ئەمنیەتی حدکاوە پێوەندی لە گەڵ حەسەن ئەیوبزادە گیرا و پێی راگەیەندرا کە بە هیچ جۆر نەیەتەوە بۆ باشووری کوردستان، چونکە یەکێتی نیشتمانی و شەخسی مام جەلال بریاری تیرۆر کردنی ئەیوبزادەیان داوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە بەپێی زانیاری نزیکانی ئەیوبزادە

ناوبراو لە تەواوی ئەو ماوەیەدا نیازی سەفەر بۆ کوردستانی نەبووە. لەو کاتە بە دواوە بەرپرسەکەی حدکا بێوچان پێوەندی لە گەڵ ئەیوبزادە دا هەبووە و تەنانەت کاتێک کە سەردانی دەرەوەی وڵاتی کرد، بە تایبەتی و بە دەستی پڕەوە سەردانی مامۆستا گورانیشی کرد! چونکە لایەکی قەزیەکە پێوەندی بە باری ئابووری حەسەن ئەیوبزادەوە هەیە. ناوبراو ماوەیەکی زۆرە بێکارە و پووڵی سۆسیالیش بەش ناکا و سروشتی‌یە کە کاک مستەفا و هاوڕێکانیشی پوڵێکی زۆر و مفتیان بۆ ماوەتەوە کە دەتوانن لەو ڕێگایەدا خەرجی بکەن.

ئەیوبزادە لە نوسراوەکەیدا حدک بە جیرەخۆر وەسف دەکا. دیارە ئەوە لەو دەگمەن قسانەی کا حەسەنن کە قسەی زۆر ناراست نین، چونکە سەرجەم حیزبە کوردیەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان هەر هەموویان و سەرجەم کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و روناکبیرییە ڕەسمییەکان کە لە باشووری کوردستان جێگیرن، مانگانە یارمەتی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرن کە هەڤیش وایە هەر وابێ. وا دیارە ئەیوب زادە ئاگای لێ نیە کە لەو سەردەمەدا کە دوکتور قاسملوو سکرتێر و حەسەن زادە جێگر سکرتێر بوو چەندە یارمەتی ماڵی بە یەکێتی نیشتمانی کرا. هەرچییەک بێ ئاغای ئەیوب زادە کە خەڵک بە جیرەخۆر ناوزەد دەکا، پێیوایە کەس ئاگای لە خۆی نییە کە چۆن سەرقەڵەمانە بۆ نووسراوەکانی وەردەگرێ و قەڵەمفرۆشی دەکا. ئەگەر بە حیسابی بوختان و بێحورمەتیەکانی ئەیوب زادە بێ، لە ڕاستیدا ئاغای ئەیوبزادە بۆخۆی نەک هەر جیرە خۆرە، بەڵکو جیرە لە جیرەخۆر وەردەگرێ.

١٧ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## بەشی دووهەم:

### مێشکی ئاغای ئەیوبزادە بەڵگە دەدەڵێنێ

لەوە بە دوا نووسراوەکانی حەسەن ئەیوبزادە و بە تایبەت دوا نووسراوەکەی شەن و کەو دەکەم. وەک لە بەشی یەکەمدا باسم کرد، نووسراوەکانی ئەو زاتە سەرجەمیان بە ناوەرۆک یەک قەوانن و هەر بە سەردێڕ جیاوازن. جا ئەگەر لە بیری چووە هێندێک لە بوختانەکانی پێشووی لە دوا بابەتیشیدا دووپاتە و دەپاتە بکاتەوە یان بۆی نەگونجاوە ئەو کارە بکا، ئەوا من نێوە نێوە بۆیان دەگەڕێمەوە تا قسەکانی خودی خۆی بۆ بێ‌بناخەبوونی درۆ و بوختانەکانی بە شاهید بگرم.

قسە فڕێدان، پەرت گۆیی بە ئامانجی سەرشێواندن لە خوێنەر، تەحریف و بە لارێدا بردنی بەڵگەکان، هەڵپەرتاوتنی قسەی خەڵک و هەڵگرتنی دوو وشەی دڵخواز لە ناوەراستی رستەیەکەوە بۆ تەفسیری دڵخوازانە و نەیارانە لە سەر بەیانیە و بڵاوکراوەکانی حیزب و گومان خستنە سەر وتەی رێبەرانی حیزب، لە بەرامبەردا بە کاربردنی ئەوپەڕی سەداقەت و دەستپاکی لە گواستنەوەی وتەی سەرانی سپا و ئیتلاعات و متمانەی بێ ئەملاوئەولا بە قسەکانیان بۆ هەڵکوتانە سەر حیزبی دێموکرات و پێداگریی بەردەوام و دوو پاتە و دە پاتە کردنەوەی درۆکان بەشێک لە تایبەتمەندیی نووسراوەکانی حەسەنی ئەیوبزادەن کە بە دوای سەرهەڵدانی کێشە ناوخۆییەکانی حیزب وە گڕوگاڵ کەوت و لە گەڵ لەتبوونی حیزب وە قسە هات. بابەتێکی هەڵبژاردووە کە بۆ مێژووی نیزیک دەگەرێتەوە و لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆی لە سەر نەکراوە. کەوابوو بۆ خەڵک گرینگە و ئەویش لە رواڵەتدا بە زمانی دڵسۆزی قسە دەکا. بەڵام لە راستیدا نە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بێلایەنانە بەڵکو بە مەبەستی هەڵکوتانە سەر حیزبی دێموکرات و ئەندامانی ئەو حیزبە، ئەوەی قسەی ناشیرینە و لە فەرهەنگی دەرەبەگایەتیدا فێری بووە و لە دیوەخانی ئاغاوەتدا بۆ رەشایی کۆمەڵگا کە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ئەو حیزبەی پێکدەهێنا، بە کاری دەبا. شتەکان بە پەرش و بڵاوی دەڵێ و تیکراریان دەکاتەوە و سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ. وا نیشان دەدا کە بەڵگەی پێیە. سەبکەکەی جاسووسانەیە، لە قاودانێکی نیازپیسانەی درۆزنانەیە. رق و بوغز و بێحورمەتی و شکاندنی کەسایەتی و فیتنە گێران و ئەم و ئەو هاندان لە سەرتاپای نووسینەکانی دەبارێ. ئەیوب زادە کە ئیجازەی بە خۆی دا ماوەیەک لە مەوپێش چەند نامەی دەستنووسی پێشەوا قازی محەمەد کە لەلایەن حەسەن قازیەوە بڵاو کرانەوە، بباتە ژێر پرسیار و بڵێ بەڵگەی جەعل و دروست کراون، بۆخۆی بە رۆژی رووناک تەفسیرێکی زۆر نائەمانەتدارانەی بەڵگەکان دەکا. رۆژنامەی کوردستان و بەیاننامەکانی حیزب بە بەڵگە دێنێتەوە. لە حاڵێکدا هەر کەس خودی ئەو بەڵگانە چاو لێ بکا، تەفسیرێکی راست بە پێچەوانەی تەفسیری ئەیوب زادەی دێتە دەست. دەست لە ناوەرۆکی راگەیەندراو و بەیاننامەکانی حیزب وەردەدا و قسەکانی شەخسی حەسەن زادە و تەنانەت دوکتور قاسملووش تەحریف دەکا و ئەوەی بۆخۆی پێی خۆشە دەیهەوێ دەرخواردی خوێنەری بدا.

***لێرەدا تەنیا چەند نمونە لە شێوەی بەکارهێنانی بەڵگە و قسەی خەڵک و دڵسۆزی رواڵەتی و عەوامفریبانە لە لایەن کاک حەسەن ئەیوبزادەوە دێنمەوە:***

١- نووسەری دوو جنایەت و دوو دادگا و دوو قەرار، لە بابەت گواستنەوەی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە

قەندیلەوە بۆ دەشتی کۆیە، دەڵێ: "کریس کۆچێرا لە کتێبەکەیدا ئەو ڕادانە بە کاری مەلا عەبدوڵڵا حەیاکی (حەسەن زادە) ناو دەبا". کابرا وتی "خەسەن و خوسێن هەر سێکیان کچی موغاویەن". ئەوە ڕاست نەقڵی ئاغای ئەیوبزادەیە. ناوبراو بۆ ئەوەی درۆکەی ئاشکرا نەبێ، جوملەکە وەک خۆی ناهێنێتەوە و وەک زۆرێک لە بەڵگەکانی کە دواتر پتر بۆ خوێنەرانی روون دەکەمەوە، بە دەستپێسیەوە گواستویەتیەوە و بۆ ئەوەی بتوانێ ژەهری خۆی بڕێژێ، قسەکەی بەو جۆرە گۆڕیوە کە دڵخوازی خۆی بووە. لە راستیدا جوملەکە کە لە لاپەڕە ۲۱۸ی کتێبەکەی کۆچێرا (خواستی سەربەخۆیی / خەباتخوازیی کورد) دا هاتووە، وشە بە وشە ئاوایە: "ڕۆژی ۱۸ی ژوئیەی ۱۹۹۳ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە جێگری سکرتێری گشتی ناچار دەبێ بە پەلە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕاگوێزێ." بە پێی ئەو رستەیەش کە ئاغای ئەیوبزادە بە بەڵگە هێناویەتەوە، وەک دەبینین نە ناوی مامۆستا بەو جۆرەی کە ئەیوبزادە نوسیویەتی "مەلا عەبدوڵڵا حەیاکی (حەسەن زادە)، هاتووە و نە وشەی رادان کە پتر بۆ گاڕان و ئەو جۆرە شتانە دەبێ، تێدایە و نە ئیشارە بە راگواستنی حیزب کراوە. بەڵکو نووسراوە: "ناچار" دەبێ بە پەلە "دەفتەری سیاسی" ڕاگوێزێ. دەشزانین کە دەفتەری سیاسی هەمووی چەند کەس و کۆمەڵێک بەڵگەنامەن نەک هەموو حیزب و بنکەکانی حیزب یان بنکەی دەفتەری سیاسی. هەروەها لە هەموو کتێبەکەدا هەر کاری بەو جوملەیە بووە و باقیەکەی نەخوێندۆتەوە دەنا دەیدیت کە نووسەری بە ناوبانگی فەرانسەوی و دۆستی کورد دوو لاپەڕە دواتر و لە لاپەڕەی ۲۲۰ دا دەڵێ: "عەبدوڵڵا حەسەن زادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بۆخۆی فەرماندەریی موقاوەمەت لە دژی هێرشی ئێرانی کردبوو، بێ ئەوەی کە بیهەوێ پێوەندیەکان لە گەڵ حیزبێکی برا ژاراوی بکا، ئەوە قبوڵ دەکا کە جەلال تاڵەبانی نەیدەتوانی بە کردەوە پێشی چوونی ئێران بۆ نێو خاکی عێراق بگرێ، بەڵام... سەرەرای ئەوەش ئێرانیەکان نەیاندەتوانی بە بێ موافقەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ۲۵۵ کیلۆمیتر لە نێو خاکی کوردستانی عێراقدا بچنە پێش. ئێمە ئەگەر دەستمان ئاواڵە با، دەمانتوانی لە زۆر شوێنی لەبار لە سەر ئەو ڕێگا دوور و درێژە، بە ژمارەیەکی زۆر کەمی پێشمەرگەوە کەمینیان بۆ دابنێینەوە. بەدبەختیەکە ئەوەیە کە جەلال تاڵەبانی فێر نەبووە بە ئێران بڵێ: نا!".

۲- مامۆستا حەسەن زادە لە بەرامبەر داوای یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بۆ دانانی کومیسیۆنی تەحقیقی هاوبەش لە گەڵ حیزب بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی کارەساتی تیرۆری چوار تێکۆشەری دێموکرات لە دەروازەی کۆیە ڕادەگەیەنێ: "داوای کومیسیۆنی تەحقیقی موشتەرەکیان کرد. ئەوەشمان نەکرد. چونکە پێمان وایە مەسەلەکە لەوە ڕوونترە کە لێکۆڵینەوەی بوێ. جا ئەگەر دۆستانی یەکێتی ئیقدامێکیان کرد و ئەو تاوانەیان لە یەکێتی دوور

خستەوە، ئێمەش سپاسیان دەکەین. ئەگەر نەشیان کرد با ئێمە مەسئول نەبین کە گۆیا پێکەوە بەو نەتیجەیە گەیشتووین کە ئەمانە خەتایان نەبووە. ئاخر لە چی بکۆڵینەوە؟ هاورێیانی ئێمە بە تانکەوە هاتبوون کۆیە بگرن؟! کامیان لە ماشێنەکە هاتبووە دەرێ؟ هەموویان لە ماشێنەکەدا شەهید بوون." (بڕوانە کوردستان ژمارە ۲۵۲، لاپەڕەی ۳)

بەڵام حەسەنی ئەیوبزادە لە بەرامبەر ئەو وڵامەی مامۆستا دا دەنووسێ: "کۆمیتەیەک لە هەردوو حیزب (ینک و حدکا) پێک بێ بۆ ئەوەی لەو جینایەتە بکۆڵێتەوە. پێشنیار و رێگە چارە لەوە ژیرانەتر تۆ بڵێی چی بێ؟ بەڵام مەلا عەبدوڵڵا بەرپرسی حدکا دەزانێ لێکۆڵینەی ئەو جینایەتە دەبێتە هۆی ئاشکرا کردنی زۆر نهێنیی و پێوەندیی سیخوڕەکانی کۆماری تیرۆر لە نێو رێبەرایەتی حدکا دا. لە بەر ئەوە مەلا عەبدوڵڵا خۆی تورە کردووە و گوتویەتی پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکا. بۆخۆتان بچن لێی بکۆڵنەوە و دوایە وەرنەوە بە ئێمەی رابگەیەنن." (بڕوانە نووسراوەی دوو جینایەت، دوو دادگا، دوو قەرار ح. ئەیوبزادە)

رەنگە وتەکانی مامۆستا و قسەکانی ئەیوبزادە هیچ پێویستیان بە شی کردنەوە نەبێ. کاتێک سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات سەبارەت بەو کارەساتە، روو بە یەکێتیی نیشتمانی بە ئاشکرا رادەگەیەنێ کە "مەسەلەکە لەوە روونترە کە لێکۆڵینەوەی بوێ" و "ئەگەر دۆستانی یەکێتی ئەو تاوانەیان لە یەکێتی دوور خستەوە" بەڵام حەسەنی ئەیوبزادە ئەوە بە نیشانەی پێوەندیی نێوان سیخوڕی جمهوری ئیسلامی و رێبەرایەتی حدکا دەزانێ و خۆی دەکا بە کاسەی داغتر لە ئاش و تازە دوای تێپەڕینی ۱۲ ساڵ ئەو شەهیدە نەمرانەی وەبیر دێتەوە و دەست دەکا بە قوڕ پێوان و فرمێسکی تیمساحیان بۆ دەڕێژێ. کاک حەسەن دەڵێ دانانی کۆمیسیۆنی هاوبەش بۆ لێکۆڵینەوە لەو جینایەتە دەبوو بە هۆی ئاشکرا بوونی پێوەندیی نێوان سیخوڕەکانی کۆماری ئیسلامی و رێبەریی حدکا، وەک بڵێی رێبەریی حیزب بۆخۆی لە کومیسیۆنەکەدا نەدەبوو و لە ئوروپاوە کاک حەسەنیان بۆ ئەندامەتی لەو کومیسیۆنەدا بانگهێشت دەکرد، تا ئەو پێوەندیانەیان بۆ بدۆزێتەوە!! ئەیوب زادە دەڵێ مامۆستا خۆی توورە کردووە و گوتوویە پێویست بە لێکۆڵینەوە ناکا. کەنگێ و لەکوێ شتی وای گوتووە؟! جالب ئەوەیە لە تەواوی نووسینەکانی ئەیوبزادەدا حدکا سەروەریی خۆی لە دەست دەدا و دەبێتە تابع و موتیعی حوکمی جەلال تاڵەبانی، کەچی لەو شوێنەدا کە باس لە بەدواداچوونی قەزایی کەیسی تێرۆرەکەی سەیتەرەی کۆیەیە، حیزب و حەسەن زادە سەروەریی تەواوی خۆیان پەیدا دەکەنەوە!

٣- لە بەشێکی دیکەی بابەتی "دوو جینایەت، دوو دادگا، دوو قەرار"، حەسەنی ئەیوبزادە جارێکی دیکە و ئەمجار لە دەلاقەی عەوامفریبی و لە هەوڵێکی پۆپۆلیستیانەدا، رەخنە لە حیزبی دێموکرات دەگرێ کە بە هاتنی بۆ کۆیە چیدی نیگابانی لە کچان و ژنانی کورد نادا و تەجاوز و جینایەتەکانی ئەم دواییانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کەهریزەکی تاران بە نمونە دێنێتەوە و دەڵێ: "دەیانزانی کە بە جێهێشتنی ولاتەکەی خۆیان (وەک بڵێی حەسەنی ئەیوبزادە خەڵکی ئافریقای باشوور بێ) و چۆڵ کردنی مەیدانی خەبات (وا بزانە کاک حەسەن تۆپخانەکەی بە دژی کۆماری ئیسلامی دابەستووە) ئەو دەرفەتە بۆ پاسدارانی جینایەتکار پێکدێنێ کە لە زیندانەکانیان دا هەموو ئەتکێک بە سەر ژن و کچی کورد بێنن. گوشار بخەنە سەر بنەماڵەی پێشمەرگە. بەسەرهاتی زیندانیەکانی کەهریزەک فیلم و سکالای ژنانی کورد لە یوتیوب دا ببینە و دەنگیان ببیسە و لە قولایی برینی رۆحی و تێکشکاویی قەلافەتی ئازاردراوی فیداکارانی ئەو گەلە ورد بەوە".

لە پێشدا جێی خۆیەتی جارێکی دیکە لە ئاغای ئەیوبزادە پرسیار بکرێ کە ئەرێ بە قوربان ئەتۆ کە بۆخۆت ئاوا لایە لایە دەزانی، بۆچی خەوت لێ ناکەوێ؟! تۆ کە دەتزانی بە "چۆڵ کردنی مەیدانی خەبات پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە زیندانەکانیان دا هەموو ئەتکێک بە سەر ژن و کچی کورد دێنن"، بۆچی نەمایەوە و زۆر بەر لەو کاتە کە بە قەولی جەنابت عەبدوڵلا حەسەن زادە حیزب بەرەو کۆیە رادا، کوردستانت بە جێهێشت و مەیدانی خەباتت چۆڵ کرد؟ بۆ تۆ کورد نەبووی؟ بۆ ئەو کات مەیدانی خەبات چۆڵ کرابوو کە وا تۆ چۆڵت کرد؟ خۆ ناشتوانی بیانووی پیری بهێنیتەوە. ئاخر ئەوە قسەی پتر لە بیست ساڵ لەوە پێشە.

لە لایەکی دیکەوە کاک حەسەن بەو وتانەی نیشانی دەدا کە یان خۆی هیچ گەشەی نەکردووە و لە باری فکریەوە چەق وەستاوە یان بۆ ئەوەی بتوانێ کاریگەری لە سەر خوێنەر دابنێ و ئیحساسی خەڵکی ساویلکە هەڵخرێنێ، بە زمانی جوتیار یا مەڕدارێکی نەخوێندەواری دەهەی شێستی هەتاوی لە کوردستان دەدوێ کە بە پێشمەرگەیان دەگوت؛ ئەگەر ئێوە نەبن ناموسەکەشمان هی خۆمان نییە. غافڵ لەوە کە ئیدی ئەمڕۆ ژنانی کورد بۆخۆیان بەشێکی بەرچاو لە هێزی مافخوازی کورد لە ناو کۆمەڵگا و لە ناوەندی خوێندکاری و مەدەنیەکاندا پێکدێنن و چیدی لەو قۆناخەدا نەماونەتەوە کە چاوەڕوان بن پیاوانی پێشمەرگە نیگابانیان لێ بدەن. بۆ خەڵک ئیدی ئەو سەردەمە بە سەر چووە و ئیستا ئەگەر رێژیم لە کەهریزەک دا تاوان ئەنجام دەدا، هەر لە تەریقی ئەو یوتیوبەوە کە کاک حەسەنیش ئیتیفاقەن بینیویەتی بەلام نازانێ کە قوربانیەکانی تەنیا ژنان نەبوون، خەڵک وایان لێ لە قاو

دەدەن و وەها سکاڵای خۆیان بە گوێی دنیا دەگەیەنن کە خڵتەئابڕووی ئەو ڕێژیمەیان بە بادا دا و ئیدیعای حوکومەتی خودایییان خستە ناو زبڵدانەوە. ئەگەر لە شوێنێک پاسدارێک یان کاربەدەستێکی ڕێژیم دەستدرێژییەک بۆ سەر هاوڵاتیەک بکا، ئەوا بە دەیان و سەدان کەس لە سەری وەدەنگ دێن و زۆر بە خێراییش فیلمی وەدەنگ هاتنەکەیان بە گوێی میدیاکانی سەرانسەری دنیا دەگەیەنن. لاوانی کوردیش چیدی ئەو خەڵکە ئاسایییەی دەهەکانی شێست و حەفتای هەتاوی نین کە بە دیار پەیدا بوون و نەبوونی پێشمەرگەوە دەست لە سەر دەست دانێن.

کاک حەسەن ڕەنگە هیچکات ئاگای لە ئێران و کوردستان و دنیاش هەر نەبووبێ دەنا دەیزانی ئەوەی ئەمڕۆ لە کەهریزەک دا بە سەر خەڵکی تاران دێ، هەر ئەو کات کە پێشمەرگەش بەوپەڕی هێزی خۆیەوە لە کوردستان دا شەڕی دەکرد، بە چەند قات زیاتر لە گەڵ ژنان و کچانی کورد کران و مێژوش باشترین گەواهە کە کوشتن و کوژرانیش باشاری نەکرد و بەری پێ نەگرت. ڕەنگە بەڕێزی نەزانێ کە بە دوای ئاشکرا بوونی تەجاوزەکانی کەهریزەک یەکەم کەس کە لە سەر یوتیوب ئیعترافی بە تەجاوز لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دا کرد، خاتوونێکی کورد بە ناوی نینا ئەقدەم (ئازەر ئال کەنعان) خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە لە دەهەی شێست دا بەند کرا بوو. ئەوە تەنیا نمونەیەک بوو و دڵنیام نمونەکان لەوە زیاترن و لازم نییە تەنیا لە سەر یوتیوب بیانبینینەوە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر کاک حەسەن ئەو کات هێشتا لە مەیدان! دا بوو، چۆن بوو دڵی بڕوای دا کە لانیکەم ئەو نمونەیە لە کچی کورد لە زیندانی کۆماری ئیسلامیدا بکەوێتە بەر دڕندەترین ئازاری جەللادەکانی کۆماری ئیسلامیەوە بەڵام ئەو دەست لە سەر دەست دانێ و نەچێ بۆ بەرگرتن یان تۆڵەکردنەوە خۆی بە سەر ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە و هەزاران تاوانی لەو جۆرەدا بتەقێنێتەوە و ساغ و سەلیم وەک بەرزەکی بانان بەرەو ئورووپا بۆی دەرچووە؟ وا دیارە لە ژێر سایەی "خوێن لە تۆ و شیعار لە من"، لە ڕوانگەی ئاغای ئەیوبزادەوە مەرگ هەر بۆ جیران باشە.

ئەیوبزادە ئەگەرچی بۆ عەوامفریبی پەنا بۆ ئەو باسە دەبا، بەڵام دەبێ بزانێ ئەو سەردەمە بە سەر چووە کە خەڵک تەنیا چاویان لە چەکی پێشمەرگە بێ و هەر ئەوان بە نیگابانی خۆیان بزانن. ئەمڕۆ لاوانی کورد زۆر لەوە هوشیارترن کە دەست لە سەر دەست دانێن و پێیان وا بێ بە گرتنی پایگایەک و بە دانانی کەمینێک، هەموو کێشەی کوردستان حەل دەبێ. لە ڕاستیدا کوردستان بۆ ئاغای ئەیوبزادە هەر ئەو کوردستانەیە کە لە شێستەکاندا

بە جێی هێشت و پێیوایە چونکە خۆی نەگۆڕاوە، ئەوا کۆمەڵگاش نەگۆڕ ماوەتەوە. سەرەرای هەمووی ئەوانەش وەک باسم کرد جەنابی ئەیوبزادە راست لەو کاتەدا حیزبی بە جێهێشت کە شەڕێکی چەکدارانە و گەرم بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی و موتەجاوزانی ئیستای کەهریزەک لە ئارادا بوو. جێی خۆیەتی کە دیسان لێی بپرسێ ئەدی چۆن بوو بۆخۆت لە گەرمەی شەڕدا نەک هەر حیزبی دێموکرات، بەڵکو کوردستانت بە هەر چوار پارچەکەیەوە بە جێ هێشت؟ کەس هەیە لێی بپرسێ تۆ کە ئێستا شات و شوتت بۆ شەڕی چەکداری دنیای داگرتووە، ئەرێ لەو چەند ساڵ پێشمەرگایەتیەت دا جارێک فیشەکت بە دوژمنەوە نا؟ جارێک بریندار بووی؟ برسیایەتیت چێشت؟ یان نا هەر بە هەوای ئاغایەتی و دەرەبەگایەتیەکەی جارانت، لە ریزی باڵتە سپیەکاندا مایەوە و تا حیزبت بە جێ نەهێشت، خۆت لە کورسیەکەی قەزاوەت نەکردەوە و تەنانەت بۆ جارێک نەتوێرا دەمانچەکەی بەر قەدیشت تاقی بکەیتەوە؟

٤- حەسەنی ئەیوبزادە لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا هەڵدەکوتێتە سەر رێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات و ئەمجار درۆکانی بە زمانی دوکتور قاسملووی شەهیدەوە هەڵدەبەستێ. ئەیوبزادە دەڵێ: "کەس یا کەسانێک کە دوای تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی رێبەرایەتی حدکایان بە دەستەوە گرت بە گوێرەی وتەکانی دوکتور قاسملوو (کورتە مێژووی رێبەرایەتی حدکا) لەو کۆڕە بوون کە بە فێڵباز، درۆزن و خورێنی چەک و پارە ناوی بردبوون."

لە پێشدا پێویستە وەبیر خوێنەری بێنمەوە کە ئاغای ئەیوبزادە لێرەشدا بە داخەوە دەستپاکی نەپاراستووە. چونکە ئەوە قسەی دوکتور قاسملوو نییە. لە سەرانسەری ئەو نامیلکەیەدا باسێکی ئاوا و بەو زمانەی تێدا نییە و ئەمجارەش ئەیوبزادە بەڵگەکەی هەر لە مێشکی خۆیەوە دەلاندووە.

کاک حەسەن ئەو قسەیەی بە ئیستنباتی خۆی لە نامیلکەی "کورتە مێژووی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران" نووسیوە کە کاک دوکتور راست دوای ئینشعابی کۆنگرەی ٨ نووسی و لە تێکۆشەر، ئۆرگانی ناوخۆیی حیزبدا بڵاو کرایەوە. لە راستیدا ئەوە دەکەوتە نێو چوارچێوەی ئەو شەڕ و پروپاگەندەیەی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و باڵی ئینشعابیی ئەو حیزبە واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران رێبەرایەتی شۆڕشگێڕی ئەوکات کە ئاغای ئەیوبزادە لە رێبەریی بەرەی دووهەم دا جێی گرتبوو. کەوابوو ئەگەر ئیستنباتی لە قسەکانی کاک دوکتور راست بێ، دەبێ بۆخۆی یەکێک لەو فێڵباز و چەک و پارە خۆرانە بێ. بۆیە باسی سیفەتەکەی دیکەی

ناکەم چونکە ئەگەر ئەو دوانەشی لە سەر راست نەبن، ئەوا بێگومان لە سێهەمیان دا عەلەمدارە.

دەڵێن کابرا چاوی یاری پێ جوان بوو، چوو دەری هێنا! لە راستیدا ئەو دڵسۆزیە رواڵەتیەی ئاغای ئەیوبزادە بۆ حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملووی شەهید دۆستایەتی مام ورچ وەبیر خوێنەر دەخاتەوە. ئاخر رێبەرێک کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزبەکەی ئەوە سیفەتیان بێ کە جەنابی ئەیوبزادە بە زمانی دوکتور قاسملۆوە هەڵیبەستووە، بە راستی بۆ ئەوە نابێ فاتیحایەک بۆ مودیریەت و زانایی ئەو مرۆڤە مەزنە بخوێندرێ؟! ئەگەر قەرار بێ دوکتور قاسملوو، هەشت ساڵ جێگرەکەی و سەرجەم ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەی خۆی پێ فێڵباز و دز و درۆزن بن و جەنابی سکرتێریش نەک هەر ئاگاداری ئەو عادەتانەیان بێ بەڵکو بە ئاشکراش باسیان بکا و بە کردەوەش هیچ دژایەتیەکیان نەکا و کاریشیان لە گەڵ بکا، دڵنیام سکرتێریش ناتوانێ جیاواز لەوان بێ. هەڵبەت ئەو لێکدانەوەیە تەنیا لە سەر بۆچوونەکانی ئاغای ئەیوبزادەیە و دوکتور قاسملوو هیچکات ئەوەندە نەزان و لەوەش زیاتر بێ ئەدەب نەبووە کە شتی وا بە هاوڕێکانی بڵێ و هەر کەس ئاشنا بە ئەدەبیات و زمانی دوکتور قاسملوو بێ، درۆی ئاوای بە زار هەڵنابەستێ. ئەگەریش لە کورتە مێژووی رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات دا هەڵیکوتاوەتە سەر کۆمەڵێک لەو رێبەرانەی کە ئەو کات لە تەکیا نەمابوون، تەنیا بەرهەمی ناکۆکی و شەڕی نێوان رێبەرانی ئەو دوو باڵەی حیزب بوون و، نازانم کاک حەسەن بەڵام هیچکام لە رێبەرانی دیکەی ئەو باڵەش کە کاک حەسەنی تێدا بوو بەو تۆمەتانەوە لە حیزب دانەبڕێندرابوون.

٥- دەڵێن درۆزن کەم حافزەیە. سروشتی‌یە ئینسان کە پیر بوو زیاتر حافزەی لە دەست دەدا. حەسەنی ئەیوب زادە کە مام جەلال بە بکوژی دوکتور قاسملوو دەناسێنێ، چەند پاراگراف ئەولاتر هەودای خەیاڵی لە دەست دەردەچێ و بە مەبەستی هەڵکوتانە سەر رێبەریی حیزبی دێموکرات دەڵێ: "جاسوسی بۆ رێژیم لە پلەی هەرە سەرەوەی حیزبی دێموکراتدا ئەوەندە ئاشکرا ببو کە بە وتەی دادستانی دادگای بێرلین ئاغای جەلال تاڵەبانی لە کۆبوونەوەی ئەنترناسیۆناڵ سوسیالیست دا بە دوکتور سادق شەرەفکەندی گوتبوو: بە پێی ئەو خەبەرانەی کە ئێمە هەمانە مەئمورەکانی ئێرانی بە شوێن تۆوەن... مەعلوم نییە جەلال تاڵەبانی لە ئاڵمان ئەو خەبەرەی لە کوێ و لە لایەن کێوە پێدرابوو؟"

ئاغای ئەیوبزادە کە عادەتی نییە لە سەر بەڵگەکانی قسە بکا و هەمیشە هەوڵ دەدا بەڵگە لە سەر قسەکانی

خۆی بێنێتە قسە!، لە بیری چۆتەوە کە هەر چەند پاراگراف پێشتر وتبوی "بڕیاردەر، یان بڕیاردەرانی حدکا دەیانزانی کە چوونە ژێر چاوەدێریی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە مانای چوونە ژێر حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیە." کاک گۆران وەک عادەتی هەمیشەیی خۆی، لێرەشدا دەستی بە قسە فڕێدان کردووە و روونی ناکاتەوە کە ئەو وشیار کردنەوەیەی شەهید دوکتور سەعید لە لایەن مام جەلالەوە چ پێوەندیەکی بە بوونی جاسووس ئەویش لە پلەی هەرە سەرەوەی حیزبی دێموکراتدا هەیە؟! بە پێی ئەو قسەیەی دوایی حەسەن ئەیوبزادە، مام جەلال و کۆماری ئیسلامی یەکماڵ بوون و هیچ فەرقێکیان لە فکر و کرداردا نەبووە. کەچی بەڵگەکەی تەواو پێچەوانەی ئەوە نیشان دەدا. ئەگەر قەرارە مام جەلال و کۆماری ئیسلامی ئاوا ئاگایان لە سڕی یەکتر بووبێ و ئەوەندە دەستیان لە گەڵ یەک تێکەڵ کردبێ، بۆچی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە لایەن مام جەلالەوە لە پیلانی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی وریا کراوەتەوە؟ تۆ بڵێی بە فەرزی راست بوونی قسەکانی کاک ئەیوبزادە، دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئەوەندە ساویلکە بووبێ کە تا ئەو رادەیە متمانەی بە مام جەلال کردبێ؟ لە حاڵێکدا ئەو بەڵگەیە هەموو قسەکانی کاک ئەیوبزادە تەنانەت لە سەر مام جەلالیش وەدرۆ دەخاتەوە. ئاخر کەسێک کە پیلانی کوشتنی کەسێکی دیکەی لە سەر دا بێ، چۆن دێ و پێشەکی وشیاری دەکاتەوە کە فڵانی وریای خۆت بە چونکە بە تەمام بتکوژم؟

ئامانجی من نیشاندانی بێبناخەیی بەڵگەکانی کاک گۆرانە نەک بەرگری لە مام جەلال، بەڵام لە کۆتایی ئەم بەشەدا خۆزگە و هەزار خۆزگە دوکتور سەعیدی نەمر وشیار کردنەوەکەی مام جەلالی "دۆستی کۆماری ئیسلامی" بە هێند گرتبا و لە سەر قسەی چەند کەس بە ناوی رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن و نەیاری کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاوا بە بێ موبالاتی لە رستورانی میکونوس دا دانەنیشتبا.

٢٦ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

## بەشی سێهەم:

## لە روانگەی حەسەنی ئەیوبزادەوە شەهیدانی میکونوس سیخوڕی کۆماری ئیسلامی بوون!

ئەوەی لە نێو ئەو بوختان و تۆمەتانەدا کە ئاغای ئەیوبزادە بە شێوەی جوراوجۆر دەیهەوێ رووبەڕوی حیزبی

دێموکرات و ڕێبەرەکانی لە رابردوو و ئێستا دا (بە هەردوو بەشەوە) بکاتەوە، مەسەلەی بە جاسووس لە قەڵەمدانی لانیکەم یەکێک لە شەهیدەکانی کارەساتی میکونوس و بە تەبەعی ئەوەش ئەندامانی ئێستای ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، زیاتر لە هەموو شتێک مێشکی منی بە خۆیەوە مەشغوڵ کرد.

ئاغای ئەیوبزادە عادەتیەتی کە بۆ زڕاندنی ناوی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، چ ئەوانەی کە شەهید بوون و چ ئەوانەش کە ماون، سەر بە هەموو کەلێن و کەلەبەرێک داکا و هەر قسەیەک و قسەی هەر کەسێک کە بە حاستەم لەو بارەوە بۆنێکی لێ بێ، یەکراست لە لای ناوبراو دەبێ بە واقع و بەوەشەوە ڕاناوەستێ و بە سەر هەموو ئەندامان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی دا دەبەشێتەوە. یەکێک لەوانە قسەی دادستانی دادگای بەرزی ئاڵمانە کە کاتێک دادگا بەڵگەکانی سەر لانیکەم یەکێک لەوانەی لە شەوی تیرۆرەکە دا ئامادەبوون و بە ساخی دەرچووبون، بە بەس نازانێ و بۆی روون نابێتەوە ئاخۆ لە ناو ئامادەبوان یان ئاگادارانی کۆبوونەوەی شەوی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی ریستورانی میکونوس دا، کامیان سیخوڕ و سەرچاوەی زانیاریی تیمە تیرۆرەکەی کۆماری ئیسلامی بوون و هیچ بەڵگەیەکیشی لە سەر قوربانیەکان دەست ناکەوێ، دەڵێ؛ "تراژیدیای ئەم تیرۆرە دەتوانێ ئەوە بێ کە سەرچاوەی زانیاریی ڕێژیمی ئێران خۆی شاهیدی تیرۆرەکە بووبێ و بە گیانی ساغەوە لێی دەرباز نەبووبێ. (از آن جان سالم به در نبرده باشد)"

ئەو قسەیەی دادستانی دادگای بەرزی ئاڵمان تەقریبەن لە زۆربەی هەڵکوتانەکانی حەسەن ئەیوبزادە بۆ سەر حیزبی دێموکرات دا دووپات و چەند پات کراوەتەوە کە من وێنەی لەو چەند سەردێڕە جیاوازەی جەنابی ئەیوبزادە دا دێنمەوە:

ئەیوبزادە لە نووسراوەی "پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و قەراردادی ئاشبەتاڵ" دا ئاوا باسی ئەو بابەتە دەکا: "با لەزمانی دادئەستێنی دادگای میکۆنۆسەوە لە کارتێکەریی دەزگای جاسووسیی کۆماری ئیسلامیی لە نێو ئەندامان و لایەنگران وڕێبەرایەتی حدکا بدوێین. مێژووی ژیانی سالانی ڕێبەرایەتی حیزب و هاوکوفەکانی بخوێنینەوە: بەگوێرەی وتەی دادستانی دادگای میکونوس لەو چوارکەسەی کە لە ڕێستۆڕانی میکونوس کوژران، "لانی کەم لەکەسێک زیاتر لەگەڵ ناوەندی تێرۆڕ لە پێوەندیدابوون". تێرۆریستەکان لە وەپێش‌خستنی ڕۆژی کۆبوونەوەکە ئاگادار ببوون. ئەو ئاڵوگۆڕە پلانەکەی ئەوانی تێکنەدابوو." (١)

ئەو قسەیە جارێکی دیکە لە نووسراوەی "تیرۆری گیان و ئەندێشە" دا ئاوا هێنراوە: "راپۆرتی بەشی پاراستنی قانوونی ئەساسیی بۆ دادئەستێنی گشتیی ئاڵمان لەمەر ئالوودە بوونی ناوەندی حیزب و گرفتاربوونی لە تۆڕی جاسووسیی کۆماری ئیسلامییدا ئێمە لەو کارەساتە ئاگاداردەکا". (٢)

وە سەرەنجام لە ژێر سەردێڕی "دوو جینایەت، دو وادگا، دوو قەرار" ئاغای ئەیوبزادە سەرلەنوێ باسەکەی چەند پاتە کردۆتەوە و ئەمجار دەقە فارسیەکەی ئەو بەشەی کتێبی "هنوز در برلن قاضی هست"ی بڵاو کردۆتەوە و دەڵێ: "دادئەستێنی دادگای میکونوس لە مەڕ ئاشکراکردنی شوێنی کۆبوونەوە و کاتەکەی و هەبوونی خائینێک لە نێو ئۆپۆزیسیۆن گوتویە "اطلاعات سریع و دقیقی که تیم بدست آورد در آخرین تمرین شب پیش از ترور، نشان دهنده انست که تیم ترور حد اقل یک منبع در درون اپوزیسیون داشته که در ارتباط با رهبران کرد بودەاست. این، برداشت ما از نوع ترور بود. اطلاعات سازمان اطلاعات داخلی المان با ارائەی این اطلاع که آن منبع در شب ترور در رستوران حضور داشت، برداشت ما را تکمیل کرد. تراژدی این ترور میتواند این باشد که منبع اطلاعاتی رژیم ایران خود شاهد ترور بوده و از آن جان سالم بدر نبرده باشد. متاسفانه این موید اظهارات فلاحیان در اوت ١٩٩٢ میباشد که ما در این حزب نفوذ کردەایم." ئەوە لە لاپەڕە ١٧٢ی کتێبی "هنوز در برلن قاضی هست" وەرگیراوە. ئاغای ئەیوبزادە بۆ تەفسیری ئەو قسانە دەڵێ: "ئەو وتەیە مانای ئەوەیە کە لە ناوەندی ئەو حیزبەدا (حدکا)، لە رێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا لە هەر چوار نەفەر، لانی کەم لە نەفەرێک زیاتر سیخوڕی کۆماری تیرۆرە.". (٣)

وەک دەزانین دوکتور سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لەو رۆژەدا کە لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە تیرۆر کران، بە پێی قەراری پێشوو لە ریستورانی میکونوس لە گەڵ چەند کەس لە رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کۆ ببونەوە. سروشتیە کە بۆ هەر کۆبوونەوەیەک ئینسانەکان لە نێو خۆیاندا چەند رۆژ پێشتر لە سەر کات و شوێنی کۆبوونەوەکە ساخ دەبنەوە یان ئاگادار دەکرێن. بۆ کۆبوونەوەی ١٧ی سپتامبری ١٩٩٢ی ریستورانی میکونوسیش، جگە لە رێبەرانی حیزبی دێموکرات، نووری دێهکوردی، پەرویز دەستمالچی و چوار کەسی دیکە، زۆربەی ئەوانەی کە بەڵێنیان دابوو لە کۆبوونەوەکەدا بەشدار بن یان ئاگاداری کات و شوێنی کۆبوونەوەکە بوون، بەشدارییان نەکرد.

وتەکەی دادستانی ئاڵمان تەنیا لە سەر ئەگەر دارێژراوە و پشتی بە هیچ بەڵگەیەک نەبەستووە بەڵام بە ناو

قازی و مافناسەکەی ئێمە یەکسەر دەیکا بە راستی و لە خۆی ناپرسێ کە ئەگەر قەرار بێ یەکێک لە ئەندامانی کۆبوونەوە کات و شوێنی کۆبوونەوەکەی بۆ تیمە تیرۆرەکەی کۆماری ئیسلامی ئاشکرا کردبێ، بۆ هەر دەبێ لە ناو رێبەرانی حیزبی دێموکرات دا بن کە وەبەر دەسڕێژی تیرۆریستەکان کەوتوون؟ یان بۆ دەبێ تەنیا ئەو سێ ئەندام و رێبەرەی حیزبی دێموکرات راستەوخۆ وەبەر دەسڕێژ بکەون و تەنانەت دوانیان (دوکتور سەعید و هومایون ئەردەڵان) تیری خەلاسیان لێ بدرێ و شەهید بن و ئەو کارە لە گەڵ هیچکام لە برادەرانی فارس و "رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی" نەکرێ؟ هاوڕێیانی حیزبی دێموکرات لە پاڵ یەکتر و بە ریز دانەنیشتبوون تا پێمانوابێ بە هەڵکەوت هەر سێکیان وەبەر کەوتوون. ئەگەرچی لە هەموو کتێبەکەدا ئاغای ئەیوبزادە تەنیا کاری بەو جوملەیە هەیە بەڵام بە خوێندنەوەی کتێبی "هێشتا لە بێرلین قازی هەیە"، دەبینین تیمە تیرۆرەکە زۆر باش توانیویەتی لە ناو ئامادەبوان دا کوردەکان گوڵبژێر بکا و شەهیدیان بکا. دڵنیام ئەگەر قسەی کاک حەسەن کە لە سەر گومان نەک یەقینی دادستانی دادگای بێرلین دارێژراوە، راست بێ، ئەوا دەشیانتوانی بەو ئاسانیە بە سەر مۆرەکەی خۆیاندا باز بدەن.

قسەکانی دادستان دوو بەشن: بەشێکیان زانیارییەکانی دەزگای هەواڵگریی ئاڵمانن و تێیدا باس لەوە دەکا کە "تیمە تیرۆرەکەی کۆماری ئیسلامی لانیکەم سەرچاوەیەکی لە ناو ئۆپۆزیسیۆن دا هەبووە". ئۆپۆزیسیۆنیی حکومەتی ئێرانیش ئەگەر نەڵێین حیزبی دێموکرات نییە، بە تەنیا ئەو حیزبە هەر نییە و وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێدا، کۆبوونەوەکە قەرار بووە کۆبوونەوەی بەشێک لە رێبەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە گەڵ رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. بەشی دووهەمی قسەکانیش نەزەری دادستان خۆیەتی کە پتر لە سەر ئیحتمالات قسە دەکا و مادام لە ناو زیندووەکان دا کەسی بۆ نەدۆزراوەتەوە، ئەگەری ئەوە لێدەدا کە رەنگە یەکێک لەو چوار شەهیدە پێوەندی بە تیرۆریستەکانەوە بووبێ. بەڵام قسەکان بەشی سێهەمیشیان هەیە کە ئەویش نەزەری ئاغای ئەیوبزادەیە و لە گومانی دادستانی دادگای بێرلێن بە ئامانجی هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات بۆخۆی و بۆ خوێنەر یەقین ساز دەکا و دەڵێ: "ئەو وتەیە مانای ئەوەیە کە لە ناوەندی ئەو حیزبەدا (حدکا)، لە رێبەرایەتیی ئەو حیزبەدا لە هەر چوار نەفەر، لانی کەم لە نەفەرێک زیاتر سیخوڕی کۆماری تیرۆرە." مەبەستیشی لە "لە هەر چوار نەفەری رێبەریی حیزبی دێموکرات لە نەفەرێک زیاتر سیخوڕی کۆماری تیرۆرە"، تناسب گرتنە لەو چوار شەهیدە کە بە پێی نەزەری ئاغای ئەیوبزادە دەبێ یەک یان دوانیان حەتمەن سەر بە کۆماری ئیسلامی بووبێ. بەڵام دڵنیام ئاغای ئەیوبزادە لە هەموومان باشتر دەزانێ کە نوری دێهکوردی نەک ئەندامی رێبەری، هەر ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووە و

هەروەها کاک هومایون ئەردەلانیش ئەندامی ڕێبەریی حیزب نەبووە. هەربۆیەش گەرەکیەتی لە نێوان شەهیدان دوکتور سەعید و کاک فەتاح عەبدولی، نەزەر و شکی خوێنەر ڕاست بۆ سەر سیخوڕ بوونی "لە نەفەرێک زیاتر" و "لانی کەم" یەک لەو دوو ڕێبەرە نەمرە یان هەردوکیان هەڵدێرێ.

کە دەڵێم ئاغای ئەیوبزادە گەرەکیەتی لە نێوان هەر یەک لە دوکتور سەعید شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی دا خوێنەر بۆ دۆزینەوە یان هەڵبژاردنی "سیخوڕەکەی سەر بە کۆماری تیرۆر" سەرپشک بکا بۆ ئەوەیە کە وەک ئاماژەم پێدا و هەموان دەزانن نەمر نووری دێهکوردی نەک ئەندامی ڕێبەری تەنانەت ئەندامی حیزبی دێموکرات نەبووە و لوڕ بووە و کوردایەتیشی نەکردووە. ئاغای ئەیوبزادەش زۆر باش ئەوە دەزانێ و مەوریدی نەزەریشی نییە. کەوابوو دەمێننەوە سێ کەس و ئەمجار لە هەر سێ کەسی ڕێبەری یەک کەس! وەک دەشزانین شەهید هومایون ئەردەڵان ئەندامی ڕێبەریی حیزب نەبوو. ئەوکات لە ئوروپا دادەنیشت و کاروبارەکانی ئوروپاش تەنیا بە یەک ئەندامی ڕێبەری ڕادەپەڕێندران کە ئەویش شەهید کاک فەتاح عەبدولی بوو. کەوابوو ئەمجار دەمێنێتەوە لە هەر دوو نەفەر ئەندامی ڕێبەری یەک نەفەر! واتە خوێنەر دەبێ لە نێوان کاک دوکتور سەعید و کاک فەتاح عەبدولی یەکیان بە سیخوڕ!! هەڵبژێرێ. باوەڕ ناکەم کاک حەسەن گەرەکی بێ ڕاستەوخۆ گومانی خوێنەر بۆ سەر کاک دوکتور سەعید ڕاکێشێ. ئەگەرچی یەکێک لە ئامانجەکانی لە بە سیخوڕ لە قەڵەمدانی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات یەکێکی تر لە سکرتێرەکانی حیزبی دێموکرات واتە عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئەو گومانە لا دەبا. دەمێنێتەوە شەهید فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب. بەو پێیە و بە پێی تەناسوبەکەی ئاغای ئەیوبزادە دەبێ سەرجەم کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات بە هەر دوو باڵەکەی ئێستاوە سیخوڕی کۆماری ئیسلامی بن. پێموابێ ئەگەریش یەقینەکەی ئەو بەڕێزە ڕاست بێ، کە من بە کفری دادەنێم، کاک فەتاح ئەوەندەی متمانە لای کاک دوکتور سەعید هەبوو کە دەیتوانی بە حەبێک یان نەختێک دەرمان کارەکە یەکسەرە بکا و پێویستی بە تیمی تیرۆر و ئەو تەق و تۆقە نەدەکرد!!!

بێشەرمیی حەسەن ئەیوبزادە بۆ بە سیخوڕ نیشاندانی ئەندامان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە سەر بنەمای فەرزێکی دادستانی ئاڵمان لە حاڵێکدایە کە لە ماوەی ٢٤٧ جار دانیشتنی دادگا دا تاکە یەک ئیشارەش کە بە جۆرێک گومان بخاتە سەر پێوەندیی نێوان هەر کام لەو سێ شەهیدەی حیزب لە گەڵ تیمە تیرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ئارادا نەبووە. لە وەها کاتێکدایە کە دەبێ بۆ خوێنەر ببێتە پرسیار ئاخۆ مەبەستی ئاغای ئەیوبزادە

لە هەوڵدان بۆ تێوەگلاندنی رێبەرانی حیزب بە تایبەتی خودی ئەو سێ شەهیدە نەمرە لە تاوانی میکونوس راست بە ئامانجی سووک کردنی باری تاوانی کۆماری ئیسلامی لەو کردەوە نامرۆڤانەیەدا نییە؟ هەر هیچ نەبێ دەکرێ یەکراست بە ئامانجی لابردنی ئەو گومانە لە سەر ئەندامانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن و لەوانە پاشماوەکانی ئەکسەریەت و ئەقەلیەت و تاد... بێ کە ماوەی چەند ساڵە ئاغای ئەیوبزادە ئیتیحادی لە گەڵ پێکهێناون.

*ئاخۆ کێ دەتوانێ سیخوڕی کۆماری ئیسلامی بووبێ؟*

*مێهدی ئیبراهیم زادە یەکێک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی میکونوس دەڵێ:*

من پێم وایە ئەم رووداوە بێ بوونی سیخوڕێک راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لە نێوماندا رووی نەدەدا، واتە تەنانەت کۆبوونەوەی ئەم ٩ کەسە نەیدەتوانی ئاوەها پێک بێت. ئامانجی تیرۆر لەو کاتەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو، ئێمە نەبووین. من لەسەر ئەو باوەڕەم کە دەبێ سیخوڕەکە لەنێو ئێمەدا بووبێ. (٤)

*چۆنیەتی رووداوی تیرۆری میکونوس بەو جۆرە لە لایەن نووسەرانی کتێبی "هێشتا لە بێرلین قازی هەیە" باس کراوە:*

٩ کەس لە کەسانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆن لە دەوری دوو مێز کە دەسەر یەک کرابوونەوە، لە لای چەپی ژوورەکە دانیشتبوون. دوو کەس کە تازە وەژوور کەوتبوون، لە پشت سەری یەکەمین و دووهەمین کەس راوەستان. بنی هاشمی ئەو ساکەی کە موسەلسەلی تێدا بوو، بەرز کردەوە و لەو بەرەوە تا ئەم بەری مێزەکەی وەبەر دەستڕێژ دا. موسەلسەلەکە دوای بەتاڵکردنی 26 گوللە بە سێ رەگبار، کوژاوە. راحیل بە دەمانچە گوللەیەک لە مێشک و دوو گوللەی لە زگی شەرەفکەندی و گوللەیەکی لە مێشکی ئەردەڵاندا بەتاڵ کرد. لە ماوەی کەمتر لە چەند چرکەدا لە سەر یەک ٣٠ فیشەک هاویشتران. بکوژەکان بە روونی ئاگاداری ریزی دانیشتنی قوربانیەکان بوون و دوای چوونە ژوورەوەیان بێ راوەستان تەقەیان لێ کردن. (٥)

ئەبولقاسم میسباحی گرینگترین شاهیدی دادگای میکونوس لە لێپرسینەوەکەی خۆیدا وتویەتی: بە ژمارەی ئەو فیشەکانەی کە لە هەر قوربانیەک دەدرێ، دەتوانین بزانین کە ئایا ئەو کەسە بە ئانقەست لێیدراوە یان بە

هەڵکەوت. ئەگەر دۆخەکە لە بار بێ، تەنانەت تیری خەلاس لە قوربانی دەدرێ. (٦) کەوابوو بە پێی وتەکانی میسباحی و بە پێی ئاکامی تیرۆرەکە، ئامانجی سەرەکیی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو سێ کەسە بوون کە لە ژێر ئاوری چەکەکانیان دا گیانیان لە دەست دا و تەنانەت دوو لەو سێ کەسە تیری خەلاسیان لە سەر درا.

لە ئەنجامی ئەو تیرۆرە دا هەر یەک لە سادق شەرەفکەندی (دوکتور سەعید) سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ئوروپای حیزب و همایون ئەردەڵان بەرپرسی حیزب لە ئاڵمان دەستبەجێ گیانیان لە دەست دا و نوراللە محمدپور دێهکوردی (نوری) لە نەخۆشخانەدا کۆچی دوایی کرد. عزیزاللە طبیب غفاری ئەندامی ڕێکخراوی فیداییانی خەلق و خاوەنی ریستورانەکە برینداربوو و چوار کەسەکەی دیکە هیچ زیانێکیان پێ نەگەیی. (٧)

ئەوانەی دەعوەت کرابوون، جگە لە دوکتور سەعید، کاک فەتاح، کاک همایون و نوری دێهکوردی، سەرجەم نۆ کەس بوون کە بریتی بوون لە ئیبراهیم زادە، جەعفەری، دەستمالچی، روستا، فەراحەتی، مەسعود نیا، میرراشێد، نەوبەری بەراتی و نیرومەند. ئەوانە لە سەر داوای دێهکوردی لە لایەن تەبیب غەفاری خاوەنی ریستورانەکە ئاگادار کرابوونەوە و غەفاری بۆخۆیشی بەشداری کۆبوونەوەکە بوو. هەروەها دێهکوردی بۆخۆی تەلەفۆن بۆ متحملیان، نوێنەری حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران دەکا کە بەشداری کۆبوونەوەکە بێ. ئەویش پێی ناکرێ و داوا لە دوو کەس لە هاوڕێکانی دەکا کە بەشدار بن و ئەوانیش هەر پێیان ناکرێ و بەشدار نابن. (٨)

لە شەوی سێشەممەوە کە قەرار(ی کۆبوونەوە) داندرا، ئاشکرا کردنی مومکین نەبوو. بەر لە شەوی سێشەممە هیچکەس کاتی کۆبوونەوەکەی نەدەزانی. لە مەودای نێوان دوایین سەعاتەکانی سێشەممە تا ئەوپەڕەکەی نیوەڕۆی چوارشەممە خەبەری پێکهاتنی کۆبوونەوەیەک (بە ئامادەبوونی شەرەفکەندی لە شەوی پێنجشەممەدا) بە کەسانی سەر بە "ئۆپۆزیسیۆن" درا و هەر لەو مەودایەش دا خەبەرەکە بە تیمی تیرۆر گەیی. (٩)

## بەڵگەکان چی دەڵێن؟

هەر لە سەرچاوەکەی ئاغای ئەیوبزادە دا، ئاماژە بە "هاتنی تیمێکی کۆماری ئیسلامی بۆ دانوستان لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە ئاڵمان بە تایبەت شورای هەماهەنگیی ئیرانیەکان لە بێرلین (واتە ئەو کەسانەی

ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە گەڵیان کۆببونەوە) کراوە. یەکێک لە ئەندامانی ئەو تیمە کەسێک بووە بە ناوی مەنسوور نەجاتی کە خۆی بە حجت الاسلام نجاتی ناساندووە. نجاتی لە ئاڵمان لە گەڵ کەسانی جۆراوجۆر پێوەندیی گرتووە. زۆربەی ئەو پێوەندیانە بە نهێنی ماونەتەوە و تەقریبەن هیچ کەس ئامادە نەبووە بە ئاشکرا باسیان بکا." (١٠)

لە ناو کۆمەڵێک دیمانەدا کە بڵاوکراوەی ڕێگای ئازادی ئۆرگانی حیزبی دێموکراتیکی خەڵکی ئێران لە گەڵ ئەو کەسانەی کە پێوەندیان بە ڕووداوی میکونوسەوە هەبوو، هەر یەک لە جەعفەری، دەستمالچی، روستا و فەرجاد بە تێر و تەسەل لە بابەت تۆمەتەکانی ڕێکخراوی موجاهیدین بە ئەندامانی کۆبوونەوەی هاوئاهەنگی و لە پێوەندیی لە گەڵ نەجاتی و سەدیقی (دوو لە ئەندامانی تیمی بە ناو دانوستانی کۆماری ئیسلامی) قسەیان کرد و وشە بە وشە تۆمەتەکانیان ڕەد کردەوە و سەلماندیان کە هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو جۆرە پێوەندیانە بوون بەڵام "ئەوانی تر" ئەو پێوەندیانەیان قەبوڵ بووە. روستا دەڵێ: "و بەڵام زیندو یاد نوری لە هەلومەرج و، وەبیر خۆتانی بێننەوە بارودۆخی ئەو کات دا، پێیوابوو کە ئەگەر دژایەتی لە گەڵ دانوستان بکا، تەریک دەکەوێتەوە... " (١١)

نووسەرانی کتێبەکە لە بابەت هەڵسوکەوت و نیزیکایەتی ئەندامانی شورای هەمانهەنگیی ئێرانیەکان لە بێرلین دەڵێ: هێشتا چوار تەرم و برینداڕێکی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە نەخۆشخانە بوون کە ڕاگەیەندرا بە یارمەتیی وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان و کۆماری ئیسلامی و بە دەستی ئەنستیتوی ڕۆژهەڵاتناسیی هامبورگ کۆبوونەوەیەک لە بابەت مافی مرۆڤ و مافی مرۆڤی ئیسلامی پێکهاتووە..... هێشتا چوار تەرم و برینداڕێکی تیرۆری کۆماری ئیسلامی لە نەخۆشخانە بوون کە چەند ئێرانیی ئۆپۆزیسیۆن، دێموکرات و لایەنگری مافی مرۆڤ و دانیشتووی بێرلین کە بە "هەڵکەوت" یەکیان ماوەیەک ئەندامی کۆبوونەوەکانی هاوئاهەنگی و لە دۆستانی کۆنی دێهکوردی بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو. (١٢)

یەکێک لەوانەی کە پۆلیس پێشتر گومانی لە سەری هەبوو کە سەرچاوەی زانیاریی تیمە تیرۆرەکەی کۆماری ئیسلامی بووە، عەزیزوڵڵا تەبیب غەفاری، خاوەنی ریستورانی میکونوس و یەکێک لە ڕێبەرانی ڕێکخراوی هەڵوەشاوەی فیداییانی خەلق بوو.

*ئەویش بەو دەلیلانەی خوارەوە کە دەقاودەق لە کتێبی "هنوز در برلن قازی هست" وەرگیراو و وەرگێڕدراون:*

- پۆلیس ٥٠٠٠ مارک پوڵی لە ریستورانەکەیدا دۆزیبۆوە و دەیتوانی گومانی ئەوەی لێ بکا کە وەک ئەو پوڵەیە کە لە کاتی دەستبەسەرکردنیان دا لە ئەمین و راحل (دوو لە تیرۆریستەکان) وەدەستی هێنابوو.

- ئەوانەی کە دەبوو بۆ کۆبوونەوەی رۆژی پێنجشەممە ئاگادار بکرێن، بۆ رۆژی هەینی بانگ کرابوون و خاوەنی ریستورانەکە دەیتوانی ئەو کارەی بە ئامانجەوە ئەنجام دابێ.

- کاتێک دوکتور سەعید، عەبدولی و ئەردەڵان دەچن بۆ ریستورانەکە، دێهکوردی لە غەفاری دەپرسێ کە بۆ هیچکەس نەهاتووە. غەفاری وڵام دەداتەوە کە تۆ گوتت هەینی شەو کۆبوونەوەمان هەیە. دێهکوردی دەڵێ نا من گوتم شەوی هەینی. شەرەفکەندی هاتۆتە ناو باسەکەوە و وتویەتی ئەمن سبەی بەیانی دەبێ بێرلین بە جێ بێڵم و نەماندەتوانی هەینی شەو لە بێرلین قەرار دابنێین. هەر ئەو کات تەلەفۆن بۆ ئەوانی دیکە دەکەن تا بێن.

- خانمێک کە ماڵەکەی جیرانی ریستورانەکە بوو، لە دادگا دا شاهیدی دابوو کە خاوەنی رستورانەکەی کەمێک بەر لە تەقەکە لە دەرەوەی ریستوران بینیوە کە خەریکی سیگار کێشان بووە.

- خاوەن رستوران ماشێنێکی بێنزی ١٩٠ی سورمەیی هەبووە و مێرسدێسێکی ١٩٠ی رەنگ تار لە تیرۆرەکە دا بەشدار بووە.

- ئەمین (یەک لە تیرۆریستەکان) لە لێپرسینەوەدا وتبووی کە دوای تەواوبوونی کارەکە، رستورانەکە دەفرۆشێ. ماوەیەک بوو خاوەنی رستوران بە دوای مشتەری بۆ رستورانەکەی دا دەگەڕا.

- خاوەن رستوران دوای دەرچوون لە نەخۆشخانە ماوەیەک ماڵی یەکێک لە دۆستەکانی خۆی وەکوو شوێنی نیشتەجێبوون لای پۆلیس تۆمار کردبوو ئەگەرچی لەو ماڵەدا نەدەژیا. لە جیرانەتی ئەو ماڵەدا، یەکێک لە دۆستەکانی دارابی دەژیا و عەلی سەبرا - ئەو کەسەی ماشێنی هەلاتنەکەی کڕیبوو – ئەو ماڵەی وەک شوێنی ژیانی خۆی لای پۆلیس تۆمار کردبوو.

بەو هۆکارانەی سەرەوە پۆلیس پێوەندیەکانی ئەوی بەر لە تیرۆر و دوای تیرۆر خستبۆ ژێر لێکۆڵینەوە و بێوچان

لێپرسینەوەی لە گەڵدا دەکرا بەڵام بە هیچ ئاکامێک نەگەیی.

*پۆلیس هەروەها لە ڕێگای لێپرسینەوە لە تیرۆریستەکان هێندێک شتی بۆ دەرکەوتبوو:*

- لە یاداشتێک دا کە پۆلیس لە لێپرسینەوە لە گەڵ ئەمین (یەک لە تیرۆریستەکان) هەڵیگرتبۆوە هاتبوو کە خاوەنی مرسدس ۱۹۰ لە گەڵ دوو لە هاوکارەکانی بە فارسی قسەی کردووە.

- حەیدەر بە عیمادی وتبوو کە شۆفیرەکە هەموو شتێک دەزانێ و شوێن و جێگاکە دەناسێ. من لەو قسەیە وا تێگەیشتم کە شۆفیرەکە لە نزیکی رستورانەکە دەژی. (یاداشتی پۆلیس لە قسەکانی ئەمین)

- پرسیار لە یوسف (ئەمین) کرابوو کە ئاخۆ شۆفیری بینزەکە دەناسێ و ئەویش پرسیارەکەی بەو پرسیارە وڵام دابۆوە کە ئایا خاوەنی ستورانەکە شۆفیری ماشێنێکی بێنز نییە؟! (۱۳)

وەک دەبینین ئەوانە هیچیان بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە نین بۆ دادگای بێرلین و قازیەکانی ئەو دادگایە تا یەکێک لە ڕێکخەران و بەشدارانی کۆبوونەوەی میکونوسی پێ تاوانبار بێ. کەچی لە حاڵێکدا لە ماوەی ٤٢ مانگ دانیشتنی دادگای ئاڵماندا تاکە یەک بەڵگە و گومانی زۆر لاوازیش لە سەر هیچکام لەو سێ شەهیدەی حیزبی دێموکرات نەبووە و نەهاتۆتە بەر باس، بە ناو قازی و مافناسەکەی ئێمە لە سەر ئەو قسە بە ئەمما و ئەگەرەی دادستان (سەیری فێعلی شەرتی جوملەکەی بکە) کە دەڵێ: "تراژێدیای ئەم تیرۆرە دەتوانێ ئەوە بێ کە سەرچاوەی زانیاریی ڕێژیمی ئێران خۆی شاهیدی تیرۆرەکە بووبێ و بە گیانی ساغەوە لێی دەرباز نەبووبێ. (از آن جان سالم به در نبرده باشد)"، یەکسەر نەک فتوای جاسووسی و سیخوڕی بۆ کۆماری ئیسلامی لە سەر لانیکەم یەکێک لە قوربانیانی تیرۆری میکونوس و ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات دەر دەکا بەڵکو بێ سێ و دوو لەو خەیاڵەی خۆی تەناسوب دەگرێ و بە هەمان نیسبەت بە سەر ڕێبەریی پێشوو و ئێستای حیزبی دێموکرات (بە هەردوو بەشەوە) دا دەیبەشێتەوە. تۆ بڵێی دادگا ئەگەر بۆی روون بوباوە، شەرمی لە درکاندنی ناوی ئەو سیخوڕە کردبا؟ تۆ بڵێی بە پێچەوانەی قسەکانی دواتری ئاغای ئەیوبزادە، حیزب ئەوەندەی دەست لە دادگادا ڕۆیشتبێ کە بەری بە ئاشکرا کردنی ناوی ئەو سیخوڕە لە ناو یەکێک لەو سێ شەهیدە گرتبێ؟ ئەگەر دادگا بە هەر دەلیلێک خۆی لە ئاشکرا

کردنی ناوی ئەو سیخوڕە بواردبێ، ئایا بۆ ئەوە نابێ گومان بخرێتە سەر سەربەخۆیی دادگا و دەزگای قەزایی ئاڵمان، جا بە قازانجی هەر لایەنێک بێ؟

مێهدیی ئیبراهیم زادە لە بابەت چۆنیەتی ژیانی عەزیزی غەفاری بە دوای کۆتایی دادگای میکونوس دا دەڵێ: "لە نێو ئامادەبووانی ریستورانی میکۆنووس دا یەکێک لەو کەسانەی رزگاری بوو، عەزیز غەفاری، خاوەنی ریستورانەکە بوو. غەفاری دوای روودانی میکۆنووس بێرلینی بەجێ هێشتو چوو بۆ "دۆسیلدێرف"و لە ساڵی ١٩٩٧ەوە لە نێوان ئێرانو ئاڵماندا هاتوچۆی بازرگانی دەکا." (١٤)

---------------

## ژێدەر:


١- پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو و قەراردادی ئاشبەتاڵ، بەشی ٣، ح. ئەیوبزادە

٢- ح. ئەیوبزادە، تیرۆری گیان و ئەندێشە، بەشی یەکەم

٣- ح. ئەیوبزادە، دوو جینایەت، دوو دادگا، دوو قەرار

٤- شەرەفکەندی سیمای شۆرشگێڕێکی نەتەوەیی، بەشی سێزدەهەم – نووسین و ئامادەکردنی سمایل شەرەفی

٥- هنوز در برلن قاضی هست- چاپی دووهەم، لاپەڕەی ١٤، نووسینی؛ مهران پاینده، عباس خداقلی، حمید نوذری

٦- سەرچاوەی پێشوو – پەراوێزی لاپەڕەی ٢٠

٧- سەرچاوەی پێشوو

٨- سەرچاوەی پێشوو

٩- هەمان سەرچاوە - لاپەڕەی ١٤٠

١٠- هەمان سەرچاوە - لاپەڕە ٣٢

١١- هەمان سەرچاوە - لاپەڕە ٣٤

١٢- هەمان سەرچاوە، لاپەڕەی ٥٧

١٣- سەرجەم زانیاریەکان لە سەرچاوەی پێشوو وەرگیراون

١٤- شەرەفکەندی سیمای شۆرشگێڕێکی نەتەوەیی ، بەشی سێزدەهەم - نووسین و ئامادەکردنی سمایل شەرەفی.

٩ی جانێوێری ٢٠١٠

## بەشی چوارەم:

### هەقیقەتی "قەراردادی نهێنی"، ئازادی عەلی بالە، ...

خوا نەکا فەرماندەیەکی سپای پاسداران یان بەرپرسێکی ئیتلاعاتیی کۆماری ئیسلامی ئێران شتێک بە دژی حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بلێن. ئەوا یەکسەر قسەکە لە لای حەسەنی ئەیوبزادە دەبێ بە حوججەت و بە بێ ئەوەی ئیزنی هیچ جۆرە تشکیک و گومانێک بە خۆی بدا، بە سەنگ و بەردی خۆی پارسەنگیان بۆ دەکا و بە چەند بەرابەرەوە بە دژی حیزبی دێموکرات بە کاریان دێنێتەوە. کارم بەوە نییە کە ئامانجی نووسەر لەو کارەی چییە بەلام راست لەو راستایە دایە کە بەرپرسەکانی کۆماری ئیسلامی مەبەستیانە.

یەکێک لە مەیدانەکانی شەڕی نێوان دوو هێزی نەیار و دوژمن، مەیدانی شەڕی رەوانییە. لەو مەیدانەدا هەر کام لە لایەنەکان هەوڵ دەدەن بە هەڵبەستنی درۆ و دەلەسە، بلاو کردنەوەی دەنگۆ و خستنە سەر زاری زانیاریی هەڵە لە سەر هەڵسوکەوت یان سیاسەتەکانی لایەنی بەرامبەر و تاد... دوژمنەکەیان بخەنە بەرەیەکی دیکەی شەڕەوە و هاوکات لە لای بیروڕای گشتی سووکیان بکەن و خەڵکیان لێ بتەکێننەوە. ئەو کارەش زیاتر لە لایەن دەزگا سیخوڕی و ئیتلاعاتیەکانەوە دژ بە بەرەی دوژمن ئەنجام دەدرێ. بەلام ئەو قسانەش پێویستیان بە کەس یان کەسانێکە تا بتوانن پەرەی پێ بدەن و لە ناو خەڵک دا جێیان بخەن. جا چ باشتر کە ئەو کەس یان کەسانە بە رواڵەت لە بەرەی نەیاری خۆیاندا دابن.

بە پێی قسەکانی حەسەنی ئەیوب زادە کە لە زۆربەی نوسینەکانیدا دووپات و چەند پاتەی کردۆتەوە، تا رۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ (رۆژی تیرۆری دوکتور سەعید و هاوڕێکانی) لە هەر چوار ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکیان مۆرەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بووە. واتە لانیکەم ٢٥%ی ئەو کۆمیتە ناوەندییەی کە کاک دوکتور سادقی شەرەفکەندی رێبەریی دەکرد سەر بە ئیتلاعات بوون. لە ماوەی ١٨ ساڵی

رابردوودا تا سەرهەڵدانەکانی دوای هەڵبژاردنی خولی دەهەمی سەرکۆماری، کۆماری ئیسلامی و بە تەبەعی ئەوەش سازمانە سیخوڕیەکەی بەردەوام لە پەرەگرتن دابوون و بە پێچەوانەشەوە حیزبی دێموکرات هەروا توشی نوشستی و پاشەکشە هاتووە. هەروەها بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەوکاتی حیزب شەهید بوون یان وازیان لە حیزبایەتی هێنا. سروشتییە کە ئیتلاعات مەئموری خۆی ناکوژێ و ئیزنیشی پێنادا واز لە پۆستەکەی بێنێ. کەوابوو بە پێی قسەکانی ئاغای ئەیوبزادە ئەو ڕێژەیە ئیستا دەبێ بە ئاسانی لە نیوە بە نیوە تێپەڕیبێ. لە ئەگەری ڕاست بوونی قسەکانی ئەیوبزادەدا، سروشتییە کە ئەو جاش و سیخوڕانە لە لەتبوونی حیزبی دێموکرات دا هەموویان نەکەوتوونەتە بەرەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. تەنانەت زۆرینەی ئەو کۆمیتەی ناوەندیەی کە ئەو باسی دەکا، لایەنگری کاک مستەفا بوون. ئەوەی بۆ من جێگای پرسیارە بۆچی ئەو وتانەی ئاغای ئەیوبزادە تا ئەو رادەیە دەکەونە بەر سەرنجی ئەندامانی حدکا و سایتەکانی نیزیک لەو حیزبە بە ئاب و تابەوە لە ماڵپەڕەکانی دیکە وەری دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە!!

یەکێک لە ئامانجە ڕواڵەتیەکانی حەسەنی ئەیوبزادە بۆ بە ئیتلاعاتی لە قەڵەمدانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات، هێرش بۆ سەر شەخسی مامۆستا حەسەن زادەیە. ئەوەش پێدەچێ بە دڵی بەشێک لە ئەندامانی حدکا بێ و هەر بۆیەش چش لە بەشی خۆیان دەکەن. بەڵام با بۆ مێژووش بێ ئەوە باس بکەم کە بە دوای شەهید بوونی کاک دوکتور سەعید و هاوڕێکانی، لە یەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی دا بۆ هەڵبژاردنی سکرتێری نوێ، مامۆستا حەسەن زادە و کاک مستەفا هیجری کەوتنە کێبەرکێ و سەهمی مامۆستا لەو هەڵبژاردنەدا تەنیا چوار دەنگ بوو کە یەکێک لە دەنگەکان دەنگی خۆی بوو. سێ ئەندامەکەی تری کۆمیتەی ناوەندیی ئەو کاتی حیزب کە دەنگیان بە مامۆستا دابوو، یەکیان شەهید بوو (شەهید عەبدوڵڵای شەریفی) و دوو کەسەکەی تریش کە ڕەنگە پێیان خۆش نەبێ ناویان بێنم، ئیستا هەر کام لە یەکێک لە وڵاتانی سکاندیناوی نیشتەجێن و بێ ئەوەی تۆسقاڵێک گومانم لە سەداقەت و پاکیان هەبێ، یەکیان ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە ئەوی تریشیان لایەنگر یان لانیکەم نیزیک لە حدکایە. کەوابوو ئەگەر قەرار بێ قسەکانی ئاغای ئەیوبزادە ڕاست بن، ئەوا لەو جاش و جاسووسانە بەشی شێر وەبەر حدکا و لایەنی کاک مستەفا کەوتووە. لەوەش گرینگتر لە پێنج ئەندامی دەفتەری سیاسی چواریان لایەنی کاک مستەفا بوون و سەرەڕای ئەوە کە مامۆستا بە دوای کۆنگرەی ١٠ و لە کاتی سکرتێری دا هەمیشە زۆرینەی کۆمیتەی ناوەندیی لە گەڵ بوو، بەڵام هیچکات بە قازانجی خۆی ئاڵوگۆڕی لە پێکهاتەی دەفتەری سیاسی دا نەکرد. ئەوە ڕەنگە وڵامێکیش بێ بۆ ئەو قسەیەی ئەیوبزادە کە دەڵێ "مەلا

عەبدوڵڵا حەیاکی (حەسەن زادە) حیزبی دێموکراتی بەرەو کۆیە ڕادا"، بەڵام ئەوەی مەبەستی سەرەکیمە ئەوەیە کە بوختان و تۆمەتەکانی حەسەنی ئەیوبزادە رووی لە هەموو حیزبی دێموکراتە و بە تەنیا پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە نییە. هێرش بۆ سەر مامۆستاش ئامرازێکە بۆ گرتنی دەمی ئەنداممان و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی ئێستا. هەروەک کاک مستەفا فەرموویەتی مادام رووی قسەکانی لە مامۆستایە، لێی گەڕێن قازانجی ئێمەشی تێدایە!!

هەر وەک باسم کرد، تەقریبەن لە زۆربەی نووسراوەکانیدا، یەکێک لە سەرەکیترین و گرینگترین سەرچاوە و بەڵگەکانی ئاغای ئەیوبزادە کەلک وەرگرتن لە وتەی سەرانی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و فەرماندەکانی سپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامی دژ بە حیزبی دێموکراتە. ئەو بە بێ ئەوەی هیچ گومانێک بخاتە سەر راستی و ناراستی قسەی ئەفسەرانی ئیتلاعات و سپا و ئامانجەکانیان، وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر جارێکی دیکە و بە چەند قات زیاتر دژ بە حیزبی دێموکرات بە کاریان دێنێتەوە. متمانەی ئاغای ئەیوبزادە بە قسەی ئیتلاعات و سپا تا رادەیەکە کە لە نووسراوەکانیدا هیچکات گومان و دوودڵییەک لە ناراستی ئەو قسانە بۆ ناوبراو بەرچاو ناکەون. تا ئاستێک کە هیچ بەڵگەنامەیەک و قسەی هیچکام لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و ئەوانەش کە بە قازانجی ئەو حیزبەیان نوسیوە و ئەیوبزادە کەڵکی لێ وەرگرتوون، بە رادەی قسەی بەرپرسانی سپا و ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بەو دەستپاکیەوە لە لایەن ناوبراوەوە نەگوازراونەتەوە. وێڕای ئەوەش تەفسیر کردنی قسەی ئەو بەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی، بەو ئاراستەیەدا کە خۆیان مەبەستیانە و بەو جۆرەی کە بابی تەبعی ئەو ڕێژیمە و مۆرەکانیەتی، یەکێکی تر لە شێوازەکانی کاری حەسەن ئەیوبزادەیە بۆ هەڵکوتانە سەر حیزبی دێموکراتی کوردستان.

ئەوەی زیاتر گومان دەخاتە سەر ئامانجەکانی ئاغای ئەیوبزادە لە نووسینی ئەو هەموو بێڕێزی، درۆ و بوختانانە سەبارەت بە ڕێبەرانی ئێستا و رابردووی حیزبی دێموکرات، ئەوەیە کە ناوبراو راست لە سەروبەندی کێشە ناوخۆییەکانی حیزبی دێموکرات دا بەو زمان و نووسینەوە وە گڕوگاڵ کەوت و لەگەڵ لەتبوونی حیزب زمانی گرت. ئەویش نەک بۆ بە داخ بوون لە لەتبوونی حیزب، بەڵکو راست بۆ سو ئیستیفادە کردن لە هەلومەرجەکە بۆ هەڵکوتانە سەر بە ڕواڵەت مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زاە و لە راستی دا حیزبی دێموکرات و مێژووی لانیکەم ٢٠ساڵی رابردووی ئەو حیزبە. ئەو دەرفەتەش هەلێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی ئیتلاعات و دەزگا سیخوڕیەکانی کۆماری

ئیسلامی ناراستەوخۆ و لە ڕێگای کەسانی بە ڕواڵەت نەیاری خۆیانەوە کێشەکان قووڵ بکەنەوە.

پرسیار لە حەسەنی ئەیوبزادە ئەوەیە کە بۆچی لە کاتی ڕوودانی ئەو ڕووداوانەدا جارێک وەدەنگ نەهات؟ ناڵێم کۆماری ئیسلامی مەحکووم کردبا، بەڵام خۆ دەیتوانی نارەزایەتی خۆی دژ بەو کارانەی حیزب و ڕێبەرانی حیزب کە ئێستا هەڵیاندەبەستێ، دەرببڕێ.

یەکێک لەو ئامانجانەی کە لە نووسینەکانی حەسەنی ئەیوبزادەدا بە ڕوونی خۆی دەنوێنێ دۆزینەوەی شەریک و برابەش بۆ کۆماری ئیسلامییە لە هەموو ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد و حیزبی دێموکرات ئەنجامی داون. تا ئاستێک کە لە تیرۆری میکونوس دا بە ئاشکرا دوکتور سەعید یان یەکێک لە هاوڕێکانی بە سیخوڕی کۆماری ئیسلامی ناوزەد دەکا و شەهیدەکان دەکا بە شەریکی جینایەت لە گەڵ تیرۆریستەکان و برابەش بۆ تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەدۆزێتەوە. بەوەش ڕاناوەستێ و لانیکەم لە سەدا ۲۵ی ئەو کۆمیتەی ناوەندییەی کە دوکتور سەعید ڕێبەریی دەکرد، بە جاش و سیخوڕی کۆماری ئیسلامی دەزانێ. (بڕوانە بەشی سێهەمی ئەم باسە) دیارە لەو فتوایەی ئاغای ئەیوبزادەش دا دیسان سەرانی ئیتلاعات دەور دەبینن و قسەی عەلی فەلاحیانی بۆ دەبێ بە حوججەت کە گوتبووی ئێمە لەو حیزبەدا نفوزمان کردووە.

دوو هێزی دژبەر هەمیشە حەول دەدەن لە ناو یەکتردا نفوز بکەن. لە شەڕی نێوان دوو لایەندا ئەوە شتێکی ئاساییە. بەڵام بانگی بە ئاشکرای وەزیری ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوە کە سازمانەکەی ژێر دەستەڵاتی، نفووزی لە نێو حیزبی دێموکراتدا کردووە، جێگای پرسیارە. ئاخۆ دەبێ چ شتێک وای لێ کردبێ کە باس یان باشتر بڵێم نهێنییەکی ئاوا بە فەرزی ڕاست بوونی- بە ئاشکرا ڕابگەیەنێ؟ مەگەر بۆ کەسانێک کە لە گەڵیان دەستی لە یەک کاسەدا بێ، دەنا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کەی ئەوەندە ڕاستگۆ بوون تا قسەکانیان بۆ ئەوە ببێ کە وەک بەڵگەی حاشا هەڵنەگر کەڵکیان لێ وەربگیرێ؟ بڵێی ئەوە یەکێک لە جۆرەکانی شەڕی ڕەوانی دژ بەو حیزبە نەبووبێ تا بتوانێ دڵی ئەندامانی حیزبەکە لێک کرمێ بکا؟ بە تایبەت ئامانجەکە ئەو کاتە بە تەواوی دەپێکرێ کە یەکێکی لە پێستی دۆست دا قسەکانی ئەو و هاوقەتارەکانی بکا بە کراسی عوسمان و دژ بە حیزبەکە بە کاری بێنێ. یان نا هەر بۆ ئەوە بووە کە قسەکەی بۆ هێندێک کەس و لایەن ببێ بە بەڵگە و سەرچاوەی زانیاری بۆ هێرش کردنە سەر ئەو حیزبە و ڕێبەرانی ئەو حیزبە؟

## هەقیقەتی قەراردادی بەناو نهێنی

ئەیوبزادە لە سەرجەم نوسینەکانی دا باس لە قەراردادێکی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی بۆ راگرتنی شەڕ دەکا. ئەو ئەوەندە بە ئیتمینانەوە لەو قەرارداده خەیاڵییە دەدوێ کە جێگای هیچ گومانێک بۆ خۆی و بۆ خوێنەر ناهێڵێتەوە. قەراردادێک کە نەک هەر منی ئەندام بەڵکو هیچکام لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکە و تەنانەت سکرتێریش نەیانبینیوە و پێیان نەزانیوە. کەچی ئەیوبزادە باس لە بەند بە بەندی ناوەرۆکی قەرارداده خەیاڵیەکەی خۆی دەکا. لێرەدا خوێنەر مافی خۆیەتی گومانی بۆ ئەوە بچێ کە ئەگەر قەراردادێکی نێوان حیزب و لایەنێکی دیکە، منی ئەندامی حیزب سەهلە، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبەکەشم نەیدیبێ و نەیزانیبێ، ئاخۆ دەبێ کێ نیشانی ئاغای ئەیوبزادەی دابێ؟ تۆ بڵێی ئەو زانیاریانە یەکراست لە لایەن تەرەفەکەی دیکەی بە ناو قەراردادەکەوە واتە راست لە لایەن محسن رەزایی و عەلی فەلاحیان و ئەحمەدی کازمی یان بەردەستەکانیانەوە بە ئاغای ئەیوبزادە نیشان درابێ یا بە جۆرێک ئەویان لە بوونی وەها قەراردادێک و ناوەرۆکەکەی ئەرخەیان کردبێتەوە؟! یان بڵێی ئەیوبزادە بۆخۆی لە کۆبوونەوەی نووسینی قەراردادێکی ئەوتۆ دا بە ئاشکرا یان بە نهێنی بەشدار بووبێ کە ئاوا بە ئیتمینانەوە لێی دەدوێ؟!

باسی هەر جۆرە قەراردایێک لە نێوان حیزبی دێموکرات و کۆماری ئیسلامی لە درۆیەک زیاتر کە هەر لە زمانی ئەیوبزادەوە هەڵڕژاوە، زیاتر نییە. تەنیا قەراردادێک کە پێوەندی بە وەستانی خەباتی چەکداریی حیزبەوە هەبووە، لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە بۆ راگرتنی چالاکیەکانی پێشمەرگەی حیزب لە ناوخۆی کوردستانی ئێران لە حاڵەتێکدا کە لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی یەکێتی وەک پشتی جەبهە کەڵک وەربگرن. ئەو قەراردادەش لە نێوان حدکا و یەکێتی نیشتمانیدا ئیمزا کراوە. لەلایەن حدکاوە کاک مستەفا هیجری و لەلایەن یەکێتی نیشتمانیش دوکتور فوئاد مەعسوم ئیمزایان کردوە. بوونی وەها رێککەوتنێکیش شتێکی شاراوە نەبووە. هەم لە کاتی راگیرانی چالاکی چەکداری لە لایەن رێبەرانی حیزب و لە کۆبوونەوەکاندا بۆ پێشمەرگەکان روون کرایەوە و هەم بە تایبەتی لە رۆژنامەی کوردستانی ژمارە ٢٣٦ی تایبەت بە مانگی گەلاوێژی ١٣٧٥ دا بەو شێوەیەی خوارەوە بە رەسمی باسی لێ کراوە:

" دوابەدوای هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆسەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵە ئاوارەکانی

کوردی ئێرانی لە دەوروبەری کۆیە لە ڕێکەوتی ٢٧ و ٢٨ - ٧ - ١٩٩٦، هەیئەتی مەکتەبی سیاسیی یەکێیەتیی نیشتمانیی کوردستان و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژەکانی ١ تا ٤ - ٨ - ١٩٩٦ کۆبوونەوە بۆ تەنزیم کردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان ئەو دوو حیزبە و چارەسەری ئەوە گیروگرفتانەی کە بەهۆی هێرشی ئێران لە نێوانیاندا پێک هاتبوو.

لە ئاکامی ئەو وتوویژانەدا بە توافق گەیشتن کە حیزبی دێموکرات بەرنامەی کارو تێکۆشانی خۆی بە چەشنیکی ئەوتۆ دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ هەل و مەرجی ئێستای کوردستانی عێراقدا گونجاو بێ و، یەکیەتی نیشتمانیی کوردستانیش وێڕای تەزمینی تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکرات لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی خۆیدا ئەمن و ئاسایشی ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە بپارێزێ.

هەروەها هەردوولا بەلێنیاندا کە بەکردەوە هەنگاو هەلگرن بۆ ئەوەی روحی تەفاهوم و دۆستایەتی لە نێوانیاندا بەهێزتر بکەن و ئەگەر هەر گیرو گرفتێکیش لە نێوانیاندا هاتە پێش، بە ڕێگای وتوویژی دۆستانە چارەسەر بکرێت.

مەکتەبی سیاسیی یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

٤ - ٨ - ١٩٩٦ - ١٤ - ٥ - ١٣٧٥

وێڕای ئەوەش تەنیا چەند رۆژێک پاش هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە ساڵی ١٩٩٦، مامۆستا حەسەن زادە کە ئەیوبزادە ئەو بە بەڕێوەبەری بە قەولی خۆی هەموو پیلانەکان دەزانێ، بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست کە لەوێدا حیزبی دێموکڕات بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوە وەرگیرا لە ڕێگای ئورپاوە دەڕوا بۆ ئەمریکا و ئەو سەفەرەی چەند مانگێک دەخایەنێ. پرسیار ئەوەیە ئەگەر قەراره قەراردادی نهینی لە نیوان سکرتیری حیزب و کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا ئیمزا کرابێ و کەسیش لێی ئاگادار نەبووبێ، ئەی کێ لەو ماوەیەدا بەڕێوەبەری ناوەرۆکی قەرارداده خەیاڵیەکەی ئاغای ئەیوبزادە بووە؟!

مامۆستا حەسەنزادە چوار ساڵ لەوە پێش و بۆ یەکەم جار و دوا جار کە وڵامی حەسەنی ئەیوبزادەی دایەوە، لە بابەت ئەو تۆمەتەی ناوبراو دەڵێ: "بۆ دڵنیا کردنی ئەو کەسانەی بە ئیحتمالی یەک لە هەزار لە خوێندنەوەی وتاری مامۆستا گۆران دا گومانێکیان بۆ دروست بووبێ، رادەگەیەنم کە ساڵی 1996 لە کاتی پەلاماری هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب دا نە لە نیزیک و نە لە دوور و نە راستەوخۆ و نە بە نێوبژی، هیچ چەشنە رێککەوتنێک لە نێوان حیزب و کۆماری ئیسلامی دا رووی نەداوە و تەنانەت قسەشی لێ نەکراوە." (١) کەچی بەو حاڵەش ئەیوبزادە کە وەک باسم کرد ئاگاداری بەند بە بەندی قەرارداده خەیاڵیەکەیە و ئاواش ناوەرۆکەکەی باس دەکا: بە پێی قەرارادادی ئاشبەتاڵ ئەندامی حیزب:

*١- چەک کراو بووە*

*٢- مافی دیفاعی نەبووە*

*٣- مافی هاتوچۆی بە چەکەوە نەبووە*

هەروەک باسم کرد، سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەیوبزادە ئیتلاعات و سپای کۆماری ئیسلامیە بەڵام هەر کەس لە ماوەی پتر لە ١٥ ساڵی رابردوو دا سەردانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی لە کۆیە و دێگەڵە و جێژنیکان و ... کردبێ، دەزانێ کە پێشمەرگە نەک هەر چەک کراو نەبووە بەڵکو بەردەوام دەوری بنکەکانی بە چەکی سووک و نیوە قورس تەنیوە. لە تەواوی ئەو ساڵانەدا تا ئێستاش ئەندامانی رێبەرایەتی حیزب لە باشووری کوردستان بە بێ ئیسکۆرتی چەکدار هاتوچۆیان نەکردوە. لەلایەکی دیکەوە لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئەگەرچی لە تیمی بچووک دا، بەڵام بەردەوام پێشمەرگە لە ناوچە دا واتە لە نێوخۆی وڵاتدا بە چەکەوە حوزوری هەبووە و لە هاتوچۆش دا چەکی پێ بووە. ئەیوبزادە قەرارداده خەیاڵیەکەی بۆ ساڵی ١٣٧٥ دەگەڕێنێتەوە کەچی شەهیدان رەسوڵ شەعبانی و تاهیر حوسێن نەژاد لە ناوچەی شنۆ و شەهید عەوڵا تەبەرزە ساڵی ١٣٧٨ لە ناوچەی پیرانشار لە دوو شەڕی قارەمانانەدا شەهید بوون. (٢) ئەوە بۆ جارێک کۆماری ئیسلامی دەنگی لێ بەرز نەبۆوە کە بڵێ بۆچی قەراردادەکەتان ژێر پێ خستووە؟! یان لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا پێشمەرگە و کادرەکانی حدک بەردەوام لە ناوچە دا حوزوریان هەبووە و کادر و پێشمەرگەکانی حدکاش لانیکەم لە یەک ساڵی رابردوودا حوزوریان بوو. لە چەند تێکەڵچوونی جیاواز دا لە ناوچەکانی سەردەشت، سەقز و مەریوان چەندین پێشمەرگەی حدک و حدکا شەهید بوون. ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی جارێک قەرارداده خەیاڵیەکەی ئاغای ئەیوبزادەی وەبیر سەرانی حیزبی

دێموکرات نەخستەوە و هاواری لێ هەڵنەستا کە بۆ قەراردادی ئەیوبزادەتان ژێر پێ ناوە و پێشمەرگەتان ناردۆتەوە؟

هەڵبەت من دەزانم کە حەسەنی ئەیوبزادە باوەڕی بە قسەکانی خۆی نییە، بەڵام ئەگەر کەسێک گومانی لە بوونی وەها قەراردادێک هەبوو، لە مستەفا هیجری و عەبدوڵڵا حەسەن زادە نا، بەڵکو با لە کاک بابا عەلی مێهر پەروەر کە ئیستا سەر بە هیچ لایەکیان نییە و لە دەرەوەی وڵاتە و بە درێژایی ئەو ساڵانە ئەندامی دەفتەری سیاسی بووەو ئێستا شبە هۆی ئەوە کە لە بەرپرسایەتی دا نەماوە ڕەنگە کەمترین مولاحزەی بۆ ڕاست کردنەوەی ئەو ناراستییە هەبێ، پرسیار بکا. لەوەش ئەولاتر دەتوانن پرسیار لە ڕێبەرانی هەر کام لە باڵەکانی ئێستای کۆمەڵە یان لایەنەکانی تر بکەن کە ئاخۆ ئەو قەرردادە خەیاڵیەی کە حەسەنی ئەیوبزادە باسی دەکا ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی گرتۆتەوە یان راگرتنی چالاکی چەکداری لەلایەن ئەو لایەنانەی دیکەوهە بەپێی قەراردادی جودای خۆتان لە گەڵ جمهوری ئیسلامی بووە؟!!

## ئازادی عەلی باڵە

لە زۆربەی نووسراوەکانی دا، حەسەن ئەیوبزادە باس لەداوود ئیبراهیم زادە کە لە ناو حیزب دا بە ئازادی عەلی باڵە دەناسرا، دەکا و بەو هۆیەوە کە هاتوچۆی ماڵی مامۆستای کردووە، وەک بەڵگەیەک!! بە دژی حیزب و مامۆستا حەسەن زادە بە کاری دەبا. بۆ ئەوەش کە باشتر درۆکانی بچەسپێنێ، جارێک دەیکا بە ئامۆزای و جارێکیش بە خاڵۆزا و پورزا. عەلی باڵە بۆخۆی تا کاتی مردنیشی بە کەسێکی خۆشناو و نیشتمانپەروەری ناوچەی مەهاباد ناسرابوو. تەنیا خزمایەتیەکی زۆر دووریش کە لەگەڵ مامۆستا حەسەن زادەی هەبوو ئەوە بوو کە بابی مامۆستا حەسەن زادە بن ئامۆزای باپیری عەلی باڵە بووە. وەک شاعیر دەڵێ:

*خاتوون کە کچی پووری نەوەی باجە مەنیجە*
*خزمن کە ئەمن ئێستە گەیشتوم بە نەتیجە*

بەڵام نە ئازاد بۆ ئەوەوە لە دایک ببو تا ببێ بە ئیتلاعاتی و نە لە سەر ئیجازەی دایک و باوکی دەستی بۆ ئەو کارە بردبوو. دەزانم ئاغای ئەیوبزادە گوێی بە زانیاریی ڕاست "بدهکار" نییە، بەڵام بۆ زانیاریی خوێنەران، با بزانین ئازاد بۆخۆی کێ بوو:

بە حوکمی ئەوە کە ئەمن پێشمەرگەی هێزی پێشەوا بووم، ئازادی عەلی بالەم لە نیزیکەوە دەناسی. (هیوادارم ئەیوبزادە نەیکا بە بەڵگەی جاسووسی لە سەرم!!) ئازاد خەڵکی ئاوایی گاگەشی ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد بوو. ساڵی ١٣٦٩ بوو بە پێشمەرگە. هەر لە سەرەتاوە خۆی وەک لیسانسی ئەدەبیاتی فارسی ناساند بەڵام دواتر روون بۆوە کە خوێندەواریەکەی هەر لە ئاستی راهنمایی دا بووە. دواتر بوو بە کادری سیاسی لک لە هێزی پێشەوا. لە جەریانی کێشە و ناکۆکیەکانی بەر لە کۆنگرەی ١٠ وێڕای چەند کادر و پێشمەرگەی دیکەی هێزی پێشەوا لەوانە سەید عەزیز نیکجویان، ئەسعەد گامێشانی، خالید خاڵدار و... کە سەرجەمیان دۆستی نیزیکی ئازاد بوون و ئێستاش ئەندامی حدکا ن، لایەنگریی لە کاک مستەفا هیجری کرد. ئەوە لە حاڵێک دا بوو کە زۆربەی هەرە زۆری کادر و بە تایبەت پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا و کۆمیتەی شارستانی مەهاباد لایەنگریان لە مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە دەکرد. ئازاد کە پێشتریش لە ناو بەشی هەرە زۆری پێشمەرگەکان دا خۆشەویست نەبوو، لە فەزای دووبەرەکی و دوو جەناحی ئەوکات دا ئەوە بوو بە هۆی ئەوە کە بە یەکجاری تەرد بکرێ.

لە دوایین لێکدانەدا کە لە نێوان حیزب و رێبەرایەتی شۆرشگێڕی ئەوکات لە ساڵی ١٣٧٣ لە چنارۆکی پشت هەیبەسوڵتان رووی دا، ئازاد دەورێکی گرینگی گێڕا. لە کاتێکدا کە لە سەر بردن و سوتاندنی ماشێن لە نێوان دوو لایەندا کێشە هاتبووە ئاراوە، ئازاد مەسەلەکەی کرد بە شتێکی حەیسیەتی و چوو دەبن سەید عەزیزەوە کە ئەو کات سەرپەرەستی هێز بوو و لە ناو هەمووشماندا رایگەیاند کە ئەگەر دژکردەوەمان نەبێ، ئابڕوومان دەچێ. ئەوە بوو کە لە کاتێکدا بەر لە کۆنگرەی ١٠ و لە کاتی سکرتێریی کاکا مستەفا دا باسی یەکگرتنەوە بە گەرمی لە ئارادا بوو، کۆمەڵێک پێشمەرگە بە فەرماندەیی سەید عەزیز، نێردرانە پشتی چنارۆک و تەقە و لێکدانێک لە نێوان دوو لایەندا رووی دا و بارودۆخەکەی گرژ کردەوە.

ئازاد بە گشتی ئینسانێکی دەم هەراش، قسە خۆش و خۆ رێکخەر بوو. ئەگەرچی لە ناو پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا دا مەنفوور بوو، بەڵام هاتوچۆی بەشێکی زۆر لە بنەماڵەکانی حیزب و ماڵی زۆربەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی دەکرد و لە گەڵ کوڕەکانیان دۆست بوو. بەو هۆیەوە کە کاتی خۆی لە ئاوایی گاگەش بۆ ماوەیەک ماڵی مامۆستا جیرانی ماڵی بابی ئازاد بووە، لە کۆیەش هاتوچۆی دەکردن. ساڵی ١٣٧٥ بە ئەندامی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردرا و بوو بە بەرپرسی تەشکیلاتی ناو شار. بۆ هاوینی ئەو ساڵە بە تەنیا چۆوە ناو شار. خەبەر هات کە لە ناو شاردا گیراوە و دواتر بەردراوە. خەبەری گیرانەکەی بۆ یەکەم جار لە لایەن یەکێک

لە پێشمەرگەکانەوە بە ناوی (ک. ف.) کە شارەزایەکی باشی کاروبار و تەشکیلاتی ناو شار بوو، لە ناو پێشمەرگەکان دا باسی کرا بەڵام نەک بە بەڵگەوە و بە شێوەی گوزارشی رەسمی بەڵکو وەک قسەی سەر زاران. هەر بۆیەش بە جیدی وەرنەگیرا و لێی نەکۆڵدرایەوە و پتر بە حیسابی کێشەی شەخسی و جەناحی وەرگیرا. لەو لاشەوە ئازاد بۆ ئەوەی دەستی خۆی رەپێش بخا و هەواڵەکە بەرپەرچ بداتەوە، لە لای کۆمیتەی شارستان سەحنە سازیەکی لەو بارەوە ساز کردبوو. بەو جۆرە کە لە باغی سیسە پاسدار پێشیان پێ گرتووە و داوای کارتی شناساییان لێ کردووە و ئەویش دەمانچەکەی دەرهێناوە و پاسدارەکان هەڵاتوون و ئەویش هەر وا هەڵاتووە و دوایە چەند فیشەکیان بە یەکترەوە ناوە!

لە لایەکی دیکەشەوە لە جەریانی دەرگیربوونی کادرەکانی کومیتەی شارستانی مەهاباد لە ناوچەی شاروێران، کە تییدا محەمەد شاروێرانی بە بریندارى بە دیل گیرا، گومانەکە لە سەر ئازاد زیاتر دەبێ. ئازاد هەم ئاگاداری شوێنی مانەوەی کاک عومەر باڵەکی، بەرپرسی کۆمیتەی شارستان و هاوڕێکانی دەبێ و هەمیش ماوەیەک پێشتر دەمانچەکەی لە گەڵ محەممەد شاروێرانی دەگۆڕێتەوە. دەمانچەیەک کە فیشەک دەر ناکا و پێدەچێ دەرزیەکەی دەرهێنرابێ. ئەگەرچی گومانەکانی سەر ئازاد لە گەڵ کومیسیۆنی سیاسی نیزامیش باس دەکرێ بەڵام ئەو کات هیچکام لەوانە ئەوەندە روون نەبوون تا وەک بەڵگەیەکی دادگا پەسەند لە لایەن کۆمیتەی شارستانی مەهابادەوە سیخوڕ بوونی ئەندامێکی کۆمیتەی شارستان سابیت بکا.

بە دوای گەرانەوە بۆ بنکەکانی حیزب، ئازاد بە رواڵەت سەردانی هەولێر دەکا بەڵام لە سلێمانی سەر دەردێنێ. ئەوەش گومانەکانی پێشوو زیاتر دەکا و دەبێتە هۆکارێک تا عومەر باڵەکی بەرپرسی کۆمیتەی شارستانی مەهاباد بەو گومانانەوە کە لە سەر ئازاد هەیبوو، لە هێزی پێشەوای نەقڵ بکا. هەر بۆیەش نامەی نەقڵی ناوبراو تەحویلی کومیسیۆنی سیاسی نیزامی دەدا کە ئەوکات نەمر کاک سەلام عەزیزی بەرپرسی کومیسیۆن بوو. لە نامەی نەقڵەکەدا نووسرابوو کە ئەو کارەی ئازاد دەکرێ وەک خاڵێکی ئەمنیەتی چاوی لێ بکرێ. بەڵام دیسانیش ناکەوێتە بەر گومانی بەرپرسانی سیاسی نیزامیەوە. حەسەن شەرەفی ئەندامی دەفتەری سیاسی دێتە ناو مەسەلەکەوە و نێوبژیوانی دەکا تا کاک عومەر، ئازاد وەربگرێتەوە، بەڵام لە گەڵ پێداگریی ناوبراو لە سەر نەقڵ کردنەکە بەرەورووو دەبێ. هەر بۆیەش نەقڵی کۆمیتەی ئەمنیەت دەکرێ کە بەرپرسەکانی لەو کاتەدا کاک شاهۆ حوسێنی و کاک چەکۆ رەحیمیی دۆستی کاک حەسەن ئەیوبزادە بوو. کۆمیتەی ئەمنیەتیش وەک فێرگە و بەشێکی

بەرچاوی دیکە لە ئۆرگانە ئیجراییەکانی حیزب حەیاتی خەڵوەتی جەناحی کاک مستەفا بوو. لە جەوی دوو جەناحیی ئەو کاتیش دا چوونی ئازاد بۆ ئەو ئۆرگانە وەک شتێکی ئاسایی و هەر لەو چوارچێوەیەدا چاوی لێ کرا. ئازاد کە لە کومیتەی ئەمنیەت دا وەک کادری بەشی پارێزگاریی کاری دەکرد، بۆ جێ خستنی خۆی دەستی بە سەحنە سازیەکی دیکە کرد. رۆژێک خەبەر هات کە تەقەی لێ کراوە و بریندار بووە. بەراستیش شتێکی لەو بابەتە رووی دابوو و زاهیرەن ئازاد لە نەرمەی باسکی برینێکی، جا چۆن و بەچی مەعلوم نەبوو، هەڵگرتبوو. دەیگوت کە لە رێگای هەولێر- کۆیە پێش بەو تاکسیە گیراوە کە ئەوی تێدا بووە. ویستوویانە دایبەزێنن و بیگرن. بەڵام بە قسەی خۆی ئەو خۆی رادەپسکێنێ و هەڵدێ و تەقە دەکا و تەقەی لێ دەکەن و لەو تەقە و لێکدانە دا ئازاد بریندار دەبێ و شۆفیر تاکسیەکە دەکوژرێ. ئەویش خۆی دەگەیەنێتە بنکەیەکی پارتی لە نیزیک رووداوەکە و نەجاتی دەبێ. بۆ ئەوەش کە هەموان بڕوا بە سەحنەسازیەکە بکەن، کابرایەکی خەڵکی کوردستانی عێراق لەو رووداوەدا کوژرا.

پلۆنۆمی پاییزەی کۆمیتەی ناوەندی خەریک بوو ببەسترێ. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە دەوروبەری سکرتاریا دەبن کە هەواڵی شەهید بوونی کاک مەنسوور ڕەشە هەورامی، کاک مەنسوور ناسری، کاک ساماڵ ئیسماعیل زادە، کاک رەفعەت موڕادی و کاک یەدوڵڵا شیرین سوخەن دەگا. ئازاد پێشنیار بە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەکا کە دەبێ ئەوانیش واتە خۆی و چەند ئەندامێکی کۆمیتە ناوەندی بە هاواریانەوە بچین بەڵام بە گوێی ناکرێ. هاوڕێکانی ئەو پێنج شەهیدە توانیبوویان دەست بە سەر ماشێنێکی ئیتلاعات دا بگرن. بەڵگە و کەلوپەلەکان کە لە چەند تەلیس دا بوون، لە بەر دەرگای سکرتاریا فڕێ دەدرێن. هەموو پەشۆکابوون. چەند کەس ئیعتراز دەکەن کە نەکا ئەو تەلیسانە مادەی تەقینەوەیان تێدا بێ. مامۆستا بانگی کاک شاهۆ و کاک چەکۆ وەک بەرپرسانی ئەمنیەتی دەکا و قوژبنێکیان پێ نیشان دەدا تا تەلیسەکان بپشکنن. دواتر کاک برایم زێوەییش دەچێتە لای تەلیسەکان و بە دوای ئەویش دا ئازاد و خەڵکی دیکەش لە دەوری تەلیسە بەڵگەکان کە بەرپرسانی ئەمنیەتی خەریکی پشکنینیان بوون، کۆ دەبنەوە... دوای چەند سەعات لە کاتێکدا کە خەڵکەکە لە دەوری نەخۆشخانە و تەرمی شەهیدەکان کۆ ببونەوە، کومیتەی ئەمنیەت بە دوای ئازاد دا دەگەڕا. بەڵام تازە ئازاد دەرچوو بوو. دواتر ئاشکرا بوو کە لە ناو بەڵگەکان دا رەسیدی پەرداختی بڕێک پارە و نەوارێکی دەنگی لە ئازاد هەبوون ... .

لە مێژووی حیزبی دێموکرات یان هەر حیزبێکی دیکەی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامی دا، ئازاد تاکە نمونەی خۆ

خزاندنی ئیتلاعات لە ناو ریزەکانی حیزبدا نییە. بەڵام بوونی مۆرەی ئاوا لە ناو ریزەکانی هەر حیزبێکی سیاسی دا ناتوانێ بە مانای جاسووس بوونی هەموو حیزبەکە یان تەنانەت رەفیقە حیزبییەکانی ئەو کەسە بێ. مەگەر بۆ کەسانێکی وەک حەسەنی ئەیوبزادە. حەتمەن حەسەن ئەیوبزادە لەبیری ماوە لەو وەختەدا کە دەفتەری سیاسی حیزب لە گەورەدێ بووە، پێشمەرگەیەکی بە رواڵەت جێگای باوەڕ و دڵسۆز و لێهاتوو هەبوو بە ناوی شۆرش کە ئەگەرچی پارێزەری دایمیی دوکتور قاسملوو نەبوو بەڵام زۆر جار و بۆ سەفەری گرینگ دوکتور قاسملوو وەک کەسێکی ئازا و باوەڕ پێکراو لەگەڵ خۆی دەیبرد. لە گەڵ کاک دوکتور لە مەئموریەت دا بوو کە خەبەر بە حیزب گەیی ناوبراو پێوەندی بە رێژیمەوە هەیە. ئەوە بوو کە هەر بە دوای گەڕانەوەی دا یەکسەر لە لایەن حیزبەوە دەسبەسەر و ئیعدام کرا.

نموونەیەکی دیکەی زۆر ناسراو گوزارشدانی سمایلی قاسملوو بە ساواک بووە لەبارەی ئەو تێکۆشەرە کوردانەی لە زەمانی شادا تێکۆشانی نهێنیان هەبوو. ئایا ئەوە دەبێتە دەلیل بۆ ئەوەی گلەیی لە دوکتور قاسملوو بکەین؟! بێگومان نا.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢٦ی جانێوێری ٢٠١٠

---

## دار بە تەمای نیشتنی باز وشک دەبێ (بۆ "مافناس" حەسەنی ئەیوبزادە)

تاهیر قاسمی رۆژێک بە سەر بڵاوبوونەوەی بەشی سێهەمی "جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە" تێپەڕ ببوو، کە دیتم جەنابیان ئیعترازنامەیەکی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان نوسیوە و مامۆستا حەسەنزادەشی بە نووسەری وڵامەکانم زانیوە!! بە قەولی شاعیر حاڵ لە دوو خاریج نیە: یان وەک دەڵێن دار بە تەمای نیشتنی باز وشک دەبێ و ئەیوبزادەش بە درێژایی ئەو چەند ساڵەی کە دەستی بە جنێوفرۆشی بە حیزبی دێموکرات و مامۆستا حەسەنزادە و تێکۆشەرانی دیکەی ئەو حیزبە (بە هەردوو بەشەوە) کردووە دایم چاو لە رێگایە تا بەڵکو حیزب، یان مامۆستا وڵامێکی بدەنەوە، یان ئەوەتا دنیای لێ بۆتە مامۆستا حەسەن زادە. دەنا مانای نییە بابەتی خەڵکی دیکە، بە

ناو و وێنە و سەبکی خۆیانەوە، بە هی مامۆستا بزانێ. ناوبراو پێشتریش لە سەر وڵامێکی دۆستی خۆشەویستم کاک هەیاس کاردۆ دڵی خۆی بە هەمان تەوەهوم خۆش کردبوو و وڵامەکەی ئەویش و کەسانی دیکەشی بە هی ماموٚستا حەسەن زادە لە قەڵەم دابوو.

*لێرەدا پێویستە ئەو چەند خاڵەی خوارەوە بە عەرزی ئاغای ئەیوبزادە بگەیەنم:*

١- تا بڵاوکردنەوەی نامەکەت روو بە حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ئێوارەی ١٠ - ١ - ٢٠١٠ ئەگەرچی تاریخی ژێرەوەی ٥ رۆژ پێشتر بوو ئەمن سێ بەشم لە "جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە" بڵاو کردبۆوە کە تا ئەو کاتە پتر لە ٢٤ سەعات بە سەر بڵاوبوونەوەی بەشی سێهەمی دا تێپەڕ ببوو و بەشەکانی داهاتووش نێوە نێوە بڵاو دەکەمەوە. هەروەها بەشەکانی یەکەم و دووهەمیشم بە یەکەوە لە یەک رۆژدا بۆ سایتەکان نەناردووە و بە یەکیشەوە بڵاو نەبوونەتەوە. هیچ نەبێ حەوتوویەکیان مەودا بووە. تکایە زانیاریەکانت راست بکەوە!

٢- بابەتەکەی من لە ژێر ناوی "جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە" دا نووسراوە نەک "ئەرێ بە راست حدک جیرە خۆرە یان حەسەنی ئەیوبزادە؟!". ئەوەی دوایە سەرتیتری بەشی یەکەمە. بەشی دووهەم "مێشکی ئاغای ئەیوبزادە بەڵگە دەدەڵێنێ" و بەشی سێهەمیش "لە روانگەی حەسەنی ئەیوبزادەوە شەهیدانی میکونوس سیخوڕی کۆماری ئیسلامی بوون". تکایە لە ئێستاوە قسەکانم مەگۆڕە!

٣- وڵامەکانی من جگە لە بۆ رۆژهەڵات، بۆ گیارەنگ، بروسکە، کوردستان پۆست و سایتگەلی تریش ناردراون و بڵاو بوونەتەوە. هەروەها بۆ ئەو یەک دوو سایتانەشم ناردن کە پەیوەستە نوسینەکانی تۆ بڵاو دەکەنەوە بەڵام بە هۆکاری خۆیان بڵاویان نەکردەوە. باوەڕ ناکەم سەیری سایتەکانی دیکە نەکەیت!

٤- روو بە حیزبی دێموکرات "شێوە و ستیلی" نووسینەکەی منت "بە کاری ماموٚستا مەلا عەبدوللا حەسەنزادە" نووسەری بە توانا و سیاسەتمەداری کوردستان زانیوە. بۆ ئەوە نابی کە بڵێم لێی حاڵی نی و بۆخۆشت دەزانی وا نیە. بەو قسانەشت لە خۆبایی نابم. بەڵام دنیا نەزانێ، بۆخۆت زۆر باش دەزانی کە ناراستیەکی دیکەت بە خەرمانەکەتەوە زیاد کردووە.

٥- من ئەندامی حیزبێکی سیاسیم. سەرەڕای رەخنە و تێبینییەکانم، مێژووی حیزب و سیاسەتەکانیم قەبوڵە و بۆیەش وەک ئەندام تێیدا ماومەتەوە. بە پێی پێڕەوی ناوخۆی حیزبیش یەکێک لە ئەرکەکانی ئەندام دیفاع لە حیزب و مێژوەکەی و سیاسەتەکانییەتی. خۆ ناتەوێ حیزبایەتیت بۆ شی بکەمەوە!

٦- وێڕای ئەوەش من ئەندامی حیزبێکم کە وەک هەموو ئەندامەکانی مافی ئەوەم پێ ڕەوا بیندراوە بە ئاشکرا رەخنە لە سیاسەتەکانی حیزبەکەی خۆم بگرم جا چ جای وڵامدانەوە بە کۆمەڵێک درۆ و بوختانی جەنابت. دەڵێی حیزبایەتی وەبیر دەربەگایەتیت دەخاتەوە و پێتوایە رێبەری ئاغایە و ئەندام رەعیەت و رەعیەت دەبێ بۆ ئاوخواردنەوەش پرس بکا.

٧- تۆ کە بە دژی حیزب و مێژووی حیزب و تێکۆشەرانی شەهید و زیندووی حیزب (بە هەردوو بەشەوە)، ئەوەی لە خەڵوەتدا بە سەر زمانتدا هات، نووسیت و بڵاوت کردەوە و بۆ ئەو کارەش ئیجازەت لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەرنەگرت، ئەوە بۆ ئێستا بۆ وڵامی جوابەکانی من داوای مۆڵەت لەو حیزبە دەکەی. کاکی برا هەڕەشە مەکە و ئەوەی تا ئێستا وتوتە و چەندین پاتەت کردوونەوە، دەتوانی بە سەدان جاری دیکە بە چەند قات درۆ و بوختانی زیاترەوە بیانڵێیتەوە بەڵام بە پێی "تەحا"کانت دەبێ چاوەڕوانی "پەحا"ش بی. بێ بەڵا بی تۆ کە لە پێش ناوەکەت دا دەنووسی "مافناس" و "مافی وڵامدانەوەش بۆخۆت رادەگری"، دەبێ ئەوەندەش ماف بۆ ئەندامانی ئەو حیزبە قایل بی تا وڵامت بدەنەوە. ئەتۆ ساڵەهایە هەرچی ناڕەوا و ناسزایە لەسەر حیزبی دێموکڕاتی دەنووسی. خۆ ئەگەر بە نۆرەش بێ، ئێستا نۆرەی ئەوەیە خەڵک جوابت بداتەوە. نەکا لە "قوە قچائیە"ی جەنابیشت دا ئەو مافە بە خەڵک نەدرابێ؟!

٨- ئەمنیش وەک تۆ رەخنەم لە حیزبی دێموکرات بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هەیە. تۆ کە بە کەیفی خۆت لینگت لێ هەڵکردووە و وەنێو مێژووی حیزب کەوتووی و بە زیندووەکان قایل نابی، شەهیدەکانیش بە جاش و جاسووسی کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دەدەی، جێی خۆی بوو هەردوو حیزبی دێموکڕاتیش و مامۆستا حەسەن زادەش ئەوەندە دڵگەورە نەبان و جوابدانەوە سەهلە، لە پێش دادگایەکیش شکایەتیان لێ کردبای.

٩- هەڕەشەت کردووە کە خیتابی نووسینەکانی داهاتووت "نە هەر نووسەر (مامۆستا حەسەنزادە) بەلکو سەرجەمی

ڕێبەرایەتیی حدک دەبێ". بێ قەزا بی، ئەتۆ ئەوە سێ - چوار ساڵە روو بە حیزبی دێموکڕات دەستت لە بنا گوێ ناوە و ئەوەی دەیڵێی نایڵێیتەوە و کەسیش دەستی وەبەر نەناوی. خۆ تۆ قسەکانی خۆت بە چەندین جار پاتە کردۆتەوە، ئەوە بۆ دەڵێی ئەمن لە خت و خۆڕایی بەرۆکم گرتووی و وەک نە بای هاتبێ و نە بۆران، خۆت لە قسەکانت دەکەی بە کەڕەی شەربەت فرۆش!!

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٤ی جانێوێری ٢٠١٠

## دوکتور زیا سەدرولئەشرافی: داوا لە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات دەکەین لەگەڵ یەک بکەونە دیالۆگەوە



دوکتور زیا سەدرولئەشرافی کەسایەتیی ئازەربایجانی و وتەبێژی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ داوای لە هەر یەک لە عەبدوڵڵا حەسەن زادە و مستەفا هیجری کرد تا لە گەڵ یەک بکەونە دیالۆگ و کار بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران بکەن. وتیشی کە ئەو لە ناو ئازەری و کوردەکان دا بە باشترین دۆستی ئازەریی کوردەکان دەناسرێ و رابردوویەکی دێرینەی لە ئاشنایەتی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان ، بە تایبەت ئاشنایەتی لە گەڵ دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و عەبدوڵڵا حەسەن زادە هەیە.

لە رۆژانی ١٨، ١٩ و ٢٠ی نوڤامبر کۆنفرانسێک بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کە نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی سەر بە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئەو وڵاتەی لە خۆ گرتبوو،

لە شاری هێلسینکی پێتەختی وڵاتی فینلەند پێک هات. ئەو کۆنفرانسە تایبەت بوو بە تاوتوێ کردنی پرسی فیدرالیزم و دێسانترالیزە کردنی دەسەڵات لە ئێرانی داهاتوو کە تێیدا هەریەک لە ڕەزا کەعبی لە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کاوە ئاهەنگەری لە حیزبی دێموکراتی کوردستان، مەجید حەقی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حەسەن شەمسی لە کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران و دوکتور گوڵمراد مرادی لە بزوتنەوەی دێموکراتیکی یارسان بەشدار بوون و هەرکام روانگەی حیزبەکەی خۆیان لەم بارەوە خستە روو. لە کوردەکانی دیکەش رەئوف کەعبی نوێنەرایەتی ئیتحادی فیداییانی خەڵکی ئێرانی دەکرد و هەروەها دوکتور محمد عەلی تۆفیقی وەک رۆژنامەنووس راستەوخۆ بەشداری کۆنفرانس بوو و باسێکی لە سەر فیدرالیزم پێشکەش کرد. لە دووریشەوە و لە ڕێگای سکایپ، دوکتور ئاسۆی حەسەن زادە مامۆستای زانستگای فەرانسەوی - لوبنانیی هەولێر و شەهابەدین شێخی رۆژنامەنووس لە وڵاتی ئاڵمانەوە، بەشدار بوون و قسەیان کرد.

لە رۆژی دووهەم و بە پێی بەرنامەی کاری کۆنفرانس، نوێنەرانی هەر یەک لە حدکا و حدک - بە ئانقەست یان بە هەڵکەوت - لە پانێلێکی هاوبەش و لە تەنیشت یەک بەشدار بوون و باسەکەیان پێشکەش کرد. ئەوەش خۆشحاڵی و تەشویقی سەرجەم ئامادەبوانی لێکەوتەوە و دوکتور حسین لاجوێردی، وەک ڕێکخەری سەرەکیی کۆنفرانسەکە ئەوەی بە یەکێک لە دەسکەوتەکانی کۆنفرانس وەسف کرد.

ئەوەی لەم کۆنفرانسەدا هەستی پێ دەکرا، هەوڵی زۆری دوکتور لاجوێردی بوو بۆ راکێشانی سەرنجی زیاتری لایەنەکان بۆ پێشوازی و پەیوەست بوون بە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کە ماوەی حەوت ساڵ بەسەر دامەزرانی دا تێپەڕیوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە لە ناو کوردەکان دا هەست دەکرێ کۆنگرە لە ژێر هێژێمۆنیی لایەنێکی ناو کۆنگرە، بەرگری دەکا لە پەیوەست بوونی لایەنەکانی زیاتری رۆژهەڵاتی کوردستان. ئەگەرچی پێشتر لەو بارەوە قسەم لە گەڵ دوکتور زیا سەدرولئەشرافی کردبوو و ئەو رەخنەیەم رووبەروو کردبۆوە، بەڵام دەرفەتێکی زۆر کەمم دەسکەوت تا لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی دا ئەو پرسیارەی بەرەوروو بکەمەوە.

وتەبێژی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ هەرچەند وتی کە کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان داوای بەئەندامبوونیان نەکردووە بەڵام نکۆڵی لەوە نەکرد کە کێشەی حدکا لە گەڵ حدک بەربەستی وەرگرتنی حدک بووە بۆ ئەندامەتی لەو پێکهاتەیەدا. لەم بارەوە وتی کە ئەوان کار بۆ یەکخستنەوەی ریزەکانی حیزبی دێموکرات

دەکەن.

دوکتور زیا سەدرولئەشرافی پێشینەی ئاشنایەتی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکرات بۆ ئەو کاتە دەگەڕێنێتەوە کە دوکتور قاسملوو رێبەری ئەو حیزبەی بە دەست بوو و دەڵێ: "ئەو کات بە هۆی ئیرەج ئەسکەندەری و لە رێگای عەبدوڵلا قادری ئازەرەوە لە گەڵ دوکتور قاسملوو ئاشنا بووم. لە رێورەسمی ناشتنی شەهید دوکتور شەرەفکەندی دا بەشدار بووم و دواتر کە کاک حەسەن زادە سکرتێری حیزب بوو، چووم لە گەڵی دانیشتم و لە بابەت پێوەندیی نێوان کوردەکان و ئازەربایجانییەکان لە ناوچەکانی ئازەربایجانی رۆژئاوا و ناوچەکانی تر قسەم کرد." سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ نایشارێتەوە کە ئەو "ئاشنایەتی لەگەڵ کاک حەسەن زادە زیاتر تا کاک هیجری" بەڵام دەڵێ کە "ئارەزووی من ئەوەیە یەکێتی ئەو دوو باڵەی حیزبی دێموکرات وەدی بێ، چونکە ناکۆکی سیاسی دەبێ ببێتە هۆی گەشە کردنی جەریانێکی سیاسی و نابێ بخرێتە قۆناخێکەوە کە لاوازیی ئەو جەریانەی لێ بکەوێتەوە و دێموکراسی یانی توانایی تەحەمولی بیروڕای جیاواز." لەم بارەوە وتەی خانمە وەزیرێکی فەرانسەوی لە سەردەمی دەسەڵاتی ژیسکار دێستەنی گێڕایەوە لەو کاتەدا کە فرانسوا میتران، یاسر عەرەفاتی بانگهێشت کردبوو؛ "پرسیاریان لێ کرد کە بیروبۆچوونت لەو بارەوە چیە و لە وڵامدا کوتی بە رای من ئیسرائیل دەبێ لە گەڵ یاسر عەرەفات بکەوێتە وتووێژەوە. وتیان ئاخر موخالفی یەکترن، لە وڵام دا وتی ئینسان لەگەڵ موخالفی خۆی وتوێژ دەکا نەک لە گەڵ هاو نەزەرەکەی."

دوکتور سەدرولئەشرافی کە وەک خۆی دەڵێ هەم لە ناو تورکە ئازەریەکان دا و هەم لە ناو کوردەکان دا بە باشترین دۆستی ئازەریی کوردەکان ناسراوە، دەڵێ: لەو محەبەتەی ئەو ئازیزانە کەڵک وەردەگرم و وەک بەرپرس و وتەبێژی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ داوا دەکەم دوو لایەن لەگەڵ یەک دابنیشن و ئەوەی لە دەستی منیش بێ لەم بارەوە تەنەخی ناکەم، ئاکامەکەشی پێوەندی بە خۆیانەوە هەیە.

لە بابەت ئەوە کە ئاخۆ ئەوان بەرنامەیەکیشیان هەیە بۆ پێکهێنانی دیالۆگ و نیزیک کردنەوەی ئەو دوو لایەنەی حیزبی دێموکرات، سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ ئاشکرای دەکا کە ئەوان "لە کۆنگرەدا خەریکن پەیماننامەیەک بێننە بەرباس کە ئەو نەتەوانە هەر جۆرە ناکۆکیەکیان لەگەڵ یەک هەبێ، دەبێ بە شێوەی هێمنانە و ئاشتیخوازانە چارەسەری بکەن و سروشتیە کە ئەوە ئەندامانی جیاوازی ناو هەر کام لەو نەتەوانەش

دەگرێتەوە و راست بەو هۆیەیە کە من داوا لە کاک حەسەن زادە و کاک هیجری دەکەم کە حەتمەن قسەکانم دەبیسنەوە، هەر وا بکەن و ئەوە بە قازانجی نەتەوەی کوردە."

تاهیر قاسمی ئەو راپۆرتەی ئامادە کردووە

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ١ی دێسەمبەری ٢٠١٠

---

## دیمانەیەک لەگەڵ بەرێز عەلی میهرپەروەر

### عەلی مێهرپەروەر: (بەر لە لەتبوون) مۆرەکانی رێژێم هەوڵیان دەدا بەخۆنزیک کردنەوە لە جیناحێک پشتی خۆیان قایم بکەن

***پرسیار**: وەک سەرەتایەک بۆ چوونە ناو باسەکە تکایە بە کورتی باسێک لە کارنامەی کۆمیتەی کەمپەینی ئاشتی و پێشکەوتنەکانی لە ماوەی چەند مانگ کار و تێکۆشانی بۆ خوێنەران بخەنە روو.*

***وەڵام**:* کەمپینی یەکبوون کە بە بڵاو کردنەوەی بانگەوازێک بوونی خۆی راگەیاند، زۆری نەخایاند لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەرەوروو بوو. ئەو پێشوازیە نیشاندەری ئەو راستیە بوو کە مەیل بۆ لای یەکگرتنەوە ویەکبوونەوەی دووبارەی حیزب، ویستی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە. دیارە ئەگەرکەسانێک هەن کە لایەنگرییان لێ کردووە، هەر لەسەرەتاوە تا ئیستا کەسانێکیش هەن کە بەربەرەکانێیان لەگەڵ کردووە وکۆسپیان خستوەتە سەر رێگای. دیارە ئەوە شتێکی سروشتییە چونکوو یەکبوونەوە زیان بە بەرژەوەندی کەسانێک دەگەیەنێ کە بەهۆی لێکدابڕان پلەو پایەیەکیان بە نسیب بووە. سەیر ئەوەیە کە موخالیفەکانیش بەرواڵەت دان بەوەدا دەنێن کە یەکبوونەوە و یەکریزی و دیالوگیان پێ باشە بەڵام لەگەڵ کۆمەڵێک ئەمما و ئەگەرو مەرج دانان کە لە راستیدا هەر وەک موخالیفەت وایە. بە گشتی ئەگەر قسە لە

دەستکەوت بکەین لەوانەیە شتێکی کۆنکریت و مەلمووسمان بە دەستەوە نەبێت، بەڵام ئەوەی کە باسی یەکبوونەوە چووەتە نێو بەدەنەی هەردوو بەشی حیزب و بە شێوەی جۆراوجۆرلە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەکەوێتە بەر باس، جێی خۆشحاڵییە. چونکوو ئەو باسکردنانە بۆخۆی بەمانای بوونی کێشەیەکە کە هەڵدەگرێت بە شوێن ڕێگەچارەدا بگەڕێیت.

***پرسیار:*** ***کەسانێک پێیان وایە کەمپەین و کومیتەکەی لە دامەزرانیەوە تا ئێستا ڕەوتی روو بە هەڵکشانیان بە خۆوە نەدیتوە. ئەوە لە روانگەی ئێوەوە چۆن چاو لێ دەکرێ؟***

***وەڵام:*** پیم وایە تێگەیشتنێکی هەڵە لە ڕەوتی یەکبوونەوە لە ئارادایە. هەڵە تێگەیشتنەکە ئەوەیە کە یەکبوونەوە تەنیا بە کاری کومیتە یان چەند کەسێکی دەست نێشانکراو دادەنرێ. بۆیە ئەگەر هەر رۆژ لە لایەن ئەو کەسانەوە هەواڵێک بڵاو نەکراوە مانای ئەوەیە کە ڕەوتی یەکبوونەوە رووی لە کزی کردووە یان بە پێچەوانەوە. موخالفەکانی یەکبوونیش توشی هەمان هەڵەی لێکدانەوە بوون. ئەوان پێیان وایە بە هەڕەشە و گورەشە یان سزادانی چەند کەسایەتیەک لە کومیتەی یەکبوون دا دەتوانن ڕەوتی یەکبوون پەک بخەن. لە کاتێکدا کە ئەو ویستە پێش لە ڕاگەیاندنی بانگەوازەکەش لە ناخی ئەندامان و لایەنگراندا هەر هەبووە. بۆیە نابێ کە پێشکەوتن یان نەکەوتن تەنیا لە چالاکی کومیتەدا ببیندرێت. هەرچەند نکۆڵی لەوە ناکری کە بەرنامەرێژی و هیدایەتی ڕەوتەکە ئەرکی کومیتەیە. ئەوە لەلایەک، لە لایەکی دیکەوە یەکخستنەوە یان بە یەککردنەوەی لایەنەکان بە تەنیا لە دەست یەکبوونخوازاندا نیە بەڵکوو بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێک هەلومەرج وباودۆخی تایبەت. لەوانەیە هەلومەرجێک لە باری سیاسیەوە لە داهاتوو دا بێتە کایەوە کە ڕەوتەکە توندتر یان ئەهوەنتر بکاتەوە کە بەدەر لە ئیرادەی یەکبوونخوازانە.

***پرسیار:*** ***زۆر جار دوو لایەنی حیزبی دێموکرات لە بەیان و ڕاگەیەندراوەکانیان دا بە زیان یان قازانجی یەکگرتنەوە قسە دەکەن، بەڵام ئێوە لە بەرامبەر هەردوکیان دا بێدەنگی هەڵدەبژێرن. لە کاتێکدا ڕەنگە زۆر کەس چاوەڕوانی هەڵوێستی بە وەخت لە ئێوە بن. بۆچی بێدەنگی هەڵدەبژێرن؟***

***وەڵام:*** کەمپینی یەکبوون خۆی لەناخی هەموو ئەو ئەندامە یەکبوونخوازانە دا دەبینێتەوە کە لەهەر دوو لادا

تێکۆشانیان هەیە. ڕێبەرانی هەرلایەک کە بە دژ یان بە موافقی ڕەوتی یەکبوون لێدوان دەدەن نەخش و ڕوانگەی خۆیان لەو بوارەدا دەر دەخەن و ڕوویان لە جەماوەری خەڵک و ئەندامانی حیزبە، پێویست ناکات بە دەربرینی هەر بۆچوونێک کومیتەی یەکبوون دەست بەجێ هەڵویست بگرێت. لەو کاتەدا لەوانەیە ئێمە ببینە هۆی قووڵتر کردنەوەی کەلێنی نێوان دوو لایەنەکە.

***پرسیار**: ئێوە بە پێی ڕەواڵ ئەو کاتانە هەڵوێست دەگرن کە هەردولا شتێک پێچەوانەی هەڵوێستی ئێوە دەربڕن. یان بە واتایەکی دیکە هەڵوێستتان هەمیشە وا بووە کە بتوانن بە شیوەی ڕێژەیی ڕەخنە لە هەر دوو لا بگرن. ئەوەش لە ڕوانگەی چاوەدێران بۆ ئەوەیە کە لایەنێک تانەی لایەنگری لە لایەنەکەی دیکەتان لێ نەدا. پێتان وا نیە کاتی ئەوە هاتووە کە لە سیاسەتی ڕەخنەی نیوە بە نیوە خۆ دوور بگرن؟*

***وەڵام**:* ئەوەی کە ئەگەر هێرشێک بکرێتە سەرمان یان بەشتێک تاوانبارمان بکەن کە ئێمە لێی بەری بین، پێویستە لە وەها حاڵەتێکدا وەڵامی خۆی پێ بدرێتەوە و ڕاستیە کان بە خەڵکی بوترێت. ئێمە زۆر جار باسی ئەوەمان کردوە کە نە دەستکردی لایەنێکین نە ئامرازی تەبلیغاتی بۆ لایەنێک بە دژی لایەنێکی دیکە. هەروەها کەمپینی یەکبوون نە لایەنێکی سێهەمە (ماوەیەک ئەوناوەیان وەدوا خستبووین) نە لایەنگری لایەک و نەیاری لایەکی دیکە. ڕەوتی یەکبوون بەگشتی لەناخی هەموو ئاشتیخوازان دایە و هاورای بەشێکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی هەردوو بەشی لێکدابراوی حیزبە بە تایبەتی. ئێمە باش دەزانین کە ئەوە ڕێبەرانی حیزب بوون کە جەستەی حیزبیان شەق کرد ئیستاش ڕێبەرایەتی دەتوانێ بە هەست کردن بە ئەرکی گرانی سەر شانیان و وەڵام بە داخوازی یەکبوونخوازان، ئەو برینە سارێژ بکاتەوە. خۆزیا وا نەبوایەو بەدەنەی ئەوحیزبە توانایی خۆی بە بێ چاوەڕوانی لە ڕێبەرایەتی بۆ سەریەکخستنەوەی حیزب وا بخستایەتە گەڕ کە یەکریزی و یەکبوونەوەی بە سەر ڕێبەرایەتیدا بسەپاندایە بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە ڕێبەرایەتی بڕیارەکان دەدات و بەڕێوەیان دەبات. هەر بۆیە کەمپین نایهەوێ بە هەڵوێستی ناوەخت ونابەجێ ئاگری دووبەرەکی خۆش بکات. لە هەمان کاتدا چاوەڕوانی لەو ئەندامانەی نێو ریزی ڕێبەرایەتی کە هەست بە پێویستی نزیکبوونەوە و تەنانەت یە کبوونەوەش دەکەن، ئەوەیە کە ڕاشکاوانەتر بێنە مەیدان و ئەرکی نیشتمانی خۆیان بە جێ بگەیەنن، گومانیان نەبێ کە خەڵک وەها چاوەڕوانییەکیان لێیان هەیە وهەنگاوەکانیان بەرز دەنرخێنن. موخالیفەکانی یەکبوون دژایەتی خۆیان لەگەل یەکبوونخوازان ناشارنەوە و چیان لە دەست بێت بۆ پەککستنی ڕەوتی یەکبوون دەیکەن. ئەو ڕێبەرانەش کە بە دڵ

خوازیاری ئاشتی وتەبایین جێی خۆیەتی دەنگی خۆیان بەرزتر بکەنەوە و دیفاع لە ئامانجەکەیان بکەن. بەو شێوە ئەندامەکانی لایەنگری یەکریزیش بێگومان پشتیان دەگرن.

***پرسیار: باشە بە شێوەی کۆنکرێت و بە جیاواز داوای ئێوە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چیە؟***

***وەڵام:*** ئیمە داوایەکی تایبەتیمان لە هێچ لایەک بەتەنێ نیە. داوای سەرەکی ئێمە چارەسەری کێشەکانی نیوان دووبەشی حیزب لە رێگای دیالۆک و وتووێژە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لیدوانەکانی رێبەرانیدا باس لە دانێشتن و ئامادەیی بۆ دیالوک بە بێ مەرج دەکا و ئەوە نە هەر لای ئێمە بەڵکوو لە لای بیروڕای گشتیش جێی پەسەندە. لایەنی دیکەش واتا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران باس لە چارەسەری کێشەکانی لەگەل بەشەکەی دیکە بە شێوەێ ئاشتیخوازانە دەکا و دیالوگ بە گشتی رەد ناکاتەوە بەڵام مەرجی تایبەتی بۆ ئەو دانیشتنانە هەیە و ئەویش داوای گۆرینی ناوەکەیانە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەو پرسیارە لە بەرانبەر هەردوولادا دابنێین: ئەگەر هەردوولاتان دان بەوەدا دەنێن کە دیالۆگتان قەبووڵە، ئایا ناکرێ نە حدکا پێ لەسەر گۆرینی ناو دابگرێ و نە حدکیش هەوڵی ئەوە بدات هەر دەبێ رووبەروو دابنیشن تا بەو شێوە بە فەرمی خۆیانیان پێ بناسێنن. وەک لە دیپلوماسیدا باوە، با ناراستەوخۆ لەگەل یەکتر دانیشن و بەهۆی لایەنێکی سێهەم کە جێگەی پەسەندی هەر دوولا بێت قسەکانی خۆیان بە لایەنی بەرانبەر بگەیەنن. نموونەی ئەو جۆرە دانیشتنانە زۆرن. هەر چەند لەوانەیە ئەو جۆرە دانیشتنانە دڵخواز نەبن بەڵام بۆ قۆناخی ئیستا هەنگاوێکە لە راستایەکی دروستدا.

***پرسیار: ئایا دوو حیزب تا ئێستا بە رەسمی یان بە شێوەی غەیرە رەسمی دانیان بە بوونی رەوتێک بە ناوی رەوتی یەکگرتنخوازی کە پتر لە چوارچێوەی کەمپەینی یەکبوون دا کۆ بۆتەوە، داناوە؟***

***وەڵام:*** تائیستا لایەنی حدک هەم وەلامی نامەی کەمپینی داوەتەوە هەم دان بە بوونیدا دەنێ .بەلام لایەنی حدکا تا ئیستا بە نووسراوە وەڵامی نامەکانی کەمپینی نەداوەتەوە.

**دووپات کردنەوەی سیاسەتەکانی پێشووی حدکا لە لایەن کاک مستەفا هیجری لە گۆواری لڤین دا پێچەوانەی**

چاوەڕوانیی ئەو خەڵکە بوو کە پێیان وابوو بە دوای ئاشتی نێوان کاک حەسەن شەڕەفی کەسی دووهەمی ناو حدکا و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە دیارترین کەسایەتیی ناو حدک، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گۆڕانی لە سیاسەتەکانی دا پێک هێناوە یان پێک دێنێ. ئایا بە بڕوای جەنابت کاک حەسەن شەڕەفی پێچەوانەی سیاسەتی حیزبەکەی جوڵایەوە و بە پێی وتەکانی کاک مستەفا، هەڵەی کرد؟

ئەو حەرەکەتە کە بەڕێزکاک حەسەن شەرەفی وەک جێگری سکرتێری گشتی حدکا و بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە وەک کەسایەتی دیاری ناو حدک لە ڕێورەسمی پەردە لادان لە سەر مونۆمێنتی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو لە وییەن نیشانیاندا هەر چەند لەخۆیدا حەرەکەتێکی بەجێ بوو، بەڵام زیاتر لەوە کە وەک ئاشتی لە نێوان نوێنەرانی دوو جەرەیانی سیاسی چاوی لێ بکرێ باشترە وەک دەربڕینی سۆزێکی دۆستانەی دووهاوڕێ و هاوسەنگەری پێشووی یەکتر سەیربکرێت. چوونکو ئاشتی مانای خۆی هەیە بەتایبەت ئاشتیی سیاسی. ئاشتی تەنانەت لەنێوان دووکەسی ئاساییشدا دوای دەربڕینی گلەیی و گازەندەکان لە یەکترو قەبووڵکردنی ڕخنەکان لە یەکترو بەکورتی گەیشتن بە تەوافوق دێتە کایەوە. وەک هەنگاوێکی دروست لە ڕێورەسمێکدا بەڵێ بەڵام وەک شتێکی کاریگەر لە ڕەوتی یەکبوونەوەدا، بەداخەوە، نە.

***پرسیار:*** *ئەوە ڕاستە کە کێشە و ناکۆکیە چەند ساڵەییەکانی حیزبی دێموکرات خۆی زەمینەی ئەو لەتبوونە بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی زیاترین قازانجی لەو لەتبوونە پێ بڕا. ئایا دەتوانین بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێن پێی ئیتلاعات لەو لەتبوونەدا ببینینەوە؟*

***وەڵام:*** ئەو لێکدابڕانە شتێکی کوتووپڕو "خلق الساعە" نەبوو بەڵکوو ئاکامی کەڵەکەبوونی کێشە چارەسەر نەکراوەکانی کۆن بوو. چارەسەرەکەیشی نە ئاسانە و نە کاری یەک ڕۆژ و دوو ڕۆژە.

ئەوەی کە دوژمنانی گەلی کورد و لەسەرەووەی هەموان کۆماری ئیسلامی کەڵکی لەو ڕووداوە وەرگرتبێت، قسەی تێدا نیە و سروشتییە کە کۆماری ئیسلامی ویستبێتی کەلێنی نێوان دوو جەناح لە حیزبدا هەرچی زۆرتر قووڵ و بەرینتر بێتەوە. ئەو ڕێژیمە بە درێژایی تەمەنی خۆی هەوڵی داوە کە مۆرەکانی خۆی بخزێنێتە نێو ڕیزەکانی حیزبەوە. زۆر جاریش لەو کارەدا ئەگەر بۆ کورت خایەنیش بووبێت سەرکەوتوو بوە و زۆر جاریش مۆرەکانی

ئاشکرابوون و لە حیزب وەدەرنراون. ئەوەی کە بەداخەوە دەرەتانی لەباری بۆ مۆرەکانی ڕیژیم دەرەخساند کەش و هەوای ململانێییەکی ناسالم لە نێو حیزبدا بوو. ئەو مۆرانە هەوڵیان دەدا بە خۆ نزیک کردنەوە لە جیناحێک پشتی خۆیان قایم بکەن. مەبەستی من ئەو کەسانەن کە بەپێی ڕێنوێنی ریژیم دەیانویست خۆ لە نێو لاوانی بەهەست دا حەشار بدەن و بخزێنە نێو ریزەکانی حیزب و ئەرکەکانیان بەرێوە بەرن، دەنا هەر وەک وترا زۆر لاوی شۆرشگێر و نیشتمانپەروەر هاتوونە نێو ریزەکانی حیزب و لەوپەری دڵسۆزیدا خزمەتیان بە گەلەکەی خۆیان کردوە. بۆیە نابێ حیسابی ئەو لاوانە لە گەڵ هیندێک سیخۆر کە بە زۆری پەتەیان دەکەوتە سەر ئاو و لە حیزب وەدەر دەنران تێکەڵ بکرێت. بەو حاڵەش ناکرێ بە دڵنیاییەوە بوترێ کە هیچ مۆرەیەکی رژیم نەیتوانیوە خۆی لە نێو ریزەکانی حیزبدا مەڵاس بدات. گومانی تێدا نیە کە ئەو جۆرە کەسانە زۆر بە وریایی و بە پێی ئەو ڕێنوێنیانە کە وەریانگرتوە، یان بە کەڵک وەرگرتن لەو ئیمکاناتە بەرفراوانەی پیوەندی کە ئیستا لەبەردەست دایە وەک تۆری ئینترنیت، موبایل و... رۆژانەش ڕێنوێنی وەردەگرن و ئەرکی خۆیان بە پێی راسپاردەکانیان بەجێ دەگەیەنن. سەرەرای ئەوانە ناکرێ دابەش کرانی حیزب بەکاری ریژیم دابنرێ بەڵکوو تاوانباری سەرەکی خۆمان بووین وک ئەوەی کە دۆڕاوی سەرەکیش هەر خۆمانین.

***پرسیار: ڕاگەیاندن بە تایبەت تۆڕی ئینترنێت رۆڵی سەرەکی لە تەقاندنەوەی کێشەکان و قووڵ کردنەوەی ناکۆکیەکان دا بینی. ئەگەر بەشێکی بۆ هەڵەی ڕێبەریی و بەدەنەی حیزبەکە لەم بارەوە بگەڕێنینەوە، ئایا دەتوانین بەشێکیش بۆ ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی تەرخان بکەین؟ بە تایبەت مەبەستم بابەتە بێ ناوەکانە.***

***وەڵام:*** هیچ گومانی تێدانیە کە کۆماری ئیسلامی تەنیا لە یەک شێوە بۆ زەربە وەشاندن لە نەیاران و و ئۆپوزسیۆنی خۆی کەڵک وەرناگرێت بەڵکوو لە هەموو ئیمکاناتێک بۆ تێکدانی ریزەکانیان سوود وەر دەگرێت. ریژیم دەرەتان و ئیمکاناتی زۆری لەبەر دەستدایە وەک رادیو، تلویزیۆن، رۆژنامە، ئینتیرنیت و... زۆر کەرەسەی تەبلیغی دیکە. لەو نێوەدا کەسانێک هەن کە بە نووسینی بابەتی جۆراوجۆرو سازکردنی درۆ و دەلەسە و بڵاو کردنەوەی زانیاری نادروست و هە وڵدان بۆ بنکۆڵکردنی بیروباوەرەکان و لەبەرچاو خستن و سووک و بێ بایەخ کردنی بەهاکانی جێی رێز لە نێو خەڵک و لە نێو حیزبەکاندا نەخشی خراپ دە گێرن و راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ سوودیان بە ریژیم گەیاندوە. ئەو بابەتانە کە زیاتر بە ناوی خوازراو بە دژی ئەم یان ئەوکەس یان لایەن لەسەر هیندێک سایت بڵاو دەکرینەوە بە زۆری فڕیان بەسەر راستیەوە نەبوە و نیە. بەڵام چ پێمان خۆش بێت چ ناخۆش

بێت هەر کام لەو بابەتانە کەم تا زۆر کاریگەرییان لەسەر خوێنەرانی خۆیان هەیە. لێرەدا با ئەوەش بڵێین کە ئەو سایتانە کە ڕێگە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ناراست وبێ بەڵگە و تۆمەتی دڵ دوژمن خۆشکەر دەدەن لەو نێوەدا بێ تاوان نین. چونکوو وا نیە کە هیچ بابەتێک بە بێ ڕەزامەندی بەرپرسانی ئەو سایتانە چووبێتە سەر سایتەکان. ئەگەر زۆر خۆشبینانە چاو لە مەسەلەکە بکەین ئەوەیە کە خاوەنی ئەو جۆرە سایتانە ئەگەر بابەتێک بە دژی خۆیان نەبووبێ با دژی هەر کەس و لایەنێک بوو بێت، دایاننـاوە و پاساوی ئازادی بەیانیان بۆ هێناوەتەوە. (لێرەدا مەبەستی من ئەوە نیە کە ئەو سایتانە بە مۆرە و دەستکردی ڕیژیم بزانم و ئەو تاوانە ناخەمە پاڵیان) تەنیا ئەوەیە کە بیانهەوێ و نەیانهەوێ ڕژیم پتر سوود لەو مەسەلە وەردەگرێت. نووسینی بابەت لە ژێر ناوی خوازراو لەسەرهەندێک لە سایتەکاندا بووەتە کارێکی ئاسایی بێ ئەوەی تاوانبارکراو بزانێ وەڵامی چ کەسێک بداتەوە. دیارە ڕخنەی بە جێ و بە بەڵگە هەر چەند تاڵیش بن، کەس ناتوانێ نکۆڵیان لێ بکات و هیچ پێویستیش ناکات بە ناوی خوازراو بن. ئەو جۆرە بابەتانە دەرکی دیالۆگ ومناقشەی شارستانیانە دەکەنەوە و سایتەکانیش بۆ وەها بابەتگەلێک تریبوونێکی باشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٠

---

## ئەرێ کۆنگرەی پازدە بەسەرکەوتنەوە کۆتایی پێهات؟!

پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی ٨ی جۆزەردان کۆتایی پێهات. کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبە وەک هەمیشە "بە خۆشحاڵییەوە" ڕایگەیاند کە "پازدەهەمین کۆنگرەی حیزبی دیموکراتی کوردستان، دوانیوەڕۆی ٨ی جۆزەردان(٢٩ی مای ٢٠١١)، بەسەر کەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا"، بە بێ ئەوەی جارێک تاریف و چۆنیەتی کۆتایی "سەرکەوتوانەی" کۆنگرە و کۆبوونەوەکانی بۆ بەردەنگەکانی خۆی ڕوون کردبێتەوە.

ئەگەر مەبەست لە سەرکەوتنی کۆنگرە تەنیا باس و لێدوان و سەرەنجام پەسەندکرانی ئەو بەڵگەنامانە بێ کە کۆمیتەی ناوەندی خستیە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە، ئەگەر مەبەست سەرلەنوێ هەڵبژێرانەوەی ئەندامانی ڕێبەری

بە ٣-٤ کەس ئاڵوگۆڕ بێ، ئەوە کۆنگرەی پازدەش وەک هەر کۆنگرەیەک لەم دنیایەدا "سەرکەوتوو" بوو و هیچیش پێویست ناکا بە خۆشحاڵی یان بە خەمناکیەوە کۆتاییەکەی بە خەڵک رابگەیەنین.

بەڵام ئەگەر رادەی سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی هەر کۆنگرەیەک بەستراوە بێ بەوە کە ئەو حیزبە و بە تایبەت رێبەریەکەی تا چەند توانیویەتی بەرنامە و پرۆژەکانی کۆنگرەی پێشوو لە مەودای دوو کۆنگرەدا جێبەجی بکا و لەوەش زیاتر تا چەند توانیویەتی حیزبەکە لە بوارەکانی سیاسی، تەشکیلاتی، پەروەردە، ماڵی، راگەیاندن و بوارە جۆراوجۆرەکانی دیکە بەرەو پێش بەرێ، بە بڕوای من حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە تایبەت رێبەریەکەی تا کۆنگرە نمرەی قەبوڵی وەرنەگرتووە و حەق نییە "بە خۆشحاڵیەوە" پێمان رابگەیەنێ کە "کۆنگرە بەسەر کەوتنەوە کۆتایی بە کارەکانی هێنا".حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئەنجامی کۆمەڵێک قەیرانی تەشکیلاتی و سیاسی لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی پێشوودا، بە دەستی خاڵی لە باری ماڵی بەڵام بە سەرمایەیەکی گەورەی ئینسانیەوە چ لە ناو حیزب و چ لە دەرەوەی حیزب، ناچار ملی بە لەتبوون دا. لە دوای لەتبوونەوە ئەو حیزبە بەردەوام بەرەو هەڵکشان و گەشەکردن هەنگاوی بە بڕشتی هاویشت.

ئەو هەڵکشانە تا کۆنگرەی چواردە بەردەوام بوو. لە کۆنگرەی چواردەدا کۆمەڵێک بەڵگەنامەی گرینگ و لە سەرووی هەموانەوە بەرنامە و پێڕەوی نوێ کە دەرەنجامی ماوەیەکی زۆر کار و تێکۆشان و کۆکردنەوەی فکری کۆمەڵێکی زۆر لە شارەزایانی ناو حیزب و دەرەوەی حیزب بوو، پەسەند کران. لە بەرنامەی حیزبدا گەشە بە خواستی نەتەوەیی درا و هاوکات دێموکراسی ناوخۆیی و هەنگاونان بۆ دێسانترالیزە کردنی قەوارەی حیزب لە پێڕەوی ناوخۆ دا رەنگی دایەوە. رێبەریەک بە دوور لە هەر جۆرە دەمارگرژی و ناوچەگەری و... هەڵبژێردرا. بۆ یەکەم جار میکانیزمی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ بە مەبەستی رێگەخۆش کردن بۆ سەرکەوتنی ژنان لە کۆنگرەدا هاتە ئاراوە، لاوان بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی رێبەریان پێکهێنا و هاوکات بەشی هەرە زۆری رێبەرانی لەمێژینەی ئەو حیزبە، ئەگەرچی ئێستاش سەرمایەی گەورەی فکرین، بەڵام دەستیان لە رێبەری کێشایەوە و جێگای خۆیان بۆ لاوەکان بە جێ هێشت.

ئەوانەی سەرەوە تەنیا بەشێک بوون لە دەسکەوتەکانی کۆنگرەی چواردە. بەڵام هەر بە دوای کۆتایی کۆنگرە، رەوتی داکشان و نوشستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستی پێ کرد. ئەو رەوتە لە ٦ مانگی یەکەم دا کە بەرێز

کاک خالید عەزیزی وەک وتەبێژی حیزب کاری دەکرد خاوتر بوو بەڵام لەو کاتەوە کە ئەرکی سکرتێری حیزبی بە ئەستۆ گرت، ڕەوتێکی خێراتری بەخۆوە گرت. ڕێبەری بە کردەوە ڕەوتی بچووک کردنەوەی حیزب و خڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناو دەستی خۆی دەست پێکرد، پشتی لە زۆربەی بڕیار و پەسەندکراوەکان کرد.

بۆ وێنە تاقە جارێکیش کۆماری کوردستان وەک ئامانجی ستراتژیی ئەو حیزبە لە وتەی ڕێبەرانی دا ڕەنگی نەدایەوە. هیچکام لە ڕێبەرانی حیزب چ بە زمان و چ بە نووسین جارێک دیفاعیان لە بەرنامەی حیزبەکەیان نەکرد، گەشەدان بە بیری نەتەوەیی هیچ ڕەنگدانەوەیەکی لە گوتاری حیزبدا نەما. ئەو کۆمیسیۆنانەش کە بە مەبەستی دێسانترالیزەکردنی قەوارەی حیزب لە ئەساسنامەدا گونجێندرابوون، کەوتنە بەر ڕقی ڕێبەریی حیزبەوە و یەک لە دوای یەک خنکێندران یان نیوە گیان کران.

ڕووناکبیرانی دەور و دەرەوەی حیزب کە لە ناویان دا ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستایانی زانستگا هەبوون، یەک لە دوای یەک تەرە کران و لەو حیزبە دوور خرانەوە. ڕووناکبیرانی ناو حیزب ناهومێد کران، لە جیاتی کەڵکوەرگرتن لە تواناکانی ناو حیزب و دەرەوەی حیزب، کاری تاکەکەسی جێگای بە کاری هەرەوەزی لێژ کرد، تواناییەکان پەڕاوێز کران، ڕاگەیاندن ئەگەر نەڵێم داکشانی بە خۆوە دیت، لەو ئاستەدا قەتیس ما کە بەر لە کۆنگرەی چواردە هەبوو، تەشکیلاتی ئاشکرا هەڵوەرینی بەخۆوە دیت و خەبەرێکیش لە "ئاموزش" و پەروەردەی حیزبی و نەتەوەیی بۆ ئەندامان نەما. تەنیا شتێک کە تا ئێستاش بەردەوام بەچاوی ئەندامان دا دەدرێتەوە، ڕێگەدان بە دەربڕینی بیروڕای ئازادە کە ئەوەش هێشتا لە بنکەکانی حیزب دا پرسیاری لەسەرە و ئەوەندەش کە پێوەندی بە ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی بنکەکان هەیە، خێرێک نییە کە ڕێبەریی حیزب بتوانێ پێیانی بکا.لە زۆربەی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەی ١٥ دا و بۆ وێنە لە کۆنفرانسی ئەندامانی حیزب لە وڵاتی فینلاند کە بۆخۆم تێیدا بەشدار بووم، زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەوانەی تریبونیان وەرگرت، قسەکانیان لە دەوری داکۆکی لە بڕیارەکانی کۆنگرەی چواردە و پێویستی پێداگرتنەوەی کۆنگرەی پازدە لە سەر ئەو پەسەندکراوانە خولی دەدا. لە ڕاستی دا ئەندامان بە جێگای ئەوە کە بیر لە پێشکەوتنی زیاتر بۆ حیزبەکەیان بکەنەوە، ناچار بوون دیفاع لە دەسکەوتەکانیان بکەن. ئەمە بۆ من تراژێدی بوو کە بە ئاشکرا دەمدیت بەدەنە لە بەرامبەر ڕێبەریی دا کەوتبووە بەرگری لە دەسکەوتەکانی کۆنگرەی پێشوو!

لە حاڵێک دا کە ئەگەر حیزبەکە ڕەوتی دروستی خۆی پێوابا، ئەندامان دەبوو بیری نوێیان داهێنابا، یارمەتیان

بە روونکردنەوەی پەسەندکراوە تەماویەکانی کۆنگرەی پێشوو کردبا، ژنان دەبوو لە دەست میکانیزمی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ رزگار کرابان و هاوکات کاندیداکانیان بۆ رێبەری چەند بەرابەر بووبا، دەبوو بۆ هەرکام لەو ناوچانەی کە رێژەی ئەندامیان لە رێبەری دا نییە یان کەمە، چەندین کادر وەک کاندیدی رێبەری پەروەردە کرابا، دەبوو ئەندامان بە بیری نەتەوەیی زیاتر گۆش کرابان، دەبوو لە سایەی دێسانترالیزە کردنی قەوارەی حیزب و دابەشکردنی دەسەڵات، چیدی هیچ ئەندامێک حیزبایەتیەکەی بە بوون و نەبوونی لە ناو رێبەری دا گرێ نەدابایەوە و دەبوو... دەبوو... دەبوو... بەڵام بە داخەوە زۆر "دەبووی" دیکە نەبوون و کۆنگرەش بە "سەرکەوتنەوە" کۆتایی پێهات!

-----

خۆ ئەگەر دۆخی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک عادەتە، لە گەڵ لایەنەکانی دیکە هەڵسەنگێنین، رەنگە لە زۆربەی بوارەکاندا ئەو حیزبە جیاوازیەکی ئەوتۆی لە گەڵیان دا نەبێ بەڵام رەسالەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەوە نەبوو. ئەوەندەش کە دەگەرێتەوە سەر توانایی و لیاقەتی سکرتێری ئەو حیزبە، نە رەخنەگرتن لێی بە مانای بێ تواناییەتی و نە بە توانایی ئەو بەو مانایەیە کە رەخنەی لە سەر نییە یان نابێ رەخنەی لێ بگیرێ. سەرەرای هەموو کەموکوریەکان، لە ناو رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، ئەمرۆ کاک خالیدی عەزیزی باشترین کەسە بۆ سکرتێر بەڵام بێدەنگ بوون لە حاند ئەو کارانەی کە دەبوو بکرێن و دوای پتر لە سێ ساڵ هەروا بە هەڵپەسێردراوی ماونەتەوە، بە مانای رازی بوون بە کەموکوریەکانە.

هەڵەیەک کە بە داخەوە لە دوای کۆنگرەی چواردەوە زۆربەمان بە بیانووە پووچەکانی "حیزبەکە ساوایە" یان "با ئەم و ئەو پێمان خۆش نەبن" و... تووشی بووین و بووین بە شەریکی هەڵەکان. لە راستی دا، لە مەودای نێوان کۆنگرەکانی ١٤ تا ١٥ی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێوەندی نێوان سکرتێر و حیزب، هەمیشە منی وەبیر پەندی "ئاش لە خەیاڵێک و ئاشەوانیش لە خەیاڵێک" خستۆتەوە. بریار و پەسەندکراوەکان لەو حیزبەدا تەنیا نووسراوەی سەر کاغەز بوون و سکرتێر ئەوەی کردووە و ئەوەی گوتووە کە خۆی پێی باش بووە نەک ئەوەی کە حیزبەکە پێی باش بووبێ.

لەم نێوەش دا ئەندامانی دیکەی رێبەری کر و کپ، متەقیان لێ نەهاتووە. لە حاڵێک دا لە هەموو حیزبێکی پێشکەوتوو و دواکەوتووی ئەم دنیایە، سکرتێر و ئەندامانی دیکەی رێبەری لە کۆنگرەکاندا خۆیان بۆ جێبەجێ

کردنی بڕیار و پرۆژەکانی حیزبەکە کاندید دەکەن و ئەگەر هاتوو موخالفی ئەو بڕیار و پەسەندکراوانە بوون، ئەوە دەبێ خۆیان لە کاندیدکردن و بەرپرسایەتیی جێبەجێ کردنیان بپارێزن.بە دوای کۆنگرەی پازدە دا هەرچەند گۆڕانێکی ڕێژەیی لە گوتاری سیاسیی ڕێبەرانی حیزب دا بەرگوێ دەکەوێ بەڵام بەش بە حاڵی خۆم هەم گۆڕانەکەم پێ درەنگ وەختە و هەم بە داخەوە بە پێی ئەزموونی دوای کۆنگرەی چواردە، پێم وایە زۆر درێژە ناکێشێ و سەرلەنوێ پشت کردن لە پەسەندکراوەکانی ئەو کۆنگرەیەش دەست پێ دەکاتەوەو ڕەوتی بچووک کردنەوەی حیزبەکەش لە لایەن ڕێبەرانیەوە هەروا درێژەی پێ دەدرێ. چونکە لەم کۆنگرەیەش دا نوێنەرانی کۆنگرە هەروا بۆخۆیان "مصوبات"یان پەسەند کردووە و ڕێبەرانیش بڕیاریان داوە سیاسەتی خۆیان بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ١٦ی جوونی ٢٠١١

---

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٢

---

## بۆچی سومەیە فەیزوڵڵاپوور کوژرا؟

ڕۆژی ٢٤ی خاکەلێوە، تەرمی سومەیە فەیزوڵڵاپوور، کچێکی تازە پێگەیشتوو لە ژێر پردی میراوای بۆکان و لە ناو گۆمیلکە ئاوێک دا دۆزرایەوە. ئەو ماوەی پتر لە حەوتوویەک بێ سەروشوێن بوو و هەوڵی بنەماڵەکەی بۆ دۆزینەوەی کچەکەیان بێ ئاکام مایەوە تا سەرەنجام خەڵک تەرمە بێ گیانەکەیان دۆزیەوە.

سومەیە فەیزوڵڵاپوور کچی بنەماڵەیەکی دەست تەنگ و هەژاری شاری بۆکان بوو. بنەماڵەکەیان لە بنەڕەت دا لە ئاوایی یەکشەوەی ناوچەی فەیزوڵڵابەگیی بۆکانەوە بۆ ناو شار کۆچیان کردبوو تا بەڵکو بتوانن بە ئاسانی پاروەو نانێک پەیدا بکەن. سومەیەش وێڕای دەرس خوێندن فەرشچنی دەکرد و بە تایبەت لە پشووی هاوین دا کرێکاری دەسکەنە بوو تا لەو ڕێگایەوە نەختێک لە باری قورسی سەر شانی باوک و بنەماڵەکەی سووک بکا.

سومەیە قوتابی پۆلی سێهەم لە دەبیرستانی شەڕەفی شاری بۆکان و لە رشتەی نەخشەکێشی دا دەرسی دەخوێند. ئەو وەک کچێکی بە ئیخلاق بە چاوەدێر و ئینتزاماتی دەبیرستان هەڵبژێردرابوو و لەم بارەوە زۆر جار هاوکاریی هاوڕێکانی دەکرد و هەوڵی دەدا لە ناخۆشی و تەنگ و چەڵەمەکانی ژیانیان دا یارمەتیدەریان بێ و لەوەش زیاتر هەڵسوڕ و چالاکێکی بە بڕشت بوو لە بەرامبەر بڵاوکردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و گیرۆدەکردنی هاوپۆلەکانی بەو دیاردە ماڵوێرانکەرە.

## سومەیە تەنیا کەس نەبوو کە کەوتە بەر دەستدرێژی

هەواڵەکان لە شاری بۆکانەوە دەڵێن هەتا ئێستا زیاتر لە دە کەس بەو جۆرەی سومەیە کەوتوونەتە بەر دەستدرێژیی ئەو لات و چەقۆکێشانەی کە ناویان وەک بکوژانی سومەیە هاتووە: رەسوڵ کشوەری، حەسەن بانەیی، عەبدوڵڵا دادوەند ناسراو بە عەبە زەمزەم، جەلیل ئاشنا و... بەڵام ئەوەی لەو نێوەدا جێگای پرسیارە، تەنیا ناوی ئەو کچە دیارە کە تەرمەکەی بە کوژراوی دۆزرایەوە و هیچ ناوێکی دیکە بە دەست راگەیەنەرەکان نەگەیشتووە. ئەوەش وای کردووە کە گومان لەو ئامارە بکرێ. بەڵام هەڵسوڕێکی کۆمەڵایەتی لە شاری بۆکان پێی وایە ئەوە راستە کە تا ئێستا چەندین کەس لە لایەن ئەو ملهوڕانەوە رفێندراون و وەک سومەیە دەستدرێژییان کراوەتە سەر بەڵام نەکوژراون. ئەو دەڵێ کە لە بەر عورفە کۆمەڵایەتیەکان و بۆ خاتری ئابڕووی خۆیان، بنەماڵەی ئەو قوربانیانە ئامادە نەبوون رووداوەکە گەورە بکەنەوە و بە جۆرێک لای خۆیان مەسەلەکەیان پووشبەسەر کردووە. بێگومان ئەگەر سومەیەش نەکوژرابا، بنەماڵەکەی حەولی دەدا رووداوەکە و دەستدرێژی بۆ سەر کچەکەیان لە بەر چاوی خەڵک بشارنەوە.

## بۆچی سومەیە؟

وەک لە سەرەوە باس کرا، سومەیە وەک نمونەی کچێکی بە ئیخلاق، لە لایەن مامۆستاکانیەوە بە ئینتزامات و چاوەدێری دەبیرستان هەڵبژێردرابوو. هەر بەو هۆیەشەوە ببو بە بەرهەڵستکارێکی شێلگیر لە بەرامبەر بڵاو کردنەوەی مادە هۆشبەرەکان و گیرۆدەکردنی قوتابیان بەو مادە ماڵوێرانکەرە. لە سەر ئەوەش چەندین جار هۆشداری پێ درا و هەڕەشەی لێ کرا. سەرچاوەیەک کە ئەو زانیاریانەی پێ دام بە تایبەتی ئاماژەی بە ناوی دوو

کچ کرد کە هەڕەشەکانیان گەیاندۆتە سومەیە و شیمانە دەکرێ دەستیان لە گەڵ باندە لات و چەقۆکێشەکە تێکەڵاو بێ؛ فەرزانە ک. و پەریسا ق.

بەرپرسان ئەوەیان ڕەد کردۆتەوە کە سومەیە کەوتبێتە بەر دەستدرێژیی جنسی و ئەگەر ئەو ئیدیعایە راست بێ، ئەوا پتر ئەو شیمانەیە پشتراست دەکاتەوە کە ئامانجی ئەو کەسانە رشتنی رق و تۆڵە کردنەوە لە هەوڵەکانی سومەیە بووە بۆ پێشگرتن لە بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی مادە هۆشبەرەکان لە قوتابخانە دا. دیاردەیەک کە بە ژینۆسایدی سپی ناوی دەرکردووە و دەگوترێ ئیتلاعات و سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی وەک سیاسەتی رەسمی و رانەگەیەندراوی دەسەڵات، راستەوخۆ دەستیان لە پەرەپێدان و ئاسانکاری بۆ پەرەپێدانی دا هەیە.

سەرچاوەکەی رۆژهەڵات تایمز کۆمەڵێک زانیاریی دیکەشی لە بابەت کەسایەتی و روانگەکانی سومەیە درکاند بەڵام بەو هۆیەوە کە پێیوابوو ئەگەری ئەوە هەیە لە سەر دۆسیەکەی شوێنی نیگەتیڤ بە جێ بێڵێ، داوای کرد لە ئێستا دا لە بڵاوکردنەوەیان خۆبپارێزین.

### ئایا کۆماری ئیسلامی لەو ڕووداوەدا تاوانبارە؟

هەواڵدەریی چاودێری مافەکانی مرۆڤی کوردستان لە یەکەم رۆژدا کە هەواڵی داخرانی قوتابخانەکانی بۆکان دژ بەو کردەوەیەی نارد، ئاماژەی بە رەخنەی توندی دانیشتوانی شارەکە کرد بەرامبەر بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی دوو فاقەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە هەمبەر چالاکوانانی سیاسی لە لایەک و لات و چەقۆکێشەکان لە لایەکی تر. ئەم روانگەیەی خەڵک لە دوا وتووێژی رۆژنامەنووس مەسعوود کورد پوور لە گەڵ دۆیچەوێلەش دا بە پشتبەستن بە دروشمەکانی خەڵک لە خۆپیشاندانە چەند هەزار کەسیەکەی رۆژی هەینیی رابردوو دا دووپات کراوەتەوە. کوردپوور لەم بارەوە دەڵێ: خەڵک لە دروشمەکانیان دا (روو بە کاربەدەستانی دەسەڵات) دەیانگوت ئێوە لە کاتێک دا دەسبەجێ و بە پەلە هەڵدەکوتنە سەر چالاکێکی سیاسی و سزای دەدەن و حوکمێکی قورسی بەسەردا دەسەپێنن، چۆنە ناتوانن بەرەورووی چەند لات و چەقۆکێش ببنەوە؟!

هەروەها دەگوترێ کە چەقۆکێشەکان کارمەندی شارەداریی بۆکانن و وەک هێزێکی سەرکوت، رۆژانە ئەرکی روخاندنی ئەو خانویانەیان پێ بەڕێوە دەبەن کە هەژارانی شارەکە بە بێ ئیزنی شارەداری وەک سەرپەنایەک

بۆخۆیان سازی دەکەن. ئەو دەنگۆیەش هەیە کە ئەو باندە و کەسانی هاوشێوەیان وەک هێزی بەسیج لە سەرکوتی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی شارەکانی ئێران بە تایبەت خۆپیشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ دا کەڵکیان لێ وەرگیراوە. بە دوای خۆپیشاندانە بەرینەکەی رۆژی هەینیی رابردووی خەڵکی بۆکان، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی چەندین کەس لە بەشدارانی خۆپیشاندانەکەیان دەستبەسەر کردووە کە لە ناویان دا کەسانی سەر بە بنەماڵەی فەیزوڵڵاپوور و لە سەرووی هەموانەوە رسوڵ فەیزوڵڵاپوور باوکی سومەیە بەرچاو دەکەون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٢

## دیمانە لە گەڵ مستەفا شەڵماشی

### ئێمە لە هەر تریبونێک بە قازانجی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرین

***تاهیر قاسمی:*** *لە رۆژانی ١١ تا ١٣ی ژوئەنی ٢٠١٠، ئێوە وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریتان لە کۆبوونەوەی لیبراڵ ئەنترناشناڵ دا کرد. ئامانجتان لە پێوەندی لە گەڵ لیبراڵ ئەنترناشناڵ چییە؟*

***مستەفا شڵماشی:*** لیبراڵ ئینتەرناشناڵ تریبونێکی گەورەیە کە زیاتر لە ١٢٠ حیزبی دێموکرات، لیبراڵ - دێموکرات و لیبراڵی تێدا کۆ بووەتەوە لە سەرانسەری دنیا دا. لە باری بڵاوبونەوەی جوغرافیایی دا، فیدراسیۆنێکە لە پانتاییەکی گەورەی دنیا دا هەیە. پێکهاتەی ئەو کۆبونەوەیەی ئێمە تێیدا بەشدار بوین، ئەوەی بە جوانی نیشان دەدا. چونکە هەر لە ئەفریقای جنوبییەوە تا ئەمریکای لاتین، نوێنەرایەتی حیزبە دێموکڕات و لیبراڵەکانی تێدا بو. ئێمە لە پێش دا وەک تێکۆشەرانی نەتەوەیی گەلی کورد و پاشانیش حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کاری هەرە گرنگمان لە دەرەوەی وڵات، ناساندنی مەسەلەی کورد، گەیاندنی هاواری رۆڵە ستەم لێکراوەکانی کورد بە دنیا و لە قاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی دیکەی گەلی کوردە. ئەوە شتێکی ئاساییە کە بەدوای تریبونی گەورە دا بگەڕێین بۆ گەیاندنی دەنگی خۆمان. لیبراڵ ئینتەرناشناڵ

تریبونێکی گەورەیە کە ئێمە هەوڵمان دا کەڵکی لێ وەرگرین و لەو هەنگاوەشمان سەرکەوتوو بوین. جگە لەوەش وەک حیزبێکی دێموکڕات پێویستە لە گەڵ حیزبە دێموکڕاتەکانی دنیا پەیوەندیمان هەبێ.

***تاهیر قاسمی: بە گشتی ئاستی پێوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گەڵ حیزبە لیبراڵ و دێموکراتەکانی دنیا چۆنە؟***

**مستەفا شڵماشی:** لە دوای کۆنگرەی ١٤ ەوە، ئێمە هەوڵمان داوە پەیوەندییەکانمان، لە چوارچێوەی بلۆکبەندی بەرتەسک بێنینە دەرێ و بەرفرەوانی بکەینەوە. یەکەم گروهی سیاسی کە دەبو زۆرتر کاری لە سەر بکەین، حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و لیبراڵەکان بوون کە پێمان وابو لە ڕابردوودا تا ڕادەیەک پشت گوێمان خستبوون. دیارە ئێمە مەیدانی پەیوەندی گرتنمان زۆر فراوانتر کردوەتەوە و بۆخۆتان دەزانن، ئێستا حیزبی ئێمە یەکێک لە حیزبە هەرە چالاکەکانی کوردستانە لە باری دیپلۆماسی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دا. هەر وەک لە پرسیاری پێشووتر دا ئیشارەم پێ کرد، ئێمە لە هەر تریبونێکی بە کەڵک بە قازانجی گەلەکەمان کەڵک وەردەگرین. بە ڕەسمی داوەت کرانمان بۆ کۆبونەوەی لیبراڵ ئینتەرناشناڵ نیشان دەدا کە توانیومانە لەو بوارە دا کار بکەین. ئاستی پەیوەندیشمان دیارە زۆرتر لە چوارچێوەی کەڵک وەرگرتن لە دەرفەت و بە کارهێنانی تریبونەکانە. لەو بارەشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەچینە پێش. هەرچەند تا لابیگەرییەکی پڕ بە پێستی مەسەلەی کورد جارێ زۆرمان ماوە.

***تاهیر قاسمی: ئەو پێوەندیانە بۆ سەردەمی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دەگەڕێنەوە یان دوای لەتبوونەکە ئێوە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیوتانە پەرەی پێ بدەن؟***

**مستەفا شڵماشی:** دیارە پەیوەندی گرتن لە گەڵ ئەحزابی دێموکڕات و لیبراڵ هەمیشە هەبووە. خۆ لە هێندێک وڵات، بۆ وێنە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، تەنیا حیزبی دێموکڕات و محافزەکار تێکۆشانیان هەیە. هەمیشەش حیزبی دێموکڕات لە گەڵ حیزبەکانی ئەو وڵاتانە پەیوەندی گرتووە. جگە لەوەش لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە گەڵ بزوتنەوەکانی ڕزگاریخوازی وەک فەلەستین و هتر، زۆرتر لە ڕێگای حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕاتەکانەوە پەیوەندی هەبووە. کەوابو پێش لەتبونیش پەیوەندی هەبووە. بەڵام دوای لەتبون ئێمە بە

گشتی، نەک تەنیا لەم بوارە دا، بەڵکو لە هەموو بواری پەیوەندییەکان دا، لە جاران چالاکتر بوین و پەیوەندییەکانمان بەرفرەوانتر کردووە. بەتایبەت ئەوەندەی ئەمن ئاگادار بم ئەوە یەکەمجارە کە ئێمە بۆ کۆبونەوەیەکی ئاوا گرنگی حیزب و ڕێکخراوە دێموکڕات و لیبرالەکان بانگهێشت دەکرێین.

***تاهیر قاسمی: ئیزیک بوونەوە لە حیزبە لیبراڵەکان بە گشتی چ قازانجێکی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بۆ کورد بە گشتی هەیە؟***

***مستەفا شڵماشی:*** حیزبە دێموکڕات و لیبرالەکان ئەمڕۆ لە دنیادا ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێڕن. لە زۆر وڵات دا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە یا لە دەوڵەت دا بەشدارن. لە ئەمریکا هەر ئێستا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە. لە ئوروپا لە زۆر وڵات دا لە دەوڵەت دا بە شدارن یا دەوڵەتیان بە دەستەوەیە. هەر ئەمساڵ لە وڵاتانی گرنگی وەک بەریتانیا و هولەند براوەی هەڵبژاردنەکان بوون و سەرگەرمی پێکهێنانی دەوڵەتن. ئێمە چ وەک کورد و چ وەک حیزبی دێموکڕات پێویستە بە قازانجی گەل و وڵاتەکەمان ئەو لایەنانە لە سەر مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە ماف و ئازادیەکانمان، ئاگادار بکەینەوە و هەوڵ بدەین سەرنجی ئەوان بۆ لای مافە ڕەواکانمان ڕاکێشین. هەروەها پێویستە ئاگاداریان بکەینەوە لە سەر ئەو پێشێلکاریانەی لە لایەن ڕژیمە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکانەوە لە بواری مافی مرۆڤ لە وەڵاتەکەمان دا ڕوو دەدەن. ئەو حیزب و ڕێکخراوانە شوێندانەرن لە دیاری کردنی سیاسەتە نێونەتەوەییەکان و پێویستە ئێمە کارێکی وا بکەین کە لە هەڵوێستەکانیان دا و لە دارشتنی سیاسەتی نێونەتەوەیی‌یان دا گەلی کورد و پرسە ڕەواکەیان لە بیر نەچێ. بێگومان پەیوەندی لە گەڵ ئەوانە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی دنیا بەرەو مەسەلەکانمان و بۆ بەدەست هێنانی هەرچی زۆرتری پشتیوانی نێونەتەوەیی کەڵکی زۆرە. هەم بۆ گەلەکەمان و هەمیش بۆ حیزبەکەمان.

***تاهیر قاسمی: باشە دوایین کۆبوونەوەی لیبراڵ ئەنترناشناڵ تا چەند و چۆن باسی پرسی کوردی بە گشتی کرد؟***

***مستەفا شڵماشی:*** یەکێک لە پانێل گێڕەکان واتە "خانمی سخاکە" لە باسەکەی خۆی دا بە تایبەتی هەڵوەستەی لە سەر مەسەلەی کورد بە گشتی، ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تایبەتی کرد. هەروەها کاتێک لە نێو باسەکان دا ئێمە وەک هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسی مەسەلەی کورد بە گشتی و مەسەلەی مافی مرۆڤ و

پێشێلکارییەکانی ڕژیمی ئێرانمان بە تایبەتی کرد و ئەو پرسیارەمان لە بەردەم کۆبونەوەی لیبراڵ ئینتەرناشناڵ دانا کە ئەوان لە مەسەلەی یارمەتیدان بە گەشەی دیموکراسی و لە دژی ڕژیمە دیکتاتۆرەکان و پێشێلکارەکانی مافی مرۆڤ دا چ بەرنامەیەکیان هەیە، باسێکی درێژ لە سەر ئێران و کوردستان هاتە ئاراوە و تەنانەت سەرۆکی لیبراڵ ئینتەرناشناڵ ئاغای "فان بالن" بۆخۆیشی زۆر بە باشی باسی کرد و بە ئەرکی لیبراڵ ئینتەر ناشناڵی دانا کە لەو بوارانە دا یارمەتیدەر بن. جگە لەوە، لە میانەی ئەو کۆبونەوەیەدا ئێمە لە گە ڵ زیاتر لە 20 هەیئەت دیدارمان کرد و کۆمەڵێک زانیاریمان لە سەر گەلی کورد و مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران دا پێشکەش کردن کە بە شێوەی بەستەیەکی زانیاری بە زمانی ئینگلیزی ئامادەمان کردبو. بە بڕوای من تا ڕاددەیەکی باش توانرا بە قازانجی گەلی کورد لەو کۆبونەوەیە کەڵک وەربگیرێ. بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانیش مەیدانێکی تازەی کاری دیپلۆماسی کرایەوە.

***تاهیر قاسمی**: لە بابەت پرسی کوردی ڕۆژهەڵات و بە تایبەت زەبروزەنگ و قەڵاچۆی کۆماری ئیسلامی لە سەر ئەو نەتەوەیە، ئایا کۆبوونەوەی لیبراڵ ئەنترناشناڵ شتێکی لە بەرنامەدا هەبوو؟*

***مستەفا شلماشی**:* هەر وەک ئیشارەم پێکرد باسی یەکێک لە پانێلگێڕەکان "خانمی سخاکە"بە شێوەیەکی سەرەکی لە سەر مەسەلەی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران و پێشێلکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو بارەیەوە بو. ناوبراو وەک ئەندامی پارلەمانی ئوروپا کار لە سەر پەروەندەی مافی مروڤ لە کوردستان و ئێران دەکا و زۆر زانیاری باشیشی هەبو. لە کۆبونەوەکە دا بە درێژی باسی زیندانییەکان، ئیعدامەکان و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێران کرا. جگە لە پانێلەکە ئێمە بە جیا لە گەڵ هەر هەیئەتێک کە دانیشتین، کۆمەڵێک زانیاریمان لەو بارەوە بە شێوەی دۆکومێنت پێشکەش کرد. ئەوانیش پێشوازییەکی باشیان کرد و قەرار درا لەمەودوا پەیوەندی زۆرتر و چڕترمان هەبێ. هەروەها بە دەعوەت کردنی ئێمە و گونجاندنی ئەو باسە لە بەرنامەی کار دا، دەکرێ بڵێین تا ڕاددەیەکی باش گرنگی بەو مەسەلەیە درابوو.

***تاهیر قاسمی**: بە سەرنجدان بە جۆری پێوەندیەکانی تا ئیستای حدک و بە گشتی حیزبە کوردیەکان کە زیاتر لە پێوەندی لە گەڵ سوسیال دێموکراتەکان دا چڕ ببۆوە، نیزیک بوونەوەتان لە حیزبە لیبراڵ و دێموکراتەکان زیاتر لە راستای لایگەری دایە یان گۆڕانە لە سیاسەتەکانی حیزبەکەتاندا؟*

**مستەفا شڵماشی:** ئەو هەوڵانە هەروەک باسم کرد لە چوارچێوەی بەرفراوان کردنەوەی لابیگەری و چڕ کردنەوەی کاری دیپلۆماسی دایە و هیچ پەیوەندی بە گۆڕانی سیاسییەوە نییە. ڕەنگە کرانەوەی ئێمە لە دوای کۆنگرەی چواردەشەوە لە سەر هاسانتر پەیوەندی گرتن شوێندانەر بووبێ. بەڵام ئەوە بە هیچ شێوەیەک بە مانای وەرچەرخانێک نییە لە سیاسەت دا، بەڵکو گۆڕانێکە لە شێوەی کاری دیپلۆماسی دا. ئێستاش ڕاگرتن و پەرەپێدانی پەیوەندی لە گەڵ سۆسیال دێموکراتەکان بۆ ئێمە ئەولەوییەتی هەیە و ئەوان لە خۆمان بە نیزیکتر دەزانین. ئامادەشین بۆ کاری هاوبەش لە گەڵ ئەوان زۆرتر بچینە پێش و گرنگی زۆرتریان پێ بدەین. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە تەنیا لە گەڵ سۆسیال دێموکراتەکان پەیوەندی دەگرین و لە تریبونەکانی دیکە کەڵک وەرناگرین. لە دنیادا سەردەمی بلۆکبەندی کۆتایی هاتووە و سۆسیال دێموکراتەکان بۆخۆشیان بە سەر ئەو قۆناغە دا تێپەڕیون. لە زۆر وڵات دا سۆسیال دێموکراتەکان لە گەڵ دێموکراتەکان و لیبراڵەکان دا هاوکاریان هەیە و لە دەوڵەت دا ئیئتیلافیان پێک هێناوە. هەروەها لە دنیای پێشکەوتوو دا باسی بایکۆت لە گوڕێ دا نییە. پەیوەندی لە گەڵ هەر هێزێک باشە بەو مەرجەی دژت نەبێ. بۆ پەیوەندی مەرج نییە هێزێک دەقاو دەق وەک تۆ بیر بکاتەوە. هەر بۆیە حیزب و ڕێکخراوە سۆسیال دێموکراتەکان و دێموکرات و لیبراڵەکان هەر چەند ڕەقیبی یەکتریشن لە سیاسەت دا، بەڵام دژی یەکتر نین و پێکەوە پەیوەندی و جاری واشە هاوکاریان هەیە. ئێمەش دەکرێ لە گەڵ هەردووک لایان پەیوەندیمان هەبێ. جا لە گە ڵ یەکیان کەمتر و لە گەڵ ئەوی دیکە زۆرتر.

***تاهیر قاسمی:** بە سپاس لەوە کە کاتی خۆتان بۆ وڵامدانەوە بە پرسیارەکانم تەرخان کرد، من پرسیارێکم نەماوە، ئەگەر ئێوە شتێکی زیاترتان هەیە لەم بارەوە، تکایە بیفەرموون؟*

**مستەفا شڵماشی:** هیوادارم ئەو هەوڵانەی دەیدەین ڕۆژێک بینە هۆی بە دەستهێنانی پشتیوانییەکی باش بۆ گەلەکەمان و هەروەها بتوانین لە داهاتو دا ئەو پەیوەندیانە بکەینە پەیوەندی نێوان بەرەی کوردستانی و ئەو هێزانە. چونکە شک لەوە دا نییە کە ئەگەر بە یەکدەنگی بەرەو مەیدانی دیپلۆماسی بڕۆین، زۆر باشتر گوێمان لێ دەگرن و بە پیرمانەوە دێن. ئێمەش وەک حدک ئامادەین لە حاڵەتی یەکگرتنێکی کوردستانی دا پەیوەندییە کانمان بۆ ناساندنی ئەو یەکگرتنە بەکار بێنین.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی:** ٦ی دێسەمبەری ٢٠١٢

# دیمانە لە گەڵ ئەحمەد عەزیزی

## ئەحمەد عەزیزی: حدک خەریکە شانسێکی باشی مێژویی لە دەست بدا

**پرسیار**: چوار ساڵ، دەرفەتێکی کەم نەبوو تا وڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە. بۆچی هێشتا بێ وڵامن؟

**وەڵام**: هۆکاری ئەوەی کە حدک ئێستاش هەروا لە بەردەم ئەم پرسیارانە دایە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە حیزب ڕەوتی ریفورم و گۆران لە خۆیدا کە لە باسەکانی بەر لە کۆنگرەی ١٤، بە تایبەت بە گرتنەبەری ڕوانگەیەکی نوێی فکری و سیاسی و ریفورم لە سیستمی ڕێکخراوەیی خۆیی، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە بەرنامە و پێڕەوی نوێی پەسەنکراوی کۆنگرەی ١٤ دا هاتە ئاراوە، بە لارێدا برد. ڕێبەری دوای کۆنگرە ئەو ڕەوتەی بە لایەکدا هیدایەت کرد کە لە ڕاستای ئەو ڕێبازە دا نەبوو کە کۆنگرە دیاری کردبوو. ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو کە ڕێبەری حیزب لەم ماوەدا کردی و حیزبی لە کەڵکوەرگرتن لەو دەرفەتە کە بۆی هاتە پێش، بیبەش کرد. لەم ماوەدا ڕێبازی سیاسی حیزب بە شێوەیەکی سیستماتیک لە سەر بنەمای فکرێکی تاریفکراو و ستراتیژی نێو بەرنامەی حیزب بەرێوە نەچووە، بەڵکوو لە گۆڕ بۆچوونی تایبەتی بەشێک لە ڕێبەری بە تایبەت وتەبیژی حیزبەوە بووە.

بە گشتی بارودوخی حیزب ئەگەر لە ئاست لایەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی کورد دا بەراورد بکەین، ئاسایی دێتە بەرچاو. بەلام ئەگەر لە گۆر پەیامی ئەم حیزبە بۆ مۆدێرنیزەکردنی خۆی و بەرزکردنەوەی بیری نەتەوەیی هەڵقوڵاوی کۆنگرە ١٤ ەوە چاو لێبکەین، نادیاری و دوو ئالیەک لە بنەمای فکری و سیاسەتی حیزب دا دەبینین. ئەم دوو ئالییە لە نێوان ڕێبازی کۆنگرەی ١٤ و ئەو ریبازەی ئەم چەند ساڵەی دوایی ڕێبەری بەرێوەی بردووە لە ئاست ڕێبازی فکری حیزبی سەبارەت بە پرسی چارەسەری نەتەوەیی کورد خۆ دەنوێنێ.

**پرسیار**: حدک لە بەردەم تاقیکاریەکی دیکە دایە، ئەویش کۆنگرەی ١٥ یە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئەو ڕەوتەی بۆ گۆران لە کۆنگرەی ١٤ دا هاتە ئاراوە چی بەسەر دێ؟
بنەمای تێوریکی ئەو گۆرانەی باسی دەکەی کە لە ستراتێژی سیاسی بەرنامە نوێی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ دا هاتووە، چییە؟

**وەڵام:** جەوهەری ئەو گۆڕانە بریتی بوو لە گرتنەبەری روانگەیەکی نوێ لە راستای بیری نەتەوەیی و زەفکردنەوەی پێناسەی نەتەوەیی بوونی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا. بنەمای تیۆریکی ئەم بیرە لە راستای گۆران لە روانگە (پەرسپێکتیڤ) ی حیزب لە ئاست چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران دا بوو. تیروانینی سیاسی کورد هەتا ئێستا لە لایەن پارتە سیاسیەکانەوە بریتی بووە لە گەران بە دوای چارەی پرسی کورد لە ناوەندی وڵات و لە یاسای بنەرەتی ئێران دا. ئەم تێروانینە لە کۆنەوە پێناسەی خۆی لە ئایدۆلۆژی و روانگەی سیاسی سەر بە نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە وەرگرتوە. بنەمای فکری ئەم روانگەیە دەگەرێتەوە بۆ ئەوە کە هیچ یەک لە ئایدۆلۆژیەکانی نەتەوەی فەرمانرەوا بە لایەنی چەپ و راستیەوە نە تەنیا لە نیو حاکمییەت دا بەڵکو لە نێو ئۆپۆزیسیونی حاکمییەتیش دا بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دابووە کە بزوتنەوەی نەتەوەیی بە تایبەت بزوتنەوەی کورد کە لە نەتەوەکانی دیکە چالاکتر بووە، لە چوارچێوەی چارەسەریەکی نێوخۆیی کە هێژمونی نەتەوەی فەرمانرەوا نەخاتە مەترسیەوە، رابگرێ. سیاسەتی کورد بە داخەوە هەتا ئێستاش کاریگەری ئەم روانگە فکری و سیاسییەی نەتەوەی دەسەڵاتداری بە سەردا زاڵە.

ئەوەی لە سەروبەندی کۆنگرە دا هاتە ئاراوەو تا رادەیەک لە نێو بەرنامەی نوێی حیزب دا جێگیر بوو، ئاراستەیەکی گرتە بەر کە دەیویست حدک بە نیسبەتی خۆی ماڵاوایی لەم روانگە داسەپاوە بەسەر سیاسەتی کورد دا بکا. بنەمای فکری ئەم روانگە نوێیە ئەوە بوو کە لە باتی ئەوەی ئێمە هەوڵمان ئەوە بێ نەتەوەی باندەست رازی بکەین و لە تاران بۆ چارەی پرسی کورد بگەرێین، پێویستە روو لە خەلکی خۆمان بکەین و بە پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی نەتەوەیی لە کوردستان دا چارەی پرسی کورد کە پرسی دەسەڵاتێکی نەتەوەییە، بکەین. ئەم دەسەڵاتە کوردیەش لە فورمی کۆماری کوردستان لە بەرنامەدا تاریفکراوە. ئەمە سەرەتایەکی باش بوو بۆ دەرباز بوون لەو سیاسەتە ناسەرکەوتووەی کە هەتا ئێستا بە سەر سیاسەتی پارتە سیاسیەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا زاڵ بووە. ئەمە دەرفەتێکی مێژویی بوو بۆ حدک. حیزب شانسی ئەوەی هەبوو کە ئەم دەرفەتە بە باشی بقۆزێتەوە. گرینگی ئەم دەرفەتە مێژوییە لە کۆنگرەدا ئاماژەی پێکرا.

***پرسیار: ئەم روانگە نوێیە لە کام بەشی بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی ١٤ دا هاتووە؟***

**وەڵام:** لە پێشەکی بەرنامەدا تا رادەیەکی زۆر بە شەفافی باس لەم روانگە نوێیە کراوە. لەوێدا باس لە هۆکاری ئەوەی کە بۆ کورد نەیتوانی دەوڵەتی خۆی لە کاتی دروستبوونی دەولەت - نەتەوە لە سەرەتای سەدەی زایینی

رابردوو لە ناوچەکەدا دابمەزرێنی. هەروەها باس لە ڕێبازی حیزب لە سەر بنەمای بیری نەتەوەیی ژ.ک. کە حدکی لە سەر دامەزرا، کراوە. ئەم ڕوانگە نەتەوەیی‌یە کراوەتە هەوێنی دارشتنەوەی ناوەرۆکی بەرنامەی نوێی حیزب و هەڵگرتنی دروشمی خەبات بۆ دامەزرانی دەسەڵاتی کورد لە فۆرمی کوماری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک ستراتیژی حیزب. لە کۆنگرەی چواردەی حیزب دا هەرچەند سەروگوێلاکی ئەو گەڵاڵەیان شکاند کە پێشتر لە لایەن هەیئەتی دەرەوەی وڵات نوسرابوو بەلام بەو حاڵەش بەشێکی زۆر لەم ڕوانگە نوێیەی گرتۆتە خۆ و لە بەراورد لە گەل بەرنامەی رابردوو جیاوازیەکی جەوهەری تێدایە. ئەمە لە ڕاستیدا سەرەتایەکی باش بوو بۆ ماڵئاوایی لە فکری خۆبەستنەوە بە ناوەند و گرتنەبەری ڕەوتێکی فورمولە کراو لە ناسیونالیزمی کورد.

***پرسیار: ئەوەی ئێوە لە کۆنگرەدا هەوڵتان بۆ دا هەمووی پەسەند نەکرا. لە ڕاستی دا ئەوەی پەسەند کرا موتوربەی دوو گوتاری تا ڕادەیەک لێک جیاواز بوو. دەکرێ بلێی ئەو بەش یا بەشانە کە پەسەند نەکران کامانە بوون؟***

**وەڵام:** لە گەڵاڵەی پێشنیاری یەکەمی بەرنامە و پێڕەو کە لە لایەن هەیئەتی دەرەوەی وڵات ئامادەکرابوو مەسەلەی فیدراڵی وەک دروشمی ستراتیژی حیزبی تێدا نەبوو. لە باسی پێوەند بە نەتەوەکانی دیکە و ئێرانی داهاتوو دا باس لە کۆمەڵێک مەرج و بنەما کرابوو. مەبەست ئەوە بوو کە ئەگەر قەرار بێ نەتەوەکانی ئێستای نێو جۆگرافیای ئێران لە فکری پێکهێنانی سیستمێکی هاوبەشدا بن، ئەو سیستمە نابێ بۆ کورد بە زۆرەملی بێ، بەلکو دەبێ لە سەر بنەمای دڵخوازو بە ڕەئی ریفراندۆم لە کوردستان دا سەربگرێ. هەربۆیەش باس لەو سیستمە گەرەکە بە ئاوەڵەیی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی کورد دەستی ئاوەڵە بێ لە مامەڵەی سیاسی لە گەڵ لایەنەکانی پێوەندیدار و بۆ هەر بریارێک کە بۆ خۆی لە سەر چارەنوسی خۆی دەیدا. مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو ئێمە کە نازانین وەزعی داهاتوی ئێران چی لێ دێت هەر بۆیە نابێ لە ئێستاوە خۆمان بە جۆرێک بەو سیستمانەوە ببەستینەوە کە ئەگەری ئەوەی هەیە لە دوا ڕۆژدا لە بەرژەوەندی کورد نەبن. فکرەکە ئەو بوو کە ئێمە هەر لە ئێستاوە نوسخە لەباتی خەڵک بۆ کورد نەپێچینەوە و ڕێبازی سیاسەتی کورد لەو وابەستەگیە بە خۆدموختاری و فیدرالی رزگار بکەین.

***پرسیار: سیستمەکانی کۆماری بە تایبەت لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات کارنامەیەکی درەوشاوەیان نییە. زۆر جار سیستمی***

***وڵاتانێک هەبوون کە کۆماریش بوون بەڵام دەستێکی باڵایان لە چەوساندنەوەی گەلانی خۆیان هەبووە وەک کۆماری تورکیە، وەک کۆماری عێراق و... پێت وا نییە سەردەمی بەرێوەبەریی بە شێوەی کۆماری بەسەر چووە یان لانیکەم خەڵک بە جۆرێک لە دەسەڵاتێک بەو ناوە بێزارن؟***

**وەڵام:** سیستمی کۆماری لە خۆیدا بە مانای دووربوون لە ستەم و چەوسانەوە نییە. سیستمی کۆماری لە بەرانبەر ئەو سیستمانەدا پێناسە وەردەگرێ کە لە سەر مەبنای ئیرسی، بنەماڵەیی وەک پاشایەتی، عەشیرەتی یان نوینەرایەتی خۆدا لە سەر ئەرز دامەزراون. بوونی کۆمار بە مانای دوور بوون لە ستەم و چەوسانەوە نییە. گرینگ ئەوەیە کۆمارێک کە دەلالەت لە سیستمی خەلک دەکا، کێن و ئەوانەی کە لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردراون، چۆن ئەو سیستمە ئیدارە دەکەن. هەروەک کەلکوەرگرتن لە دیموکراسی وەک فورم بۆ بەرێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسی بە مانای دیموکراتبوونی ئەو سیستمە لە دنیای بە کردەوەدا نییە. لە سیستمێکی بە فۆرم دیموکراتیشدا وەک تورکیە هەیە کە کەماسیەکی زۆری لە بواری ناوەرۆکی دیموکراسیەوە هەیە. بەلام هەر تورکیە کە سیستمی کۆماری هەیە جیا دەکرێتەوە لە گەل سیستمی ناکۆماری وەک پاشایەتی ئوردون یان سیستمی خەلیفەیی ژمارەیەک لە وڵاتانی کەنداو. لە دیاریکردنی سیستمی دەسەڵاتی کۆماری لە تورکیە دا خەڵک ئەگەر بە نوقسانیس بێ، بەشدارن. بەلام لە هی ولاتە خەلیفەنشینەکان و ئۆردۆندا بە کردەوە ئەوە جەماوەر واتە خەلک نین کە حکومەت دەکەن بەلکو بنەمالەی خەلیفە و پاشان کە پێناسەی سیستمەکەن.

لە سیستمێکی سیاسیدا تەنیا خودی ناوەکە گرینگ نییە بەلکو پێناسە و ناوەرۆکی ئەو ناوە و ئەوە کە لە دنیای واقیعی دا چی دەکا، گرینگە. لە بەرنامەی حدک دا بە روونی تاریفی ئەو دەسەڵاتە بە ناوی کۆماری کوردستان کراوە. لایەنێکی دیکەی پوزیتیڤ ئەوەیە کە ئێمە رابردویەکی باشمان لەو ناوە هەیە. جگە لەمە بوونی ئەو ناوە ستاتۆی کورد لە باری زیهنیەوە بەرەو دەسەڵاتێکی سەربەخۆ کە ئامانجی نهایی ناسیونالیسمی کوردە، بەرز دەکاتەوە.

کەسانێک ئامانجی دامەزراندن یان لە راستیدا دامەزراندنەوەی کۆماری کوردستان موتەهەم دەکەن بە لاسایی کردنەوە لە ئەزموونی شکستخواردووی کۆمارەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. وڵامت بۆ ئەو رەخنەیە چییە؟
بە بروای من تێکشکانی سۆڤیەتی پێشوو پێوەندیەکی ئەوتۆی بە کەڵکوەرگرتن لە سیستمی کۆماری یان بوونی

کۆمارەکان لە سیستمی سۆڤیەت نەبوو. بە پێچەوانەوە یەکێک لە ئەزمونە ئەرێنیەکانی سۆڤیەتی پێشوو هەبوونی سیستمی کۆمارەکان بوو. هەبوونی ئەم سیستمە کۆماریە بەستێنێکی لەبار بوو بۆ ئەوەی کە کۆمارەکان هەر لە یەکەم ساڵەکانی دارمانی سۆڤیەتدا بە سانایی سەربەخۆیی خۆیان بە دەست بهێنن. ئەو کۆمارانە تا رادەیەکی زۆر ستاتۆی نەتەوەیی یان بە واتایەکی دیکە سەربەخۆیی خۆیان لە ژێر ناوی کۆماریدا هەبوو. نمونەی بە پێچەوانەکەی یوگۆسلاوی پێشوو لە بالکان بوو کە سیستیمی کۆماری لە ئاستی سەراسەریدا هەبوو بەلام لە ئاستی نەتەوەکاندا وەک سۆڤیەت نەبوو. یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە لێکجیابوونەوە و سەربەخۆیی نەتەوەکان لە بالکان ماوەیەکی نیزیک بە پانزدە ساڵەی کێشاو کارەساتی شەرێکی خوێناوی لێکەوتەوە، دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم نەتەوانە پێشتر نە لە نێوەرۆک و نە لە فورمدا ئەو سیستمە کۆماریانەیان نەبو کە لە نێو سۆڤیەت دا هەبوو. واتە ستاتۆی سەربەخۆیان بەناوی کۆماری لە ئاستی نەتەوە جیاوازەکاندا نەبوو وەک ئەوەی کۆمارەکانی سۆڤیەت بوویان. لایەنی نەرینی سیستمی کۆماری لە سۆڤیەتی پێشوو ئەوە بوو کە دیکتاتوری حیزبی واتە تاقە حیزبێکی ئایدۆلۆژیک بە بێ کاریگەری و دەخالەتی راستەوخۆی خەلک لە کۆمارەکان دا بەرێوە دەچوو. بە کورتی گرفتەکە لە بوونی کۆمارەکان و سیستمی کۆماریدا نەبوو بەلکو لە جەوهەری ئایدۆلۆژی حیزبی حاکم و سیستمی بەرێوەبەری لە مسکۆوە سەرچاوەی دەگرت.

***پرسیار: بە سەرنجدان بە گونجاندنی ستراتژیی دامەزراندنی "کۆماری کوردستان"، ئایا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ریزی حیزبە کۆماریخوازەکانی دنیادا پۆلێن دەکرێ یان نا هەڵبژاردنی ئەو ناوە تەنیا بە هۆی نۆستالۆژیی کۆماری ١٩٤٦ی کوردستانە؟***

***وەڵام:*** حیزبە سیاسیەکانی دنیا دەتواندرێ بە شێوە و لە سەر بنەمای جۆربەجۆر پۆلێن و دابەش بکرێن. زۆر لە حیزبە سیاسیەکانی دنیا نە کۆماریخواز نە سەڵتەنەتخواز یان شتی لەو بابەتەن. باسی کۆماریی بوون یان نەبوونی حیزبێک کاتێک دێتە ئاراوە کە لەو ولاتەی حیزبەکە تێیدا چالاکی هەیە باسێکی ئاکتیڤ لە سەر سیستمی کۆماری یان ئالترناتیڤی دیکە لە بەرنبەریدا لە ئارا دا بێ. لەو کۆمەلگایەدا رەنگبێ بۆ خەڵک و دنیای دەرەوە گرینگ بێ بزاندرێ کام حیزبە کۆماریخۆاز و کامە لە دژیەتی. بۆیە سرفی هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە لایەن حدک یان هەر حیزبێکی دیکەی کوردیەوە بۆ دنیای دەرەوەی کوردستان زۆر گرینگ نییە. بەلکو ئەوەی گرینگە ئەم حیزبە چ مەبەستێکی لە هەڵگرتنی ئەو دروشمە هەیە و چۆن پێناسەی ئەو کۆمارە دەکا و چ دەسەلاتێک لە ژێر

ناوی ئەم کۆمارەدا بۆ کورد دادەمەزرێنێ. بۆیە پرسیاری سەرەکی کە دەتوانێ لە بەرانبەر ئەو دروشمەدا بێتە ئاراوە ئەوەیە کە حدک چەندە بەم دروشمەی باری نەتەوەیی بونی دەسەڵاتی کوردی مەبەستە نەک ئەوەی کە چەندە کۆماریخوازە یان لە دژیەتی. بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەش درابێتەوە کۆنگرەی ١٤ بە باشی ناوەرۆکی کۆمار بە دیموکراتیک، نەتەوەیی و کوردستانی وەسف کردوە. بۆ هەریەک لەمانەش تاریفی تایبەتی بۆ کردووە. جگە لە لایەنی ناوەرۆکەکەی هەروەک لە پرسیاری سەرەوەشدا ئاماژەم پێکرد ئەم دروشمە وێنای ستاتۆیەکی نەتەوەیی و زهنیەتێکی پۆزیتیف لە رابردووی دەسەلاتداریەتی کوردیش دەکا.

***پرسیار: بەو پێیەی کە پێشتر باست کرد، تۆ دانانی فیدراڵی وەک دروشمی ستراتیژێ لە بەرنامەی حدک دا بە هەڵە دەزانی؟***

***وەڵام:*** باسی فیدرالی لە دروشمی ستراتیژیدا یەکێک لە باسەکانی کۆنگرە بوو. لە گەڵ ئەوەی کەشی کۆنگرە بۆ رەتکردنەوەی فیدڕالی وەک درشمی ستراتیژی لەبار بوو بەڵام بە داخەوە بیری موحافزەکارانە و مەترسی لە گرتنەبەری رێباز و روانگەیەکی نوێ سەرلەنوێ کۆماری کوردستانی خستەوە نێو چوارچێوەی فیدرالی. بە بروای من ئەمە دوپاتکرنەوەی هەمان سیاسەتی رابردوی خۆدموختاریخوازی و هەڵەیەکی مێژوویی بوو کە حدک کردی. حیزب بەمە ئەو شانسەی لە دەست دا کە لە نێو حیزبە سەرەکیەکانی کورد دا هەنگاوی جیددی لە ئاست رێبازی فکری و سیاسی بزوتنەوەی رزگایخوازی کورد دا هەڵگرێ. بەلام گرفتەکە هەتا ئێستا هەر لەوەدا نەبووە کە فیدراڵی لکێندراوە بە کۆماری کوردستان لە دروشمی ستراتیژی حیزب دا، بەڵکو گرفت لەوەشدایە کە رێبەری حیزب ئەوەش کە لە کۆنگرەی چواردەدا، تەنانەت بە فیدڕالیەکەشەوە پەسەند کرا، کاری بۆ نەکرد بەلکو لە هەلوێست و سیاسەتی فەرمی خۆیدا رێبازێکی گرتەبەر کە هەمان رێبازی تاقیکراوی پێشوی حیزب بوو.

***پرسیار: ئێوە بەگشتی لەو بروایە دای کە حیزبە کوریەکان نابێ دروشمی فیدراڵی وەک ستراتیژی خۆیان هەڵبگرن؟***

***وەڵام:*** من نالێم باس لە فیدڕاڵی هەر نەکرێ، بەلکو مەبەستم ئەوەیە کە ئەم سیستمە پێوەندی بە هەموو ئێرانەوە هەیە و نابێ دروشمی ستراتیژی لایەنی کورد بێ. بە بروای من ئەو حیزبە سیاسییانەی ئێمە کە دروشمی فیدڕاڵیان وەک ستراتیژی خۆیان هەڵگرتووە، هەڵەیەکی زەقی نە تەنیا سیاسی بەلکو حقوقیش دەکەن.

لە باری سیاسیەوە ئەوان باس لە سیستمێک لە دەسەڵات دەکەن کە پێوەندی بە ئێران بە نەتەوەی جۆر بە جۆرەوە هەیە. دروشمی ستراتیژی کورد گەرەکە باس لەو دەسەڵاتە بکا کە کورد بۆ خۆی لە کوردستان دا دەیخوازێ و دەیەوێ دایمەزرێنێ.

لە باری حقوقیشەوە فیدراڵی سیستمێکی حقوقیە کە پێوەندی بە مافی هەموو تاکەکان و هەموو گروپ و نەتەوەکانەوە هەیە. ئەم سیستمە خۆبەستنەوەیەکی یاسایی لەخۆ دەگرێ. رەوایەتدان بەم سیستمە بە نوێنەرایەتی خەڵک لە لایەن حیزبی سیاسیەوە هەڵەیە چونکا هیچ حیزبێک ئەم مافەی نییە کە لەباتی هەموو کورد بریار لە سەر بەستنەوەی کورد بە دەسەڵاتی ناوەندی لە فورمی فیدرالیدا کە ئەویش مەعلوم نیە چ ناوەرۆکێکی هەیە، بدا. بە بروای من فیدراڵی لە ئێرانی فرەنەتەوە دا پرسی کورد هەر وەک رابردوو بەڵام لە شکلێکی نوێتر دا بە بێ چارەسەری و وابەستە رادەگرێ. لایەنێکی دیکەی باشی هەڵنەگرتنی دروشمی فیدراڵی وەک ستراتیژی حیزبی سیاسی ئەوەیە کە کورد دەروازەی دیالوگ بە ئاوەڵەیی بۆ خۆی دەهێڵێتەوە. ئەمە ئەو ئیمکانە بە کورد دەدا کە لە دیالۆگی خۆی لە تەک لایەنەکانی دیکە سەبارەت بە چارەنوس و فورمی دەسەڵاتی نەتەوەیی خۆی سەربەست بێ. لە لایەکی دیکەوە ئەمە بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد لە بەستراوەیی لە فۆرمی فیدراڵی رزگار دەکا و حیزبی کورد لە هەوڵدا دەبێ گرانایی هێزی خۆی بداتە سەر دامەزرانی بنەمای دەسەڵاتێک بۆ کورد لە کوردستان دا. بۆ ئەمەش پێویست ناکا بانگی سەربەخۆیی هەڵبدرێ. چڕ کردنەوەی هەوڵدان بۆ دامەزرانی دەسەڵاتێکی کورد لە فورمی کۆماری کوردستان دا یارمەتی بە بەرزبوونی کەسایەتی سەربەخۆی کورد و توانامەندی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوەیی بەرزدەکاتەوە و رەوتی ناسیونالیسمی کورد بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بەرەو پێش دەبا.

ئێمە وەک کورد پێویستە لە هەوڵی گەشەدان بە بزوتنەوەیەکی مودێرنی نەتەوەیی لە راستای دانانی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی نەتەوەیی کورد بە پشتبەستن بە خەلک لە کوردستان دا بین نەک خەلک لە چاوەروانی سەدەقەی یاسای بنەرەتی لە دوارۆژدا بهێلینەوە. حەک دەبوایە هەر وەک لە گەلالەی پێشنیاری هەیئەتی نوسینەوەی بەرنامەدا هاتبوو، تەئکید لە سەر پێناسەکردنی کۆماری کوردستان وەک دەسەڵاتێکی کە کورد دەیخوازێ بکا نەک باس لە مانەوە لە چوارچێوەی فیدرالی دا بکاتە ستراتیژی خۆی.

***پرسیار: هۆی سەرەکی لە چی دا دەبینی کە ناوەرۆکی دروشمی ستراتیژی حیزب، تەنانەت بە فیدراڵیەکەشەوە، کە***

***لە بەرنامەی پەسەنکراوی کۆنگرەی ١٤ حیزب هاتووە، لە هەڵوێستەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕێبەری حیزب دا ڕەنگی نەدایەوە؟***

**وەڵام**: من هۆی سەرەکی لەوەدا دەبینم کە ڕێبەری بە تایبەت وتەبێژ و بەشێک لە بەڕیوەبەرانی حیزب کە دەبوایە ئەرکی سەرەکیان بە پێی ئوسوڵی نێوخۆی حیزب، چەسپاندنی پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی چوارده و هیدایەتکردنی ئەو ڕێبازە بوایە کە کۆنگرە پەسەندی کردبوو، لە بنەڕەتدا بروایان بەو ڕێباز و بەرنامەیە نەبو کە کۆنگرەی ١٤ پەسەندی کرد. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە نێو ربەریی حیزب بە تایبەت لە کۆمیتەی ناوەندیدا کومەلێک خەلکی خاوەن فکر و خوازیاری ئەو ڕوانگە نوێیە هەیە و بە فکر لە گەڵ ئەو ڕوانگە نوێیەن. لە نێو بەدەنەی حیزبیش دا ئەوەندەی من ئاگام لێیەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و کادرەکانی حیزب خاوەنی ئەم فکرەن. ئەو بەشە لە رابەری کە بێ موبالاتی بە پەسەندکراوەکانی کۆنگرە کرد رۆلیکی پاسیڤی لە ڕەوتی باسەکانی پێوەندیدار بە ڕیفورم و گۆڕان لە بواری نەتەوەیی بەر لە کۆنگرە و لە نیو کۆنگرەدا هەبوو. ئەو سیاسەتەی ئەوان لەم دوو ساڵەی دواییدا بەڕێوەیان برد ڕاست بە پێچەوانەی ئەو ڕێبازە نوێیە بوو کە لە بەرنامەدا هاتووە. بنەمای فکری ئەم لایەنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ئەوان هۆی جیابوونەوە لە حدکا بە نەحاوانەوەی تاکەکان لە ڕیبەری حدکادا دەبینن. بە واتایەکی دیکە تێگەیشتنی ئەوان لەو قەیرانەی کە بە بڕوای من قەیرانی فکری، سیاسی و ساختاری گشت حیزب بوو، تێگەیشتنێکی رووکەشی و ساکارانەیە. لە بەر ئەوە ساکارانەیە کە ئەو قەیرانە دیاردەیەکی تایبەت بە حدکا نەبوو بەلکوو دیاردەیەکی گشتگیری ئەم ساڵانەی دوایی هەموو حیزبە کوردیەکان لە هەموو بەشەکانی کوردستان دا بوو کە پێوەندی بە بارودۆخی سیاسی فکری نێو بزوتنەوەی کورد بوو نەک نەحاوانەی تاکەکان. لێکدابڕان و جیابوونەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لە نێو حیزبە کوردیەکاندا دەلالەت لە قەیرانێکی گشتگیری فکری، سیاسی و ساختاری لە بزوتنەوەی کورد دا دەکا. لە بواری سیاسیدا زۆر ئاستەمە کە حیزبێکی سیاسی جیددی و چالاکی نێو کۆمەڵگایەک کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕان دایە، لە دنیای ئەمڕۆدا بدۆزیەوە کە بە بێ گۆڕان و خۆ نوێژەنکردنەوە و خۆ گۆنجان لە گەڵ گۆرانکاریەکانی کۆمەڵگاکەی خۆیدا بتوانێ بە دوور بێ لە قەیرانی سیاسیو پێناسەیی.

ئەو هاوڕێیانەی ڕێبەری سیاسەتی حیزبیان ئاوا بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە بروایان بەو قەیرانە نیە کە سیاسەتی کورد توشی بووە. لە سیاسەتیشدا وەک زۆر بواری دیکەی پێوەندیدار بە مرۆڤەوە ئەگەر تۆ نەتوانی

پێناسەیەکی دروست لە قەیران یان هەر گرفتێکی دیکە کە توشی دەبی بکەی، هەر بەو پێیەش ناتوانی ڕێگای دروستی چارەسەری و لێدەربازبوونی بۆ بدۆزیەوە. ئەگەر گرفت نەحاوانە بووە کەواتە بە دەست ماچکردنێکی یەکتر هەموو گرفتی جیابوونەوەکان چارەسەر دەکرێ و قەیرانێک لە نێو حیزبە سیاسیەکانی کورد لە ئارادا نامێنێ. بۆیە ئەمە تێروانینیکی ساکارانەیە کە هۆکاری ئەو گرفتە قووڵەی کە کۆمەڵگای سیاسی کورد لە ئاستی حیزبە سیاسیەکانی ئێمە دا لە مێژە گیرۆدەی بووە، بە نەحاوانەوە دابنێی.

لەسەر بەستەری ئەم ڕوانگەیە کە حدک لە گەل هەموو جیاوازیە ڕوتینیەکانی لە گەڵ حدکا، خۆی لە بەرانبەر حدکا دا پێناسە دەکا و چالاکییە سیاسی و ڕێکخراوەیەکانی خۆی لە بەراورد لە گەڵ لایەنی خۆیدا هەڵدەسەنگێنێ. ڕاست ئەو کارەی کە بە شێوەیەکی دیکە لە لایەن حدکاوە دەکرێ. جیاوازیەکی کە هەیە حدکا هەر لە سەرەتاوە باوەڕی بە قەیرانی فکری و سیاسی نەبووە و لە سەر ڕێبازی سیاسی و ساختاری ڕێکخراوەیی پێشوی خۆی بەردەوامە. بەڵام حدک کە هەڵگری خواستی ریفورم و گۆڕانی بنەرەتی بوو جیا لە هێندێک ئالوگۆر لە کلتوری سیاسی و هێمنانەتر کردنی زمانی مامەڵە لە تەک موخالیفان و مودارای لە تەک ڕەخنەدا، هەنگاوی جیددی بە کردەوەی نە لە بواری فکری و نە لە بواری ساختاری دا هەلنەگرتووە. ئەو ڕێبازە سیاسی و ڕێکخراوەیی‌یەی کە حدک لەم دوایانەدا بەڕێوەی بردووە لە ڕاستای گەرانەوە بۆ ئەو دۆزەیە کە حیزب بە گشتی بەر لە لێکجیابوونەوە گیرۆدەی بوو. ڕێشەی ئەم سیاسەتە دەلالەت لە قەتیس مانەوەی حیزب لە قەیرانی فکری و سیستمی ڕێکخراوەیی رابردوو دەکا. تەنانەت ئەو ئالوگۆرانەی هەتا ئێستا لە حیزب دا لە بواری شێوازی هەڵسوکەوتی حیزبی و ڕێکخراوەییدا هاتونەتە ئاراوە، نەیانتوانیوە کاریگەریەکی جەوهەری لە سەر بنەمای سیستمی ڕێکخراوەیی و کلتوری سیاسی حیزبیش دابنێن.

***پرسیار: وادیارە ڕەشبینی بەوەی کە حدک بتوانێ ئەو ریفورمەی باسی لێدەکەی بە جێ بگەیەنێ؟***

***وەڵام:*** مەسەلە ڕەشبینی نیە. ئەم جۆرە شیکردنەوە دەتوانێ یارمەتی بە حیزب بدا کە سیمای گشتی ئەو سیاسەت و ڕێبازەی گرتویەتیە بەر ببینێ و بزانێ بەرەو کوێ دەروا. حدک ئیمکانی بۆ ریفۆرم لە بواری فکری و ڕێکخراوەیی لە زۆربەی حیزبەکانی دیکە زورتر بوو. لە سەرەتاشدا باش دەستی پێکرد بەلام بە داخەوە دواتر ڕێگایەکی دیکەی گرتەبەر. سیاسەتی ئێمەی کورد هەتا ئێستا کەمتر لە ڕوی لیکدانەوە و بە وردبینی و پلانەوە بەڕێوە چووە بەلکو

زۆتر لە هەناوی کارتیکەری رووداوە کاتیەکانەوە هەڵوێستی سیاسی وەرگرتووە. من لەو بڕوایە دام کە حدک وەک هێزێکی سیاسی لە نێو گۆرەپانی خەباتی سیاسی لە رۆژهەلاتی کوردستان دا هەروەک حیزبەکانی دیکەی ئێستای رۆژهەڵات درێـژە بە خەبـات دەدا ئەگەر ریفـورمیش نەکـا. بەلام حـدک بەم سیاسـەتەی هەروەک حیزبەکـانی تـر رۆڵێکی بەرتەسکی لە گەشەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورددا دەبێ.

***پرسیار: تا چ رادەیەک هیوای ئەوە هەیە کە حدک بە کەڵکوەرگرتن لە بەرنامەی پەسەندکراوی کۆنگرەی چوارده، ئەو ریفورمە بکا؟***

***وەڵام:*** رادەی ئەو هیوایە پەیوەستە بە ئاکامەکانی کۆنگرەی پانزدە و ئەو رێباز و سیاسـەتەی کە لە دوای کۆنگره بەرێوە دەچێ. من بە روانگەیەکی گەشبینیەوە دەروانمە ئەو پتانسیلە زۆرەی لە نێو حیزب دا بۆ ریفـورمی بنەرەتـی لە بواری فکری، سیاسی و سیستمی رێکخراوەیی دا هەیە. بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە حیزب بەم سیاسەتەی لەم دوو ساڵەی دواییدا گرتویەتە بەر و بەو مودیریەت و شێوازی سیاسەت کردنەی رێبەریی ئێستاوە، هەرگیز نـاتوانێ وەڵامدەری پێویستیەکانی ئێستا بێ و کاریگەریەکی بەرفرەوانی لە سەر بزوتنەوەی کورد هەبێ.

حیـزب هێزێکـی باشـی هەیە کە خوازیـاری ریفـورم لە روانـگەی بیـری نەتەوەیـی و مـودیرنیزەکردنی سیسـتمی کـاری حیزبن بەلام ریبەری حیزب نەیتوانیوە کەڵک لەم هێزە وەرگرێ و ئەم هێزەی لە پەراوێز دا راگرتوە. ئەوەی هەتـا ئێستا حیزب بە هێندی وەرگرتوە ئەو هێزە، ئەویش نەک هەمووی، کە لە دەوروبەری خۆیەتی.

***پرسـیار: مەبەستت لە دەوروبەری خۆی، بەدەر لە کـۆیەیە؟ پێتـوایە مـانەوەی رێـبەری حیـزب لە کـۆیە یەکێـک لە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ریفورمە لە حیزب دا؟***

***وەڵام:*** من هەرگیز بە روانگەیەکی نیگاتیڤەوە نەمروانیوەتە بوونی ناوەندێکی جۆگرافیایی بـۆ حیـزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵات لە باشور. ئەم حیزبـانە لە هەلـومەرجی ئێسـتای خەبـاتیـان دا پێویستیان بە بنکە بـۆ ناوەنـدی خۆیـان هەیە جا لە کۆیە بێ یان لە هەر شوێنێکی دیکە. ئەو خەڵکەش کە بۆ نمونە لە بـنکەی ناوەنـدی حدک لە کۆیەن هاوڕێیـان و خەبـاتگێرانی دڵسـۆزی حیـزب و بـزوتنەوەکەن و زۆربەیـان خـاوەن ئەزمـونی خەبـات و توانامەنـدی

سیاسین. بە بڕوای من نە بوونی بنکەیەک لە کۆیە لە خۆیدا هەڵەیە و نە کەسایەتی و دڵسۆزی ئەو کەسانەش کە لە کۆیەن جێگای باسە بۆ من. گرفت ئەو ڕوانگە فکرییەی ڕێبەرییە کە لە کۆیە ڕێباز و سیاسەت بۆ هەموو حیزب و بۆ هەموو کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دیاری دەکا و خۆی بە بێبەری لە کارتێکەری دەرەوەی کۆیە دەبینێ. ئەم ڕوانگەیە خەڵکانی دیکە تەنانەت ئەندامەکانی خۆشی لە دەرەوەی بازنەی ئەم جۆگرافیایە بەرتەسکە بە هێند وەرناگرێ. جەوهەری ڕوانگەکە ئەوەیە کە سیاسەت لە کۆیەرا دیاری دەکرێ و هەر کەسیش بیەوێ کارتێکەری لە سەر حیزب و سیاسەتی حیزب دابنێ دەبێ لەوێ بێ. ئەمە کلتورێکی سەنتەرگەرایی و مەزنخوازیەکی فەرمانرەوایانەی سوننەتی و بە هەڵە تێگەیشتنە لە شێوازی کاری سیاسی بە تایبەت لە سەردەمی ئێستادا. ئەمە هەمان ڕوانگەیە کە لە دەورانی خەباتی شاخیش بەهای بە خەڵکی دەرەوەی حیزب لە نێو شارەکان نەدەدا. هەر ئەم ڕوانگەیە کە هەتا ئێستاشی لە گەڵ بێ نە تەنیا هەر هێزی دەرەوەی وڵات بە کەم دەگرێ بەڵکو تەنانەت بە چاوێکی لاوەکیەوە دەڕوانێتە ئەو هێزە سەرەکیەی نێوخۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش. گرفتی کۆیە لە ڕوانگەی بایی نەدان بە هێزی دەرەوەی کۆیەیە کە ئەویش لە کلتورێکی سەنتەرخوازیی ڕێبەری حیزب لە ئاست هێزی دەرەوەی خۆیەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەم لە پەراوێز خستنە بەشێکی زۆر لە هێزی حیزب لە دەرەوەی بازنەی ڕابەری لە کۆیەش دەگرێتەوە. مەودای ئەم جیاوازیەی نێوان ڕێبەری لە کۆیە و دەرەوەی کۆیە بە تایبەت لە گەڵ ئەو نەسلە نوێیەی کە ئەمڕۆکە سەرقافڵەی خەباتی سیاسی و مەدەنین لە نێوخۆی وڵات، بەردەوام بەرینتر دەبێ. زەمانی ئەوە بە سەر چووە کە حیزبەکان وا بیر بکەنەوە ئەوانەی لە نیوخۆ یان لە دەرەوەی وڵاتن سیاسەتکاری لاوەکین و "پرتەقاڵ دەخۆن و باس لە پێشمەرگە دەکەن"، "سەر ڕووت و مناڵە ورکەن" یان "لە جێگای گەرم و لە دوورەوە قسە دەکەن و وەک ئێمە دەرکی واقعیەت ناکەن". تێڕوانینی سوننەتی بە سیاسەت لە عەینەکی ئێلیتی بەڕێوەبەری حیزبی و قەتیسمان لە کلتوری بە کەم گرتنی ڕای دەرەوەی ئەم ئەلیتە ڕۆڵی حیزبەکانی ئێمەی لە سیاسەتی کورد دا دابەزاندوە و تا ڕادەیەکی زۆر پاسیڤی کردووە. زاڵبوونی ئەم کلتورەیە کە ڕێبەری بە تایبەت لە ئاستی سکرتێر و سکرتاریەت دا ڕیگا لە هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی ساختاری و ڕێکخراوەیی دەگرێ کە دامودەزگای ڕێبەری دیسانترالیزە بکا و لە دەسەلاتیان بە سودی دیموکراسی نیوخۆیی کەم بکاتەوە.

لە هەناوی ئەم بیر و کلتورە خۆ میحوەریەیە کە ڕێبەری حدک لە کۆیە تەنانەت ئەو مافەی بۆ ئەندامەکانی خۆی لە دەوروبەری خۆی دادەنێ بۆ ئەندامەکانی لە دەرەوەی وڵات دانانێ.

حدک کە ئیدعای نوێگەری دەکا پێویستە ماڵئاوایی لەم کلتورە بکا و بە تێگەیشتنێکی دروست لە شێوازی کاری

سیاسی مودێرن و بە سودی حیزب لە هەموو هێزی نێوخۆ و دەرەوەی خۆی کەڵک وەرگرێ و لەو قاپورە بەرتەسکەی بۆخۆی دروست کردووە، بێتە دەر.

***پرسیار: دەمهەوێ لێرەوە رەخنەیەک بەرەورووی خۆت بکەمەوە کە وەک یەکێک لە دارێژەرانی سەرەکیی بەرنامە و پێڕەوی پەسەندکراوی کۆنگرەی چواردەی حدک سمینار یان نووسینێکی ئەوتۆتان لە سەرگەیاندنی پەیامەکانی دروشمی ستراتژیکی حیزب بە تایبەتی نەبووە. بۆچی؟***

***وەڵام:*** ئەمن لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی دوای کۆنگرەی ١٤ حدک دا چەندین جار بە نوسین و لە رێگای باسی تەلەفزیونییەوە روانگە و لێکدانەوەی خۆم لە سەر گرینگی باری نەتەوەیی بزوتنەوەی کورد و ستراتیژی سیاسی حیزبە کوردیەکان دەربریوە. لەم باسانەدا ئاماژەم بە کۆماری کوردستان وەک ستراتیژی کردوە و شیکردنەوەی خۆم لە سەر داوە. لە نێو حیزبیشدا نامەی تایبەتیم سەبارەت بە لێکدانەوەی خۆم لە سەر ستراتیژی و بەرنامەی حیزب و ئەو سیاسەتەی کە رێبەری حیزب بەرێوەی دەبا هەم بۆ پلۆنومی حیزب نوسیوە و هەم بە حزوری لەگەل سکرتیری گشتی و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و کادر و ئەندمانی تەشکیلاتەکان باس کردوە. بەڵام ئێستا دەردەکەوێ کە من دەبوایە جگە لەو هەوڵانەی نێوخۆ و ئەو باسە گشتیانەی دەرەوە هەروەک ئێوە باسی دەکەن سمینار و نوسینێکی تایبەتی و راستەوخۆم لە سەر دروشمی ستراتیژی حیزب بۆ رای گشتی لەم ماوەدا ببوایە. لەم بارەوە رەخنەی دۆستان و هاوریان لە جیی خۆیدا دەبینم.

***پرسیار: با بچینە سەر باس لە گۆران لە ساختاری رێکخراوەیی. لەم بارەوە چ گۆرانکاریەکی بەرچاو لە ساختاری رێکخراوەیی لە پێرەویی نێوخۆی حیزب لە کۆنگرەی چواردا پەسەند کرا؟***

***وەڵام:*** گۆران لە پێرەودا چەند بوارێکی گرتەبەر. خالی سەرەکی گۆران بریتی بوو لە گۆڕان لە سانترالیزمی دیموکراتیک لە راستای بە هێزکردنی دیموکراسی نێوخۆیی. ئەویش بریتی بوو لە سنوردارکردنی دەسەڵاتی رەهای پێشووی سکرتیری گشتی و رێبەری لە ئاستی دەفتەری سیاسیدا. لە بەرانبەریشدا تاکی ئەندام و رێکخراوەکانی حیزب گرینگی زۆرتریان پێدرا. گرفتێکی پەیرەوی نێوخۆ لە رابردودا ئاواڵە هێشتنەوەی سنوری دەسەڵاتی سکرتێر و سکرتایاری حیزب بوو. لە پێرەوەی نێوخۆی نوێدا باس لە سنوری دەسەڵاتی سکرتێر و چۆنیەتی بریارەکان لە

ئاستی سکرتێردا کراوە. خاڵێکی کۆنکرێت لەم بوارەدا هێنانە ئارای دوو جێگری سکرتێر بوو. لەم بارەوە دوو مەبەست لە بوونی دوو جێگر هەبوو؛ یەکەم ئەوەی کە سکرتێر وەک جاران بە تەنیا هەموو بڕیارێک نەدا بەڵکو لەمەودوا بڕیارەکان لە لایەن سکرتاریا بە بەشداری هەیئەتێکی سێ کەسی لە ژێر بەرپرسایەتی سکرتێردا بدرێن. دووهەم مەبەست ئەوە بوو کە ئێتر وەک رابردوو رۆڵی سکرتێر پێراگەیشتن بە هەموو وردەکاریەکان لە بواری سیاسی و پرس و کێشەی رێکخراوەیی و ئیداری نەبێ بەڵکو زۆرتر قورسایی کاری خۆی بۆ سیاسەتی گشتی و کۆوردیناسیونی ئۆرگانەکانی رێبەری تەرخان بکا. رۆڵی جێگرێک پێراگەیشتن بە هەواڵ و رووداوە سیاسییەکان و رۆڵی جێگری دووهەم پێراگەیشتن بە کاروباری ریکخراوەیی و ئیداری لە ئاستی ریبەری دایە.

بوارێکی دیکە بایەخدانان بە کاری لێکۆڵینەوە و کاری بە بەرنامە بوو کە لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سیاسی و پلاندانان دا خۆی دەنواند. مەبەست لە دامەزرانی ئەم ناوەندە ئەوە بوو کە دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ببیتە بنەما بۆ دارشتنی سیاسەت و هەڵوێستی سیاسی حیزب. هەروەها سیستمی کاری حیزب لە شێوازی روالەتی و سوننەتی بەرەو شێوازی مودێرنی بە بەرنامە و پلان بگوێزرێتەوە.

سیستمێکی راوێژکاری هەم لە ئاستی رێبەری و هەم بە گشتی لە نێو حیزبدا لە ئالوگۆرەکانی پێرەودا سرنجی تایبەتی پێدرا. لایەنێکی دیکە بایەخدان بە کاری جەمعی و دانی بەرپرسایەتی فرەتر بە کۆمیسیونەکان بوو. ژمارەیەک کۆمیسیون و بواری نوێ بۆ کاری جەمعی پەسەندکران.

لەم ماوەدا دەفتەری سیاسی، بە تایبەت لە ئاستی سکرتاریادا بە بەهانەی ئەوەی کە ئالوگۆرەکانی نێو پێرەو لە پراکتیک دا جێبەجێ نابن، هەنگاوی جیددی لە هیچ یەک لەم بوارانەدا هەڵنەگرت. نە سکرتێر بە پێی ئەو تاریفەی بۆی کراوە لە پێرەودا، کاری کردووە، نە دوو جێگیریان جیگیر کرد، نە ریگایان دا ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سیاسی بکەوێتە کار و نە کاری راوێژ نە تەنیا لە گەڵ دۆستانی حیزب لە دەرەوە بەڵکو لە تەک کادرەکان تەنانەت لە ئاستی رێبەریش دا نەکرد.

بە کورتی رێبەری حیزب بە پێچەوانەی پەسەندکراوەکانی کۆنگرە لە بواری سیستمی نێوخۆیی جگە لە هێورکردنی هەڵسوکەوت لە ئاست ئازادی بیروراو رەخنەگرتن، کاری جیدی دیکەی نەکرد.

***پرسیار: باشە لەو بارەشەوە ئەو ڕەخنەیە هەیە کە خۆتان لە بەرپرسایەتی نەداوە لانیکەم بۆ ئەوەی لە مەیدانی عەمەلی دا کار بۆ جێگیر کردنی پەسەندکراوەکانی ناو پێرەوی نێوخۆ بکەن. ئەو ڕەخنەیە تا چەند لە جێگای خۆیەتی؟***

**وەڵام: کە دەگەڕێتەوە سەر پرسیارەکە، پێویستە مەبەست لە بەرپرسایەتی روون بێ. ئەگەر مەبەست لە بەرپرسایەتی لە ئاستی ریبەری و بوون بە ئەندامی ناوەندی بێ، راستە من ماوەیەکی زۆرە خۆم لێ پاراستوە. بەلام من بەرپرسایەتی لە دنیای ئەمڕۆی سیاسەت، تەنانەت لە کاری حیزبیشدا لە بوون بە بەرپرسی ئورگانێکی ئیجرایی لە حیزبێک دا نابینم. یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی حیزبێکی سوننەتی کە زۆر جار باسی لێ دەکرێ ئەوەیە کە بایەخ بۆ کاری ستراتیژیک و فکری لە کاری حیزبەکەیدا دانانێ و بە کاری لاوەکی دەزانێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە یەکێک لە هەرە کەمایەسیەکانی سیاسەتکردن لە فورمی حیزبی کورددا هەتا ئیستاش ئەوە بووە کە سیاسەتی لە بواری ئیحساسی، زهنگەرایی و روتینیەوە نەگواستۆتەوە بۆ کار لە سەر بنەمای تیۆری، لیکدانەوە و پلان. ئێمە پێویستە کاری ستراتیژیک، واتە کارکردن لە سەر پلان، ئانالیز و لیکدانەوەی ستراتیژیمان لە گەل کاری ئیجرایی رۆژانەی سیاسی و رێکخراوەیی لێکجیابکەینەوە و لە هەمانکاتدا هەردوکیان بە گرینگ لە کاری حیزب دا دابنێن.**

**بەو مانایە کە حیزبی مودێرن پێویستە بەشێک لە ئەرک و سەرمایەی فکری، مرۆڤی و مادی بۆ کار لە بواری لێکۆڵینەوەی سیاسی و فکری دا دابنێ. ئەمە بەو مانایە نییە کە هەر کەس کاری فکری دەکا دەبێ ئەندامی ناوەندیش بێ.**

**ئەمن پێم وایە بە پێی زانیاری فکری و ئەزمونی کاری سیاسیم هەوڵ دەدەم کە جگە لەو ئەرکە نەتەوەیی گشتیە کە هەر تاکێکی کورد هەیەتی لە ئاستی نەتەوەییدا بەشداری پرسی سیاسی کورد بێ، لە قەدەر توانای خۆم لە بواری کاری فکری لە حیزبیشدا ئەرکی خۆم بگیرم. بۆ نمونە لە پاش کۆنگرە بەرپرسایەتی پێکهێنانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سیاسی و پلاندان، کە لە کۆنگرەدا بڕیاری لە سەر درا..**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**

# دیدار لەگەڵ سوهەیلا قادری

لە چوارچێوەی ئەو دروشمانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بەر لە کۆنگرەی چواردەی خۆی بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە ناو حیزبەکەدا بەرزی کردبۆوە، بڕیاری دا تا لە ڕێگای میکانیزیمی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ، ڕێگا بۆ بەشداریی زیاتری ژنان لە بەڕیوەبەریی حیزبەکە دا خۆش بکا. ئەو میکانیزمەش کە بۆ یەکەم جار بوو لە ناو حیزبێکی کوردی دا سەبارەت بە ژنان هاتە ئاراوە، بوو بە هۆی ئەوە کە ژنان ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی کۆنگرەی چواردەی حیزبەکە پێک بێنن و دواتر هەر لە ڕێگای ئەو میکانیزمەوە ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان بۆ ڕێبەرایەتیی حیزبەکە هەڵبژێردران.

بە مەبەستی تاتوێ کردنی ئاکامەکانی ئەو میکانیزمە و چاوخشاندن بە سەر کارنامەی تێکۆشانی ژنانی ناو ڕێبەریی حدک لە مەودای نێوان کۆنگرەی چواردەوە تا ئێستا، ڕۆژهەڵات تایمز کۆمەڵێک پرسیاری بەرەوڕووی ئەو ئەندامانەی ڕێبەریی کردەوە. ئەوەی خوارەوە وڵامەکانی سۆیلا قادری، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستانە.

**پرسیار**: لە کۆنگرەی چوارده دا لە ڕێگای پەیرەوکردنی ئیمتیازی هەڵاواردنی پۆزەتیڤ، ئێوە گرووپێک لە ژنانی ناو حیزب توانیتان بچنە ناو کۆنگرەوە و دواتریش بەشێکتان بۆ کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. ئێستا دوای تێپەڕبوونی نیزیک بە سێ ساڵ بەرهەمی ئەو ئیمتیازە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

**وەڵام**: سەبارەت بە میکانیزمی هەڵاواردنی پوزێتیڤ کە بۆ یەکەمجار بۆ کۆنگرەی ١٤ هاتە بەرباس، لە کۆنفرانسی پێشمەرگەکان دا نارەزایەتی خۆم لە پشتی تریبونەوە دەربری. بەو هۆیەوە کە پێم وابوو بەو کارە توانایەکانی ژنان دەشاردرێنەوە و شایستە سالاری لە نێو ژناندا بوونی نابێ و بە هەر چونێک بێت چەند ژنێک دەبێ بچنە ریزی ڕێبەریەوە. بەڵام بە ئاوڕدانەوە لە فەرهەنگی کۆمەڵگاکەمان کە حیزبی ئێمەش هەڵقوڵاوی ئەو کۆمەڵگایەیە و بەردەوام سیستمی پیاوسالاری زاڵ بووە، هاتمە سەر ئەو قەناعەتە کە بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە زۆرەی کە لە نێوان رادەی دەسەڵاتی پیاوان و چوونە پێشیان لە هەر بوارێک کە پێیان خۆش بووە،

هەیە، دەبێ ڕێگایەک هەر بدوزرێتەوە. هەڵاواردنی پۆزێتیڤ، یەکێک لە ڕێگا هەرە پێشکەوەتووەکان بوو کە زۆربەی سیستمە دێموکراتییەکانی دونیا کە دێموکراسی تێیان دا بەرقەرار بووە یا هەوڵی بۆ دەدەن، لەم میکانیزمە کەڵکیان وەرگرتوە و تا ئێستاش بەردەوامە. هەر بۆیە حیزبی دێموکراتیش بە دەکار کردنی ئەو میکانیزمە هەنگاوێکی بۆ هێنانە ریزی ڕێبەریی و کاری سیاسی بۆ ژنان هەڵێناوە کە من پێم وایە تا رادەیەک سەرکەوتوو بووە. بەڵام پێویستە فەرهەنگسازی بۆ بکرێ کە لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا پێویستی بەم هەڵاواردنەش نەبێ و بەدەنەی حیزب بەو ئاستە گەیشتبن کە تا بەشداری ژنان نەبێ، ئەو ئاستە لە سەرکەوتن و دێموکراسی کە ئامانجمانە، دابین نابێ. دیارە دەبێ لەو نیوەدا ژنانیش خۆیان پی بگەیەنن تا لەم ڕەوتە دوا نەکەون و دان بە تواناییەکانیان دابندرێ.

***پرسیار: لەو ماوەیەدا ئێوە وەک ئەو گروپە لە ژنان تا چەند توانیتان کار بۆ چەسپاندنی زیاتری خواستەکانی ژنان لە ناو سەرکردایەتی حیزب دا بکەن؟***

***وەڵام:*** ئەوەندەی بۆمان کراوە کارمان بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ژن لەم ڕێگەیەوە کە گرتومانەتە بەر، کردووە. ئەوەندەی ئاگاداریش بم لە دوای کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هیندەی پرسی ژنان و گرنگی پێدان بە ڕاو و بۆچوونەکانیان دراوە تا ئێستاش لە مێژووی حیزبدا بێ وێنە بووە. ناشڵێم بە حەدی کافی گەیشتووە، بەڵام بە شاهیدیی زۆر کەس، پێشتر تەنانەت لە کۆبونەوەکانی کومیتەی ناوەندی دا پرسی ژنان یان هەر نەبۆتە باسی کۆبوونەوەکان یان زۆر بە دەگمەن بووە. بەڵام هەر دوای یەکەم پلینۆمی کومیتەی ناوەندی و لە تەقسیمی کاردا من ئەم جیاوازیەم لە نێوان کاری پێشنارکراو بۆ ژنان و پیاوان کە کادری ڕێبەریی حیزبن نەبینی. دەکرێ بڵێم تا ئەو جێگایەی بۆمان کرابێ خواستی ژنانمان هێناوەتە بەرباس و پشتگیریمان لێ کردوە. تەنانەت ئەگەر زۆریش جێی نەگرتبێ، بۆتە باسی کۆبوونەوەکان تا بیری لێ بکرێتەوە. دیارە لەمەوبەر لە ڕێبەریی حیزبدا تاک و تەرا نەبێ، ژنانێک نەبوون تا پرسی ژن بکەنە باسێک لە ڕێبەریی دا، تەبیعیشە کە تۆ ڕەنگت نەبوو، دەنگیشت نابی.

***پرسیار: ئێوە وەک ئەو گروپە لە ژنان، تا چەند یەکگرتووییتان لە ناو دا بوو, ئایا وەک گروپ یان فراکسیۆنی ژنان لە کۆمیتەی ناوەندی دا کارتان کرد یان هەر یەک بە شێوەی تاک؟***

**وەڵام:** دیارە ئێمە وەک گروپ یان فراکسیۆنێک کارمان نەکردوە و تا حەدێک بۆچوون و فکرەکانمان سەربەخۆ و جیاواز راگەیاندوە. دیارە ئەو یەک نەگرتوویەش دوو هۆی هەیە:

١- رێژەی ژنان لە رێبەری دا کەم بووە و ئەو کەمەش کە بوون لە لای یەک نەبوون کە بتوانن لەم بوارەدا ئاڵ و گۆری بیرورا بکەن.

٢- یەکەم ئەزموونی ژنانیش بووە کە چەند کەسێک لە رێبەری حیزبدا جێ بگرن و زۆرتر فکرەکانمان بەوە مەشغول بووە کە لە کارەکانمان و بەرپرسایەتێکانمان دا لە هاورێ پیاوەکانمان نەمێنینەوە.

بەڵام بە خۆشیەوە دوای ئەزمونی زیاتر لە دوو ساڵمان لەم ئۆرگانە بەرزەی حیزبدا وەک گروپی ژنانی نێو ریزی کومیتەی ناوەندیی دانیشتنێکی تایبەتیمان هەبی و بە یەک دەنگ و یەک قسە لەگەڵ کومیتەی ناوەندیی بدوێین و داواکاریەکانی خۆمان بە شێوەیەکی گەلاڵە کراو و لە چەند خاڵدا رابگەیەنین. هەروەها دەمانهەوێ بەردەوام بین و لە داهاتوودا کە ئەزموونی ژنان لەو بوارەوە زۆرتر دەبێ، تەبیعیە کە لە یەکەم ئەزموندا کە چەند ژن لەو ئاستەدا دەبیندرێ بەو شیوە فکرەکانیان کۆکراوە نەبی و ئەو چاوەروانیەش کە ژنان بە تایبەتی هەیانە بەراوردە نەکرێ. بە تێپەڕِینی زەمان و زیاتر چالاک بوونی ژنان و رۆڵ گێرانیان لە هەموو بوارەکانی ئەم خەباتەدا هەم ئەزموونە کۆکراوەکە زیاتر دەبێ، هەم دەکارکردنی ئەم ئەزموونەش بە بەرنامەتر دەبی.

ئەگەر ئەم بریارەی حیزبی دیموکرات سالانێکی زووتر درابا و بواری بۆ ژنان خۆش کردبا، ژنی زۆر بە توانا لە ریزی ئەم حیزبەدا هەبوون کە رەنگە زۆریش سەرکەوتوو دەرکەوتبان.

***پرسیار:** پێتوایە تا چەند توانیتان تواناییەکانی ژنانی ناو حیزب پێشانی سەرکردایەتی و بەدەنە و بە گشتی خەڵک بدەن؟*

**وەڵام:** ئەم پرسیارە هاوسەنگەران و هاوکارانمان دەتوانن وەڵامی بدەنەوە و قەزاوەتی لەسەر بکەن. ئێمە چ لە ئاستی رێبەریی و چ لە ئاستی کادر و پێشمەرگەدا ئەوەی بۆمان کرابێ کردوومانە. رازیی بوونیش شتێک نیە

موتڵەق بی. بە بڕوای من وەک یەکەم ئەزموونی حیزب ئەوەی لە دەستمان هاتبێ کردوومانە و هەوڵی تەواویشی بۆ دەدەین کە ژنان لەو ئاستەدا سەرکەوتن بە دەست بێنن.

***پرسیار: ئایا بەرنامەیەکتان بە دەستەوە بۆ ئەوەی ڕێژەی ژنان لە ناو سەرکردایەتی حیزبەکەتان لەوە زیاتر بکەن؟***

***وەڵام:*** زیاد کردنی ڕێژەی ژنان لە سەرکردایەتی دا گرنگ نییە. چونکە چۆنیەتی گرنگە نەک چەندێتی. ڕەنگە بەشداریی کردنی ژنان لە کۆنگرەدا ئەو مەرجە ببەستێ کە ئایا ڕێژەی ژنان لە کومیتەی ناوەندیی دا زیاد بکرێ یا خێر، تەقویەت بکرێ لە بواری توانایی‌و دەسەلات پێدان و فەرهەنگسازیی کە سەلاحیەتەکان وەک یەک دابەش بکرێن و ژنان لە ریزی پۆستی بڕیار بەدەست دابن و لە چارەنووسی سیاسی ئەو حیزبەدا ڕۆڵ بگێڕن.

***پرسیار: جگە لە ناو سەرکردایەتی، لەو ماوەیەدا چیتان کرد بۆ ئەوەی ڕێژەی ژنانی ئەندام لە حیزبدا بەرز بێتەوە؟ تا چەند سەرکەوتوو بوون؟***

***وەڵام:*** بۆ جوابی ئەم پرسیارەت دەکرێ بڵێم لەو بوارەوە ئێمە هیچ بەرنامەیەکمان پێ نەبووە کە ئەم ڕێژەیە بەرز بکرێتەوە. بەڵام بە خۆشیەوە ژنان وەک ئەندام لە حیزبدا ڕێژەیان کەم نییە. ئەوە کە تا چەند خۆیان ئامادە دەکەن بۆ وەها هەنگاوێکی گرنگ، ئەوە مەسەلەیە. گلەییەک بێ لە ژنان بە داخەوە کەمتر هەوڵی خۆ پی گەیاندن دەدن. ژنان دەبێ هەستی بڕوا بە خۆبوون لە خۆیاندا بە هێز بکەن و خۆ ڕابێنن کە ڕەنگە جارێک هەڵە لە کارەکانیان دا بکەن، ئەوە بۆ پیاوانیش دێتە پێش، گرینگ ئەوەیە بە ئیرادەی خۆت هەڵەکە ڕاست بکەیتەوە.

***پرسیار: وەک دوا پرسیار، بە سەرنجدان بە زاڵبوونی کولتوری پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگا و هەروەها لە ناو حیزبە کوردیەکان دا بە گشتی، سەرکردایەتی و بەدەنەی حیزبی ئێوە تا چەند ئێوەی وەرگرت و بۆ سەرکەوتن هاوکارتان بوون؟***

***وەڵام:*** حیزبی ئیمە زۆر دەمێکە دروشمی نەهێشتنی پیاوسالاری کردۆتە یەکیک لە دروشمە سەرەکیەکانی خۆی.

دەکرێ بڵێم ئەو شێوە کە کاری بۆ کردووە کافی نییە و دەبێ هەموو کەلەبەرەکانی کۆمەڵگا پڕ بکاتەوە و قەناعەتیان پێ بێنێ.

لە سەرکردایەتی و لە بەدەنەی حیزبدا ئێمە ئەو هەستەمان کردووە کە ئەگەر ژنان قۆڵی هیمەت هەڵماڵین و نەترسن لە وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە گەڵمانن و سەرکردایەتی حیزب ئەو کراوەییەیی تێدا بەدی هاتووە کە تا ژنان نەیەنە ریزی تێکۆشان و لە ریزی هەرە پێشەوەی ئەم خەباتە نەبن و لە سیاسەتگوزاری ئەو حیزبە دا بەشدار نەبن، وەک حیزبێکی ئەمڕۆیی و پێشکەوتنخواز سەیری ناکرێ و لەگەڵ دروشمەکانی خۆی کە لە بەرنامەو پەیرەوی حیزبدا و لە هێڵە گشتییەکاندا هاتووە یەک ناگرێتەوە. حیزبی ئێمەش دەبێ ئەو کەلێنە سیاسیە پڕ بکاتەوە..

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - ڕێکەوتی: ۱ی ئەپریلی ٢٠١٢

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٥

## خەنی لە خۆم و لە کتێبخانەی کوردی

وەک هەموو دۆستان و ئازیزانی هاوڕێمان کاک عومەر حەمیدی، رۆژی شەممەی رابردوو ئەمنیش وێڕای پۆلێک لە دۆستانم، رێگای دووری شاری "ڤاسا"مان بڕی تا بۆ دوا جار ماڵاوایی لەو هاوڕێ ئازیزەمان بکەین و رێز و ئەمەگناسیی خۆمان لە حاند تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی ئەو دووپات بکەینەوە.

کە گەیشتینە جێ، ئەو هاوڕێیانەی پێشتر گەیشتبوون، بە ریز راوەستابوون. هەر کام چەپکە گوڵ یان گوڵێکی

سووری وەفادارییان بە دەستەوە بوو. چاوم گێڕا و گەلێک لەو هاوڕێیانەم دیت کە ساڵانێک بوو بە هۆی ژیانی دوورە وەتەنیی ئوروپا نەمدیبوون. هەروا چاوم بە خەڵکەکە دا دەگێڕا کە دیتم هاوڕێی خۆشەویستم کاک عەلی فەتحی‌ش پەیدا بوو. ئەو هەر لە منداڵییەوە ئاواڵ و هاوڕێی کاک عومەر بوو کە لە سویدەوە هاتبوو. دەمزانی دێ. دوای ئەوەی هەواڵی دڵتەزێنی مەرگی کاک عومەرم لە فەیسبوک بڵاو کردەوە، ئەو یەکەم کەس بوو کە تاساو و ناباوەڕانە تەلەفۆنی بۆ کردم و لە ڕاستیی هەواڵە دڵتەزێنەکەی پرسی. پێشتر قەرار بوو بێتە لام و بە یەکەوە بچین بەڵام دواتر ڕێگای سەفەرەکەی گۆڕی و منی لەوە بێبەش کرد کە دامنابوو ماوەیەک بە یەکەوە تێپەڕ بکەین و هاوسەفەریش بین. کە دیتمەوە، ئەمجار بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، بزەی لە سەر لێوی نەمابوو. پێشتر ئەو کورتە پەخشانەم خوێندەوە کە بۆ مەرگی کاک عومەری ئاواڵی نووسیبوو. دەمزانی کۆستەکە بۆ ئەو لە هی ئێمە قورسترە. بۆیەش بە لامەوە سەیر نەبوو کە کاک عەلیی قسە خۆش و هەمیشە لێو بە بزە، ئەمجار بزە لە سەر لێوی تاراوە. بە تایبەت کە گەرمەشینی خاتوو پڕشەنگی هاوسەری کاک عومەر هیندەی دیکە ئەو خەمەی لە سەر شانمان قورس کردبوو. شینگێڕییەک کە کاڵای بە قەد باڵای لە دەستدانی کەڵەمێرێکی ئەم سەردەمە بوو و ئەمن ساڵانێک بوو گەرمەشینی وەهام بەر گوێ نەکەوتبوو. کاک عەلیی خۆشەویست لەو حاڵەش دا بە گێڕانەوەی بیرەوەریی خۆشی خۆی لە گەڵ کاک عومەری هەمیشە لە یاد، بزەی خستە سەر لێوانمان و ئەوی هیندەی دیکە لە دڵمان دا شیرنتر و خۆشەویستتر کرد.

ڕێورەسمی بە خاکسپاردن و کۆڕی ماتەمینیی کاک عومەر تەواو بوو و ئێمەش هەر کام دەبوو ئەو شارە بە جێ بێڵین کە بوو بە دوا مەنزڵگای ئەو ئازیزە تێکۆشەرەمان. خەریکی ماڵاوایی لە دۆستان و هاوڕێیان بووم کە دیتم کاک عەلی بە هەگبەیەکەوە لە بەر دەمم قیت بۆوە؛

*- ها تاهیر گیان ئەوانەم بۆ تۆ هێناوە...*

سەرم بە تورکەکە داگرت و دیتم پۆلێک کتێبی بە نرخی دە خۆی دا هەڵگرتووە. دەمێک بوو ئاگادار بووم کە کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی نووسەرانی کەونارای یۆنانیی لە زمانە ئەسڵییەکەیانەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاون. تەنانەت کەم و زۆر ئاگاداری ڕەوتی بە چاپ گەیاندنیشیان بووم بەڵام نەمدەزانی کاریان بە کوێ گەیشتووە. بە دیتنی کتێبەکان زۆر خۆشحاڵ بووم. هەم لە بەر ئەوە کە دنیای ڕوونی چاپ و بڵاو بوونەوەیان بە

خۆوە دیتووە و کتێبخانەی کوردی‌یان پێ خەنی بووە، هەم ئەوەش کە دەغدەغەی پەیدا کردنی کتێبەکانم لە کۆڵ ببۆوە کە پێشتر ئامادە بووم بە هەر نرخێک پەیدایان کەم. لەوانەش زیاتر نووسەر و وەرگێڕە خوێن شیرین، قسە خۆش و قەڵەم ڕەنگینەکە ئەوانی وەک دیاری پێدا بووم. نایشارمەوە، بە وەرگرتنی ئەو دیاریە بە نرخانە شاییم بە خۆم بوو، نەمدەزانی چۆنی سپاس بکەم و بە دڵنیاییەوە نووسینی ئەم دێڕانەش وڵامدەری ئەو لە بیر بوونو، ئەو دیاریە بە نرخانە نین.

ئەوانەی کە مێژووی کۆنی کوردیان خوێندۆتەوە، بە دڵنیاییەوە تووشی ناوی دوو مێژوونووسی گەورەی یونان بوون. ئەو مێژوونووسانەی ئەگەرچی بۆ کورد و لە پێناو کورد دا نەیاننوسیوە بەڵام بەرهەمەکانیان سەرچاوەی گرینگی مێژوویین بۆ مێژووی کەونارای کورد و بە دگمەن لێکۆڵەرانی مێژوویی توانیویانە لە باسی مێژووی کەونارای کورد و ناوچەکە دا خۆ لە بەرهەمەکانی دوو ناوی گەورەی هێرۆدۆت و گزنفۆن ببوێرن و بە سەریان دا تێپەڕن.

هێرۆدۆت کە بە باوکی مێژوو ناسراوە، بەشێک لە کتێبە بە نرخەکەی خۆی (مێژووی پارسەکان)ی بۆ مێژووی ماد و دەوڵەتی مێدیا تەرخان کردووە. ئەو بوو کە بۆ یەکەم جار ئاشکرای کرد کە بەر لە دەسەڵاتی هەخامەنشیەکان، ئەوە مادەکان بوون کە یەکەم دەسەڵاتیان لەو هەرێمە دا بنیات نا. سەرچاوەیەک کە بۆ دیاکۆنۆفی نووسەری کتێبی "مێژووی ماد" سەرچاوەیەکی گرینگ و جێگای بڕوایە لە ساخکردنەوەی ئەو مێژووە کۆن، ئاڵۆزو ئاڵۆزکراوەی نەتەوەکەمان دا. کتێبەکەی هێرۆدۆت لە ڕاستی دا ٩ کتێبی بچووکتری دەخۆ گرتووە کە لانیکەم ٣ لەوانە پێوەندی بە ڕۆژهەڵات و کەم زۆر بەو هەرێمە یان جیرانەتیی ئەو هەرێمەوە هەیە کە کوردانی تێدا نیشتەجێن و لە دڵی کوردەکان دا بە کوردستان ناسراوە. وەرگێڕدراوی ئەو کتێبە کە دەبوو زۆر لەوە پێش لە کتێبخانەی کوردی دا جێی گرتبا و کورد ئەوەندە ناچار نەبا بۆ زانینی بەشێک لە مێژووی خۆی پەنا بۆ تەرجەمەی بە گزی و فێڵی داگیرکەران ببا، یەکێک لە کارە گرینگەکانی کاک عەلی فەتحیی خۆشەویستە. کتێبێک کە زیاتر لە ١٢٠٠ لاپەڕەی دەخۆ گرتووە و بە دڵنیاییەوە کتێبخانەی کوردی بە شانازیەوە باوەشی بۆ گرتۆتەوە.

یەکێکی دیکە لە بەرهەمەکانی کاک عەلی فەتحی وەرگێڕانی کتێبی ئاناباس یان گەڕانەوەی دە هەزار یۆنانی‌یەکەی گزنفۆنە. مێژووخوێنان بێ گومان دەزانن کە بەشێک لە ڕەوتی گەڕانەوەی ئەو لەشکرەی یۆنانیەکان بە کوردستان دا رابردووە و لە گەڵ بەرگری و پێش پێ گرتنی بەردەوامی دانیشتوانی ئەو هەرێمە بەرەوروو بوون.

لەم سۆنگەیەشەوە گزنفۆن کۆمەڵێک بابەتی وەک شێوەی جلوبەرگ، سروشت و تایبەتمەندیی ئینسانەکان، چەکوچۆڵی شەڕکەران، شێوەی شەڕ و بەرەنگار بوونەوەیان و گەلێک زانیاریی دیکەی لە مێژووی کۆنی دانیشتوانی ئەو هەرێمە تۆمار کردووە. سەرەڕای ئەوە گێڕانەوەی بە سەرهاتی پاشەکشەی ئەو لەشکرە و شەڕ و تێکەڵچوونەکانیان کە کاک عەلی فەتحی توانیویەتی وەستایانە بیخاتە سەر زمانی کوردی، خوێنەر بە دوای خۆی دا رادەکێشێ و ماندووی ناکا.

زمانی نووسین و وەرگێڕانی کاک عەلی ئەگەرچی وەک هەر کارێکی مەزنی ئاوا، رەنگە بێبەری لە رەخنە و تێبینی نەبێ، بەڵام کوردیەکی خاوێن و خۆماڵییە. ئەو کە وەکوو خوێندەوارێکی پێشمەرگە لە کۆمەڵگای هەژاری کوردستانەوە شار و گوندە جۆراوجۆرەکانی کوردستان گەڕاوە، لە گەڵ شوان و جوتیار و پاڵە و سەپان دانیشتووە، قسەی بۆ کردوون و قسەی لێ وەرگرتوون و هاوکات سەری بە خوێندنەوەی کتێبی کوردییەوە بووە، هەوڵی نەداوە وشەی داتاشراو و نامۆ و ناقۆڵا بە کار بێنێ و لەو زمانە کەڵکی وەرگرتووە کە ئاخێوەری کورد بە کوردی بیری پێ دەکاتەوە و پێی دەدوێ. ئەوانەش وایان کردووە کە مرۆڤ لە کاتی خوێندنەوەی کتێبەکان دا لە بیری نەبێ کە ئەوە لە زمانی یونانییەوە راستەوخۆ کراوەتە کوردی و وەک بەرهەمێکی خۆماڵی بیانخوێنێتەوە و بە دەگمەن تووشی گرێ و گۆڵی خوێندنەوە بێ.

دڵنیام بە وەرگێڕانی ئەو دوو کتێبە و هەروەها وەرگێڕدراوی کتێبەکانی "بیرەوەری کۆیلەیەک" ستراتیس دوکا و "ژمارە ٣١٣٢٨"ی ئێلیاس وینیزیس کە نێوئاخنی هەگبە دەوڵەمەند و بە بایەخەکە بوون، کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندتر بووە و خوێنەری کوردیش مەودایەکی زیاتری بۆ خوێندنەوە و فێربوون دەست کەوتووە. ئەگەرچی ئەو دوو کتێبەی دوایی بۆ من نائاشنان، بەڵام دڵنیام وەک هەردوو کتێبی ئاناباسی گزنفۆن و کتێبی مێژووی هێرۆدۆت، وەرگێڕ تەنیا لە سۆنگەی وەرگێڕان دا ئەو کتێبانەی بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕاون. ئەو لەم رێگایەوە هەم دەیهەوێ پەرە بە زمانی نەتەوەکەی بدا و هەمیش چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ئەو نەتەوەیە بۆ نەتەوەکەی خۆی هەڵبداتەوە.

بێگومان ناساندنی ئەو بەرهەمە بە نرخانە نە لە توانای من دایە و نە ئەم کورتە نووسینەش لە ئاستی شەونخوونی و ماندووبوونەکانی ئەو ئازیزە دایە. هەر ئەوەندەم لە دەست دێ کە لێرەوە دەستخۆشی بە کاک عەلی

فەتحیی نووسەر و وەرگێڕ بڵێم و هیوای تەمەنی ساخ و هەروا پڕ بەرهەمی بۆ بخوازم و جارێکی دیکە سپاسی بکەم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١٥

---

## پێشنیار یا پێشنیاز

باس لە سەر دوو وشەی پێشنیار و پیێشنیاز، بە تایبەت لە سەر بە هەڵە زانینی وشەی "پێشنیار" هەر جارناجارێک لە نێو نووسەرانی کورد دا سەر هەڵدەداتەوە. لە باشووری کوردستان زیاتر ئۆگری بە لای وشەی پێشنیاز دا هەیە و دوا جار خاتوو کوردستان موکریانی هەر لە چوارچێوەی بە راست زانینی ئەم بۆچوونە، بابەتێکی نووسیوە. بەڕێزیان پێی وایە لە چاپی قامووسەکەی مامۆستا گیوی موکریانی، باوکی خاتوو کوردستان دا، بە هەڵە و بە هۆی لێک نیزیک بوونیان، پیتی "ر" لە بری پیتی "ز" داندراوە و لە بنەڕەت دا مەبەستی مامۆستا گیو پێشنیاز بووە نەک پێشنیار.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وشەی پێشنیاری پێ رەد دەکرێتەوە، نیزیک بوونی وشەکەیە لە وشەی "پیشنهاد"ی هاومانای لە زمانی فارسی دا. لاگرانی پێشنیاز پێیان وایە "پێشنیار"ی کوردی تەنیا بە گۆڕینی دوو پیتی "هـ" و "د"ی "پیشنهاد"ی فارسی و جێگۆڕکێی ئەو دوو پیتە بە "ی" و "ر" چێ بووە و فڕی بە زمانی کوردیەوە نییە. بەڵام بە پێچەوانە، ئەمن پێم وایە پێکهاتە و چۆنیەتی چێ بوونی وشەکە تەواو کوردیە و تەنیا لە وشەی "پێش/پیش" دا هاوبەشن.

لە زمانی کوردی دا گەلێک وشەمان هەیە کە بە پاشگری "یار" چێ بوون؛ پرسیار(پرسین - یار)، بڕیار(بڕین - یار)، کڕیار(کڕین - یار)، دیار(دیتن - یار)، فرۆشیار(فرۆشتن - یار) تا دەگاتە وشە هاوشێوەکانی لەو گوێنە کە دواتر چێ بوون وەک ژیار(ژین - یار)، زانیار(زانین - یار). سەرجەمی ئەوانە لە ماکی کردارەکان واتە شێوەی

ئێستا(مضارع) نەک رابردوو(ماضی)ی ئەو کردارانە پێکهاتوون. دەکرێ وشەی پێشنیاریش بە هۆی ئەم پاشگرە بەڵام لە سەر شێوازێکی بڕێک ئاڵۆز، و هێندێک سواو چێ بووبێ. واتە بە شێوەی؛

*پێش + نێ + یار = پێشنێیار = پێشنیار*

پێش لە پێکهاتەی پێشنیار دا وەک پێشگر، رۆڵی زەمان دەگێڕی و ئاماژەیە بە ڕا و بۆچوونی پێش کاتی ئەنجامدان. بەو جۆرە "پێش" وشەی پێشنیاری کردووە بە وشەیەکی تێکەڵاو.

"نێ" شێوەی مضارعی چاوگی *"نان - نیان - نییان - نێیان"*ە کە شێوە باوترەکەی لە زمانی کوردی دا وەک زۆر چاوگ و کرداری دیکە بە پێشگری "دا" دەبیندرێ و دەبیسترێ؛ دانان - نان(چاوگ - مصدر)، دانا - نا(رابردوو - ماضی؛ کتێبەکەم دانا)، دانێ - نێ(ئێستا - مضارع؛ کتێبەکە دادە'نێ'م).

کرداری "نان" بە هۆی پێشگرەکانی چاوگی زمانی کوردی چەندان کرداری دیکەی بە مانای جیاواز و بۆ کاری جیاواز لێ کەوتۆتەوە کە لە هەموان دا دەوری "نێ" لە شێوەی ئێستایان دا بەرچاوە؛

*نان*

*دا - نان*

*لێ - نان*

*تێ - نان*

*هێ - نان*

*هەڵ - نان*

*ڕا - نان*

*سەر - نان*

*وەسەر - نان*

*وەبەر - نان*

*وەدەر - نان*

*و هیتر.*

لە وشەی پێشنیار دا، بوونی دوو پیتی دەنگداری " ێ " و " یـ " لە دراوسێیەتی یەکتر دا و بە هۆی بوونی "ا" وەک پیتی دەنگداری سێهەم بە دوای یەکدا، وای کردووە کە "یـ" بسوێ و لە ماکی کردارەکە تەنیا "ن" بمێنێتەوە. هەرچەند ئەگەر پێشنیار بە شێوەی "پێشنێیار"یش بنووسرێ یان بگۆترێ، هەڵە نییە بەڵام پێشنیار لە زاران خۆشترە.

هەرچەند سەلماندنی ئەو راستیە پێویستی بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ئەدەبی زارەکیی کورد هەیە بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی خاتوو کوردستان، پێم وایە وشەی پێشنیار لە ناو زمانی ئاخێوەرانی کورد دا زۆر لە فەرهەنگەکەی مامۆستا گیو کۆنترە. لە سەردەمی ئەویش دا زۆرێک لەوانەی ئەو وشەیەیان بە کار بردووە، رەنگە هەر نەیانزانیبێ مامۆستا گیو فەرهەنگی زمانی کوردی نووسیوە. تەنانەت ئەگەر هیچکام لەوانەش نەبووبێ و مامۆستا گیویش بە هەڵە پێشنیاری بۆ پێشنیاز نووسیبێ، دیسان "پێشنیار" داڕشتنێکی کوردانەیە.
دوو وشەی پێشنیار و پێشنیاز لە باری ماناشەوە جیاوازن. پێشنیار پلان و نەخشە و بۆچوونی تایبەتە کە کاتێک بە گشتی دەکرێ و دەخرێتە بەر چاو و گوێی گشت یان کۆمەڵە کەسێکی دیار، مانای خۆی وەدەست دێنێ لێ پێشنیاز نیەت و قەسدی تایبەتە کە دەکرێ هیچکات دەرنەبڕدرێ و هەروا مانای خۆی رابگرێ. بە واتایەکی دیکە دەکرێ پێشنیاز، پێشنیاری دەرنەبڕدراو بێ.

بۆ وێنە دەکرێ فەرماندەیەک بە فەرماندەکانی خوارەوەی خۆی بڵێ: دوژمن پێشنیازی هێرشی هەیە، پێشنیاری ئێوە چییە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٥

## مستەفا هیجریش سەری حەسەنی ئەیوبزادەی بێکڵاو هێشتەوە!

بە تەما بووم لە سەر روانگەی خۆ بە زلزانانە و خۆ بە زۆرزانانەی نووسەری نسکۆو دابڕان لە هەمبەر کەسایەتیو چۆنیەتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، بابەتێک بنووسم. دەمویست لە سەر دابەزاندنی خولیا و خەونەکانی دوکتور قاسملوو لە ئازادی و رزگاریی نەتەوەکەیەوە تا ئاستی هەوڵدان بۆ "بە قارەمان دەرکەوتن" و "خۆ بە قارەمان نیشاندان" لە روانگەی نووسەری نسکۆو دابڕان دا،

هەڵوەستە بکەم، گەرەکم بوو روانگەی خۆ بە براگەورە زانین و لە خۆ روانین و خۆ ڕانانی کاک مستەفا هیجری و خۆ دەرخستنی وەک فریشتەی نەجات بۆ هەر دوو رووداوی میکونوس و ڤیەن بنووسم، بەڵام ئاغای حەسەنی ئەیوبزادە نۆرەبڕی لێ کرد.

حەسەنی ئەیوبزادە بە ڕواڵەت بابەتێکی بە رەخنە لە کتێبی نسکۆو دابڕان نووسیوە(١) بەڵام وەک خووی هەمیشەیی خۆی، ئەمجارەش بیانوویەکی دیکەی بە ناوی 'نسکۆ و دابڕان' بۆ دەمەزەرد کردنەوەی تۆمەتەکانی پێشووی خۆی دژ بە حیزبی دێموکرات دۆزیوەتەوە. بەو جیاوازیە کە زانی مستەفا هیجریش بە تەواوی مایەپووچی کردووە. وێدەچێ زەمانێکی درێژ چاوەڕێی دەرچوونی بۆچوونی مستەفا هیجری لە هەمبەر تۆمەتەکانی دا بووبێ. رەنگە بە درێژایی دە ساڵ و پازدە ساڵ ئەو چاوەڕوانیە درێژەی کێشابێ. راست بە مەودای ئەو ماوەیەی جەنابی مافناس دژ بە حیزبی دێموکرات قەڵەمی تاو داوە. وەک لە نووسینەکەی دەردەکەوێ، بە تەما بووە سکرتێری حدکا مۆری داکۆکی لە روانگەکانی بدا. بە تەما بووە سکرتێری حدکاش بۆ سڕینەوە یان کەم کردنەوەی تاوان لە کۆماری ئیسلامی لە گەڵی هاودەن بێ. کەچی لە خوێندنەوەی کتێبەکە دەسبەتاڵ هاتۆتە دەر. لەم بارەوە گلەیی هەڵڕشتووە. لە شتە لاوەکیەکانی وەک هەڵەبوونی ئەو مانگەی دوکتور قاسملووی تێدا شەهید کراو هێندێک هەڵەی رێزمانی و رێنووسی بترازێ، بابەتەکەی ئەیوبزادە هیچ پێوەندی بە رەخنە لە کتێبی "نسکۆو دابڕان" نییە. لە راستیدا رەخنەی لە شتگەلێکە کە تێیدا نییە. وێدەچێ پێشتر بەڵێنی پێ درابێ و لە بیر کرابێ! گلەیی و سکاڵانامەکەی سەبارەت بەو شتانەیە کە پێی وابووە یان رەنگە قەرار بووبێ هیجری بۆی پشتراست بکاتەوە و نەیکردووە. لە راستیدا ئەیوبزادە هەست دەکا مار بە دەستی ئەو گیراوە، دەسخەڕۆ کراوە، بە جێیان هێشتووەو بە

تەنێ ماوەتەوە. وەک جولەکەکە لە هەردوو دینان بووە. هەم لە لای ئەوانەی رەخنەی لێ دەگرتن و هەم ئەوانەش کە پێی وابوو بە قازانجیان دەینووسی. هەم لە لای یەکێتی بێزراوەو هەم لە لای ئەو بەشە لە حیزبی دێموکرات کە پێی وابوو لە پارتی نیزیک بۆتەوە. ئەیوبزادە کە بەو تەوەهومەوە قەڵەمی دەئاژۆت، دوای کتێبەکەی هیجری، ئیدی هومێدێک بۆ پشتراست کردنەوەی ناراستیەکانی شک نابا. ناشکرێ لە تۆمەتەکانی پاشگەز بێتەوە. ئاخر شتی وا لە فەرهەنگی چەکمەرەقی و دەرەبەگایەتی دا هەر نییە!

حەسەنی ئەیوبزادە دەمێک ساڵی ژیانی خۆی بۆ کۆمەڵێک تۆمەت روو بە حیزبی دێموکرات تەرخان کرد. سەرجەم نووسراوەکانی ئەو ١٠ - ١٥ ساڵەی ژیانی لە سەر دەستمایەی دووپاتکردنەوەی ئەو تۆمەتانە هەڵچنی. لە سەرەوەی هەموانیش تیرۆری کەسایەتیی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادەی کردە ئامانجی خۆی. کارێک کە کاک مستەفا هیجریش لە 'نسکۆو دابڕان'دا پێڕەوی کردووە. هەردوو بە ڕواڵەت بۆ پارێزگاری کردن لە رێبەرانی پێش لە مامۆستا حەسەنزادەو بە تایبەت دوکتور قاسملوو دژایەتی ناوبراو دەکەن! بۆخۆشیان دەزانن کە حەسەنزادە لە هەموانی لێ نیزیکتر بووە لێ دەزانن ئەمڕۆ نانیان دەو لاگریە دایە! بەڵام سەیر ئەوەیە هیجری کە دوای ئەیوبزادە بەختی خۆی لەو مەیدانەدا تاقی کردەوە، خەتی ئەیوبزادەی هەر نەخوێندۆتەوە. ئەوان هەردوو لانیکەم لە خاڵی دژایەتیی لە گەڵ مامۆستا حەسەن زادە لە یەک بەرە دا بوون، کەچی هەر کام تیری خۆی بۆ لایەک هاویشتووە. تا ئاستێک کە تیرەکانیان زۆر جار بەر یەک کەوتوون و کاریگەریی یەکتریان پووچەڵ کردۆتەوە! حەسەنی ئەیوبزادە لەوە تورەیە. ئەو بەو رێچکەیەی کە لەم پێوەندیەدا گرتبوویە بەر و عومری خۆی بۆ دانا، بە تەما بوو لە لبادی کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان حیزبی دێموکرات، بە قازانجی یەکیان (مستەفا هیجریو حدکا) و دژ بەویدی (عەبدوڵڵا حەسەنزادەو حدک) کلاوێک بۆخۆی ببڕێ. بەڵام بەو جۆرەی لە دوا بابەتی دا رەنگی دایەوە، ئەیوبزادەی مافناسیش بۆی دەرکەوت کە قسەکانی ئەوەندە ناڕاستن تەنانەت کاک مستەفا هیجریش سەرەڕای ئەو هەموو دژایەتیەی لە حاند مامۆستا حەسەن زادە، لە نسکۆ و دابڕان دا سەری بێ کلاو هێشتەوە.

ئەگەر خوێنەر تۆمەتە بەردەوامەکانی ئاغای ئەیوبزادە دژ بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە لە تەک ناوەرۆکی کتێبی نسکۆو دابڕانی کاک مستەفا هیجری دا هەڵسەنگێنێ، دەبینێ کە لە ناو ئەو هەموو بێڕێزی و تۆمەت و تەنانەت جنێوانەش کە هیجری روو بە حەسەنزادە نووسیویەتی، بە توتوش باسی یەک تۆمەت لە تۆمەتەکانی ئەیوبزادەی تێدا نییە. تاکە یەک تۆمەتی بۆ پشتراست نەکراوەتەوە. بە ڕادەی سەرەدەرزیەک کەڵک لە

تۆمەتنامەکانی وەرنەگیراوە. دەڵێی هیجری قەتی واز لە خوێندنەوەی هیچ تۆمەتنامەیەکی ئەیوبزادە نەبووە. وەک شوانی ڕەنجەڕۆ، 'نسکۆو دابڕان' چ خەڵات و بەراتێکی بۆ ئەیوبزادە وەبەرچاو نەگرتووە! لە ڕاستیش دا ئەیوبزادە لەوە توڕەیە کە بۆچی زەحمەتی دە ساڵ و پازدە ساڵی ڕابردووی ئەو دژ بە عەبدوڵا حەسەنزادە نەکەوتۆتە بەر سەرنجی ئاغای هیجری و ئۆباڵی بۆ نەکێشراوە! نەک هەر ئۆباڵیشی بۆ نەکێشراوە و تۆمەتی بۆ پشتڕاست نەکراوە، تەنانەت لە زۆر شوێن دا، هیجری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ قسەکانی حەسەنزادەی دووپات و پشتڕاست کردۆتەوەو لە بەرامبەردا ئەیوبزادەشی وەدرۆ خستۆتەوە.

ئەیوبزادە توڕەیە لەو شتانەی بۆی نەنووسراوە. وەک بڵێی "وەفا بە عەهدی" لە گەڵ نەکرابێ. لە سەرەتای بابەتەکەی دا ئەو چاوەڕوانیەی خۆی لە کتێبەکەی ئاغای هیجری ناشارێتەوە؛ "تامەزرۆی خوێندنەوەی ڕوداوی تێرۆری د.قاسملووبە قەڵەمی سکرتێری حدکا بووم. پێموابوو دوای بیست و شەش ساڵ ئەو دەرفەتەم بۆ ڕەخساوە لە نهێنیێیەکانی پشتی پەردەی ئەوڕوداوە لە زمانی ئاغای هجرییەوە کە سکرتێری حدکاو لە نزیکانی د.قاسملوو بووە ئاگادار دەبم."(هەڵە ڕێنووسیەکان هی ئەیوبزادەن)

بەڵام کاکی 'مافناس' هەر زوو هەست دەکا سەری بێ کڵاو ماوەتەوەو مستەفا هیجری بە تەواوی دەم لە پووشی کردووە؛ "مخابن ئەو نووسراوەیەی مامۆستا هجری لەسەر تێرۆری نەمر د.قاسملوو لە سەرەتای کتێبی " نسکۆو دابران" دا لاپرەسەنیی نووسراوە. هیچ زانیارییەکی تێدانییە کە شیاوی سەرنجدان بێ و بە بەڵگەی ڕەسمیی حیزبێکی سیاسیی بزانرێ."

مەبەستی ئاغای ئەیوبزادە لە "زانیاری" هیچ نییە جگە لە چاوەڕوانی بۆ پشتڕاستکردنەوەی تۆمەتەکانی خۆی. ئەو تۆمەتانەی بە رواڵەت بۆ دژایەتی لە گەڵ کەس و لایەنەکانی ناو گۆڕەپانیی سیاسی کوردستان بەڵام لە ڕاستی دا بۆ خزمەت بە سپی کردنەوەی ڕوخساری ڕەشی کۆماری ئیسلامی نووسراون. پەسنی "لاپرەسەنی" بۆ شێوەی نووسینی کتێبەکەی مستەفا هیجری، هەر بۆ ئەم مەبەستە بەکار بردووە. بە سەرنجدان بە مانای وشەکەش، نهێنیی بەکار بردنی ئەو وشەیەو ڕەنگە ڕازی نووسینی سەرجەم بابەتەکەش ڕوونتر بێتەوە.(٢)

لاپرەسەن کەسێکە کە سەربەخۆ کارێک دەکا و پرس و تەگبیر بە کەسی شارەزا ناکا. بێگومان مەبەست لە 'شارەزا'

کەس نییە جگە لە جەنابی مافناس! ئەیوبزادە گەرەکیەتی ئەو گلەییە بە ئاغای هیجری بگەیەنێ کە بۆچی زەحمەتی ١٠ساڵی ئەوی بە فیڕۆ داوە و بە رادەی سەرەدەرزیەک لە تۆمەتەکانی ئەو دژ بە حەسەنزادە کەلکی وەرنەگرتووە. لەوە تووڕەیە کە هیجری لە نووسینی کتێب و ناوەرۆکەکەی حیسابی بۆ ئەو و تۆمەتنامەکانی ئەو نەکردووە. تووڕەیە کاتێک کە دەبینێ کتێبەکەی مستەفا هیجری لە سەر نفرەت لە عەبدوڵڵا حەسەن زادە هەڵچندراوە کەچی لەو هەموو نفرەت و بێزاریەی هیجری لە حەسەنزادە، تۆمەت و نەفرەتی ئەیوبزادە لە کولەکەی تەریش دا حیسابیان بۆ نەکراوە.

## مایە پووچ لە سڕینەوەی تاوان یان دۆزینەوەی شەریکە تاوان بۆ کۆماری ئیسلامی.

ئەوەی خوێنەر بەردەوام لە نووسراوەکانی حەسەنی ئەیوبزادە دا تووشی دەبێ، هەوڵی بەردەوامیەتی بۆ راکێشانی سەرنجەکان لە تاوانباریی کۆماری ئیسلامیەوە بەرەو تاوانبار کردنی "لانیکەم کەسێک و لە کەسێک زیاتر"ی تیرۆرکراوان. گۆڕینەوەی جێگای تیرۆریست و تیرۆرکراو لە هەموو نووسینەکانی دا زەقە. خۆ ئەگەر ئەوەشی پێ نەکرابێ و بۆی نەلوابێ، بە ناوی 'دڵسۆزی' بۆ تیرۆرکراوان، هەوڵ دەدا تیرۆریست و قوربانی بکا بە هاودەست و وەک یەک تاوانباریان بکا! دوا جار ئەگەر هیچکام لەوانەشی بۆ جێبەجێ نەبێ، ئەوە لە ناو شۆڕشگێڕانی زیندوو دا بۆ تۆمەتبارکردن و شەریکە تاوان سازکردن بۆ کۆماری ئیسلامی سڵ لە هیچ تۆمەتێک ناکا. ئەمە خاڵی هاوبەش و ئامانجی سەرەکیی سەرجەم ئەو نووسینانەیە کە ئاغای ئەیوبزادە چ لە باسی تیرۆری میکونوس، چ بۆ تیرۆری ڤیەنو تەنانەت تیرۆرەکانی باشووری کوردستانیش هەوڵی بۆ دەدا.

لە تیرۆری ڤییەن دا، بە جێی ئەوەی هەوڵ بدا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی تیرۆریستانەی ئەو رێژیمە بناسێنێ، پەنجەی تاوان بۆ یەکێک لە قوربانیانی ئەو تیرۆرە واتە دوکتور فازل رەسوڵ درێژ دەکا. ئەوەش نەک بە مەبەستی روونبوونەوەی کەیسی تیرۆرەکە بەڵکو وەک هەمیشە بە ئامانجی تاوانبار کردنی کورد دژ بە کوردو بە شێوەی ژێر بە ژێریش سڕینەوە یان کەم کردنەوەی تاوانی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تێدا حەشار دەدا. ئەیوبزادە بەردەوام هەوڵی داوە لە رێگای نیشاندانی دوژمنایەتیی رواڵەتیی خۆی لە گەڵ ینک و مام جەلال، لەو جنایەتە گەورەیە بە قازانجی کۆماری ئیسلامی وەجواب بێ! لە دوا بابەتیشی دا لە رێی تاوانبار کردنی قوربانیەکی ئەو تاوانەو نیزیک کردنەوە و پێوەند دانەوەی دوکتور فازل رەسوڵ بە یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستانەوە، قەڵەمی تاو داوە.

ئەوە کە دوکتور فازل رەسوڵ یان فازلی مەلا مەحموود لە باری سیاسیەوە بەردەوام لە هەڵبەز دابەز دا بووە، زۆر پێشتر لە ئاغای ئەیوبزادە باسی کراوە و لە سەری نووسراوە. ئەگەرچی ئەیوبزادە وەک هەمیشە ئامادە نییە سەرچاوەیەک بۆ باسەکەی خۆی دەستنیشان بکا. چونکە وەک هەمیشە دەزانێ بە دانانی سەرچاوە و ژێدەر، وەدرۆ دەکەوێتەوەو بەشەکانی دواتری بابەتەکەی بۆ ناچێتە پێش!

بەڵام ئەوە کە دوکتور فازل رەسوڵ راست بە ئامانجی تیرۆری دوکتور قاسملوو ئەوی بۆ سەر مێزی وتووێژ و دانوستان پەلکێش کردبێ، تۆمەتێک نییە کە هەروا لە خت و خۆڕایی بۆ کەسێک هەڵببەسترێ. لە حاڵێک دا کە ئەو هیچکات دۆسیەیەکی جنایی لێ نەدیترابوو و سەرەڕای گۆڕان لە روانگەکانی دا، هیچ بەڵگەیەک بۆ دژایەتی لە گەڵ پرسی نەتەوەکەی لە بەردەست دا نییە. بلێی مامۆستای زانکۆ و خوێندەوارێکی ئاستی دوکتۆرا ئەوەندە بێ ئاقڵ بووبێ کە ملی بۆ بەرنامەی تیرۆری دوو رێبەری کورد بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماڵەکەی خۆی دا راکێشابێ و بە تەماش بووبێ بۆخۆی بە ساخی لەو تاوانە رزگاری بێ و دوارۆژیش نە پۆلیس لێی بپرسێتەوەو نە لە بیروڕای گشتیشەوە هیچ پەنجەیەکی تاوانی بۆ درێژ بکرێ؟! ئاخۆ ئەو ئەگەرە ڕێی تێناچێ کە هەر وەک خۆشبینیی دوکتور قاسملوو بە وتووێژەکە و دەرەنجامەکانی یان لانیکەم وەک کاک مستەفا هیجری نووسیویەتی، بۆ ئەوەی بە 'قارەمانی بوارەکە دەربکەوێ"، دوکتور فازلیش بە هەمان هومێدەوە نێوبژیوانیی ئەو دانوستانەی کردبێ؟ بێگومانم ئەیوبزادەش مادام هەر بێ بەڵگە قسان دەکا، دەیتوانی هەروا چاو لە بەشداریی دوکتور فازلیش بکا یان لانیکەم وەک یەکێک لە ئەگەرەکان لێی بڕوانێ ئەگەر لە بابەتەکانی دا مشکی پاکانە بۆ کۆماری ئیسلامی نەکوشتبا.

حەسەنی ئەیوبزادە بەڵگەی ئەو تۆمەتەی لە دوکتور فازل رەسوڵ، بە پرسیارێکی هاوسەرەکەی وڵام داوەتەوە و وەک بلێی سەد مێشی دە خەڵەفێک دا دۆزیبێتەوە، دەڵێ؛ "ژنەکەی فازل رەسول کە لە تێرۆری میردەکەی بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئاگاداربوو، هەستایە سەرپێ و هاواری کرد Warum Fazil Rasul واتە بۆ فازل رەسول ؟"

مۆڵەتیش نادا کە خوێنەر بە شوێن هۆکاری گەلاڵەبوونی ئەو پرسیارە لە لای هاوسەری دوکتور فازل و وڵامەکەی

دا بگەڕێ. وەک هەموو 'بەڵگەیەکی دیکەی' بۆ خۆی قسە بە 'بەڵگەکەی' دەکا و یەکسەر حوکمی بۆ دەردەکا؛ "چونکە ژنەکەی دەیزانی کە فازل هاوکاری تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی بوو و بەدەستی ئەوان کوژرا. نووسەری ئەم دێرانە ئەو کاتە لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو."

بەڵام ئەگەر کاکی 'مافناس' وەک خۆی هیچکات ئەو پرسیارەی بۆ نەهاتۆتە پێش، بێگومان هەموو ئەو کەسانەی دۆسیەی تیرۆری دوکتور قاسملوویان بۆ گرینگە، بە شوێن وڵامی ئەو پرسیارە دا گەڕاون. چ بگا بە هاوسەری دوکتور فازل کە یەکێک لە نیزیکیترین کەسەکانی لەو تاوانەدا لە دەست داوە. بۆ هیچ خوێنەر و بیسەرێک، چ بگا بە قازی و 'مافناس'! نە هۆکاری ئەو پرسیارە یەک هۆکارەو، نە وڵامەکەی یەک وڵامە. سروشتیی‌یە وڵامی هۆی کوژرانی کەسێک کە نە دوژمنی کۆماری ئیسلامی بووە و نە چوارچێوەی خەباتی رابردوو، ئەوکات و داهاتووی لە چوارچێوەی ئێرانی کۆماری ئیسلامی دا بووە، کەسێک کە وەک نێوبژیوان و خانەخوێ حزووری هەبووە و تیرۆریستەکان هەر ئامانجێکیان هەبووبێ، رەنگە ئامانجی ئەو رێککەوتن و کۆتایی هاتن بە شەڕی نێوان کورد و دەوڵەتی ناوەندی و دوا جار شانازیی بەشداری و نێوبژیوانی لەو رێککەوتنەدا بووە کە بۆ دوکتور قاسملووش هیوای گەیشتنی کورد لانیکەم بە بەشێک لە مافەکانی بووە، بۆ گشت کەس جێگای پرسیار و وڵامەکەشی تەنیا لە لای تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیە. بەشداری و نێوبژیوانیی دوکتور فازل لە دانوستانەکەدا بەو رادەیە کە وەک لاگرێکی کۆماری ئیسلامی هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ، زۆر زیاتر لە چوارچێوەی ئەو خۆشبینیە دا جێی دەبێتەوە کە دوکتور قاسملووو هاوڕێکەی پەلکێشی سەر مێزی وتووێژ کرد. بەو جۆرێک کە 'نسکۆودابران'یش دەڵێ؛ "بوونی هیچ چاودێرێکی خۆیی لە چەند سەد میتریش بە پێویست نەزانیوە". ئەم پرسیارە بە تایبەت لە زمان خاتوونێکی ئوروپایی کە سەری دە ناو گێژاوی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فرتوفێڵی ئیسلام و دەسەڵاتی ئیسلامی دا نەبووە، پرسیارێکی زۆر ئاسایی‌یەو بە هیچ جۆر ئەو نیشانەیە یان تەنیا ئەو نیشانەیەی تێدا نییە کە ئاغای ئەیوبزادە بۆ بەلاڕێدا بردن و هەڵگرتنی بیر و سەرنجی خوێنەر لە تاوانی تیرۆری تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیەوە بۆ نێوبژیوانی ئەو رووداوە، لێی هەڵێنجاوە.

ئەیوبزادە پێشتریش هەمان سیناریۆی بۆ تیرۆری میکونوس نووسیوەتەوە. ئەو هەردەم گەرەکیەتی سەرنجی خوێنەر بۆ جاسووس و سیخوڕی ئەو تاوانە، لە فارسە بەشدارەکانی کۆبوونەوەکەوە بۆ سەر یەکێک لە شەهیدانی میکونوس هەڵدێرێ. دەیویست خوێنەر لە نێوان هەڵبژاردنی دوکتور شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی، کاک هومایون

ئەردەڵان، بۆ "لانیکەم یەک کەس و لە کەسێک زیاتر"ی ئەو شەهیدانە سەرپشک بکا. تۆمەتێک کە لە "نسکۆو دابڕان"یش دا وەک هەموو تۆمەتەکانی دیکە، ئاغای ئەیوبزادەی لێ دەم لە پووش کراوە. کاک مستەفا هیجری، بەو جۆرە کە چەند ساڵ بەرێ نووسەری ئەم دێڕانە بە تەسەلی لە بەشی سێهەمی "جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە" دا نووسی، گومان دەخاتە سەر خاوەنی فارس زمانی ریستورانەکە واتە عەزیزی غەفاری و دەڵێ؛ "...بە بێ ئاگادار کردنەوەی پۆلیس و لەبەر چاو گرتنی کەمترین پارێزگاریەک لە خۆی و تیمی هاوڕێی، تەنانەت لە ریستۆرانێک دا کە ئێرانیەکی فارس خاوەنی بوو، دیسان داوای پێکهێنانی کۆبوونەوەکە دەکاتەوە."(٥)

### مایەپووچ لە تاوانبارکردنی مام جەلال لە لایەن مستەفا هیجری

ئەیوبزادە کە وەک پێشتر نووسیم لە هەموو نووسینێکی دا بەردەوام هەوڵ دەدا تاوان لە کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی داماڵێ و ئەگەر ئەوەشی بۆ نەکرا، لە ناو کوردان دا شەریکە تاوان بۆ کۆماری ئیسلامی بدۆزێتەوە، لە تیرۆری ڤیەن دا بەردەوام سەرنجی خوێنەر بۆ تۆمەتبارکردنی مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی لە تیرۆری دوکتور قاسملوو دا، رادەکێشێ. ئەو بۆ ئەوەی سیناریۆکانی بە باشی جێ بخا، دەیهەوێ بە خوێنەر بڵێ کە ئەوە عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە لەو بارەوە بێدەنگەی کردووەو 'تاوان' بۆ ینک و مام جەلال پەردەپۆش دەکا. دەزانێ لەم دۆخە پرش و بڵاوەی ناو ماڵی کورد و لە کێشە و ناکۆکیەکانی ناو حیزبی دێموکرات دا کەسانێک هەن کە ئەگەر باوەڕیشی پێ نەکەن، چەپڵەی بۆ لێ دەدەن! کەچی نسکۆو دابڕان لەم بارەوە نەک ئۆباڵی بۆ ئەیوبزادە نەکێشاوە، هەر بە تەواوی وەدرۆی خستۆتەوە. مستەفا هیجری لە پێوەندی لە گەڵ رۆڵی مام جەلال بێ ئەوەی ئاماژە بە سەرچاوە بکا، هەمان بۆچوونی نووسیوەتەوە کە پێشتر حەسەن زادە نووسیبووی. هیجری لەم بارەوە نووسیویەتی: "...ئەم جارە مام جەلال و بن بێللا بەشداری کۆبوونەوەکە ناکرێن. هۆی بەشداری نەکردنی ئەوان لە لایەن رێژیمەوە بە تەواوی روونە، چوونکە ئەو پیلانەیان بە دەستەوە بووە و ویستوویانە پیلانەکەیان هەرچی هاسانتر بە ئەنجام بگەیەنن. بیانووی رژیم بۆ بەشداری نەکردنی ئەو دوو بەڕێزە لە کۆبوونەوەکەدا ئەوە بووە کە ئەم وتووێژە بە تەواوی نهێنی‌یە و تا کۆتایی نابێ بڵاو بێتەوە بۆ ئەوەی لایەنە توندڕەوەکان لە رژێمی کۆماری ئیسلامی دا کۆسپ نەخەنە سەر رێگای وتووێژەکە، مام جەلالیش کەسێکە لەوانەیە وتووێژەکە ئاشکرا بکات، بن بێللاش کەسێکی بێگانەیە و پێویست ناکا بۆ باس لە سەر وردەکاریی وتووێژەکە بەشدار بێت. ئێمە دوو لایەن کە ئێرانین و هاوڵاتین لە سەر پرسەکە باس دەکەین و بە ئاکامی دەگەیەنین."(٣)

هیجری کە هەتا ئێستا بە پشتبەستن بە لێکدانەوەی خۆی باسی بەشداری نەکردنی مام جەلال و بن بێللا لە دوا کۆبوونەوەی دوکتور قاسملوو لە گەڵ هەیئەتە تیرۆریستیەکەی کۆماری ئیسلامی دا دەکا، لە کۆتایی هەمان پاراگراف دا، چۆنیەتی ئەو بابەتە لە زمان دوکتور قاسملووش دەگێڕێتەوە؛ "ئامادە کردنی زەمینەی بەشداری نەکردنی ئەو دوو بەڕێزە پێشتر و دوای کۆتایی کۆبوونەوەی یەکەم، لە لایەن هەیئەتی ئێرانیەوە کرابوو و ئەوەیان بە دوکتور قاسملوو راگەیاندبوو، چوونکە د. قاسملوو لە گەڕانەوەی بۆ کوردستان و دوای کۆبوونەوەی جاری یەکەم ئەو قسانەی بۆ ئێمە باس دەکرد." (٤)

بەم جۆرە هیجریش جەختی لە سەر راستیی گێڕانەوەکانی مامۆستا حەسەنزادە کردەوە. لە بەرامبەریش دا قسە فڕێدانی ئەیوبزادەی مافناسی بە هیچ زانی و تەنانەت ئەوەندەی نرخ بۆ دانەناوە کە راستەوخۆ وەدرۆی بخاتەوە! تۆمەتەکانی دیکەی ئەیوبزادەش لە نسکۆو دابڕان دا غایبن!

تۆمەتێکی دیکەی ئەوەیە کە حەسەنزادە قەراردادی نهێنی لە گەڵ سپای پاسداران مۆر کرد و... کەچی وەک لە بەشی دووهەمی جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە دا روونم کردەوە، رێککەوتنێک لە گەڵ کۆماری ئیسلامیەوە نەبووە و ئەوەی لەم پێوەندیەدا هەبووە، مستەفا هیجری لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە رێککەوتنێکی پێوەندیداری لە گەڵ یەکێتی نیشتمانی بە ئیمزای دوکتور فوئاد مەعسووم، واژۆ کردووە. لەو لاوەش نسکۆو دابڕان هیچ حیسابێکی بۆ رێککەوتنەکە و قسەڵۆکی ئاغای ئەیوبزادە نەکردووەو هەر لای لەو باسە نەکردۆتەوە.

یان بەردەوام دووپاتی کردۆتەوە کە لە کاتی سکرتێریی مستەفا هیجری دا، ئەوە حەسەنزادە بوو کە حیزبی دێموکراتی بەرەو دەشتی کۆیە "ڕا دا". بەو قسەیەش پێی وابوو نانێکی بە قەرز داوە بە هیجری. بابەتێک کە هیجریش لە کتێبەکەی دا خۆی لێ نەداوە و لە یەخەی خۆی نەکردۆتەوە!

ئەوانە و کۆمەڵێک وردە تۆمەتی دیکە ئەو تۆمەتانەن کە حەسەنی ئەیوبزادە بەردەوام روو بە حیزبی دێموکرات و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە رێی قسەفڕێدان، فیتنەگێڕی، هەڵگرتنی دوو وشە لە رستەیەک و تەفسیر کردنی بە ئیشتیای خۆی... دووپاتیان دەکاتەوە. لە دوا بابەتیشی دا بەشێکیانی دەمەزەرد کردۆتەوە. بە تایبەت ئەو بەشانەی کە زۆر هیوادار بووە کاک مستەفا هیجری لە سۆنگەی دژایەتی لە گەڵ مامۆستا حەسەنزادە دا بۆی

پشتراست بکاتەوە. لێ نسکۆو دابڕان بە تەواوی ناهومێدی کردووە. ئەو کە پێشتر زۆری دڵ بە هیجری و بۆچوونەکانی لەم بارەیەوە بەستبوو و پێی وابوو دژ بە یەکێتی لە پارتی نیزیک بۆتەوەو درۆکانی ئەیوبزادە لە مل دەدا و بۆ داماڵینی تاوان لە ملی کۆماری ئیسلامی، ئۆباڵی بۆ دەکێشێ، ناباوەڕانە لە خۆی دەپرسێ؛ "هۆی ئەو بەلادا تێپەڕینەی نووسەر تۆ بڵێی ناشارەزایی ناوبراو لەو روداوە و نهێنییەکانی بووبێ یان ئەویش وەکو مامۆستا حسنزادە خەتەکەی گۆڕیبێ و بەرەو یەکێتیی نیشتمانیی و دۆستانی ستراتیژیکی ینک وەرچەرخابێ؟"

ئەیوبزادە کاتێک لە کتێبەکەی ئاغای هیجری ناهومێد بووە، بە ناچار لە گەڵ خۆی کەوتۆتە وڕێنە. پەنای بۆ ئەو تۆمەتانە بردۆتەوە کە تەمەنی تا ئێستای خۆی پێ پڕ کردوونەوە. ئەوەندەش لە لای خۆی ئەو قسەڵۆکانەی دووپات و چەند پات کردۆتەوە، باوەڕی بە وڕێنەکانی خۆی کردووە. لە کەین و بەینە ژێر بە ژێرەکانیش دەرچێ، پێی وابووە مادام لە گەڵ نووسەری نسکۆو دابڕان لە خاڵی دژایەتی لە گەڵ مامۆستا حەسەنزادە دا هاوکوفن، ئەوە حەتمەن درۆکانی بۆ لە مل دەدا. بەڵام دەبێ تا ئێستا بۆی روون بووبێتەوە کە ئەوەی ئەو دەستی داوەتێ، بۆ هیچ دژبەرێکی کۆماری ئیسلامی جێگای تێفکرینیش نییە. بۆیە ناچار هەر بۆخۆی لە جێی هیجری دێتە گۆ؛ "نووسەر ئاگادارە کە ئەوروداوە چۆن سازماندراوە. بڕیاردەرانی تێرۆر کێ بوون. بەرێوەبەران و هاوکارانیان چ کەسانێک بوون. لە نهێنیی و وردەکارییەکانی ئەو تێرۆرە و بە گشتیی لە سەرچاوەی بڵاوکراوەو نهێنیی کە لەبەردەستی دابوون و گرنگترینیان پەروەندەی لێکۆڵینەوەی ئەو روداوە بووە لەو نووسراوەیەدا کەڵکی وەرنەگرتووە."

بە دوای ئەوەشدا، توڕەیی خۆی ناشارێتەوەو دەڵێ: "نووسینی بابەتێکی ئاوا نزم، لاواز و بێ بەڵگە لەسەر ئەو روداوە بۆ سکرتێری ئەو حیزبە شرۆڤە ناکرێ." تووڕەییەکەشی بەوندە نانیشێتەوەو دەنووسێ: "کارگێڕانی سەرەکیی حدک و حدکا لە بیست و شەش ساڵی رابردووەتا ئەمڕۆ لەسەر ئەو روداوانەی حدکا و رێبەرانی تێرۆرکراوی راستگۆیانە دێڕێکیان نە نووسیوە." مەبەستیشی لەو دێڕانەی راستگۆیانە لە سەر تیرۆری رێبەران لە لایەن حدک و حدکاوە نەنووسراون ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ئاغای ئەیوبزادە، رێبەرانی ئەم حیزبە بەردەوام کۆماری ئیسلامیان بە ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە تاوانبار کردووە و ئامادە نەبوون هیچ شەریک و برا بەشێکی بۆ بدۆزنەوە. ئەیوبزادە دەیهەوێ خوێنەر وا تێبگەیەنێ کە تەنیا قسە فڕێدان و تۆمەت هەڵبەستنە بێ بنەماکانی ئەو، 'سەرچاوە'ن. 'سەرچاوە'یەک کە جگە لە پاکانە بۆ دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بوون بە شوێن پەیداکردنی شەریکە تاوان بۆ ئەو رێژیمە نگریسە، ئامانجێکی دیکەیان تێدا بەدی ناکرێ. "دێرە

راستگۆیانەکان" لە چاوی ئاغای ئەیوبزادە هیچ نین جگە لە دۆزینەوەی تاوانبارێکی دیکە، بەدەر لە کۆماری تیرۆریستی ئیسلامی! بە چ ئامانجێک؟! هەر خۆی دەیزانێ!

------------------------------

١- بەسەرهاتی شەهید دوکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو لە کتێبی 'نسکۆ و دابڕان'دا نووسینی مستەفا هجری - مافناس - حسن ایوبزادە

٢- هەنبانە بۆرینە ل ٧٤٨، وشەکانی لاپرە و لاپرەسەن

٣- نسکۆ و دابڕان ل ١٤

٤- نسکۆ و دابڕان ل ١٤

٥- نسکۆ و دابڕان ل ٤١

٦- بەشەکانی ١، ٢ و ٣ی جواب بۆ حەسەنی ئەیوبزادە - تاهیر قاسمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٤ی مای ٢٠١٥

## بەسەرهاتی بریندارێکی خۆپێشاندانەکەی مەهاباد

خۆپێشاندانی رۆژی ١٧ی بانەمەڕی شاری مەهاباد لە گەڵ دژکردەوەی توندی مەئمورانی کۆماری ئیسلامی بەرەوڕوو بوو. هێزە چەکدارەکان هەڵیانکوتایە سەر خۆپێشاندەران و بە گازی ئەسرینڕێژ یان بە تفەنگی تاپڕ تەقەیان لە خۆپێشاندەران کرد. لە ئاکامی ئەو کردەوەیەش دا ژمارەیەکی نادیار لە خەڵک و خۆپێشاندەران بریندار بوون. دوا جاریش یەکێک لە برینداران بە ناوی ئاکام تەڵلاج دوای ٥٣ رۆژ بەربەرەکانێ لە گەڵ مەرگ، گیانی لە دەست دا.

عەبدوڕەحمان مرادی، ناسراو بە چەکۆ مەهابادی یەکێک لەو کەسانە بوو کە کەوتە بەر دەسڕێژی هێزە

چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و بریندار بوو. خۆپێشاندەران هەر زوو ئەویان لە چنگ هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی رزگار کرد و لە کۆلانێک دا وێنەی برینەکانی ئەویان وەک جنایەتی کۆماری ئیسلامی بە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان دا بلاو کردەوە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی نەیانتوانی چەکۆ دەستبەسەر بکەن، بەلام بلاو بوونەوەی ئەو وێنانە و برینەکانی، ئەوانی تورە کرد. بۆ دەستگیر کردنی چەند جار سەردانی مالی باوکیان کرد بەلام ئەو ناچار بوو بەو برینانەوە خۆی بشارێتەوە. دوا جاریش ناچار بوو رۆژهەلاتی کوردستان بەرەو ولاتی تورکیا بە جێ بێلێ.

چەکۆ مرادی تا پێش لە خۆپێشاندانی رۆژی ١٧ی بانەمەڕ، لە گەڕەکی باغی سیسەی شاری مەهاباد باشگای وەرزشی هەبوو. باشگای وەرزشیی تەندیس. ئەو کە تەمەنی ٣١ سالە، پێشتر قوتابی وەرزشوانی بە ناوبانگی شاری مەهاباد شەهید مەنسووری ئاروەند بوو کە لە کۆتاییەکانی مانگی جۆزەردانی ئەمسال دا بە تاوانی هاوکاری لە گەل حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە ئیعدام کرا.

چەکۆ لە باشگاکەی دا لاوانی لە دیاردە و دیاریە دزێوەکانی دەستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەلکی کوردستان دوور دەکردەوە و بەرەو وەرزش و خۆپێگەیاندن هانی دەدان. رۆژی ١٧ی بانەمەڕ، کاتێک دەزانێ خەلک بە تەمان دژ بە زەبروزەنگی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی خۆپێشاندان رێک بخەن، زووتر لە وادەی رۆژانە، شاگردەکانی بەرەو مال دەنێرێتەوە. بۆخۆشی هەمان رێگا دەبڕێ و لە مەودای نێوان باشگا و مالەکەی، تووشی خۆپێشاندەران دەبێ. لە ناو خۆپێشاندەران دا شاگرد و قوتابیەکانی خۆی دەبینێ و دەچێتە لایان. هەر لەو کاتەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەلدەکوتنە سەر خۆپێشاندەران و تەقەیان لێ دەکەن. چەکۆ وەک بۆخۆی دەلێ ٣٢ ساچمەی تاپڕی بەر دەکەوێ. هاوکاتیش هێزە چەکدارەکان هەلدەکوتنە سەری و دەیانهەوێ دەستبەسەری بکەن کە لە گەل بەرگریی توندی خەلک و قوتابیەکانی خۆی بەرەو روو دەبنەوە و رزگاری دەکەن. دوای رزگار کردنیش لە کۆلانێکی چۆل دا وێنەی خۆی و برینەکانی دەگرن و بە تۆڕە کۆمەلایەتیەکان دا بلاوی دەکەنەوە. هەر ئەوەش دەبێ بە ئادرەسی هێزە ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گیران و دەستبەسەرکردنی. مەئموران سەرەتا باشگا وەرزشیەکەی دادەخەن و پلۆمپی دەکەن. بەردەوام سەردانی بنەمالەکەی دەکەن و دایک و باوک و تەنانەت خوشکیشی دەدەنە بەر ئازار. مالەکەیان دەپشکنن و دەست بەسەر لاپتاپ و کەیسی کامپیوتێرەکەی، تەلەفۆنەکەی و کۆمەلێک کەلوپەلی دیکەی دا دەگرن و لە گەل خۆیانی دەبەن. چونکە برایەکی لە ناو 'پارتی ئازادیی کوردستان" دایە و وێنە و

نامەکانی براکەشی لە ناو ئەو کەلوپەلە دەستبەسەرداگیراوانە دا بە لێشاو بوو، بەڵگەیەکی باش بوون بۆ ئەوەی دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بیخەنە ژێر شکەنجە و قورسترین بڕیاری بە ناو دادگاکانی کۆماری ئیسلامی بەسەردا بسەپێنن. بۆیەش شێلگیرتر بوون لە سەر دەستبەسەر کردنی. بەڵام ئەو هەم بۆ تیماری زامەکانی و هەمیش بۆ خۆشاردنەوە، پەنا بۆ دوکتورێکی ئاشنای دەبا. دواتر لە لایەن دۆست و ئاشناکانی لە گوندەکانی دەوروبەری مەهاباد دەشاردرێتەوە. تا سەرەنجام دوای یەک مانگ خۆشاردنەوە، ناچار دەبێ ڕێگای تورکیە بگرێتە بەر و بە شێوەی قاچاخ بە سنووری سێرۆ دا ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە جێ دێڵێ.

ئازارەکانی چەکۆ بەوەندە کۆتایی نایە. دوای ئەوەی ئاودیوی سنووری تورکیا دەبێ، وێڕای چەند هاوڕێی دیکەی لە لایەن پۆلیسی تورکیاوە دەستبەسەر دەکرێ. لانیکەم ٥ کەس لە لایەن پۆلیسی تورکەوە بەرەو ئێران دیپۆرت دەکرێنەوە بەڵام چەکۆ خۆی وەک هاوڵاتی عێراقی لە قەڵەم دەدا تا ئەگەر قەرارە دیپۆرت بکرێ، بەرەو ئەو وڵاتە بنێردرێ نەک بەرەو ئێران کە دوا جار بەو شێوەیە دەتوانێ خۆی ڕزگار بکا.

ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، دوای سێ ڕۆژ لە مەرگی گوماناویی فەریناز خوسرەوانی، لاوانی شاری مەهاباد ڕژانە سەر شەقام و خۆپێشاندانیان کرد. فەریناز خوسرەوانی کارمەندی هوتێل تارای شاری مەهاباد بوو کە لە نهۆمی چواری هوتێلەکەوە کەوتە خوارەوە گیانی لە دەست دا. لەو کاتەدا کەسێکی بە ڕەچەڵەک ئازەریش لەو ژوورە بوو کە فەریناز لێی کەوتە خوارەوە. بە وتەی خەڵک ئەو کەسە مەئموری ئیتلاعات و سەر بە دەزگا ئەمنیەتیەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. بە وتەی خاوەن هوتێل و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیش پێوەندی بە دەوڵەتەوە نەبوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٥

# موزاکره وەک شێوەیەک موبارزە

*(لە پەڕاوێزی دوا دیمانەی کاک خالیدی عەزیزی لە گەڵ رووداو)*

حیزبێکی سیاسی، حیزبێک کە دێموکراسیخوازە و خۆی لە ناو ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت دا قەتیس نەکردوە، کاتێک کە لە گەڵ دوژمنێکی بە هێز لە ململانێ دایە، نابێ هیچ رێگاخەباتێکی مەشروع دژ بە دوژمنەکەی لە سەر خۆی ببەستێ و هیچ دەروازەیەک داخا.

هاوکاتیش نابێ دڵ بە سەرکەوتنی بە تەنیای هیچکام لەو شێوە خەباتانە خۆش بکا. خەباتی پێشمەرگانە، خەباتی دیپلۆماسی، راگەیاندن، خەباتی مەدەنی، پشتیوانی و کارکردن لە گەڵ خەباتکارانی مەدەنی و سیاسی لە ناوخۆ بەشێک لەو شێوە خەباتانەن. ئەوانە دەتوانن بە شێوەی تەریب بڕۆنە پێش و بێ ئەوەی هیچیان خەت بە سەر ئەویدی دا بکێشن، یەکتر تەواو بکەن.

ئەمرۆ مرۆڤ لە جیهانێکی پێکەوە لکاو و ئۆرگانیکدا دەژی. نە تەنیا بەش و بواری جۆراوجۆری کۆمەڵگا بەڵکوو جیهانی ئەمرۆ چ لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و بگرە لە باری جوغرافیشەوە پێکەوە لکێندراوە و دەتوانن لە سەر یەک شوێندانەر بن. کەوابوو ئێمە دەبێ شێوە خەباتێکی چەند رەهەندی نە تەنیا لەگەڵ ئێرانیەکان بەڵکوو زۆربەی جیهان، نە تەنیا رۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵکوو کوردەکانی رۆژهەڵات لە باشوور و دەرەوەی وڵات، نە تەنیا خەباتی چەکداری بەڵکوو هەموو جۆرە خەباتێکی رەوای دیکە، لە تویێ گەڵاڵەیەکی ڕایەڵەیی بە راگرتنی سەربەخۆیی و هاوپێوەندی بەرەو پێش بەرین.

یەکێک لە سیاسەتەکانی بردنە پێشی خەبات بۆ حیزبێکی سیاسی و دێموکرات لە بەرامبەر دوژمنێکی بە هێز و هاری قەتیس لە ناو ئایدۆلۆژیا دا، سیاسەتی موزاکرە و گرتنە بەری موزاکرە وەک سیاسەت و وەک شێوەیەک لە خەباتە. لە بنەڕەتیش دا جیاوازیی نێوان هێزێکی دێموکرات و هێزی سەر بە ئایدۆلۆژیا ئەوەیە کە لایەنی یەکەم ئامادەیە کێشەکانی لە گەڵ هەر هێز و لایەنێک بە شێوەی هێمنانە چارەسەر بکا. لە بەرامبەری دا لایەنی دووهەم

بە پێچەوانە هەمیشە هێزی زۆر و زەبروزەنگ بە ڕێگاچارە دەزانێ. سیاسەتی موزاکرە و بەکار بردنی موزاکرە وەک سیاسەت، یەکێک لەو ڕێگایانەیە کە ئیزن نادەی دەسەڵات شێوەی خەبات بۆ تۆ دیاری بکا.

ئەوە کە دوژمنەکەت چەندەی باوەڕ بە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی نەتەوەکەت هەیە، نابێ لەو سیاسەتە زیاد یان کەم بکا کە تۆ باوەڕت پێی هەیە. بەڵام لەوە گرینگتر موزاکرە بێ لەبەر چاوگرتنی ئاکامەکانی، بۆ حیزبێکی سیاسی لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی، هەمیشە دەسکەوت و سەرکەوتنە.

موزاکرە خۆی بە سێ قۆناخ دا تێدەپەڕێ؛ ئامادەیی لایەنێک یان لایەنەکان بۆ موزاکرەو چارەسەری ئاشتیانەی کێشەیەک، دانیشتنی وەفدەکانی دوو لایەن و دواجار ئاکامی دانیشتنەکان. ئەوەی من گەرەکمە لێرەدا هەڵوەستەی لە سەر بکەم، ئامادەیی لایەنێکی دێموکراتە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ موزاکرە لە گەڵ دەسەڵاتێکی دۆگم بە ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەڵام با بزانین قازانجەکانی ئەم سیاسەتە چییە؟

- هێزێکی زۆردار هەمیشە هەوڵ دەدا کێشە لە گەڵ لایەنێکی کەم هێز (لێرەدا چ کورد و چ حیزبێکی تایبەت) بە زەبروزەنگ چارەسەر بکا. ڕاکێشانی ئەو بۆ سەر مێزی وتووێژ و چارەسەرێکی هێمنانە هەمیشە لە ڕاستای سیاسەتی تۆ و دژ بە سیاسەتەکانی ئەوە. کەوابوو هەر لە سەرەتاوە ئەم سیاسەتە لە قازانجی تۆ دژ بە سیاسەتی ئەوە.

- نابێ لە هیچ سیستمێکی سیاسی وەک دیوارێکی کۆنکرێت بڕوانین و پێمانوابێ هەموان یەک ڕایان هەیە و درزیان تێدا نییە. گەیاندنی بەردەوامی سیاسەتی خۆت لە مەڕ ئامادەییت بۆ موزاکرە و چارەسەری ئاشتیانە، پرسی تۆ لە ناو داڵانەکانی سیاسەت لە تاران وەبیر دێنێتەوە و لای سیاسەتمەداران و دەوڵەتداران بۆ چارەسەرنەکردنی و بۆ ئەو زەبروزەنگ و کوشت و بڕە بە ناحەقەی دژ بە نەتەوەکەت وەڕێیان خستوە، پرسیار دەخوڵقێنێ.

- سیاسەتی تۆ بۆ وتووێژ و چارەسەری ئاشتیانەی پرسەکەت، هەمیشە لە ناو بیروڕای گشتی دا و تەنانەت لە ناو بەشێک لە لایەنگرانی ئەو دەسەڵاتەش دا گومان و گومانی زیاتر دەخاتە سەر ئەو دەسەڵاتەی بە ئاگر و ئاسن وڵامی خواستەکانت دەداتەوە.

- سیاسەتی تۆ بۆ موزاکرە لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا دەبێ بە هاندان و گوشار بۆ سەر ئەو دەسەڵاتەی ئامادە نییە بە شێوەی هێمنانە چارەسەری پرسی نەتەوەکەت بکا.

- مل دانی دەسەڵات بە موزاکرە، تەنانەت ئەگەر هیچ دەسکەوتێکی نەبێ، دان نانێتی بە کێشەی نەتەوەیی تۆ کە هەمیشە نکۆڵی لێ کردوە.

ئەوە کە ماف و خواستەکانی تۆ لە ناو ئەو دەسەڵاتە و ئەو سیستمە داخراوە دا جێ ناگرن، هیچ ناتەباییەکی نییە لە گەڵ ئەو ئامانجانەی تۆ لە گرتنە بەری سیاسەتی موزاکرە دا دەیانبینی و لە موزاکرە وەک سیاسەت و وەک رێگایەک بۆ بردنە پێشی خەباتەکەت، وەک رێگایەک بۆ گوشار خستنە سەر دەسەڵات و وەک رێگایەک بۆ پەیداکردنی هاوڕا و پشتیوانی زیاتر دژ بە دوژمنەکەت کەڵک وەردەگری. ئەگەر رۆژێکیش لە گریمانەیەکی لاواز دا، دەسەڵات ملی بۆ وتووێژێکی فەرمی راکێشا، ئەوە دانی بە بوونی کێشەکەت دا ناوە و تۆ هەنگاوێک بەرەو پێش چووی. بەڵام تۆ بەو سیاسەتەوە، هەم دەستت بۆ خەبات ئاوەڵایە و هەم ئەوەش کە لە دەستت دێ، دژ بە دوژمنەکەت دەیکەی و پەکی هیچ شێوە خەباتێکی دیکەت ناخەی.

بە دانیشتن لە سەر مێزی موزاکرە خەباتی تۆ کۆتایی نایە. خۆ ئەگەر لە گریمانەیەکی زۆر زۆر لاوازتر دا لانیکەمی خواستەکانیشت لە لایەن دەسەڵاتەوە بسەلمێندرێ، ئەوە دەسەڵاتە کە لە ماهیەتی خۆی بەتاڵ دەبێ و تۆ سەر کەوتوی و فازێکی نوێ لە خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ترۆپکی ئامانجەکانت دەستی پێکردوە..
عەیبی گەورەی باس کردن و داکۆکی کردنی زۆر لە سەر سیاسەتی موزاکرە، ئەوەیە کە رەنگە هەستی خۆ بە کەم زانی لای تاکی کورد زیاد بکا. بەڵام دیسان لە گرتنەبەری ئەو سیاسەتە ناراستە کە وا بە خەڵکی خۆت نیشان بدەی تۆ دەتوانی بە هێزی خۆت یەک شەوە ئەم دەسەڵاتە بڕوخێنی، دروستترە. دروستتریشە لەو سیاسەتە کە وا لە خۆت و خەڵک بگەیەنی مادام دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران لە سەر کارە، هیچ ناکرێ و هەر جوڵەیەک بکرێ فرت و فێڵی دەسەڵاتە! ئەو جۆرە روانینە بۆ خەبات دژ بە کۆماری ئیسلامی بوو کە بۆ ماوەی نیزیک بە دوو دەهە سیاسەتی چاوەڕوانی لای بەشێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لێکەوتەوە کە رەنگە دوێنێ، دوارۆژی تەمەنی ئەو سیاسەتە بووبێ!

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ١٥ی جوولای ٢٠١٥

## خۆپێشاندانی مەدەنییانەی خەڵکی بۆکان دژ بە دیاردەی تێزاب پرژاندن بەسەر ژنان دا

ڕۆژی پێنج شەممە ٢٥ی پووشپەڕی ١٣٩٤ی هەتاوی، خەڵکی بۆکان خۆپێشاندانێکی هێمنانەیان دژ بە توندوتیژی سەبارەت بە ژنان لەو شارە وەڕێخست.

ڕۆژی ٢٣ی پووشپەڕ، کەس یان کەسانێکی گومانلێکراو کە شوناس و مەبەستیان هێشتا روون نییە، لە کردەوەیەکی قێزەون و نامرۆڤانە دا، تێزاب و ئەسیدیان بە سەر ٤ کەس لە ژنانی ئەم شارە دا پرژاند. لە ناو ئەو خانمانە دا کە کەوتبوونە بەر ئەم هێرشە نائینسانیە، بنەماڵەی چالاکانی سیاسیش دەبیندران. ئەوەش تورەیی و نارەزایەتیی زیاتری خەڵکی بۆکان و سەرانسەری کوردستانی لێ کەوتەوە. چالاکانی شار بۆ پێشگرتن لە دووپاتبوونەوەو لەقاودانی ئەم کردەوە دزێوە، هەر زوو رایانگەیاند کە بێدەنگ نابن.

ئەگەرچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەڕەشە، شانۆسازی، بڵاوکردنەوەی درۆ و بڵاوەکردنی هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکان بە ناو شار دا، هەوڵیان دا خەڵک لە دەربڕینی هەر جۆرە نارەزایەتیەک دڵسارد بکەنەوە و بترسێنن، بەڵام وەک پێشتر راگەیەندرابوو، کاتژمێر ٧:٣٠ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٥ی پووشپەڕ، ژنانی نارازی و پیاوانی یەکسانیخواز و دژ بە زەبروزەنگ، لە بلواری کوردستان، ئەو جێیەی کە پێشتر کردەوەی قێزەونی ئەسید پرژاندنی لێ ئەنجام درابوو، کۆبوونەوە و بە هەڵگرتنی پلاکارد و دانی دروشمی "نا بۆ توند و تیژی دژ بە ژنان"، نەفرەت و بێزاریی خۆیان لەو کارە نامرۆڤانەیە دەربڕی.

هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی کە زەندەقیان لە هەر جۆرە بزوتنەوەیەکی مەدەنیی خەڵکی کوردستان چووە، پێشوەخت ئاگاداری وەڕێخستنی خۆپێشاندان لە لایەن خەڵکەوە بوون و ئامادەی بەرەنگاری بوون. بۆیەش زۆر زوو هەڵیانکوتایە سەر خۆپێشاندەران و وەک پیشەی هەمیشەییان، بە بەکارهێنانی زەبر و زەنگ، دەستیان بە سەرکوتی خۆپێشاندان و خۆپێشاندەران کرد. لەم نێوەدا ژمارەیەک لە کوڕان و کچانی ئەم شارە دەستبەسەر کران.

خۆپێشاندانی هێمنانەی ڕۆژی ٢٥ی پووشپەڕی بۆکان، دەربڕینی نارەزایەتی بوو سەبارەت بە دیاردەی دزێو و

نوێباوی ئازاری ژنانی کوردستان و سوتاندنی جەستە و تێکدانی روخسار و جوانییان لە رێی پرژاندن و پێداکردنی تێزاب و ئەسید. دیاردەیەک کە بە داخەوە دەمێک ساڵە لە شارەکانی ناوەندی ئێران دا سەری هەڵداوەو بە خۆشیەوە تا ئێستا بە کوردستان و بە فەرهەنگی ئەم نەتەوەیە نامۆ و دەگمەن بووەو خەڵک بە دیاری دوژمنی دڵ چڵکنی دەزانن. دایکان و باوکان، خوشکان و برایان و سەرجەم چالاکانی مەدەنیی شاری بۆکان بەو خۆپێشاندانە، زەنگی مەترسیی هاتن و پەرەگرتنی ئەم دیاردە دزێو و قێزەونە بۆ کوردستانیان بە گوێی هەموان گەیاند.

بەڵام ئەم خۆپێشاندانەش وەک هەموو خۆپێشاندان و نارەزایەتیەکانی لەم شێوەیەی شارەکانی کوردستان لە ماوەی مانگ و ساڵەکانی رابردوو دا، تەنیا دەربرینی نارەزایەتی لە حاند دوا کردەوەیەکی قێزەونی دەزگا و کەسانی سەر بە کۆماری ئیسلامی نەبوو. لەو کاتەوە کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە سەر کوردستان دا گرتووە و بۆ سەپاندنی خۆی لە هیچ جۆرە سیاسەتێکی نامرۆڤانە تەنەخی ناکا، ئەم رووداوانە بۆ خەڵکی کوردستان قۆستنەوەی دەرفەتن بۆ جۆشدانەوەی خەباتی نەتەواویەتی و نوێکردنەوەی رق و بێزاریی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی ئێران و سیاسەتی دژ بە کوردی ئەم رێژیمە. ئەگەرچی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی پێشوەخت هەموو رێگاکانیان بۆ پاشگەزکردنەوەی خەڵک لەم خۆپێشاندانە بەکار هێنا، بەڵام خەڵک ئەم کردەوە قێزەونە لە چاوی کاربەدەستانی ئەم رێژیمە و لە سیاسەتی ئەم رێژیمە دژ بە کورد و، دژ بە ژن و، دژ بە ژنانی کورد دا دەبینن. دیاردەی ئەسید پرژاندن وەک دیاردە دزێوەکانی دیکەی لە گوێن بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی مواد مخدر، دیاریەکی چەپەڵی ئەم رێژیمە و سیاسەتە نگریسەکانی لە کوردستانە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی نائەمنی لە کۆمەڵگای کوردستان و بنکۆڵ کردنی فەرهەنگ و کۆمەڵگای دەوڵەمەندی کورد.

خۆپێشاندەرانی شاری بۆکان بۆیە نەرژابوونە سەر شەقام تا داوا لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بکەن تاوانبارانی ئەم کردەوە قێزەونە بە سزا بگەیەنن بەڵکو راست دژ بەم رێژیمە شەقامەکانیان داگیر کرد. ئەوان زۆر باش دەزانن کە دەزگای بە ناو قەزایی و دادوەریی کۆماری ئیسلامی چەندە لە گەڵ خەڵکی کورد ناڕاستە. ئەوان باش دەزانن کە بەرپرسانی قەزایی کۆماری ئیسلامی خۆیان گەندەڵترین مۆرەکانی ئەم رێژیمە لە کوردستانن. ئەوان ئەزموونی کوژرانی لەیلا محەممەد چوکەڵی لە لایەن بازپرسی شۆعبەی ۲ی دادگای ئینقلابی مەهاباد و پێشگرتن لە پشکنینی پزشکیی `قانوونی‌یان لە بەر دەست دا بوو. ئەوان لە بیریان نەچووبوو کە چۆن

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ قوتار کردنی مۆرەکانی خۆیان، پەروەندەی فەریناز خوسرەوانی هەر لەو شارەیان داخست بێ ئەوەی بە هیچ ئاکامێک بگا. خەڵکی بۆکان بە پشتبەستن بەم ئەزموونە و دەیان ئەزموونی لەو جۆرە لە کوردستان، باش دەیانزانی کە هەر کات پێی کەسێکی سەر بەو ڕێژیمە لە تاوانێکی وەها گلاو دا گلابێ، ئەوە زۆر بە ئاسانی دۆسیەکە کۆتایی پێ دێ و پەروەندە بێ لێکۆڵینەوە، دادەخرێ. هەر بۆیەش لەم دەرفەتە بۆ دەربڕینی بێزاری لەم ڕێژیمە و بۆ جۆشدانەوەی خەبات کەلکیان وەرگرت. ئەوان وێڕای داکۆکیان لە مافی یەکسان و بەرابەری ژنان لە گەڵ پیاوان لە کۆمەڵگا دا، وێڕای دەربڕینی دژایەتی بۆ توندوتیژی دژ بە ژنان، لە خۆپیشاندان بۆ نیشاندانی هەستی نەتەوایەتیی خۆیان کەڵکیان وەرگرت. پلاکارد و دروشمەکانی دەستی خۆپیشاندەران بە زمان و ڕێنووسی پاراوی کوردی نایان بە توندوتیژی دژ بە ژنان دەگوتەوە، نارەزایەتی‌یان لە نائەمنیی کۆمەڵگا لە سایەی ئەم ڕێژیمە و سیاسەتەکانی دەردەبڕی و نەفرەتیان بۆ داعش و هەڵسوکەوتی داعشیانە لە هەر بەرگ و شکڵێک دا دەنارد. لە کاتێک دا ئەم خەڵکە مافی خوێندن بە زمانی کوردی وەک زمانی دایکی خۆیان لە لایەن دەسەڵاتی تارانەوە لێ زەوت کراوەو قوتابخانە بە زمانی خۆیان لێ حەرامە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ١٧ی جوولای ٢٠١٥

---

## خواستی گەل، شکستی دەسەڵات، ماهوارە وەک نمونە

بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، لە گەڵ دەرکەوتنی هەر ئامرازێکی نوێی ڕاگەیاندن، دام و دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیش بۆ پێشگرتن لە هاتن و پەرە گرتنی ئەم دەزگایانە بۆ ناو خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای ئێرانی، دەستبەکار دەبن.

هەموو ئامانجیشیان ئەوەیە کە پێش بە گەیشتنی زانیاریی دروست بۆ خەڵک بگرن و هەوڵ بدەن دانیشتوانی ئەم وڵاتە تەنیا لە ڕێگای ڕاگەیەنەرە درۆزن و چەواشەکارەکانی ئەم دەسەڵاتەوە ئاگاداری ڕووداو و پێشهاتەکانی ناو ئێران و دنیا بن.

کۆماری ئیسلامی کاتێک هاتە سەر کار کە رادیۆ تاکە ئامرازی گشتی بوو بۆ گەیاندنی زانیاری. هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامی لە رێگای فرێکانسەکانی رادیۆوە هەر زوو دەستیان بە لەقاودانی ماهیەتی ئەم رێژیمە کرد. بەرامبەر بەوە دەسەڵاتیش سەرەتای سیاسەتی خۆی بۆ پێشگرتن لە گەیشتنی زانیاریی دروست، بە دانانی پارازیت لە سەر دەنگە رادیۆییە ناخۆییەکانی دەرەوەی خۆی دەست پێ کرد. لە گەڵ بەرەوپێشچوونی زەمان، ئامرازەکانی پێوەندیش پەرەیان گرت. هاوکات کۆماری ئیسلامیش بەردەوام لە سامانی گشتی بودجەی زیاتری بۆ دژایەتی لە گەڵ پەرەگرتنی ئەم ئامرازانە تەرخان کرد. ئەگەر تا ئەو کات و ئێستاش تلویزیۆن هەروا لە ژێر دەستی دەسەڵات و حکومەتەکان دا بوو، لە ناوەڕاستەکانی دەیەی شەستی هەتاوی دەزگای ڤیدیۆ کەوتە ناو بازاڕی نهێنی و نارەسمی ئێرانەوە و هاوکات لە لایەن دەسەڵات قاچاخ کران. لە سەر فرۆشتن، کڕین و ڕاگرتنی ڤیدیۆ و ڤیدیۆکاسێت زۆر ماڵ پشکێنران و زۆر کەس گیران بەڵام دوا جار ویستی خەڵک پاشەکشەی بە دەسەڵات کرد و حکومەت ناچار بوو لەم بارەوە پاشەکشە بکا و بە یەکجاری بێدەنگەی لێ بکا.

لە سەرەتاکانی دەیەی حەفتای هەتاوی ماهوارە و کاناڵە تلویزیۆنیە ماهوارەییەکان پەیدا بوون. رێژیم سەرەتا هەوڵی پێشگرتن بە هاتن، فرۆشتن و کڕینی ئامرازەکانی ئەم دەزگا راگەیەنەرەی دا. ساڵی ١٣٧٣ مەجلیسی ئێران یاسایەکی بە ناوی یاسای قەدەغەبوونی لە کەلکوەرگرتن لە دەزگای ماهوارە پەسند کرد. بەڵام کاتێک چاویان کردەوە کە سەربانی زۆرێک لە ماڵەکانی ئێران دیشێکی سەتەلایتی لێ دامەزرابوو. ئەمجار مەئمورانی خۆی راسپارد تا خاوەن دیشەکان دەستبەسەر، جەریمە و تەنانەت زیندانیان بە سەردا بسەپێنن. بە درێژایی دوو دەیە، هێزە ئینتزامیەکان هێز و وزەیەکی زۆریان بۆ هەڵکوتانە سەر ماڵی خەڵک و دەست گرتن بە سەر دیش و ریسێڤێری ناو ماڵەکان تەرخان کرد بەڵام خەڵک کۆڵیان نەدا. ئەوان بە تەواوی بۆیان روون ببۆوە کە سیستمی سانسۆڕ و چەواشەکاریی دەزگا راگەیەنەرەکانی کۆماری ئیسلامی بە هیچ جۆر وڵامدەری نیازەکانی ئەوان بە زانین و ئاگادار بوون لە رووداوەکانی دنیا و تەنانەت دەوروبەری خۆیشیان نییە. هەر بۆیە دوای هەر هێرش و تاڵانێکی مەئموران، خێرا بۆ کڕینەوە و دامەزراندنەوەی دیشێکی نوێ و ریسیڤێرێکی نوێ دەستبەکار دەبوونەوە. دەسەڵات وێڕای ئەم هێرشە راستەوخۆیانە بۆ سەر خەڵک و سامانی خەڵک، لە رێگای ناردنی پارازیت بۆ سەر ئەو کاناڵە ماهوارەییانەی زانیاری بە خەڵک دەدەن، دانی فتوا لە سەر حەرام بوونی فرۆشتن و کڕین و راگرتن و چاولێکردنی دەزگا و کاناڵە ماهوارەییەکان لە لایەن مەراجعی سیاسی و ئایینی و لە سەرووی هەموان عەلی خامنەیی، بە بەهێز کردن و زیاد کردنی رادەی کاناڵە تلویزیۆنیەکانی خۆی، بەختی خۆی لەم پێناوەدا زیاتر تاقی کردەوە.

بەڵام خەڵک نیشانیان دا کە لە بەرامبەر خواستی خۆیان دا گوێ بۆ قسەی عەلی خامنەیی و مەراجع شل ناکەن. هاوکات ئاسەواری خراپ و زیانباری پارازیت بۆ سەر ژیان و ژینگە، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی تێگەیاند کە بەو کارەیان خەریکن ژێر کەشتیەک کون دەکەن کە بۆخۆشیان تێیدا دانیشتوون. لەولاشەوە ئیدئۆلۆژیی زاڵ بە سەر سیستمی دەسەڵات وای کرد کە حکومەت لەم پێوەندیەدا تەنیا کاناڵی زۆر و بۆری تلویزیۆنی دامەزرێنێ و بە هیچ جۆر جێگای ئەو کرانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی کە خەڵک دەیانهەوێ و لە کاناڵە ماهوارەییەکان دا دەیبینن و دەیبیسن، پڕ نەکەنەوە. دوا جار کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ناچار بوون دان بە شکستی خۆیان لە بەرامبەر خواستی خەڵک دا بنێن.

ئەگەرچی هێشتا هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کاناڵە ماهوارەییەکان و دیش و ریسیڤێری خەڵک بەردەوامە بەڵام بەرپرسانی سەربازی، ئەمنی و تەبلیغاتیی کۆماری ئیسلامی، لەوانە عەلی جەنەتی وەزیری ئیرشاد و عیزەتوڵڵا زەرغامی رەئیسی پێشووی سەداو سیما و محەممەدرەزا نەقدی سەرۆکی سازمانی بەسیج لە حاڵێک دا بۆخۆیان لە بناخەدانەرانی یاسای بەرگری لە بەکاربردنی دەزگای وەرگرتنی کاناڵە ماهوارەییەکان بوون، تا ئێستا دانیان بە شکستی خۆیان لە بەرامبەر خواستی خەڵکدا ناوە. ئەوان دانیان پێدا ناوە کە هەوڵ و تێچووەکانی دەسەڵات لەم بارەوە سەر نەکەوتووەو هەنووکە ٤٠ تا ٧٠ لە سەدی خەڵکی ئێران چاو لە کاناڵە ماهوارەییەکان دەکەن.

ئەزموونی نیزیک بە چارەگە سەدەیەک بەربەرەکانیی نێوان خەڵک و دەسەڵات بۆ کەلکوەرگرتن لە ئامرازی وەرگرتنی کاناڵە ماهوارەییەکان کە هەموو نیشانەکان سەرکەوتنی خەڵک لە بەرامبەر دەسەڵات دا نیشان دەدەن، دەیسەلمێنێ کە ئەوەی لە بەرامبەر خواستی خەڵک دا بەردەوام ناچار بە پاشەکشە بووە، دەسەڵاتە و ئەوەی سەر دەکەوێ خەڵک و خواستی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئازادیخوازە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## پێشگیری لە رەگەزپەرستیی تورک لە رۆژهەڵاتی کوردستان

لە ماوەی یەک مانگی رابردوو دا دوو هێرشی بێ هۆ و بێ بنەمای تورکەکان دژ بە کورد، کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و رووناکبیریەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانی راچڵەکاند. لە کۆتاییەکانی مانگی رەزبەردا، کاتێک چەند کەس لە دۆستان و ئەندامانی بنەماڵەی فەرهاد پیرۆت پوور، والیبالیستی تیمی شارەداریی ورمێ بۆ دیتنی یاریی نێوان ئەو تیمە و تیمی بانکی سەرمایە چوونە ناو سالۆنی ئەلغەدیر، لە گەڵ جنێودان و دروشمی نەژادپەرستانەی کۆمەڵێک لە تەماشاچیە تورکەکانی ناو هۆڵەکە بەرەوڕوو بوون کە تەنیا 'تاوانی' ئەوان پۆشینی جلوبەرگی کوردی بوو.

دوو حەوتوو دوای رووداوی سالۆنی ئەلغەدیری ورمێ، تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی ئاڵقەیەکی دیکە لە بەرنامەیەکی تەنزی تلویزیۆنیی "فیتیلە"ی بۆ لاوان و مێرمنداڵان بڵاوکردەوە کە بەشێک لە دیالۆگی ئەم بەرنامەیە بە زمانی تورکی بوو. تێیدا بە جۆرێک عەقڵی ئەکتەرەکان کە بە زمانی تورکی دەدوان، درابووە بەر گاڵتە. ئەوەش نارەزایەتی و خۆپیشاندانی بەرینی تورکەکانی لێ کەوتەوە.

بەرپرسانی پێوەندیدار هەر زوو داوای لێبوردنیان کردو ئەکتەرەکانی ئەو بەرنامەیەش لە کار دەرکران. بەڵام سەرنجراکێش ئەوە بوو کە خۆپیشاندانی تورکەکانیش لێوڕێژ بوو لە دروشمی نەژادپەرستانە. لەم نێوەدا نەتەوەی کورد ئەگەرچی بۆخۆی گەورەترین قوربانیی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و راگەیاندنەکانیەتی، بەڵام بێ هۆ کەوتەوە بەر هێرشی نەژادپەرستانەی تورکە رەگەز پەرستەکان. دروشمگەلی وەک "ورمێ بە کوردستان نادەین" یان "کورد، فارس، ئەرمەنی هەر سێ دوژمنی تورکن"، چەندین جار لە خۆپیشاندانەکانی تورکەکان دا کە بە رواڵەت دژ بە سیاسەتی راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی رێکخرابوون، دووپات کرایەوە.

کۆمەڵگای سیاسیی کوردستان بە درێژایی ٧٠ ساڵی رابردوو هەمیشە تورکەکانی بە هاوشانی خۆی، وەک نەتەوەیەکی بێ ماف و ماف پێشێلکراو حیساب کردوە. بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان خۆی بە میراتگری دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان زانیوە کە لە تەمەنی کورتی خۆیدا بەردەوام هەوڵی دا لاپەڕەیەکی نوێ لە

پێوەندیی نێوان دوو نەتەوەی کورد و تورک لە ئێران و بە تایبەت لە ئوستانی ورمێ هەڵداتەوە. ئەو سیاسەتە و ئەو شێوە روانینە بە درێژایی خەباتی ٧٠ ساڵەی تێکۆشانی دێموکراسیخوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی کوردستان دا رەنگی داوەتەوە. ئەو روانگەیە نەک تەنیا لە ناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکان بەڵکو لە ناو کۆمەڵگای خەڵکی کوردستانیش دا باوەڕێکی چەسپاو بووە. تورکەکان هەر کات و بە هەر هۆیەک لێیان قەومابێ، ئەوە باوەشی خەڵکی کوردستان بۆیان کراوە بووە و خەڵک نانی خۆیان لە گەڵ لەت کردوون. ئەو تورکانەی تەڤلی بزووتنەوەی کوردستان بوون، بێ هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێکی نەتەوەیی رێز لە خەبات و تێکۆشانیان گیراوە و تا ئاستیی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش چوون. خۆ ئەگەر لە هێرش بۆ سەر کوردستان و لە زەبروزەنگی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خەڵکی مافخوراوی کوردستان، بەشێک لە تورکەکان بوون بە سیالەشکر و پێش قەراوڵی سپای داگیرکەر، لای کورد ئەو کەسانە هیچکات حیسابی نوێنەرایەتیی تورکەکانیان بۆ نەکراوە. لە روانینی کوردەکان دا ئەوانە لە بەکرێگیراوێکی دەسەڵات یان فریوخواردوویەکی ئایینی زیاتر نەبوون.

بەڵام هەڵسوکەوتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی توێژی رەگەزپەرەستی تورک و هەوڵدانی بۆ سەپاندنی هێژمۆنیی رەگەزپەرستانە بۆ سەر ئەو نەتەوەیە، بە تایبەت هەڵوێستی نابەرپرسانەیان لە هۆڵی ئەلغەدیری شاری ورمێ و رەنگدانەوەی روانگەی دژ بە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە بەشێک لە خۆپێشاندانەکانی دژ بە تلویزیۆنی کۆماری ئیسلامی، ئەو راستیەی سەلماند کە بە داخەوە ناسیونالیزمی تورک لە ئێران، خەریکە لە سەر بنەمایەکی نەژادپەرستانە پێ دەگرێ. ناسیونالیزمێکی کرچ و کاڵ کە شوناسە نەتەوەییەکانی خۆی لە سەر بناخەی نەفی ئەویدی و هێرش بۆ سەر دەروجیرانەکانی دا پێناسە دەکا. هێژمۆنیی ئەم روانینە شۆڤێنیستیە ئەوەندە خۆی بە سەر رووناکبیرانی تورک دا سەپاندوە کە بە داخەوە کەمترین رووناکبیر و چالاکی سیاسی و مەدەنیی تورک ئامادە بوون ژێر ئەو نامەیە ئیمزا بکەن کە بە ناوی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی تورک و کورد بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە دوای بێڕێزیەکانی ساڵۆنی ئەلغەدیری ورمێ ئامادە و بڵاو کرایەوە.

هەوڵدان بۆ کڕینی زەوی و زاری کوردەکان بە ئیمکاناتی دەوڵەتی، پەڕاوێزکردن و هەوڵدان بۆ دەرکردنی کوردەکان لە سەر مڵک و ماڵی خۆیان، سەپاندنی خۆیان بە سەر هەموو دام و دەزگا حکومەتیەکان سەرەڕای کەمینەبوونیان لە ئاستی ئوستانی ورمێ دا و هەوڵدان بۆ دەسکاری و شێواندنی مێژووی کوردستان و شارەکانی

کوردستان بە دژی کورد بەشێکی دیکە لە هەوڵەکانی ئەو توێژە لە شۆڤینیزمی تورکە بۆ تێکدانی ئاشتی لە نێوان کورد و تورک و راکێشانی ئەو دوو نەتەوەیە بەرەو شەڕ و ناکۆکی.

دوو نەتەوەی کورد و تورک لە ئێران، سەدان ساڵە و بە درێژایی سەدان کیلۆمیتر لە پاڵ یەکتر و لە جیرانەتی یەکتر دا دەژین. رابردووی پێوەندیی نێوان ئەو دوو لایەنە هەر چۆنێک بووبێ، لە داهاتووش دا ناچارن بە جیرانەتیی یەکتر بمێننەوە. کوردەکان دەمێک ساڵە ئەو راستیەیان دەرک کردووە تورکانیش نابێ تەسلیم و گوێڕایەڵی هێندێک تورکی نەژادپەرەست بن. ئەوان نابێ چیتر پشتگەرم بە دەسەڵاتی تاران دژ بە زۆرینەی کوردی دانیشتووی ورمێ بجوڵێنەوە و هەڵسوکەوت بکەن. پێویستە دوژمنایەتی و هەوڵدان بۆ دەرپەڕاندنی کورد لە سەر خاک و سامانی خۆی بە رێزدانان لە یەکتر و لە بەها نەتەوەییەکانی یەکتر و بە پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بگۆڕنەوە. کوردەکانیش هاوکات کە دەبێ بەرامبەر بەو زێدەخوازیەی تورکە رەگەزپەرەستەکان هەستیار بن و نرخ و بەها نەتەوەییەکان و خاک و ماڵی خۆیان بپارێزن، پێویستە لە گەڵ جیرانە تورکەکانیان هەروا بە شێوەی هێمنانە و پێشکەوتنخوازانە هەڵسوکەوت بکەن. لە رووبەڕوو بوونەوەو ئاژاوە، سڵ لەو داوانە بکەن کە دوژمنانی ئاشتی و ئارامی دەینێنەوەو نانی خۆیان لە ئاژاوە و تەفرەقەدا دەبینن. دۆستایەتی و پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوەی هاوپێوەندیی نێوان دوو گەلی کورد و تورک، دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکان و پەڕاوێز خستنی خاڵە ناتەباکان بکەنە پێوەری دۆستایەتی نێوان خۆیان و، رەزگەزپەرستی پێ مەهار بکەن. هاوکات کوردانی ئەو ئوستانە لە هەموو کات زیاتر پێویستیان بە یەکدەنگی و هاودەنگیە. یەکدەنگی و هاودەنگیەک کە بە سەر قازانجی شەخسی، بنەماڵە، تایفە، ناوچە، زاراوە، ئایین و حیزب دا باز بدا و لە سەرووی هەموان شوناس و بەرژەوەندیە نەتەوەیی و بەها ئینسانیەکان بکاتە پێوەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠١٥

## تێکستی سەر بەردەنووسەکەی قەڵایچیی بۆکان



هەر کەسێ ئەم بەردەنووسە لابەرێ

لە شەڕدا بێ یان بە ئاشتی

چی بەڵای سەر دنیایە

بە سەر وڵاتی ئەو شایەدا بباری

بکەوێتە بەر نەفرەتی خودایان و

لۆمەی خاڵدی لە سەر بێ

کە ئەوەتانێماڵی لە "زەعتێر"ە

حەوت مانگای تازە زاو

شیر بە گوێلکێکی بدەن و

هێشتا نەیکەنەوە تێرە

حەوت ژن نان بە تەندوورێکیەوە بدەن و

لێی دەرنەهێنن تاقە یەک کولێرە

دووکەڵی ئاورو دەنگی ئاش بە وڵاتیدا نەگەڕێ

خاکی بە شۆرەکات بێ و

گیای تاڵتر بێ لە ژەهران

ئەو شایەی لە سەر ئەم بەردەنووسە شتێ دەنووسێ

"هەدا(د)" و "خاڵدی" تەختی وەرگەڕێنن و

هەداد وڵاتی پڕ کا لە تۆفان..

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٨ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## هەتەرێ، مەتەرێ، هەلاوە، مەلاوە

دەستم بە سەرچاوەیەکی تایبەت بە نەریت و دابەکانی نەورۆز لە کوردەواریدا رانەگەیشت بەڵام پشتبەستو بە بیری منداڵیم، یەکێک لە یاریەکانی نەورۆزانمان، "هەتەرێ و مەتەرێ" بوو. منالان بۆ داواکردنی نەورۆزانە لە مالان و لە گەورەکان، چەند جۆر هۆنراوەی منالانەیان هەبوو کە یەک لەوانە "هەتەرێ مەتەرێ" بوو؛

هـەتـەرێ مەتـەرێ
شتێکمان بۆ بخەنە بن چەپەرێ

یان

هـەتـەرێ مەتـەرێ
شتێکمان بۆ باوێنە بن چەپەرێ
یان

هــەتـەرێ مــەتـەرێ
نەورۆزە وەرنە دەرێ
نەورۆزانەمـان دەرێ

یان

هەتـەرێ و مـەتـەرێ
سەری ئاواڵم بە قوونی کەرێ
شتێکم بۆ باوێنە بەر چەپەرێ

ئەوانەی سەرەوە جۆرەکانی ئەو تێکستە منداڵانەیە کە ئەمن لە بیرم ماوە. رەنگە بە درێژایی زەمان تێکستەکە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتبێ و هێندێک جار لەوە درێژتر بووبێ. بەڵام ئەوەی کە لە هەمواندا وەک خۆی ماوەتەوە دوو وشەی "هەتەرێ" و "مەتەرێ"یە. دوو وشە کە هێندە باو و هێندە لە سەر زاران سووک و خۆشن، رەنگە کەم کەس بیری لە مانایان کردبێتەوە. بەڵام بۆ من پرسیارن و لە بیرکردنەوەیەکیش دا هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە نەریتەکە و وشەکەش رەگی لە ئایینی کۆنی کوردان واتە میترائیسم دایە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەگوترێ، زەرتۆشتیش وەک زۆربەی ئەو پێغەمبەرانەی لە ناو خەڵکانی دانیشتوی کوردستانەوە سەریان هەڵدا، لە ناو هۆز و نەتەوەکەی خۆیدا پێشوازی لێ نەکرا. ریها (روحا، ئورفا) بە شاری پێغەمبەران ناسراوە. پێغەمبەران گەلێک جار لە کوردستانەوە هەوڵیان دا جێگەو پێگەیەک بۆ خۆیان بکەنەوە بەڵام کوردەکان هەر وەک ئێستا، لە سەر ئایین رژد بوون و بە ئاسانی ئامادە نەبوون ئایینێکی نوێ وەرگرن. ئیبراهیم کورەی ئاگری بۆ نێڵ درا و ناچار بوو لە ئورفاوە هەڵوەدا بێ و بە واتایەک لە دەشتی عەرەبستان گیرسایەوە. زەرتوشتیش هەر بەو شێوەیە شار بەدەر کرا و رووی لە خەڵک و زێدی خۆی تارێندرا. بۆخۆی دەڵێ کە "کاوی"ەکان، "کەرپان"ەکان و "ئوسیج"ەکان وەک پێشەوایانی ئایینی بەرەورووی بوونەوەو شاربەدەریان کرد.
نیشانەکانیش لە کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن کە زەردەشت و ئایینەکەی پێگەیەکی هەراوی لە ناو خەڵکی کوردستاندا هەبووبێ. تەنانەت ئەگەر ئاورگەکانیش تایبەت بە ئایینی زەردەشتی بزانین، دەبینین کە تەنیا لە بەشی رۆژهەڵات و تا رادەیەک باشووری کوردستاندا شوێنەواریان هەبووە و تا بەرەو باکوورتر هەڵکشێین، ئاسەواریان کەمتر دەبێ و تەنانەت جوقەواریان لێ دەبڕێ. بەرامبەر بەوە شوێنەواری ئایینی میترایی و میترائیسم لە کوردستاندا گەلێک زیاترە. ئەو ئایینانەش کە لە سەردەمە کەوناراکانەوە تا ئەمڕۆ کەم و زۆر لە کوردستاندا درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن، نیزیکایەتیەکی کەمتریان لە زەردەشتی و خزمایەتی زیاتریان لە گەڵ میترائیسم هەیە. بەوەش پێم وایە ئایینی کوردان پێش لە ئیسلام، میترائیسم بووە. کە باسیش بێتە سەر نەورۆز و داب و نەریتەکانی، ئەوا زۆربەیان لە گەڵ ئەم ئایینە تەبان و یەک دەگرنەوە. بۆ وێنە گرینگی خۆر یان رۆژ لە ئایینی میترائیسم و دەرکەوتنی خۆر لە نەورۆز یان نەورووژ دا، تەنانەت گرینگیی ئاگر کە زەردەشت لە میترائیسمەوە وەریگرت، سفرەی حەوسین و گرینگی ژمارەی حەوت لە حەوت نهۆمی ئاسمان و حەوت پلەی ئایینی لە میتراییدا، حەوت جار شوشتنەوە بۆ پاک بوونەوە(هەفتاو، حەوتاو)، حەوت رۆژی هەفتە و.. نیشانەکانی ئایینی میتراین کە لە کوردستاندا بە لێشاو ماونەتەوە.

بێمەوە سەر باسی "هەتەرێ مەتەرێ" و پێوەندی ئەم دوو وشەیە بە ئایینی میترا کە ئایینی کۆنی دانیشتوانی زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس بووە. لەم هۆنراوەیەدا منداڵ هەواڵێکی خۆش بە بەردەنگەکەی دەدا و بەرامبەر بە گەیاندنی ئەم هەواڵە خۆشەش داوای مزگێنی لێ دەکا. ئەوەش ناتوانێ شتێک بێ بەدەر لە دیاردەی دەرکەوتنی خۆر پاش زستانی درێژ و سەخڵەت. بۆیەش من پێم وایە هۆنراوەکە لە بنەڕەتدا ئاوا بووە:

*هاتە ڕێ مەتەرێ*

*شتێکمان بۆ باوێنە بن چەپەرێ*

*یان*

*هاتە دەرێ مەتەرێ*

*شتێکمان بۆ باوێنە بن چەپەرێ*

نیشانەی مەتەر - مێهر - مێر - میترا لە ئایینی میترائیسم دا خۆرە. تا ئاستێک کە پێڕەوانی ئەم ئایینە بە خۆرپەرست ناودێر کراون.

*ڕەنگە ئەم بۆچوونە لە تێکستی "هەلاوە مەلاوە"شدا خۆی مەڵاس دابێ:*

*هەراوە، مەهراوە*

*بەشی من لەو ماڵەدا ماوە*

*شتێکمان بۆ باوێنە بن تاوە*

*خوایە کچتان بە بووک بێو*

*کورتان ببێ بە زاوا*

هەراو واتە کرانەوە و فرەیی کە ئەوەش لە نەورۆز و هاتنی وەرزی بەهار دا هەیە. "مەهراو" دەکرێ شێوەیەکی دیکەی وشەی مێهر - مەهرا - مێر - مەتەر و میترا بێ. منداڵ هەواڵ دەگەیەنێ کە مێهر - خۆر دەرکەوتوە و

هەراوی و فرەیی هاتوە. کۆمەڵێک خۆز بە دڵی ئەندامانی بنەماڵە دەخوازێ و داوا دەکا مزگێنیەکەیان بۆ بخەنە بن تاوەکە...

وەک دەزانین پیتی "ل" لە ئاڤێستایی و لە کەونـدا نەبـووە و بەرهەمـی گەشەسەندنی پیتـی "ر - ڕ"یە. هەروەها دەکرێ دەربـڕینەکە بـۆ دەربڕینێکـی منـاڵانە بگەڕێنینـەوە کە پیتـی "ر" لە سـەر زاریـان بـۆ پیتـی "ل" دەگۆڕدرێ. "هەتەرێ مەتەرێ" لە حاند "هەلاوە مەلاوە" هی مناڵانی باوخۆشتر و تازە لاوانە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٦ی دێسەمبەری ٢٠١٥

## وشەکانی پێوەندیدار بە ئەمشاسپەندان لە ئایینی زەرتوشتی دا

لە سەر کات و شوێنی لە دایکبوونی زەرتۆشت، خاوەنڕایان بۆچوونی جیاوازیـان هەیە. بەشێک پێیـان وایە ئەو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران و بە ڕوونـی باشـووری زەریـای "ئـاراڵ" لە دایـک بـووە. بەشێکیش شـوێنی ژیـانی ئەو بـۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران و بە ڕوونی باشووری گۆلی ورمێ دەگەڕێننەوە. بـۆ سـاڵی لەدایکبوونیشـی لە ٦٠٠ تـا ١٢٠٠ ساڵ پێش لە زایین، جیاوازی بۆچوون هەیە.

سەبارەت بە ناوەکەیشی بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە. زەرتۆشت، زەردۆشت، زەردەشت، زەرتوشت، ئەشوزەرتۆشت و بە پێی ناوەرۆکی بابەتە ئەوێستاییەکان زەراثوشترا هاتووە. هەروەهـا مانـای جیـاوازیش بـۆ ئەو نـاوە لێکـدراوەتەوە. بۆچوونێک پێی واتە لە دوو بەشی "زەرەت" بە مانای زەردو زێڕین و "ئۆشترا" بە واتای وشتر چێ بـووە و لە سـەر یەک بریتی بووە لە خاوەنی وشتری زەرد. بەشێکیش بەشی دووهەمی وشەکە دەگەڕێننەوە سەر وشەی ئەسترا بە واتای ئەستێرە. خاوەن وشتری زەرد، خاوەن وشتری پیر، خاوەن وشتری ئازا، زێـڕین و درەوشـاوە وەک زێـر، کـوڕی ئەستێرە، ئەستێرەی درەوشاوە و ڕووناکایی زێڕین ئەو بۆچوونە جیاوازانەن کە لە سەر واتای ناوی زەردەشت هەن.

سەرەتا زۆربەی خاوەنڕایان و لێکۆڵەرانی ئایینی زەرتۆشتی، لە سەر ئەوە کۆک بوون کە زەردەشت لە کوردستان لە

دایک بووە و دینەکەی لە کوردستان یان بە گوتەی ئەوان لە رۆژئاوای ئێرانەوە سەری هەڵدا. بەڵام دواتر ئەو ڕایە گۆڕدراو بەشێک لە زەرتوشت ناسان باکووری رۆژهەڵاتی ئێران بە مەوتەنی ئەو دەزانن. بنۆسیش ئەوەیە کە زمانی ئاڤێستا لە زمانی دانیشتوانی ئەو هەرێمانە نیزیکترە. ئەگەرچی ئەمن تا ئێستا بەراوەردکاریەکی ئەوتۆم لەم بارەوە نەدیوە.

لە بابەت شوێنی لەدایکبوونی زەرتۆشت، بەش بە حاڵی خۆم زیاتر بۆچوونی کاک سۆران حەمەرەشم بە لاوە پەسندە کە پێی وایە زەرتۆشت لە کوردستان لە دایک بووە بەڵام بانگی خواپەرەستیەکەی لە لایەن خەڵکی ئەو هەرێمەوە پێشوازی لێ نەکراوە. بەڵگەشی بوونی چەمکەکانی پێچەوانەی ئایینی زەردەشتە کە لە ئایینەکانی یارسان، ئێزدی، عەلەوی و دەروزی دا دەبیندرێ. ئەو ئایینانە کە وێدەچێ سەرجەمیان سەر بە یەک بنەماڵەی ئایینی بووبن و بە هۆی هەڵکەوتی جوگرافیایی و هێرشی ئایینی بەهێزی ئیسلام، تووشی لێک دوورکەوتنەوە بوون، لە باوەڕ بە دۆنادۆن و تەناسوخ، رەتکردنەوەی دوئالیزمی زەرتۆشتی و رێزدانانی هاوکات بۆ رەحمان و شەیتان دا کۆکن. مانەوەو بوون و بەهێزی ئەو ئایینە و لاوازیی ئایینی زەرتۆشتی و ئاسەوارەکانی لە ناو کوردان دا، ئەو بۆچوونە بەهێزتر دەکا. وێڕای ئەوانە ئەمن پێم وایە سەرهەلدانی بیری نوێ، ناتوانێ بە بێ پێشینەو بە بێ پێشخان لە دایک بێ. کوردستان لە جیرانەتیی زلهێزە مێژوییەکانی سۆمەر و بابل و ئاشوور هەڵکەوتوە کە بێگومان ئەوانە لە باری هزریەوە شوێنەواریان بە سەر خەڵکی کورد دا بە جێ هێشتوە. هاوکات زۆر پێش لەو وادەیە کە بۆ لەدایکبوونی زەرتۆشت دیاری کراوە، لە کوردستان دا دەسەڵات و شارستانیەتە مەزنەکانی عیلامی، هیتی، هوریانی، میتانی و ئورارتو هەبوون و یەکەم دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانیش هەر بۆ ئەو ناوچەیە و بۆ دەسەڵاتی ماد/میدەکان دەگەڕێتەوە. لە حاڵێک دا لە باکووری رۆژئاوای ئێران شارستانیەتیەکی ئەوتۆ بۆ ئەو سەردەم تۆمار نەکراوە.

لە بەسەرهاتی زەرتۆشتیش دا ئاماژە بەوە دەکرێ کە بانگی خواپەرەستانەی زەرتۆشت لە نیشتمانی خۆیدا، لە گەڵ دژایەتیی توندی خەڵک بە تایبەت رێبەرانی ئایینی بەرەوڕوو بووە. بۆیەش ناچار بە کۆچ بوو. بوونی زۆرتری ئاسەوارەکانی ئایینی زەرتۆشتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و نەبوون یان کەم بوونی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەت لە باکوور، دەتوانێ زیاتر پشتی ئەو بۆچوونە بگرێ. بە واتایەکی دیکە ئەمن لە گەڵ ئەو بۆچوونە کۆکم کە زەرتۆشت لە کوردستانەوە سەری هەڵدا بەڵام لە لایەن نەتەوەکانی دیکەی نیشتەجێی

ئێران لەوانە پارس یان پارتەکانەوە بە شێوەی ڕێژەیی پێشوازی لێ کرا.

ئەمڕۆژانە بیرم لە وشەکانی ئایینی زەردەشت و ئەوێستا دەکردەوە کە ئاخۆ ئەو وشانە تا چەند لە زمانی کوردی نیزیکن و تا چەند دەکرێ لە ناو زمانی ئەمڕۆی کوردی دا واتایان بۆ بدۆزینەوە، کە بەو زانیاریانەی خوارەوە گەیشتم؛

## امشاسپندان

ئیمشاسپەندان لە ئایینی زەرتوشتی دا بە دوو واتای "پەسنەکانی ئەهورامەزدا" و "فریشتەکانی ئەهورامەزدا" هاتوە. لە ٦ چەمک یان فریشتە پێکهاتوون کە هەر کامیان پارێزەر و چاوەدێری لایەنێکی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەکەن. لە بابەت پێکهاتە و واتای وشەکە ئاوای بۆ دەچم؛

ئەمشاسپەندان - ئیمشاسپەندان:

ئەمشا - ئیمشا: هەمیشە

سپەند (١): ئەمانەتدار، پارێزەر

ان: نیشانەی کۆ

لە سەر یەک؛ ئەمانەتدارانی هەمیشەیی، ئەمانەتدارانی نەمر، پارێزەرانی تاهەتایی

بێگومان ئەوانەی سووکە ئاشنایەتیەکیان لە گەڵ ئایینی زەردەشتی هەبووبێ، دەزانن کە ئەم ئایینە لە سەر سێ کۆڵەکەی بیری چاک، گوتاری چاک و ئاکاری چاک دامەزراوە یان ئەو سیانە دروشمی سەرەکیی ئەو ئایینەن. ئێستا با بزانین بنەمای ئەو سێ چەمکە لە باری وشەسازی و دارشتنەوە چ پێوەندیەکیان بە زمانی کوردیەوە هەیە:

١- وەهومەنە - بهمن: پندار نیک

*وەهو: وەه، بەه، بوها،*

*مەنە: مانا، واتا*

*وەهومەنە: وەش مانا، مانای باش*

بەشی یەکەمی وشەکە واتا "وەهو" یان "وەهۆ" لە زمانی کوردی دا، لەو  وشانەدا دەبیندرێ:

*وەهـ: وتەی خۆشی، وتەی زۆر پەسند کردن و خۆشی*

*بوهـ: دارا و دەوڵەمەند*

*بوها: بە نرخ و گرانقیمەت*

*وەها: نرخ، قیمەت*

*وەها: ئاو و شیناوەرد لە بیاباندا*

*وەها: زۆر، رادەی زۆر*

*بوهار: بەهار،وەرزی خۆشی*

*وەهار: بەهار*

*بوهیشت: بەهەشت*

وەهومەنە یەکەم پەسنی ئاهورامەزدا و یەکێکە لە ئیمشاسپەندان. وەک دەبینین لە سەرجەم وشەکانی سەرەوەدا وەهـ یان شێوە نوێترەکەی واتە "بەهـ" بە مانای زۆر، بە نرخ و باش هەیە. وای بۆ دەچم کە هەر لەو وشەیە، وەش و دواتر باش کەوتبێتەوە.

بەشی دووهەمی وشەکە "مەنە"یە. وەک دەزانین سەرجەم وشەکە بە واتای بیر و ئەندێشەی چاکە و دەبێ رەگی بیر و هزر لەو بەشەدا دەرکەوتبێ. نیزیکترین وشەش بۆ "مەنە" دەتوانێ مانا بێ. ئەگەرچی واتای مانا لەم سەردەمەدا بڕێک لە بیر و هزر جیاوازە.

بە گشتی وەهومەنە کە لە ئاڤێستادا واتای بیری چاکی و هزری بە نرخی هەیە کە فارسەکان کردویانە بە "بەهمەن" و واتای خۆیان بۆ داتاشیوە، لە دوو بەشی  "بەها مانا" پێکهاتووە.

***٢- ئەشە وەهیشتە / اردیبهشت : گفتار نیک***

*ئەشە: راستی، ئەشێ، شیان، شیاو*

*وەهیشتە: وێشتە، وێشتن، وێژتن، گۆتن*

*= ڕاست وێژی*

ئەشە وەهیشتە دووهەم پەسنی ئاهورامەزدایە و یەکێکە لە فریشتەکانی ئەمشاسپەندان. فارسەکان کردویانە بە اردیبەهێشت بێ ئەوەی لە ڕەگ و بنەوانی وشەکە بزانن. ئەشە وەهیشتە بە واتای گوتاری باش هاتووە. بەڵام ئاخۆ ئەم واتایە لە کوێی ناوەکەدا خۆی حەشار داوە؟

ئەشە: بنەمای کردارەکە "شیان"ە. لە "ئەشێ" دا وشەکە جوانتر خۆ دەردەخا. بە واتای شتێک کە شیاوە. شتێک کە شیاوی ئەوەیە بکرێ، بگوترێ..

وەهیشتە: زیاتر لە رووی واتای سەرجەم وشەکە (گوتاری باش) روون دەبێتەوە کە دەبێ پێوەندی بە گۆتن و قسە کردنەوە هەبێ. ئەوەش شتێک نییە غەیری کرداری "وێشتن" لە زمانی کوردی دا. چاوگی "وێشتن" ئەمڕۆ لە زمانی کوردیش دا بە زۆری بە کار نابردرێ بەڵام وێژ و وێژە و ئەوێژم... گوتەی باوی ناو زمانی کوردی بە تایبەت لە ناوەڕاست و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستانە. هەر ئەم کردارەیە کە بە شێوەی نیگەتیڤیش فارسەکان وەریانگرتوە و کردویانە بە چاوگی "نوێشتن/نەوێشتن". واتە شتێک کە ناوێشترێ، دەنووسرێ.

بەو پێیە بنەمای "ئەشە وەهیشتە"، "ئەشێ وێشتە"یە. ئەوەی شیاوی وێشتنە، شیاوی گۆتنە، ئەشێ بوێشترێ، بۆ ئەوە دەبێ بوێشترێ. لە سەر یەک "ئەشێ وێژی".

***٣- خشترە ویریە/ شهریور: (کردار نیک)، شهریار دلخواە، شهریار مطلوب، هاوڵاتیی دڵخوازی هەموان***

*خشترە = گشت + رە: بۆ گشت، بۆ هەموان*

*ویریە: یار، یاوەر*

*یار و یاوەری هەموان*

"خشترە ویئریە" سێهەم پەسنی ئاهورا مەزدایە. باس لە بە کەڵکی بۆ کۆمەڵگا و بۆ مرۆڤەکان دەکا. بە "هاوڵاتیی

دڵخوازی هەموان" مانا کراوەتەوە. فارسەکان کردویانە بە "شەهریوەر - شهریور" کە هاوکات یەکێک لە مانگەکانی ساڵە. بەڵام با بزانین زمانی کوردی چۆن وڵامی ئەو واتایەی وشەکە دەداتەوە:

خشترە: لە دوو بەش پێکهاتووە. خشت کە رەنگە خراپ خوێندراوە یان بنەمای وشەی گشت بێ بە مانای هەموو و سەرجەم. ئەم وشەیە بە شێوەی "خشت"یش لە زمانی کوردی دا بە واتایەکی جیاواز هەیە.

خشت: بێ کەم و زیاد، رێک، رێک و پێک

بەشی دووهەمی "خشترە"، ئامرازی پێوەندی "رە"یە بە واتای "لە گەڵ". ئەم ئامرازە بە تایبەت لە زاراوەی کرمانجی دا وەک خۆی ماوە:

"ب مەرە وەرە"

لە سەر یەک "خشترە" بریتییە لە "گشترە" بە واتای لە گەڵ گشت، لە گەڵ هەموان

بەشی دووهەمی وشەکە واتە "ویریە"، دەتوانێ شێوەی کۆنتری وشەی "وێڕا" یان "وێکڕا" بێ بە مانای هاوڕێیەتی و لە گەڵ بوون. بۆ وێنە "دیاکۆ وێڕای من هات". هەروەها بنەمای وشەکانی یار و یاوەر و یارمەتییە. لە سەر یەک دەبێتە "گشترە یار"، "یاری گشت"، "یاری هەموان"، "وێڕای هەموان". هاوڵاتی دڵخوازیش بۆ هەموان ئەو کەسەیە کە یار و یاوەری هەموانە و لە وەختی پێویست دا یارمەتیی خەڵک دەدا. کەواتە مەبەست لە ئاکار و کرداری چاک (کردار نیک) ئەوەیە کە کەس چەندە بۆ کۆمەڵگا بە قازانجە و ئامادەیە یارمەتیی خەڵک بدا.

*کەواتە تا ئێرە سێ کۆڵەکەی ئایینی زەردەشتی بەو شێوەیەی خوارەوە لە زمانی کوردی دا ساخ دەبنەوە:*

بیری چاک: وەهومەنە، بەها مانا - مانای بە نرخ (پندار نیک - بهمن)

گوتاری چاک: ئەشە وهیشتە - ئەشێ وێشتن - شیاو وێژی (گفتار نیک - اردیبهشت)

کرداری چاک: خشترە ویریە - گشترە وێڕا - وێڕای گشت (کردار نیک - شهریور)

***٤- سپەنتەئارمئیتی، سپندارمذ - اسفند:***

**سپەن: ئەمانەت، پاراستن**

**سپەن - دار: ئەمانەتدار، پارێزەر**

**مئیتی - مذ: مەهـ، مەهیتی، مەزنێتی، مەزنایەتی، مەزن (بۆ وێنە "مەهـ لە ماهیدەشت دا)**

**ئەمانەتداری مەزنایەتی، پارێزەری مەزنایەتی**

***٥- هئورتات (خرداد)***

**هئور: هەور**

**تات: دا یان دادوەر**

**هەورداد، کەسێ کە هەور دەدا بۆ بارین (نەریتی نوێژە بارانە)**

**٦- ئامرتات یان مرتات / مرداد**

**ئامر: نەمر**

**تات: دا/دادوەر**

**نەمرداد، کەسێ کە نەمری دەدا**

**شایەدیش وەک هەورداد، مەڕداد بێ بە مانای فریشتەیەک کە پارێزەری مەڕە بە سەرنجدان بە ژیانی ئاژەڵداری و مەڕداری و گرینگیی مەڕ لە رابردوو دا**

***٧- سروشە یا سروش: سەر وشە***

**سەر: سەرەتا، دەسپێک**

**وشە: وتە، واژە**

**وشەی دەسپێک کە حەتمەن دەبێ خودا بێ**

**سر دیوان: سەردێوان، سەرۆکی دێوەکان**

١- اکومن (اکه منه): دوژمنی وەهومەنه - بهمن، دژ مانا (رەنگه ئەکه - ئەکو بنەمای حەک بێ بۆ دوعا لێ کردن)

٢- ایندره (اندر): دوژمنی اردیبهشت (ئان دره، دژه درۆ؟)

٣- ساوول (سروه): رەنگه بنەمای سرته و سریوه بێ به واتای به دزی قسه کردن

٤- ناهیه (نانگهیثیه): دوژمنی اسفند، ناحەز

٥- تیریز (تئیری): تەیرێژ

٦- زیریز (زئیری): زەڕ(زیان) ڕێژ

* بۆ واتای "سپەن" سەرنجی بابەتی "سپاس" بده

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٩ی دێسەمبەری ٢٠١٥

---

## "حه" پێشگری پێچەوانه له زمانی کوردی دا

له زمانی ئەوێستایی دا، "ئا - ئه - ئەن" ئامرازی پێچەوانه کردنی مانای وشه بوون. ئەم ئامرازه به شێوەی جۆراوجۆر له زمانی کوردی دا ماوەتەوه که ئەمن لێره باس له پێشگری "حه" دەکەم که له سێ کرداری زمانی کوردی دا دەبیندرێن. ئەوانیش بریتین له:

حەسان (حەسانەوه)

حەجمین

حەشار(شاردنەوه، وەشاردن..)

حەسان - حەسانەوه

*هەر چەوسـانەوەی بێ حەسانەوه*

ئەی مردن لە کوێی، ژیان کوشتمی

"هەژار"

کرداری حەسانەوە بە مانای ئیسراحەت و دەرچوونی ماندویەتی لە لەشە. بنەمای ئەو کردارە کە شێوە راستەقینە یان پۆزەتیڤەکەیەتی بریتیە لە "سان".

لە زمانی کوردی دا و هەر لە ماکەی "سان"، کرداری "راسان" هەیە بە واتای ئامادە بوون بۆ لێدان، حاڵەتی مرۆڤ پێش ئەوەی بوەشێنێ، دەست هەڵێنانەوە بە مەبەستی لێدان.

هەروەها کرداری "تاسان" هەیە بە مانای حەپەسان، گێژ و وڕ بوون.
کرداری "چوخسان" حاڵەتی مەڕمەڕ یان کەللای مێشێنە کاتێک لە کەللای بەرامبەری دەدا و رەق رادەوەستێ.

وەک دەبینین لە هەموو ئەو کردارانە دا جۆرێک رەق بوون و وەستانی بێ جوڵە دەبیندرێ. ئێستا ئەگەر بێینەوە سەر وشەی "سان" بریتی‌یە لە سڵاوی سەربازی. سەرباز کاتێک لە بەرامبەر پلەدارێک دا سڵاو دەکا، دەبێ رەق و بێ جوڵە رابوەستێ. ئەمە بنەمای سەرجەم کردارەکانی راسان، تاسان، چوخسان و حەسان یان حەسانەوەیە. وەک دەزانین لە حەسان یان حەسانەوە دا ئەو رژدی و رەق بوونە نییە و مرۆڤ یان گیانداری دیکە تخێل دەبێ و لەشی شل دەبێتەوە. بەو پێیەش بە دوور نییە دوو کرداری سان و حەسان لە بنەڕەت دا لە زمانی پێوەندیدار بە کاروباری سەربازی و چەکداریەوە هاتبن. لە سەر یەک:

*سان: خۆ رەق کردن*

*حەسان: شل بوونەوە*

*حەجمین*

*ژوانی بن سیلەو پەسیلەی لاوەتی یادی بە خێر*

کچ ڕەوەک بوو، من گوتم هێدی بە، حەجمینم دەوێ

"هێمن"

حەجمین بریتی‌یە لە ئۆقرە گرتن، داسەکینن و ئارام بوون. پێچەوانەی ئەم کردارە "جمین"ە کە بە واتای جوڵە، بزووتن و بزووتنی ئاپۆرەی زۆری خەڵکە. هەر ئەوەش بنەمای کرداری حەجمین کە بە هۆی پێشگری "حە" پێچەوانە بۆتەوە.

*جمین: بزووتن، جولان،*

*حەجمین: ئۆقرە گرتن.*

**حەشار**

لە بابەتێکی دواتر دا باس لەوە دەکەم کە "شا" و "شار" شێوەیەکی کۆنتری وشەی "سەر"ن. بەو پێیە حەشار واتە شتێک کە لە سەرەوە نییە، لە بەر چاوان نییە. کرداری شاردنەوە یان وەشاردن، پێشگری "حە"ی پێوە نییە کە ئەوەش لە ئەنجامی سوان و قورس بوونی کردارەکەیە. لە بەر ئەوەش "حەشار" زیاتر بە هۆی کرداری "دان" گەردان دەکرێ: حەشاردان. ئەگینا شاردنەوە بە تەنیا، لە باری ڕەچەڵەک ناسیەوە مانای پێچەوانەی ئەو واتایەی هەیە کە ئێستا لێی هەڵدێنجین. هەر لە سەر بنەمای حەشار، وشەکانی "حەسار" بە مانای حەوشە و دەرک و بانی بە دیوار و پەرژین و ڕەنگە وشەی حەوشە خۆیشی، هەروەها حەشارگە بە واتای شوێنی خۆ حەشار دان چێ بووە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠١٥

# بابەتەکانی ساڵی: ٢١٠٦

## مەلا جەلالی مونەجیم و ئەمیرخانی برادۆست - قەڵای دمدم

١٠١٤ی کۆچی مانگی - ١٦٠٦ی زایینی - نەخجەوان

لە سەرەتای جمادی الاخر کوڕی چۆلاق ئەمیرخان حاکمی ورمێ و شنۆ شەرەفی پابۆسی پێ درا

ساڵی ١٠١٤ی کۆچی مانگی - ١٦٠٦ی زایینی - سەڵماس

لەو دەمانەدا چۆلاق ئەمیرخانی برادۆست کە "جێگری سەگی دەرگای عەلی" (مەبەست شا عەباسە) دەستێکی زێڕی بۆ ساز کردبوو، هاتە پەڵاس ماچ کردن... ڕۆژی دواتر بە خەڵاتی گرانبایی لە کەوا و باڵاپۆشی بە نرخ و تاج و مەندیلی تەواو زێڕ و بە پەڕی ڕازاوە بە خشڵ و ئەسپی و زینی ڕازاوەو بە چواردە بەردەستەوە بە خەڵاتی بەرز سەربەرز کران و ڕۆژی دواتر مەرەخەس کرا و بەرەو ورمێ و شنۆ کە بنکەی دەسەڵاتەکەی بوو، گەڕایەوە.

١٠١٧ی کۆچی مانگی - ١٦٠٨ی زایینی - نەهاوەند

لەو ڕۆژەدا بەردەستێکی چۆلاق ئەمیرخان هات و چرایەکی گەلێک باشی هێنا. دوو دمی هەبوو.... تا ئاستێک کە سەر ڕاوچییەکان سوێندیان خوارد قەتیان شتی وا نەدیوە.

***بەڵام بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی قەڵای دمدمەی هەڵکەوتو لە ورمێ و گەمارۆدرانی چۆلاق ئەمیرخانی برادۆست و داگیرکردنی ئەوێ بە یارمەتیی خوای بەخشندە***

لە جەمادی الاولی ساڵی هەزار و هەژدە (ئاگوستی ١٦٠٩) جەهان مەتاع (شا عەباس) حوکمی دا کە کۆمەڵی جەلالی بە فەرماندەیی قەرەحەسەنخانی ئُستاجلو حاکمی هەرێمی عەلیشەکەر بچن بۆ ئازەربایجان و لەوێ لە گەڵ چۆلاق ئەمیرخان و قوبادخانی موکری و ئەمیرانی ئەو هەرێمە بۆ تێکدانی وان و سنووری ئەرزەرۆم بڕۆن. کاتێ گەیشتنە مەراغە و دەوروبەری ورمێ، چۆلاق ئەمیرخان خۆی لێ نەبان کردن و وتی من لە گەڵ جەماعەتی (جەلالی) کێشەی لەمێژینەم هەیە و نایەم. کاتێ ئەو هەواڵەیان بە شاعەباس دا، فەرمانی دەرکرد کە چولاق ئەمیرخان جەماعەتێک لە گەڵ کوڕەکەی خۆی بنێرێ بۆ ئەوەی ئەمیرەکان هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رۆم بەرن و چۆلاق خۆی لە ورمێ بێ و کەس کاری پێی نابێ. ئەگەریش بەو دەستوورەی نەکرد، ئەوە دەستبەسەری بکەن و بینێرنە لام. کاتێ چۆلاق ئاگاداری ئەم فەرمانە نوێیە بوو، دەرهەڵبوو و ملی بەو بڕیارە نەدا. لە مانگی رەجەبی ئەو ساڵەدا، لە قەڵای ناوبراو دانیشت و ئەمیرەکان قەڵاکەیان گەمارۆ دا. کاتێ ئەم هەواڵە بە ئاگاداریی شاعەباس گەیی، عەشوور بەگی چگینی، پارێزەری دارالارشادی ئەردەبیلی راسپارد کە بچێتە بەردەم قەڵا. ئەویش پاش ئەوەی بارودۆخ و دژایەتی و یاغی بوونی دانیشتوانی قەڵای بۆ روون بۆوە، دوای دوازدە رۆژ گەڕایەوە لای شا و راستییەکانی بۆ باس کرد. شا، فەرمانی بە ئیعتمادالدولە حاتەم بەگ دا تا بچێتە قەڵای دمدم و ئەگەر توانی بە رێککەوتن چۆلاق لە قەڵا بێنێتە دەر ئەوە باشە دەنا گەمارۆی بدا و دەستبەسەری بکا.

پاشان سەفەرقوڵی بەگی چگەنی کە پیاوی شارەزا و شەڕدیتوو بوو، نارد تا چەندوچۆنیی قایمەتیی قەڵا و سەرچاوەی ئاو و زانیاریی دیکەی بۆ کۆ بکاتەوەو بێتەوە. سەفەرقوڵی بە خێراییەکی تەواو بە دوایدا رۆیشت و لە سەڵماس گەیشتە ئیعتمادودەولەو بە یەکەوە چوونە داوێنی قەڵا. تا چوونی ئیعتمادودەولە هەموو رۆژێ ئەم شەڕ و بەربەرەکانیە لە نێوان دوو لایەندا لە ئارادا بوو و گەمارۆ دوایی نەدەهات. کاتێ ئیعتمادودەولە گەیشتە داوێنی قەڵا، چۆلاق ئەمیرخان ئاگادار کرا و وەلەدولمولکی تەسوج لە لایەن ئیعتمادودەولەوە نادرایە لای ئەمیرخان و پێی راگەیەندرا کە تا ئیستا قسەی تۆ ئەوە بوو دەتگوت لە جەماعەتی جەلالی دەترسم ئەگینا سەگی بەر دەرگای شام. ئەگەر راست دەکەی و سەر وەبەر باری شا دێنی، هەستە وەرە بچینە خزمەت شا و ئەوەی خواستی تۆ بێ، بەڵێنت پێ دەدەم. ئەگەریش نەیەی ئیدی جێ بۆ قسە نامێنێ و بۆ خزمەت رادەوەستم. کاتێ ئەم قسانەی لە خاوەنی تەسوج بیست، باوەڕپێکراوێکی خۆی نارد و بە سپاسەوە گوتی دەوڵەت بە پێی خۆی هاتووەتە بەر دەرگا. بەڵام داوا دەکەم ئیعتمادودەولە تەشریف بێنێ کە چەند وشەم هەیە پێی بڵێم و دوای ئەوە چی پەسندی دەوڵەت بێ، ئەوە دەکەم. ئیعتمادودەولە لە گەڵ سەفەرقوڵی بەگ و سەید ئەحمەد بەگ و نیزیکێکی

قەرەحەسەنخان و شاوێردی بەگ، پاسەوانی خۆی و سەر میرئاخوڕی لە گەڵ خۆی هەڵگرت و چوونە بەر دەروازەی قەڵا. چۆلاق ئەمیرخانیش بە دوازە کەس لە ئاغایانی خۆی هاتنە دەرێ و دیدار لە پێنسەد هەنگاویی قەڵا پێکهات. پاش داوای لێبوردنی زۆر گوتی ترسی من لە جەماعەتی جەلالی بوو بەڵام چونکە ئێوە بەڵێنتان داوە دەچمەوە ناو قەڵا و سبەینێ بە دیارییەوە بە خزمەت دەگەم تا بە یەکەوە بڕۆین. ڕۆژی دواتر نەهات و پێمل نەبوون و سەرکێشیی خۆی نیشان دا. بە پێی بڕیاری شاعەباس، لە کۆتایی مانگی شەعباندا (نۆڤامبر) ئیعتمادودەولە گەمارۆی دەست پێ کرد و دەورەی قەڵای لە نێوان ئەمیرەکاندا دابەش کرد. ڕۆژهەڵاتی قەڵای بە قەرەحەسەنخانی ئُستاجلو و نیعمەتوڵڵا سوڵتان سۆفی و ئەسکەندەر سوڵتانی میرموقەددەم و خوسرەو سوڵتانی پازۆکی و ئیمام قوڵی سوڵتانی ئاجورلو و میرفەتاحی تفەنگچی باشیی ئیسفەهانی سپارد. بەری ڕۆژئاوای بە پیربوداقخانی تورکمان و ئەمیرانی تابین کە خان ئەمیر کوڕی قازی خانی کوردی پەهنانشین و ئەولیاسوڵتانی وەلەد کوردی سەیفەدین بن، و مەلازادەی باقی و مەجنوون بەگی تۆپچیی تایبەتیی شا و بەرەوڕووی دەروازەش قەڵاش مراد خانی چەگەنی و خەلیل سوڵتان و ساروتەقی سوڵتانی تەورێزی لێ دانرا. لەم بەرەوە دوو هەزار هەبوو کە نەدەتواندرا سیبە بەرەوپێش بچێ و دەرفەتی هەڵاتن و هاتوچۆی دانیشتوانی قەڵای تێدا بوو. (بۆیەش) خەندەقێکیان لێ هەڵکەند بە قوڵایی شەش گەز و پانایی چوار گەز کە سوار نەتوانێ لێی دەرباز بێ. لە پشت خەندەقەکەوە چەند سوار دەبوو بگەڕێن و ئاگایان لێی بێ. کاتێ گەنجعەلیخان هات، ئەو جۆگە و خەندەقە بەو سپاردرا. لای باکووری قەڵایان بە کەس نەسپارد چونکە هاتوچۆ پێیدا لە خەیاڵیش بەدەر بوو. لەوێ ئەرکی پاراستن و ئاگاداری لە وشتر و ئەسپی قزڵباشانیان بە خەلیل سوڵتان سپارد. سەفەرقوڵی بەگی چەگەنی دوای بەراوردی قەڵا و دۆخی شەڕ و گەمارۆ، چوو بۆ خزمەت شاعەباس و پێی ڕاگەیاند کە ئەو قەڵایە دەکرێ بە تۆپ و بازووکە و بالیمز داگیر بکرێ. لە باری ئاوەوە کە لە لای باکوورە، جێی ئاستەمە. شا دەستووری دا کە جەماعەتی مازەندەرانی، نووری و جەلالی بە فەرماندەیی یەحیا عەرەب گزلو لە لای باکوورەوە ئاو لە سەر دانیشتوانی قەڵا هەڵبڕن. هاوکات بۆ داڕشتنی تۆپ ڕاسپێردران. حەوت هەزار مەن مس نادرا کە سێ تۆپ داڕێژن.

لە ماوەی چل ڕۆژدا سێ تۆپی گەورە و بالیمزێک داڕێژران. یەکیان چل مەن بەرد، ئەویدی سی مەن و سێهەمیان بیست و هەشت مەن بەردی دەهاویشت. بۆ پاراستن و پارێزگاری لە تۆپخانە و کەلوپەلی پێوەندیدار، قەبان سوڵتانی بیگدێلی و جەماعەتەکەی دیاری کران کە لە گەڵ بەرخوردار بەگی ئەنیس تۆپچی باشی بن و هەموان لە سەر تۆپخانە ئامادە بن. سەرەڕای ئەوە دانیشتوانی قەڵا چەند جار بە سوار و پیادە هەڵیانکوتایە سەر تۆپخانە

و خۆیـان نیشـان دا. بەڵام قزڵبـاش لێیـان کـۆ بـوونەوەو زۆرێـک لە کوردەکانیـان کوشـت و ئەوانـی دیـکە خۆیـان گەیاندەوە قەڵا. بە حوکمی شاعەباس سەفەرقوڵی بەگی چەگەنی لە هۆردوو بەرەو قەڵا نـاردرا و دەسـتوور درا کە لە بردنە پێشی سیپە و پرەنسیپی شەڕ و تێکەڵچوون لە قسەی دەرنەچن. لە ناوەڕاستی مانگی شەوالی ئەو ساڵە، سێسەد کورد لە قەڵا هاتنە دەر و هەڵیانکوتایە سەر سیپەی قەرەحەسەنخان و ئەو ئەمیرانەی لە گەڵ ئەو بوون.

تا نیزیک نیوەڕۆ مەردانە جەنگان و لە هەر دوو لا زۆر کوژران. لە کوردان سەری چل کەس بڕدراو زۆریش برینـدار بوون کە خۆیان دە قەڵا هاویشتەوە و لە ماوەی سێ ڕۆژدا شەست و پێنج کەس لە ناو قەڵا مردن. بیست برینـداری قزڵباشیش گیانیان لە دەست دا. کاتێک سەفەرقوڵی بەگی چەگەنی هـاتە نـاو ئۆردو، بە فەرمـانی ئیعتمـادودەولە کرا بە بەرپرسی ئەو جەماعەتەی خەریک بوون ڕەهەنـدیان بـۆ نـاو قەڵا لێ دەدا. کاتێک لە سـەرچاوەی ئـاوەکە نیزیک بوونەوە و ڕەهەندەکەش بە ژێر کانیەکەدا چووبوو، ئاو لە سەرەوەو لە هەموو لاوە دەڕژا و کار بەرەو پـێش نەدەچوو. ناچـار سـی لاوی کـارزان و لەخۆبـوردووی چەگەنـی کـراس و ژێرکـراس و کڵاوی چەرمیـان دەبەر کـرد و تەنانەت سەفەرقوڵی بەگ و یەحیا بەگ ماوەی بیست و دوو ڕۆژ بەو بەرگەوە مانەوە تا سەرەنجام ئاویان لە سەر قەڵا هەڵبڕی. دانیشتوانی قەڵا زانیان و هێرشیان دەست پێ کرد و شەڕ گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. ئیعتمـادودەولە لە سەر قسەی سەفەرقوڵی بەگ خێوەتەکەی لە جێی پێشـوو هەڵکەنـد و ڕوو بە ڕەهەنـدەکە دایکوتـا. فەرمانیـان بە ئەمیرەکان دا کە لە هەموو لایەکەوە سیپە بەرەو پێش ڕاگوێزن تا بەردبڕەکان بتوانن کاری خۆیان جێبەجێ بکەن. بۆ وێنە نیعمەتوڵڵا سوڵتان و خوسرەو سوڵتان بـۆ لای چەپـی سۆڵەخانە دیـاری کـران. پیربوداقخان و ئەمیرانـی تابین لای ڕاستیان پێ سپێردرا. کوردان کاتێ بە دۆخی ڕەهەندیان زانی، کۆمەڵێکیان لە قەڵا هـاتنە دەر و پشـت بە شاخەوە، دوو سیپەی پتەویـان دامەزراند. بەردەوامیش دووسەد لاوی چاک لەوێ ئامادە بوون و بۆ پاراستنی ئـاو خەباتیان دەکرد. قەرەحەسەنخان لای خۆی دەپاراست و قزڵباش بۆ پاراستنی ئەشکەوت و ڕێگای ئاو، مەشخەڵیان دادەگیرساند و لە کونەکـانەوە دەیانهێنـا دەرێ. هەرکە ڕۆژ دەبـۆوە، کوردان هەڵیانـدەکوتـایە سەر مەشخەڵەکان و دوو مەشخەڵیان لە گەڵ خۆیـان بـرد کە بە ئاسـانی لە دارەکە دەکرانەوە. لە سـەر ئەو کـارە گەلێـک لە کوردەکـان کـوژران. بەشـێک لە کوردەکـان لە دەوری قەڵاوە بەردیـان تـاوێر دەکـرد و کەلوپەلەکانیـان پـێ دەشـکاندن و کارکەرەکانیان لێک بڵاو دەکرد. ئیمـام قـوڵی سوڵتـانی ئـاجورلو دیـاری کـرا کە لە نـاوقەدی کێـوەکە بەرامبەر بە کارکەرەکانی ئاو دابمەزرێ و نەهێڵێ بەردیان بە سەردا جاڵە بکەن. کوردان لە کـاتی بەرەبەیانـدا هەڵیانکوتـایە سەر ئیمام قوڵی سوڵتان و شەڕ دەستی پێ کرد. جەماعەتی ئاجورلو هەڵاتن. ئیمـام قـوڵی پێـی بە عەرزی دادا و

بە دەنگی بەرزەوە گوتی: ئەی جەماعەتی ئاجورلو! ئەمن بە جێ دەهێڵن بەڵام لە دەست شای دین پەنا بۆ کوێ دەچن؟! بەو قسەیە گەڕانەوەو کوردەکانیان شکاند و جێی خۆیان پاراست. کاتێ قزڵباش پیاوەتی و ئازایەتیی ئاوایان لە کوردان دیت، بە پێی فەرمانی ئیعتمادودەولە چونکە تۆپخانە جێی قایم بوو، قەبان سوڵتان بە هاوکار و جێگری ئیمام قوڵی سوڵتان دیاری کرا. دوای ئەوە ئیدی دەرفەتیان بە کوردەکان نەدا بێنە دەرێ. چونکە کوردان هەموو شەوێ بۆ پاراستن و پارێزگاری لە سۆلەخانە دەهاتنە ناو ئەو ئەشکەوتەی کە لە سەر سولق هەڵکەوتبوو و دەگەڕانەوە بۆ ناو قەڵا. سی کەس دیاری کرا بۆ ئەوەی لە ئەشکەوتەکەدا بمێننەوەو بەرەنگاری کوردەکان ببنەوە. شەوێ نیزیک بە حەفتا کورد روویان لە ئەشکەوتەکە کرد و لە ئەشکەوتدا شەڕی گران هاتە ئاراوە. ئەوانەی لە ناو ئەشکەوتدا بوون، بەشێکیان خۆیان فڕێدا خوارەوەو بەشێکیان کوژران. ئەو شەوە یازدە کورد و بیست و سێ قزڵباش کوژران و ئەشکەوت لە دەست کورداندا مایەوە. بۆ بەیانی ئیعتمادودولە تووڕە بوو و خاوەنی سیپەی گۆڕی و قەرەحەسەنخان پاڕایەوەو بەڵێنیی دا کە ئەمن ئەشکەوت دەپارێزم. چل و دوو کەس لە خەڵکی خۆی و پێنج ئیسفەهانی و سێ کەس سۆفی بۆ ئەشکەوت نارد و سەفەرقوڵی بەگ بە دووسەد کەسەوە چاویان لە دەروازەی قەڵا بوو و چاوەڕوانی فیتنەو ئاژاوەیان دەکرد. ئەو شەوە بارانێکی بە خوڕ دەباری و کەس لە کوردان نەهاتە دەر و لەوە بە دوا ئەشکەوت لە دەست قزڵباشدا مایەوە. بەڵام بە هۆی لێدانی تۆپ لە لای سۆلەخانە لێک بڵاو بوون و بەو بەرد و گەچەی کە بەو هۆیە دادەڕووخا، نیزیک بە پەنجا کەس لەو کوردانەی لە لای سۆلەخانە سیپەیان دامەزراندبوو، کوژران و ئەوانەی مانەوە، رێگای هەڵاتنیان گرتە بەر.

### *خۆشە ئەو کاتە کە بە یەک کریشمە دوو کار دەکرێ*

بە فەرمانی ئیعتمادودەولە شەوێک سیپە و سەوەیان بۆ سەرچاوەی ئاوەکە برد و مەودای نیزیک بە پەنجای نێوان ئەو دوو سیپەیە پێک گەیشتن. جەماعەتی کوردانی مەکردادی ناو قەڵا وەدەرکەوتن تا سیپە لێک هەڵوەشێنن.

جەماعەتی تورکمان سەرە رێیان لێ گرتن و سی کەس لە کوردان و چواردە کەس لە قزڵباش کوژران. زۆرێک لە کوردەکان بە برینداری چوونەوە ناو قەڵا بەڵام ئەو سیپەو سەوەتەیە وەک خۆیان مانەوە. بەرامبەر بە رەهەندی سەفەرقوڵی بەگ، کوردەکان بودڕێکیان لێ دا و کاتێ ئەم دوو رەهەندە پێک گەیشتن و کون بوو، شەڕ هاتە ئاراوە. بە زەبری تفەنگ کوردان لە رەهەند وەدەرنران و قزڵباش دەستیان بە سەر بوودڕ و ئاودا گرت. ئاوەکە بە جەماعەتی پازوکی و مازەندەرانی سپێردرا و جەماعەتی قزڵباش چوونەوە سەر سیپەی پێشوو. ئیعتمادودەولە چۆوە

سەر جێگای خۆی و تۆپ و بالیمز بەرەو بورجی "کوذعجی؟" دابەستران و تۆپخانەیان ساز کرد کە سەری تۆپی گەورەیان لەوێ دەنا. لە سەر تۆپخانە و دابەستەی ئەوێ گەلێک شەڕ کران. چونکە کوردان زەواڵی خۆیان لەو تۆپ و تۆپخانەیەدا دەدیت. لە سەر ئەو تۆپخانەیە نیزیک بە پێنسەد کورد کوژران. لە قزڵباشیش بەشێک بریندار و بەشێکیش کوژران. ئەو تۆپخانەیە بە فەرماندەیی سەفەرقوڵی بەگی چەگەنی و یەحیا بەگی عەرەب کرلو و ملازادەی باقی و نیعمەتوڵڵا سوڵتان و ئەسکەندەر سوڵتان و تفەنگچیەکانی ئیسفەهان ساز کرا.

لەو سەروبەندەدا هەواڵ هات کە نەسوح پاشا و میرشەرەفی بۆتانی و ئەمیرانی کوردستان بە هانای دانیشتوانی قەڵاوە دێن. لە بەر ئەوە ئیعتمادودەولە باوەڕپێکراوێکی ناردە لای شاعەباس و راستیی ئەم بابەتەی پێ راگەیاند و ئەویش ئیمام قوڵی والیی لار و محەممەد بەگ کوڕی قۆرچی باشی و بەردەستانی عەلیقوڵی خانی ئێشک ئاغاسی باشی بە سەرکردەیی سۆفی خانی کەرامانلوی بە دوازدە هەزار رمبدار و تفەنگدارەوە نارد. کە گوێبیسی هاتنی لەشکرێک بۆ سەلماس بوو، نسوح پاشا رۆیشت و لێک بڵاو بوون. لە سەر خواستی ئیعتمادودەولە لەشکرێک لە سەڵماس مایەوە. ئا لەم سەروبەندەدا ئیعتمادودەولە بە هۆی نەخۆشیی خەفەقان(نەخۆشیی دڵ) کە بەردەوام ئازاری دەدا، کۆچی دوایی کرد. ئەمیرەکان بە نامەیەک هەواڵی مەرگی ئەویان بە شا گەیاند. سەفەرعەلی بەگ نامەکەی نووسی و ناردی کە سەرکردە بۆ ئەو کارە گرینگە دەبێ لە پێشدا ئاگای لە خۆی بێ و ئەگەر کەسێک لە قەڵاوە بێتە دەرێ بیلاوێنێتەوەو بە لوتفی خۆی سەربەرزی بکا و دۆست و دوژمن بتوانن لە سەر سفرەکەی دابنیشن.

کاتێ ئەم نامەیە گەیشتە دەست شاعەباس، فەرمووی سەفەرقوڵی بەگ نەخۆشە و راستی نووسیوە. محەممەد بەگی بیگدێلی بانگ کرد و پێی گوت کە؛ محەممەد بەگ تۆ دەبێ بچی و بۆیەش تۆ دەنێرم تا ئەو خەڵکە تێدا نەچن. کاتێ محەممەد بەگ گەیشتە دەوری قەڵا، خانی چۆلاق، محەممەد زەرزا کە باوەڕپێکراوی خۆی بوو، بۆ پاڕانەوە هات و (داوای کرد) محەممەد بەگ بێتە نیزیک قەڵا تا لە خزمەتیدا قسە بکەین و ئەوەی چاکەی دەوڵەت بێ، وا بکەین. محەممەد بەگ چوو بۆ لای قەڵا و لە گەڵ سەفەرقوڵی بەگ، لە پەنایەکدا لە ژێر سێبەی قەرەحەسەنخان، دانیشتن. بە دوای ئەواندا خوسرەوبەگی یوزباشیی پازوکی و نەقی سوڵتانی تەورێزی و ئەلوخان سوڵتانی خەربەندەلو چوون و قسەی زۆر بۆ داوای لێبوردن گوترا. داوای کرد کە محەممەدبەگ بباتەوە بۆ ماڵەکەی و کوڕ و ژنەکەی خۆی بە دیاریی زۆرەوە بنێرێتە خزمەت شا عەباس تا بەڵکو لە تاوانی چۆلاق خۆش بێ. بەو مەرجەی قزڵباش دەست لە قەڵا هەڵگرن. سەفەرقوڵی بەگی چەگەنی گوتی ئەگەر بۆخۆت لە گەڵی دەچی،

محەممەد بەگ بەرەوە بۆ ماڵەوە دەنا لێی گەڕێ. چونکە قزڵباش بێ هاتنی تۆ لە سەر قەڵا لاناچن و ئەو سووک مەکە. محەممەد بەگ گوتی قسەی دروست ئەوەیە و ئەگەر دێی، دێم دەنا دەڕۆم. هەستا هاتەوە ماڵێ. بۆ سبەینێ میرحوسێن بەگ، ئامۆزای ئەمیر چۆلاق، جنی بەگ کوڕی چۆلاق هاتە لای محەممەد بەگ و گوتی شا ئەمنی بە دوای چولاق میرخان نارد بۆ لەلەگی کوڕەکەی ئەو. محەممەد زەرزا و میرحسین بەگ و حەتی بەگی راگرت و گوتی بە چولاق بڵێن ئەگەر دێی ئەوە باشە دەنا بە زۆری دەتبەم. لە دوو لای تۆپخانەوە سیپەی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە دامەزراند. لە لای چەپەوە گەنجعەلی خان حاکمی کرمان و خوسرەو سوڵتان و جەماعەتی تفەنگچیانی مەرەند و نوور و ئەلیاس خەلیفەی قەرەداغی و قەرەحەسەن خان لە گەڵ ئەمیرانی تابین و میر فەتاح و تفەنگچیانی ئیسفەهان، لە لای راستەوە سەفەرعەلی بەگی چەگەنی و یەحیا بەگی عەرەب کرلو و نیعمەتوڵلا سوڵتان سۆفی لو و ئەسکەندەر سوڵتانی موقەدەم و جەماعەتی بەردەستەکانی ئیمام قولیخان حاکمی لار بە فەرماندەیی بەگ وێردی و بەردەستەکانی عەلیقولیخان ئێشک ئاغاسی بە فەرماندەیی سۆفی خان بەگی کەرامانلو دەروازەی قەڵایان بەوان سپارد. حەواڵە(سەکۆ)یان بە چل گەز درێژی و دوازدە گەز پان و بیست و هەشت زەرع بەرز هەڵبەست. ئەم سەکۆیە دانیشتوانی قەڵا و خەڵکی شێرحاجی جاڕز کرد. چونکە بەردەوام تۆپیان بە بورجە گەورەی بەرامبەری سیپەکانەوە دەنا، دیوار رووخابوو. دانیشتوانی قەڵا لەو دیوارە رووخاوە سیپەیان ساز کردبوو و کاری شەڕ بەو ئاستە گەیشتبوو. چونکە سیپەی کوردەکان کەوتبووە راستی سیپەی شایی و سیپەی ئیمام قولیخان و سیپەی ئەوان پشتی بە دیواری قەڵا و بورجەوە بوو، جەماعەتی چەگەنی بێ مۆڵەتی سەفەرقولی بەگ شمشێریان هەڵکێشا و لە گەڵ تاوهەڵات سپەریان لە سەر خۆیان دانا و هەڵیانکوتایە سەر سیپەی کوردەکان. بە زەبری شمشێر دەستیان بە سەر سیپەدا گرت. کوردان هەڵاتن و چوونە ناو قەڵا. ئەگەرچی بیست و حەوت کەس بریندار بوون لەوانە سێ چگینی، یەک مازەندەرانی. یەک باقی و دوو جەلالی کوژران. کاتێ سیپەیان گرت، دەرگای قەڵا کە ئاسن بوو، هەڵکەند و ناردیانە خزمەت محەممەد بەگی بیگدیلی و شوێنی خۆیان قایم کرد. ئەوانەی لە گەڵ ئیمام قولیخان بوون بەو رووداوە تووشی رق بە رقە بوون و بێ ئەندێش هێرشیان کرد و دوو بورجیان داگیر کرد.

ئاگری شەڕ بە هاویشتنی تیر و تۆپ و تفەنگ بەرز بۆوە. لە هەموو لاوە گوشاریان بۆ دەهات. چونکە ئەو بورجە چەند تۆپی وێکەوتبوو و چەگینی و ئەوانی دیکە کونیان دە دیوار و بورجەکان کردبوو، لە رووخان نیزیک ببۆوە. بە زوبی نیوەی بورجەکە تێکڕووخا. لە بەختی شا جگە لە یەکێک، هیچکەس لە قزڵباش نەکەوتە ژێر دیوارە رووخاوەکە. لەو رۆژەدا بەگ وێردی بەگ لە پەنا ئەو بورجە بە دار و تەختە سیپەیەکی هەڵبەست. کوردەکان

سەرچاوە Serchawe

هەرچەندی ئاگربارانیان کرد، قزڵباش بە فیڵ و تەڵەکە ئاورەکەیان لە خۆیان دوور دەکردەوە. سیپەکە بە تەواوی هەڵبەسترا و بەگ وێردی بەگ رۆژی دواتر لە گەڵ جەماعەتەکەی هێرشی برد و سەرجەم بورجەکەی داگیر کرد. بەڵام چونکە بارووت لە بورجەکەدا هەبوو، کوردەکان ئاگریان تێبەردا و ڕایانکرد. جەماعەتی بەختیاری سەرەڕای ئەوە کە چل کەسیان لێ سووتا، دەستیان لە بورجەکە بەر نەدا و تا کارەکەیان یەکلایی نەکردەوە، لە بورجەکە دانەبەزین. بەڵام سیپەی قەرە حەسەن خان چونکە نیزیک ببۆوە و پڕکردنەوەی بەندەکە ئاستەم ببوو، بە تەختەیەک کە نیوگەز دەبوو، دوو لایەیەکیان ساز کردبوو، دەیانکردە سپەر و بەندەکەیان پێ پڕ دەکردەوە و دیسان دەچوونە پێش. ئەم فکرە بوو بە دەستووری کاری سیپەکانی دیکەو دوولایی ئاوا زۆر ساز کرا. جا چونکە فیشەک ئەو تەختە دووبەرەی نەدەبڕی، کوردان ناچار بوون تۆپێکی زەنبورەکی کە لە سەر بورج بوو و فیشەکی مەفرەقیی بە قورسایی یەک سیر(حەفتاو پێنج گرەم) دەخوارد، بێننە خوارێ و پێی دووکەڵ لە خۆیان دوور بکەنەوە. ئەم زەنبورەکە سەرێشەی زۆری بۆ جەماعەتی قەرەحەسەن ساز کرد. سەرەنجام لێی کۆ بوونەوەو بە تێکڕا هێرشیان برد و دەستیان بە سەر زەنبورەکەکەدا گرت. کوردان دیسان بە هاویشتنی ئاور و سوتاندن هەوڵیان دا شەڕ لە خۆیان دوور بکەنەوە و دیسان جەماعەتی قەرەحەسەن کۆبوونەوەو دەستیان بە سەر دوو "انزدمی؟"دا گرت. پیربوداقخان لە گەڵ جەماعەتی باقی و مەجنوون بەگ بۆ داگیرکردنی قەڵای خواروو ناردران. لە تۆپخانەوە تۆپێکیان بۆ ئەوێ گواستەوەو دوای ئەوەی چەند تۆپیان لە بورج و دیواری قەڵا دا، ڕێگایەک کرایەوە.

هێرشیان برد و حەوت رۆژ بەر لە داگیرکردنی قەڵای سەرەکی، ئەم قەڵایە داگیر کرا. هیچکام لە پارێزەرانی ئەم قەڵایە بە ساغی دەرنەچوون. بیست لاوی باشی قزڵباشیش کوژران و بریندار بوون. کاتێک محەمەد بەگی بیگدێلی هات، بەردەستەکانی عەلیقوڵیخان بەو جۆرەی باس کرا، سیپەیان بەرەو سەهۆڵخانەی قەڵا ساز کردبوو. ماوەی دوو مانگ بوو کە ئاو لە سەر قەڵا هەڵبڕابوو و دانیشتوانی قەڵا بە بەفر و سەهۆڵی "قارلق" دەژیان. بەردەوام تۆپ بە بورج و بارۆی قارلقدا دەدراو چیان بۆ لێ نەکرابوو. فەرمان درا کە جەماعەتی شاملو لە لایەن عەلی قوڵی خانی ئێشک ئاقاسی باشی بە فەرماندەیی سەفی قوڵی بەگ و مرادخانی چیتی و نەقی سوڵتانی تەورێزی و خەلیل سوڵتان لافاوی سپەری سیپە بەرەو پێش ببەن. کاتێک قەڵا کەوتە دەست یارانی دەوڵەت، خاوەنانی ئەم سیپانە لە قارلق چوونە سەر و کاتێک لە لاوە سیپەکانیان بەرەو پێش برد، دانیشتوانی قەڵا کەوتنە تەنگانەوە.

بە جۆرێک کە خەڵک نەیاندەتوانی لە ماڵێکەوە بچنە ئەویدی. خان بەگی کورد هات و قورئانی کرد بە ئامرازی

سەرچاوە Serchawe

لێبوردنی خۆی و گوتی؛ سەفەر قوڵی بەگ و محەممەد بەگ وەرن قەڵاتان پێ دەسپێرین. دوای ئەوە دەروازەیان کردەوەو محەممەد بەگ و سەفەرقوڵی بەگ هەر کام بە جەماعەتی خۆیانەوە بەرەو پێش چوون. چۆلاق ئەمیرخان کاتێک لە هەموو لایەک ناهومێد بوو، لە ڕێگای ڕەهەندی چەگینی و سیپەی شایی وەدەرکەوت و بردیانە ماڵی محەممەد بەگی بیگدێلی. قەڵایان بە میرفەتاح و تفەنگچیەکانی ئیسفەهان و مەلازادەی باقی و یوزباشان و نۆکەرەکان سپارد. ئەمیر چۆلاق بە دووسەد کەس لە کوردان و جەلالی بۆ خێوەتی محەممەد بەگی بیگدێلی برد.

دوای نان خواردن، خان ئەمیر، کوڕی شێخ حەیدەری کوردی موکری لە گەڵ جەماعەتەکەی بۆ ماڵی ئەلیاس خەلیفە ناردران.خان ئەمیر لەو ماڵە باسی لە سپاگەری و ناسۆفی بوون کرد. دەستی بە قسەی زل و خراپ کرد. ئەلیاس خەلیفە بە ئامۆژگاری پێی گوت کە ئێمە قەرەداغی و سۆفین و ئەو قسانە مەکە کە دەکوژرێی و لە مەجلیسەکە هەستا. خان ئەمیر بە گومانی ئەوە کە کاتێ بچێتە دەرەوە، دەستووری کوشتنی من دەدا، هەڕای کردە ئەلیاس خەلیفەو بە خەنجەران کوشتی. جەماعەتی قەرەداغیان پەلاماریان دا و ئەمیریان لە گەڵ ئەو جەماعەتە کوردەی لە گەڵی بوو، کوشت. باوکی خان بەگیان لە لای سەفەرقوڵی بەگ بە جێ هێشت و جەماعەتی جەلالیان بۆ ماڵی خوسرەو بەگی یوزباشی نارد. لەوێ بەشێک لە خزمانی چۆلاق ئەمیرخان لێی جودا نەبوونەوە و لە خێوەتی محەممەد بەگی بیگدێلی دا مانەوە. کاتێک چۆلاق لە گەڵ یارانی لە قەڵا هاتبوونە دەر، لە گەڵ یەکتر پەیمانیان دابوو کە هەر کامیان یەکێ لە فەرماندەکانی قزڵباش بە خەنجەران بکوژن. کاتێک ئەلیاس خواجە خەڵیفە کوژرا، ئەو کوردانەی لە خێوەتی محەممەد بەگ دا بوون ویستیان بەو جۆرە بکەن کە پێشتر بڕیاریان لێ دابوو.

جەماعەتی شاملوو بە سەریاندا ڕژان و هەموانیان کوشت. کاتێک کێشەی قەڵا دوایی هات، لە کۆتایی مانگی ڕەبیع الثانی شا بڕیاری دا کە ئەمیران و لەشکری بناری قەڵای دمدم ئەو موکریانە بکوژن کە لە ورمێ و ئەو دەڤەرەن. سەد و سی و حەوت کەللە سەر لە گەڵ یەخسیر و ئەسپ و گا و مەڕێکی بێ ئەژمار لە سامانی ئەو تاقمە هێنایە ڕوخی ڕووباری ڕەش (سیاه رود). ئەمیرانی مەزن کە بۆ گەمارۆی قەڵا چووبوون، لە مەراغە پەیوەست بە ئۆردوو بوونەوە. بێجگە لە گەنجعەلیخان و تفەنگچیە تایبەتیەکانی شا کە بۆ پاراستن و پارێزگاری لەو مڵکە مانەوە.

هەروەها بەرخوردار بەگی سەر تۆپچی کە بۆ ڕاگرتنی کەلوپەلی تۆپخانە و هێنانی تۆپێک کە تازە دارێژرابوو و جەماعەتی ئەسیرلو کە بۆ پاراستنی ڕێگاکان دیاری کرابوون. پێیان ڕاگەیەندرا کە تاکو داوا نەکرێن،

نەگەڕێنەوە. بۆ وێنە ئیمام قوڵیخان حاکمی لار سەد و حەفتا و حەوت کەللە سەری لە گەڵ یەخسیر و گاو و مێگەلێکی بی ئەژمار و ئەمیرانی دیکەش کەللە سەر و دیل و ماڵێکی لە حیساب بەدەریان هێنا. لە ناو دارایی چۆلاق ئەمیرخانی برادۆست تەسبیحێکی خاریجیی فرە باش لە مەرجان هەبوو کە بۆ ئالاوێردی کەشیشیان نارد و ئەو بەیتەیان بۆ گوت:

*تەسبیحی خاریجی کە زیکری حەیدەر نەکات        لە ملی سەگانی جەهەننەم دا بیکە بە پەت*

لە مانگی رەبیع الثانی ئەو ساڵەدا قەبان سوڵتان لە ورمێوە هات و سەری چۆلاق ئەمیرخانی برادۆست و سەری ئەبداڵی موکری و زرێی برای تۆبل عەلیی جەلالی و کلیلی قەڵای دمدمە وهەشت کەسی زیندووی لە گەڵ خۆی هێنا. سێ لەوانە ببوون بە شاسەوەن. چۆلاق ئەمیرخان ژن و منداڵی ئەوانی لە قەڵا سەر بەرەو ژێر هەڵواسیبوو. ئازادیان کردن و خەڵات کران و ملک و ماڵ و ناسناوی خانیان پێ درا بە قەبان خان ناسرا. ملکەکانی کە پێشتر سەر بە ساروفرقان بو درا بە سارۆ بەگی برای و قشڵاق لە ئیسفەهان رووی دا.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٤ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## ڕۆناڵد و دۆناڵد

کە لە ئێران ئینقلاب کرا، لە ئەمریکا دێموکراتەکان لە سەر کار بوون. جیمی کارتەر سەرۆک کۆماری ئەو کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری، دروشم و بانگەشە دژ بە ئەمریکای لە سەرەوەی سیاسەت و کاری خۆی دانا. تا ئاستێک کە خومەینی ئەم وڵاتەی بانتر و گەورەتر لە شەیتانە مەزهەبییەکە و وەک "شەیتانی مەزن" ناوزەد کرد. بەڵام مێژوو پێچەوانەی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە. شای ئێران لە سایەی پووڵی زۆر و زەبەندی نەوتەوە، یاغی ببوو. تووشی زێدەخوازی هاتبوو. خواست و داوای ڕۆژئاواییەکانی بە هێند نەدەگرت و جوابی نەدەدانەوە. خۆی بە ژاندارمی ناوچەکە دەزانی. بەوەش ڕۆژئاواییەکانی

تووڕە کردبوو.

لە مەودای شەڕی ساردا، ڕۆژئاواییەکان سیاسەتی پشتێندی بەرگرییان هەبوو. پشتێندێک کە دەوری یەکێتیی سۆڤیەتی پێشووی دابوو. ئیسلامیەکانیش بە سەرنجدان بە کێشەی نێوان ئایین و مارکسیسم، لەو ستراتژیەدا دەوریان هەبوو. لە ئەفغانستان ئیسلامیەکان بە پاڵپشتی ئەمریکا شەڕی دەسەڵاتی کومونیستیی ئەو وڵاتەیان دەکرد. لە داهاتووی ئێرانیش ئەوەی بۆ ئەمریکاییەکان گرینگ بوو ئەوە بوو کە دەسەڵاتی دوای شای یاغی، سەر بە یەکێتیی سۆڤیەت نەبێ. خومەینیی ڕێبەری ئایینی ئەو چاوەڕوانیەی بۆ ڕۆژئاواییەکان دابین کردبوو.

ئینقلابی ئێران ئەگەرچی لە ناو ستراتژیی پشتێندەی بەرگری دا جێی دەگرت بەڵام هەر لە سەرەتای کاردا سفارەتی ئەمریکا کەوتە بەر هێرشی خوێندکارانی ئینقلابی و کارمەندانی سفارەتخانەیان دەستبەسەر کرد. جیمی کارتێر زۆری هەوڵ دا بە شەڕ یان بە ئاشتی کێشەکە چارەسەر بکا بەڵام سەرنەکەوت. بابەتی ئەو بارمتەگرتنە و چۆنیەتی ئازادکردنی بارمتەکان بابەتی هەرە گەرمی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٩٨٠ بوو.

ڕەنگە بۆ زۆرێک لە ئێرانیەکان سەیر بێ کە مێژوو وەک لاگرێکی مافی مرۆڤ و دژ بە شەڕ باس لە کارنامەی سیاسیی جیمی کارتێری سەرکۆماری ئەو کاتی ئەمریکا دەکا. کەسێک کە دواتر خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی پێدرا.

چونکە ئێرانیەکان لە چوارچێوەی سیاسەتی دژە ئەمریکایی خۆیاندا هێندەی شای دەرکراو، جنێویان بە کارتەر دا و دروشمیان لە دژی بەرز کردەوە. بەڵام لە مەودای بانگەشەکانی هەڵبژاردندا کارتەر خەڵکی ئەمریکای لە ئەگەری سەرکەوتنی ڕۆناڵد ڕەیگان وشیار دەکردەوە و گوتاری ڕەیگانی بە شەڕ هەڵاییسێنەر و مەترسیدار وەسف دەکرد.

هاوکات هەوڵی دا بە گوتاری نەرم و دژ بە شەڕی خۆی لە ماوەی هەڵبژاردندا، ئێرانیەکان بۆ ئازاد کردنی بارمتەکان هان بدا و ئەوە وەک کارتێکی گرینگ بۆ سەرکەوتن بە کار بێنێ. بەڵام سەرنەکەوت. سەرەنجام دەنگدەران دەنگیان بە ڕەیگانی "شەڕ هەڵاییسێنەر" دا. ڕاست بیست دەقیقە دوای ئەوەی ڕەیگان یەکەم لێدوانی خۆی بە بۆنەی وەرگرتنی پۆستی سەرکۆماری لە کۆشکی سپیەوە پێشکەش کرد، بارمتەکان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە ئازاد کران. گومانی ئەوە دروست بوو کە ئەم کارە دەرەنجامی ڕێککەوتنێکی ژێر بە ژێری نێوان ڕەیگانی شەڕخواز و

خومەینیی شەڕکرێ بێ بەڵام لێکۆڵینەوەکان لەم بارەوە هیچیان بە دەستەوە نەدا.

ڕۆناڵد ڕەیگان ئەکتەرێکی بە توانای سینەما بوو. زۆربەی کاتی خۆی بە تەماشای فیلم تێپەڕ دەکرد. ئەو ئەگەرچی ئاخێوەرێکی بە توانا بوو بەڵام بەو ڕادەیە لە گەڵ سیاسەت و سیاسیکاری تەبا نەبوو. جا دەڵێن شانامە کۆتاییەکەی خۆشە. سیاسەتوانە "شەڕ هەڵاییسێنەرەکە" سەرەنجام سات و سەودای ژێر بە ژێری چەک و چۆڵ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی لێ ئاشکرا بوو و ئەوەش هەڵلای زۆری نایەوە. دۆسیەیەک کە بە "مەک فارلین"، "ئێران گەیت" و "ئێران کۆنترا" لە مێژووی ئەمریکادا وەک پەڵەیەکی ڕەش مایەوە.

ڕۆناڵد ڕەیگان وەک دۆناڵد ترامپ زیاتر لە سەر شاشەی تلویزیۆن و سینەما ناسرابوو تا لە مەیدانی سیاسەت دا. ئەگەرچی لە سیاسەتدا ئەزموونی زیاتری لە ترامپ هەبوو. هەردوویان سەرەتا بە لاگریی دێموکراتەکان دەستیان پێ کرد و دواتر بوون بە کۆماریخواز. ڕۆناڵدیش وەک دۆناڵد بە کەلک وەرگرتن لە هەستی پەرەگرتووی ڕاست ئاژۆیانە لە کۆمەڵگای ئەو کاتی ئەمریکادا سەر کەوت. کێشەی ئێران لە کاتی بانگەشەی هەردوویاندا دەوری هەبوو. هەرچەند بۆ ڕەیگان خێری زیاتری پێوە بوو.

ئێستا دۆناڵدی توندئاژۆ وەک ڕۆناڵدی ڕاستئاژۆ، بە دوای سەرکۆمارێکی ئاشتیخواز و بە ڕەخنە لە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی ئاشتیخوازانە، دەسەڵاتی ئەمریکا بە دەستەوە دەگرێ. بەڵام ئاخۆ داهاتووی هەڵسوکەوت و هەڵوێستی دۆناڵد لە حاند ئێراندا چ جیاوازیەکی لە گەڵ ڕۆناڵدی پێش خۆی دەبێ؟ ئاخۆ ئەوە دەبێ کە هێندێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی کیسەیان بۆ هەڵدرووە یان ئەمجاریش هەڵسوکەوتی بەربژێرە توندئاژۆکانی کۆماریخوازەکان بۆ خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران هەر ئەوەندەی خێر دەبێ کە ئۆباما و کارتەر، سەرکۆمارە ئاشتیخواز و نۆبێل پێدراوەکانی ئەمریکا هەیانبوو؟!

با بزانین..

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٦

## لە فراکسۆنی نوێنەرانی ناوچە تورکنشینەکان تا فراکسیۆنی ئەهلی سوننەتی بەشێک لە نوێنەرە کوردەکان

دۆستێک کە تازە لە ئێران گەڕاوەتەوە باسی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و ئێرانم بۆ دەکا. هاتوچۆی بە فرۆکەخانەی نێوەدەوڵەتیی تەورێزدا بووە. شارەزای سیاسەت و جموجۆڵە سیاسیەکانی نێوخۆی ئێران نییە. ئەوەی زیاد لە هەر شت سەرنجی ڕاکێشاوە هەڵسوکەوتی کارمەندانی فرۆکەخانەکەیە. دەڵێ ئێمە بە فارسی قسەمان دەکرد و تورکیمان نەدەزانی کەچی ئەوان هەر بە تورکی دەیاندواندین و پرسیاریان دەکرد و وڵامیان دەداینەوە! فرۆکەخانەی هێلسینکیم وەبیر هاتەوە کە هەر کە پێت تێهاویشت، زمانی فینلاندی ئوتوماتیک دەبێ بە زمانی دووهەم و زمانە نێونەتەوەییەکانی وەک ئینگلیزی جێگای دەگرنەوە. بەڵام ئەوەی ئەو بۆم دەگێڕێتەوە، نە بابەتێکی زمانی یا ئیداری بەڵکو جموجۆڵێکی سیاسی- نەتەوەییە کە دەمێک ساڵە بە ئاشکرا و بە نهێنی کۆڵان و شەقامەکانی شار و ناوچە تورکنشینەکانی ئێرانی داگرتووە.

تورکەکان بەشێکی زۆر لە حەشیمەتی ئێران پێک دێنن. لە باری ئەژمارەوە یەک لە دوو گەورە نەتەوەی پێکهێنەری ئەو وڵاتەن. لە باری ئابووریەوە دەسەڵاتێکی زۆریان بە دەستە و لە باری ئیداریەوە رۆڵێکی گرینگیان لە دەسەڵاتدا هەیە. قبووڵ کردنی ئایینزای شیعە وەک مەزهەبی هاوبەش، هەر لە سەرەتاوە ئاڵقەیەکی گرینگی پێوەندیی نێوان دوو نەتەوەی فارس و تورک بوو. ئاڵقەیەک کە جێگای بە جیرانەتی و خزمایەتیی مێژوویی فارس لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت لەگەڵ دوو نەتەوەی کورد و بلوچ لەو وڵاتەدا لێژ کرد. زۆربەی نەتەوەکانی دیکە لە ئێران بە سەر هەر دوو ئایینزای سوننە و شیعە و ئایینی دیکەشدا دابەش بوون.

لەگەڵ هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی، تورکەکان بە هۆی ئایینەوە زۆر زوو خۆیان لەو دەسەڵاتەدا دیتەوە. چەندان جار کەسایەتیەکانی تورک لە ئاستە بەرزەکانی ئیدارەی وڵاتدا جێیان گرت و ناوچە تورکنشینەکانیش لەچاو ئەو ناوچانە کە نەتەوەکانی دیکەی وەک کورد و بلوچی تێدابوو، لە باری ئابووریەوە بووژانەوەی زۆرتری بە خۆ دیت. بەڵام سەرەڕای ئەوانە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاوە هەتا ئێستاش هەروا دەسەڵاتێکی ئیسلامی – فارسیە و تورکەکان بە فەرمی هیچ مافێکی زیاتر لە نەتەوە بندەستەکانی دیکەیان پێ نەدرا.

بەرامبەر بەوە لە ماوەی دوو دەهەی رابردوودا بزووتنەوەیەکی پەرەگر و بەربڵاو شار و ناوچە تورکنشینەکانی گرتۆتەوە. بزووتنەوەیەک کە ئەگەرچی حیزب و رێبەری دیاری نییە بەڵام ئامانجدار و یەکگرتووە. لە هەموو بەستێنەکانی وەک وەرزش، میدیا، بازاڕ و هیتر بۆ خۆنواندن و خۆزەفکردنەوە کەلک وەردەگرێ. لەسەر دوو کۆڵەکەی زمان و خاک خۆی پێناسە دەکا و بەردەوام بیر لە بەرینکردنەوەی جوغرافیا و مێژووی خۆی دەکاتەوە.

پێیەکی لە نێو دەسەڵاتە و پێیەکی لە نێو کۆمەڵگەی خۆی دایە. لە روانینی ئەم بزووتنەوەیەدا تاکی تورک لە هەر کوێ بێ و لە هەر پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی یا سیاسیدا بێ، لە دەرەوە بێ یا لە نێوخۆ، دژی دەسەڵات بێ یان لەگەڵ دەسەڵات، بەرامبەر بە بزووتنەوەکە ئەرکدارە. ئەوەی بۆ ئەو بزووتنەوەیە گرینگە ئەوەیە کە تاکی تورک دەبێ بە تورکی بمێنێتەوە و کار بۆ پەرەگرتنی ئەم بزووتنەوە ناسیونالیستیە بکا. هەر ئەم روانگەیەش لە هەڵبژاردنەکانی ئێراندا، بە تایبەت لەو شارانەی لە رووی دیموگرافیەوە فرەچەشنن، پێوانەی سەرەکیی دەنگدانی دەنگدەری تورکە. بەو روانگەیە و لە ژێر هێژمۆنیی ئەو بزووتنەوەیەدا بوو کە لە شارە جۆراوجۆرە تورکنشینەکانەوە نوێنەرانی تورک بۆ مەجلیسی ئێران نێردران. دوا جاریش هەر ئەو گوشارەی شەقامی تورک بوو کە سەت نوێنەری تورکی بە روانگە و بۆچوونی جیاواز لە دەوری یەک کۆ کردەوە تا فراکسیۆنی نوینەرانی "ناوچە تورکنشینەکان" پێک بێنن. ئەگەرچی بەشێک لەو ناوچانەی بە ناوی ناوچەی تورک نشین لە مەجلیسی ئێراندا ناودێر کراون، تورکان تاکە نەتەوەی سەرەکیی ئەو ناوچانە نین.

پەرەگرتنی بزووتنەوەی نەتەوەیی تورکان لە حاڵێک دایە کە سەرەڕای چەند سەدە خەبات و تێکۆشان، بە داخەوە هێشتا کوردەکان رێگایان بۆ دۆزینەوەی بزووتنەوەیەکی وەها گشتگیر و یەکگرتوو نەدۆزیوەتەوە. نوێنەرە کوردەکانی نێو مەجلیسی ئێران هەتا ئێستا نەیانتوانیوە یەکتر بدۆزنەوە. بەشێک لەو نوێنەرانەش بە سازکردنی فراکسیۆنی نوێنەرانی سوننە مەزهەب، خۆیان لە کێشە سەرەکییەکەی نەتەوەی کورد لە ئێران دزیوەتەوە. ئەگەرچی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک چۆن خۆی لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە پێناسە دەکا و لەسەر ئەم پێناسەیەش هەوڵی پەراوێز خستنی ئایینەکانی دیکەی داوە، بەردەوام هەوڵ دەدا کێشەی کورد وەک کێشەی مەزهەبی و نە نەتەوەیی پێناسە بکا بەڵام کوردی رۆژهەڵات بە سەر سێ ئایینزا و ئایینی سەرەکیی سوننە، شیعە و یارساندا دابەش بوون کە کێشەی هاوبەشی ئەوان کێشەی نەتەوەیی و کوردبوونە نەک ئایین و مەزهەبێکی تایبەت. ئەگەر سوننەکان پۆست و مەنسەبی بەرزی ئیداریان پێ نادرێ، ئەگەر یارسانەکان تەنانەت وەک کەمایەتیەکی ئایینی

دانیان پێدانەنراوە و تەنانەت مۆڵەتی ئەوەیان نییە نوێنەرێکیان لە مەجلیس هەبێ، پارێزگای ئیلام وەک پارێزگایەکی کوردستان کە زۆرینەی دانیشتوانی پێڕەوی ئایینزای شیعەن، لە هەژاری، دواکەوتوویی ئابووری و خۆکوژیدا بەردەوام پلەی یەکەمی لە ئاستی ئێراندا بەر کەوتوە. ئەگەر ئەو نوێنەرە کوردانە پێیان وا بێ کە فراکسیۆنەکەیان جێگرەوەی فراکسیۆنی نوێنەرانی کوردە، ئەوە کارەکەیان ناچێتە خانەی خزمەت بە نەتەوەکەیانەوە و شەقامی کوردستانیش نابێ ئەو هەڵاواردنە ئایینییە لە نێوان کورداندا قبووڵ بکا.

لە ژمارە ٦٩١ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

---

## دیمانەی ڕۆژی کورد

### پێویستە گڵکۆی هەر کام لە کەسایەتیەکانی مەزارگەی شاعیران خاوەن شوناسی تایبەتیی خۆیان بن

*بەرپرسانی حکومەتیی مهاباد بە فەرمانی ئیتلاعات و لەژێر ناوی چەند نووسەر و چالاکوانێکی کورد، گڵکۆی شاعیرانی کوردیان لە مهاباد شێواند، شیعرەکانیان سڕییەوە و ناوەکانیان بە زەقی بە فارسی نووسین و کوردییەکەیان والێکرد بە وردبینیش نابیندرێ، ئا لێرەدابوو چالاکانی فەرهەنگی و سیاسیی کورد لە ناوخۆ و لە تاراوگە، هەڵوێستی پێویستیان گرت و کەمپەینێکیان وەڕێخست و لە ڕێگای جیاوازەوە، دژایەتیی خۆیان ڕاگەیاند، تا ئێستاش ئەو کێشمەکێشمە لە نێوان تاریکی و ڕووناهی دا، بەردەوامە، بۆ تاووتوێ کردنی ئەو باسە وتووێژێکمان لەگەڵ تاهیر قاسمی، چالاکی سیاسی و ڕۆژنامەنووس، پێکهێناوە کە لێرەدا دەیخوێننەوە.*

***ڕۆژی کورد:** ئێوە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی کەمپینێکن بە ناوی "نا بۆ تێکدانی مەزارگەی ناودارانی کورد" ئامانجتان لە ڕێکخستنی ئەو کەمپینە چیە؟*

***تاهیر قاسمی***: دوای ئەوەی دەرکەوت کە شێعر و دەقی سەر گڵکۆی ئەدیبان و هونەرمەندانی بەرزی نەتەوەکەمان لە شاری مەهاباد لە ئەنجامی پڕۆژەی نوێژەنکردنەوەی ئەو مەزارگەیە نەماون و نامێنن، جۆرێک دڕدۆنگی و نیگەرانیی لای چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان دروست بوو و نارەزایەتی لێکەوتەوە. نیگەرانی لەوە کە ئەمە پڕۆژەیەکی ئەمنیەتی بێ و بەشێک لەو هەوڵانە بێ کە لەلایەک بە مەبەستی تواندنەوەی شوناسی کوردایەتی و داماڵینی شوناسی نەتەوەیی لەو جۆرە شوێنانەی کوردستان بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە ئارا دایەو لەلایەکی دیکەش درێژەی ئەو ڕەوتە بێ کە لە ئاستی سەرانسەریی ئێراندا دژ بە گڵکۆی کەسایەتیە گەورەکان، بەتایبەت لەو دواییانەدا ئەنجام دراوە و ئەنجام دەدرێ. کۆمەڵێک لە دۆستان وایان پێ باش بوو کە بە مەبەستی هاوبیری لەگەڵ یەکتر و چۆنیەتی هەوڵدان بۆ گەڕاندنەوەی شوناسی گڵکۆکان و ڕێکخستنی دروستی نارەزایەتیەکان لە دەوری یەک کۆ ببنەوە. لوتفیان کرد منیشیان بانگ کرد و پەیوەست بەو کەمپەینە بووم. بەڵام با لێرە ئەوە بۆ خوێنەران ڕوون بکەمەوە کە ئەمن وتەبێژی کەمپەین نیم و قسەکانیشم بۆچوونی تاکە کەسیی خۆمن و هی کەمپەین یان لایەنی دیکە نین.

***ڕۆژی کورد***: *باسی سیاسەتی تواندنەوەی نەتەوەی کوردتان کرد، بەوپێیە کە مەزارگەی شاعیران و ناودارانی کورد دەکەوێتە خانەی سامانی فەرهەنگی و نیشتمانیی کوردستان، مەبەستی کۆماری ئیسلامی لە هێرشکردن بۆ سەر ئەو ڕەهەندە فەرهەنگیە چیە؟*

***تاهیر قاسمی***: ئەمن زۆرم بەدواداچوونی پڕۆژەکە کرووە. سەرەتا منیش پێم وابوو پڕۆژەکە زیاتر لە خزمەت وێران کردن دایە تا نوێ کردن و نوێژەن کردنەوە. بەڵام لە بەدواداچوونەکانم دا بۆم دەرکەوت کە ئەوەی کراوەو دەکرێ زیاتر هەوڵی کەسانێکە کە بەش بە حاڵی خۆم لە دڵسۆزیی ئەوان گومانم نییە. هەر ئەوان بوون کە بە درێژایی چەند دەیەی ڕابردوو ئەو مەزارگەیان بە هەموو شێعر و تێکستی سەر گڵکۆکان پاراستووە و پێی ڕاگەیشتوون و نەیانهێشتوە لە پەرەگرتنی گۆڕستانەکەدا ون بن. ڕەنگە زۆر جاریش لە سەر ئەوە پیاوخراپ بووبن. لەم بارەوە ئەوان شیاوی ڕێز و سپاسن. دوا جاریش کە بە هەوڵی ئەوان مۆڵەت و بودجەی دامەزراندنی بینایەکی هونەری لە سەر ئەو مەزارانە وەرگیراوەو دەست پێکراوە، دیسان جێگای دەستخۆشی و پێزانینە. بەڵام بێگومان پڕۆژەکە کرچی و پەلەپرووزەی پێوە دیارە. زیاتر پڕۆژەیەکی هونەریە و کەمتر لایەنی فەرهەنگی و ڕۆحیی خەڵکەکەی لە بەرچاو بووە. ئەوە عەیب و نەقسی هەرە سەرەکیی کارەکەیە.

***ڕۆژی کورد:** کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگەی کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و فەرهەنگییەوە دەستی بۆ ئەو بابەتە ورووژێنەرە بردووە، ئێوە لە نووسین و ڕوانگەکانتاندا ڕەخنەتان بەرەو ڕووی ئەو کەس و لایەنانە ئاراستە کردووە. بە ڕوونی ڕەخنە و پێشنیارتان بۆ ئەو کەسانەی بەشداری ئەو وێرانکارییە فەرهەنگیەن چیە و لە هەمان کاتیشدا ڕاسپاردەتان بۆ دڵسۆزان و چالاکانی فەرهەنگی لە نێو خۆی خۆرهەڵاتی کوردستان باس بکەن؟*

***تاهیر قاسمی:*** بەداخەوە بەڕێوەبەرانی ئەم پرۆژەیە زۆر بە خشکەیی و بە بێدەنگی پرۆژەکەیان دەست پێکرد و بەرەو پێشیان برد. هیچ لێدوان و ڕوونکردنەوەیان بۆ خەڵک نەبوو. ئەوەش یەک لە هۆکاری نیگەرانی و دڕدۆنگیەکانی خەڵک و بۆ وێنە منیش بوو کە پێمان وابوو دەستێکی شاراوە لە پشت ئەو کارەیە. بەڵام دوای ئەوەی زیاتر بە دوای بابەتەکەدا چووم، بۆم ڕوون بۆوە کە ئەرخەیانیی من سەبارەت بە بوونی ئەو دەستە نادیارە، ناتوانێ سەداسەد ڕاست بێ. چونکە لە سەرەتاوە ئەوە دەسەڵات نەبوو کە ئەو کارەی بەو بەڕێزانە کرد. بە پێچەوانە ئەوە ئەوان بوون کە لەمێژ ساڵە هەوڵ دەدەن کارێکی شیاوی کەسایەتیە بەرزەکانمان بۆ ئەو مەزارگەیە بکەن. بەڵام وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێ کرد، کرچ و کاڵی بە کارەکەوە دیارە. من بەش بە حاڵی خۆم داوا لەو بەڕێزانە چ هەیئەتی ئومەنا و چ ئەندازیار و ئارشیتێکتی کارەکە دەکەم کە پێداچوونەوە بە پرۆژەکە بە تایبەت بە شوناسی گڵکۆکان بکەن. چونکە ئەو کارە لە سەر ئەوان ماڵە و لە هەموو کەس زیاتر بەشیان بە چاکی یا خراپیی کارەکەوە هەیە و دەبێ. وا دروستە کە کارەکەیان بە دڵی زۆرینەی خەڵک بێ. هاوکات داوا لە چالاکانی فەرهەنگیی کوردستانیش بە گشتی دەکەم کە بە ڕۆحی هاوکاری و بە ڕەخنەی یارمەتیدەر، یارمەتیی بە ئەنجام گەیاندنی هەرچی باشتری ئەم پرۆژەیە بدەن و لە بەشینەوەی تۆمەت و ناوزڕاندن لەو بەڕێزانە کە بە دڵنیاییەوە بەشێک لە دڵسۆزانی شارەکەمانن، خۆ ببوێرین.

***ڕۆژی کورد:** بە هۆی چالاکیی ئێوە هەتا ڕادەیەک بابەتی دەستێوەردانی گڵکۆی شاعیران، نووسەران، ئەدیبان و هونەرمەندانی کورد بووە بە بابەتێکی هەستیار، ئاشکرایە ئێوە ڕەخنەتان لە دەستێوەردانی بە مەبەست و سڕینەوەی فەرهەنگییە بەڵگە نەویستە گڵکۆی ناودارانی کورد پێویستی بە چاکسازی هەیە پێشنیارتان بۆ چاککردنەوە و ڕێکخستنەوەی ئەو گڵکۆیانە چیە؟*

***تاهیر قاسمی:*** کۆی سازەکە بابەتێکی پسپۆڕییە و بەڕاستی نە من و نە زۆربەی ناڕازیان شارەزای ئەم بوارە نین و

ڕەخنەشمان لەو بەشە نەبووە. ڕەخنە و سەرنج سەبارەت بەو بەشە کاری شارەزایانی بوارەکەیە و هەتا ئێستا چەند بابەتیش لەم بارەوە نووسراون. بەڵام وەک هاوڵاتیەک پێم وایە ئەمەی کە ئێستا لە سەر گڵکۆکان هەیە و بە پێی پلانەکە لەوەش زیاتر نابێ، خەڵک بە تایبەت ئەدیبان و ئۆگرانی بەرهەمەکانی ئەو کەسایەتیە بەرزانە ڕازی ناکا. ئەوە کە بەپێی فەلسەفەی کارەکە کێل و بەرد لە دیزاینەکەدا نییە، بە بڕوای من شتێکی جوانە بەڵام پێویستە هەر کام لە گڵکۆکان خاوەنی شوناس و ناسێنەی تایبەتیی خۆیان بن و تەنیا بە کۆکردنەوەی هەموان لە کەتیبەکەی پشت سەریاندا قەناعەت نەکەن. لە ناو ئەو گۆڕانەدا کەسایەتیی جیاواز بە بەرهەمی جیاواز نێژراون. وێڕای کەتیبەکە کە ڕەنگە کارێکی زۆر جوان بێ، پێویستە هەر کام لەو ئینسانە بەرزانە خاوەن لەوح و بەردەیادی تایبەتی و بە شوناسی تایبەتیی خۆیان بن. پێویستە ئەو بەردانەی ئێستای سەر گڵکۆکان لابەن و بە جێی ئەوە شتێک دابنێن کە دەرخەری شوناسی تایبەتیی هەر کامیان بێ و بینەر بتوانێ ڕاستەوخۆ و بە جیا لە باری ڕۆحیەوە پێوەندی لە گەڵ هزر و بەرهەمی ئەو ئازیزانە بگرێ. لە سەر ئەم بەرد یان لەوحەی سەر گڵکۆکە پێویستە ناسناوی ئەو کەسایەتیانە بە نووسینی کوردی دیار و بەرچاو بێ و ئەو دێڕە شێعرانەش لە سەر بەردەیادەکە بێ کە هەر کامیان کاتی خۆی ناراستەوخۆ بۆ ئەو مەبەستە نووسیویانە. ئەوە کە هێمن دەڵێ: کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن ڕەشبەڵەک.." یان هەژار دەڵێ: "لە نێو ئەم گۆڕە هەژار نێژراوە..".

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژی کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## بێڵندان یان بەڵێندان؟



لەم ساڵانەی دواییدا بە تایبەت لاوان خەریکن جێژنە کۆنەکانی کورد زیندوو بکەنەوە. یەک لەو جێژنانە، جێژنی "بێڵندانە"یە. جێژنێک کە لە بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان ناوی جیاوازی هەیە. بە تایبەت بە ناوەکانی جێژنی

سەدە، سەتەی مەڕی، بەهاری کوردی، بەهاری سەکران، کۆسە و سەرەنجام بێڵندانە بە ناوبانگە. لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران، ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست دا کە ئەو جێژنەیان هەیە بە ناوگەلی خێرپەچار، کوردە، جێژنی شوانان، هەلەهەلە، کوردعەلی کێو، چیللە قاشدی، بەهمەنجە، و سەدەی سۆز یان سەدە سۆزی بەر گوێ دەکەوێ. هەروەها لە ناوچەی هەورامان و لای پێڕەوانی ئایینی یارسان جێژنی پیرشالیار لە نیزیکترین چوارشەممەی کۆتایی چلەی گەورە دەگیرێ.

بەڵام ئەو جێژنە وەک دیکەی جێژن و بۆنە مێژووییەکانی کورد تۆزی فەرامۆشی لە سەر نیشتوە. هەتا ئێستاش لێکۆڵەرانی کورد کەمتر خۆیان لە چۆنیەتی و کەلتوری بەڕێوەچوونی، فەلسەفە و بنەمای جێژنەکە و ماکی وشەی بێڵندانە داوە.

جێژنی سەدە یان بێڵندانە دوای کۆتایی چلەی گەورە واتە تێپەڕینی چل ڕۆژ لە زستان دەگیرێ. هەڵبەت بە پێی ناوچە جۆراوجۆرەکان، جێژنەکە لە چل تا چل و پێنج ڕۆژ زستان، جیاوازی تێدایە.

دەگوترێ جێژنی بێڵندانە پێوەندی بە کەمبوونەوەی بارینی بەفرەوە هەیە و وشەکەش لە سێ بەشی بێڵ + ن + دانا پێکهاتووە. بە واتای بێڵی بەفر ماڵینمان دانا. بەڵام ئەو جێژنە کە تایبەت بە ناوچە شاخاوی و بەفرگرەکانە، لە کاتێکدا دەگیرێ کە هێشتا چلەی چکۆڵە و بەفر و شەڕەبای شینی خاتوو زەمهەریر بۆ جووتەی برایان ماوە. دەڵێن چلەی بچووک دەڵێ ئەوەی بە کاکم نەکرا، ئەمن دەیکەم. بەو پێیەش ناکرێ جێژنەکە پێوەندی بە بەفر و کەم بوونەوەی بارینی بەفرەوە هەبێ و ئەگەر ئاواش بێ، ئەوە وشەکەش پێوەندی بە دانانی بێڵەوە نییە.

هەتا ئیستا دروستترین بۆچوون سەبارەت بە جێژنە کەوناراکانی کورد لە لایەن مامۆستا هێمنەوە هاتووەتە ئاراوە. ئەو سەرجەم جێژنەکان هەر لە مێهرەگانەوە تا سێزدەبەدەر بە جێژنی ئابووری و هۆکاری ئابووری دەبەستێتەوە. هۆکارە ئابووریەکەش هەڵسووڕانی ژیانی دانیشتوانی ئەو هەرێمەیە لە سەر بەروبوومی گیاندارێک بە ناوی "مەڕ".

لە ڕاستیدا جێژنی مێهرەگان جێژنی بەران تێبەردانە. لە سەرەتای پاییزدا کە وەرزی جووتبوونی مەڕ و بەرانە،

هەتا ئەم دواییانەش لە کوردستان ئاسەواری جێژنی پێوە دیار بوو. هەر بنەماڵەیەک بەرانی خۆی بە ڕەنگێکی تایبەت و بە شێوازێکی تایبەت رەنگ دەکرد. هەروەها مەڕیش ڕەنگ دەکرا. وەک مامۆستا هێمنیش باس دەکا، مزگێنیی بە شوان دەدرا. رەنگە ئەمانە تەنیا پاشماوە و بەشێک لە رێوڕەسمەکانی ئەو جێژنە بووبن. دواتر پاشا و دەسەڵات بە هەمان هۆکاری ئابووری جێژنەکەیان وەک جێژنێکی سەرانسەری وەرگرتووە. هۆکارە ئابووریەکەش بۆ ئەوان ئەوە بووە کە مەڕ و مەڕداری سەرچاوەیەکی گرینگ و رەنگە سەرەکیی ئابووریی وڵاتەکەی ئەوان بوو. شا لەو رۆژەدا دیاری و دەستەکی لە مەڕداران وەردەگرت و بەرامبەر بەوەش بە سەردان و پێکهێنانی جێژن و گۆڤەندی گەورە، دڵخۆشی دەکردن و خۆی لە گەڵ رێکخستن. بە واتایەکی دیکە جێژنی مێهرەگان پێش ئەوەی لە ئێران و لە لای پاشا و بارەگای دەسەڵات ببێ بە جێژن، لای خەڵکی کورد کە مەڕدار و سەرچاوەیەکی گرینگی داهاتی پاشا بوون، جێژن بوو. بە دوور نییە ناوەکەشی هەر لە وشەی مەڕ کەوتبێتەوە. واتە جێژنی مێهرەگان لە بنەڕەتدا جێژنی "مەڕەکان" بووبێ.

پەز کۆنترین وشەیەکە کە ئاخێوەرانی زمانەکانی هیندوئوروپایی لە سەر مەڕیان داناوە. بەڵام لە زمانی کوردیدا وێڕای پەز، مەه ، مێ و مەڕ ناوی دیکە و باوتری ئەو گیاندارەن. ناوێک کە تایبەتە بە زمانی کوردی و زاراوەکانی نیزیک لەو زمانە. لە زمانەکانی بنەماڵەی زمانە هیندوئورپاییەکاندا نییە.

کوردان مەڕ بە گیانداری پێغەمبەر دەزانن. هاوکات بە گیاندارێکی وەفادار، میهرەبان و بە بەزەیی. گیاندارێک کە رەنگە لە بەخشەندەییدا بێ هاوتا بێ و بە سەدان و هەزاران ساڵ ژیانی مرۆڤی دابین کردوە. هەر بۆیەش سەیر نییە کورد کە زیاترین بەرهەمی لە مەڕ چنیوە، وەک دیاریەک لە خوا و میترای پێغەمبەری زانیبێ. بەوەش وەک پەزی میترای پێغەمبەر ناوی مێهر، مەه، مەهر و سەرەنجام مەڕی لێ نابێ.

## جێژنی بێڵندانە یا سەدە

جێژنی بێڵندانە بە واتایەک کۆتایی چلەی گەورە و بە پێی وتەیەکی دیکە لە ناوەڕاستی زستان هەڵکەوتوە. واتە ٥ رۆژ دوای کۆتایی چلەی گەورە. بەڵام کاتە دروستەکەی دەبێ دوای کۆتایی چلەی گەورە بێ. واتە رێک لە گەڵ جێژنی سەدە. بەڵام ئاخۆ وشەی بێڵندانە واتای چیە؟

لە ناو خەڵکدا وا باوە و لێکۆڵینەوەیەکیش کە نەمر سەید عوبەیدوللا ئەییوبیان سەبارەت بەو جێژنە ئەنجامی داوە هەر وای لێک داوەتەوە کە بێڵندانە وشەیەکە لە بنزاراوەی مەنگوڕی داکەوتووەو لە دوو وشەی "بێڵمان دانا" داکەوتوە. واتە ئیدی بەفر نابارێ و پێویستیمان بە بێڵ و بەفرماڵین نییە یان بە رادەی پێشوو نابارێ. بەڵام ئەمن لە گەڵ ئەو واتایە ناکۆکم:

ئەو جێژنە چ لە دوای چلەی گەورە و چل رۆژەی زستان بگیرێ و چ لە چل و پێنجەمین رۆژی زستاندا، هێشتا زستان هیندەی بە بەرەوە ماوە کە بەفری قورس ببارێ و زۆر زوویە بۆ دانانی بێڵان. لە کاتێکدا هێشتا تەنیا چلەی گەورە تێپەڕیوە و چلەی چکۆڵە و سەرما و کرێوەی زمهەرِ ماوە، ناکرێ پێشینیانی ئێمە وا بە پەلە ماڵاواییان لە بێڵان کردبێ و جێژنیشیان بۆ گرتبێ.

جێژنی بێڵندانە یان جێژنی سەدە یان سەتەی مەڕی، لە سەد رۆژەی بەران گرتن و ئاوس بوونی مەڕدا دەگیرێ.

یەک مانگ لە پاییز مەڕ دەبێ بەرانی گرتبێ. دوای دوو مانگ پاییز و مانگێک و دە رۆژ لە زستان کە چلەی گەورەی پێ دەڵێن، بەرخ لە زگی دایکی دا گووراوە و وەگیان هاتوە. مەڕ گوان دەکا و مەترسیی بەر هاویشتنی نامێنێ.

بەڵام رۆژی جێژنی بێڵندانە جگە لەو بۆنە ئابووریە، واتایەکی ئایینیشی هەیە. ئەویش چل رۆژ دوای شەوی یەلدا.

یەلدا درێژترین شەوی ساڵە. لەو شەوەدا خەڵک شەو تا بەیانی لە دەوری یەکتر دادەنیشن. بە گێڕانەوەی سەرگوریشتە، کایە و خواردنی "شەوچەرە" ئەم درێژترین شەوەی ساڵ تێپەڕ دەکەن.

یەلدا وەک دەگوترێ وشەیەکی سریانیە بە واتای لە دایکبوون. جا چ شەوی لە دایکبوونی میترا یان شەوی لە دایکبوونی خۆر یا خولْقانی زەوی.
لە ناو کورداندا بە "شەوی چلە" بە ناوبانگە. واتە شەوی سەرەتای دەستپێکردنی چلەی گەورە. بەڵام ناوێک کە بۆ ئەو شەوە لە ناو کورداندا بە ویچووتر دەزانم، پێم وایە وشەی "چەرە"یە کە لە شەوچەرەدا پارێزراوە.

شەوچەرە بریتییە لە میوە و تۆو و سوێرکەیەی کە بۆ ئەو شەوە دادەندرێ و دەخورێ. تۆو گوڵەبەڕۆژە، تۆو کوولەکە، گوێز، بادام، مێوژ و کشمیش، ترێی مێلاق، شووتی لە تەرە دراو، هەنار، خورما و.. چەرە کە وەک ناوی کۆی ئەو شتانە ناوی دەرکردوە، لە بنەڕەتدا ناوی ئەو شەوە بووە. ئەویش لە بنەڕەتدا شەو چارەیە. شەوێک کە بە ناوی شەوی قەدر، شەوی دیاریکردنی تەقدیر و پێشهاتی یەکساڵی دادێ، وەک زۆرێک لە باوەڕەکانی ئایینی میترایی چووەتە ناو ئایینەکانی دواتر و لەمەیاندا بۆ ناو ئایینی ئیسلام. یەک لە ڕێوڕەسمەکانی شەوی یەلدا فاڵ گرتنەوەو تاقی کردنەوەی بەختە. ئێرانیەکان ئێستا ئەو کارە بە فاڵی حافز دەکەن. لە هەمەدان پیرێژنێک شێعر دەخوێنێتەوەو دانیشتوان بە ریز، هەر کەس خۆی و شانسی، شێعرێکی بەر دەکەوێ. لە کوردستان بە گوێزی پڕ و پووچ بەختی ساڵی دادێ تاقی دەکرێتەوە. دانانی هەنار و شووتی کە هەردووویان ڕەنگیان سوورە، ئەگەر لە لایەک نیشانەی سووریی هەتاوە، لە بەرامبەر بەختی ڕەشدا، نیشانەی بەختی سوور و خۆشبەختیشە.

بە پێی ئایینی میترایی، خۆر، ڕووناکی و میترا لە شەوی یەلدا دا لە دایک بووە. واتە لە هەناوی تاریکیدا ڕووناکی لە دایک بووە. لەم باوەڕەدا شەوی یەلدا شەوێکی چارەنووس سازە بۆ مرۆڤایەتی. هەر بەو پێیەش پێڕەوانی ئایینەکە پێیان وا بووە یان بە پێی ڕاسپاردەی ئایینەکە لەو شەوەدا خێر و شەڕ دابەش دەبێ.

ژمارەی ٤٠ لە فەرهەنگی کوردی و هی دراوسێکانیشدا ژمارەیەکی گرینگە. چل سوارەی غەیبی، چل پلەی عومان، چلدانە و چلبەردە، مردوو دوای چل ڕۆژ چلەی بۆ دەگرن. سۆفی دوای چل ڕۆژ چلەنشینی لە گوناهان پاک دەبێتەوە. مرۆڤ لە تەمەنی چل ساڵیدا کامڵ دەبێ. ژن دوای ٤٠ حەفتە مناڵی دەبێ و لەوە گرینگتر مناڵ دوای تێپەڕینی چل ڕۆژ لە تەمەنی، لە خەم دەخەلەستێ و جێژنی بۆ دەگرن. دابەش کردنی زستانیش بە چلەی گەورە و دواتر چلەی بچووک هەر لەوەوە هاتوە.

کاتێک شەوی یەلدا شەوی لەدایکبوونی میترا و خۆر و ڕووناکی بێ، ئەوە دوای تێپەڕبوونی چل ڕۆژ بە سەر لەدایکبوونی، جێژنی بۆ دەگرن. جێژنێک بۆ تێپەڕینی چل ڕۆژ بە سەر ساوایەک دا کە مەترسی مەرگی لە سەر نامێنێ. هەڵبەت ئەم چل ڕۆژە دەکرێ چل ڕۆژەی ئەو نیەت و خواستانەش بێ کە لە شەوی یەلدا دا کران. چلەی ئەم لەدایکبوونە ئایینی - ئەفسانەییە، ڕێکە لە گەڵ تێپەڕینی سەت ڕۆژ بە سەر ئاوسبوونی مەڕ. ئالێرەدا پێڕەوانی میترا دوو جێژن دەکەن بە جێژنێ. لە لایەک چلەی لەدایکبوونی میترا و ڕووناکیە و و چل ڕۆژ بە سەر

لەدایکبوونی ساوایەکدا تێدەپەڕێ و لەو لاوەش سەد ڕۆژەی گووڕانی ساوایەکی دیکەیە کە لە زگی دایکی دا گیانی وەبەر هاتووە. یەکەمیان چلەی لە دایکبوونی ساوایەک و دووهەمیان سەدەی گیان گرتنی ساوایەکی دیکە. هەردوویان مەترسیی مردنیان لە سەر نەماوە یان کەم بۆتەوە. زەمان بەڵێنیی مان و ژیانی هەردوویانی داوە. لە تێکئاڵقانی ئەو دوو مزگێنی و بەڵێنیە، ئەوان جێژنی "بەڵێن دان" دەگرن. بە واتایەکی دیکە ئەوەی لە موکریان بە ناوی جێژنی بێڵندانە، بێڵندانا یان بێڵندان ناوی دەرکردوە، لە بنەڕەتدا جێژنی بەڵێندان یان بەڵێندانەیە.

دوو وشەی بەڵێندان و بێڵندان بە هۆی نیزیکیان لە یەکتر و تێپەڕینی زەمان بە سەر وشەکە و جێژنەکەدا، تێکەڵ بوون. بەڵێن، گفت، سۆز، پەیمان و وەفاداری یەک لە بنەماکانی ئایینی میترایی‌یە و هەر لە بنەڕەتدا میترائیسم ئایینی پەیمان و بەڵێنی‌یە. کاتێکیش بۆ پیرۆزبایی ئەم جێژنە دەگوترێ: " بێڵندانەت (بەڵێندانەت) دە بەر بێ "، واتا پەیمان و بەڵێنیی ئەم جێژنە تۆ بگرێتەوە، بەڵێنی و پەیمان بەشی تۆش بێ:

*بەڵێندانەت دەبەر بێ*

*تۆزی شادیت لە سەر بێ*

نیزیکترین هاوتای وشەی بەڵێن بۆ جێژنەکە،"سەدە سۆزی" یان "سەدەی سۆز"ە کە لە بەشێک لە ناوچەکانی ئێراندا بە کار دێ. "سوزی" بە رواڵەت واتای سووتان دەدا بەڵام بە گەڕانەوەیەک بۆ سەر واتای سۆز لە زمانی کوردی دا، دەبینین سۆز هاوتای گفت، پەیمان، وادە و بەڵێنە.

ژێدەر:

بهار کردی، بێڵندانە - عوبەیدیللا ئەیووبیان

http://en.calameo.com/read/0011170696c0fe403d358

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## کەمپەینی خوێندن بە زمانی کوردی لە کەنارەکانی گۆلی ورمێوە تا سەراوی لیلوپەڕ

*بەڵێ تۆ جوانی، نازداری، لەباری*

*منیش پیرێکی زورهان و دزێوم*

*بەڵام شیرینترە لەو شەکرە لێوەت*

*وشەی کوردی کە هەڵدەڕژێ لە لێوم*

*هێمن*

لەو ڕۆژانەدا کە کوڕان و کچانی مەریوان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە حاند دواکەوتویی و پشتگوێ خرانی ناوچەکەیان ڕژابوونە سەر شەقامەکان، لە کەنارەکانی زرێبار، مناڵان بە خوێندنەوەی شێعری کوردی، وتنی گورانیی کوردیو کایە لەگەڵ وشەی کوردی، کۆتایی ساڵی خوێندنی زمانی کوردییان بۆخۆیان جێژن دەگرت. ڕێورەسمەکانی کۆتایی خوێندن بە زمانی کوردی، ئەمساڵ بە تایبەت لە دوو شار و ناوچەی مەریوان و بانە جێگای سەرنج بوون. لەولاتر، مناڵانی لێوارەکانی گۆلی ورمێ، بە بۆنەی وەرگرتنی مۆڵەتی کردنەوەی کلاسی زمانی کوردی، شاد و شاگەشکە بوون. لە لایەکی دیکەش چالاکانی کورد لە شاری کرماشان کەمپەینێکیان بۆ گەڕاندنەوەی مافی خوێندن بە زمانی کوردی وەڕێخستووە.

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە درێژایی نیزیک بە چوار دەیەی تەمەنی، مناڵانی کوردستانی لە چاوەڕوانیی سەرەتاییترین مافی خۆیاندا هێشتۆتەوە. سەرەتاییترین مافێک کە دەکرا بە جێبەجێ کردنی بەندی ١٥ی یاسای بنەڕەتیی خۆی جێبەجێی بکا. لە ڕاستیدا ئەوە تەنیا بەندێکی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە لە سەرەتاوە بەر سەرنجی کوردەکان کەوت. بەندێک کە ئەگەرچی ناوەرۆکەکەی تەفسیر و لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵدەگرێ و بە هیچ جۆر وەڵامدەری خواستە نەتەوەییەکانی کورد لە ئێراندا نییە بەڵام جێبەجێ کرانی دەیتوانی هەنگاوێکی بەرەوپێش بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەیی لە کوردستان بێ.

کۆماری ئیسلامی لە کاتێکدا دەسەڵاتی لە تاران بە دەستەوە گرت کە کوردستان بۆ دابین بوونی مافەکانی بە

تەواوی لەسەر هەست و پێداگر بوو. کوردەکان ماوەیەکی زۆر لە پێناو مافەکانیاندا دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی جەنگابوون. هەر بۆیەش ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو نەیتوانی یاسایەک دابڕێژێ کە لەودا بە یەکجاری نەتەوە بندەستەکان بە نەدیتراو حیساب بکا. دەرەنجامی ئەوەش بەندی پازدەی یاسای بنەڕەتی بوو کە لەودا دانی بە بوونی زیاتر لە یەک نەتەوە لە ژێر ناوی قەوم و زیاتر لە یەک زمان، جگە لە زمانی فارسی نابوو. بەڵام ئەزموونی چوار دەیە دەسەڵاتداری و جێبەجێ نەکردنی ئەو بەندە، نیشانی دا کە زیاتر لە ژێر خۆڕاگری و پێداگریی نەتەوە بندەستەکان بەتایبەت نەتەوەی کورددا هاتە ئاراوە و هەڵقوڵاوی باوەڕی دامەزرێنەران و دەسەڵاتدارانی ئەو سیستمە نەبوو. ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو لە لایەک لەسەر کۆڵەکەی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبی دامەزرا کە تێیدا نەتەوە و مافی نەتەوایەتیی لە ژێر ناوی ئۆممەت و ئایین سڕدراوەتەوە. لە لایەکی دیکەش دەستێکی بە پان ئێرانیزم و ناسیونالیزمی مێژوویی فارسەوە بەند بوو کە لەسەر بنەمای حاشا کردن لە بوونی نەتەوەکانی دیکە ڕۆنراوە. هەر بۆیەش ئەسڵی پازدە و مافی خوێندن بە زمانی دایکی هیچکات نەهاتە بواری جێبەجێ کردن و هەتا ئێستاش تەنیا لەسەر کاغەز ماوەتەوە. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی چالاکانی کورد بەردەوام هەوڵیان بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بەندە داوە تا منداڵی کوردیش وەک دیکەی منداڵانی جیهان چیدی لەو مافە سەرەتاییە بێبەش نەبن. لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر جار ئەم بەندە بووە بە ئامرازی تەبلیغات و بانگەشەی هەڵبژاردنی کاندیداکان. کەچی سەرەڕای بە پیرەوە چوونی چەندان جارەی کوردەکان و لەو ڕێگایەشەوە سەرخستنی ئەو کاندیدایانە، ئەو مافە سەرەتاییە هەروا بە پشگوێ خراوی ماوەتەوە.

تەنیا قازانجی ئەو بەندە بۆ نەتەوە بندەستەکان لە قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەیە کە کوردەکان و دیکەی نەتەوەکان بۆخۆیان هەوڵ بۆ فێربوونی زمانی دایکیی خۆیان بدەن یا لانیکەم لەسەر ئەوە، مامۆستایان و شارەزایانی زمان بۆ فێرکردنی هاوزمانەکانیان کەمتر بکەونە ژێر گوشار و ڕاوەدوونان.

کوردانی ڕۆژهەڵات هەر لەگەڵ ڕووخانی دەسەڵاتی پاشایەتی، هەوڵدان بۆ فێربوون و پەرەدان بە زمانی نەتەوەیی خۆیان بە ئاشکرا دەست پێ کردەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ دەسپێکردنەوەی خەباتی ئاشکرای خۆی، هەوڵی دا لە شار و گوندەکانی کوردستان قوتابخانە بۆ منداڵانی کورد بکاتەوەو مامۆستایان بە زمانی کوردی وانە بە منداڵان بڵێنەوە. لەگەڵ هێرشی دەسەڵات بۆ سەر کوردستان و داگیرکردنی شار و ناوچەکانی کوردستان، وانە گوتنەوە بە زمانی فارسی لە جێی زمانی کوردی داندرایەوە. خوێندن بە زمانی کوردی یاساخ کرا و تەنانەت دواتر

ئەو مامۆستایانەش لەو جۆرە وانە گوتنەوەیە مەنع کران کە دەرسەکانیان بە زمانی کوردی بۆ منالانی کورد شەرح دەکرد. بەلام هەموو ئەو زەخت و گوشارانە نەیانتوانی هەوڵەکان بۆ فێربوونی زمانی دایکی لای تاکی کورد و منالی کورد بنەبڕ بکەن. خۆ فێر کردن و فێرکردنی بنەماڵەیی بە درێژایی ئەو سالانە لە لای تاک و بنەماڵەی کورد لە برەو نەکەوت. لە سالانی دواتردا چالاکان و دڵسۆزانی زمان و وشەی کوردی هەوڵەکانیان بۆ کردنەوەی کلاسی زمانی کوردی و فێرکردنی بە ئاشکرای هاونەتەوەییەکانیان چڕ کردەوە. ناوەندی فەرهەنگیی سۆما بۆ ئەو مەبەستە رەنگە یەکەم و گەورەترین پێکهاتە بوو کە بنکە و نوێنەرایەتیی لە زۆربەی شارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کردەوە. سۆما و دەستەخوشکەکانی لە ماوەی چەند دەیەی رابردوودا توانیان هەزاران منال و لاوی کورد فێری خوێندن و نووسین بە زمانی دایکیی خۆیان بکەن. هەر ئەمسال لە شاری بانە ناوەندی هاژە جێژنی فێربوونی زمانی کوردیی بۆ هەزار قوتابی گرت.

بەلام لەمپەری فێربوون و فێرکردنی زمانی دایکی لە رۆژهەلاتی کوردستان تەنیا بێ ئیمکاناتی یان دەسەلاتی دیکتاتۆر و داگیرکەر نییە. زۆر جار لەو شارانەش کە دیموگرافیی شارەکان دوو یا چەند نەتەوەیین، بە داخەوە جۆرێک لە شۆڤینیسم بە یارمەتیی دەسەلات، هەوڵ دەدا رێگا لە کردنەوەی کلاسەکانی زمانی کوردی و خوێندن و فێربوونی منالانی کورد بە زمانی کوردی، بگرێ. شاری ورمێ یەک لەو شارانە بوو کە لە سالی ١٣٩٢ و بە داخرانی ئەنستیتۆی ئەحمەدی خانی لە لایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی، تا چەند رۆژ لەوەپێش مۆڵەتی کردنەوەی کلاسەکانی خوێندن و فێربوونی زمانی کوردی تێدا زەوت کرابوو. بەلام دوا جار چالاکانی کورد لەو شارە بە وەڕێخستنی کەمپەین و بە کۆکردنەوەی بیست هەزار ئیمزا، توانیان ئەو مافە بۆ منالانی کورد و بۆ حەشیمەتی هەراوی کورد لەو شارە بگەڕێننەوە. کەمپەینێک کە هەر ئێستا هاوشێوەکەی لە شاری کرماشان و لە لایەن چالاکانی ئەو شارە بۆ هەمان مەبەست وەڕێ خراوە و بە هەزاران واژۆ پشتیوانی کراوە.

لە ژمارە ٦٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: مالپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

# شاخەوانان دیدەبانانی وڵات

لە ماوەی ساڵانی رابردوودا، وەرزشی شاخەوانی رەنگە زیاتر لە بوارەکانی دیکەی وەرزش، لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەرەی گرتووە. گرووپە شاخەوانیەکان لە زۆربەی شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان پێکهاتوون و بەردەوام چالاکن. نەک هەر شکڵیان گرتووە، بەڵکو بە سەر لوتکە هەر بەرزەکانی جیهاندا سەر کەوتوون، کۆمەڵێک سەرکەوتن و قارەمانەتیی گرینیگیان لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا تۆمار کردووەو میداڵی شانازییان لە بەرۆکی نەتەوەکەیان داوە. بەڵام گرینگیی چالاکیە شاخەوانیەکان و پەرەگرتنی وەرزشی شاخەوانی لە کوردستان تەنیا لە سەرکەوتن بە سەر لوتکە بەرزەکان و وەرگرتنی میداڵی شانازیدا نەبووە.

لە گەڵ هاتنی نەورۆز و ژیانەوەی سروشتی نیشتمان و رۆحی نەتەوەیی، ئەوە شاخەوانانن کە لە چیا و بەندەنەکان کۆ دەبنەوەو بە دەوری ئاگری نەورۆزدا، سەرچۆپیکێشی جێژنی نەتەوەیی نەورۆزن. رێورەسمی نەورۆزی و نەورۆزانەی شاخەوانان لە یەکەم رێورەسمەکانی نەورۆزین کە دوای نەورۆزی هەموو ساڵێک لە کوردکاناڵ بڵاو دەبنەوە. شاخەوانان لە سەر لووتکەی دەماوەند، هاواری کۆڵبەرانی کورد بەرز دەکەنەوەو دژ بە کوشتاری بێبەزەییانەی ئەو توێژە لە خەڵکی فەقیر و هەژاری کوردستان، نارەزایەتی دەردەبڕن. ئەوان کە یەک لە نیزیکترین یارانی سروشتن، سەر لە بەهاران، لە هەڵمەتی نەمام چاندن دا پێشەنگن. هاوینان دژ بە سوتمانی دارستان و چڕ و لێڕەوارەکان، دەبن بە باهۆی ژینگەپارێزان و بە گژ ئاگر و سووتماندا دەچنەوە. لە بۆنە ماتەمینەکاندا ڕێگای دووری وەک نێوان بانە و هەڵەبجە دەبڕن تا پشکی خۆیان لە ماتەمینە نەتەوەییەکانیش هەڵگرتبێ. هەمدیسان ئەوە شاخەوانانن کە سەردانی خانووی پیران دەکەن و لە نیزیکەوە دایک و باوکە پیرەکان بە سەر دەکەنەوە، لە ژان و ئازارەکانیان دەپرسن، بە پێی توانا یارمەتیان دەدەن و دڵخۆشییان دەدەنەوە. دوا جاریش شاخەوانانی پیرانشار لە گوندی "کانی کلێ" دەبن بە کرێکار و فەعلە تا قوتابخانەیەک بۆ منداڵانی گوندێکی دیکەی کوردستان بنیات بنێن.

"کانی کلێ" گوندێکی دوورەدەستی دە - پازدە ماڵییە کە لە ناوچەی مەنگوڕایەتیی پیرانشار هەڵکەوتووە. گوندێکی بچووک لە ناوچەیەکی شاخاوی و ئەستەم دا. دانیشتوانەکەی وێڕای ژیانی سەخت و ئاستەمی خۆیان،

ڕەنگە زۆر جار گیانی لێقەوماوان، پێشمەرگە یا شاخەوانانیان لە برسێتی و سەرما و مەرگ ڕزگار کردبێ. ڕەنگە هەر لە چاکەی ئەو دەهاناوە هاتنەی گوندنشینان بێ کە شاخەوانان بە سازکردنی قوتابخانەیەک بۆ منداڵانی ئاوایی، گەرەکیان بێ وڵامێک بەو هەموو چاکەیەی دانیشتوانی ئەو گوندە بە ئەنوا و داڵدەدەرە بدەنەوە. بەڵام شاخەوانانی کوردستان بەدەر لەو جۆرە کارە خێرخوازیانەش، لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا نیشانیان داوە کە لە زۆر بواردا بوون بە پێشەنگی کۆمەڵگا کۆمەڵگاش بە چاوی ڕێزەوە سەیریان دەکا.

لە ماوەی ئەم ساڵانەی ڕابردوودا ڕەنگە مەرگی هیچ کەسایەتیەک هێندەی مەرگی محەممەد ئەوراز لە نەغەدە و موقبیلی هونەرپەژوو لە بۆکان، خەڵکی کوردستانی ماتەمبارو ڕەشپۆش نەکردبێ. ئەوان تا مان قارەمانی نەتەوەیی بوون. کە لەو ڕێگایەشدا مردن، وەک قارەمانی نەتەوەیی ماڵاواییان لێ کرا و ساڵانەش بە هەمان سفەت یادیان دەکرێتەوەو ڕێزیان لێ دەگیرێ. ئەوەش ئەگەر لەلایەک پێوەندی بە سەرکەوتن و قارەمانەتییەکانی ئەو شاخەوانە بە ناوبانگانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەیە، نیشانەی پەرەگرتنی ئەم وەرزشە لە ناو خەڵکی کوردستان و ڕێزی خەڵکی کوردستان بۆ شاخەوانانی خۆیەتی. هەمووی ئەوانەش دەرەنجامی هەڵسوکەوتی بەرزی شاخەوانان، خەباتی ئەوان دژ بە تەمبەڵی و ژیانی شارنشینی و هەوڵدانیان بۆ دوور کەوتنەوەی لە ئافەت و ملۆزمە کۆمەڵایەتیەکانە. بەڵام وێڕای ئەوانە چەند تایبەتمەندیی وەرزشی شاخەوانی و شاخەوانانی کوردستان هۆکار بوون بۆ ئەوەی ئەم وەرزشە لای خەڵکی کوردستان خۆشەویستتر و بە برەوتر بێ:

* شاخەوانی وەک دەسپێک، وەرزشێکە کە پێویستی بە مەیدانی تایبەت و بە کەرەسە و تێچووی زۆر نییە. کات، هێندێک کەلوپەلی سەرەتایی و شاخ سێ پێویستیی سەرەکیی ئەم وەرزشەن. هەر ئەوەش وای کردوە کە ئەم یاریە بە تایبەت لەم چەند دەیەی دواییدا لە کوردستان پەرەگرتوو بێ.

* شاخەوانی وەرزشێکی بە کۆمەڵە. پێکهاتن و سازبوونی گرووپی شاخەوانیش زیاتر بە شێوەی خۆرسک و لە ناو کۆمەڵگادا پێک دێ نەک لە لایەن دەسەڵات و بە هەوڵی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان.

* لە دۆخی ڕوو لە پرش و بڵاویی ئەمڕۆی پێکهاتەیی و کاری هاوبەش لە کوردستاندا، شاخەوانی و گرووپە شاخەوانیەکان نوێنگە و سەرمەشقی یەکگرتوویی، کاری بە کۆمەڵ و هاوکاری و پشتیوانیی تاکەکانی کۆمەڵگا لە

یەکترە.

* ئەندامانی گروپە شاخەوانیەکان لە توێژ یا چینێکی تایبەتیی کۆمەڵگا نین و لە راستیدا لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوەو لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە. ئەوەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی جەغزی بیرکردنەوەی ئەوان هەرچی زیاتر بەرینتر بێتەوەو زیاتر ئاشنا بە ژیان و ئازاری چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا بن.

* شاخەوانان بەردەوام ژیانی شار و شاخ دەبینن، لە گەڵیان دەژین و لە گەڵ ئازار و خەمەکانی هەردوو لا دەستەملانن. بەوەش زیاتر لە هەر توێژێکی دیکەی کۆمەڵگا هەست بە کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەکەن.

* لە کوردستانێکدا کە دەزگا ئەمنیەتیەکانی رێژیمی داگیرکەر بەردەوام هەوڵ دەدەن لاوانی کورد تووشی مادەهۆشبەرەکان بکەن و لەو رێگایەشەوە کۆمەڵگای مافخوازی کوردستان قسر و ئەستێور بکەن، شاخەوانان بە وەرزش و هەڵبژاردنی وەرزش، بە گرتنەبەری چیاو کێوەکانی کوردستان و هەڵمژینی هەوای پاکی کوێستان، هاندەری دوور کەوتنەوەی لاوان و کۆمەڵگا لەو مادەماڵوێرانکەرەن.

* لە باری رەگەزیەوە، رەنگە شاخەوانانی کوردستان لە یەکەم گروپەکان بووبن کە هاوسەران یا خوشکانی خۆیان لە ناو خۆیاندا جێ کردەوە و بەوەش سنووربەندیی نێوان ژن و پیاویان لەو وەرزشەدا سڕیەوە. لە گروپە شاخەوانیەکانی کوردستاندا ژنانیش وێڕای پیاوان بە سەر چیا و لوتکەکاندا سەر دەکەون. لە ئەنجامی سڕینەوەی ئەو سنوورە رەگەزیە بوو کە ژنانی شاخەوانی کورد وەک خۆیشیان تا ئێستا توانیویانە چەندان سەرکەوتن و قارەمانەتیی گرینگ دەستەبەر بکەن. بەوەش شاخەوانان نیشانیاندا کە تەنانەت لەو وەرزشە سەخت و تاقەت پرووکێنەشدا، ژنان هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە.

* سەرەنجام شاخەوانان بە بڕینی لووتکە بەرزەکانی جیهان، وەک کورد و وەرزشکارێکی کورد، هەوڵیان داوەو هەوڵ دەدەن ناوی نەتەوەکەیان لە ئاستی نێونەتەوەییدا بە رادەی بەرزیی ئەو لوتکانە بەرز و سەربەرز رابگرن.

هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە، شاخەوانان و گروپە شاخەوانیەکانی رۆژهەلاتی کوردستانی لە لای

کۆمەڵگای کوردستان خۆشەویست و بەڕێز کردوە. مێژووی شاخەوانان لە کوردستان نیشانی داوە کە زۆربەی ئەوان لە مرۆڤە دڵسۆزو بێ ئازارەکانی ئەم نیشتمانەن. کردەوەو ئاکاری خراپ کەمتر دزە دەکاتە ناویان و دەتوانن سەرمەشقی کۆمەڵگایەکی پاک و هەڵسووڕ بن. ئەوان زیاتر لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵگا ئاگایان لە نیشتمانی خۆیانە و لە راستیدا شاخەوانان دیدەبانانی وڵاتن.

لە کۆتاییدا وێڕای رێزگرتن لە کاری خێرخوازانەی شاخەوانانی پیرانشار بۆ سازکردنی قوتابخانەی گوندی کانی کلێ، بە دەرفەتی دەزانین رێز بگرین لە دوو هاوڕێی شەهیدمان کە لە گرووپی شاخەوانانی مەهابادەوە دەستیان پێ کرد، لە ریزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان دا و سەرەنجام هەر لە ریزەکانی ئەم حیزبەشدا گیانی خۆیان بە نیشتمان و بە رزگاریی کوردستان بەخشی. شەهیدان؛ سەلاح رەزایی و باقی حاجی کەریمی. یادیان بەرز و رێبازی خەباتیان ئاوەدان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---

## شیوەجۆ لە وێستگەیەکی دیکەی زەمەندا

شیوەجۆ گوندێکە بە قەدپاڵی شیو و دۆڵەکانی ناوچەی کاڵەشینی رەبەتەوە. گوندێکی بچوک کە بە چیا و دەوەن و لێرەواری ئەو ناوچەیە پەرژین کراوە. بەڵام لە مێژووی هاوچەرخدا ناوی ئەو گوندە خنجیلانەیە پەرژینی لێڕەوار و چیاکانی بڕیوە و سێ جار ناوبانگی لە کوردستاندا دەنگی داوەتەوە.

یەکەم وێستگەی دەرچوونی ناوبانگی شیوەجۆ بۆ ٣٦ ساڵ لەوە پێش دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی و لە گەرمەی هێرشی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگە و خەڵک، حیزبی دێموکراتی کوردستان بنکەی دەفتەری سیاسیی خۆی لە پەنا گوندی شیوەجۆ دامەزراند. لە شوێنێک بە ناوی دۆڵی رەزگەیان کە دواتر ناوبانگی "دۆڵی دێموکرات"ی وەرگرت. رێبەریی حیزب لەوێوە فەرماندەیی بەرگریی قارەمانانەی پێشمەرگەی کوردستانی دەکرد. خانەخوێی و میوانداریی ئەو گوندە بە سامان هەژار بەڵام بە دڵ دەوڵەمەندە لە دەفتەری سیاسیی حیزب، بۆ ماوەی ٣ ساڵ شیوەجۆی لای خەڵکی کوردستان و ئازادیخوازان کرد بە

رووگەی ئازادی. رۆژانە لە سەرانسەری کوردستان و ئێرانەوە پێشمەرگە، خەڵکی ئاسایی، کەسایەتیی جۆراوجۆر، رێبەرانی سیاسی و بە گشتی چین و توێژی جیاواز روویان لە شیوەجۆ و لە دۆڵی دێموکرات دەکرد. لەوێ لەگەڵ رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سەرووی هەموانەوە دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو دیداریان نوێ دەکردەوە، باسیان لە چۆنیەتی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیان و خەبات دەکرد و لەسەر داهاتووی خەبات و چارەنووسی گەلی کورد پرسیار و راوێژیان دەکرد. خانەخوێی شیوەجۆ بۆ کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی، زیاتر لە پێشوو ناوی ئەو گوندەی خستە نێو لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب زیاتر لە سێ ساڵ لە شیوەجۆ نەمایەوە. سپای داگیرکەر بە هەموو شێوەیەک هێرشی خۆی بۆ سەر کوردستان درێژە دەدا. بوردومان و تۆپبارانی کوردستان رۆژانە ملک و ماڵی خەڵکی دەسووتاند. حیزب ناچار بوو بنکەی سەرکردایەتیی خۆی لە بەرەکانی شەڕ دوور بخاتەوە. بەڵام ئەم ماوەیە بەس بوو بۆ ئەوەی ناوی شیوەجۆ لە کوردستاندا ببێ بە ناوێکی ناسراو و ناوبانگی شیوەجۆ سنوور و کەوشەن تێپەڕێنێ.

هەشت ساڵ لەوەپێش جارێکی دیکە ناوی شیوەجۆ کەوتەوە سەر زاران. ماوەیەکی زۆر بوو شیوەجۆ و شیوەجۆیەکانی کوردستان پێی پێشمەرگەیان لێ بڕابوو. ساڵانێک بوو کە خەڵکی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەخۆشەویستی ئەو دەڤەرە و باقی ناوچەکانی کوردستان بە تاسەی نوێکردنەوەی دیدار لەگەڵ رۆڵەکانیان بوون. تا ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی حیزبی دێموکراتی کوردستان قۆناخێکی نوێی خەباتی دەست پێ کردەوە. پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە لەو ساڵەوە تا ئێستا پۆل پۆل سەردانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەکەن و لە ئامێزی خەڵک و نیشتمانی خۆیان دان. لە دووهەم ساڵی دەستپێکردنەوەی ئەم قۆناخەی خەباتدا بوو کە شەهید هەمزە سارتکەیی، فەرماندەی بە وەجی دێموکرات بە پێشەنگایەتیی پۆلێک پێشمەرگە سەردانی شیوەجۆی کردەوە. لە دۆڵی دێموکراتەوە، لەو شوێنەی کە سەردەمانێک جێگای حەسانەوەی دوکتور قاسملووی رێبەر بوو، بۆ کامێرای کوردکاناڵ دوا. لە پەیامێکدا بۆ هاوسەنگەرە لاوەکانی، موژدەی دەستەملان بوونەوەی پێشمەرگە و خەڵکی دا و وەفاداریی خۆی بە رێبازی رێبەرە مەزنە شەهیدەکەی، دووپات کردەوە. بڵاوبوونەوەی ئەو پەیامە لە شیوەجۆوە و لە رێی کوردکاناڵەوە، جارێکی دیکە تینی لە دڵی رزگاریخوازان و خەڵکی کوردستان گەڕاندەوە.

چەند رۆژ لەوە پێش، لەگەڵ هاتنی وەرزی پاییز، جارێکی دیکە ناوی شیوەجۆ سنوور و کەوشەنی تێپەڕ کردەوە.

لێ ئەمجارە ئەگەرچی هۆکار بوونی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب وەک قیبلەی ئازادی یان پەیامی دەسپێکردنەوەی قۆناخێکی نوێ لە لایەن فەرماندەیەکی پێشمەرگە لە دۆڵی دیموکراتەوە نەبوو بەڵام نیشانە و هێما بۆ جۆرێکی دیکە لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی و هاوتەریب لەگەڵ شێوەکانی دیکەی خەبات بوو. تێکۆشانێک کە دەکرێ وەک یەکێک لە جۆرەکانی خەباتی مەدەنی و نەتەوەیی پێناسە بکرێ. ئەویش کرانەوەی قوتابخانەیەک بۆ منداڵانی ئەو گوندە لە لایەن پۆلێک لە خێرخوازانی نیشتمانپەروەر بوو.

منداڵانی شیوەجۆ سەرەڕای ئەم ناوبانگەی گوندەکەیان و ڕەنگە هەر لەبەر ئەو ناوبانگەش، هەتا چەند حەوتو لەوەپێش، لە بوونی قوتابخانەیەکی ڕێکوپێک بۆ خوێندن، بێبەش بوون. تەنانەت ئەو ساڵۆن و بنکە و شوێنانەش کە حیزب لە دەوری ئاوایی و بۆ دانیشتوانی گوندەکەی بە جێ هێشتبوو، لە لایەن سپای داگیرکەرەوە رووخێندران. قوتابیانی شیوەجۆ وەک منداڵانی زۆرێک لە گوندە دوورەدەستەکانی کوردستان، ناچار بوون پۆلەکانی سەرەتایی خوێندن لە هۆدەیەکی کۆنی شێداردا تێپەڕ بکەن. بەڵام دواجار بە هیممەتی پۆلێک لە پزیشکانی شاری مەهاباد و بە هاوکاریی خەڵکی گوندەکە، قوتابخانەیەکی سێ ژوورە بۆ قوتابیان و هۆدەیەکیش بۆ حەسانەوەی مامۆستای قوتابخانە کرایەوە.

خزمەتگوزاریی خێرخوازانە دەمێکە لە کوردستان هەیە بەڵام تا چەند ساڵ لەوە پێشیش خێرخوازان خێری خۆیان زیاتر لە سازکردن یان نۆژەنکردنەوەی بنکە و شوێنە ئایینییەکان تەرخان دەکرد. لێ ساڵانێکە لەگەڵ پەرەگرتنی بیری نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی لە لایەک و دیتنی ئەو هەموو ناعەداڵەتی و دواخستنەی بە سەر کوردستاندا سەپاوە، خێرخوازی سنووری ئایینی تێپەڕاندوە. خێرخوازان بە سازکردنی قوتابخانە، دەرمانگا و دیکەی شوێنە خزمەتگوزاریە گشتییەکان، ڕواڵەتێکی نوێیان بە کاری خێرخوازی لە کوردستان داوە. لە ڕاستیدا خێرخوازی ئاوێتەی نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی کراوە. ئەگەرچی هەوڵی خێرومەندانەی ئەوان بارتەقای ئەو هەموو بێ ئیمکاناتیە لە کوردستان نییە بەڵام بێگومان جێپەنجەیان بە سەر ئاوەدانیی نیشتماندا دیار و بەرچاوە.

شیوەجۆ هەرچەند گوندێکی لاپەڕە، بەڵام تاکە گوندی کوردستان و ناوچەکەش نییە کە لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بێبەش کراوە. دەسەڵاتی داگیرکەری تاران بەردەوام هەوڵ دەدا کەمترین ئیمکانات بۆ کوردستان دابین بکا و کەمترین یارمەتی بە پێشکەوتن لە کوردستان بدا. لە بەرامبەر ئەوەدا نیشتمانپەروەرانی کورد،

ئەوانەی دەستیان دەگاتە دەمیان، هەوڵیان داوە لەم بارەوە دارێک لەسەر پەردووی لاوازی بانی نیشتمان دابنێن. ئەوان هەر لە کردنەوەی بنکەی تەندروستییەوە تا قوتابخانە و تا یارمەتی کۆکردنەوە بۆ خەڵکی هەژار و لێقەوماوی کورد لە رۆژهەلات و بەشەکانی دیکەی کوردستان، بە خەمی خەڵکەوە چوون. شیوەجۆ بە هەر هۆیەک بۆ هەڵبژاردنی ئەم کارە خێرخوازی و خزمەتگوزاریە هەڵبژێردرابێ، هێمایەکی دیکەیە بۆ پەرە گرتنی ئاستی خەمخۆریی نەتەوەیی خێرخوازانی نیشتمانپەوەری کورد و نیشانەیەکە بۆ پەرەگرتنی شێوەیەک لە خەباتی نەتەوەیی کە ئامانج و سەرکەوتنی خۆی لە پێشکەوتنی کوردستان، بنەبڕکردنی نەخوێندەواری و تەیارکردنی مێشکی مناڵی کورد بە زانست و فێربوون، دەبینێتەوە. ئامانجێک کە بیرهێنەرەوەی ئەو بەشە لە وەسیەتنامەی پێشەوای مەزنمانە کە روو بە نەتەوەکەی دەفەرموێ: "لێگەڕێن منداڵەکانتان بخوێنن، چونکە رەمزی پێگەیشتوویی و سەرکەوتن لە خۆێندەواری دایە. با لە گەلانی دیکە دوا نەکەون".

لە ژمارە ٦٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## ١٠ی ئۆکتۆبر، رۆژی جیهانیی بەرەنگاری سزای ئیعدام

ساڵانە لە ئاستی جیهاندا هەزاران کەس بە هۆی سزای ئیعدام لە لایەن دەسەڵاتەکان و دەزگا دادوەریەکانیانەوە، بە تیرباران، سێدارە یان شێوازگەلی دیکە دەکوژرێن و گیانیان لێ دەستێندرێ. ئیعدام لە راستیدا کوشتنی یاسایی مرۆڤەکانە لە لایەن دەسەڵاتدارانو توندترین سزای تاوانبارە لە یاسای ئەو وڵاتانەدا کە هێشتا بڕوایان بە چارەسەری کێشەکان لە رێگای کوشتنی مرۆڤەکان هەیە. ساڵی ٢٠٠٢، رێکخراوەکانی لێبوردنی نێودەوڵەتی و رێکخراوی هاوپێوەندیی جیهانی بۆ نەهێشتنی ئیعدام، بە ئامانجی چڕکردنەوەی هەولەکان بۆ نەهێشتنی ئیعدام لە سەرجەم وڵاتانی جیهان و یاساکانیاندا، رۆژی ١٠ی ئۆکتۆبریان وەک رۆژی بەرەنگاربوونەوە لە گەڵ سزای ئیعدام راگەیاند. مێژووی سەپاندن و جێبەجێ کردنی ئیعدام بە قەت مێژووی دەسەڵاتی دەوڵەتی و دەوڵەتداری، کۆنە و

بۆ سەدان و هەزاران ساڵ لەوەپێش دەگەڕێتەوە. لە رابردوودا، زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی جیهان سزای ئیعدامیان تێدا بەڕێوە دەچوو. بەڵام لە گەڵ بەرەوپێشچوونی شارستانیەت، ئەم جۆرە سزایە رووی لە کزبوون کرد. جاڕنامەی گەردونیی مافی مرۆڤ کە لە لایەن زۆربەی وڵاتانی جیهانەوە واژۆ کراوە، لە دوو بەندی ۳ و ۵دا، ناتەبایی خۆی لە گەڵ ئیعدام دەربڕیوە. هەنووکە لە ئاستی جیهاندا رێژەی ئەو وڵاتانەی سزای ئیعدامیان لە یاسای سزادانی خۆیاندا سڕیوەتەوە، ٥٣ لە سەدی وڵاتانی جیهان پێک دێنن. ئەگەر ٢٦ لە سەدی ئەو وڵاتانەش بخەینە سەر ئەو رێژەیە کە هەرچەند سزای ئیعدام لە یاسایاندا هێشتا ماوە بەڵام بە کردەوە رایانگرتووە بەڕێوەی نابەن و ۳ لە سەدی ئەو وڵاتانەش کە سزاکەیان تەنیا بۆ کاتی شەڕ هێشتۆتەوە، ئەوە رێژەیەکی زیاتر لە ۸۰ لەسەدیمان دەکەوێتە دەست کە بە کردەوە پشتیان لەو سزایە کردوە. بەڵام بەرامبەر بەو رێژە دڵخۆشکەرە کە لە سەر یەک نیزیک بە ۱٦٠ وڵاتی جیهان لە خۆ دەگرێ، هێشتا ٣٦ وڵاتی جیهان هەروا ئیعدام بە رێگەچارەی نەهێشتنی تاوان دەزانن. لە نێو ئەو وڵاتانەشدا، ناوی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک هەمیشە لە نێو دیاردە دزێوەکاندا، دەدرەوشێتەوە. دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بە درێژایی تەمەنی خۆی، بەردەوام لە سەر هێشتنەوەی خۆی لە پلەی دووهەمی ئیعدام لە ئاستی جیهاندا بە دوای دەوڵەتی چین، لە ململانێ دا بووە. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە بە وتەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، بەشێکی زۆر لە ئیعدامەکان لە لایەن ئەم رێژیمەوە بە نهێنی ئەنجام دەدرێن. بەوەش ئامارێکی دروست و جێگای باوەڕ لەم بارەوە نییە. لە ئێراندا وێڕای سەپاندن و جێبەجێ کردنی ساڵانەی رێژەیەکی زۆر لە ئیعدام، بەڕێوەبردنی ئیعدام لە بەرچاوی خەڵک و لە شوێنە گشتیەکان، شێوەیەکی قێزەونتری لە ئیعدام و لە کار و کردەوەکانی ئەم رێژیمە پێشانی جیهان داوە. شێوەیەک کە بە بڕوای کارناسانی مافی مرۆڤ هیچ پاساوێکی یاسایی هەڵناگرێ و تەنیا رێژەی خشونەت و زەبروزەنگ لە کۆمەڵگادا بەرز دەکاتەوە.

ئیعدامی مێرمنداڵان و لاوانی خوار تەمەنی ۱۸ ساڵ، تایبەتمەندیەکی دیکەی ئیعدامەکان لە ئێرانە. تایبەتمەندیەک کە بەردەوام لە گەڵ نارەزایەتیی هەرچی زیاتر و بەرینتری چالاکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی ئێران و جیهان بەرەوڕوو بۆتەوە. هەروەها شێوەی بەڕێوەچوونی رەوتی دادگایی تۆمەتباران لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامی خاڵێکی دیکەی جێگای نارەزایەتیی پارێزەرانی مافی مرۆڤە. ئیعدامی بەرینی قاچاخچیانی مادە هۆشبەرەکان یان ئەوانەی لە ژێر ئەم تۆمەتەدا بە سانایی ئیعدام دەکرێن، لە حاڵێکدا رێژیم بۆخۆی سەبارەت بە پەرەدان بەو مادەماڵوێرانکەرە پرسیاری لە سەرە، بابەتێکی دیکەی جێگای نارەزایەتییە لە ئاستی جیهاندا. ۱۰ی ئۆکتۆبری ئەمساڵ لە کاتێکدا تێپەڕ دەبێ کە هەرچەند رێژەی ئیعدامەکان لە ئێران بە رادەی ۳۸ لە سەد لەچاو

ساڵی رابردوو کەم بۆتەوە بەڵام رادەی سەپاندنی ئەو حوکمە بە رێژەی ١٢ لە سەد، هەروا لە پەرەگرتن دا بوو.

لە ١٠ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠١٥ تا ئۆکتۆبری ئەمساڵ، ٥٠٤ کەس لە ئێران ئیعدام کراون کە ٣٩ کەس لەوانە لە بەرچاوی بیروڕای گشتی و لە مەیدان و شوێنە گشتیەکان لە دار دراون. ئەوەش لە حاڵێکدایە کە لە ئاستی ئێران و جیهاندا نارەزایەتیەکی بەرین لەم بارەوە بەرەورووی کۆماری ئیسلامی بۆتەوە. بەرامبەر بەوەش بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی هەروا بەرگری لە سەپاندن و جێبەجێ کردنی سزای ئیعدام دەکەن. رێکخەران و بەرێوەبەرانی بزووتنەوەی لێگام، بزووتنەوەیەک کە بە ئامانجی نەهێشتنی سزای ئیعدام لە ئێران هاتۆتە ئاراوە، بە توندی کەوتوونەتە بەر سەرکوتی هێزە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. چەند رۆژ بەر لە هاتنی ١٠ی ئۆکتۆبر، رۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوە لە دژی سزای ئیعدام، نێرگس محەممەدی بە تاوانی رێکخستنی بزووتنەوەی لێگام دژ بە ئیعدام، لە لایەن دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سزای ١٦ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## نیشتمانی بە مین چێندراو

لە ماوەی رۆژانی رابردوودا، پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی خەبات و تێکۆشان لە ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کەوتنە سەر مەیدانێکی بە مین چێندراو لە لایەن هێزەکانی داگیرکەری کوردستان و لە ئەنجامدا بە داخەوە دوو پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان شەهید بوون.

ئەگەرچی ئەو مینانەی بۆ پێشمەرگەکان داندرابوون، مینی ئاسایی نەبوون و لە راستیدا بۆمبێکی بەهێز بوو لە گوێن ئەو بۆمبانەی کە سپای رەشی داعش بەردەوام بە کاریان دێنێ بەڵام شەهیدان ئازاد ئاڵی و ئەمیر نستانی تاکە قوربانیانی تەقینەوەی مین لە ماوەی دوو حەوتووی رابردوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەبوون. تازە

زانیاری‌یەکان لە بابەت دەستپێکردنەوەی هەڵمەتێکی نۆی بۆ چاندنی مین لە ناوچەکانی پیرانشار و مەریوان لە لایەن سپای پاسداران، ئاشکرا ببوو کە بە داخەوە لە ناوچەی مەریوان سێ مێرمندال کەوتنە سەر مەیدانی مین.

رۆژێک پێشتریش لە ناوچەی سەردەشت ٣ منالی دیکە کە خەریکی کایە و یاریی منالانەی خۆیان بوون، کەوتنە سەر مین و یەکیان گیانی لە دەست دا و دوو منالەکەی دیکەش بە توندی بریندار بوون.

بە پێی ئامارەکان ٦ میلیۆن هێکتار لە خاکی ئێران بە ٢٠٠ میلیۆن مین چێندراوە. بەوەش لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا وڵاتی ئێران پلەی دووهەمی لە زیاترین زەویی بە مین چێندراو هەیە. زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو مینانە و ئەو ناوچە مینرێژکراوانەش لە کوردستان و لە چوار پارێزگای ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ هەڵکەوتوون. مینە چێندراوەکان دوو بەشن؛ بەشێکیان پاشماوەی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان عێراق و ئێرانن کە دوای کۆتایی شەڕیش کۆماری ئیسلامی هیچکات مەیلی بە لای هەڵگرتنەوەی ئەو مینانە و پاک کردنەوەی کوردستان لە مین نەبووە. نەک هەر نایهەوێ ئەو مینانە هەڵگرێتەوە و زەویە مینرێژکراوەکان پاک بکاتەوە تەنانەت هەر لەو کاتەوە کە کوردستانی داگیر کردووە، سیاسەتی چاندنی مین لە کوردستان پێڕەو دەکا. ئەوەش بەشی دووهەمی مینە چێندراوەکان لە کوردستان پێک دێنێ. سیاسەتی مینرێژکردنی خاکی داگیرکراو لە لایەک خەدەی هەر داگیرکەرێکە سەبارەت بە نیشتمانێک کە داگیری کردوە و لە لایەکی دیکەش چونکە لەو نیشتمانەدا نامۆیە و دژی خەڵکە و خەڵک دژیەی، ناچارە پەرژینێک بە مین لە دەوری هێزە چەکدار و سەرکوتکەرەکانی خۆی چێ بکا.

ئامارەکان هەروەها دەڵێن لە ساڵی رابردوودا ٣٦ کەس لە کوردستان بوونەتە قوربانیی تەقینەوەی مین کە ١٢ کەسیان بەو هۆیە گیانیان لەدەست داوە و ٢٤ کەسیشیان بریندار و نقوستان بوون. منداڵان و مێرمنداڵان چ لە کاتی یاری و گەمەدا و چ ئەو کاتانەی کە بۆ لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات لە کێو و چیاکانن، سەرەکیترین قوربانیانی تەقینەوەی مینن. کۆڵبەران و کاروانچیان، جووتیاران و مەڕداران و ئەو ژن و پیاوانەی بەهاران بە مەبەستی چنینەوەی گیای بەهاری روو لە چیاکان دەکەن، بەشێکی دیکە لە قوربانیانی نیشتمانی بە مین چێندراون. بەربڵاویی مەیدانی مین لە کوردستان تا ئاستێکە کە تەنانەت هێندیک جار هێزەکانی سپای داگیرکەر بۆخۆیشیان دەبن بە بەشێک لە قوربانیانی ئەو مینانەی کە هەر خۆیان دایانچاندوە.

کەلک وەرگرتن لە مین بە تایبەت مینی دژە نەفەر لە ئاستی نێونەتەوەییدا بابەتێکی جێگای باس و سەرنجە. خەسارەکانی ئەو جۆرە مینە بە درێژایی سەدەی رابردوو گیانی زۆر کەسی مەدەنی ئەستاند یا نقوستانی کردن.

خەسارەکە بە رادەیەک بوو کە وڵاتانی جیهانی ناچار کرد بیر لە سنووردارکردنی بە کارهێنانی ئەو جۆرە مینە بکەنەوە. سەرەنجام ساڵی ١٩٩٧ لە شاری ئۆتاوای کانادا پەیمانی ئۆتاوا بۆ ئەو مەبەستە هاتە کایەوە. بە پێی ئەو پەیمانە وڵاتان عەمباری مینە دژەنەفەرەکانی خۆیان تونا دەکەن و لە سازکردن، کەلک وەرگرتن، کڕین و فرۆشتنیشی خۆ دەپارێزن. ئەگەرچی زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەم پەیماننامەیان واژۆ کردووە لێ هێشتا ٣١ وڵات و لەوانە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئامادە نەبووە مل بەو پەیمانە بدا. بەڵام بەرامبەر بەوە نیزیک بە تەواوی حیزبەکانی رۆژهەڵات پەیوەست بە بانگەوازی رێکخراوی ژێنێڤا کال بوون کە یەک لە ئامانجەکانی ئەو رێکخراوە بەکارنەبردنی مینی دژەنەفەر لە شەڕ دایە. ئەگەرچی ئەم پەیوەستبوونەوەی حیزبەکانی رۆژهەلات بە بانگەوازی کۆتایی بە کاربردنی مینی دژەنەفەر گرینگ و لە جێگای خۆی دایە و ئەوان رۆڵێکی ئەوتۆیان لە مینرێژکرانی ئەو پانتاییە بەرینەی نیشتمانی رۆژهەلات نییە بەلام واژۆکەیان هەتا ئێستا بەرهەم و دەرەنجامێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتۆتەوە. رۆژانە مین لە کوردستان گیانی هاونیشتمانان دەستێنێ بەبێ ئەوەی رێکخراوی ژێنێڤاکال ئاگادار بێ، بە قەد ئەو هەموو قوربانییە هەڵوێستی هەبێ و بیروڕای گشتی سەبارەت بەو تاوانە ئینسانییە دژ بە مرۆڤی کورد، بە گژ کۆماری ئیسلامیدا بکرێ. حیزبەکانی رۆژهەڵات ئەگەرچی یەک لە دوای یەک پەیوەست بە بانگەوازی ژنێڤ بوون و ئەوە نیزیک بە چوار ساڵ بە سەر ئەو پەیوەستبوونەیاندا تێدەپەڕێ بەڵام بە داخەوە ئەو خاڵە هاوبەشە نەیتوانی ئەوان سەبارەت بەو بابەتە گرینگە کە رۆژانە گیانی کوردستانیان دەستێنێ، کۆک و هاوکار بکا. ئەگەر پەیوەستبوونی حیزبەکانی رۆژهەڵات بە رێکخراوی ژێنێڤاکال تەنیا بۆ مانۆڕێکی سیاسی یا بەستنی دەستی خۆیان لە بەکاربردنی مین بێ لە حاڵێکدا کە مینی دوژمن رۆژانە گیانی خەڵکی کوردستان دەستێنێ، ئەوە تەنیا بەردەکانیان بەستۆتەوە و سەگەکانیان بەرەڵا کردوە. بەڵام بوونی ئەوان لەو رێکخراوەدا هەروا بەستێنێکی گرینگ و دەست لێنەدراوە بۆ کاری هاوبەش و بۆ بەگژداچوونەوەی کۆماری ئیسلامی لە مینرێژکردنی بەردەوامی کوردستان و بۆ رزگار کردنی نیشتمانێکی بە مین چێندراو.

لە ژمارە ٦٨٨ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

## "شا" بە بێ تەختیش هەر "سەر"ە

"شا" بریتی‌یە لە کەسی یەکەمی وڵات کە خاوەن تاج و تەختە و زیاترین دەسەڵاتی هەیە. روون نییە وشەکە کەی داکەتووە. لە ئاڤێستایی دا بە دوو شێوەی ساستر و خشترە تۆمار کراوە. بەڵام جگە لەوە بە مانای کەسی یەکەمی وڵات و دەسەڵاتداری خاوەن تاج و تەختە، بەر لەوەش کە سیستمی دەسەڵاتدارەتیی پاشایەتی دابمەزرێ، هەبووە. وشەکە لە بنەڕەت دا بە مانای "سەر"، بەشی زەق و بەرچاو لە هەر شتێک و هەروەها ناوەند و مەرکەزە.

بەڵگەی ئەوەش مانەوەی رەگی وشەکە بەم شێوەیە لە کۆمەڵێک وشەی زمانی کوردی دایە.

*منداڵ بووم کە زۆر جار ئەو شێعرەم لە زمان کچانی هاوتەمەنم بیستوە:*

*تەق تەق دەروازە*

*هاتووم بۆ نانی تازە*

*برا چکۆڵەم سەربازە*

*برا گەورەم ژنخوازە*

....

*کاکم چۆ ژنێ بێنێ*

*ژنی "شا" بە گوڵ بێنێ*

...

شێعرەکەم بە دروستی لە بیر نەماوە بەڵام لەوانەی کە لە بیرم ماون، هەمیشە بۆم پرسیار بووە کە "ژنی شا بە گوڵ" چیە و یانی چی؟ پاش بیر لێکردنەوە و بەدواداچوون بۆم روون بۆوە کە "شا بە گوڵ" هەمان سەر بە گوڵە و مەبەست لە ژنێکی شۆخ و شەنگە کە گوڵی لە سەر دراوە. لەوەشەوە هاتمە سەر ئەو بڕوایە کە "شا" پێش لەوە کە "شا" بێ، سەر بووە.

وشەکە رەنگە لە سەرەتا دا وەک خۆی (شا) بۆ سەر بە کار برابێ و بە پێی زەمان گۆڕابێ.

سەرنجی ئەو وشانە بدەن:

**شاش / شاشک / شاشیک:** پێچ، مێزەر، ئەوەی لە سەر دەپێچرێ

**شاپرزە:** شپرزە، سەرلێشێواو، شا + پرزە، سەرپرزە، شا بە مانای سەر و پرزە بە مانای ئاڵۆز

**شاتک:** رەگی مل، پێوەندی سەر، تەک سەر، لە گەڵ سەر

**شاچاخ:** گوڵینگە و لەرزانەی گەورە کە لە سەری دەدەن، سەرچاخ (سنجاخ:

**شاخ:** زەقی رەقی سەری حەیوان

**شاخ ڤەدان:** سەر پەڕاندن، هەڵپەرتاوتن،

**شاد:** سەرخۆش، بە کەیف

**شادمان / شادومان:** رەنگە شاد دەمان (کاتە خۆشەکان) یان شادیمان/شادیمەن (دیمانەی شایانە یان دیمەنی شایانە) بووبێ

**شانە:** ئامرازی داهێنانی مووی سەر

**شاگرد:** بەر دەستی وەستا، شا: سەر، گرد؛ بە دەور

**شاگەشکە:** سەرگەشتە

لە قۆناخێکی دواتر دا رەنگە پیتی "ر" وەک پاشگر بە "شا" نووسابێ و بووبێ بە "شار" بە هەمان مانای سەر:

**شار:** سەرپۆشی ژنانە

**شاڵ:** مێزەر و پشتێنی سەید

**شار:** دەسرۆکەی دەوری کڵاوی لباد

**شاباش:** شاواش، شاوەش، سەر وەش، سەرخۆش، سەرخۆشانە

**شاهیک:** بریقەدار، سەرنج راکێش

**شاوەلە / شاوەلێ:** شا: سەر، وەلە: گوند، گوندی سەرێ، گوندێکە لە ناوچەی نەغەدە

وەک دەزانین سەر بە مانای ناوەند و مەکۆی بڕیاردانیش هاتوە؛

شار: ماڵ و ناوەندی سەرەکیی مێرولە و زەردەواڵە

شار: پێچەوانەی لادێ،

شار: ناوەندی یاری لە کایەی منداڵان دا

شەتری: ریزە گوڵینگەی سەروپۆر، گێلگێلە

شەخس: شاکەس، مرۆ، پیاو، کەس - قەبری پیاوچاکان

شەخسان: رەنگ پێ نەمان لە بەر نەخۆشی، رەنگ پەڕیو

شەخف: بان سواخ دان

شەدە: پارچەیەکی رەش یان سوور بۆ مێزەر، سەرپێچی ژنانە

شەڕانخێوی: غارغارێن بە ئەسپ لە مەیدان دا، سواران خێو

شەرپل/شەرپلان/شەرپلێن: سەرگەردان

شەرپەزە: شپرزە

شەرشوب: لاسەرە، خشڵێکی ژنانە

شەریک: سەر یەک؟ یەک سەر؟

شەس: هەست، هۆش

شەس: قامکە گەورە

شەس بێدار: بە ئاگا، بە خەبەر

شەش: هەموو؟ یەکسەر؟ وەک شەشدانگ، شەشخان، شەشدەر

شەعر: دەسرۆکەی سەرپێچی ژنان و پیاوان

شەو: وەک سەر رەش؟

لە بەرامبەر دا: روو: وەک رۆژ

شەقۆن: بە سەر لێدانی مەڕ و بەران

شەکان - شەکین - شەکاندن: لەرینەوە لە بەر با

شەکە: کڵاوی لە پێستە مەڕ

شەکیلە: پارچە هەمانەی خۆشکراو بۆ بە سەر دەفر دا کردن،

شەکێن: گۆ بازی

شەگە: شاگا، شاگە، خۆش بە

شەگە: میچ کە میر هاتبێ، جگ لە سەر لاپانەکەی

شەلایی: دەسرەی کاغەزی

شەلک: چارۆکەی سەر شان و سەرپۆش

شەماڵ: لای سەروو

شەممە: سەرەتای حەوتوو

شەند: دەنووک

شەوک: زەنبەرێکە، دەرزیلە کە دە سەر و پێچی دەچەقێنن

شەوشین: پەرێشان بوون

شەوکەت: شا - وەک - ەت، شان و شکۆ، پایەبەرزی

هەر لەم پێوەندیەدا بە جێیە ئاماژە بە کرداری حەشاردانیش بکەین کە بە پێی ئەو بۆچوونەی سەرەوە، دەبوو بە مانای دەرخستن بێ کەچی پێچەوانەیە. ئەوەش بۆ پێشگری "حە" دەگەڕێتەوە. لە ئاڤێستایی و دواتر لە فارسیی ناوەڕاست دا "ئان" یان "ئەن" بۆ پێچەوانە و نیگەتیڤی وشە بە کار هاتوە. وێدەچێ "حە" لەو پێشگرە مابێتەوە.

وەک لە کرداری "جمین"یش دا هەیە بە مانای جوڵە و حەرەکەت کردن کەچی "حەجمین" بە پێچەوانەیە بە مانای داسەکنین و ئۆقرە گرتن.

حەشار: ئەنشار، حەنشار، شتێک کە لە سەرەوە نییە، زەق نییە، نادیارە

حەشارگە: شوێنی پەنا، شوێنی نەدیو، سیپە

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

## چێژی شیرینی بەخشین لە حاند تامی تاڵی تۆڵە

دوو حەوتووی رابردوو شاری سنە پێشەنگایەتی رزگارکردنی بەندیەکی ژێر پەتی سێدارەی کرد. سێ ساڵ لەوە پێش دوو لاو، دوو ئاواڵ و دوو هاوڕێ، لە تەک یەک تووشی دمەقاڵە هاتن، یەخەی یەکتریان گرت و لێکیان دا. لە ئەنجامی ئەو لێکدانەدا "دلێر ئەحمەدی" کوژرا و "رەشاد رەشیدی"یش دەستبەسەر و بە "قصاص" حوکم درا. سێ ساڵ چاوەڕوانیی رەشاد بۆ گەیشتنی رۆژی ئیعدام، سێ ساڵ تلانەوەی بنەماڵەی دلێر بە خەمی رۆڵە ئازیزەکەیان و دژواریی بڕیار بۆ تۆڵە یان بەخشینی رەشاد و، سەرەنجام سێ ساڵ هەڵسووڕانی بێوچانی مرۆڤدۆستان بۆ رزگارکردنی گیانی ئینسانێک، کۆتایی هاتبوو. بەرەبەیانیی رۆژی سێشەممە ١ی خەرمانانی ١٣٩٥ی هەتاوی بوو. رەنگە زۆر کەسی دیکەش وەک رەشاد، شەوی تێپەڕیویان بە ئازار و نیگەرانی تێپەڕ کردبێ و خەو لە چاویان نەکەوتبێ. هەموان چاوەڕوانی گەیشتنی هەواڵی ئیعدامی رەشاد رەشیدی بوون.

مرۆڤدۆستان تەنیا تروسکاییەکیان لە هیوا مابوو. سێ ساڵ بوو پێیان لە ماڵی باوانی رەشاد و دلێر نەبڕیبوو. هەموو هەوڵی خۆیان بۆ رزگارکردنی گیانی رەشاد و دووپاتنەبوونەوەی مەرگی مرۆڤێکیتر دابوو بەڵام ئاکامێکیان لە هەوڵەکانیان نەچنیبوو. سیمین چایچی، نووسەر و چالاکی مەدەنی لە سنە لەم پێوەندییەدا گوتی: "ماوەی سێ ساڵ لە هەوڵدا بووین بۆ وەرگرتنی رەزایەت لە بنەماڵەی دلێر بۆ ئەوەی ئەو حوکمە هەڵوەشێنینەوە بەڵام دایکی دلێر نەیدەویست قسە لەگەڵ کەس بکا". سێ رۆژ پێش لە وادەی بەڕێوەچوونی حوکمی قەساس بوو کە سەردانی ماڵی دلێریان کرد. دایکی دلێر ئەمجارە بە پێچەوانەی جارانی پێشوو، بە رووی خۆشەوە وەریگرتن. بەوەش چرای هومێدیان رووناکاییەکی تێگەڕابوو بەڵام هەروا کز دەسووتا. ئەو کرانەوەیە ئەگەر نیشانەیەکی دڵخۆشکەر بوو بۆ رزگاریی گیانی ئینسانێک، دەکرا پێچەوانەش بێ. ئەو رووخۆشییە دەکرا دەرەنجامی یەکلایی بوونەوەی ناخی گڕگرتووی دایکێک بۆ چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوە لەگەڵ چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ئیعدامی بکوژی رۆڵەکەی بێ.

دەکرا شادیی ناخی مرۆڤێک لە گەیشتنی رۆژی تۆڵە بێ. دەشکرا گەیشتن بە ترۆپکی مرۆڤایەتی، لێبوردەیی و بەخشینەوەی ژیان بە ئینسانێک و پێشگرتن لە سووتانی هەناوی دایکێک لە لایەن دایکێکی جگەرسووتاوی تر بێ. ساتی ئیعدامی رەشاد گەیشتبوو. بە پێی یاسا، بنەماڵەی دلێر لە حەوشی زیندان ئامادە بوون. چالاکانی مەدەنی و

مرۆڤدۆستانیش لە دەرەوە، لە نێوان هیوا و نیگەرانی، چاوەڕوان مابوونەوە. ڕەشاد بە چاوی بەستراو، ملی بە پەت و پێ لە سەر پایەیەکی لەرزۆک، لە ژێر داری ئیعدامدا چاوەڕوانی مەرگ بوو. دایکی ڕەشاد دەبوو لە نێوان هەڵماڵینی پەتەکە یان هەڵواسینی ڕەشاد، سەرپشک بێ. بەڵام ئەو پێشتر لەگەڵ خۆی و لە ناخی خۆیدا ساخ ببۆوە. بەو راستیە گەیشتبوو کە لابردنی پایە لەرزۆکەکە و بەتاڵکردنی ژێر پێی ڕەشاد یان شەتەکدانی پەتی سێدارە، تەنیا گیانی ئینسانێکی دیکە دەستێنێ، دڵی دایکێکی دیکەی وەک ئەو دەسووتێنێ و بنەماڵەیەکی دیکە داخدار و تازیەبار دەکا بەڵام هیچ لە مەرگی دلێر ناگۆڕێ. ئەو لێبڕاوانە پەتەکەی لە ملی ڕەشاد هەڵماڵی و چێژی شیرینی بەخشینی بەسەر تامی تاڵیی تۆڵەدا هەڵبژارد.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی رزگاریی مرۆڤێکی هەرچەند تاوانبار، شادیی و خۆشی خستە دڵی شارێک کە هێشتا دوو حەوتوو بە سەر ئیعدامی دەیان ڕۆڵەیدا تێنەپەڕیبوو. بزەی خستە سەر لێوی خەڵکی شارێک کە هێشتا خەمی ئیعدام کرانی زیاتر لە بیست لاوی ئەو شارە بە سەر لێویانەوە بار بوو. ئەو لاوانەی کە دوای چەندین ساڵ ئەشکەنجە و بەند و زیندان، لە لایەن کۆماری پەت و سێدارەوە ئیعدام کران. دەسەڵاتداران و جەللادانی کۆماری ئیسلامی بۆ شەرعیەتدان بە ئیعدامی ئەو ئینسانانە، پەنایان بۆ هەر درۆ و دەهۆیەک برد تا لە سێدارەیان بدەن و کۆمەڵکوژیان بکەن. بەرامبەر بەوە لێبوردەیی، دڵگەورەیی و مرۆڤدۆستیی دایکی دلێر و سەرجەم بنەماڵەی ئەحمەدی بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و یاسا و ڕێسا دژە ئینسانیەکانی سەلماند کە خەڵکی کورد و لە سەرووی هەموانەوە دایکانی کورد چەندە لەگەڵ هەڵسوکەوتی دژە مرۆڤانەی ئەم ڕێژیمە و یاسا دژە ئینسانیەکانی ناتەبا و نەیارن.

بە دوای گەیشتنی هەواڵی رزگاریی ڕەشاد و بڕیاری بەخشین و لێبوردن لە لایەن دایک و بنەماڵەی دلێر، چالاکانی مەدەنی و مرۆڤدۆستانی شار بەرهەمی تێکۆشانی مرۆڤدۆستانەی سێ ساڵی رابردووی خۆیان چنیەوە. بەڵام ئەوە کۆتایی کاریان نەبوو. بۆ ڕێزگرتن لەو بڕیارە مرۆڤانەیە، ڕێگای گۆرستانی سنەیان گرتە بەر و بە کۆبوونەوە لە سەر گڵکۆی دلێر و گوڵباران کردنی، سەری ڕێزیان بۆ ڕۆحی لێبوردەیی بنەماڵەکەی بە تایبەت دایکی دلێر ئەحمەدی دانواند.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بە شێوەی جۆراوجۆر ڕۆڵەکانی خۆی ئیعدام کردوە. زۆربەی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان هەتا ئێستاش بە هەراوی حوکمی ئیعدامیان تێدا بەڕێوە دەچێ. بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریان

خستووە کە ئیعدام نەک ئەنجامدانی هۆکارەکانی ئیعدامیان کەم نەکردۆتەوە بەڵکو زەبروزەنگ لەو کۆمەڵگەیانە هەروا لە پەرەگرتن دایە. ئیعدامەکان سێ بەشن: ئیعدامی دەوڵەتی، ئیعدام بە پێی یاسا و ئیعدام بۆ قەساس و تۆڵە. لە ئیعدامی دەوڵەتی‌دا، دەسەڵاتداران بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆیان لە ژێر ناو و تۆمەتی جۆراوجۆردا، نەیاران و جیابیرانی خۆیان ئیعدام دەکەن. لە ئیعدامی بە پێی یاسادا تاوانکار تاوانێک (بۆ وێنە بازرگانیی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران) ئەنجام دەدا کە بە پێی یاسا حوکمی ئیعدامی هەیە. بەڵام تەنیا جۆری سێهەم واتە ئیعدامی بۆ تۆڵە و قەساسە کە بەڕێوەبردن یان هەڵوەشانەوەی لە دەست خاوەن پرس دایە و چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوەی خەڵک و کۆمەڵگە لە حاندی، ئاستی پێگەیشتویی و تێگەیشتویی ئەو کۆمەڵگەیە نیشان دەدا. نمونەی بەخشینی رەشاد لە لایەن بنەماڵەی دلێر، نیشانەیەکی گرینگە لە ئاستی پێگەیشتویی و تێگەیشتویی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی کوردستان و بێزاریی خەڵکی کورد لە کوشتنی مرۆڤ تەنانەت ئەو مرۆڤەش کە بکوژی رۆڵەی ئازیزیانە.

لە ژمارە ٦٨٧ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---

## رفاندن یان فڕاندن؟!

رفاندن و فڕاندن هەردوویان بە واتای بردن و ئەستاندنی شتێک - گیاندارێک بە بێ خواست و ئاگاداریی خاوەنەکەیەتی. هەیە لە دەست خاوەنەکەی دفڕێندرێ و دەمودەست خاوەنەکەی وشیار دەبێتەوە. هەشە بە دوور لە چاوی خاوەن دەڕفێندرێ و دوای ماوەیەک ئاگادار دەبێ. بەڵام نە "رف" بە تەنێ مانای هەیە و نە "فڕ" بە تەنێ ئەو واتایە دەگەیەنێ. وێدەچێ فراندن لە بنەڕەتدا "پڕاندن" بووبێ بە گۆڕانی "پ" بە "ف". وەک چۆن کرداری "پڕ پێداکردن" یان "پڕدان" هەیە بە واتایەکی نیزیک لە هەمان واتا. هەرچی رفاندنە ئەوە لەویشدا گۆڕانی "پ" بە "ف" رووی داوەو ئاڵۆزی و تێکەڵبوونەکە لەوەوە هاتۆتە ئاراوە. رفاندن رەنگە لە بنەڕەتدا رەپاندن بووبێ. بە واتای لە گەڵ خۆ بردن، وەپێش خۆ دان یا ڕادانی شتێک - گیاندارێک. لە سەر یەک ئەز وای بۆ دەچم فڕاندن - پڕاندن بردن و هەڵگرتنی شتێک - گیاندارێک بووە بە دەست یان بە باوەش یا بە کۆڵ و قەڵاندۆش. بەڵام لە

رفاندن - رەپاندن دا، ئەوە رفێندراو هەڵنەگیراوە بەڵکو وەپێش خۆ دراوە یان لە گەڵ خۆ بردراوە. جا ئەو وەپێش خۆ دان یان لە گەڵ خۆ بردنە دەکرێ مەڕ و مانگا بووبێ یان گۆی گۆێێن. وەک لە کرداری "ڕەپێنان" یان لە وشەی "گۆ - ڕەپان"دا هەیە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٩ی ئاگۆستی ٢٠١٦

---

## وەرزش و قارەمانەتیی وەرزشی، ڕێگایەک بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتی

کورد یا هەر نەتەوەیەکی ژێردەست، تا ئەو کاتەی نەبێتە خاوەنی کیانی خۆی، بژاردەکانیشی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا دەرفەتی نیشاندانی توانایی و ناساندنی نەتەوەکەی خۆیان نییە و زەحمەت و ماندوبوونیان بە ناوی دەسەڵاتی داگیرکەر یان نەتەوەی سەردەست تەواو دەبێ. بەڵام لەگەڵ پەرەگرتنی هەستی نەتەوەیی و خواستی گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکان، قارەمانانی وەرزشیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەر دەرفەتێک بۆ خۆنیشاندان وەک کورد و بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوایەتیی خۆیان کەلک وەردەگرن. لە یارییەکانی ئۆلەمپیکی ریۆ، کە لە وڵاتی بێرێزیل بەڕێوە دەچێ، وەرزشکارانی کوردیش لە نێو کاروانی وەرزشیی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، یا ئەو وڵاتانەی لە چنگ زەبروزەنگی داگیرکەر پەنایان بۆ بردوە، جێیان هەیە. بەشێک لەوان تا ئێستا توانیویانە سەرکەوتنی باش بە دەست بێنن. لە نێویشیان‌دا کیانوش ڕۆستەمی وەرزشکاری کرماشانی، ئەم ڕۆژانە ناوێکی درەوشاوەیە. ئەو لە بواری وەرزشی کێشهەڵگری‌دا توانی میداڵی زێڕی ئۆلەمپیک بۆخۆی دەستەبەر بکا. کیانوش لە یەکەم لێدوانی دوای ئەم سەرکەوتنە، بە زمانی کوردی بۆ مێدیاکان دوا، سڵاو و ڕێزی بۆ کوردان نارد و میداڵەکەی پێشکەش بە کوردانی سەرانسەری دنیا کرد.

سەباح شەریعەتی وەرزشوانێکی دیکەی بەشدار لە یاریەکانی ئۆلەمپیکی ریۆیە. سامان خەڵکی شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و لە وەرزشی زۆرانبازی‌دا ناوبانگی جیهانی هەیە. ئەو وێڕای ژمارەیەک لە هاوڕێ وەرزشوانەکانی لە شاری سنە، ماوەی چەند ساڵە کە دژ بە سیاسەتە چەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە حاند

وەرزشکارانی کورد، لە وڵاتی ئازەربایجان گیرساوەوەتەو لە سەر ناوی ئازەربایجان یاری دەکا. سەباح لە یارییەکانی ئۆلەمپیکی ریۆدا پلەی سێهەمی بە دەست هێنا و توانی میداڵی برۆنزی یارییەکان بۆخۆی دەستەبەر بکا. سامان تەهماسبیش کە هاوشاری و هاوچارەنووسی سەباحە، پلەی پێنجەمی ئەم یارییانەی بە دەست هێنا.

کچانی شاخەوان بە سەر لووتکە بەرزەکانی جیهانەوە

لە ژمارەی پێشوودا باسم لە سەرکەوتنی گروپی شاخەوانیی سامرەندی نەغەدە بۆ سەر لوتکەی دەماوەند کرد کە یەک لە ئامانجەکانیان دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتی و دژایەتی لەگەڵ کوشتاری کۆڵبەرانی کورد بوو. هەر لە درێژەی چالاکیی شاخەوانان، دوو کچە وەرزشوانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە، بە جیا، بەرەو دوو لوتکەی بەرزی جیهانیان وەڕێکەوتن. لە ئیلامەوە سەعیدە سەفەریان توانی بەرزەلوتکەی پێنج هەزار میتریی کاژێک لە تاجیکستان ببڕێ. هەر لەو سەروبەندەشدا هێرۆ ئەرجومەند لە مەهابادەوە بۆ سەر لوتکەی ٦٩٠٠ میتریی "کۆمۆنیزم" لە وڵاتی تاجیکستان سەرکەوت بەڵام بە هۆی خراپیی کەش و هەوا تووشی "بەفرکوێری" هات. تا دوا جار تیمەکانی فریاکەوتن توانیان رزگاری بکەن.

## پاسکیل سواری، کەرەسەی نافەرمانیی مەدەنی

ژنانی کورد نەک هەر لە ئاستی جیهانی و لە سەر بەرزە لوتکەکانی جیهانەوە بەڵکو لە نێو شارەکانی کوردستانیش لە وەرزش وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی هەستی نەتەوەیی و ئەمجارە نافەرمانیی مەدەنی کەلکیان وەرگرت. لە ماوەی رابردوودا حزووری هەراوی ژنانی پاسکیلسواری مەریوان لەگەڵ دژایەتی و دژکردەوەی ناوەندە ئەمنیەتی و مەزهەبییەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەورِوو بۆوە. کەمپەینی "سێشەممەی بێ ماشێن" لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا هەوڵێکی چالاکانی ژینگەپارێزیی مەریوان بووە بۆ رێزگرتن لە ژینگە و هەوای خاوێن. بەڵام پێشوازی و بەشداریی بەرینی کچان و ژنانی ئەو شارە لەم کەمپەینەدا دەمێک بوو ناوەندە ئەمنیەتی، ئینتزامی و مەزهەبییەکانی کۆماری ئیسلامی تووڕە کردبوو. تا دوا جار هێزە ئینتزامیەکان بەرەنگاری ئەو هەنگاوە مەدەنییە بوونەوە و پێشیان بە بەشداریی ژنان لەو کەمپەینەدا کرد. چەند کەس لە کچانی پاسکیل سوار دەستبەسەر کران. بەڵام هەموو ئەم هێرش و دەستبەسەرکرانە هەنگاوەکانی ژنان و کچانی ئەو شارەی شل نەکردەوە و بە شێوەی جۆراوجۆر و لە ژێر پشتیوانی و پاڵپشتی پیاوانی یەکسانیخوازی ئەو شارە، لە بەشداریی خۆیان بەردەوام بوون. ئەم سەرکوت و گوشارە هاوکات ناڕەزایەتی خەڵکی لێ کەوتەوە. لەوانە نامەی ناڕەزایەتیی ١٤٠٠ کەس لە

چالاکانی مەدەنی بۆ ناوەندە پێوەندیدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە وێڕای پشتیوانی لە مافی پاسکیلسواریی ژنانی کورد بە تایبەت لە مەریوان رایانگەیاند کە "چالاکی لە فەزای گشتی، بەپێی قانوون، رەگەز و هەڵاواردنی رەگەزیی ناناسێ و مافی هەر تاکێکە بە بێ جیاوازیی رەگەزی و جوغرافیا لە چوارچێوەی قانووندا، چالاکیی رۆژانەی هەبێ."

## کۆڵبەری و قاتڵێکی دیکە بە ناوی جادە

جادەکانی ئێران وەک قاتڵێک بۆ رێبواران سەیر دەکرێن. رۆژ نییە چەندین رووداوی هاتوچۆ لە جادە و رێگاوبانەکانی ئەو وڵاتە روو نەدا و ساڵانە بە سەدان و هەزاران کەس لە خەڵک لەم رووداوانەدا گیان و ماڵ لە دەست دەدەن یان نوقوستان دەبن. لەم نێوەشدا رۆژهەڵاتی کوردستان چ لە چوارچێوەی سیاسەتی پەراوێزخستن و دواخستن لە لایەن دەسەڵاتەوەو چ بە هۆی کوێستانی و شاخاوی بوونی ناوچەکە، پشکی زۆری بەر دەکەوێ.

رووداوی هاتووچۆ لە جادەکانی ئێراندا ئەوەندە زۆر و دووپاتەیە کە بۆ مێدیا و راگەیەنەرەکان وەک هەواڵێکی روتینی و رۆژانەی لێ هاتوە. بەڵام کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەرانی کورد لە رووداوێکی هاتووچۆ، لە سنووری مەریوان و لە حەوتووی رابردوودا، رووداوێک نەبوو کە مێدیا ناوچەیی و سەراسەرییەکان بتوانن هەر وا بە سانایی لێی تێپەڕن. ئێوارەی رۆژی دووشەممە، ١٨ی گەلاوێژ بە هۆی پێکدادانی دوو ماشێن، ١٢ کۆڵبەری خەڵکی ئاوای "دەرەناخێ"ی سەر بە شاری مەریوان کە بەدوای پەیداکردنی بژیوی ژیان بۆ ماڵ و منداڵیان هەڵوەدا بوون، بوونە قوربانی. لەوانە چوار کەس گیانیان لە دەست دا و ٩ کەسی دیکەش بە سەختی بریندار بوون. سەرەڕای ئەم رووداوە دڵتەزێنە، رەوتی کوشتاری کۆڵبەرانی کورد لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئێرانەوە بە درێژایی دوو حەوتووی رابردووش هەروا درێژەی هەبوو. ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ ئەو ئامارەی کانوونی پارێزەرانی مافی مرۆڤی کوردستان سەبارەت بە کوشتاری کۆڵبەرانی کورد بڵاوی کردەوە. بە پێی ئەو ئامارە لە ماوەی ٥ مانگی رابردوودا ٥٣ کۆڵبەری کورد کوژراو و بریندار بوون.

لە ژمارە ٦٨٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢١ی ئاگۆستی ٢٠١٦

## فەرهەنگی ئاژەڵ: سەگ

مرۆڤەکان لە دێرزەمانەوە ئاژەڵیان کەوی کردوە و کەلکیان لێ وەرگرتوە. هەر کام لەو ئاژەڵانەش بە ئامانجی جیاواز و بۆ بەرهەمی جیاواز بە کار هاتوون. لە کوردەواریدا ئەو ئاژەڵانەی لە خزمەت مرۆڤ دان بریتین لە:

سەگ
مەڕ
بزن
کەر
پشیلە
گا
گامێش
ئەسپ
وشتر
مریشک
مراوی
قاز
بەراز

هەر کام لەو ئاژەڵانە ئەرکێکیان لە سەر شانە و مرۆڤ بە مەبەستی خزمەتێک بە خۆی، رایاندەگرێ. سەگ بۆ پارێزگاری، بزن و مەڕ بۆ شیر، خوری و گۆشت، کەر بۆ بار و.. دیارە جۆری ئاژەڵی کەوی لە هەموو ناوچە و لە ناو هەموو نەتەوەکاندا وەک یەک نییە. لە جوغرافیای جیاوازدا، چ لە تۆرەمە و چ لە جۆری ئەم ئاژەڵانەدا کەم و زۆر جیاوازی هەیە.

هەروەها هەر کام لەو ئاژەڵانە، ئاژەڵێکی هاوشێوەشیان هەیە کە کێوین و لە راستیدا ئەوانە ئاژەڵی کەوی لە

بەرامبەر ئاژەڵی کێوین. بۆ وێنە سەگ لە بەرامبەر گورگ، مەڕ و بزن لە بەرامبەر بزنە کێوی و مەڕە کێوی و..

## سەگ

ڕەنگە کۆنترین ئاژەڵی ماڵی بێ. مرۆڤ هەم بۆ پارێزگاری لە خۆی و سامانەکەی و هەمیش بۆ ڕاو و شکار بە کاری بردوە. کۆنترین ناوی سەگ لە کوردستان، لە لایەن هێرۆدۆت، مێژوونووسی یونانی نیزیک بە ٤٥٠ ساڵ پێش زایین تۆمار کراوە: Spaka یا Spakha = سەگ

شێوەیەک لە وشەی "سپاکا/سپەکا" یان "سپاخا/سپەخا" لە زمانی ڕووسی و زمانە دەستەخوشکەکانی وەک ئوکراینی دا بەر گوێ دەکەوێ:

ڕووسی: sobaka سەگ

ئەمن وای بۆ دەچم کە وشەی "سپاکا/سپەکا" یا "سپاخا/سپەخا" بەو جۆرەی هێرۆدۆت تۆماری کردوە، لە دوو بەشی "سپا - سپە" و "کا - خا" پێکهاتوە. سپا وەک لە بابەتی پێوەندیدار بە "سپاس"دا نووسیومە و بەو جۆرەی لە سپا، سپاردن، سپەر و.. دا هەیە، واتای پاراستن و پارێزگاری دەدا. بەشی دووهەم واتە "کا" یان "خا" بنەمای "خاوەن"ە. لەو بنەمایە "کا - کاک" وەک وشەی ڕێز لێنان بۆ پیاو و خاوەن بە مانای ساحێب و دارا چێ بووە. لە سەر یەک وشە تۆمارکراوەکەی هێردۆت بۆ سەگ واتای "پارێزەری خاوەن" یا "خاوەن پارێز" دەدا. ئەوەش واتایەکی شیاوە بۆ ڕۆڵ و ئەرکی سەگ لە ژیانی ئینسانی سەرەتاییدا.
وشەی سەگ Sag لە گەڵ داگ Dog ی ئینگلیزی بە گۆڕانی س بە گ یان بە پێچەوانە، هاوڕەگن. ڕەنگە سەگ هەر شێوەی سواوی سپەکا بێ؛ سپەکا - سپەک - سپەگ - سەگ. ماکی سپە بە واتای سەگ لە کۆمەڵێک زمانی دیکەی هیندوئوروپایی و دەستەخوشکی زمانی کوردیدا بەدی دەکرێ:

پۆشتو: سپی
تالشی: سپیە

کاشانی: «اسبه » و «اسپه »

هەروەها وشەی چەغە - چەغ کە بۆ دەنگدان و دوورکردنەوەی سەگە، ڕەنگە بنەماکەی هەر بۆ وشەی سەگ/داگ بگەڕێتەوە: سەگ - سەگە - سەغە - چەگە - چەغە

بەڵام لە زمانی کوردیدا "سەگ" تاکە ناو بۆ سەگ نییە. "سە" کە هەر کورتکراوەی سەگە، سپەڕ و سپڵۆت کە هەر دەچنەوە سەر وشەی سپەکا. کوتک، توتک، کوچەک، گجووک (تووتکە سەگ)، گجولە (تووتکە سەگی بچکۆڵە) و کسۆک کە وێدەچێ سەرجەمیان یەک ڕەگ بن و دوا جار وشەی "گەماڵ".

وشەکانی کوتک، توتک، کوچەک/کوچک، گجووک، کسۆک و گجولە سەرجەمیان لە ماکەی "کوت" یا "کوچ"ن. وشەیەک کە بۆ بانگ کردن و لاواندنەوەی سەگ لە زمانی کوردیدا بەکار دێ: کوت کوت یان کوچ کوچ. "ک" پاشگری ناوە لە زمانی کوردیدا. کوتک لە بەشێک لە زمانە دەستەخوشکەکانی زمانی کوردیشدا وێنەیان هەیە:

*گوجاراتی کە زمانێکی هیندیە: Kūtarō*

*هیندی: kutta*

*پونجابی: Kutē*

*سیندهی: ڪتو*

*ئوردو: کتا*

*هونگاری: Kutya*

*بولغاری: kuche*

*ماکیدۆنیا: kuče*

وەک لە سەرەوە دەبینین "کوت" لە بنەمای وشەکە لەو زمانانەدا بە ڕوونی دیارە. ئەگەر کوردستان وەک ناوەندی زمانەکانی هیندوئوروپایی حیساب بکەین، زۆرینەی ئەو زمانانەی لە "کوت" بۆ ناوی سەگ کەلک وەردەگرن، کەوتوونەتە بەری ڕۆژهەڵاتی زمانەکانی هیندوئورپایی. دیارە لەو نێوەدا ڕەنگە وشەی "کسۆک" بنەمایەکی جیاوازی

هەبێ و مرۆڤی کورد وەک خۆشەویستیەک بۆ سەگ و وەک هاودەمێکی روح سووکی ئینسان، ناوی "کسۆک"یشی بە واتای هاودەم و لە بنەمای "کەس"ی بچکۆڵە، بۆ هەڵبژاردبێ.

لە بەشێک لە زمانە رۆژئاواییەکانی هیندوئوروپایی وشەی سون یان شێوەیەک لەو وشەیە بۆ ناوی سەگ بەر گوێ دەکەوێ:

***هەرمەنی: shun***

***لاتڤیا: suns***

***هەروەها بە گۆڕای س بە هـ لە بەشێک لە زمانەکانی دیکە:***

**هولەندی: hond**

**ئیسلەندی: hundur**

**ئاڵمانی: Hund**

سون لە زمانی کوردیدا بۆ باڵغ بوونی سەگ بە کار دێ.

هەرچی وشەی "گەماڵ"ە، ئەوە زیاتر لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەلاتی کوردستان بە کار دێ. وای بۆ دەچم بنەمای وشەکە پێوەندی بە خانوو و "ماڵ" هەبێ. رەنگە "ئاگاماڵ" بە واتای ئاگادار و پارێزەری ماڵ یان وشەیەکی لێکدراوی لەم جۆرە چێ بووبێ و "ئا"ی سەرەتای سوابێ. ئاگاماڵ - گاماڵ - گەماڵ

لە هێندێک ناوچەدا وەک دەڤەری بانە، وشەی بەشداریش بۆ سەگ دەگوترێ کە رەنگە لە رێزدانان بۆ سەگ و بۆ زەحمەتی ئەو ئاژەڵە لە یارمەتیدانی ئینسان، داکەوتبێ. هەروەها وشەی "چوارپێ"ش تایبەت بە سەگە بەڵام ئامانج لە بە کار بردنی ئەو وشەیە، بە کار بردنی زمانی خاوێن و رێزە.

سەگ بە گشتی بۆ هەر دوو رەگەزی نێر و مێ بە کار دێ بەڵام وشەکانی دێڵ و گۆڵ بە ریز بۆ مێ و نێری سەگ و

گیانلەبەرانی لەو شێوەیە بە کار دێ. دێڵ بە گۆڕانی ز بە د، دەچێتەوە سەر ڕەگی "زێ"ی ئەندام و زا و زێی گواندااران. گۆڵیش دەچێتەوە سەر ڕەگی "گۆ" بە مانای خڕ و هەڵتۆقیو کە ئاماژە بە ئەندامی جووتبوونی نێرینەیە. بۆ مردنی سەگیش لە وشەی مردن و مەرگ کەڵک وەرناگرن و کرداری "تۆپین" تایبەت بەو گوانداارانەیە کە گۆشتیان ناخورێ.

سەگ لە باری گەورەیی، قەبارە و کارایی جۆراوجۆرە و لە کوردستان بە تایبەت تاژی/تاجی و توڵە هەن. تاژی کە باریک و تیژڕەوە زیاتر بۆ ڕاوی کەروێشکە. توڵەش کە بچووکە بۆ چوونە ناو کونی گیاندارانی وەک ڕێوی لە ڕاودا بە کار دێ. هەروەها سەگ بە پێی ڕادەی مووی لەشی بە سەر دوو جۆری کوڵکن و رووتە دابەش دەکرێ.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١١ی ئاگۆستی ٢٠١٦

---

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی ڕابردوودا

### درێژەی کوشتاری کۆڵبەرانو سەرەنجام دەنگێکی نارەزایەتی لە پارلمانەوە

مانگەکانی ڕابردوو بۆ کۆڵبەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵات - باشوور و ڕۆژهەڵات - باکوور، پڕکارەسات و خوێناوی بوون. پاسدارانی کۆماری ئیسلامی لە دەستگرتن بە سەر بار و سامانی کاسبکاران، کوشتاری رەوە ئەسپی کۆڵبەران و لەوانەش زیاتر دەسرێژی ڕاستەوخۆ بۆ سەر کۆڵبەرانی بێ دیفاع و کوشتنی دەیان کەس لەوان، دەستیان نەپاراستوە. ئەو هێرش و کوشتارە چەند جار دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکانی ڕاپەراند. چەند جار خەڵک هەڵیانکوتایە سەر بنکە و بارەگای چەکدارانی ڕێژیم و بار و سامانیان بۆ کۆڵبەران ئەستاندەوە. قووڵایی تاوان لە ماوەی حەفتە و مانگەکانی ڕابردودا تا ئاستێک چوو کە کاردانەوەی توندی نوێنەری شارەکانی سەردەشت و پیرانشار لە مەجلیسی ئێرانیشی لێ کەوتەوە.

ڕەسووڵ خزری لە مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێراندا نوێنەرایەتی دوو شاری سەردەشت و پیرانشار دەکا. بەوەش

نوێنەرایەتیی درێژترین سنووری هاتوچۆی کۆڵبەران و کاسبکارانی سەر سنووری لە سەر شانە. بەڵام بە درێژایی چەند دەیە کوشتاری کۆڵبەران لەو سنوورانە، نوێنەرە کوردەکان لە پارلمانی ئێران کەمترین گرینگییان بە تراژدیای کوشتاری کۆڵبەران داوە و کەمترین کاردانەوەیان سەبارەت بە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی روو بە کۆڵبەران هەبووە. ئەوەش یەک لە هۆکارەکانی دەستئاوەڵایی کۆماری ئیسلامی و چەکدارەکانی بۆ کوشتنی کاسبکاران لەو سنوورانەیە. ئەو کاسبکارانەی لە چنگ هەژاری و بێکاری، پەنا بۆ ئاستەمترین و مەترسیدارترین رێگای پەیداکردنی نان دەبەن. هۆکارێک کە بە دەگمەن لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە یان لە ناوەند ئاوری لێ دراوەتەوە. دەنگی ناڕەزایەتیی رەسوڵ خزری لە پارلمانی ئێرانەوە سەبارەت بەو تراژدیا ئینسانییەی دژ بە کۆڵبەران لە کوردستان لە ئارا دایە، لەو دەگمەن دەنگە نارازیانە بوو. ئەو ناڕەزایەتیەش دوای هەنگاوی بەرهەڵستکارانەی دانیشتوانی گوندەکانی گوێزڵێ و بێوران لە ناوچەی سەردەشت دژ بە زەخت و زەبری چەکدارانی رێژیم هاتە ئاراوە و نیشانی دا کە وەک هەمیشە، ئەوە بەرخودان و ناڕەزایەتیی خەڵکە کە بەرپرسان و لەوانە نوێنەرانی مەجلیس ناچار بە دەرچوون لە قاپێلکی خۆپارێزی و دژکردەوە و دەربرینی ناڕەزایەتی دەکا.

### بێکاری و ناڕەزایەتیی کرێکاری هەروا بێداد دەکا

لە حاڵێکدا کوشتنی کۆڵبەرانی سنوور لە دوو حەوتووی رابردووشدا هەروا درێژەی هەبوو کە برسیەتی، بێکاری، دەرکران لە کار و نەدانی حەقدەست چەندین جار کرێکارانی کارگە و کارخانەکان لە کوردستانی ناچار بە کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی کرد. ئەو ناڕەزایەتی‌یانە ماوەی چەند مانگە لە هەر چوار پارێزگای رۆژهەڵاتی کوردستان درێژەیان هەیە. هاوکات کۆماری ئیسلامی وەک سروشتی خۆی، بە جێی گوێدان بە خواست و ویستە بەرحەقەکانی کرێکاران، لە رێی گوشار، ئازار و گرتن بەرەورووی ئەو ناڕەزایەتیانە بووەتەوە. تا ئاستێک کە لە شارەکانی کرماشان و سنە چەندین چالاکی کرێکاری دەستبەسەر یان بۆ ناوەندە ئەمنیەتیەکان بانگ کراون.

### شەپۆلی بەرینی رەشبگیری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان

گرتن و بانگ کردنی خەڵک لە ماوەی رابردوودا تەنیا رووی لە کرێکاران و چالاکانی کرێکاری نەبوو. بە درێژایی مانگی رابردوو دەیان کەس لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی‌یەکان دەستبەسەر کراون. بەوەش شەپۆلێکی رەشبگیری لە لایەن دەسەڵاتەوە رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. بە پێی

ئامارێک کە کۆم کردۆتەوە، لە ماوەی مانگی رابردو تا ئێستا نیزیک بە ٧٠ کەس دەستبەسەر کراون. ئەوەش تەنیا لیستی بەشێک لە دەستبەسەرکراوانە. زۆر جار بنەماڵەی زۆرێک لەو کەسانەی دەستبەسەر دەکرێن، پێیان وایە ئەگەر لە دەرەوە و بە تایبەت لە سەر مێدیاکان باس لە گیرانی رۆڵەکانیان نەکرێ، ئەوە ئەگەری ئازادبوونیان زیاترە یان دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی تۆمەتی سەپێندراو بە سەریاندا. بۆچوونێکی هەڵە کە بەشێکە لە سیاسەتی هەڕەشە و تۆقاندنی خەڵک لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە.

## کۆمەڵکوژییەکی دیکە لە بەندیخانەکانی ئێراندا

گرتن و رەشبگیریی ئەو رێژە زۆرە لە کوردانی رۆژهەڵات لە کاتێک دایە کە ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوانی سیاسیی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران لە ژێر حوکمی ئیعدام دان. هەر ئێستا کە ئەم ئاڵقەیەی "رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا" دەنووسم بە داخەوە هەواڵی کوشتاری ژمارەیەکی زۆر لە بەندکراوانی کورد لە لایەن جەللادانی کۆماری ئیسلامی لە بەندیخانەکانی ئێران، راگەیەندرا. ئەو بەندکراوانە کە رێژەیان لە نێوان ١٦ تا ٢٠ کەس دەبێ، چالاکی مەزهەبین کە وەک زیندانیی عەقیدەتی – مەزهەبی ناسراون. ئەو تاوانە کە بیرخەرەوەی کۆمەڵکوژی ساڵی ٦٧ی بەندکراوانی عەقیدەتی – سیاسییە، پەڵەیەکی رەشی دیکەیە بە ناوچاوانی نگریسی کۆماری ئیسلامی و لاپەرەیەکی دیکەیە بە مێژووی پر لە جینایەت و تاوانی ئەم رێژیمە.

## "زەردە" جەستەیەکی بریندارتر لە کوردانی پێڕەوی ئایینی یارسان

لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە تەنیا چالاکانی ئایینزای سوننە مەزهەب نین کە بە هۆی ئایینەوە دەکەونە نێو زیندان، ئەشکەنجە و دوا جار ئیعدام دەکرێن. کوردانی یارسان بە سێ هۆکاری کوردبوون، پێڕەوی ئایینی رەسمیی وڵات نەبوون و دوا جار موسوڵمان نەبوون لە ژێر زیاترین گوشار و هەڕەشەی دەسەڵاتی تاران دان. حەوتووی رابردوو لە گەڵ سەردانی حەسەن روحانی بۆ پارێزگای کرماشان، ژمارەیەک لە چالاکانی سەر بە ئایینی یارسان بۆ دەربرینی نارەزایەتی دژ بە گوشارەکانی دەسەڵات و گەیاندنی دەنگی قەتیسماوەی کوردانی سەر بەو ئایینە، لێوەکانی خۆیان دوری. ئەو نارەزایەتییانەش لە کاتێکدا بوو کە ئاوایی زەردە لە ناوچەی دالاهۆ لە بیست ساڵەی کیمیاباران کرانیدا ماتەمی دەگێرا. لە دوایین رۆژەکانی مانگی پووشپەری ساڵی ٦٧، فرۆکە شەرکەرەکانی رێژیمی بەعسی عێراق بە بۆمبی شیمیایی پەلاماری ئەو گوندەی رۆژهەڵاتی کوردستانیان دا. لەو کاتەوە دانیشتوانی ئەو


ئاواییه له گەڵ مەرگی بە ئەسپایی لە ململانێ دان. هەتا ئیستا دەیان کەس تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بوون و ساڵانەش ڕێژەیەکی بەرچاو بەم هۆیە گیان لە دەست دەدەن. ئەوەش لە کاتێک دایە کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی وەک بنۆس و هۆکاری سەرەکیی ئەم بەڵایە، کەمترین ئاوڕیان لە نەهامەتی‌یەکانی ئەو خەڵکە داوە.

لە ژمارە ٦٨٥ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## شەقڵی میترائیسم بە سەر زمانی کوردیەوە



بە پێچەوانەی بۆچوونی باو کە پێی وایە ئایینی کۆنی کوردان زەرتۆشتی بووە، نیشانەکان وا دەردەخەن کە ئایینی زۆربەی هەراوی کوردان پێش لە ئیسلام میترائیسم بووە. لەم بارەوە نووسراو و گوتراو زۆرە و ئاسەوارێکی زیندوو و راستەوخۆش لە ئایینەکە نەماوە. هەر بۆیە باس کردن لە داب و دەستووری ئەو ئایینە زۆر ئاسان نییە. بەڵام ئایینەکە سەرەڕای لەناوچوونی، شەقڵی خۆی بە سەر ئایینەکانی کریستیانی و ئیسلامیدا بە جێ هێشتوە. بە تایبەت وەک دەگوترێ ئایینی کریستیانی زیاتر لە میترائیسم کۆپیی کردوە. هەروەها میترائیسم بە درێژایی چەند هەزار ساڵ ئایینی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بووە کە کوردستانی پێ دەڵێن و کوردانی تێدا نیشتەجێیە. کۆنترین بەڵگەی بوونی ئەم ئایینە، سوێندخواردنی شای میتانی و شای هوری بە میترایە بەو جۆرەی کە لە قەواڵەیەکی

کۆندا دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. هەر بۆیەش ئاساییە ئەگەر ئەم ئایینە شەقڵی زۆری بە سەر زمانی کوردیدا بە جێ هێشتبێ. لە خوارەوە هەوڵ دەدەم بەشێک لەو وشە کوردیانە بە پێی پێوەندیان بە ئایینی میترا لێک بدەمەوە. یەک لە تایبەتمەندیی وشەکانی پێوەندیدار بەو ئایینە لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە وێنەی وشەکان کەمتر لە زمانە دەستەخوشکەکانی زمانی کوردی واتە زمانە هیندو ئوروپاییەکاندا دەبیندرێ و زیاتر تاتبەتن بە زمانی کوردی و ئەو زمانانەی وەک زمانی نەتەوەکانی دانیشتوی زاگرۆس پۆلێن دەکرێن. وشەی میترا بە شێوەگەلی مێهر، مێر، مەر، مەل / مەڵ، مەتەر، میتەر، میثرا، میزرا و.. لە وشە کوریەکاندا خۆی دەنوێنێ.

**ئەشکەوت**: یەکەم جار میترا لە ئەشکەوتێکەوە هاتە دەر. چەند شوان کە لە نیزیک ئەشکەوتەکە بوون، شاهیدی هاتنی میترا بوون. دواتر ئەشکەوتەکان بوون بە یەکەم پەرستگەی ئایینی میترا. بە تایبەت ئەو ئەشکەوتانەی ئاویان تێدا بوو یان ئاویان بۆ دەچوو. چونکە غوسڵ کە دواتر سەری لە ئایینی کریستیانیش دەرهێنا، یەک لە داب و دەستوورەکانی میترائیسم بوو. بە پێی ئەو بەسەرهاتە، بە دووری نازانم وشەی ئەشکەوت بە جۆرێک پێوەندی بەو ئایینەوە هەبێ.

وشەی ئەشکەوت لە دوو بەشی ئەش + کەوت پێکهاتووە. بەشی دووهەم واتە "کەوت" کە بە شێوەگەلی کا (کابان)، کەو (کەوی - ماڵی)، کەدە (مەیکەدە) کەی (کەیخودا) هەمان وشەیە کە لە "مزگەوت"یشدا هەیە و بە مانای ماڵ یان خانوویە. بەڵام بۆ بەشی یەکەمی وشەکە واتە "ئەش" دوو ئەگەری جیاواز هەیە؛

١- ئەش شێوەیەکی دیکە لە "ئاس"ە بە مانای بەرد بەو جۆرەی لە ئاش، ئاسمان، هەسان و.. دا هەیە و لە سەر یەک بە مانای ماڵی بەردینە.

٢- ئەش لە بنەڕەتدا "ئاژ" بووە بە مانای راست و دروست. ئاژوان ناوی پێڕەوانی راستەقینەی زەردەشت بوون بە واتای پارێزەرانی راستی و پاکی و دروستی. بەوەش ئەشکەوت دەتوانێ ماڵی راستی و دروستی بێ. رەنگە کوردەکان پێش لە ئەشکەوت، وشەی "غار"یان بە کار بردبێ وەک چۆن ئێستاش لە هێندێک ناوچەدا هەمان وشە برەوی هەیە. دواتر کە حەشیمەت و رادەی پێڕەوانی ئایینی میترا زیادیان کرد و لە هەموو جێیەکیش ئەشکەوت

وەک شوێنی نزا و نوێژ دەست نەدەکەوت، مزگەوت ساز کرا. وێکچوونی ڕواڵەتی ئەشکەوت و مزگەوت زیاتر ئەم گومانی لام دروست کرد.

وەک گریمانە وشەی "پاشکەوت" یان "پاشەکەوت "یش ڕەنگە لە بنەڕەتدا ژوورێکی تەریک دوای ژووری دانیشتن بووبێ کە تێیدا گەنم و دانەوێڵە و دیکەی کەلوپەل و سەرمایەی بێ گیانی ماڵی تێدا پاشەکەوت کرابێ. تەنانەت "دەرکەوت "یش ڕەنگە ژووری لای دەرەوە بووبێ.

**مێرگ:**

**مەزرا:**

یەکەم کاری میترا ئەوە بوو کە گایەکی کرد بە قوربانی. خوێنی ئەم گایە وەک خێر و بەرەکەت بە سەر هەردا ڕژا. هەر جێیەک خوێنی گایەکە گرتیەوە، بوو بە شیناوەرد و سەوزایی یان خاکێکی بە پیت. بە بۆچوونی من لەوەوە دوو وشەی مێرگ و مەزرا داکەوتن. بە پێچەوانەی ئەوە کە دەگوترێ مەزرا لە "مزرعە"ی عەرەبی وەرگیراوە من پێم وایە عەرەب لە کوردان یان باشتر بڵێم لە پێڕەوانی ئەم ئایینەیان وەرگرتوە. بەو پێیەش مەزرا دەگەڕێتەوە سەر وشەی میثرا - میزرا - مەزرا. وشەی "مێرگ"یش لە شێوەیەکی دیکەی ناوی میترا واتە "مێر" وەرگیراوە و "گ" وەک پاشگر بۆ ناو، واتایەکی دیکەی بە ناوی میترا بەخشیوە.

وشەی کۆنتری مەزرا ڕەنگە " **فەرمان** " بووبێ. ئەم وشەیە ئێستا لە زمانی کوردیدا بە دوو مانای "دەستوور دان" و "کار ئەنجام دان" ماوەتەوە بەڵام بەو دوو مانایە زەحمەتە ماکی وشەکە بدۆزرێتەوە. ئەمن وای بۆ دەچم کە "فەرمان" لە دوو بەشی "فەڕ" بە مانای هات، پیت و بەرەکەت لە گەڵ پاشگری "مان"ی ڕەگی مانەوە وەک لە "نیشتمان "دا هەیە، بە واتای شوێن و جێگە، داکەوتوە. لە سەر یەک "فەرمان" بە واتای جێگا یان زەویی بە پیت و بەرەکەت و لە سەر یەک مەزرایە. جا چونکە زەوی جێگای کار و تێکۆشان بووە و لە سەردەمی فیئۆدالی و ئاغاو ڕەعیەتیشدا ئاغا لەوێ کاری بە ڕەعیەت کردوە و فەرمانی ئەنجامدانی کاری پێ داوە، باری واتایی فەرمان لە مەزرا و زەوی و زارەوە بۆ دەستوور پێ دان و ئەنجامدانی کار گۆڕدراوە و گوازراوەتەوە. وشەی فەرمان بە مانای مەزرا لە زمانە هیندوئوروپاییەکانیشدا دەبیندرێ. بۆ وێنە:

هیندی: Phārma، رووسی: ferma، ئینگلیزی: farm، فەرەنسی: ferme

مەڕ:

مێهرەگان:

نەریتی قوربانی پێوەندی بە میترا هەیە. ئەو کاتەی وەک لە سەرەوە باس کرا، گایەکی کرد بە قوربانی. کەواتە پێڕەوانی ئەم ئایینەش دەبوو گا قوربانی بکەن. بەڵام وەک دەزانین مەڕ ، هەم سەرمایەی سەرەکیی دانیشتوانی زاگرۆسە و هەمیش لە قەدەر گا، هەرزانتر و ڕێژەی زیاترە. بۆیەش ڕەنگە پێڕەوانی ئەم ئایینە مەڕیان بە سامانێک لە میترا و بۆ میترا زانیبێ. لەوەشەوە دەکرێ شیمانەی ئەوە بکەین کە وشەی "مەڕ"یش پێوەندی بە وشەی میترا هەبێ. وشەی مەڕ لە زمانی فارسیدا "گوسفند"ە بە واتای گای پیرۆز. بە ئەگەری زۆریشەوە ئەم ناوە لە هەمان بابەتی جێگرتنەوەی مەڕ بە جێگای گا بۆ قوربانی کەوتۆتەوە. لە جامی مێژووی حەسەنلوودا مەڕ وەک قوربانی دەبیندرێ.

وشەی مەڕ زیاتر لە ناوەندی کوردستاندا باوە. پەز ناوی کۆنتری مەڕە و لە زاراوەی کورمانجیدا هەروا بە کار دێ. وشەیەک کە لە زمانە هیندوئورووپاییەکانیشدا دەبیندرێ:

ئینگلیزی: pastor_واتە شوان، مەڕدار

ڕووسی: pastukh شوان

مێهرەگان بە شێوەی "مێهر کانا"ش تۆمار کراوەو لە بنەڕەتدا جێژنی بەران تێبەردان بووە. لە باری زەمانیەوە کەوتۆتە سەرەتای پاییزەوە. ڕەنگە وشەکە لە بنەڕەتدا عەیب نەبێ جێژنی "مەڕەگان" یان جێژنی "مەڕەکان" بووبێ.

وێکچوونی "مێهر کانا" لە گەڵ " مەڕنەکەنە " کە تیرەیەکی هۆزی مەنگوڕن، بۆ من جێی سەرنجە.

## قوربان

### قوربانی

قوربانی بریتیه لە پێشکەش کردنی گیان بە خوداکان. سەردەمانێک ئەم پێشکەش کردنە مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ بووە. ڕەنگە کوڕ بە دەستی باوک بەو جۆرەی لە حیکایەتی قوربانیی ئیسماعیل لە لایەن ئیبراهیمەوە هەیە و دەکرێ ئەم چیرۆکە هێمای کۆتایی هێنان بەو شێوە قوربانیە و جێگۆڕکێی کوشتنەوەی ئاژەڵ بە جێی مرۆڤ بۆ قوربانی بووبێ.
دەگوترێ وشەی قوربانی، لە "قرب"ی عەرەبی وەرگیراوە بە مانای نیزیک بوونەوە و لە بنەڕەتدا نیزیک بوونەوە لە خودا. بەڵام ئەمن بۆچوونی جیاوازم هەیە.

*یەکەم: داڕشتنی وشەکە لە عەرەبی دا باو نییە : قرب + ان*
*دووهەم: عەرەب بە جێی "قربان" و "قربانی" لە وشەی "الضحی" کەلک وەردەگرێ.*

لە ئاڤێستادا، زەردەشت سکاڵا لە دەست سێ دەستە لە دژبەرانی ئایینیی خۆی دەکا کە تەنگیان پێ هەڵچنیوە: کۆرپەن - کەرپەن، کەوی و ئوسیج. بە بۆچوونی بەشێک لە خاوەنڕایان، کەرپەن یان کۆرپەن دەبێ هەمان قوربان بێ و لە ئایینی میترادا ئەرکی قوربانی کردن و قوربانی وەرگرتنیان لە سەر شان بووبێ.

یەکەم کاری میترا دوای دەرکەوتنی لە سەر زەوی، قوربانی کردنی گایەک بوو. بۆیەش قوربانی لەو ئایینەدا گرینگ و یەک لە بنەماکانی ئەو دینە بووە. وەک دەزانین خۆر - هەتاو لای میترائیەکان تا ئاستی خوا پیرۆز بووە. بۆیەش ناکرێ قوربانی پێوەندی بە خۆرەوە نەبووە. جا لەو ڕوانگەوە من پێم وایە کرپن - کەرپەن - کۆرپەن - کۆرپان - خۆرپان - خۆربان هەمان " قوربان "ە و قوربانیش لە بنەڕەتدا " خۆربان " بە واتای پاسەوانی خۆر بووە. لە زمانی کوردیدا نمونەی گۆڕانی "خۆر" بە "قۆر" هەیە. بۆ وێنە " زەردەقۆرە " یان "زەردە قۆڕە " کە لە بنەڕەتدا "زەردە خۆرە" یان هەمان آفتاب پەرەستی فارسیە. "ی"ی قوربانیش یای پێوەندیە بە مانای کاری پاسەوانی لە خۆر.

بە دووریش نییە دەستەیەک لە پیاوانی ئایینی خۆیان کردبێ بە پاسەوانی قەبرستان و هەواڵی حاڵی مردووەکانیان بە زیندووەکان دابێ و لە بەرامبەردا حەقی گۆڕپانییان وەرگرتبێ. بەو بۆچوونەش قوربان دەتوانێ گۆڕدراوی "گۆڕبان" واتە پارێزەر و چاوەدێری گۆڕ بێ.

### کەڵەباب

### کەڵەشێر

نێرینەی مریشک لە زمانی کوردیدا کۆمەڵێک ناوی هەیە کە باوترینیان ئەو دوانەی سەرەوەن. هەردوو ناو لە دوو بەش پێکهاتوون و یەک ماکەیان هەیە. بەشی یەکەم "کەڵە" دەچێتەوە سەر وشەی "کەرگ"ی ئاوێستایی بە مانای باڵندە. بەو جۆرەی لە زمانی کوردیدا لە قەل، سیسارک، کەڵک یان لە فارسیدا لە کەلاغ، کرکس و..دا هەیە. بەڵام قسەی من لە سەر بەشی دووهەمی وشەکەیە کە لە ناوەندی کوردستاندا "باب" و لە باشوور "شێر"ە. دوو وشە کە بە ڕواڵەت پێوەندیەکیان بە یەکەوە نییە.

یەک لە تایبەتمەندیەکانی کەڵەشێر یان کەڵەباب خوێندن و بانگدانی بەرەبەیانیەتی. بانگی هاتنی ڕۆژ و دەرکەوتنی خۆر. سروشتیە ئەوەش لای پێڕەوانی ئایینی میترا گرینگ و پیرۆز بووە. ڕەنگە لەو ئایینەشدا جۆرێک بانگدان یان سەڵا خوێندنی بەیانیان لە لایەن مەلای ئاوەدانی یان پیاوی ئایینی هەبووبێ. بەڵام ئەوەی کەڵەباب دەیکرد، ئاکارێکی خوداپێداوی و لە راستای ئایینەکەدایە. ڕەنگە هەر پاشماوەی ئەو باوەڕە بێ کە کەڵەشێر هێشتا لە هێندێک ناوچەی کوردستان پیرۆزایەتیی خۆی لە دەست نەداوە. دانیشتوانی ماوەت لە باشووری کوردستان ئێستاش کەڵەشێر سەرنابڕن و گۆشتەکەی ناخۆن.

ئایینی میترا خاوەنی ٧ پلەی تەریقەت بووە. ئایین و تەریقەتێکی بە ڕەمز و ڕاز کە پێڕەوانی دەبوو نهێنی پارێز بن و ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە داب و دەستوورەکانی لێمان ونن. هەر ئیماندارێک ئەگەر ویستبای بچێتە ناو ئایینەکە دەبوو دوای هەوڵ و ماندووبوون و فێربوونێکی زۆر یەک بە یەک ئەو پلانەی بڕیبا. لە میترائیسمی ئوروپایی کە دواتر و چەند سەد ساڵ پێش مەسیحیەت چوو، پلەکان ئاوا دابەش دەبن:

قەلەرەشە (کلاغ) (corax)، پۆشراو (پوشیدە) (cryphius) شەڕڤان (سرباز) (miles) شێر (شیر) (leo) پرسا (پارسا) (perses) تەتەری خۆر (پیک خوشید) (lelio dromus) و پیر (پدر) (pater)

*بە پێی پلە و پایەی ئایینی لە ناو کورداندا دابەشکاریەکە دەبێ نۆژەن بکرێتەوە. بۆ وێنە ئاوا:*

*سوختە، میرزا، شەرڤان، شێر، مەلا، بابا، پیر*

ئەمانەی سەرەوە دابەشکاریی ٧ پلەی ئایینیی میترائیسمی ئوروپایین و ئەوەی ئەمڕۆ لەم ئایینە دەزاندرێ، زیاتر لە رووی پەرستگە و کۆتەڵ و شوێنە ئایینیەکانی ئوروپایە. بەڵام سروشتی‌یە کە ئایینەکە دەقاودەق و وەک خۆی نەچۆتە ئوروپا و گۆڕانکاری تێدا کراوە. بۆیەش ریزبەندی ئەو ناوانەی سەرەوە و دەقی ناوەکانیش ناکرێ هەر ئەوانە بن کە لە لای دانیشتوانی زاگرۆس وەک پێڕەوانی سەرەتایی ئەم ئایینە هەبووە.

لە ریزی ئەم ناوانەی سەرەوە، شێر وەک یەکێک لە پلەکانی ئایینی میترا دەبیندرێ. بەوەش ئەگەری زۆرە کەڵەشێر پێوەندی بەو پلە ئایینیەوە هەبێ؛ کەرگەشێر و دواتر کەرەشێر و سەرەنجام کەڵەشێر. باڵندەیەک کە کاری پیاوی بانگدەر لەو ئایینەدا دەکا. رەنگە یەک لە کارەکانی کەسێک کە بەو پلەیە گەیشتوە، بانگدان یان سەڵاخوێندنی بەیانی بووبێ.

بەڵام "باب" لە میترائیسمی بنەڕەتی یان میترائیسمی زاگرۆس دەکرێ ناوی یەکێک لە پلەکانی ئایینی میترائی بووبێ. ئەوەش بەو گۆڕ و مەزارە پیرۆزانە دەڵێم کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا هەیە: بابە قەتار ، بابە گوڕگوڕ.. هەروەها لە ئایینی یارسانیشدا ئەوە دەبیندرێ؛ بابە یادگار. ئەوەش دەتوانێ هۆکاری ناونانی کەڵەباب بێ.

لە سەر یەک هەردوو ناوەکە دەکرێ پێوەندیان بە ئایینی میترایی و گرینگیی بانگ و موژدەی دەرکەوتنی خۆر لە لایەن کەڵەشێر یان کەڵەبابەوە هەبێ.

بەو پێیە کە شێوەیەک لە وشەی "خروس" لە زۆرێک لە زمانە هیندوئوروپاییەکاندا بۆ ناوی کەڵەشێر هەیە، ڕەنگە ناوی کۆنتری ئەم باڵندەیە "خروس" بێ. "خۆروس"یش وێدەچێ پێوەندی بە خۆر و ڕۆز / ڕۆژ هەبێ.

**مەلە**

**مەلا**

مەلە بە واتای چوونە ناو ئاو، لە ناو ئاودا خۆ شوشتن و یاری کردن لە ناو ئاو دایە. وشەی مەلە لە زمانی کوردیدا سەربەخۆیە. لە زاراوەی کورمانجیدا " ئاژنە "ی پێ دەڵێن کە لە گەڵ "شنا"ی فارسی هاوڕەگن. هەروەها " سۆبایی " بە هەمان مانا وێدەچێ ڕەگی کۆنتری کارەکە بێ و لە گەڵ swimی ئینگلیزی هاوڕەگ بن. هەرچی وشەی مەلەیە، لە زمانی کوردیدا تاقە. هەر ئەوەش گریمانەی ئەوەی لام دروست کرد کە دەکرێ وشەکە لە سەردەمێکی تایبەتدا بۆ ئامانجێکی تایبەت داهاتبێ و دواتر پەرەی گرتبێ.

وەک دەزانین غوسڵ پێ کردن و شوشتن، دابی میترائیسم بووە کە دواتر چۆتە ناو ئایینی مەسیحیەتەوە. ئەم کارەش دەبێ "مەلە کردن" و "مەلە پێ کردن" بووبێ. بەو پێیەش وشەکە دەبێ سەر بە زاراوەی ئایینیی میترائی بێ. وشەی مەلە دەکرێ بە گۆڕانی ر بە ل، بچێتە سەر هەمان ناوی مێر یا مێهر. مێهرە ، مەهرە ، مەهلە ، مەلە.

**بە واتای شوشتن و پاک کردنەوە.**

**مەلا** : مەلا ڕەسمیترین پیاوی ئایینیی ناو کۆمەڵگای کوردستانە. ئەگەر ئەو گریمانەیەی سەرەوە بۆ مەلە ڕێی تێ بچێ، ئەوە دەکرێ "مەلا" وەک ناوی بکەر و ئەو پیاوە ئایینیەی کە ئەرکی غوسڵ دەرکردن و مەلە پێ کردنی هەبووە، لە هەمان وشەی مەلە وەرگیرابێ. دەشکرێ مەلا لە بنەڕەتدا "مەهرا" بووبێ وەک کەسێک کە ئەرکی " مارەکردنی" کچ و کوڕ یان ژن و پیاو لە یەکتری هەیە.

**مارە**

**مارەیی**

ماره، مارەیی و ماره کردنیش سەر بە زاراوەی ئایینی میترائین و دەچنەوە سەر وشەی " مێهر ".

*مەردم، مەردۆم (مردم)*

*مەرد*

*مێرد*

*مێر*

*مرۆ*

*مرۆڤ*

*مێرێ*

*میرزا*

*مێزەر*

*مرۆت*

*پیر*

*پیرۆت*

*پیرۆز*

مەردم بەو جۆرەی لە زاراوەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە هاوواتای " خەڵک "ە. وشەکە لە زمانی فارسیدا بە شێوەی " مەردۆم " زیاتر برەوی هەیە. رەنگە ئەوەش شێوە دروستترەکەی بێ. ئەگەر لە سەر ئەو بنەمایەش لێکی بدەینەوە ئەوە لە بنەڕەتدا دەکرێ " مێهر تۆم " بێ. مێهر وەک یەکێک لە ناوەکانی میترا و "تۆم" بە واتای تۆو، تۆرەمە. وشەی مەردۆم لە فارسیدا تاکە و لە کۆندا شێوەی کۆی وشەکە "مەردۆمان" بووە بە واتای تۆرەمەکانی مێهر.

مەردۆم لە سەر بنەمای ئادەم چێ بووە. ئادەم وەک ناوی یەکەم مرۆڤ لە سەر زەوی، چ لە سەر زاری خەڵک و چ لە دەقە ئایینیەکاندا هەر بەو جۆرە ناوی براوە. بەڵام ئەمن پێم وایە ناوی یەکەم ئینسانی سەر گۆی زەوی، جا بە هەر شێوەیەک پەیدا بووبێ یان ئەگەر تەنیا زادەی خەیاڵی ئینسانەکان بێ، ناکرێ ناوێکی درێژی وەک

"ئادەم"ی هەبێ. ناوەکە وێدەچێ "ئا" بووبێ و "دەم" درێژە و وەچەی " ئا " یان تۆم و تۆرەمەی ئایە. وشەی مەردۆمیش هەر لە سەر ئەم بنەمایە چێ بووە. بە واتایەکی دیکە ئادەم تۆرەمەی "ئا"یە و مەردۆم یان مەردم تۆرەمەی مێهر. ئا لە ئەلفوبێی زۆربەی زمانەکانی دنیادا یەکەمە. مرۆڤی لاڵیش دەتوانێ ئەم دەنگە بە گەرووی خۆی ساز بکا. دەنگێک کە لە قووڵایی گەروو دێتە دەر و پێویستی بە سووڕان و گۆکردنی زمان نییە. لە ناو کەلتوری کوردیشدا یەکەم مرۆڤەکان "باوکە وا" و "دایکە وا" بوون. ڕەنگە باوکە وا لە بنەڕەتدا "باوکە ئا" بووبێ. بەڵام "دایکە وا" کە لە زمانی عەرەبیدا بووە بە "حوا" ڕەنگە شێوەیەکی دیکەی "وا" بێ.

**مەرد** وێدەچێ هەر لە وشەی مەردۆم و دوای سوانی "م" کەوتبێتەوە. *مەردۆم - مەردۆ - مەرد*

ئەمە دەتوانێ بۆ وشەی ***مێرد، مێر، مێرۆ، مرۆ و مرۆڤیش*** هەر ڕاست بێ و سەرجەمیان دەچنەوە سەر وشەی مێهر، میثرا و میترا. **مێرێ** ناوە بۆ ژنان و بە "ێ"ی کۆتایی ناوەکەوە دەردەکەوێ کە مێینەی مێهرە. هەروەها ناوی **مرۆت** کە ئەویش هەر بۆ ژنانە، ڕەنگە لە بنەڕەتدا "مێهر ڕوو" یان "مێهر ڕۆژ" بووبێ.

**میرزا** پیاوێکی خوێندەوارە. ئاستی خوێندەوارییەکەی لە مەلا کەمترە. بەڵام ئەگەر پرسێکی ئایینی بێتە پێش و بە هەر هۆیەک مەلا ئامادە نەبێ، ئەوە میرزا ئەرکەکە ڕادەپەڕێنێ. بەوەش شیمانە دەکرێ میرزا لە "مێهرزا" یا "مێهرزاد" کەوتبێتەوەو یەکێک لە ٧ پلەی ئایینی میترائیسم بووبێ. ئەگەری ئەوەش هەیە کە میرزا شێوەیەکی شێواوی میثرا بێ بە گۆڕانی ث بە ز : میزرا.

**مێزەر** پێچ و کڵاوێکی ڕەنگ ئاماڵ سپییە. زیاتر سەروێنی سەری شێخ یان پیاوانی دیکەی ئایینی وەک میرزا بووە. وشەکە دەچێتەوە سەر وشەی میثەر و ناوی میثرا.

**پیر** دوا پلەی ئایینی میترا بووە. لە کوردستان مەزار و مەزارگەی دەیان پیر و پیاوچاک هەیە کە پاشماوەی پیاوانی پلەبەرزی ئەو ئایینەن. هەرچەند وێدەچێ دوای هاتنی ئیسلام و وەرگرتنی ئایینەکە لە لایەن خەڵک، بە جۆرێک ئەم پلە ئایینیەی دینی پێشوو تێکەڵ بە دینە نوێیەکە کرابێ.

**بەرەو پیر:** لە ئایینی میترادا، خۆر نیشانەی میترا و میتراش پیری سەرەکیی ئایینەکە بووە. ئیمانداران هەموو

بەیانیان لە کاتی دەرکەوتنی خۆردا بە پێشوازی خۆرەوە دەچوون و نوێژیان بۆ دەکرد. بەو کارەشیان دەگوت؛ بەرەو پیر چوون.

هەروەها وشەی پیرۆزیش پێوەندی بە پیری میترائیەوە هەیە کە لای خەڵک پیرۆز بووە. خۆ بە دووریش نییە کە پیرۆز هەمان "پیر رۆژ" بووبێ بەو جۆرەی لە سەرەوە باس کرا. پیرۆت کە ناوێکی پیاوانەیە رەنگە بەو جۆرە داکەوتبێ.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢٧ی جوولای ٢٠١٦

## سەبارەت بە وشەی تەگبیر



دۆستی خۆشەویست کاک شالیار کوردۆ پێشنیاری کردوە کە وشەی "تەگبیر" لە بری "پلان" دابندرێ و پێی وایە تەگبیر وشەیەکی کوردیە. بە پێچەوانەی "پلان" کە وشەیەکی ئینگلیزیە. دیارە دۆستانی دیکە پێشنیاری وشەگەلی وەک "گەڵاڵە"، "فیک" و هتد..یان کردوە کە بابەتی ئەم باسە نییە. بەشێک لە دۆستان تێبینیی‌یان لە سەر وشەی تەگبیر هەبوو و پێیان وایە کە تەگبیر هەمان "تدبیر"ی عەرەبی‌یە و منیش سەرەتا هەر پێم وابوو. بەشێکیش کە ئەمن یەک لەوانم، پێمان وایە کە تەگبیر بە مانای ڕاوێژ و پرس پێ کردنەو جێگای پلان ناگرێتەوە.

بەڵام سەبارەت بە ماکەی "تەگبیر"، وشەکە بە دوو شێوەی "تەکبیر" و "تەگبیر" لە زمانی کوردیدا هەیە. بە

تایبەت لە ناوەندی کوردستان لە موکریانەوە تا دەشتی هەولێر، وشەکە ڕمێنی هەیە.

*وشەکە لە فۆلکلۆریشدا جێگای دیارە و بەوەش نیشان دەدا کە رابردویەکی لەمێژینەی لە زمانی کوردیدا هەیە:*

*چەندم پێ گوتی بە تەگبیرم بی*
*بەقسەت نەکردم خودا گیرم بی*
*-----*
*راوەستا لە سەر بیرێ*
*بە کراسی گوڵ لیرێ*
*چەندی خۆم مەجبوور دەکرد*
*دەستم بۆ هەڵناگیرێ*
*دەڵێم بمدەیە ماچێ*
*جارێ دەکا تەگبیری*

تەگبیر / تەکبیر بە واتای بیر لێ کردنەوە، پرس پێ کردن و راوێژ کردنە.

تەگبیر - تەکبیری کوردی لە گەڵ "تدبیر"ی عەرەبی چ لە رواڵەتدا و چ لە واتادا یەک دەگرنەوە. بەڵام ئەوە کە ئاخۆ بنەمای وشە کوردیەکە هەمان "تەدبیر"ی عەرەبی‌یە یان عەرەب وشە کوردیەکەیان عەرەباندوە، بۆ من روون نییە. لێ قسەکەم لە سەر ئەو بنەمایە دەنووسم کە ئەگەر وشەکە لە بنەڕەتدا کوردی بێ، ئەوە دەکرێ لە دوو بەشی "تەک" و "بیر" چێ بووبێ. لە سەر وشەی "بیر" بە واتای "فکر" و "هزر" وەک پاژی دووهەمی وشەکە رەنگە پێویست بە باسی زیاتر نەکا.

بەڵام پاژی یەکەم واتە "تەک"، بە دوو واتای دژ بە یەک لە زمانی کوردیدا هەیە: یەکەمیان بە واتای یەک، تەنیا . دووهەمیش بە واتای "لە گەڵ" و "بە یەکەوە". بەو مانایەی دوایی بە تایبەت لە بنزاراوەی ئەردەڵانیدا زیاتر خۆی دەنوێنێ:

"لە تەک باوکم هاتم" یان "تەک باوکم هاتم"

"لە تەک مەلای ئاوایی چووین" یان "تەک مەلای ئاوایی چووین"

"لە تەک ماموستا قسە ئەکەم" یان "تەک مامۆستا قسە ئەکەم"

تەک لە زاراوەی کورمانجیدا دەبێ بە "تەڤ". "تەگبیر"یش کە بە پێی هەنبانەبۆرینە لە زاراوەی کورمانجیدا دەبێ بە "تەڤبیر".

بە پێی ئەو لێکدانەوەیەی سەرەوەش، وشەکە لە بنەڕەتدا "تەکبیر" بووە کە رەنگە هەم بە هۆی سروشتی فۆنەتیکیی زمانی کوردی "ک" بە "گ" گۆڕابێ و هەمیش بۆ دوورکەوتنەوە لە وشەی "تکبیر"ی عەرەبی بە مانای ئەڵلاهوئەکبەر گوتن، خوازەی گۆڕانی وشەکە لە تەکبیرەوە بۆ تەگبیر زیاتر بووبێ.

ئەگەر ئەم بۆچوونەش دروست بێ، ئەوە تەکبیر بە واتای "لە گەڵ کەسێکی دیکە بیر کردنەوە"، "وەرگرتنی بیر و بۆچوونی کەس یان کەسانی دیکە لە سەر بابەتێک" و لە سەر یەک "راوێژ کردن بۆ ئەنجامدانی کارێکە. واتایەکی دیکەی تەگبیر دەتوانێ "بیر لێ کراوە" بێ. بەو واتایە کە کارەکە "تەک بیر" و "لە گەڵ بیر" ئەنجام دەدرێ و "بێ بیر" و هەڕەمەکی نییە.

سەرچاوە: ویبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

## ژمارە لە زمان و کەلتوری کورددا

ژمارە لە کرداری "ژماردن"ە. کردارەکە بە شێوەکانی ژوماردن، ژماردن، شماردن، شوماردن و ژیمارتن یا ژمارتن دەبیندرێ. لە کورمانجیدا "هەژمارتن"یش هەیە. بەڵام باوترینیان لە زاراوەی سۆرانیدا "ژماردن"ە. شێوەی "مضارع"ی لە هێندێک بنزاراوەدا بە هەڵە وشەکە قلێپ بۆتەوەو بە شێوەی "بژاردن" بە کار دەبردرێ کە هەڵەیەو ئەمەی کردارەکە "ژمێر"ە: دە"ژمێر"م.

دوایی کردارێکی جیاوازە.

لە پاڵ کرداری ژماردن، کرداری تێکەڵاوی "حیساب کردن"یش لە زمانی کوردی دا بە کار دێ کە لە "حساب"ی عەرەبی وەرگیراوە.

جگە لەو کردارەو پەل و پۆپەکانی، لە زمانی کوردیدا وشەی "نمرە"ش هەیە کە بەرامبەرە لە گەڵ "عدد" و "رقم"ی عەرەبی و "number"ی ئینگلیزی. هەرچەند بە کاربردنی لە زمانی کوردیدا بڕێک جیاوازە و جاری وایە جێگای "دەرەجە" و "پلە"ش دەگرێ.

*ژمارە لە "سیفر"ەوە دەست پێ دەکا و منیش هەوڵ دەدەم بە ریز باسیان لە سەر بکەم:*

## 0 سیفر

سیفر لە وشەی "صفر"ی عەرەبی وەرگیراوە. صفر بە واتای بەتاڵ بوون و خاڵی بوون. لە زمانی کوردیدا وشەی "خاڵ"یش بە جێی سیفر بە کار دەبەن کە وێناچێ بۆ زۆر کۆن بگەڕێتەوە. ئەگەرچی پێوەندی نێوان صفر، خاڵی و خاڵ جێگای سەرنجە.

هاوتای صفر لە زمانی کوردی دا "هیچ"ە. ئەگەر بشمانهەوێ زیاتر کوردایەتی بە خەرج بدەین، ئەوە کەڵکەڵەی ئەوە لە دڵماندا ساز دەکەین کە صفر کە "هیچ پڕ" یا "هیچ بڕ"(بڕ بە واتای ڕادە و ئەندازە) کە بە شێوەی "چ پڕ - چ بڕ"یش گۆ دەکرێ بە واتای بەتاڵ و خاڵی، وەرگیراوە. "هیـ" سواوە، "چ" کە لە عەرەبیدا نییە بۆتە "صـ" و "پ"ش کە نییە وەک باوی ناو زمانی عەرەبە، بۆتە "ف". بەو جۆرە: هیچپڕ، چپڕ، صفڕ، صفر.

هەمان وشەی صفر پەڕیوەتە ناو زمانەکانی دیکەش. لە سەدەی سێزدە دا بە شێوەی Cifra چۆتە ناو زمانی لاتینەوە. لە سەدەی چاردە بە شێوە Chiffra لە زمانی فەڕانسە، لە سەدەی پازدە بە شێوەی Ziffer لە زمانی ئاڵمانی جێگای خۆی کردۆتەوە. هەر لە هەمان سەدە ئیتالیاییەکان صفریان بە شێوەی Zefiro - Zerro و

ئینگلیزیەکان وشەکەیان بە شێوەی Zero بە هەمان واتا وەرگرت. ئەم وشەیە بنەمای وشەی Cipher بە واتای سیفر و هەروەها جۆرێک لە رەمزە کە لە شکڵگەلی 0 چ دەبێ.

سیفر بە واتای هیچە. بەڵام هەموو شتێکیش لە سیفرەوە دەست پێ دەکا. هەموو ئەو شتانەی کە دەیبینین لە نەبوون و لە هیچەوە دەستیان پێ کردوە. بوون و نەبوونی "هیچ" خۆی گومان ساز دەکا:

- هیچت کرد؟ هیچم نەکرد!

- هیچت هەیە؟ هیچم لا نییە؟ لێرەدا هیچ گوزارە لە بوون دەکا.

لە راستیدا هیچ یا سفر خۆی بە دوو لای ئەرێنی و نەرێنی دابەش دەبێ. وەکچۆن لە کەشناسیدا سفری ئەرێنی روو لە گەرما و توانەوەیە و سفری نەرێنی روو لە سەرما و بەستەڵەک.

بەڵام سەرەڕای ئەو گرینگیەی "صفر" هەیەتی، زیاتر ئەو کاتە جێگە و پێگەیەکی هەیە کە حیساب و ژماردن لە ئارادا بێ. جا چونکە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی خوێندەوار نەبووە، ژمارەی سفریش جێگە و پێگەیەکی لە ژماردندا نەبووە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

---

## رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا

## درێژەی کوشتاری کۆڵبەران

لە نووسینی ئەم گۆشەیە بۆ ژمارەکانی داهاتووی "کوردستان"یشدا، ئەوەی کە زیاتر لە هەر رووداوێک بە ئاسانی پێشبینی دەکرێ کە بۆ هەر ژمارەیەک بینووسم، کردەوەی دژەمرۆڤانەی کوشتاری کۆڵبەرانی کورد بە دەست هێزە

سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییە. تراژدییەک کە بەردەوام و ڕۆژانە پاتە دەبێتەوە و ناکرێ لە چاوی هیچ چاوەدێرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ون بێ. لە دوو حەوتووی ڕابردوودا بە تایبەتی سنووری ماکۆ و چاڵدێران، بۆ کۆڵبەرانی کورد سنوورێکی خوێناویتر بوو. لەو ماوەیەدا نیزیک بە ١٠ کۆڵبەر بە دەسڕێژی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لەو سنوورە کوژران و بریندار بوون. ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە ١٥٠٠ کیلۆمیتر سنووری هاوبەشی لەگەڵ دوو وڵاتی تورکیا و عێراق هەیە. لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، درێژایی ئەم سنوورە بە خوێنی کۆڵبەرانی کورد ڕەنگاوە. کۆڵبەرانی سنوور ئەو کەسانەن کە لە دەست بەهەژاری هێشتنەوەی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتی تارانەوە پەنا بۆ کاری پڕ مەترسی و تاقەت پڕوکێنی کۆڵبەری دەبەن. بۆ ئەوەی لە بێکاریدا ناچار نەبن بۆ تێرکردنی بنەماڵەکەیان دەست بۆ هەر مەرد و نامەردێک پان بکەنەوە یان بە نانی جاشایەتی و جاسووسی دژ بە نەتەوەکەی خۆیان بژین. هەوڵێک کە پێچەوانەی سیاسەتی داگیرکەرە. سیاسەتێک کە لە سەر بنەمای برسی کردنی خەڵک بۆ بە دەستەندە خواردن و دواجار ملکەچ کردن داڕێژراوە.

## سوتمانی سروشت، کوشتاری گیانلەبەران

ئەگەرچی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی سەدەی ڕابردوو تا ئێستا لە سەر بنەمای دابین کردنی مافە نەتەوایەتییەکان بۆ نەتەوەی بندەستی کورد خۆی پێناسە کردوە بەڵام سیاسەتی دەسەڵاتی داگیرکەری تاران لە کوردستان تەنیا لە سەر بنەمای سەرکوت یان پێمل کردنی مرۆڤەکان دانەڕێژراوە. ئەم دەسەڵاتە وەک خەسڵەتی هەر داگیرکەرێک، دوژمنایەتی خۆی لە گەڵ سروشت و گیاندار و کانگا و هەر شتێک کە لە هەڵکەوتەی جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵکەوتبێ، پەرە پێ دەدا. ئەوەی بۆی هەڵبگیرێ تاڵانی دەکا و ئەوەش کە گەرەکی نییە، لە نێوی دەبا. سوتان و سوتاندنی لێڕەوار و چڕ و بەندەنەکانی کوردستان لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردووشدا بەردەوام بوون. ئەگەر بەشێک لەو سوتماکە دەرەنجامی هەڵەی دانیشتوانی کوردستان بێ، بە دڵنیاییەوە بەشی شێر بە ناوەندە ئەمنیەتی و چەکداریەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دەبڕێ. بەرامبەر بەوەش هیچکات کاربەدەستانی ڕێژیم هەوڵێکی لێبڕاوانەیان بۆ بەرەنگاری لە گەڵ ئەم بە خەڵووزکردنەوەی کوردستان نەداوە. ئەوەی کە بەردەوام بە گژ ئەم ئاگرەدا دەچێتەوە، دەستی بەتاڵی نیشتمانپارێزانی ژینگەپارێز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. ئەو دەستانەی بە تینی ئاگر دەسوتێن، بە گڕێی لقە داری ئاگرکوژاندنەوە بلۆق دەکەن بەڵام شێلگیرانە لە پارێزگاری لە نیشتمانەکەیان ناکەون. سیاسەتی قڕکردنی سروشت و گیانلەبەر لە لایەن دەسەڵاتی داگیرکەر لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوو، بە شێوەیەکی دیکەش خۆی نواند. چەکدارەکانی کۆماری

ئیسلامی ڕەوەیەکی زۆری ئەسپی کاسبکارانیان لە سنووری پیرانشار ریز کرد و دایانە بەر دەسڕێژ. دیمەنە خەماوەیەکانی کەلاکی ئەسپەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا دڵی هەر ژینگەپارێزێکی ئازار دەدا. ئەو دیمانانەن پێویستیی دامەزراندنی "دیپلۆماسیی سەوز" بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هێندەی دیکە دەرخست. دیپلۆماسی‌یەک کە چیدی خۆی لە گەیاندنی سەرکوتی نەتەوەیەکدا نەبینێتەوەو هاواری سروشت و گیانلەبەرانی کوردستان بە گوێی ژینگەدۆستانی سەرانسەری جیهان بگەیەنێ.

## وەشانی ڕۆژنامەو شەهیدبوونی ڕۆژنامەنووس

سەرەڕای دۆخی ئەمنیەتیی زاڵ بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا بەشێک لە مانگنامە و حەوتەنامەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژمارەی نوێیان لێ بڵاو بۆوە. مانگنامەکانی "ژیلوان" لە سنە و "پێشەنگ لە مەهاباد یان حەوتەنامەی "لووتکە" لە سنە نموونەی بەردەوامیی تێکۆشانی نووسەران، ئەدیبان و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. بەڵام سەرەڕای هەواڵی دڵخۆشکەر بۆ بەردەوامیی چالاکیی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵات، بە داخەوە هەواڵی شەهیدبوونی پێشمەرگەیەکی ڕۆژنامەنووس دنیای ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ڕەشپۆش کرد. لە درێژەی حزووری پێشمەرگەکانی حدکا لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو حیزبە هەواڵی شەهیدبوونی هەر یەک لە کاوە جەوانمەرد و سەرکەوت مرادی لە تێکهەڵچوون لە گەڵ هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕاگەیاند. کاوە جەوانمەرد لە نووسەرانی حەوتەنامەی داخراوی "کەرەفتوو" و لە دامەزرێنەرانی ماڵپەڕی "کوردپا" و لە نێو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناوێکی دیار بوو.

## سایەی دوکتور قاسملوو بە سەر ڕۆژهەڵاتەوە

سەرەڕای چڕبوونەوەی دۆخی ئەمنیەتی بە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ڕابردوودا کە تا ئێستا دەستبەسەرکرانی زیاتر لە ٣٠ چالاکی سیاسی و مەدەنی لێ کەوتۆتەوە، ڕۆژهەڵاتی‌یەکان بە شێوەی جۆراوجۆر یادی ٢٧ ساڵەی تیرۆری قاسملووی ڕێبەریان کردەوە. ئەگەرچی بە هۆی دۆخی ئەمنیەتیی سەپێندراو، دوکان و بازاڕی شارەکانی کوردستان بە ڕادەی ساڵانی ڕابردو دانەخران، بەڵام وەک لە بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕدا هاتبوو، خەڵکی کوردستان بە چۆڵکردنی شەقام و بازاڕەکان، بە تێچووی زۆر کەمترەوە تەقلی مانگرتن بوون. بەوەش جارێکی دیکە ڕق و بێزاریی خۆیان لە کردەوەی قێزەونی تیرۆری قاسملووی

ڕێبەر لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دەربڕی و بەو دەسەڵاتەیان سەلماندەوە کە سێبەری قاسملوو لە سەر رۆژهەڵات بە هەڕەشە و سەرکوتی دەسەڵاتی داگیرکەر نارەوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جوولای ٢٠١٦

---

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی ڕابردوودا

### سەردەشت؛ زامی شارێ کە زەمان ساڕێژی نەکرد

ژمارەی پێشووی "کوردستان" لە کاتی خۆ ئامادەکردنەکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی شیمیایی بارانی شاری سەردەشتدا بڵاو کرایەوە. شارێک کە بە دڵنیاییەوە بە هۆی کوردستانی بوونی، بوو بە قوربانیی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق. ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعسی رووخاو ٤ شوێنی ئەم شارەیان بە شیمیایی بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا نزیک بە ٢٠٠ کەس لە دانیشتوانی بێ دیفاعی شارەکە گیانیان لە دەست دا. هاوکات سەدان کەس لە ژن و منداڵ و پیر و لاو بریندار بوون. ئاسەواری ئەم قڕ کردنە دوای ٢٩ ساڵ هێشتا ساڕێژ نەبۆتەوە و بە سەر ژیان و جەستە و هەناسەی خەڵکەکەدا ماوەتەوە. یادکردنەوەی ئەم تاوانە دڵتەزێنە ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو لە لایەن دانیشتوانی شار بە تایبەت قوربانیان و بنەماڵەی قوربانیان کرایەوە بۆ ئەوەی دەنگی نووساوی خۆیان بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بگەیەنن. کۆماری ئیسلامی لە هێندێک بانگەشە بۆ دانی حەقانییەت بە خۆی لە شەڕی ماڵوێرانکەری لە گەڵ ڕێژیمی بەعس بترازێ، کەمترین هەوڵی بۆ سارێژ کردنەوەی برینەکانی ئەم شار داوە. تا ئاستێک کە عەلی لاریجانی سەرۆکی مەجلیس لە پەیامێکدا کە بەم بۆنەوە بڵاوی کردەوە، تەنانەت ڕۆژی ڕووداوەکەشی بە هەڵە نووسیبوو.

### ڕەشتر لە بان ڕەش

ڕاست لەو ڕۆژەدا کە خەڵکی سەردەشت و ناوچەکە بە بۆنەی ساڵرۆژی شیمیابارانی شارەکەیان ماتەمیان دەگێڕا،

دوو لاوی ئەو شارە کەوتنە بەر دەسڕێژی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و گیانیان لێ ئەستێندرا. کوژرانی ئەوان درێژەی ئەو کوشتارە بوو کە ساڵانێکە چەکدارانی کۆماری ئیسلامی دژ بە کاسبکارانی سەر سنوور گرتویانەتە بەر. هەر لە درێژەی ئەم ڕەوتی کوشتارەی کاسبکارانی کورددا و ڕۆژێک بەر لەو ئەنجامدانی ئەم تاوانە لە گوێزلێی سەردەشت، دوو خاتوونی کورد لە ناوچەی بانە کەوتبوونە بەر دەسڕێژی چەکدارانی ڕێژیم و گیانیان لێ ئەستێندرا بوو. بەوەش شاری تازیەباری ساڵوەگەڕی قەلاچۆ و قڕکردن، خەمی لێ بوو بە دوو خەم و ڕەشتری لە بان ڕەش پۆشی.

## بەرخودانی خەڵکی خاوەندار

کوژرانی دوو کاسبکار لە ناوچەی سەردەشت ئەمجارە بۆ کۆماری ئیسلامی و هێزە چەکدارەکانی بە خۆڕایی تەواو نەبوو. پاسدارانی کۆماری ئیسلامی دوای کوشتنی دوو لاوی خەڵکی گوندی گوێزلێ، دەستیان بە ئازار و گرتن و دەرکردنی دانیشتوانی گوندەکە کرد. لە بەرامبەردا خەڵکی ئاوایی لێیان وەدەست هاتن و چەکدارانی ڕێژیمیان ڕاو نا و ژمارەیەکی لێ بریندار کردن. ئەم بەرخودان و بەرگریە لە ئاوایی بێورانی سەردەشتیش دووپات بۆوە و دوای ئەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی پۆلێکی دیکە لە کاسبکارانیان دایە بەر دەسڕێژ و دەستیان بە سەر کەلوپەلەکانیان داگرت، خەڵکی ئاوایی هەڵیانکوتایە سەر پایگای کێلێ و وێڕای لێدان و کوتانی هێزە سەرکوتکەرەکان، بارە دەستبەسەرداگیراوەکانیشیان ئەستاندەوە.

## شەهیدبوونی پۆلێک پێشمەرگەی دێموکرات

لە درێژەی حزووری نیزامیی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستەیەکی دیکە لە پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە لە ناوچەی مەریوان کەوتنە بۆسەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی. لە بەرگرییەکی ئازایانەدا و لە شەڕێکی نابەرامبەری چەند ڕۆژەدا بە داخەوە پۆلێک پێشمەرگەی کوردستان شەهید بوون. هەر لەو شەڕەدا ژمارەیەک لە چەکدارانی ڕێژیمیش کوژران و بریندار بوون. تۆپخانەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیش جارێکی دیکە بەو بیانوویە چیا و بەندەنەکانی کوردستانیان دایەوە بەر ڕەهێڵەی تۆپەکانیان و بە سوتاندنی لێڕەوار و مووچە و مەزرای خەڵک، زیان و خەسارێکی زۆریان لە دانیشتوانی ناوچەکە و لە سامانی گشتیی کوردستان دا. هاوکات کۆماری ئیسلامی زۆر دوورتر لە مەریوان و لە سنووری

پیرانشاریش چیاکانی کوردستانی دایە بەر رەهێڵەی تۆپ و لە ئەنجامدا چەند کەس لە منداڵ و خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بریندار بوون و خەساری زۆری بە هاووڵاتیان و بە سروشتی کوردستان گەیاند.

## ژینگەپارێزان، پارێزەرانی نیشتمان

ئەگەر لە مەریوان تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی رووبەرێکی بەرینیان لە چیا کۆساڵان ئاگر دا، ئەوە لێرەوارەکانی مانێشتی ئیلام و مووچە و مەزرای شائابادی رۆژئاوا بێ تۆپخانەش ئاگر دران. بە هاتنەوەی وەرزی گەرما، جارێکی دیکە رەوتی سوتان و سوتاندنی لێرەوار و چیاکانی کوردستان دەستی پێ کردەوە. لایەنە بەرپرسیارەکانی کۆماری ئیسلامی نەک هەوڵێکی شێلگیرانە بۆ بەرگری و کوژاندنەوەی سووتانی سروشتی کوردستان نادەن بەڵکو لە چاوی خەڵکی کوردستاندا ناوەندە ئەمنیەتی و چەکداریەکان بکەر و هۆکاری سەرەکیی ئەو سوتمانەن و ئەوەش بە بەشێک لە سیاسەتی دوژمنایەتیی رێژیم لە گەڵ کوردستان سەیر دەکرێ. لە نەبوونی دەسەڵاتێکی دڵسۆز بۆ پاراستنی سروشت و سامانی گشتیی کوردستانیشدا، رێکخراوەکانی ژینگەپارێزی ئەمساڵیش بە کەمترین کەلوپەلی پێویست، هەر لە مانیشت و هانیوانەوە تا باکووریترین ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکان و پاراستنی نیشتمانەکەیانن.

## مانگرتن هەروا چەکی بەرەنگاری لە زیندان

لە دووی حەوتووی رابردوودا رەوتی گیران و دەستبەسەرکرانی چالاکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەروا درێژەی هەبوو. لەو ماوەیەدا بە تایبەتی گوشار بۆ سەر چالاکانی کرێکاری چڕ بۆتەوە ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەرخودان لە زیندانەکاندا هەر وا درێژەی هەیە. بە دوای مانگرتنی زیاتر لە یەک مانگی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، جەعفەر عەزیم زادە، سەرۆکی یەکێتیی ئازادی کرێکارانیش دوای نیزیک بە دوو مانگ مانگرتن، دەسەڵاتی ناچار بە پاشەکشە کرد. دەسەڵاتی دادوەریی کۆماری ئیسلامی بەڵێنیی بەجێگەیاندنی خواستە ئینسانیەکانی بە ناوبراو دا و مۆڵەتی دا تا دیواری زیندان بۆ ماوەیەکی نادیار بە جێ بێڵێ. هەر لەم پێوەندیەدا محەممەد عەبدوڵلاهی یەکێکی دیکە لە بەندکراوانی سیاسیی کوردیش دوای پتر لە یەک مانگ مانگرتن دژ بە سەپاندنی حوکمی ناڕەوای ئیعدام بە سەریدا، لە سەر بەڵێنی کاربەدەستان بۆ بەجێگەیاندنی داواکانی، کۆتایی بە مانگرتنەکەی هێنا.

لە ژمارە ٦٨٣ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

## رۆژهەلاتی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا

### کەبوودوەند و گەڕاندنەوەی باوەڕ بە هێزی خۆ

رۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی رابردوودا پڕ ڕووداو و لە خەباتدا ئەکتیڤ بوو. لە دوو حەوتووی رابردوودا دڵی خەباتی رۆژهەڵات جارێکی دیکە لە زیندانەوە کەوتەوە لێدان. محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دژ بە پیلانی دەزگا ئەمنیەتی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درێژ کردنەوەی ماوەی بەندکرانی، دەستی دایە مانگرتنێکی بێ سنوور. ئەوەش شەپۆلێک لە نارەزایەتی، وەرێخستنی خۆپێشاندان و کەمپەین، گوشاری ناوەندە سیاسی و رێکخراوەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، نووسینی نامەی نارەزایەتی لە لایەن چالاکانی ناوخۆ و مانگرتنی دیکەی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە زیندانەکانی رەژیم و هەروەها مانگرتن لە بەردەم ناوەندەکانی بریار لە وڵاتانی رۆژئاوای لێ کەوتەوە. دوا جاریش بەرامبەر بەو شەپۆلە بەرینەی نارەزایەتیی چالاکانی کورد، دەسەڵات ناچار بوو لە پیلانەکەی پاشەکشە بکا و تەنانەت دوای ماوەیەکی زۆر، کەبوودوەند توانی بۆ ماوەی چوار رۆژ لە زیندان بێتە دەر و سەردانی بنەماڵەکەی بکا.

مانگرتنی کەبوودوەند ئەگەر جارێکی دیکە لە زیندانەوە دڵی خەبات لە رۆژهەڵاتی کوردستانی خستەوە لێدان، نیشانی دا کە رۆژهەڵاتیەکان ئەو هێزەیان هەیە کە نەک هەر لە رێگای شەڕ و خەباتی چەکداری بەڵکو بە یەکگرتوبوون، بە دیپلۆماسی و بە نارەزایەتیی مەدەنی لە ناوخۆو دەرەوە پاشەکشە بە دەسەڵات بکەن و باوەڕیان بە هێزی یەکگرتووی خۆیان بێ.

## شەڕو تێکهەڵچوونی دەستەیەک پێشمەرگەی حدکاو سپای پاسداران لە ناوچەی شنۆ

لە ئاکامی شەڕ و تێکهەڵچوونی دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی حدکا لەگەڵ هێزەکانی سپای پاسداران ژمارەیەک جاش و چەکداری سپا کوژران.
ڕۆژی چوارشەممە، ٢٦ ی جۆزەردان دەستەیەک لە پێشمەرگەی ئەو حیزبە لە گوندی قەرەسەقەل لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم دەرگیر بوون و لە ئاکامی شەڕێکی قورسی چەند سەعاتەدا ژمارەیەک لە هێزەکانی سپای پاسداران کوژراون. لە ناو کوژراوەکاندا حاجی سەمەد بۆستانی، جێگری فەرماندەی سپا لە شاری شنۆ دەبیندرێ. یوسف ئەحمەدی و ئەسکەندەر ماماڵ خەڵکی نەڵۆس دوو کوژراوی دیکەی هێزەکانی ڕێژیمن کە هەواڵی کوژرانیان تا ئێستا پشتڕاست کراوەتەوە.

لە ڕاگەیەندراوێکی حدکا دا کە لە ماڵپەڕی ناوەندیی ئەو حیزبە بڵاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە کە لەو شەڕ و تێکهەڵچوونەدا چەند پێشمەرگەیەکی ئەو حیزبەش پاش شەڕێکی قارەمانانە بە داخەوە شەهید بوون.

شایانی باسە سپای پاسداران لەو شەڕەدا بە شێوەیەکی دڕندانە هێرشی کردۆتە سەر گوندی قەرەسەقەل و چەند ماڵێکی ئەو گوندەی بەتەواوی خاپوور کردوە و زەرەر و زیانی ماڵیی زۆری لە خەڵکی ئەو گوندە داوە.

## درێژەی ژینۆسایدی کۆڵبەران

دوو حەوتووی رابردوو، وەک مانگ و ساڵەکانی پێش خۆی، هەر وا حەوتووی کوشتاری کۆڵبەرانی هەژاری کورد بوو. لەو ماوەیەدا لانیکەم ٨ کۆڵبەری دیکەی کورد کەوتنە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و گیانیان لێ ئەستێندرا. هەروەها کرێکارێک وەسەر مین پەڕی و تەرمی کرێکارێکیش دوای شەش لە ژێر ڕنوو، دۆزرایەوە. ئەوەش لە حاڵێک دایە کە بێکاری لە شارەکانی کوردستان هەروا بێداد دەکا و کرێکاران و خەڵکی هەژاری کوردستان بە شێوەی جۆراوجۆر ناڕەزایەتیی خۆیان دەردەبڕن.

## کرێکارانی بێ حەقدەست و بێکار

سەرەڕای هەڵگیرانی بەشی زۆر لە گەمارۆ ئابووریەکان، بێکاری یان نەدانی حەقدەست بە کرێکاران، لە کوردستان

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەگرتوتر دەبێ. لە ماوەی دوو حەوتوی ڕابردوودا کرێکاران لە شارەکانی سنە، ورمێ، پاوەو کرماشان چەندین جار خۆپێشاندان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتیان وەڕێخست. هەروەها کرێکارانی کارخانەی پۆڵای زاگرۆس لە قوروە، دژ بە نەدانی حەقدەستەکانیان چوونە تاران و ناڕەزایەتیان دەربڕی. هەموو ئەوانەش لە کاتێکدایە کە بەشی زۆری پڕۆژە و سازەکان لەوانە سازکردنی بەنداو لە پارێزگای ئیلام و ٥١ پڕۆژەی چنینی فەڕش بە نیوەچڵی ماونەتەوە. کارگە و کارخانەکان یەک لە دوای یەک دادەخرێن و شارەداریی سنە بڕی ١٠٠ میلیارد تمەن بە خاوەنکارەکان قەرزدارە. نەبوونی ئاسایشی کار بۆ ئەو بەشە لە کرێکاران کە هێشتا کاریان هەیە، کێشەیەکی دیکەی کرێکارانە. لەم پێوەندیەدا دوو کرێکار بە هۆی دارمانی خاک، لە شاری پاوە گیانیان لە دەست دا.

## کوشتن و خۆکوژی

کێشە کۆمەڵایەتیەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا قوربانیان لێ دەکەوێتەوە. ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتوی ڕابردوودا لەم بارەوە ڕۆژانێکی خوێناوی تێپەڕ کرد. نەداری، کێشەی بنەماڵەیی، ناموس پارێزی، خەمۆکی و ململانێ لە سەر ماڵی دنیا لەو هۆکارانەن کە بەردەوام قوربانیان لێ دەکەوێتەوە. لە ماوی ڕابردودا پیاوێک لە شنۆ و کچێک لە بۆکان خۆیان کوشت. هەروەها لە شاری خۆی و لە دوو ڕووداوی جیاوازدا دوو کچ، یەکیان لەلایەن باوکییەوە و ئەوی دیکەشیان لە لایەن خاڵییەوە کوژران. ئەندامێکی شورای گوندی حەسەن نوورانیش لە شاری شنۆ بە هۆی کێشەی زەوی و زار، کوژرا.

## خۆڕاگری زیندان و درێژەی ڕەوتی دەستبەسەرکردنی چالاکان

ڕەوتی دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی دوو حەوتوی ڕابردوش هەروا درێژەی هەبوو. ئەوەش هاوکات بوو لە گەڵ ئەو بەرخودانەی کە لە زیندانەوە جۆش و گوڕی بە خەباتی کورد لەو بەشەی کوردستان دایەوە. لەو ماوەیەدا لانیکەم دوو چالاکی سیاسی لە کرماشان و سنە دەستبەسەر کران، بەندکراوێک لە بەندیخانەی ئیتلاعاتی خۆی لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژرا. هاوکات لە گەڵ ئەو بەرخودانەی کە سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە زیندانی ئێڤینی تارانەوە دەستی پێ کرد، شەپۆلێک لە پشتیوانیی بەندکراوانی کورد لە سەرانسەری زیندانەکانی ئێرانەوە هاتە ئاراوە.

لە ژمارە ٦٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی جوونی ٢٠١٦

## سزای "محاربە"، دەسمایەی کوشتنی ئازادیخوازان

### بە بۆنەی ساڵەوەختی ئیعدامی شەهید مەنسووری ئاروەند

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، هەواڵی ئیعدامی هاوڕێ مەنسووری ئاروەند، تێکۆشەری ئازادی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و قارەمانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بڵاو بۆوە. بەوەش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی بە دەفتەری ئەستوور و پڕ لە تاوانی ئەم ڕێژیمەوە لکاند.

شەهید مەنسووری ئاروەند لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، بە تاوانی هاوکاریی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستبەسەر کرا و دواتر لە دادگا فەرمایشییەکانی ڕێژیم دا بە هەمان هۆ، تۆمەتی "محاربە لە گەڵ خوا"ی لێ درا و حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپا.

لە بە ناو یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیدا، "محاربە لە گەڵ خوا" تایبەت بە تێکۆشەرانی سیاسی و دژبەرانی ئەم ڕێژیمەیەو وەک قورسترین تاوان بۆ ئازادیخوازن، حوکمەکەی ئیعدام یان بڕینەوەی دەست و لاقی تۆمەتبارە.

تاوانی "محاربە و مفسد فی الارض"" لە ئایەتێکی قورئانەوە وەرگیراوە. بە پێی ئایەتی ٣٣ لە سورەی "مائیدە": "کەسانێ کە بەرهەڵستی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوێنی فەسادی سەر دنیان، سزایان کوشتن، لە داردان یان بڕینەوەی دەست و قاچیانە."

ئەم ئایەتە ئەگەرچی رووی لە خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، بەڵام هەر لە کۆماری ئیسلامییەوە تا ئەلقاعیدە و داعش و زۆربەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و نگریسانەی بە ناوی ئیسلامەوە حکومەت دەکەن، وەک ئامرازێک بۆ کوشتنی جیابیران و بەرهەڵستکاران کەلکی لێ وەردەگرن. بەکاربردنی ئەم ئایەتە لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکانی لە گوێرەی ئەو، بەو ئامانجانەیە:

١- گرینگ نییە تێکۆشەران و رزگاریخوازان چەندەیان باوەڕی بە خوا هەیە. گرینگ ئەوەیە چەندە باوەڕیان بەو تەعریفە پڕ لە زەبروزەنگە لە خوا هەیە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی خۆی لە خوا بۆ خەڵکی ساویلکەی دەکا.

٢- گرینگ نییە بەرهەڵستکار چەندە باوەڕی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام هەیە. گرینگ ئەوەیە چەندە باوەڕی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک "کۆپیی دەسەڵاتی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام" هەیە.

٣ – دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە ڕێی گونجاندنی ئەم ئایەتە لە بە ناو یاسای سزادانی خۆیدا گەرەکیەتی نیشان بدا کە حکومەتەکەی حکومەتی خوا، وەلی فەقیهەکەی جێگرەوەی پێغەمبەر، دەسەڵاتەکەی کۆپیەک لە دەسەڵاتی ئیسلامیی سەردەمی پێغەمبەرەو کەسێکیش دژ بە وەلی فەقیە و ئەو نیزامە بێ، ئەوە دژ بە خوا و پێغەمبەر و ئایینەکەیەتیو سزاکەی، سزای "محاربە" و "شەڕ لە گەڵ خوایە".

٤- کۆماری ئیسلامی بە بەکاربردنی ئەم ئایەتە وەک سزا، گەرەکیەتی قەباڵەی خوا و پێغەمبەر بە ناوی خۆیەوە بنووسێ، دزێوترین کردەوەکانی خۆی بە کردەوەکانی خوا و پێغەمبەرو ئیسلام لە قەڵەم بدا و هەر جۆرە دژایەتیەک لە گەڵ ئەم سیستمە و کردەوەکانی بە دژایەتی لە گەڵ خوا و پێغەمبەر دەرخواردی خەڵکی ساویلکە بدا.

٥- سزای محاربە دژ بە ئازادیخوازان زۆر پێش لەوە کە پیادەکردنی شەرع بێ، شەرعیەتدان بە کوشتنی ئازادیخوازان و جیابیرانە. ئەویش لە پێناو راگرتنی دەسەڵات و بۆ پاراستنی یەکێک لە نیزامە هەرە نگریسە دژە ئینسانیەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.

لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا، ئەوە سادقی خەلخالی بوو کە بۆ یەکەم جار و بە پێی ئەم ئایەتە لە قورئان، سەدان و هەزاران کەسی بێ تاوانی بە بێ لێکۆڵینەوە و تەنانەت بێ دادگایی، بە گومانی جیابیری، ئیعدام کرد. دوا جار کردەوەکانی خەلخالیی جەلاد چوونە نێو یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامییەوە و هەتا ئێستا بە پێی بەندەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە لە بەناو یاساکانی ئەم رێژیمەدا، گیانی هەزاران تێکۆشەری رێگای ئازادی و رزگاری لە ئێران و لە کوردستان ئەستێندراوە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە بە کاربردنی ئەو ئایەتە بۆ کوشتنی جیابیران و تێکۆشەرانی ئازادی، گەرەکیەتی وا بنوێنێ کە هەر کەس و لایەنێک دژ بەو سیستمە دیکتاتۆرە بوەستێتەوە، ئەوا دژی خوا وەستاوەتەوەو ئەم ئایەتەی لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامەوە بۆ سەردەم و شێوەی دەسەلاتی خۆی راکێشاوە، بەلام هەر بە پێی ئەو ئایەتەی قورئان، دانانی عەلی خامنەیی لە ئاست پێغەمبەری ئیسلام، پێک گرتنی دەسەلاتی ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەر لە گەڵ دەسەلاتی پڕ لە گەندەڵی، پڕ لە هەژاری و جیاوازیی چینایەتی، پڕ لە هەلاواردن، پڕ لە بەرتیلخۆری، دەسەلاتێک کە هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی بلاوکەرەوەی مادە هۆشبەرەکانن و دەسەلاتێک کە بۆ هەموو دیاردە نێگەتیڤ و نائینسانیەکان بووە بە نمونەی خراپترین و دزێوترین ولات لە جیهاندا، داکشاندان و داشکاندنی ئەم هەموو پێداهەلگوتنەیە کە ئیسلامییەکان لە سەردەمی دەسەلاتی پێغەمبەری ئیسلامی دەکەن. لە راستیدا بەکاربردنی ئەم ئایەتە لە لایەن کۆماری ئیسلامی و هەر دەسەلاتێکی دیکە دەچێتە خانەی کفر، بێ رێزی بە ئیسلام و دوا جار نزم کردنەوەی پێغەمبەری ئیسلام تا ئاستی کەسێکی تاوانباری وەک عەلی خامنەیی.

لە ساڵوەگەڕی ئیعدامی هاوڕێ مەنسووری ئاروەند، سلاو دەنێرم بۆ رۆحی پاکی ئەو شەهیدە تێکۆشەرەی رێگای رزگاریی کوردستان و سەرجەم ئەو ئازادیخوازانەی نێو سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە سزای بێ بنەمای "محاربە" ئیعدام کران.

لە ژمارە ٦٨١ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٦

## ئاژاوە ، ئاژاوەگێڕ ، ئاژاوە گێڕان

وشەی ئاژاوە ئەو مانایانەی خوارەوەی هەیە:

- پشێوی
- ئاڵۆزی
- کەس بە کەس
- بەزم و هەرا
- غەڵبەغەڵب و زەنازەنا
- کێشە، شەڕ و نێوان ناخۆشی لە نێوان دوو یا چەند کەس
- قەرەباڵغی و کۆبوونەوەی ئاپۆرای خەڵک بە دەوری ڕووداوێکدا
- تێکچوونی دۆخی ئاسایی

وشەکە رەنگە بنەمای جیاوازی هەبێ:

- ژاوە ژاوە: دەنگە دەنگ و هەرا کە کەس بە ئاسانی لەویدی تێنەگا
- ژاندن: بە مانای تێکوەردان و ئاڵۆز کردن
- ئاژ: بنەمای کرداری ئاژین بە مانای بەردانی ئاو

بەڵام ئەمن پێم وایە بنەمای وشەکە "ئاش ئاوە" یا هەمان ئاشی ئاوێیە.

ئاش ئاوە - ئاشاوە - ئاژاوە

بۆچی ئاشی ئاوێ؟

ئاش کەرەسەیەکە بۆ وردکردنی دەنکی گەنم و خەلەی دیکە تا مرۆڤ بتوانێ بە ئاسانی بیخوا. ڕەنگە یەکەمین ئاش دانانی گەنم لە سەر بەردێک و کوتانی بە بەردێکی دیکە بووبێ. دواتر بۆ ئەوەی لە یەکجاردا هەم ڕێژەیەکی زیاتری گەنم ورد بکا و هەمیش دەنکە گەنمەکان نەپەڕن و بە فیڕۆ نەچن، بەردی ژێرەوە قووڵ کرابێ.

پەرەگرتنی ئەم شێوە وردکردنە هاوەن یان دەستاونگ (دەست هاوەن)ی لێ کەوتۆتەوە. لە گەڵ پەرەگرتنی حەشیمەت و ڕادەی ئەندامانی خێزان، مرۆڤ پێویستی بە وردکردنی ڕێژەیەکی زیاتر لە گەنم و خەلە بووە. لە کار بە دەستاونگدا تەنیا کوتان ڕۆڵی نییە و هاڕینیش دەوری هەیە. لەوەوە مرۆڤ بیری لەوە کردۆتەوە کە بە جێی وردکردن، کەرەسەیەک ساز بکا کە کاری هاڕینی بۆ بکا. بەو جۆرە هاڕە یان دەستاڕ پەیدا بووە. وشەی هاڕە دەبێ لە دەستاڕ کۆنتر بێ. دەستاڕ پێکهاتەی دوو وشەی "دەست" و "هاڕ"ە. ئەمەش دەبێ بەرامبەری هاڕین بە ئامێر بێ. واتە ناوەکە لە بەرامبەر ئاشهاڕ یان کەرەسەیەکی لەو جۆرە داندراوە. بەڵام شیمانە ناکرێ دەستاڕ دوای ئاش پەیدا بووبێ. بۆیەش "هاڕە" کە لە ماکی "هاڕین" چێ بووە، ئەشێ ناوێکی کۆنتر بێ.

حەشیمەت بەردەوام لە پەرە گرتندا بووە و بنەماڵەش لە گەورە بوونەوەدا. ئەوەش پێویستیی زیاتری بە خواردەمەنیی زیاتر و داخستنی ئازووقە بووە. وێڕای ئەوە کار بە هاڕە، هەم سەخت و هەم کەم دەرکەوتە. بۆیە مرۆڤ بیری لە دەزگایەک یان کەرەسەیەک بۆ هاڕینی زیاتر کردۆتەوە. بەو جۆرە ئاش پەیدا بووە. ڕەنگە کۆنترین ئاش بە هێز و باهۆی مرۆڤ گەڕابێ. دواتر ئاژەڵی گەورەی وەک کەر، گا و ئەسپ بۆ گێڕانی ئاش دەکار کراون. لە گەڵ بەرەوپێشچوونی زەمان، مرۆڤ بیری لە بە کارهێنانی وزەی سروشتی و لەوانە ئاو و با کردۆتەوە. بەو جۆرەش ئاشی ئاوێ و ئاشی با  پەیدا بوون. دواتر ئاشی ئاوری یان ئاشی میکانیکی پەیدا بوو.

وێناچێ لە کوردستان ئاشی با ڕمێنی بووبێ. کوردستان دەشتایی نییە و هەر بۆیەش کەلکوەرگرتن لە وزەی با لە دۆڵ و داوێنی کێوەکان کە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکە، ئاستەمە. ئاسەوارێکی ئەوتۆش لەو جۆرە ئاشە لە کوردستان نییە. بەڵام کوردستان وڵاتێکی پڕ ئاوە. بۆیەش ئاشی ئاوێ لەم وڵاتە ڕمێنی زۆر بووە. ئاشی ئاوێ لە بەرامبەر ئاشی با یان ئاشی باهۆدا بووە نەک لە بەرامبەر ئاشی ئاور. لە ناو کولتور و زمانیشدا ئەم جۆرە ئاشە ڕەنگدانەوەی زیاترە. وەک:

- ئاو لە ئاشی دوژمن کردن
- ئاش گێڕێک ئاو بریتی لە ئاوێکی زۆر و بە خوڕ
- هەر دارێ نەهاتی بوو دەبێتە چەقەنە
یان: دارێک ئەگەر خودا غەزەبی لێ گرت دەیکا بە چەقەنەی ئاشی
- بووم بە چەقەنەی ئاشی
- ئاشێک کە لە میستن بێ، ئاخری هەر دەمیزێ
- ئاشی ئاو لێ بڕاو
- سەرم لە ئاشیدا سپی نەکردوە
- نیوی بە کۆرەگەی ئاشیدا چێ
- لە ئاشی زۆری پێ چووە لە ڕێیە پەلەی دەکا!
- ئاشی نەزانی خوا دەیگێڕێ

**بەڵام بۆچی ئاژاوە لە ئاشی ئاوێ وەرگیراوە؟**

لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا، ئاشی ئاوێ یەکەمین و گرینگترین ئامێر و کارخانە بووە. هەڵبەستن و کارپێکردنی شارەزاییەکی تایبەتی و زۆری ویستوە. تا ئاستێک کە خەڵکی ئاسایی هەڵبەستنی ئاشیان بۆ شەیتان گەڕاندۆتەوە. "باوەڕی خەڵکی ئاسایی وا بووە کە یەکەمجار شەیتان ئاشی ئاوێی هەڵبەستوە. دواتر کە بۆخۆشیان لە سەر هەمان دەستوور هەڵیانبەستوە، بە سەرسوڕمانەوە دیتوویانە هی خۆیان کار ناکا. ئەوە بوو کە بە دوای شەیتاندا چوون و یەخەیان گرت تا بێ و رازی شێوەی دروستی هەڵبەستنی ئاشی ئاوییان پیشان بدا." (قادری فەتتاحی قازی - رازی ئاشی ئاوێ)

بە پێی ئەو بۆچوونە باو و خەڵکیانەی سەرەوە ئاشی ئاوێ کاری شەیتانە. شەیتانیش بە فیتنە و شۆفاری بە ناوبانگە. کەواتە ئاژاوە چ بە مانای تکنیک و فرتوفێڵ و چ بە مانای هەرا و هوریا ساز کردن کە زیاتر بە هۆی دەنگی چەقەنەیە لە ئاشی ئاوێ دا، دەتوانێ لە ئاشی ئاوێ ، ئاش ئاوە ، ئاشاوە ، ئاژاوە چێ بووبێ.
کرداری سەرەکیی ئاژاوە، "گێڕان"ە؛ ئاژاوە گێڕ ، ئاژاوە گێڕان. وەک دەزانین هەمان کردار بۆ ئاشیش هەیە:

ئاش گێڕان، ئاشم دەگەڕێ.. ئەوەش متمانەی زیاترمان لە سەر بنەمای وشەکە پێ دەدا.

وشەی بەرامبەری "ئاژاوە" لە زمانی فارسیدا "آشوب"ە کە وێدەچێ ئەویش هەر لە بنەمای "ئاشی ئاوێ" چێ بووبێ.
آش آب - آشاب - آشوب



سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٩ی مای ٢٠١٦

## وسووکەند، خانەگێ

لە پەنا شاری مەهاباد و لە سەرەتای دەشتی شارویران دوو گوندی زۆر لەمێژینە هەن بە ناوەکانی وسووکەند و خانەگێ. زمانی فارسی وەک زمانی حکومەتی ئێران کە دەسەڵاتی بە سەر ناوچەکەدا هەیە، ناوی ئەم دوانەی بۆ "یوسف کەندی" و خانەقاە" گۆڕیوە.

ئەوەندەی پێوەندی بە گۆڕان لە ناوی "خانەگێ" هەیە، بە دروستی ناوەکەی بۆ مانای ئەم سەردەمەی وشەکە گۆڕیوە. کەم و زۆر وشەی خانەقا لە ناو خەڵک بە تایبەتی لای پیران و پێڕەوانی تەریقەتەکان هەیە و ناسراوە. خانەقا ئەو شوێنەیە کە دەروێش و سۆفی و خەڵیفە لێی کۆ دەبنەوەو زیکری لێ دەکەن.
بەڵام پێوەندیدار بە ناوی وسووکەند، وێناچێ وشەکە پێوەندی بە یوسفەوە هەبێ.

لە هێندێک زاراوەی زمانی کوردی بە تایبەت زاراوەی موکریانیدا وشەی یوسف کورت دەبێتەوەو بە شێوەی "وسوو" گۆ دەکرێ. هاوکات پاشگری "کەند"ی مەغولی یان تورکی بە سەر کۆمەڵێک گوند و ئاوایی دەڤەرەکەوە دەبیندرێ وەک حاجیالێکەند، کەپەکەند، قەرەکەند، ئۆرتەکەند و.. بەڵام گریمانەی ئایینی بوونی ناوەکە بە سەرنجدان بە شوێن و بەرامبەری ناوی خانەگێ بە دوور نازانم. وێڕای ئەوە بە دەگمەن ناوێکی کوردێندراو لە گەڵ پاشگرێکی تورکی یان مەغولی بە ناوی شوێنەکانەوە ماوەو ئەوەش گریمانەی مەغولی یان تورکی نەبوونی ناوی ئەم گوندە زیاتر دەکا.

وسووکەند لە پەنا ئاسەواری مێژوویی بەردەکونتێ و بەرامبەر بە ئەشکەوتی فەقرەقا هەڵکەوتوە. ئەوانەو کۆمەڵێک ئاسەواری دیکە لەم دەوروبەرە مێژووی کۆنی ناوچەکەمان بۆ دەگێڕنەوە. شارەزایان پێیان وایە بەردەکونتێ شوێنێکی ئایینی بووە. ژمارەیەکی زۆر پلیکانی بچووک مرۆڤ بەرەو ئەشکەوت و بودرێ و رەهەند رێنوێنی دەکەن کە بە وتەی شارەزایان ئاورگە یان شوێنی قوربانی بوون. کەواتە هەم خانەگێ و هەمیش وسوکەند شوێنی ئایینی بوون و دەکرێ ناوەکەیان پێوەندی بە ئایینەوە هەبێ. وەک چۆن خانەگێ بە مانا ئەمڕۆییەکەی لە خانەقادا لە خوێندن و پاشگری "گا/گە/گێ" بە مانای "جێ/جێگە/جێگا" چی بووە و شوێنی خوێندنی سروودی ئایینی و زیکرە، ئەوە وسووکەندیش دەتوانێ لە "سوکەند"ی بە مانای سوێند و شوێنی سوێندخواردن و جێگای تۆبەکردن چێ بووبێ.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٦

---

## سوێند

سوێند خواردن بریتییە لە پەیمان بەستن یان سڕینەوەی شک و گومان. ئەگەر بۆ ئەنجامدانی کارێکی خراپ، گومان لە کەسێک بکرێ، کەسەکە دەتوانێ سوێند بخوا و گومان لە سەر خۆی لابا. هەروەها سوێند خواردن بۆ بەڵێن دان بە ئەنجامدانی کارێک یان بە جێ هێنانی پەیمانێک یاخود وەفادار بوون بە مانەوە لە سەر پەیمان و بەڵێنێک بە کار دێ.

وشەکە لە زمانی کوردیدا بیچمی جۆراجۆری هەیە: سوێن، سوون، سۆند، سووند، سوێند، سۆکەند و لە فارسیشدا "سۆگەند" یان "سەوگەند".

فارسەکان دەڵێن وشەکە لە بنەڕەتدا بۆ مادەیەکی تراو بووە کە لە "سۆدیۆم" و "گۆگرد" پێکهاتوە و سوێندخۆر دەبوو بیخواتەوە تا بڕوای پێ بکرێ. ئەگەر مردبا ئەوە درۆزن بوو و ئەگەر ژیابا ئەوە راستگۆ.

بەڵام من پێم وایە بنەمای وشەکە لەوە سادەترە. لە ناو ئەو بیچمانەی سەرەوەیدا، سۆکەند لە هەموان ساخترە و بەو جۆرەی خوارەوە چێ بووە:

سۆ: شک، گومان، دوودڵی

کەند: رەگی کرداری کەندن (هەڵکەندن، هەڵقەندن)

ئەم دوانە بە یەکەوە "سۆکەند"یان پێک هێناوە بە مانای هەڵکەندنی گومان و دوودڵی. رەنگە ئەم هەڵکەندنی گومان و دوودڵیە لە درێژایی زەمان و لە فەرهەنگ و ئایینە جیاوازەکاندا شێوەی جۆراوجۆری هەبووبێ بەڵام سوێند بە خوا و پیرۆزیە ئایینیەکان باوترین شێوەی سوێند خواردنە.
کەسێ کە گومانی لە سەرە ئەسێ سوێند بخوا تا گومانەکە لە سەر خۆی هەڵکەنێ و متمانە بۆخۆی بگێڕێتەوە. بەڵام ئەوەی لەم لێکدانەوەیەدا هێشتا گرێپوچکەیە، گەردانی سوێندە لە گەڵ کرداری خواردن؛

*سوێند بخۆ*

*سوێند دەخۆم*

*سوێندی خوارد*

*فڵانی کەسێکی سوێندخۆرە*

*ئەو کچ و کوڕە سوێندخۆری یەکترن..*

*یان لە فارسیدا: سوگند خوردن*

*بەڵام سوێند هەمیشە لە گەڵ خواردن نییە:*

*سوێند دان: سوێندت دەدەم*

*سوێند لێ کەوتن: سوێندت لێ کەوت (بە درۆ سوێندت خوارد)*

*سوێند لە سەربوون (سوێندم لە سەرتە، سوێندت لە سەرم نییە؛ واتە گومانم لێتە، گومانت لێم نییە یان گومانت لە خۆڕایە)*

*سوێندکاری: سوێند خواردنی بە کۆمەڵ بۆ پەیمانی گشتی*

*سوێندگر: کەسێ کە دوای سوێندخواردن تووشی بەڵا و نەهامەتی بێ*

**لە فارسیدا: سوگند یاد کردن**

**سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٠ی مای ٢٠١٦**

## *بزووتنەوەی کورد لە نێوان دێموکراسیخوازیی ئێرانی و رزگاریخوازیی کوردستان دا*

**بە دوای رووخانی کۆماری کوردستان، ستراتیژیی سیاسیی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بێ ئەوەی بڕیارێکی جەمعی لەسەر درابێ، گۆڕانی بەسەردا هات. نوخبەی سیاسیی کورد لە دوای کۆمار بە شوێن پەسیوێکدا بوو کە بتوانێ خۆی لێ بگرێتەوە و درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا. ئەوانەی کە رۆژهەڵاتیان بەجێ هێشت، بەشی زۆریان بوون بە بەشێک لە بزووتنەوەی سیاسی - نەتەوەیی پارچەکانی دیکە و ئەوانەش کە مانەوە بوون بە بەشێک لە بزووتنەوەی "ئازادیخوازی" لە ئێران. لە روانگەی هەردووی ئەو دووانەدا کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو، بەڵام کێشەکەی کێشەیەکی سەربەخۆ نەبوو. یان بەشێک بوو لە جوغرافیایەکی بەرینتر بە ناوی کوردستان کە دەبوو دوای رزگاربوونی بەش یان بەشەکانی دیکە رزگار بکرێ یا لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێراندا و لە ئێرانی ئازاد و دێموکراتی داهاتوودا دەبوو چارەسەری بۆ بکرێ.**

**لە کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتدا تای تەرازووی کێشەکە بە لای لایەنە کوردستانیەکەدا شکایەوە. واتە**

سەرچاوە Serchawe

کورد لە رۆژهەڵات دەبوو پرسی خۆی هەڵپەسێرێ و ببێ بە هێز بۆ بەشێکی دیکەی کوردستان و خەرج و پیتاکی بۆ کۆ بکاتەوە. بەڵام وەک چۆن دوو بۆچوونەکە پێش لە کۆنگرە هەبوون، قورس بوونی تای تەرازوو لە کۆنگرە نەیتوانی کۆتایی بە ململانێکان بێنێ. لە ئەنجامدا لاگرانی ئێرانی دێموکراتیک کۆمیتەی ئینقلابی ئەوکاتیان دامەزراند. کۆنگرەی سێهەمی حیزبی دێموکرات لە نێوان تێزی "رۆژهەڵات بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستان" و "رۆژهەڵات بۆ دێموکراسی لە ئێران"، سەنتێزێکی دانا. واتە کورد لە هەمان کاتدا کە ئێرانی بوو و بۆ ئێرانی دێموکرات تێدەکۆشا، لە گەڵ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە بەشەکانی دیکەش هاوکاریی دەکرد و هاوکاری لێ وەردەگرت. ئەمجارە کورد لە "کوردستانی ئێران" مافەکانی خۆی روونتر گەڵاڵە کرد بەڵام دەستبەربوونی ئەو مافانەی هەروا لە چاوەڕوانی بۆ دوای دامەزرانی ئێرانێکی ئازادو دێموکرات هێشتبۆوە. لەم پێناوەشدا بۆ هاوپەیمان دەگەڕا. رێچکەیەک کە هەتا ئێستاش کەم و زۆر گوتاری سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانە.

بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو کاتەوە تا ئێستا بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە، بەردەوام خۆی وەک بەشێک لە هێزی دێموکراسیخوازی ئێران پێناسە کردوە. لە روانینی سیاسیی کوردی رۆژهەڵاتدا دەستەبەربوونی مافەکانی لە گرەوی هاتنە سەر کاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک لە تاراندا بووە. بەوەش بزووتنەوەیەک کە دەبوو وەک هەر بزووتنەوەیەکی گەلانی بندەست، بزووتنەوەی "رزگاریخوازی نەتەوەیی" با، بوو بە بەشێک لە بزووتنەوەی "ئازادیخوازی سەراسەری".

### دێموکراسی بۆ ئێران

پێناسەی ئێمە لە دەسەڵاتی تاران زۆر جیاواز نییە لەو پێناسەیەی ئازادیخوازێکی تارانی لەو دەسەڵاتەی هەیە. لە روانگەی هەردووکمان ئێستا دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر لە تاران لە سەر کارە و دەبێ جێگای خۆی بۆ دەسەڵاتێکی دێموکرات بە جێ بهێڵێ تا هەموان لە ژێر سێبەری ئەم درەختی دێموکراسیەدا بحەسێنەوە. جیاوازیمان تەنیا لە تەفسیری نەوعی ئەو دێموکراسیەیە کە حکومەتی داهاتوو پێویستە هەیبێ.

هەوڵی زۆرمان بۆ رووخانی دەسەڵاتێک کە نە کورد دەستی لە دامەزراندنی دا بووە و نە دەتوانێ بیرۆخێنێ و نە هیچ نیشانەیەک هەیە بۆ ئەوەی ئەگەر رووخا لە سازکردنەوەی سیستمی نوێدا بەشداریی پێ بکرێ، ئێمەی لە حاند کۆماری ئیسلامی لە سیاسەت بەتاڵ کردوە. دوژمنایەتیەکی رەق و رووتی بۆ هێشتوینەتەوە. هەر لەو

سۆنگەیەش دایە کە دوژمنایەتی ئێمە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتێک کە ئێستا لە تاران لە سەر کارە، زیاتر وەک دوژمنایەتیی کەسێکی بێ هێز لە گەڵ بەهێزێک یان دوژمنایەتیی بنەماڵەیەک لە گەڵ عەشیرەتێک دەچێ هەتا دوژمنایەتیی لایەنێکی رزگاریخواز لە گەڵ هێزێکی داگیرکەر. بۆیەش هەر جۆرە موزاکرەیەک لە گەڵ ئەو دەسەڵاتە لە چاوی بەشێک لە تاکی کورد دا خیانەتەو ئەوەی بە کەمتر لە رووخانی ئەم دەسەڵاتە رازی بێ، خیانەتکارە! لە راستیدا ئەم بۆچوونە نە دەرەنجامی رادەی شۆڕشگێڕ بوون بەڵکو بەرهەمی بە لارێداچوونی خەباتی ئێمە وەک خەباتی نەتەوەیەکی بندەستە کە بە جێی هێزی رزگاریخواز و رزگاریدەری کورد، خۆمان کردوە بە هێزێکی رووخێنەری دەسەڵاتی ناوەند لە تاران. تازە ئەگەر ئەم رێژیمەش بڕووخێ، لێمان روون نییە کە چ جۆرە دەسەڵاتێک جێی دەگرێتەوەو دەسەڵاتی داهاتوو چی بۆ ئێمەی کورد تێدایە. یان لە بنەڕەتدا کۆمەڵگای ئێرانی چەندە ئامادەی قەبوڵکردنی ماف و ئازادیەکانمانە؟!

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرە، دەسەڵاتێکی قانوونمەند نییە و وەک هەر دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک، تێیدا بنەماکانی ئایدۆلۆژیا گرەو لە یاسا دەبەنەوە، حاشای لێ ناکرێ. تەنانەت ئەو جارانەش کە بەندێک یان چەند بەند لە یاساکەی بە قازانجی خەڵک بن بەڵام جێبەجێ کردنیان جۆرێک لە هەرەشە بۆ سەر بنەما و ئایدۆلۆژیاکانی خۆی لێ بکەوێتەوە، بە ئاسانی پشتیان تێ دەکا و جێبەجێیان ناکا. بەڵام ئەگەر کۆماری ئیسلامیش بڕووخێ، خۆ دەسەڵات لە تاران بە پێچەوانەی ویستی حەشیمەتی هەراوی ناوەند دانامەزرێ. پرسیار ئەوەیە ئاخۆ لە دەرەوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، سەدا چەندی خەڵک و چالاکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی لە ئێران باوەڕیان بە مافی نەتەوەکان و لەوانە نەتەوەی کورد لە ئێراندا هەیە؟ ئاخۆ تاکی کورد دەتوانێ بە ئاسانی پەنجەکانی دەستی خۆی بە ژمارەی ئەو کەسایەتی و چالاکە سیاسیانە پڕ بکاتەوە کە دان بە مافی کورد دا دەنێن و لە پێناویدا تێ دەکۆشن؟ بە داخەوە وڵامی ئەمە لای من "نا"یە. هەر ئەوەش پێمان دەڵێ کە خۆ خەریک کردنی زۆری ئێمە بۆ رووخاندنی دەسەڵاتی ئێستای تاران کە نە ئۆپۆزیسیۆنێکی رووخێنەری جیددی هەیە و نە روونە کەی دەڕووخێ و نە بە رووخانیشی لە دامەزراندنەوەی دەسەڵاتی نوێدا رۆڵێکی ئەوتۆمان پێ دەدرێ، خۆ خەریک کردنێکی بە خۆڕاییە و لە ئەسڵی بابەت و ئەرکەکانی خۆمان دوورمان دەخاتەوە. لەوەش زیاتر دانانی هەموو ئاوات و خولیاکانمان لە تەبەقی دیموکراسیی دوارۆژی ئێراندا، هەڵەیەکە کە رێگامان زۆر لێ دوور دەخاتەوەو لەوەی کە ئێستا هەین، پتر بڕستمان پێ ناهێڵێ و زیاتر تووشی بێ ئەنگیزەیی سیاسیمان دەکا. بە درێژایی تەمەنی دەسەڵاتەکان لە ئێرانی هاوچەرخدا، کورد نە عونسورێکی ئەکتیڤ بووە بۆ رووخانی

دەسەڵاتەکان و نە لە سازکردنیشیاندا نەقشێکی پێ دراوە. هیچ گرەنتیەکیش نییە کە دەسەڵاتی دوای کۆماری ئیسلامی حەتمەن ئەو دەسەڵاتە بێ کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین. ئەگەر گریمان دەسەڵاتی دوای ئەم رێژیمە بە شێوەی رێژەیی هەڵگری بنەماکانی دێموکراسیش بێ، تازە ئێمە دەکەوینە قۆناخی لانیکەم بیست ساڵ لەوە پێشی خەباتی کورد لە تورکیا و لە باکووری کوردستان. بەڵگەشم ئەوەیە کە مافی کورد نەک لای دەسەڵاتدارانی تاران و تەنانەت ئۆپۆزیسیۆنەکەی لە دەرەوەو ناوخۆ نییە، تەنانەت لە ناو کۆمەڵگای ئێرانیشدا دان پێدا نەنراوە. بەو پێیەش بەستەری دامەزرانی "دێموکراسی لە ئێران" بەو تەعریفەی کە ئێمە لە دێموکراسی و لە دێموکراسیەک کە مافەکانی نەتەوەی کوردی تێدا جێ ببێتەوە، نییە.

کەواتە کورد دەبێ بێ وەبەرچاو گرتنی ئەوە کە کێ لە تاران حوکم دەکا و ئەو حوکمە تا چەند دیکتاتۆر یان دێموکراتیکە، خۆی رێک بخا و لە سەر جوغرافیای خۆی بە دوای مافەکانی خۆیدا بگەڕێ نەک لە تاران و لە دالانەکانی سیاسەت لە ناوەند.

## داگیرکەر و داگیرکراو

تەعریف و پێناسەمان بۆ دەسەڵاتی کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان، هەر چۆنێک بێ، چ وەک دەسەڵاتێکی سەربەخۆ پێناسەی بکەین یان واحیدێکی خودموختار لە ئێران، دەسەڵاتی تاران و ئەرتەشەکەی بە بێ رێککەوتن لە گەڵ ئەم دەسەڵاتە، هێرشیان بۆ کرد، روخاندیان و داگیریان کرد. دوا جاریش سەرۆک کۆماری کوردستان و رێبەرانی کۆماریان ئیعدام کرد. ئەوە راستە کە کۆمار نەیتوانی هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بگرێتەوە، بەڵام ئەم کیانە سیاسی - نەتەوەییە هەتا ئێستاش بنەمای خەباتی نەتەوایەتیی ئێمە لە کوردستانەو لە دڵی رزگاریخوازانی کوردستاندا لە هەر شار و ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان، زیندوویە. کەواتە ئەگەر مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆماری کوردستانەوە دەست پێ بکا، ئەوە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای داگیرکرانی کۆمار، یەکەیەکی جوغرافیایی داگیرکراوە. دەسەڵاتی تارانیش چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ ئێستا و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لە کوردستان دەسەڵاتێکی داگیرکەرە. بەو پێیەش خەباتی ئێمە دەبێ خەباتی نەتەوە و خاکێکی داگیرکراو دژ بە دەسەڵاتێکی داگیرکەر بێ. لە ستراتژیی خەباتی ئێمەدا، داگیرکەر دەبێ وڵاتەکەمان بە جێ بێڵێ و تەنیا بە رێککەوتن لە گەڵ دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان مۆڵەتی بوون لە ناو ئەم یەکە جوغرافیاییەی هەبێ. تا کاتێک ئەمە پێناسەی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە دەسەڵاتی تاران نەبێ،

کابرای تارانی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ پێمان بڵێ، ئەگەر رازین لە ئێران بمێننەوە و ئەگەریش ناڕازین، ئەوە بڕۆن لە وڵاتێکی دیکە بگیرسێنەوە!

کەواتە ئێمە دەبێ دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، وەک هێزی داگیرکەر ببینین نەک بە تەنیا وەک هێزی دیکتاتۆر.

## ئازادیخواز یان رزگاریخواز و رزگاریدەر؟

ئەگەر بمانهەوێ خۆ لە دووپاتکردنەوەی مێژووی لانیکەم ٥٠ ساڵی رابردووی خۆمان ببوێرین، دەبێ پێناسەیەکی دیکە بۆخۆمان و بۆ دوژمنەکەمان بکەین. پێناسەی ئێمە لە دەسەڵاتی تاران هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی پاشایەتیەوە هەتا ئێستا پێناسەی ئازادیخواز لە دیکتاتۆر بووە. ستراتژیی ئێمە هەمیشە لە پێشدا ئێرانێکی دێموکرات بووە. چ ئەو کاتە کە ستراتژیمان "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو و چ ئێستا کە "ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵ"مان دەوێ. نەک ئەوە کە پێم وا بێ ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا خراپە، نا، بەڵکو ئەو ستراتژیە و ئەو پێناسەیە، ئێمەی لە ئەرکی سەرەکیی خۆمان دوور خستۆتەوە. بەو پێناسەیەوە بووین بە بەشێک لە هێزی ئازادیخوازی ئێرانی. هێزێک کە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان، لە بەهێزبوون و لاوازبووندا بووە بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا خەمی ئەو خەمی مافی نەتەوە بندەستەکان نەبووە. تەنانەت زۆرێک لە لایەنە ئازادیخوازە ئێرانیەکان سەرەڕای هەڵگرتنی دروشمە دێموکراتیکەکان، هیندەی دەسەڵاتی تاران دژ بە ماف و ئازادیەکانی کورد وەستاونەتەوە یان لە باشترین حاڵەتدا دانیان بە هێندێک مافی سەرەتایی لە گوێن مافی شارۆمەندی ناوە. لە ژێر ئەم سیاسەت و ستراتژیەش کە بە درێژایی چەند دەیەی رابردوو گرتومانەتە بەر، کورد لە ئێراندا خاوەنی کەمترین پشتیوانیە. بۆیەش بزووتنەوەی کورد دەبێ پشت بە هێزی نەتەوەیی خۆی ببەستێ و لەم پێناوەشدا دەبێ پێناسەی ئێستای لە خۆی و لە دوژمنەکەی بە پێناسەی داگیرکراو لە داگیرکەر بگۆڕێ. دەبێ بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات پێناسەی خۆی لە هێزێکی ئازادیخوازی ئێرانی - کوردیەوە بۆ "هێزی رزگاریخوازی کوردستان" بگۆڕێ. لەوەش زیاتر ئەوەندە خۆ بە هێز بکا تا ببێ بە هێزی رزگاریدەری نەتەوەیی.

## ستراتژیی "دێموکراسی بۆ ئێران" بنەماکانی نەتەوەیی کاڵ کردۆتەوە

رزگاریخوازی داکۆکی و هەوڵدان بۆ رزگاریی نەتەوەیەک بە ناوی کورد لە ژێردەستی و ئازاد کردنی خاکێک بە

ناوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یان کوردستانی ڕۆژهەڵات لە داگیرکراویە. مەرج نییە ئەم ڕزگاریە حەتمەن لە جۆری جودایی لە ئێران و سەربەخۆیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ. بەڵکو پێش لەوە کە بە دوای چۆنیەتی چارەسەری پرسی نەتەوەییدا بچێ، بۆ پتەو کردنی بنەماکانی نەتەوەیی و نیشتمانی لە ناو تاکی کورد و لە کۆمەڵگای کوردستاندا تێدەکۆشێ. بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کۆمەڵگای خۆی بە بنەما دادەنێ و یارمەتی لە ئازادیخوازانی ئێران و جیهانیش وەردەگرێ. ڕەوتێک کە لە دێموکراسیخوازی بۆ ئێراندا تۆخ نییە و تا ڕادەیەکیش پێچەوانەیە. تەعریفی نەتەوە لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی تا ئێستای کوردی ڕۆژهەڵاتدا سنووردار بووە. تاکی کورد تا ئاستێکی نە زۆر کەڵەگەت مافی کورد بوونی هەبووە. دوای ئەو ئاستە ئیدی تاکێکی ئازادیخوازی ئێرانی بووە. ئەم بزووتنەوەیە هەمیشە دەستێکی بە دروشمی پاراستنی یەکپارچەیی ئێران و ڕەسمیەتی زمانی فارسیەوە گرتووە و بە دەستەکەی دیکەی هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانی داوە. ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوە کە چەمکی نەتەوایەتی لە لای تاکی کوردی ڕۆژهەڵات نەهادینە نەبێ. ئەوەی کە ئێستاش لای کورد و تاکی کوردی ڕۆژهەڵات هەیە بەشی زۆری لە ژێر شوێندانەریی کورد و بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بووە.

لە باری جوغرافیاییشەوە هەتا ئێستا کورد و بزووتنەوە سیاسیەکەی لە ڕۆژهەڵات تەعریفی ناڕوونی لە خاکی خۆی هەیە. هەتا ئێستاش نەیتوانیوە خاوەنی نەخشەی نیشتمانەکەی خۆی بێ. نەخشە لای ئەو سەلماندنی دابەشکاریی ئوستانەکانە. لە حاڵێکدا پێوانەی دەسەڵات بۆ دابەشکردنی ئوستانەکان، هیچکات نەتەوە نەبووە. لە باری یەکگرتوویی نەتەوییشەوە دوای زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی بەردەوام، کوردایەتی هێشتا لە کۆمەڵگای کوردستاندا بۆ وێنە بە ڕادەی تورک بوون و تورکایەتی لە شارەکانی ئازەربایجان پەرەی نەگرتوە. خواستی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر لە سەر سۆز بنیات نراوە نەک لە سەر بنەمای تێگەیشتن و پێویستی. زۆربەی ئێمە لە خۆشەویستیی حیزب و پێشمەرگە و چەکدا ڕێی خەباتمان هەڵبژارد نەک بە دوای مافە نەتەوایەتیەکانماندا. نوێنەرێکی کورد لە مەجلیس زۆر بە سانایی دەتوانێ پشت لە خواستە نەتەوەییەکانی بکا. بە دەگمەن بەهائەدین ئەدەبێکیان تێدا هەڵدەکەوێ. لە کاتێکدا تورکایەتی بۆ نوێنەرە تورکەکان بە ڕیفۆرمخواز و ئوسولگەراو سەربەخۆوە، هەمیشە پایەیەکی کار و تێکۆشانە. لە هەر تریبوونێک بۆ دەربڕینی هەستی نەتەوەیی خۆیان کەڵک وەردەگرن. بەردەوام هەوڵی دەرپەڕاندنی نەتەوەکانی جیرانیان و بڵاوکردنەوەی خۆیان دەدەن. ئێمە مێژووی ڕاستەقینەمان هەیە و کاری لە سەر ناکەین کەچی ئەوان مێژووی درۆیینەی خۆیان لە سەر ئەم خاکە بۆ ٥ هەزار ساڵ دەگەڕێننەوە. بە بێ ئەوەی حیزبی سیاسی و ڕێکخستنی سیاسیان هەبێ، بە سەدان کەسیان لەم

پێنــاوەدا کــار دەکەن. کەچــی لای کــورد لە زۆر شــوێن و لە زۆر بنەمــاڵەی کــورددا کوردبــوون کــرچ و کــاڵ و پێنەگەیشتوویە. ئاخاوتن و تەنانەت نووسین و هونەرنواندن بە زمانی فارسی لە جێی زمانی دایکی نەک کەسری شان نییە، جۆرێک لە شانازیشە. سەرەڕای بوونی زۆر بنکەی فێرکردنی زمانی کوردی، دایک و باوکەکان بە دەگمەن هەست بە پێویستی خوێندنی مناڵەکانیان بە زمانی کوردی دەکەن. لە ناو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر نین ئەوانەی خۆیان فێری خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی کردوە. لە حاڵێکدا کتێب و چاپەمەنی بە زمانی کوردی بە لێشاوە و لە زۆربەی شارەکان خولی فێرکردن بە زمانی کوردی هەیە. ئەگەر ئاوڕێک لە سەد ساڵ خەباتی خوێن و قوربانیدانی خۆمان بدەینەوە و لە گەڵ بۆشایی نەبوونی جووڵەیەکی ئەوتۆی تورکەکان لە ناوچەکەدا بەراوەردی بکەین، قوڵایی ئەم کەم دەسکەوتیەی خەباتەکەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ.

## دیموکراسیخوازی بۆ ئێران پرسی کوردی دوا خستوە

لە ڕۆژەکانی کۆتایی تەمەنی کۆماری کوردستانەوە هەتــا ئێستا، بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵات بەردەوام داکۆکی لە یەکپــارچەیی ئێــران کــردوە. لەم پێناوەشــدا زۆر شــتی فیــدا کــردووەو تێچــووی زۆری داوە. کەچــی دەبینــین دەسکەوتەکانی لە زیانی زیاتر نەبووە:

١- ستراتژیی دیموکراسیخوازی، کورد و بزووتنەوە سیاسیەکەی بە شوێن ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا هەڵوەداو وابەستە کــردوە. زۆر جــاریش لە پێنــاو ئەم ســتراتژیەدا ناچــار بــووە هەوڵ و هەزینــەی ئۆپۆزیســیۆن ســازی بــدا یــان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە سەر زگی خۆی بحاوێنێتەوە بێ ئەوەی هیچ خێرێکی لێ ببینێ.

٢- چونکە ستراتژیی ڕزگاریی خاک و نەتەوە بەدەر لە ئێرانی ئازاد و دێموکرات، لە دکترینی سیاسیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتدا نەبووە و مادام کوردیش بە تەنیا ناتوانێ دەوڵەتی ناوەندی بڕووخێنێ، پێشمەرگەی کوردستان ناچار بووە زۆر بە ئاسانی و بێ بەرگریی ئەوتــۆ خــاکی خۆی بە جێ بێڵێ. دوای داگیرکرانی خاکەکەشی هەوڵی ئازادکردنی لانیکەم بەشێکی نەداوە. دوا جــاریش کە هیچکام لە فاکتەرەکــانی ڕووخــانی دەسەڵات لە ناوەنــد شک نابا، تووشی نائومێدی و چەقبەستوویی دەبێ.

٣- هەر ئەم چاوەڕوانیە بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی ناوەند، وای لێ کردوە کە بەردەوام چاوەڕوانی لێدانی هێزێکی

دەرەکی لە ئێران و روخاندنی دەسەڵاتی ئێستای تاران لە لایەن وڵاتێکی دەرەکیەوە بێ.

٤- هیچ روون نییە کە بە روخاندنی دەسەڵاتی ئێستای تاران، حەتمەن دەوڵەتێکی دێموکرات، ئەویش بە تەعریفی کورد لە دێموکراسی، بێتە سەر کار. کەواتە ئەوەش کە بۆ روخانی ئەم رێژیمە سەرف دەکرێ، تێچوویەکی لە جێگای خۆیدا نییە.

٥- ستراتژیی ئێرانی ئازاد و دێموکرات نەیتوانیوە رێژەیەکی ئەوتۆ لە لاگرانی ماف و ئازادیەکانی خەڵکی کوردستان لە ناو نەتەوەی باڵادەست و لە ناو لایەنەکانی هەڵقوڵاو لە ناوەندی ئێران بۆ کورد دەستەبەر بکا. لە حاڵێکدا لە تورکیا و لە عێراق لانیکەم ئیسماعیل بێشکچی یان جەواهێریەک پەیدا بوون. کەواتە لەم بارەشە کورد قازانجی لەو دروشمە نەکردوە.

٦- سەرەڕای زیاتر لە نیوسەدە خەبات بۆ ئێرانی ئازاد و دێموکرات، کەمتر کەس و لایەنی ئێرانی بڕوا بە کورد دەکەن کە نایهەوێ جیا بێتەوە. کەواتە لەوەشدا چ دەسکەوتی نەبووەو هەوڵێکی بەخۆڕایی بووە.

٧- هەوڵدان بۆ ئێرانی ئازاد و دێموکرات لە دکترینی سیاسیی بزووتنەوەی کوردی رۆژهەڵاتدا بەشێک لە وزە و توانایی ئەم نەتەوەیەی وەک تاک و تەنانەت لە ئاستی حیزب و رێکخراویشدا، راستەوخۆ بۆ ناو ئەو لایەنە ئێرانیانە گواستۆتەوە کە مینهایی پرسی کورد، وەک حیزبە کوردیەکان بۆ ئێرانی ئازاد و دێموکرات خەبات دەکەن.

٨- دانی پێدا بنێین یان نا، بەشێکی زۆر لە تێچووی خەباتی تا ئێستای ئێمە لە پێناو دێموکراسی بۆ ئێراندا بووە. دێموکراسی بۆ ئێرانیش بەحرێکی ئەوەندە بەرینە کە بە دڵۆپی خوێنی پێشمەرگەی کوردستان رەنگین نابێ.

٩ - لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئیدەئالی "ئێرانی دێموکرات" ئەوەندە بۆ کورد دوورەدەست بووە کە هەستی ناهومێدی و کەم توانایی بۆ تاکی کورد و بزووتنەوەی کورد لێ کەوتۆتەوە.

## دروشمی رووخاندن

دوای ئەوەی موجاهیدینی خەڵق و دواتر بنی سەدر و ژمارەیەکی دیکە لەو کەسایەتی و لایەنانەی لە بنیاتنانەوەی

سیستمی نوێی دەسەڵات لە ئێراندا بەشدار بوون، کەوتنە بەر رق و قینی خومەینی، لە عێراق گیرسانەوە، شورای میلیی موقاوەمەتی خەڵکی ئێرانیان پێکهێنا. ئەم شوورایە، رێکخراوێکی بە هێز بوو کە دەکرا وەک ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامی سەیری بکرێ. ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی و چەند مانگ پێش کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەم حیزبە لە گەڵ شورا کەوتە دانوستان. شورا رازی بوو کە خودموختاری وەک مافی خەڵکی کوردستان لە بەرنامەی خۆیدا بگونجێنێ. بەرامبەر بەوەش حیزبی دێموکرات دروشمی روخانی کۆماری ئیسلامی هەڵگرت. لە راستیدا هەڵگرتنی ئەم دروشمە لە لایەن حیزبی دێموکرات دەرەنجامی معامەلە و دانوستان لە گەڵ موجاهیدینی خەڵق و شورای میلیی موقاوەمەتی خەڵکی ئێران بوو. داوایەکی دیکەی شورا ئەوە بوو کە ئەم حیزبە بۆی نییە بکەوێتە وتوویژ و موزاکرە لە گەڵ کۆماری ئیسلامی. داوایەک کە روون نییە حیزبی دێموکرات چەندەی قەبوڵ کرد و دوا جاریش هەر لە سەر ئەوە شورای بە جێ هێشت یان بە وتەی موجاهیدین و لایەنەکانی دیکە، لە شورا دەرکرا.

هەردوو بابەتی وتوویژ و رووخان ئەگەر بە جیا سەیریان بکەین، جوان، دروست و پێویستن. بەڵام ئەگەر لە دەلاقەی ستراتژیی دێموکراسیخوازی بۆ ئێرانەوە هەڵیانسەنگێنین، نارێک و ناکۆکن.

هیندەی دەگەرێتەوە سەر دروشمی روخاندنی دەسەڵات لە تاران، ئەوە یەک لە پێویستیە سەرەکیەکانی دێموکراسیخوازی بۆ ئێرانە. چونکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیکە و ئاستەمە لە ناو ئەم سیستمەدا دێموکراسی سەقامگیر بێ. هەرچەند رووخانی ئەم رێژیمە راستەوخۆ بە مانای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیک نییەو هاتنەسەرکاری دەسەڵاتێکی دێموکراتیکیش بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی کوردستان بە مانای دەستەبەر بوونی مافەکانی کورد نییە. وەک پێشتریش نووسیومە، روخاندنی دەسەڵاتی ناوەند، ئەرکی سەرەکیی هێزی رزگاریخوازی نەتەوەیەکی بندەستی وڵات داگیرکراوی وەک کورد لە ئێران نییەو بەم هێزە و بەم نەتەوەیەش نە دەروخێندرێ و نە ئەگەر رووخاش دەسەڵاتی داهاتوو لە سەر ئەو بنەمایانە دادەمەزرێ کە ئەم نەتەوەیە دەیهەوێ.

## سیاسەتی وتوویژ

هەر هێزێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی دەبێ ئەو بوارە بۆ خۆی و بۆ نەتەوەکەی و بۆ دەسەڵاتی داگیرکەریش

بێڵێتەوە کە کێشەکانی لە گەڵ دەسەڵاتی ناوەند بە وتووێژ چارەسەر بکا. ئەوەش کە ماهیەتی دەسەڵاتی ناوەند چیە و تا چەند دەتوانین تێیڕابیینین کە دان بە مافەکانی ئەم نەتەوەدا بنێ، لە ئەسڵی پرەنسیپی وتووێژ کەم ناکاتەوە. بەڵام ئەگەری سەرکەوتن و چنینەوەی دەسکەوت لە وتووێژ پێوەندی بە کۆمەڵێک فاکتەر لە دوو لایەن و لە دەرەوەی دوو لایەندا هەیە. لەو فاکتەرانەش ئەوەی کە لە ماهیەتی دەسەڵاتی داگیرکەر زیاتر شوێندانەرە، ئاستی بەهێزیی هێزی رزگاریخوازی نەتەوەیی‌یە.

## خەباتی پارلمانی

یەکێک لە شێوەکانی خەبات بۆ هەر هێزێکی رزگاریخوازی نەتەوەیی، خەباتی پارلمانی لە ناوەندی دەسەڵاتە. شێوەیەک لە خەبات کە لە گەڵ ستراتژیی روخاندن و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە ناوەند ناتەبایە. بەڵام بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی، نەک ناتەبا نییە بەڵکو ئامرازێکە بۆ یەکگرتوویی نەتەوەیی. کارێک کە ئێستا لە باکووری کوردستان و لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی ئەو بەشەی کوردستاندا هەیە. لێ وەک هەموو شێوەکانی دیکەی خەبات، بەندە بە رادەی خۆرێکخستن، رادەی بەرزبوونەوەی تێگەیشتویی نەتەوەیی لای تاکی کورد و رادەی مکوڕ بوونی کۆمەڵگای کوردستان بۆ لێپرسینەوە لە نوێنەران لەمەڕ بە دواداچوون بۆ قسەکردن و جەخت کردنەوە لە دەستەبەربوونی مافەکانیان.

## رزگاریخوازی لە ستراتژیی سیاسیی "حدک"دا

کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هێنانە ئارای ستراتژیی کۆماری کوردستان هەوڵیدا هەنگاوێک لە ستراتژیی ئێرانی دێموکرات دوور بکەوێتەوەو بەرەو ستراتژیی رزگاریی نەتەوەیی هەنگاو بنێ. بەڵام لەو کۆنگرەیەشدا بۆچوونی یەکەم لە قالبی فیدراڵیخوازی بە هێز بوو. هەر بۆیەش دوا جار دوو چەمکی "کۆماری کوردستان" و "ئێرانی دێموکراتیک و فیدراڵ" لێک موتوربە کران و ستراتژیی "دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکراتیک و فیدراڵ"ی لێ کەوتەوە. بەوەش کارێکی تازەمان نەکرد و تەنیا لە بەرنامەی سیاسیماندا ناوی "هەرێمی فیدراڵی کوردستان"مان بە "کۆماری کوردستان" گۆڕی. لە مەودای نێوان کۆنگرەی ١٤ بۆ ١٥ کۆماری کوردستان تەنیا لە سەر لاپەڕەکانی بەرنامە هەبوو و گوتار و سیاسەتی حیزب بە دەوری فیدرالیزمەکە دا دەخولایەوە. لە مەودای نێوان کۆنگرەی ١٥ بۆ ١٦ فیدراڵیخوازیەکە کەمڕەنگ بۆوە و تا رادەیەک کۆماری

کوردستان هاتە ناو گوتاری سیاسیەوە. لەم قۆناخەدا داکۆکیمان لە بنەماکانی کۆماری کورستان، سیاسەتی ڕۆژهەلات تەوەری، هەوڵدان بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا بۆ مکوڕ بوون لە سەر مافەکانیان لە کێبەرکێکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و دوا جار مەجلیس، ئەرکدار کردنی کۆمەڵگا و نوخبەی سیاسی و مەدەنی بۆ بەدواداچوونی مافەکانیان، پشتیوانی لە چالاکیە مەدەنی و سیاسیەکان لە ناوخۆ، داکۆکی لە سەر وتووێژ و دواجار وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی ناوەند و سەرەنجام چەمکی ریفراندۆم دەتوانن لە قالبی ستراتژیی ڕزگاریخوازیدا پێناسەیان بۆ بکرێ. هەرچەند لێم ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەو هەوڵانە، لە ڕاستای گۆڕینی ستراتژیی سیاسی و نەتەوەییدا بوون یان هەروا و بە شوێن شتی تازەدا تووشیان بووین و هێنامانننە ناو بەرنامەی سیاسیەوە. چونکە گۆڕینی ستراتژی لە "ئێرانی دێموکراتیک و فیدراڵ"وە بۆ ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و "دامەزرانی کۆماری کوردستان" پێویستی بە کاری بنەڕەتی هەیە کە ئێمە نەمانکردوە. بۆیەش دوو کەمایەسیی گەورە لەو هەوڵانەماندا هەبوو؛

*یەکەم؛* هیچکات نەمانتوانی بە ئاشکرا گۆڕانی ستراتژیی سیاسیمان ڕابگەیەنین و

*دووهەم؛* بنەماکانی گۆڕان لە لایەنێکی ئازادیخوازەوە بۆ هێزێکی ڕزگاریخوازمان لە خۆماندا پێک نەهێنا. گۆڕان لە لایەنێکی ئازادیخوازی ئێرانی - کوردستانیەوە بۆ هێزێکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی پێویستی بەوە هەیە کە لە هەموو بوارەکانی ڕێکخستن، پێشمەرگە، دیپلۆماسی، ڕاگەیاندن و.. خۆمان بە هێز بکەین. تا ئاستێک کە بتوانین ببین بە کارتی فشار بۆ پاشەکشە بە دەسەڵات و بە چۆکداهێنانی. بەڵام ئێمە هیچکام لەوانەمان نەکرد و زیاتر سیاسەتمان کرد. لەو جێگایانەشدا کە جەختمان لە سەر کەم توانایی کورد لە حاند دەسەلاتی تاراندا کردوە، هێندەی ئەم کەم تواناییە بۆ روخاندنی دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکرات ڕاستە، بەو ڕادەیەش لە گەڵ ماهیەت و ئەرکی بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ناتەبایە. هەر ئەوەش وای کرد کە چەند جار ڕەخنەی جیدیمان بێتەوە سەر.

### ڕزگاریخوازی دەتوانێ یەکڕاست واتای خودایی‌خوازیش نەبێ

بۆ بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە دەبێ بە ئامانجی پێکهێنانی دۆخ و فەزایەک کە لەودا هاونیشتمانان لە ریفراندۆمێکی ئازادانەدا بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن، تێبکۆشێ. فاکتەرەکانی ئاکامی دەنگی خەڵک خەڵک ئەوەندەی پێوەندی بە خواستی هێزی ڕزگاریدەرەوە هەیە، ئەوەندەش

سەرچاوە Serchawe

پێوەندی بە دەسەڵاتی ناوەند و هەڵسوکەوتەکانی لە حاند ئەو نەتەوەیە هەیە. کەواتە لێرەشدا ئەگەر بۆ دەسەڵاتی ناوەند مانەوەی یەکپارچەیی خاکەکەی گرینگ بێ، ناچارە روانین و هەڵسوکەوتی خۆی سەبارەت بەو نەتەوەیە بگۆڕێ. ئا لێرەدا هێزی رزگاریدەری نەتەوەیی یەکەم کارتی فشاری خۆی روو بە دەسەڵات و بۆ گۆڕینی هەڵسوکەوتی دەسەڵات دەتوانێ بە کار بێنێ.

## رزگاریخوازی دژایەتی لە گەڵ دێموکراسیخوازی نییە

رزگاریخوازی دژایەتی لە گەڵ دێموکراسی و دێموکراسیخوازی نییە. وەک چۆن دێموکراسیش راستەوخۆ بە مانای دابین بوونی مافە نەتەوایەتیەکان بۆ نەتەوەیەکی بندەست نییە. حیزبێکی رزگاریخواز دەتوانێ وەک ئیدئال داکۆکی لە دامەزراندنی دێموکراسی بۆ ئێران بکا. تەنانەت خودموختاری و فیدرالیزمیش وەک شێوەیەک بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتیەکان رەد نەکاتەوە، لە گەڵ هێزە دێموکراتیکەکان بکەوێتە مەعامەلە، دەتوانێ لە بەرنامەی خۆیدا گرینگی بە چەمکی دێموکراسی بدا بەڵام لەو جێگایەدا کە دەیکا بە ستراتژیی سیاسی خۆی، دەبێ دەست رابگرێ. چونکە ئیدئالەکان تەنیا وەک خەیاڵ و خەون، بە بێ دەستنیشان کردنی ئاسۆی روونی دەرکەوتنیان، ناتوانن ستراتژیی رێئال و دروستی سیاسی بن.

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر چۆنیەتی ئیدارەی ناوخۆیی یان ئیدارەی کۆماری کوردستان لە داهاتوودا، پێوەندی بە خواستی دانیشتوانی کوردستان، ناوەرۆکی بەرنامەی سیاسی و کارکردی بزووتنەوەی ئازادیخوازەوە هەیە. تەنانەت لە حاند دەسەڵاتی ناوەندیش، تا دەسەڵات دێموکراتیکتر بێ، دەرفەتی رزگاریی نەتەوەییش زیاتر دەبێ. بەڵام وەک باس کرا، دێموکراسی لە ناوەند، یەکڕاست بە مانای رزگاریی نەتەوەیی لە کوردستان نییە. ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە لە تورکیادا دێموکراسی هەیە بەڵام مافەکانی کورد لەو وڵاتەدا دەستەبەر نەبوون و کورد هەروا قوربانی دەدا. ئەمەش هۆکارێکی گرینگی جیاوازیی نێوان بزووتنەوەی کورد لە باکوور و رۆژهەڵاتی کوردستانە. لە کاتێکدا بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات لە تاسەی دێموکراسی بۆ ئێراندا بەردەوام پەڕ و باڵی لێ دەبێتەوە، لە باکوور لە پێشڤەچوون نەکەوتوە. چونکە بزووتنەوەکە لە رۆژهەڵات چاوەڕوانی رووخانی دەسەڵاتی تاران و لە دایکبوونی دێموکراسی دەکا. چەندین دەهەیە بۆ ئەو مەبەستە تێدەکۆشێ یان لە چاوەڕوانییدا دەژی. لێ لە باکوور راستەوخۆ لە گەڵ دێموکراسیەک رووبەڕوویە کە مافی کوردی تێدا دەستەبەر نەبووە. لە باکوور سەرەڕای هەموو هەڵبەز دابەزی سیاسی، ئامانج رزگاریی نەتەوەییە بێ ئەوەی رووخانی دەسەڵات و تەنانەت جودابوونەوەش لە

بەرنامەدا بێ. لێ لە ڕۆژهەڵات ئامانج ڕووخانی دەسەڵاتی ئێران و دامەزراندنی دێموکراسی لە تارانە تا بەڵکو کورد لە سنە و مەهاباد و کرماشان لە سایەیدا بحەسێتەوە. ئامانجێک کە کورد بۆخۆی ناتوانێ بیکا و دەبێ هێزێکی دیکە بۆی بکا. هێزێک کە هیچ تارماییەکی لە هیچ کوێ دیار نییە. پرسیار ئەوەیە کە بەم ستراتژییەوە کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ چەندەی دیکە چاوەڕوان بێ تا هێزێکی دێموکراتخواز دێموکراسی لە تاران سەقامگیر بکا و دوای سەقامگیربوونی دێموکراسیش چەندەی دیکە خەبات بکا تا نەوعی دێموکراسیەکە ئەوە بێ کە کورد دەیهەوێ لە سایەیدا بحەسێتەوە؟

## بە کورتی:

- هێز و وزەی خەڵکی کوردستان بنەما و سەرمایەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانە.

- بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، هێز و وزەی نەتەوەی لە پێناو ئازادیی کوردستان وەک خاک و وەک جوغرافیا دایە ستراتژیەکەی لە سەر بنەمای خاکە.

- بزووتنەوەی ڕزگاریخواز بۆ قازانج و بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی حیساب لە سەر هەر هەنگاوێک - ئەگەر بچووکیش بێ - دەکا.

- بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، کوردی ڕۆژهەڵات یەک نەتەوەو کوردستانی ڕۆژهەڵات واحیدێکی دیاریکراوی جوغرافیاییە کە ئەو نەتەوەیە وێڕای کەمە نەتەوەییەکانی دیکەی لە سەر دەژی.

- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان بە شوێن سەڵتەنەت تەڵەب و ریفۆرمخواز و ئەم و ئەو دا هەڵوەدا نییە تا دێموکراسی لە ئێران و مافی کورد لە کوردستان پەسند بکەن.

- بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان، دەسەڵاتی ناوەند هەر ماهیەتێکی هەبێ، لە کوردستان داگیرکەرە.
- بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان هەوڵ دەدا پاشەکشە بە داگیرکەر لە کوردستان بکا و خەڵک و خاکی خۆی بۆ ڕزگاری ئامادە دەکا.

- ئامادەکردنی خەڵک و خاک بۆ رزگاری بەو مانایەیە کە کۆمەڵگا بۆ هەر جۆرە چارەسەرێکی پرسی نەتەوەیی ئامادە بێ و لە کاتی گونجاودا دانیشتوانی کۆماری کوردستان لە ریفراندۆمێکی ئازاددا بڕیار لە سەر شکڵ و شێوەی ئەو چارەسەریە دەدا.

- کۆماری کوردستان دەتوانێ ناو و شکڵی بەڕێوەبەری ئەو یەکە جوغرافیاییە بێ کە ئێستا بە ناوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کوردستانی رۆژهەڵات یان کوردستانی ئێران باسی دەکرێ. ئەم یەکەیە بە پێی خواستی دانیشتوانی کۆماری کوردستان دەتوانێ سەربەخۆ بێ، دەتوانێ لە گەڵ بەشێک یان بەشەکانی دیکەی کوردستان یەک بگرێ و کوردستانێکی یەکگرتوو پێک بێنێ یان بە رێککەوتن لە گەڵ تاران، یەکەیەکی جوغرافیایی لە چوارچێوەی وڵاتێکی گەورەتر بە ناوی ئێران بێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٢٨ی ئەپریلی ٢٠١٦

---

## شۆڤێنیزمی دژ بە دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە پارێزگای ورمێ

لە سەرەتای ئەم حەوتوویەدا سادقی زیباکەلام، مامۆستای زانکۆ و یەکێک لە تیئۆریسیەنەکانی باڵی ریفۆرمخوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەردانی پارێزگای ورمێی کرد. ئامانجیش لە سەردانەکە، بانگەشە بۆ کاندیداکانی باڵی ریفۆرمخواز بوو.

لە ئاکامی دەنگەکانی خولی یەکەمی هەڵبژاردن بۆ مەجلیسی دەهەم، رێژەی کورسیەکانی دوو باڵی ریفۆرمخواز و ئوسولگەرا زۆر لە یەک نیزیکن و بەو هۆیەش دوو جناح پشتیان بە سەرکەوتنی کاندیداکانیان لە خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بەستوە. لەم خولەدا چارەنووسی ٦٨ کورسیی مەجلیس یەکلایی دەبنەوە.

لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی لە پارێزگای ورمێ، هیچکام لە دوو کورسیەکانی حەوزەی هەڵبژاردنی تیکاب - شاهیندژ - میاندواو، تاکە کورسیی سەڵماس و دوو لە سێ کورسیەکەی

حەوزەی هەڵبژاردنی ورمێ یەکلایی نەبوونەوەو چارەنووسیان بە ئاکامی خولی دووهەم بەستراوەتەوە کە بڕیارە ڕۆژی ١٠ی بانەمەڕ بەڕێوە بچێ.

ئەوەی کە زیباکەلام دەبوو بە ناوی ریفۆرمخوازی لە هەردوو حەوزەی هەڵبژاردنی ورمێ و تیکاب - شاهیندژ - میاندواو، بانگەشەیان بۆ بکا، کاندیدا کوردەکان بوون. زۆربەی کاندیدا تورکەکان خۆیان لە بەرەی ئوسولگەراکاندا دەبیننەوە. لە حەوزەی ورمێ هەر یەک لە مەجیدی دودکانلوی میلان و حاکم مامەکان چاوەڕوانن بە دەنگی کوردەکان و باقی لایەنگرانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان لە ورمێ سەر بکەون. ئاکامێک کە لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا دەستەبەر نەبوو و نادری قازیپوور توانی یەک لە سێ کورسیەکانی ئەم پارێزگایە داگیر بکا. کەسێک کە دواتر لێی ئاشکرا بوو کە چۆن بێڕێزی بە ژنان، لاوان و نەتەوە غەیرە تورکەکان دەکا و بە نەشیاوترین شێوە هەڵدەکوتێتە سەریان.

بەڵام لە حەوزەی میاندواو - تیکاب - شاهیندژ ڕەوتەکە جیاوازە. لەم حەوزەیەدا دوو نەتەوەی کورد و تورک زۆربەی دانیشتوان پێک دێنن. لە ناو ئەوانیشدا پێڕەوانی سەر بە ئایین و مەزهەبەکانی سوننی، شیعە، یارسان و هیتر دەژین. بەڵام کاربەدەستە تورکەکان کە سەرەتا بە هۆی ئایینەوە خۆیان لە گەڵ دەسەڵاتی شیعەی کۆماری ئیسلامی ڕێک خست، لە درێژ ماوەدا هەموو هەوڵیان دا بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکە لەم ناوچەیەدا نەهێڵن. لە سەرەتادا بەهاییەکان بە توندترین شێوە کەتنە بەر ئازار و ئەزیەت و ماڵ و سامانیان بە تاڵان بردرا.

جوولەکەکان ناچار بوون کۆچ بکەن و کلیسای ئەرمەنیەکان ئێستا دەستی بەسەردا گیراوە و بۆتە دووکان و بازاڕ. بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی کوردەکانیش لە دەڤەری میاندواو وەک باقی نەتەوەکانی دیکە کەوتوونەتە بەر ئازار و ئەزیەتی کاربەدەستانی شۆڤێنست. بەڵام بە هۆی زۆربوونی حەشیمەتەوە نەیانتوانیوە بیانسڕنەوە. کاتێکیش زانیان لەم بارەوە کوردەکانیان بۆ دەرناکرێ، کەوتنە سەر فێڵی کڕینی زەوی و زاری کوردەکان. ئەگەرچی بازاڕی میاندواو لە سەر کاڵای دێهاتە کوردەکانی دەوروبەریەوە هەڵدەسووڕێ بەڵام کوردەکان کەمترین بەشیان لە ئیدارەی ئەو شارە و دەوربەریدا هەبوو.

بەڵام لەم خولەی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسدا بە پێچەوانەی خولەکانی پێشوو "هومایون هاشمی" وەک تاکە کاندیدای بە زمان کورد لە بەرامبەر سێ کاندیدای بە نەتەوە تورک، لە کێبەرکێ دایە. ئەگەرچی هومایون

هاشمی‌ش وەک پزیشک پێشینەی کار لە بنکە و بنیاتە نیزامی و دەوڵەتیەکانی کۆماری ئیسلامی لە کارنامەدا هەیە بەڵام بەو حاڵەش بە توندی کەوتۆتە بەر رقی کاندیدا تورکەکان بە تایبەتی مێهدی عیسازادە. عیسازادە ستادێکی بە ناوی "ستادی تەعەسوب" لە شاری میاندواو وەڕێخستوە کە ئامانجی کەلک وەرگرتن لە هەستی نەتەوەیی تورکەکان و تا بتوانێ بە سەر پەیژەی جیاوازیی نەتەوایەتی و نەفرەت پەراکەنیی نەتەوەییدا سەر بکەوێ.

ئەگەرچی سادقی زیباکەلام بە پەیامی ریفۆرمخوازی و دێموکراسیخوازیەوە سەردانی پارێزگای ورمێی کرد بەڵام لە لایەن تورکە توندئاژۆکانەوە بە توندی رێگای لێ گیرا. دوا جاریش ناچاریان کرد ئاخاوتن و سوخەنڕانیەکەی لە میاندواو هەڵوەشێنێتەوە. هەر هەمان شەویش توندئاژۆکان بە تەور و قەمە هەڵیانکوتایە سەر ئێکیپی تەبلیغاتیی دوکتور هومایون هاشمی. ئیکیپ لە ترسی گیانیان ماشێنەکانیان بە جێ هێشت و ئەوەی لێیان بە جێ ما، کەوتە بەر رق و نەفرەتی هێرشبەران.

دوای ئەوەی لە میاندواو دەرفەتی قسەکردنی پێ نەدرا، سادقی زیباکەلام رووی لە دوو حەوزەی هەڵبژاردنی ورمێ و سەڵماس کرد. لە ورمێ سەردانی بنکەی تەبلیغاتیی مەجیدی دودکانلوی میلان یەک لە دوو کاندیدا کوردەکەی کرد. لە ئاخاوتنێکیشدا جەختی لە سەر دێموکراسی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گشت نەتەوەکان لە شاری ورمێ کردەوە. زیباکەلام لەم بارەوە وتی: خوشک و برایان! باوەڕ بکەن ئەوەی لە ورمێ، تەورێز یان تاران لێمان ون بووە، دێموکراسیە. دێموکراسی واتە لە شەقامێکی ورمێدا قوتابخانەیەک بە ناوی مامۆستا مەلا ئاوارە هەبێ کە منداڵان هەر لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە بە زمانی کوردی دەرس بخوێنن. لە هەمان شەقامدا قوتابخانەیەک بە ناوی شێخ محەممەدی خیابانی هەبێ کە دەرسی زمانی تورکی بە مناڵان بدا. قوتابخانەیەکی دیکە هەبێ بە زمانی فارسی دەرس بدا و یەکیش هەبێ کە دوو زمانە بێ. دایک و باوکان سەرپشک بن لەوە کە مناڵەکانیان بۆ کام قوتابخانە دەنێرن. ئەمە نیشانەی دێموکراسیە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٦ی ئەپریلی ٢٠١٦**

## پردی مێژوویی "میرزا ڕەسووڵ" قوربانیی گەندەڵی و لافاو

ڕۆژی ١٢ی خاکەلێوە، شەپۆلێکی با و باران، تەرزە و بەفر ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت ناوچەی موکریانی گرتەوە. لە ئەنجامی ئەو باو بارانەشدا، لافاو بە تایبەت لە پێدەشتەکانی شاروێران، شامات، چۆمی مەجیدخان و ناوچەکانی هەوشار زەرەر و زیانێکی زۆری بە ئابووری و زەوی و زاری دانیشتووانی ناوچەکە کە ژیانیان لەسەر کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەسووڕێ، گەیاند. لافاو جگە لە هەڵتەکاندنی بەشێک لە کشتوکاڵی ناوچەکە، خەسارێکی زۆریشی لە خانووبەرە و بینا کۆنەکان دا کە پردی مێژوویی "میرزا ڕەسووڵ" یەک لەو بینا خەسار دیتوانەیە.

پردی "مێژوویی میرزا ڕەسووڵ" لە نیزیک شاری میاندواو، لەسەر چۆمی "تەتەهوو" بەرەو مەهاباد هەڵکەتووە. درێژاییەکەی ٨٠ میترە و پانایییەکەی ٤ میتر و ٦٠ سانتە. بەرزایییشی زیاتر لە ٧ میترە. یەکێکە لە شوێنەوارە مێژوویییەکانی ئەو دەڤەرە و ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لە ئاستی سەرانسەری ئێرانەوە بۆ ناوچەکە رادەکێشێ.

مێژووی سازکردنی پردەکە بۆ سەردەمی کۆتایی دەسەڵاتی سەفەوی و سەرەتای دەسەڵاتی قاجارەکان دەگەڕێتەوە کە وێڕای حەمامی "میرزا ڕەسووڵ"ی مەهاباد، لە لایەن کەسایەتییەکی سەر بە بنەماڵەی "بداخ سوڵتان" ساز کراون و بۆ وەچەی ئەم سەردەمە ماونەتەوە. پردەکە لە بەردەم شاری میاندواو کە زۆربەی دانیشتووانی ناو شارەکە بە زمانی تورکی دەپەیڤن، نوێنگەی مێژووی کوردبوونی ناوچەکە و بوونی هەراوی حەشیمەتی کورد لە رابردوودا و لەو ناوچەیەیە. هەر ئەوەش هۆکارێکە کە کاربەدەستانی گەندەڵ و شۆڤینیستی شارەکە کەمتر گرینگی پێ بدەن.

شاری میاندواو لەنێوان دوو چۆمی "جەغەتوو" و "تەتەهوو" یان "زێڕین چەم" و "زێوین چەم" هەڵکەوتووە کە دوای پاراوکردنی پێدەشتە بە پیتەکانی ئەو دەڤەرە، دەڕژێنە گۆلی "ورمێ"وە. بوونی ئەو دوو ڕووبارە ئەگەر لە لایەک سەرچاوەی خێر و بێر بۆ دانیشتووانی ناوچەکە و بۆ خاکە بە پیت و بەرەکەتەکەیانن، زۆر جاریش دەبن بە هەڕەشە بۆ سەریان. بە تایبەت لە بەهاراندا ئەگەری هەستانی لافاو و زیان گەیشتن بە ژیان و سامانی خەڵک بەردەوام لە ئارادایە. هەر بۆیەش هەمیشە و زیاتر لە حاڵەتی ئاسایی پێویستی بە بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی دڵسۆز و دەستپاک بووە. شتێک کە بە داخەوە لە کاربەدەستانی ئەو شارەدا کەمتر دیتراوە و زۆربەی هەرە زۆریان لە سایەی رانتی دەوڵەتی و بە گەندەڵی پێگەیشتوون.

لافاوەکەی رۆژی ١٢ی خاکەلێوە شتێکی چاوەڕواننەکراو نەبوو. ئیدارەی کەشناسی پێشوەخت رایگەیاندبوو کە شەپۆلێکی بەرینی بەفر و باران ناوچەکە دەگرێتەوە. ئەگەرچی ئەم وشیارکردنەوەیە زیاتر بۆ گەشتیارانی نەورۆزی و خەڵکانی خوداپێداو بوو تا دانیشتووانی ناوچەکە. هەر بۆیەش کاربەدەستانی ئیداریی ئەو شارەی بۆ کەمکردنەوەی ئاستی زیانەکانی سەر خەڵک، هیچی ئامادەکارییەکیان نەکرد. سەرەتا کە باغ و کێڵگەکان کەوتنە ژێر تەوژمی بەفر و سەرمای ناوادە، لافاو و لاوازیی بەڕێوەبەری دەستیاندایە دەست یەک و زیانێکی زۆریان لە ماڵ و سامانی خەڵک و ناوچەکە دا. خەڵک ناچار بۆخۆیان بە کەرەسەی سەرەتایی وەک پاچ و پێمەڕە یان تراکتۆر و کەرەسەکانی دیکەی خۆیان کەتنە بەربەرەکانی لەگەڵ تەوژمی لافاو. لەم نێوەشدا بەشێک لە بینای ئاسەواری مێژوویی پردی "میرزا ڕەسووڵ" تێک ڕووخا و بە لافاو بردی.

رووخانی ئەو پردە لە کاتێکدا بوو کە دوای ئەوەی بودجەیەک بۆ نۆژەنکردنەوەی تەرخان کرابوو، لە پاییزی ساڵی رابردوودا بەشێک لە پایەکانی پردەکە بە ڕواڵەت بۆ نۆژەنکردنەوە هەڵکۆڵدرابوون. کارێک کە دەبوو لە وەرزی هاوین و کەم ئاویی رووبارەکەدا ئەنجام بدرێ یان لە وەرزی پاییزدا دەستوبردی لێ بکرێ، بەڵام هیچکام لەوانە نەکران و ئاسەوارە مێژووییەکە بە برینداری پشتگوێ خرا. دواجاریش لافاو راست لەو شوێنانەوە زەفەری بە پردەکە برد کە ماوەی چەند مانگە هەڵکۆڵدراون و روون نییە چاککردنەوەیان بۆ کەنگێ هەڵگیرابوو. بەم جۆرەش یەکێک لە ئاسەوارە مێژووییەکانی ناوچەکە بوو بە قوربانیی کەمتەرخەمی و گەندەڵیی ئیداریی بەرپرسان و خەسارێکی قەرەبوونەکراوی لێ کەوت. دواجاریش بەرپرسان بە جێی دانان بە کەمتەرخەمیەکانیان، کەوتنە حاشاکردن لەو زیانە زۆرە و تەنانەت ئیدیعایان کرد کە ئەو بودخەیەی بۆی تەرخان کرابوو، لێی خەرج کراوە.
لە هەمووی ئەوانە گاڵتەجارتر، دوای رەوینەوەی لافاو، لۆدیر و بۆڵدزێر و کەرەسەکانی دیکەی ئیدارە دەوڵەتییەکان کران بە کەپەنکی دوای باران و بە گوند و ناوچە زیانلێکەوتووەکاندا بڵاو کرانەوە تا بە ڕواڵەت خەساری لێکەوتوو قەرەبوو بکەنەوە. بەرپرسان بە ماشێنی دواسیستم بە ناو گوندە زیانلێکەوتووەکاندا فرە فرەیانە و بەڵێنیی دانی خەسارەت و قەرەبوو دەدەن. کاندیداکانی مەجلیسیش لە سەر سفرەی دڕاوی خەڵک خۆ بادەدەن و بەڵێنیان پێ دەدەن کە ئەگەر دەنگیان پێ بدەن، ئەوە قەرەبویان بۆ وەردەگرن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٣ی ئەپریلی ٢٠١٦

## کەیسی تیرۆری ڤییەن، کێشەی ئەمنییەتیی "روحانی" لە ئوتریش

"حەسەنی روحانی" سەر کۆماری ئێران دەبوو رۆژی چوارشەممە ۳۰ی مارس بە سەردانێک بگاتە وڵاتی ئوتریش، بەڵام رۆژێک بەر لە وەڕێکەوتنی، لە لایەن وتەبێژی دەفتەری سەرکۆماریی ئوتریشەوە راگەیەندرا کە ناوبراو بە هۆکاری "ئەمنییەتی" سەردانەکەی پەک خستووە.

هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەردانە لە لایەن "روحانی"یەوە هەرچی بێ، گرێدانەوەی بە کێشەی ئەمنیەتی جۆرێک لە بێڕێزی بە دەسەڵاتدارانی ئوتریش و پۆلیسی ئەو وڵاتەی تێدا حەشار دراوە. قسەکردن لە بوونی کێشەی ئەمنییەتی لە لایەن "روحانی" و لە ئەگەری هاتنیدا بۆ وڵاتی ئوتریش، دەتوانێ دەسەڵاتی ئەو وڵاتە بە بێ کیفایەتی تۆمەتبار بکا، بەڵام ئاخۆ ئەم کێشە ئەمنییەتیە دەتوانێ چ بێ؟

وەک پێشتریش چ کاک "سەعیدی بێگزادە" بە وتارێک و ماڵپەڕی "رۆژهەڵات تایمز" و مێدیاکانی دیکەش بە راپۆرت هەڵوەستەیان لە سەر کرد، نیگەرانیی "روحانی" لەو سەردانەدا، خۆپێشاندانی بەرینی خەڵکی دژبەرو ناڕازی لە کۆماری ئیسلامی بوو. شتێک کە لە لێدوانیدا بۆ بیبیسی،"هاینز فیشەر" سەرکۆماری ئوتریش، ناڕاستەوخۆ پشتڕاستی کردەوە، بەڵام ئاخۆ "روحانی" بۆچی تا ئەو رادەیە لە خۆپێشاندانی ئوتریش نیگەرانە؟

سروشتییە کە هیچ سەرکۆمار و هیچ بەرپرسێک ناخوازێ لە گەڵ لەشکری زۆری خەڵکی ناڕازی و خۆپێشاندەر بەرەوڕوو بێ. بە تایبەت کە "حەسەنی روحانی" هەوڵ دەدا هاوکات خۆی بە سەرۆک کۆماری تەیفێک لە خەڵکی ناڕازیی ناوخۆی ئێران نیشان بدا و راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وا دەنوێنێ کە گەرەکیەتی سیمایەکی جیاواز لەوەی ئوسولگەراکان و بە تایبەت گرووپی "ئەحمەدی نژاد" دەیانویست، لە کۆماری ئیسلامی پێشانی دنیای دەرەوە بدا.

سیمایەک کە لە دوای رێککەوتنە ئەتۆمیەکە بۆ دنیای دەرەوەو دوای سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان و مەجلیسی شارەزایانی رێبەری لە ئاستی ناوخۆدا، بۆ "حەسەنی روحانی" گرینگە. بەڵام جیاوازیی ئەم خۆپێشاندانانە چ بوو چ داڕووشانێکی بە سەر ئەو سیمایەوە بە جێ دەهێشت کە "روحانی" و هاوجەناحەکانی گەرەکیانە نیشانی

بدەن؟

بە درێژایی چارەگە سەدەی رابردوو، پێوەندییەکانی نێوان ئوتریش و ئێران لە هەر ئاستێکدا بووبێ، تیرۆری "ڤییەن" لە بیروڕای گشتی و لە مێدیای ئوتریشیدا سایەی بە سەر ئەم پێوەندیانەدا هەبووە. هەر کات ناوی دوو وڵاتی ئوتریش و ئێران کەتبنە پاڵ یەک، ئەوە یەکسەر پەروەندەی ناکام و بەستراوی تیرۆری دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی لە بیر و گشتی و لە مێدیاکانی جیهاندا هەڵدراوەتەوە.

ڕۆژی ١٣ی ژوئیەی ساڵی ١٩٨٩ی زایینی، دوکتور "عەبدوڕەحمانی قاسملوو" سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کاک "عەبدوڵا قادری ئازەر" نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات وێڕای دوکتور "فازل رەسوڵ"، کەسایەتیی سیاسی و دۆستی حیزب، لە شاری ڤییەنی پێتەختی ئوتریش تیرۆر کران. داڵدەدانی تیرۆریستەکان و ڕەوانە کردنەوەیان بۆ ئێران، بە دوادانەچوونی جیدی بۆ ڕوونکردنەوەی لایەنەکانی ئەم تیرۆرە ناجوامێرانەیە لە لایەن دەوڵەتی وەختی ئوتریش و دواجار داخرانی ئەم پەروەندەیە بە بێ ئەوەی بە ئاکام گەیشتبێ، دەسەڵاتی سەردەمی ئەو وڵاتەی کرد بە یەک لە دوو لایەنی تۆمەتباری ئەم تیرۆرە. تۆمەتێک کە لە بیروڕای گشتیدا هەتا ئێستاش بە سەر شانی ئوتریشەوە قورسایی دەکا و پەروەندەیەکە کە لە لای ئازادیخوازان، لاگرانی مافی مرۆڤ، پشتیوانانی مافی نەتەوە بندەستەکان و لە سەرووی هەموان لە بیرو زەینی کوردەکاندا هیچکات دانەخراوە. هەر کاتێکیش ناوی دوو وڵاتی ئوتریش و ئێران بکەونە پاڵ یەک، ئەوە لاپەڕەکانی ئەم دۆسیەیە یەک بە یەک هەڵدەدرێنەوە.

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دۆسیەی ئەم تاوانە ئەگەر بۆ وڵاتی ئوتریش وەک وڵاتێکی دێموکراتیک قورس بێ، ئەوە بۆ کۆماری ئیسلامی و بە تایبەت بۆ حەسەن روحانی چەند قات قورسترە.

تیرۆری ڤییەن لە کاتێکدا ئەنجام درا کە "عەلی ئەکبەری هاشمیی ڕەفسەنجانی" سەرکۆماری ئەو وڵاتە بوو. کەسێک کە لە تیرۆری دوو ساڵ دواتری دوکتور "سادقی شەرەفکەندی" و هاوڕێیانی لە ریستورانی "میکۆنووس" وەک یەکێک لە بڕیاردەرانی سەرەکیی ئەم تیرۆرە، لە لایەن دادگای فیدراڵی ئاڵمانەوە بە تاوانبار ناسرا. "ڕەفسەنجانی"ش کە بە دوای دەرکرانی ریفۆرمخوازەکان، سەرۆکایەتیی جەناحی دژبەری "عەلی خامنەیی" دەکا،

هیچکات بە ئاشکرا بڕیاردان بۆ ئەو تاوانە و تاوانگەلی لەم جۆرەی لە خۆی دانەماڵیوە. لە ناو ململانێی دوو باڵی دەسەڵاتداریشدا، ماوەیەکی کەم لەوە پێش و بە دوای هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و هاتنەوەی "رەفسەنجانی" بۆ ناو ململانێ سیاسییەکان، "عەلی خامنەیی" بە رواڵەت لە دەلاقەی لایەنگریەوە، تاوان یان شەریکە تاوانی دادگای میکونوس لە سەر ناوبراوی بە چاو دادایەوە.

بە کورتی هەڵدانەوەی کەیسی ئەم تیرۆرە لە لایەن خۆپێشاندەران و نارازییان و لە سایەی ئەوەشدا هەڵدانەوەی دۆسیەکە لە بیروڕای گشتی، لە مێدیای ئوتریش و لە مێدیاکانی جیهاندا، ئەگەر لە لایەک بۆ سەرکۆماری "اعتدالگەر"ی کۆماری ئیسلامی و کۆی ئەم سیستمە قورسە، لە ناو ململانێی باڵەکانی ناو کۆماری ئیسلامیشدا بە زیانی "روحانی" و جەناحەکەی دەشکایەوە. سەردانی بێ کێشەو بێ نارەزایەتی بۆ وڵاتی ئوتریش، دەیتوانی دیاریی سەفەری روحانی بۆ رەفسەنجانی بێ و لە ململانێکانی ناو لاباڵەکانی دەسەڵاتدا، دەسکەوتەکەی لە دەسکەوتە ئابوورییەکانیش گرینگتر بوو. دەسکەوتێک کە کاربەدەستانی ئوتریش لە سایەی یاسای دێموکراتیکی ئەو وڵاتە، بە هیممەت و پێداگریی کوردان و لەو نێوەدا تێکۆشەرانی دێموکرات و باقی ئازادیخوازن بۆ وەرێخستنی خۆپێشاندان و نارازیەتیی بەرین، نەیانتوانی بۆی دەستەبەر بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٣١ی مارچی ٢٠١٦

---

## هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری: ئەوپەڕی گاڵتە بە هەڵبژاردن و بە دەنگی خەڵک!

هەڵبژاردنەکانی خولی دەهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی و خولی پێنجەمی مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری، رۆژی ٧ی رەشەممەی ١٣٩٤، بۆ یەکەمجار لە مێژووی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەی هاوکات بەڕێوە دەچن. ئەوەش وای کردوە کە بەربژێرەکانی پاڵێوراو لە پاڵوێنەی شورای نیگەهبان و کاردانەوەکان بە رەدی سەلاحیەتەکانی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، کەمتر بکەونە بەر سەرنج و چاوەدێرانی سیاسی زیاتر روانینی خۆیان لە سەر

ڕەوتی هەڵبژاردنی مەجلیس چڕ کردۆتەوە. هەم بەو هۆیە و هەمیش لە بەر ئەوە کە مەجلیسی خوبرەگان هەتا ئێستا زیاتر مەجلیسێکی تەشریفاتی و بە جێی چاوەدێری بە سەر کردەوەکانی ڕێبەر، زیاتر گوێڕایەڵی وەلی فەقیە بووە، کەمتر بە گرینگ زاندراوە. بەڵام بەو شێمانەیە کە ڕەنگە مەرگی عەلی خامنەیی بکەوێتە مەودای کاری ئەم دەورەی مەجلیسی خوبرەگان کە بڕیارە ڕۆژی ٧ی ڕەشەممە هاوکات لە گەڵ هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی شورای ئیسلامی، هەڵبژێردرێ، گرینگایەتی زیاتری بەم هەڵبژاردنە داوە. بەڵام بەو حاڵەش نەبوونی ڕێژەی کاندیدای پێویست بۆ کێبەرکێی هەڵبژاردن لە چەند پارێزگا، دەنگی خەڵکی بێ واتا کردووە ڕوخساری گاڵتەجاڕانەی بەم هەڵبژاردنانە داوە. لەم بارەوە ئەم چەند خاڵە جێی سەرنجن:

١- ٨٦ لە سەدی ئەو کەسانەی بۆ کاندیداتۆریی مەجلیسی خوبرەگان خۆیان ناونووس کردبوو، لە لایەن شورای نیگەهبانەوە ڕەد کردەوە. لە ناویشیاندا ڕەدکراوەکانیشدا سەرجەم ئەو ژنانە دەبینرێن کە بۆ شکاندنی ڕچە، بە ئامانجی بەشداریی یەکەمجاری ژنان لە کێبەرکێی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگاندا، خۆیان ناونووس کردبوو.

٢- لە ٩ پارێزگای ئێراندا ڕادەی ئەو کاندیدایانەی کە لە فیلتەری شورای نیگەهبان تێپەڕیون، تەنیا دوو بەرامبەری کورسیەکانی ئەو پارێزگایە لە مەجلیسی خوبرەگانن. واتە بۆ هەر کورسیەک تەنیا ڕێگا بە کێبەرکێی ٢ کەس دراوە. هەر سێ پارێزگای ئیلام، کرماشان و سنە لە ڕیزی ئەم ٩ پارێزگایە دان. بۆ پڕ کردنەوەی ٢ کورسیی تایبەت بە هەر کام لە کرماشان و سنە لە مەجلیسی خوبرەگان، ئەوە تەنیا کێبەرکێ لە نێوان ٤ کاندیدا دا دەبێ ئەنجام دەدرێ. لە پارێزگای ئیلامیش دوو کاندیدا بۆ دانیشتن لە سەر کورسیەک کێبەرکێیانە.

٣- بەڵام ئەگەر لە حاڵەتی سەرەوەدا شانسی سەرکەوتنی هەر کاندیدێک ٥٠ لە ١٠٠ بێ، ئەوە لە ٩ پارێزگای دیکەدا، شانسی سەرکەوتنی هەر کاندیدێک تا ٨٦ لە سەدیش بەرز بۆتەوە. واتە بۆ هەر دوو کورسی، ٣ کاندیدا و تا ئاستێک کە بۆ ٦ کورسی تەنیا حەوت کاندیدا هەن. هەردوو پارێزگای هەمەدان و لوڕستان کە کوردەکان ڕێژەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانیان پێک دێنن، لەو ڕیزە دان.

٤- بەڵام لەوانەش سەیرتر لە ٦ پارێزگادا ڕادەی کاندیداکان و ڕادەی کورسیەکان ڕێک بەرامبەرن. بەو واتایە کە بۆ هەر کورسیەک تاکە یەک کاندیدا هەیە. بەوەش تەنانەت ئەگەر لە ئاستی پارێزگادا تاکە یەک دەنگ بدرێ و

نەدرێ، یان هەڵبژاردن بکرێ و نەکرێ، ئەوە سەرجەم کاندیداکان لە سەر کورسیی مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری دادەنیشن! پارێزگای خۆراسانی باکوور و پارێزگای ورمێ بە زۆرینەی حەشیمەتی کوردەوە، لە ریزی ئەم ٦ پارێزگایەی دوایی دان. لە پارێزگای خۆراسانی باکوور ١ کەس بۆ ١ کورسی و لە پارێزگای ورمێ ٣ کەس بۆ ٣ کورسی کاندیدا کراون.

٥- ئەو ئامارانە یەک لە هۆکارە سەرەکی بەڵام دان پێدا نەنراوەکانی تێکهەڵکێش کردنی هەردوو هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی و مەجلیسی خوبرەگانی رێبەری بۆ ئەم دەورەمان بۆ روون دەکەنەوە. واتە جگە لە دەوری یەکەمی هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، رادەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی دەوری دوو، سێ و چوار دا بە رادەیەک کەم و هەڵبژاردن ئەوەندە سارد و سڕ بوو کە دەسەڵات ناچار بوو ئەم بە ناو هەڵبژاردنە لە پەنا هەڵبژاردنی مەجلیسدا بەرێوە ببا.

٦- لە هەمووی ئەوانە گاڵتەجاڕتر ئەگەرچی کوردان زۆرینەی دانیشتوانی پارێزگای ورمێ پێک دێنن، بەڵام شورای نیگەهبان ئەمجارەش مەودای بە هیچ کاندیدێکی کورد نەدا تا لەو بە ناو هەڵبژاردنەدا بەشدار بن. بەوەش دوای ئەوەی لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگاندا کە دوکتور عەبدوڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەنگی زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی ئەو پارێزگایەی دەستەبەر کرد، تا ئێستا کە ئەوە پێنجەمین دەوری هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی خوبرەگان بەرێوە دەچێ، لە هیچکام لە خولەکانی دیکەی ئەو هەڵبژاردنەدا، دەرفەت بە کوردەکان و تەنانەت بە پیاوانی ئایینیی کورد و سوننە مەزهەب لەو پارێزگایە نەدراوە خۆیان کاندیدا بکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٩ی جانێوێری ٢٠١٦

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧

# «شاری جوان و کوردنشینم»

کە بوومەلەرزەی ماڵوێرانکەر بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵتەکاند ئازارەکەی تەنیا ئەوانە نەیانچێشت کە ژیان و ماڵیان بەر بوومەلەرزە کەوت، ئەوە خەم و ژانی هەموو نیشتمان بوو.

هەستی نەتەوەیی، نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستی، وای کرد کە لە سەرانسەری شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، کوردان بە هانای هاونەتەوەییە بوومەلەرزە لێدراوەکانیانەوە بچن. ئەم بەهانا چوون و بە فریا گەیشتنە حەماسەیەکی نەتەوەیی کەموێنەی لە نێو خەڵکی کوردستاندا خوڵقاند. لەم حەماسە نەتەوەییەدا، هیچ ناوچەیەکی کوردستان بێ خەم نەبوو و هیچ شارێکی کوردستان خۆی وەدوا نەدا. جیاوازییە ناوچەیی، زاراوەیی و ئایینییەکان، هیچ شوێنیان لە سەر هاوخەمی و ئاستی بەهاناوە چوونی ئەوان دانەنا. بەڵام لە ئاسمانی پڕ ئەستێرە و لە نێو ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی ئەو ڕۆژانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ئەستێرەیەک زیاتر درەوشاویەوە و ناوی شارێک زیاتر بەرگوێ کەوت.

لە ڕەوتی کێشانەوەی یارمەتییە مرۆییەکان لە شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستانەوە بۆ خەڵکی بوومەلەرزە لێدراوی ناوچەی کرماشان، مام ئەبووبەکری مەعروفی، سەرەڕای هەڵکشانی تەمەن و کەمبوونەوەی تاقەتی سەفەر بۆ ڕێگای دوور، ماشێنەکەی لە یارمەتییە سەرەتاییەکانی خەڵک بۆ هاونیشتمانانی لێقەوماو، ئاخنی و لە بۆکانەوە بەرەو کرماشان وەڕێکەوت. گەرچی دڵ هەروا بە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانەوە لێی دەدا بەڵام ڕێگا دوور، شەو تاریک و چاوەکانی شۆفیرە بە ساڵاچووەکەی ئێمەش سۆمایی ساڵانی لاوییان تێدا نەمابوو. لە نیزیک شاری جوانڕۆ ماشێن چەپی کرد و نەگەییە مەنزڵ. بەو هۆیە بە داخەوە کاک ئەبوبەکر مەعرووفی گیانی لە دەست دا.

هەواڵی گیان لەدەستدانی کاک ئەبوبەکر مەعروفی لە ڕێگەی گەیاندنی یارمەتییە مرۆییەکان بۆ هاونەتەوە و هاونیشتمانانی، تۆمار بە تۆمار بڵاو بۆوە و خەڵکی کوردستانی پێ خەمبار بوو. خەڵک هەر زوو وەک قارەمانێکی نەتەوەیی ناویان برد و ناسناوی شەهیدی مرۆڤایەتییان پێ دا. دواجاریش مەرگی ئەو بوو بە هۆکار تا ئەو هاوسۆزییە نەتەوەییەی کە بۆ بەهاناوەچوونی بوومەلەرزەلێدروان لە شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ناوچە بوومەلەرزە لێدراوەکان بە جۆش و حەماسەی نەتەوەییەوە دەستی پێ کردبوو، ئەمجار لە پارێزگای بوومەلەرزە لێدراوەوە ڕەوتی پێچەوانەی وەربگرێ. دانیشتوانی پارێزگای کرماشان و پاشان سنە، بە هەمان حیماسەی نەتەوەییەوە، تەرمی کاک ئەبووبەکریان وەک قارەمانێکی نەتەوەیی بۆ بۆکان گەڕاندەوە. بەڵام ئەمە یەکەم جار نەبوو کە پێوەندیی و خۆشەویستیی نێوان دوو شاری بۆکان و کرماشان ئاوا خویا دەبوو. ئەمرۆژانە کە لاوانی بۆکان لە یاریی تیمی سەرداری بۆکاندا پلاکاردێکیان بە نێوەرۆکی «کرماشان بۆکان تۆ هیچکات لە بیر ناکا» بەرز کردبۆوە، هەستم دەکرد کە ئەم هاوسۆزییە چەندە سادقانە و چەندەش ڕەگی لە ڕابردووی خۆشەویستیی نێوان ئەو دوو شارە دایە. کارەساتی بوومەلەرزە و پاشان مەرگی کاک ئەبووبەکر، لە ڕاستیدا پێوەندیی عاتفی و خۆشەویستیی ئەم دوو شار و ئەو دوو ناوچە خۆشەویستەی کوردستانی جارێکی دیکە نوێ کردەوە.

ئەگەر کرماشان لە دێرزەمانەوە بە هەڵکۆڵدراوە مێژوییەکانی بێستوون و ئەفسانەی فەرهاد و شیرین بە ناوبانگە، ئەوە هیچ شار و ناوچەیەکی کوردستان هێندەی بۆکان لە ژێر کارتێکەریی ئەم ئەفسانەیەدا نەبووە. سەرەڕای ناجیرانەتی و دووریی جوگرافیایی دوو ناوچە لە یەکتر، چیرۆکی شیرین و فەرهاد لە ناوچەی بۆکانیشدا بە هەمان شێوەی نەزم و هۆنراوە، چیرۆکێکی ئاشنا بوو. ئەگەرچی بە نەنووسرانەوەی، ڕەنگە بە داخەوە لە بیرچووبێتەوە و ئێستا نەمابێ.

جگە لە چیرۆکەکە، هەر لە فەرهادتاشەکانی بیبی کەند و سماقانەوە تا پێمەڕەی فەرهادی پاڵ تەرەغە، ڕەنگە هیچ ناوچەیەک هێندەی بۆکان، ئیلهامی لە ئەفسانەی بێستوونی کرماشان وەرنەگرتبێ و ناوی فەرهاد و فەرهاد تاشی بۆ چیا و ئەشکەوتە تاشراو و هەڵکۆڵدراوەکانی خۆی بە کار نەبردبێ. تا ئاستێک کە فەرهادتاش ناوی ناوچەیەکی بەرینی هەرێمەکەیە.

بەڵام ترۆپکی خۆشەویستیی بۆکان بۆ کرماشان، ڕەنگە لە ڕێی هونەرمەندی بە ناوبانگی بۆکان و کوردستاندا

ڕەنگی دابێتەوە. ئەگەر بۆکان و کرماشان هەردوویان کوردستان نەبان، دەکرا بڵێین زیرەک سەفیری بۆکان لە کرماشان یان بە پێچەوانە بوو. کرماشانیەکانیش خۆشەویستیی بێسنووریان بۆ ئەو هونەرمەندە ئەفسانەییەی کوردستان و بۆکان هەبوو و هەیە بەڵام زیرەک ڕەنگە هیچ گۆرانییەکی تازەی خۆی هیندەی «کرماشان» نەگوتبێتەوە و دووپات نەکردبێتەوە. تەنیا ئەو جارانەی کە لە گەڵ گوتنەوەیدا توانیویەتی تۆماریشی بکا و ئەمن لەسەر یوتیوب توانیم گوێیان لێ بگرم، زیاتر لە چوار تۆمارکراوی جیاوازە. بەجیاوازیی موزیکەکانیشیانەوە دیارە کە زیرەک، بە میوانی یان ئاوارەیی، لە هەر دوو دیوی ئێران و عێراقدا گۆرانی و خۆشەویستیی کرماشانی لە گەڵ خۆی گێڕاوە. ئەوە سەرەڕای تێکستی پڕ لە هەستی نەتەوەیی نێو گۆرانیەکە لەوانە «شاری جوان و کوردنشینم» یان «کرماشان جێگای ئەژدادم» کە داکۆکیی ئاشکران لە کورد و کوردستانیبوونی کرماشان و هەوڵدان بۆ بڕینی چاوی تەماحی بێگانە لە سەر ئەم شارە خۆشەویستە.

لە کۆتاییدا، هیوا دەخوازین شارەکەمان لە بەڵای سروشت بە دوور و لە دەست داگیرکەر ڕزگار بێ. بوومەلەرزە جارێکی دیکە ڕوو لەو ناوچە جوان و تەرزە نەکاتەوە لە گەڵ زیرەکی مەزن دەڵێین:

*«کرماشان شارێکی بەرزە*
*شارێکی بە نەزم و تەرزە*
*دوور بی تۆ لە بوومەلەرزە»*

( لە ژمارەی ٧١٥ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## لە لۆڤیسای فینلاندەوە تا غەوساباتی کوردستان



ئەلێکساندر نیباس و شێخ بابا سەعید لە گوندی غەوسابات

ئەمساڵ سەدەمین ساڵی سەربەخۆیی وڵاتی فینلاندە. فینلاندیەکان سبەی ٦ی دێسامبر، ساڵرۆژی سەربەخۆیی وڵاتەکەیان جێژن دەگرن. سەد ساڵ لەوە پێش، لە ئەنجامی ئاڵوگۆڕ و ئاڵۆزیەکانی شەڕی جیهانیی یەکەم دا، فینلەند دەرفەتی لە دەست نەدا و سەربەخۆیی خۆی لە رووسیا راگەیاند.

دەسەڵاتی تزاری رووسیا کە لە ئەنجامی کێشە و نارەزایەتییە ناوخۆییەکان دا لە کزی دابوو، بە هۆی شەڕی جیهانیی یەکەم، هیندەی دیکە لاواز ببوو. لە ساڵانی کۆتایی شەڕ و لە ئاکامی شۆرشی ئۆکتۆبر دا، کومونیستەکان دەسەڵاتی رووسیایان بە دەستەوە گرت. رێبەرانی شۆرش هەر زوو بانگەوازی ئازادیی گەلانیان داو لەوەش زیاتر لێنین، رێبەری شۆرشەکە کە ماوەیەک لە ژیانی دوورخراوەیی خۆی لە فینلەند تێپەڕ کردبوو، پێشتر گفتی سەربەخۆیی بە بەشێک لە رێبەرانی سیاسیی فینلاند دابوو. بە پشتبەستن بەو فاکتەرانە، هێشتا مانگ و نیوێک بە سەر سەرکەوتنی شۆرشی ٢٥ی ئۆکتۆبری ١٩١٧ دا تێپەڕ نەببوو کە پارلمانی فینلەند لە رۆژی ٦ی دێسامبری هەمان ساڵ دا، سەرەڕای پێناخۆشبوونی رووسیا، دەنگی بە سەربەخۆیی وڵاتەکە دا. بەم جۆرە کۆتاییان بە سەدان ساڵ ژێردەستەیی وڵاتەکەیان هێنا.

بەڵام شەڕی جیهانیی یەکەم ئەگەر بۆ هەموو نەتەوەکان ئاوا بە خێر و بێر نەبوو، هەموو فینلاندیەکانیش ئاوا خۆشییان لێ نەدی. بە دەیان ئەفسەر و سەربازی فینلاندی بندەست، کە لە خزمەت دەزگای دیپلۆماسی یان سەربازیی رووسیا دا بوون، لە بەرەکانی شەڕ دا، بوون بە دەستەچیلەی ئاگری شەڕ. تەنانەت قسە لەوەش هەیە کە لە سەردەمی پەرەگرتویی بیری سەربەخۆییخوازی لە فینلاند، فینلاندیە پلەدارەکانی ناو ئەرتەش و دەزگای دیپلۆماسیی رووسیا، بە ئانقەست بۆ شوێنە دوورەدەستەکان هەڵدەدێردران. یەک لەوان ئەلکساندر ئیباس، کۆنسولی رووسیای تزار لە شاری سابڵاخ بوو.

ئالێکساندێر ئیڤانۆڤیچ ئیباس لە دایکبووی ٢٧ی سێپتامبری ١٨٦٩ لە شاری لۆڤیسای باشووری فینلاند بوو. باوکی بەرگدروو بوو. لە ئاکادێمیی سەربازیی هامینا دەرسی خوێند. دواتر چووە ناو سپای رووسیای تزارەوە. لە کۆرسی زمانە رۆژهەڵاتیەکانی وەزارەتی دەرەوەی رووسیا دا سەرکەوتوانە بەشداری کرد. زمانەکانی فینلەندی، سویدی و رووسی بە تەواوی دەزانی. دواتر شارەزایی باشی لە زمانەکانی ئاڵمانی، فەرانسی، ئینگلیسی، لەهێستانی، فارسی، تورکیی ئازەربایجانی و کوردیش دا پەیدا کرد. تەنانەت بەشێک لە بەرهەمەکانی "یوهانی ئاهۆ" نووسەری فینلەندی بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕا.

سەرەتا لە ساڵی ١٩٠٠ وەک فەرماندەیەکی سەربازی بۆ تورکستان نارد را. بەڵام پاش ساڵێک لە لایەن وەزارەتخانەی دەرەوەی رووسیا وەک دیپلۆمات بۆ ناوچەکانی پامیر لە ئاسیا رەوانە کرا. سەرکەوتنی لەو ئەرکە دا ئەوی کرد بە دیپلۆماتێکی شارەزا و جێی متمانە کە لە ساڵی ١٩٠١ تا ١٩١٤ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دا ئەرکی جۆراوجۆری لە بواری دیپلۆماسی دا پێ ئەسپێردرا. سەرەتا لە خۆراسان وەک بەرپرسی بەرەنگاربوونەوە لە دژی نەخۆشیی تاعوون، دیاری کرا. پاشان بوو بە سەرکۆنسولی رووسیا لە تەورێز. لە ساڵی ١٩١٢ ئەرکی سەرکۆنسولیی کۆنسولگەریی رووسیا لە سابڵاغی بە ئەستۆ گرت. بەڵام لە سەردەمێکی پڕ کێشە و ناکۆکی دا هاتە سابڵاخ و پێی بۆ ناوچەی کوردستان کرایەوە. لایەک جیهان لە مشتومڕی شەڕی جیهانیی یەکەم دابوو و لە ناوچەکەش ململانێی مەزهەبی، کۆمەڵگای کوردستان بە تایبەت موکریانی بە سەر دوو بەرەدا دابەش کردبوو. بەرەی هەرە بەهێز ئەوانە بوون کە ئەستەمووڵ و بابی عالی‌یان بە قیبلەگای ئیسلام و خۆیان دەزانی. لە بەرامبەر دا بەرەیەکی لاوازی دژ بە عوسمانی و ناتەبا لە گەڵ بەرەی یەکەم هەبوو. ئیباس هەم وەک رووناکبیری سەر بە نەتەوەیەکی داگیرکراو و هەمیش وەک دیپلۆماتێکی رووس هەوڵی دەدا ئەم بەرەیە زیاتر بناسێ و دۆستایەتییان

لە گەڵ ببەستێ. کەسایەتیی دیاری ئەم بەرەیە شێخ بابا سەعیدی غەوسابات بوو.

شێخ بابا سەعیدی بەرزنجی لە دایکبووی ساڵی ١٨٥٦ لە گوندی غەوساباتی نیزیک مەهاباد بوو. ئەویش وەک ئیبیاس، شارەزای چەندان زمانی ڕۆژهەلاتی و ڕۆژئاوایی لەوانە کوردی، فارسی، عەرەبی و فەرەنسی بوو. نە وەک دیپلۆمات و نێردراوی سیاسی بەڵکو بۆ خوێندن و وەسەریەکنانی زانست، ئەویش وڵاتانی جۆراوجۆر گەڕابوو. سەرەتا بۆ درێژەدان بە خوێندن سەری لە بەغدا دەرهێنا. پاشان گەیشتە ئەلئەزهەری میسر. هەر لە کاتی خوێندن دا زانی کە تەنیا بە خوێندنی ئایین ناتوانێ یارمەتیی کۆمەڵگاکەی بدا. کۆمەڵگایەک کە لە دەست هەژاری، نەزانی و بێ مافی دەیناڵاند. لە میسر لە گەڵ زمانی فەرەنسی و زانستی پزیشکی ئاشنا بوو. لە گەڕانەوەی دا لە سلێمانی، لە سەر دەستی کاک ئەحمەدی شێخ مۆڵەتی مامۆستایەتی و ڕێنوێنیی مریدانی خانەقای گێلانی لە موکریان و لە گوندی غەوساباتی وەرگرت. بەڵام دیسانیش هەستی کرد کە ناتوانێ وڵامدەری نیازەکانی سەردەم بێ. بە تایبەت کە لە بەر هەژاری و شەڕ، لەو ساڵانەدا نەخۆشیی جۆراوجۆر داوێنی خەڵکی ناوچەکەی گرتبوو. لە هەموانیش پیستر نەخۆشیی گولی بوو. شێخ وەک پێشەنگێک دەبوو چارەیەک بدۆزێتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگای هیندوستانی گرتە بەر. لەوێ شارەزایی باشی لە زانستی پزیشکی دا پەیدا کرد. گیا دەرمانیەکان و چۆنیەتیی سازکردنی دەوا و مەڵحەم بۆ نەخۆشیی جیاواز، فێر بوو. کە گەڕایەوە کلینیکێکی بۆ چارەسەری نەخۆشان لە گوندی غەوسابات دامەزراند. هەر لە پاڵ ئەو دا شوێنی تایبەت بۆ پێڕاگەیشتن بە نەخۆشیی گولیشی کردەوە و بێ بەرامبەر دەستی بە دەرمان و چارەسەری کرد. هاوکات هەوڵی دا ژمارەیەک پزیشک و پەرەستار بە تایبەت لە ژنان، بۆ گرتنەوەی دەرمان و چارەسەری نەخۆشیە سەرەتاییەکان پەروەردە بکا. هەبوونی چەندان ژن بە پێناسەی حەکیم (پزیشک، دوکتور) وەک ئایشێ حەکیم، خەجیج حەکیم و.. لە ناوچەکەدا بەشی زۆری دەرەنجامی خزمەتەکانی شێخ بابا بوون. لە پاڵ ئەو کارانەدا دەستی بە قەڵەمەوە بوو. خەریکی وەرگێڕانی قانوون، کتێبە پزیشکیەکەی ئیبنی سینا بوو. دوو کتێبی سەبارەت بە زانستی پزیشکی لە ڕۆژئاوا، وەرگێڕا. لە چارەسەری خۆماڵی و سوننەتیی نەخۆشیەکانی دەکۆڵیەوە. سەری لە ئەستێرە ناسی دەردەچوو. ئۆگری عیرفان بوو. بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی شێعری دەنووسی. شێعرە فارسیەکانی شەقڵی پێڕەوی لە مەولانای ڕۆمی پێوە دیارە:

*مست جام الستم هله مست مست مستم*

*از بند دلم رستم هله مست مست مستم*

زان باغ چون گلم من در عشق بلبلم من

چون زلف سنبلم من هله مست مست مستم

-----

له شێعره کوردیەکانیشی دا دەتوانین شوێنی خۆشەویستیی مەحوی و شێعر و بیری ئەو بدۆزینەوە:

بە شەمعی مەعریفەت خانەی دڵم ڕەوشەن نەکەم چ بکەم

بە نووری عالەمی وەحدەت تەنم مەخزەن نەکەم چ بکەم

لە بەحری مەعنەوی دوڕڕی مەعانـــــی دەستگیرم بوو

بە دوڕڕی مەعریفەت ساحیل هەمو مەعدەن نەکەم چ بکەم

لە بادەی وەحـــدەتی جانان وەها سەرمەستی تەوحیدم

گوڵستانی هەموو عالەم ئەگەر گوڵـشەن نەکەم چ بکەم..

بەڵام شێخ لە ناوچەکە تەنیا پزیشک یان ڕێبەرێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی نەبوو. ئەو لە باری سیاسیشەوە سەری بە دەرەوە بوو. دۆست و دوژمن حیسابیان لە سەر دەکرد و هەوڵیان دەدا پشتیوانیی ئەو بۆ لای خۆیان رابکێشن.

ئەو ئەگەرچی بە ئایین ئیسلام و وەک دانیشتوانی ناوچەکە سوننە مەزهەب بوو بەڵام پێشەنگایەتیی خەلیفە و بابی عالی قەبووڵ نەبوو. سەرەڕای شێخایەتیی، وشکەمەزهەبی نەبوو و ژیانی خەڵک و مافی نەتەوەکەی بە لاوە گرینگ بوو. بە پێچەوانەی مەلا و شێخەکانی دیکە لە ناوچە، بە هیچ جۆر دانووی لە گەڵ دەسەڵاتی عوسمانی نەدەکولا. لە شێعرێک دا ئەم هەستەی خۆی ئاوا دەردەبڕێ:

مـــن ز نسل حـیدرم داده به دستم ذوالفقار

تـا درآرم ریشه عثمانیان را هــــــم دمار

پشه نتوان رفت در میدان عنقا کز مصاف

کی درآید مــــوش اندر عرصه تیر شکار

*ریشه تـــــرکان نااهل برکنم از بیخ و بن*

*نیست با هم در حقیقت اهل نور و اهل نار*

*او به نفسش غره من با مصطفی دارم امید*

*تا ز غیثش کل امدادم رسد از شـــهریار*

*چون با ملت ایران خاصه کـردستان همه*

*قدرت یزدان باشد در مصـــاف و کارزار*

*زانکه ایران جای شیـــران خدا باشد همه*

*زنده بادا تا ابد این ملت با اقـــــــتدار*

*اهل ایران جمله از یاران دین مصطـــفی*

*در دو عالم در جواز ذات حق دارند قرار*

*"بوســـعیدا" تو ز اولاد رسولی کل حال*

*بر دوام ملتت دست دعــــــاگویی برآر*

لەو شێعرەدا دوو نوکتە جێی سەرنج و ڕوونکردنەوەن. یەکەم: خۆ بە وەچەی حەیدەر زانین کە مەبەست عەلی کوڕی ئەبیتالب، خەلیفەی چوارەمی سوننە و ئیمامی یەکەمی شیعەیە. ڕەنگە کەسانێک گومان بکەن شێخ شیعە بووە. دووهەم پشتبەستن بە ئێران و دەستەواژەی دواتر باوی "کوردستانی ئێران" لە بەرامبەر دەسەڵاتی عوسمانی دا.

سەبارەت بە خاڵی یەکەم، ئەوە تایبەت بە شێخ بابا نییەو نیزیک بە تەواوی شێخ و سەیدەکانی کوردستان ڕەچەڵەکی خۆیان دەبەنەوە سەر ئیمامی عەلی. ئەوەش بەو هۆیە کە محەممەد پێغەمبەری ئیسلام، نێرینەی لێ نەکەوتەوە. دەڵێن وەچەی ئەو لە ڕێی کچەکەی فاتمە و کچەزاکانی، حەسەن و حوسێن، درێژ دەبێتەوە. جا ئەگەر کەسێ بیهەوێ بگاتەوە سەر پێغەمبەر دەبێ حەتمەن لە ڕێی حەسەن و حوسێنی کوڕی عەلی ئەبوتالبەوە بێ. شێخ مەحموودی نەمریش لە شێعرێک دا بە هەمان شێوە پشت بە حەیدەر دەبەستێ:

*پارێز ئەکەم بە هیممەتی حەیدەر حقوقی کـورد*

*تا ئالی خۆم بە گیانی پێغەمبەر فیـــدا ئەکەم*

*ئەگەر ئینکاری حقوقی کورد بین قەومی عەرەب*

*بەبێ شک نوێژی مازیم بە کوردی قەزا ئەکەم*

بەڵام لە گەڵ هەمووی ئەوانەدا شێخ لە باری ئایینی و مەزهەبیەوە لەوە لیبراڵتر بوو کە خۆی بە شیعە یان سوننە ببەستێتەوە:

*نە ز شیعە، نە ز سنی نە عرب بوسعیدم آل و بیت منتخب*

سەبارەت بە خاڵی دووهەم دەبێ بزانین کە باس لە زیاتر لە سەد ساڵ لەوە پێش و کز بوونی هەستی نەتەوەیی و ناسیونالیستیی کورد لە کۆمەڵگا دایە. سەرەڕای ئەوە شێخ لە باری نەتەوەییە وێڕای دژایەتیی توندی لە گەڵ دەسەڵاتی عوسمانی، باوەڕی بە یەکێتی لە گەڵ نەتەوەکانی دیکە بووە:

*اتحادی پیشە کن با هر ملل تا نباشـــد اتحادی در خلل*
*اتحادی رویەء مــردان بود هر کە کردە اتحاد مرد آن بود*

وا دیارە شێخ لە دژایەتیی تورکانی عوسمانی دا ئومێدی هەبووە ئێران شەڕەکە بکا و کوردستانیش لە ناو ئێران دا بە مافی خۆی بگا. بۆچوونێک کە هەتا ئێستاش کەم و زۆر ئامانج و ستراتژیی بزووتنەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستانە.

یەک لە هۆکارەکانی ئەو هەموو رق و نەفرەتەی شێخ لە دەسەڵاتی عوسمانی، سەرەڕای هاودینی و هاومەزهەبی، بە ئەگەری زۆر بۆ کوژرانی شێخ سەعیدی بەرزنجی، نەوە و جێگرەوەی کاک ئەحمەدی شێخ، دەگەڕێتەوە. شێخ سەعیدی بەرزنجی باوکی شێخ مەحموودی حەفید، ساڵی ١٩٠٨ لە لایەن دەسەڵاتی عوسمانی بۆ شاری مووسڵ دوور خرایەوە. هەر هەمان ساڵ بە پیلانی دەسەڵاتی تورکانی عوسمانی کوژرا. دوو شێخ سەعید لە تەمەن دا لێک نیزیک، هاوتەریقەت و خزم بوون. لەوەش زیاتر لەو سەردەمەدا کە شێخ بابا لە سلێمانی، لە خزمەت کاک ئەحمەدی شێخ دا خەریک بوو دەرسی دەخوێند و ئیجازەی وەردەگرت، ببوون بە دۆست و هاوڕێ. ئەوانەش داخی کوژرانی شێخ سەعیدیان بۆ شێخ بابا سەعید هێندەی دیکە زیاتر و ئەویان لە عوسمانی تووڕەتر کردبوو. وێڕای

ئەوە، ئەو لە گەڕان بە مەملەکەتەکانی ژێر دەستی عوسمانی دا، هەر لە سلێمانیەوە تا بەغدا و تا قاهیرە، چۆنیەتیی خەلافەتی خەلیفەی موسوڵمانانی ناسیبوو و زوڵم و بێدادی قاپیە بەرزەکەی دیتبوو.

بەم جۆرە ئیباس وەک کۆنسولی وڵاتێک کە لە گەڵ عوسمانی لە ململانێ و لە ناوچەکە لە رکابەری دا بوو، لە گەڵ شێخ بابای دوژمنی عوسمانی، لە سەر بنەمای دژایەتی لە گەڵ نفووزی تورکان لە سابڵاخ و ناوچەکە دا یەکتریان دۆزیەوە. ئەوەش رەنگە بە یەکەم پێوەندیی نێوان دوو کەسایەتیی فینلەندی و کوردستانی لە مێژوودا بە حیساب بێ. بەڵام ئەگەر ئەم دژایەتی کردنە لە گەڵ نفووز و دەسەڵاتی عوسمانی لە ناوچەکە بۆ ئیباس بە پێی سیاسەتی رووس، ئەرک و بۆ شێخ بابا نەفرەت بوو، هەردوویان لە خاڵی دیکەش دا یەکیان دەگرتەوە. بۆ وێنە لابردنی ناعەداڵەتی و چاک کردنی دۆخی نالەباری ژیانی کوردەکان، پێکهێنانی یەکگرتویی لە نێوانیان دا و بەرز کردنەوەی هەستی نەتەوەیی کوردەکان لە بری هەستی ئایینی و خەلیفەخوازی، هاوبەشیەکی دیکە بوو. لە نامەیەک دا کە ئیباس رۆژی ١٩ی نۆڤامبری ١٩١٢ بۆ وەزارەتخانەی دەرەوەی رووسیەی ناردوە، پێناخۆشبوونی خۆی لە نایەکگرتوویی و لاوازیی هەستی نەتەوەیی کوردەکان نیشان دەدا و دەڵێ: *"تا ئەوجێییەی کە دەگەڕێتەوە سەر دەرفەتی یەکەتی لە نێو خەڵکی کوردی ناوچە دا، دەبێ ئەوەمان لە بیر بێ کە هەتاکوو ئێستا نە نیشانەی هەرەدووری یەکەتی عەشیرەتی وەبەرچاودەکەوێ، و نە تەنانەت برووسکەیەک لە وشیارییەکی سەرەتایی نەتەوەیی ."*

هەر لەو نامەیەدا بە سێ خاڵ سیاسەتی کاریی کۆنسولخانە لە گەڵ خەڵک و هۆزەکان بە وەزارەتی دەرەوەی رووسیا رادەگەیەنێ کە بە کورتی بریتین لە؛

*- دوای مەرگی هەر سەرۆک هۆزێک، کەسی حەقدار جێی بگرێتەوەو نەهێڵین دەسەڵات بە قازانجی خۆی دەست لە کاروباریان وەردا.*

*- دەسەڵاتدارانی خۆجێی ناچار بکرێن کۆتایی بە ناعەداڵەتی و بێقانوونی بێنن و دەست لە ئازار و راوەدوونانی تاک یان هۆزەکان هەڵگرن.*

*- لە کاتی کێشە زۆر و بێ بڕانەوەکانی بنەماڵەیی، مڵکداری و.. لە نێوان کوردەکان خۆیان دا، کۆنسولخانە ئەرکی چارەسەری و نێوبژیوانییان بگرێتە ئەستۆ و بۆیان ببێ بە جێگای چارە کردنی کێشەکان.*

ئەم ڕێچکانەی سەرەوە ئەگەرچی بە مەبەستی ڕاکێشانی دڵی کوردەکان لە خزمەت کۆنسولخانە و سیاسەتی دەوڵەتی رووسیە دان بەڵام تێیایان دا باری مرۆیی و هەوڵدان بۆ باشتر کردنی دۆخی کوردەکان لەو سەردەم دا، بە ڕوونی دیارە. هەر لەو نامەیەدا ئاماژە بە نەبوونی کەسایەتی و ڕێبەرێکی تایبەت لە نێو کوردەکان دا دەکا و دەڵێ: *"ئێستا لە نێو سەرۆک عەشیرەتەکانی خۆجێی دا تەنانەت تاکە کەسێکی ئەوتۆش نییە ئەوەندەی دەستەڵات و خۆشەویستی هەبێ کە وەکوو نێوەندێک ببزوێتەوە و بکرێ سەرۆک عەشیرەتەکانی دیکە لە دەوری کۆ بنەوە و یەک بگرن. ڕێبەرانی دینی ناوچەش ، هیچیان گرانایییەکی ئەوتۆیان نییە."* هەروەها ئاماژە بە شێخ باباش دەکا کە *"نفووز و دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە"* بەڵام وەک ئەوانی دیکە بە پشتکردن لە هەستی نەتەوەیی تاوانباری ناکا.



ئەلێکساندر ئیباس لە ناو کۆڕی پێڕەوان و مریدانی تەکیەی غەوسابات دا

ئەمە تەنیا جارە کە ئیباس لە نامە و ڕاپۆرتەکانی دا بۆ وەزارەتی دەرەوەی رووسیە باسی شێخ بابای کردوە. ئەگەرچی لەوەش دا ناوی نەهێناوە و تەنیا ئاماژەی پێ کردوە. بەڵام کۆمەڵێک وێنە و بەڵگە هەن کە نیشان دەدەن ئیباس و شێخ بابا دۆستایەتی و هاوپێوەندیەکی زۆریان لە گەڵ یەکتر هەبووە. تا ئاستێک کە خەڵکانێک پێیان وایە ئیباس لە سەر دەستی شێخ تۆبەی کردوەو بووە بە دەروێشی تەکیە. ئاستی ئیخلاسی ئیباسیش بۆ شێخ بابا و بنەماڵەکەی لە چەند نامەی ئیباس بۆ شێخ دا سۆسەی ئەوەی لێ دەکرێ. تەنانەت لە نامەیەک دا جەخت دەکاتەوە کە شێخ بنەچە و شەجەرەنامەی بنەماڵەیی خۆی بنووسێتەوەو پشتگوێی نەخا. شیخیش لە توێی شێعرێک دا، ئەو کارەی بە قسە دەکا:

*ارشـد اولاد پیر اسماعیلم　　　در حقیقت من به فیضش مایلم*
*جد من سید محمدقطب دان　　　نسل شه بابا سعید، غوث زمان..*

وێڕای زمانزانی، گەڕیدەیی، ئۆگری بە زانست و دژایەتی لە گەڵ دەسەڵاتی عوسمانی و لاگرانی ئەو دەسەڵاتە لە سابڵاخ و موکریان، گومانەکان زیاتر بۆ ئەوە دەچن کە هەردوو کەسایەتیی فینلەندی و کورد لە سەر بنەمای پەرەدان بە هەستی نەتەوەیی کوردەکان، کۆک بوون. لە لایەک ئیباس کە خۆی وەک شێخ بابا و وەک کورد بە گشتی، سەر بە نەتەوەیەکی بندەستە و لە لاکەی دیکەش شێخ کە ئەگەرچی خاوەن نفووز نەبووە بەڵام جێی هومێدی ئازادیخوازان بوو. هەرچەند وێناچێ ئەو خواستە سەری لە رزگاریی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان سوابێ و لە بنەڕەتیش دا وەک لە نامەکانی ئیباس دا دیارە، کوردی ئەو سەردەم ئەو پۆتانسیەلەی تێدا نەبووە. ئەگەر تەمەن مەودای دابان، ئەم دوو کەسایەتیە و دۆستایەتییان رەنگە لە سەر رووداوەکانی دواتری کوردستان و پێوەندیی نێوان دوو گەلی کورد و فینلاند شوێندانەر دەبوو و شەقڵیان بە سەر زۆر رووداو دا بە جێ دەهێشت.

بەڵام بە داخەوە ماوەی مانەوەی ئیباس لە سابڵاخ وەک سەرکۆنسولی رووسیا و دۆستایەتی لە گەڵ شێخ بابا تەنیا دوو ساڵی خایاند. لە گەڵ دەسپێکی شەڕی جیهانیی یەکەم، پڕانیی خەڵکی ناوچەکە بە فەرمانی جەهادی خەڵیفە دژ بە رووسیا، کە پشتگیریی مەلا و پیاوانی ئایینیی ناوچەکەی بە دوادا هات، بە لای عوسمانی دا شکانەوە.

باسیلی نیکیتین لەم بارەوە دەڵێ: "شێخ بابا کە لە ناو کوردەکان جێگای رێز بوو، تەنیا کەسایەتیەکی ئایینی بوو کە دژی ئەم جەهادە وەستایەوە."

لە ژێر گوشار و هێرشی خەڵکی جەهادگەر، ئیباس و هاوکارەکانی لە سابڵاخ وەدەرنران و پەنایان بۆ میاندواو برد. چەکدارانی کورد بە پاڵپشتی دەسەڵاتی عوسمانی، لەوێشیان لێ نەگەڕان و چوونە سەریان. ئیباس لە کاتێک دا کە بۆ بردنی هێندێک بەڵگە و کەلوپەل گەڕابۆوە مزڵەکەی خۆی لە میاندواو، رۆژی ٢٩ی دێسامبری ١٩١٤ لە شاری میاندواو کەوتە بەر فیشەکی سوارانی کورد و کوژرا. بە پێی قسەیەک، کەللەسەری ئیباس لێ کرایەوە و لە ناو شاری سابڵاخ بە سەر دارێکەوە هەڵواسرا. دواتریش بوو بە تۆپی گەمەی منداڵان. هەمان بۆچوون پێی وایە لەشکری رووس دواتر لە تۆڵەی سەرکۆنسول ئیباس دا کوشتاری خەڵکی سابڵاخی کرد و هەزاران کەس لە خەڵکی ئەو شارەی کۆمەڵکوژ کرد. کارێک کە بە دڵنیاییەوە رۆحی ئیباسی پێ شاد نەبوو.
ئیباس لەو ماوە کەمەش دا نیشانی دا کە ئەگەر تەمەن مەودای دابا، وەک باسیلی نیکیتین و ڤلادێمیر مینورسکی، دەیتوانی لانیکەم پایەیەکی پتەوی سێ کوچکەی بەرپرسانی کوردناسی رووس لە کوردستان بێ و بەرهەمی زۆر

زیاتر بۆ کورد لە خۆی بە جێ بهێڵێ. لەو ماوە کورتەش دا ئەوەی لە دوای بە جێ ما کۆمەڵێک راپۆرت لە سەر دۆخی سیاسیی کوردەکان، راپۆرتی گەشتێک بە ناوچە کوێستانیەکانی موکریان و کۆمەڵێک وێنەیە کە بە کامێراکەی خۆی لە ژیانی ئەو سەردەمی خەڵکی ئەو دەڤەرەی کوردستانی هەڵگرتووە. نێگاتیڤی وێنەکانی ئییاس ساڵێک دوای کوژرانی، لە ناو گیرفانی سەربازێکی کوژراوی تورک لە نیزیک تەورێز دۆزرانەوە و لە فەوتان رزگاریان بوو.

ئاگری شەڕی جیهانیی یەکەم و جینایەتکاریی تورکانی عوسمانی، ساڵێک دوای کوژرانی ئییاس، گیانی شێخ باباشی ئەستاند. دوای ئەوەی چەند جار هێرش کرایە سەر گوندی غەوسابات و ماڵ و کتێبخانەکەی سوتێندرا، بۆخۆشی دەستبەسەر کرا و سەرەنجام لە گوندی کەرێزەی گڵی لە نیزیک بۆکان لە دار درا. بەوەش داخێکی گەورە کەوتە سەر دڵی دڵسۆزانی نەتەوەو ئۆگرانی رزگاریی کوردستان. داخێک کە ساڵانێکی درێژ لە سەر دڵی ئازادیخوازان دا مایەوەو هەژار لە "بەرەو موکریان" دا ئاوا یادی کردەوە:

*گیانی خۆی داوە بە تۆ شێخ بابا*
*باوی شادی بوو ئەگەر ئەو مابا*


ژێدەر:


١. کورتەیەک لە مێژووی وڵاتی فینلەند – شوانە ڕەزگەیی
٢. ویکیپیدیای فینلەندی (فینلاندی)
٣. ماڵپەڕی موزەی هونەری وێنەگریی فینلاند (بە فینلاندی)
٤. فینلاندیەکان لە شەڕی یەکەمی جیهانی دا - لارس وێستێرلوند(بە فینلاندی)
٥. وێنەکانی گەمەی دوایی – نووسینی: جان چالینکۆ
٦. زندگینامە عارف شهید شیخ بابا سعید برزنجی – سید مسعود سعیدی (فارسی)
٧. بەرەوموکریان – هەژار
٨. شیخ بابا سعید برزنجی (غوث آباد مهاباد) - ڕەزا داودی (فارسی)

٩. ئەو ئێرانەی کە من ناسیم - باسیلی نیکیتین (بە فارسی)

١٠. بە شوێن فانیی شاعیر دا – هەر لەم وێبلاگە

وەرگێڕانی بۆ کوردی: حەسەن قازی – ماڵپەڕی روانگە



گڵکۆ و گومبەزی شێخ بابا لە گوندی غەوسابات

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٧

## بۆچی هێندێک لە دۆستانی دەوری حدکا بە شورای دێموکراسیخوازان قەڵسن؟

نەک بڵێی راگەیاندنی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران بێ رەخنە بێ یان چاوەڕوان بین کارێکی زۆر مەزن بکا بەڵام حەساسیەتی برادەرانی حدکا بەو شورایە و بە رواڵەت بە ناوەرۆکی ڕێککەوتنێک کە ئێرانیگەری تێدایە، جێی پرسیار و گومانە. ئاخر کەسێ کە ئەندامی حیزبێک بە پاشگری کوردستانی ئێران بێ و ئەم پاشگرەش جێگای شانازیش بێ، حەق نییە رەخنەی ئاوا لە ڕێککەوتنی لایەنگەلی دیکە بگرێ کە پێبەندیی بە یەکپارچەیی خاکی ئێران لە بەرامبەر دابین کردنی مافی نەتەوەکان و لەوانە نەتەوەی کورد، یەک لە خاڵەکانی ڕێککەوتنەکە بێ.

یان رەخنە لەوە بگرێ کە لە پاڵ بە رەسمی ناسینی زمانی سەرجەم نەتەوەکان، بۆچی زمانی فارسی کراوەتە

زمانی هاوپێوەندی! ئەمە لە حاڵێک دا کە بەندی ١٢ و ١٣ی فەسڵی ٢ی بەرنامەی حیزبەکەی خۆی بۆ پێناسەی زمانی فارسی لە پاڵ زمانی کوردی داناوە و لە سەر مناڵانی کوردی فەرز کردوە کە دەبێ بەم زمانەش لە پاڵ زمانی کوردی لە قوتابخانەکان دا بخوێنن و هەر لە گوێ ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەی گۆڕین، هەموو پێوەندیە فەرمیەکانیش لە ئاستی ئێران دا بە زمانی فارسی دەبێ.

ئەمن چونکە هۆکاری ڕەخنە و تەنانەت جنێودانی بەشێک لەو بەڕێزانە بە ئاسایی و دڵسۆزی و کوردایەتی نازانم، لەو پێنج هۆیەی خوارەوە دا هۆکاری ڕەخنە و جنێو و حەساسیەتەکانیان دەستنیشان دەکەم؛

١- شورا دەرەنجامی شکستی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵە. بەو هۆیە کە کۆنگرەی ئێرانی فیدراڵ وەک لە سەرەتاوە بۆخۆی دانابوو، نەیتوانی لایەنە ئێرانیەکان بۆ ناو خۆی رابکێشێ. هاوکات لایەنە تورکەکانیش وەک یەک لە گەورەترین نەتەوەکانی ئێران، کە لە سەرەتاوە چالاکانە لەو ڕێکخراوە دا بەشدار بوون، پاش ماوەیەک دانگەڕێزیان کرد و کۆنگرەکەیان بە جێ هێشت. لەو نێوەدا چەندان ڕێکخراوی دیکەش کە داکۆکییان لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکەی خۆیان دەکرد، بەو هۆیە کە ڕێکخراوەکە نەیتوانی خواستەکەیان پەسند بکا، کۆنگرەکەیان بە جێ هێشت. پارتی ئازادیی کوردستان یەک لەو لایەنانە بوو.

٢- بەشی زۆری پێکهێنەرانی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران ئەو حیزب و ڕێکخراوانەن کە هاوکات لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرالیش دا ئەندامن. لە حاڵێک دا دوای لەتبوونی حیزبی دێموکرات، ئامانجێکی گرینگی حدکا لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ، پێشگرتن لە چوونی حدک بۆ ئەو کۆنگرەیە و مانۆڕ دان بەو کۆنگرەیەوە بە قازانجی خۆی بوو.

٣- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کە نەک ئەندامێکی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ بەڵکو هاوپەیمانی ستراتژیکی حدکاشە ئێستا لە گەڵ حدک، بە بێ حدکا، یەک لە دوو لایەنی کوردستانیی بەشدار و پێکهێنەری ئەو شورایەیە.

٤- باسی یەکگرتنەوە لە ئاستی ڕێبەریی حدک و حدکا دا گەرمە و دەگوترێ دوو لایەن زۆر لێک نیزیکن.

پێوەندیدار بەم باسە، لە ناو ئەو بەشە لە بەرێزانی حدکا دا، دوو دەستە بە هۆکاری دژ بە یەک، دژی ئەم شورایە بوون بە یەک، بە هۆکاری جیاواز حەساسیەتیان بە بە شوراکە هەیە:

**الف**. دەستەیەک پێیان وایە حدک بە دامەزرانی ئەو شورایە بە ئاواتی چەند ساڵەی چوون بۆ کۆنگرەی ئێرانی فیدراڵ گەیشتوە و لە یەکگرتنەوەدا دەیکا بە ئاتۆ یان پێی غەرە دەبێ. ئەوان نیگەرانن کە بەو هۆیە یەکگرتنەوە شکست بێنێ و لەم بارەوە ئەگەر بۆچوونەکەی من درووست بێ، هیوادارم حدک نیگەرانیی ئەو بەرێزانە برەوێنێتەوە.

**ب**. دەستەیەکی دیکە هەڵبڕانەوەی حدک و حدکا بە هۆی دامەزرانی ئەم شورایە و ئەندامەتی یەکیان و بەشداری نەکردنی ئەویدی، بە دەرفەتێک بۆ زیاد کردنەوەی کەلێنی نێوان دوو لایەن و شکستی یەکگرتنەوە بە کار دێنن. ئەم دەستەیە زیاتر ئەوانەن کە خوازیارن پرسی یەکگرتنەوە لانیکەم جارێ وەلا بنرێ تا کۆنگرە بگرن و لەوێدا بە زۆرینەیەک کە لە کۆنفرانسەکان دا دەستەبەریان کردوە، بە ناوی چاکسازی و پاکسازی، رەقیبە یەکگرتنخوازەکانی خۆیان جارێکی دیکە حەزف بکەن.

٥- هەر دوو دەستەی سەرەوە حەساسیەتی خۆیان بە بوونی کەسایەتیی کاک خالیدی عەزیزی لە کۆبوونەوەی راگەیاندنی شورا ناشارنەوەو دەشیانهەوێ وا لە خەڵک بگەیەنن کە ئەوە رێزدار خالیدی عەزیزی بوو کە لە کۆبوونەوەکە تەلەفونی بۆ کابرای فارس کرد و هەر لەوێ بە یەکەوە تێکستی رێککەوتنەکەیان نووسی! وەک بڵێی نەک دەفتەری سیاسی و رێبەریی ئەم حیزبە تەنانەت لایەنەکانی دیکەی بەشدار بە رێبەریی بەشدار نەبوویانەوە، ئاگایان لە مەحموودی بێ زەواد نەبووبێ!

ئەمە قسەیەکی خۆشی شەهید لوقمان فولادی وەبیر هێنامەوە کە با ببێ بە کۆتایی ئەم باسە و یادێک لەو شەهیدە نەمرە:

لە دەڤەری ورمێ ئێوارەیەک چووینە لای شوانێک. رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانمان گرت کە هێشتا بەرنامەکانی دەستیان پێ نەکردبوو و وەختی شمشاڵەکەی قالەمەڕە بوو. شوان بە ئاماژە بە دەنگی شمشاڵەکە گوتی: من ئەو

حیزبەم هەر لە بەر ئەو کابرایە خۆش دەوێ.

: بۆ دەیناسی؟

- چما نە دوختور قاسملوویە؟!

تۆمەز پێی وا بوو لەم حیزبەدا هەموو کارێک هەر دوکتور قاسملوو خۆی دەیکا و تەنانەت هەموو ئێواران دێ لە سەر رادیۆ شمشاڵیش بۆ خەڵک لێ دەدا.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

## ئەو دەرسانەی کە دەبێ لە دۆخی دوای ریفراندۆم وەرگیرابن



١- ریفراندۆم و سەربەخۆیی بە ماڵی یەکخراوی کورد دەکرێ نەک ئەوە کە لایەک بیکا بە کەرەسەی لاوازکردنی ئەویدی، یان ئەوانیدی بە نابەدڵ بە دوای خۆی و دۆزەکەدا پەلکێش بکا.

٢- ریفراندۆم و سەربەخۆیی پرسێکی گشتی و نەتەوەییە کە دەبێ هەموان خۆی تێدا ببینەوەو هەموان دەستی پاشباری بدەنێ. ئەم بارە قورسە بە حیزبێک و لە حیزبەکەش دا بە تاکێک هەڵناگیرێ ئەگەر زۆر زۆریش دڵسۆز

و لە ئامانجەکەی دا سادق بێ.

٣- ریفراندۆم پرۆسە و خواستێکی دیموکراتیکە. ناکرێ لە کاتێک دا کە دەرگای پارلمان، وەک بەرچاوترین نیشانەی دیموکراسیت گاڵە داوە، پەنا بۆ ئەم خواستە دیموکراتیکە بەری.

٤- لە ناوچەیەک دا کە هێز و چەک قسەی یەکەم دەکەن، نابێ پێت وا بێ چونکە پێشمەرگە بە پشتیوانیی فرۆکەی هاوپەیمانان، بە سەر داعشی هەرچەند زۆر دڕندە بەڵام بێ پشتیوان دا سەر کەوت، ئیدی کاری دیکەی نەماوە.

٥- ئەگەر لە هیچ بەشێکی دیکەی بەڕێوەبەریی وڵاتیش دا یەک ئیدارەیی نەکرابێ، لە نانی شەو پێویستتر ئەوەیە کە سپای کوردستان لە هێزی پێشمەرگەی لێکدرواوی حیزبەکانەوە ببێ بە سپایەکی نیشتمانی و لە دەست حیزب و بنەماڵە رزگار بکرێ رۆحی نیشتمانی و نەتەوەیی بە بەردا بکرێ.

٦- حاسڵی بەرگری لە حوکمی بنەماڵەیی ئەوەیە کە ئەمڕۆ بنەماڵەیەکی دیکە بە ناشیرینترین شێوە پەنای بۆ هەمان حوکم بردووە لە پێناو هێژمۆنیی بنەماڵەدا تەنانەت خیانەتیش بە ڕەوا دەزانێ.

٧- ئەوەی کە لە باشووری کوردستان دەبێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا، ئەو کوردانەن کە خەڵکی هەرێمی کوردستانن. کوردی بەشەکانی دیکە ئەگەر بە کۆمپلێتیش لە گەڵ پرسێکی پێوەندیدار بە باشوور بن، هەر دەتوانن پشتیوان بن و دیاریکەری چارەنووس نین.

٨- باشوور ئەوەی هەیەتی لە سایەی وڵاتانی رۆژئاوا بە تایبەت ئەمریکا دا دەستەبەری کردوە. لە کاتێک دا لە هەموو ناوچەکە دۆستێکی راستەقینەت نەبووەو نییە، ناکرێ لە گرتنەبەری ئامانجەکانت دا وڵامی خواست و داوا و تێبینیی ئەمریکا و رۆژئاوا نەدەیتەوە تەنانەت ئەگەر داواکەیان بە قازانجیشت نەبێ. نەتیجە ئەوەی لێ دەکەوێتەوە کە دەبینین. هەستم کردوە هیندەمان درۆ لە گەڵ ئەو وڵاتانە کردوە کە ئەمڕۆ زۆر بە سەختی بڕوا بە راستەکانیشمان دەکەن.

٩- شەقام و کۆمەڵگای مەدەنی هێزی راستەقینەی گەلە. ئەو هێزە دەبێ لە پاڵ هێزی پێشمەرگە دا، بۆ سەربەخۆیی و مافە نەتەوەییەکان بە گرینگ بزاندرێ، پەرەی پێ بدرێ و گوێی لێ بگیرێ. ئەوەش یەکشەوە نایەتە دی ئەگەر بە درێژایی دەسەلاتداریەکەت، لە حاند هێنانە ئارای خواستە مەدەنیەکان دا گوێت لێ نەگرتبێ، بەردەوام وەک هەڕەشە سەیرت کردبێ و سەرکوتت کردبێ.

بە هیوای سەربەخۆیی گشت کوردستان

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

## بووم، بوومەلەرزە، بوومەلێڵ، بوودڕ، بەر و بووم، بوڕکان، بوار، کوندەبوو

کە دیاردەیەک پەیدا بوو یان کارەساتێک هاتە ئاراوە، وشە و دەستەواژەی پێوەندیداریش دەژێنەوە. ئەم رۆژانە لە سۆنگەی ئەو خەسارە زۆرە گیانی و ماڵییەی بوومەلەرزە لە رۆژهەلات و باشووری کوردستانی دا، وێڕای هاوخەمی بۆ زیانلێکەوتوان و بەهاناوەچوونیان، ماکەی وشەی بوومەلەرزەش بۆتە جێی تێفکرین.

ئەم وشە مەنحووسە لە دوو بەشی 'بووم' و 'لەرز' چێ بووە. وشە یان کرداری لەرز یان لەرزین بە واتای لەرین و جووڵانەوە وشەیەکی ناسراو و واتای روونە. بەڵام بووم بە واتای هەرد یان زەوی، زۆر ناسراو نییە. هەر لە بەر ئەوەش کەسانێ بە جێی بوومەلەرزە یان بوولەرزە، لە وشەگەلی وەک زەمین لەرزە، هەرد هەژێن و وشەگەلی دیکە کەلک وەردەگرن.

وشەکە بە هەردوو شێوەی "بوم" و "بو" جگە لە بومەلەرزە یان بولەرزە، لە پێکهاتەی چەندان وشەی دیکەش دا هەیە. بۆ وێنە: بودڕ (رەهەند ، دڕینی هەرد، رێگا کردنەوە بە بن هەرد دا)، "بەر و بوو" یان "بەر و بووم"

(بەرهەم و داهاتێک کە لە زەوی بەرهەم دێ) بە ئەگەری زۆر لە بنەڕەت دا "بەری بووم"ە بە هەمان واتای بەرهەمی زەوی. بو یا بووم هەروەها ڕەنگە لە "بورکان"یش دا هەبێ. ئەگەر ئەم بۆچوونە درووست بێ، ئەوە "رکان" پێوەندی بە "رک - رق" هەیە و بورکان واتای تووڕە بوونی هەردە.

"بو" بە واتای هەرد و وشکایی لە وشەی بواریش دا هەیە و بە ئەگەری زۆر بوار لە دوو وشەی "بو" و "دار" کەوتووەتەوە. بەو پێیە کە بو یان بوم زەوی وشکایی دەگرێتەوە.

هەروەها بوومەلێڵ کە تاریک و ڕوونی بەیانی یان ئێوارەی پێش تاریکایی داهاتنە ئەو کاتەی هەرد (بووم) بە لێڵی دەبیندرێ.

وشەی بووم لە 'کوندەبوو'ش دا هەیە بەو هۆیە کە کوندەبوو زیاتر لە ناو هەرد دا کون ساز دەکا و تێیدا دەحاوێتەوە. کون - دە - بوو: کون دە زەوی، ئەو باڵندەیەی کون و لانەی لە هەرد دایە. ڕەنگە ئەوە زیاتر کوندەبوو و بوولەرزە لێک ببەستێتەوە تا ئەوە کە پێمان وا بێ بوولەرزە وێران دەکا وکوندەبوو هێلانەی تێدا دەکا.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

---

## کێ براوە و کێ دۆڕاوە؟

ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان هەر لە سەرەتاشەوە قەرار نەبوو بەم زووانە سەربەخۆیی لێ بکەوێتەوە تا پێوانەیەک بۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتنی دابنێین. ڕێژەی زۆری دەنگی بەڵێ، داکۆکی لە خواستی سەربەخۆیی کورد و گەیاندنی ئەم خواستە بە گوێی هەموو دنیا، دەسکەوتەکانی ریفراندۆم بوون. بەڵام کاردانەوەکان دژ بە ئەنجام دان، دەرەنجام و ئەو خەسارە قورسەی کە بە بیانووی ریفراندۆم لە کوردستان درا، وای کرد ئەگەر کۆی پرۆسەکەش بە سەرکەوتوو دابنێین، دۆڕاو و براوەی لێ دەستنیشان بکەین. بێگومان دەوڵەتی

عێراق بە پلەی یەکەم و کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پلەی دووهەم هەتا ئێستا براوەی سەرەکین. بەڵام براوەبوونی ئەوانیش موتڵەق نییە. بە تایبەت ئێران کە لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دا خۆپێشاندانی هەزاران و رەنگە دەیان هەزار کەسی بۆ پشتیوانی لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی وەڕێخرا و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد بەوانەشەوە کە بە ئیسلاح تەڵەب و سەر بە حکومەت دەزاندرێن، لێبڕاوانە پشتیوانیی خۆیان بۆ سەربەخۆیی باشوور و لە ئاکام دا سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند. هەر بۆیەش ئێران ئێستا دەستەودامێنی جاشەکان بووە تا وا نیشان بدا کە کوردی رۆژهەڵات دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان قەبووڵە و دەسەڵاتیش کێشەی لە گەڵ کوردی رۆژهەڵات نییە. هەروەها گوشاری ئەمریکا بۆ سەر حەشدی شەعبی و وەبیرهێنانەوەی تیرۆریست بوونی بەشێک لە فەرماندەکانی، زەق بوونەوەی ئاستی دەسوەرانی ئێران لە عێراق، بەرەوپێش چوونی رێژەیی هەوڵی ئەمریکا و عەرەبستان بۆ ئەوەی عەبادی لە ئێران بکێشنەوەو دەستی ئێران لە عێراق کورت بکەنەوە، بەشێک لە زیانەکانی ئێران لەم ماوەیەدا بوون.

لە ئاستی ناوخۆی باشووری کوردستانیش دا هەموان وەک یەک دۆڕاو یان براوەی ئەم ریفراندۆمە نەبوون. جگە لە قوباد و رێبوار تاڵەبانی، رەنگە بنەماڵەی تاڵەبانی بە دەست تێکەڵ کردن لە گەڵ دوژمنانی کورد، دۆڕاوی سەرەکیی ئەم ریفراندۆمە بن. ئەوان وەک حەمەد بەگی لێتان لە بەرخودانی قەڵای دمدم یان مەلای خەتێ لە شۆڕشەکەی میری رەواندز دا، بۆ هەتا هەتایێ ناویان بە بێزراوی لە مێژووی کورد دا تۆمار دەکرێ.

براوەی سەرەکیی ریفراندۆم رەنگە شاسوار عەبدولواحید بێ. ئەو هەر نیەتێکی هەبووبێ، لە سەرەتاوە لێبڕاوانە رایگەیاند کە ریفراندۆم کارێکی ناوەخت و زیانبار دەبێ و سەرەڕای گوشاری قورس و ناو و ناتۆرەی زۆر، لە قسەی خۆی پەشیمان نەبۆوە. دەرەنجامیش دیتمان کە قسەی ئەو راست بوو. نە باشوور سەرەڕای دەنگی نیزیک بە ٩٣٪ بۆ سەربەخۆیی، نە وڵاتانی ناوچە و نە جیهان ئامادەی قەبوڵ کردنی ئەم ریفراندۆمە نەبوون. تەنانەت رێبەرانی پارتی دێموکراتی کوردستان لە نێو خۆشیان دا سەبارەت بە ئەنجامدانی ریفراندۆم رایان وەک یەکیەک نەبوو و لە سەری کۆک نەبوون. مەسعوود بارزانی کە لە سەرەتاوە ریشی خۆی لە گرەوی ئەم ریفراندۆمە نا و بە جۆرێک گرەنتی بە خەڵکی کوردستان دا، رەنگە دووهەم زیانباری ئەم ریفراندمە بوو. ئەو دەیویست لەو کۆتایی تەمەن و دەسەڵاتەی دا میراتێکی بە نرخ بۆ نەتەوەکەی بە جێ بێڵێ و ناوی زیاتر بە نەمری بمێنێتەوە بەڵام دەرەنجام بەو جۆرە نەبوو کە دەیویست. دەرەنجام ناچار بوو لە سەرۆکایەتیی حوکمداریی کوردستان بچێتە دەر و

گۆڕەپانەکە بە جێ بێڵێ. بەشی زۆری دەسەڵاتەکەشی رادەستی نێچیروان بارزانی کرد. بەوەش سەرەڕای ئەوە کە هەم پارتی و هەم حکومەتی هەرێم لەم یاریەدا کیش بوون، بەڵام لە ناوخۆی پارتی دیموکرات دا باڵی مەسروور بارزانی کە بە باڵی پاراستن ناسراوە لە بەرامبەر باڵی نێچیروان بارزانی کە باڵی حکومەتە، شکا. ئەگەر کوردستان بێ خەسار لە ئەنجامدانی ریفراندۆم دەرباز با، و باڵی مەسروور بارزانی کە بە جۆرێک میعماری ئەم ریفراندۆمە بوو، سەرکەوتوو دەبوو. لە راستی دا دەزگا سیخوڕیەکانی هەر دوو حیزبی دەسەڵاتدار، واتە پاراستنی پارتی بە سەرۆکایەتیی مەسروور بارزانی و زانیاریی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی لاهوری شێخ جەنگی، هەر کام بە ئاراستەی جیاواز دا، دۆڕاوانی سەرەکیی ئەم ریفراندۆمە بوون.

لە ناو یەکێتی دا دەکرێ بڵێین کۆسرەت رەسووڵ عەلی لە رووی ئیخلاقی سیاسی، باوەڕی قووڵ بە کوردایەتی و بەرخودانی پێشمەرگانە براوە بوو بەڵام لە ئاستی کوردستان دا لە گەڵ مەسعوود بارزانی شەریکی زیان و دۆڕان بوو. بەڵام قوباد تاڵەبانی و بەرهەم ساڵح کە لە گەڵ نێچیروان بارزانی سێ گۆشەیەک بۆ پێڕەو کردنی سیاسەتی میانەڕەوی و سازان پێک دێنن، لە باری سیاسیەوە براوە بوون. ئەوان هەم لە ئاستی کوردستان و هەم لە ئاستی عێراق، هەم لە ئاستی ناوچە و هەم لە ئاستی دنیا دا بە لاگرانی توافق و سازان ناسراون. لەوە بە دوا ئەم سیانە لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دا زیاتر دەور دەگێڕن. وێدەچێ باڵی پاراستنی پارتی دەرکی بەوە کردبێ بۆیە لە ئێستاوە کەسانی نیزیک لە پاراستن بە هەڵبەستنی تۆمەت و لەقاودان، هێرش بۆ سەر بەرهەم ساڵحیان دەست پێ کردوە. هۆکاریش ئەوەیە کە لە ناو پارتی بە تایبەت لە ناو بنەماڵەی بارزانی دا کێشەکان ناخرێنە دەرەوە و بە پێی پرەنسیپ و ئیخلاق، ململانێکان هەر لە ناو بنەماڵە یان لە ناو پارتەکەدا دەهێڵنەوە. بۆیەش بە جێی هێرش بۆ سەر نێچیروان بارزانی، نووکی رمبیان رووی لە بەرهەم ساڵحە. ئەو هێرشانە بە تایبەت دوای ئەو قسەیەی د. بەرهەم پەرەی گرت کە وتی بە جێی هێرش و خوێنڕشتن، با دەوڵەتی عێراق کەیسی ریفراندۆم بباتە دادگای فیدراڵی و دادگا بڕیاری لە سەر بدا. دوا جاریش دەرکەوت کە د. بەرهەم ئاماژەیەکی درووستی داوە. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەکان، ئەمڕۆ دادگای فیدراڵی عێراق رایگەیاند کە ناتوانین بڵێین ریفراندۆم نادەستووری بووە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧

# ریفراندۆم؛ برینێک لە جەستەی ئێران کە دەبوو حەشد تیماری بکا




ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧، ڕێبەرانی یەکێتی و پارتی، بە ئامادەبوونی د. فوئاد مەعسووم سەرکۆماری عێراق و مەسعوود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە هاوینەهەواری دووکان لە سکرتاریەتی مام جەلال وەک شوێنێکی ڕەمزی، کۆ بوونەوە. کۆبوونەوە تایبەت بوو بە قسە کردن و بڕیاردان سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنەوەی پێوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لە سەر بنەمای پەیام یان گەڵاڵەیەکی پێشنیاریی بەغدا کە لە لایەن فوئاد مەعسوومەوە هێنرابوو. گەرچی لە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە زانیاریی ڕوون لە دەست دا نییە و نازانین گەڵاڵەکەی بەغدا چی بوو و دوا جار لە لایەن کوردەکانەوە چی لێ پەسند و چی لێ ڕەت کرایەوە، بەڵام بەوەڕا کە هەموان بە ڕەزایەتییەوە لە هۆڵی کۆبوونەوە دەرکەوتن و بە پێی ڕەزایەتی زۆری سەرکۆماری عێراق لە دەرەنجامی کۆبوونەوەکە، دیار بوو کە هەولێر و بەغدا هەنگاوێکی گرینگ بۆ ساماڵ کردنەوەی ئاسمانی تاریکی پێوەندیەکانیان دەهاوێژن. هەر لە پەنا ئەوانەوە مێدیاکانی نیزیک لە کۆماری ئیسلامی و هێندێک مێدیای باشووریش چەندان خاڵیان لە دەرەنجامی کۆبوونەوەکە بڵاو کردەوە کە نیشانی دەدا هەولێر ڕازی بووە سپا و دەسەڵاتی حکومەتی عێراق بگەڕێتەوە بۆ ناوچە کوردستانیەکانی سەر بە بەغدا، نەوتی ئەو ناوچانە لە لایەن حکومەتی عێراقەوە بفرۆشرێ و لە بەرامبەر دا بەغدا مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکا. بەو پێیە هاتنەوەی سپای عێراق بۆ ئەو ناوچانە شتێکی سەیر و چاوەڕوان نەکراو نەبوو. تەنیا ئەوە مابوو کە دەرەنجامی کۆبوونەوەکەی دووکان لە لایەن سەرکۆمارەوە بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق بچێتەوەو بە دوای ئەوەدا دوو لایەن دەست بە جێبەجێ کردنی ڕێککەوتنەکەیان بکەن.

لە پاڵ کەین و بەینی نێوان هەولێر و بەغدا، لەشکرێکی حەشدی شەعبی وێڕای بەشێک لە سپای عێراق، لە

سنووری نێوان کورد و عارەب، لە سان درابوو و جار و بار هەڕەشەی لە کوردستان دەکرد. وا دەزانرا کە ئەم لەشکرە زیاتر وەک کارتێکی گوشاری بەغدا بۆ سەر کوردەکان کۆ کراوەتەوە بۆ ئەوەی هەولێر بە مەرجەکانی بەغدا رازی بێ. هاوکات، مادام لایەنی کورد بە هاتنەوەی ئەو هێزانە لە رۆژانی داهاتوو دا رازی بوو، هاتن و مۆڵ درانیان بە لای سەرۆکایەتیی سیاسیی کوردستانەوە شتێکی زۆر نائاسایی نەبوو. بەڵام بابەتێک کە لێرەدا غایب بوو، ئەو برینە بوو کە ریفراندۆمی باشووری کوردستان لە سەر جەستەی کۆماری ئیسلامی بە جێی هێشتبوو. برینێک کە بە سازان و رێککەوتنی ئاشتیانەی نێوان بەغدا و هەولێر سارێژ نەدەبوو.

لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی دا ئەگەر عەلی خامنەیی دژایەتیی ئاشکرای خۆی بۆ بابەتێک راگەیاند و زیاتر لە جارێک بە دژی هەڵوەستەی کرد، لە نێوان ئەو دوو خوێندنەوەیەدا دەبێ بۆی بگەڕێی؛ یا ئەوەتا بە دوای وەرگرتنی ئیمتیازەوەیە یان بە لای ئەو رێژیمەوە هێڵی سوورە و بەزاندنی، بریندار کردنی کۆماری ئیسلامییە. ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان لە خانەی دووهەم دا بوو و ئەنجامدانی برینێکی بە ژانی لە جەستەی ئەم رێژیمە بە جێ هێشت. هەر بۆیەش رێژیم دەبوو بە جۆرێک تۆڵە لە باشووری کوردستان بکاتەوەو ئەم برینەی سارێژ بکاتەوە. بۆ ئەوەش دەبوو شکۆی کوردستان کە ریفراندۆم هیندەی دیکەی بەرز کردبۆوە، بشکێنێ. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لەو سێ کارتە کەلکی وەرگرت:

١- لە کاتێک دا هێشتا وڵامەکەی کوردستان نەگەیشتبووە بەغدا، پێشمەرگە گەرچی ئامادە بوو بەڵام چاوەڕوانی هێرش نەبوو.

٢- وا دیارە ئەمریکا و هێزی هاوپەیمانانیش ئاگاداری سازانی نێوان هەولێر و بەغدا سەبارەت بە هاتنەوەی سپای عێراق بوون و ئەو هێزە عێراقیەش کە بەرامبەر بە کوردستان سانی گرتبوو، لای ئەوان بە ناوی سپای عێراق مۆڵ درابوو نەک بە ناوی حەشد. بۆیەش هاتنیان بۆ کوردستان لای هاوپەیمانان ئاسایی بوو.

٣- لەوانە گرینگتر تابووری پێنجەم (بافێل، ئاراس و لاهور تاڵەبانی)ی لە کوردستان و لە ناو پێشمەرگەدا ئامادە کردبوو تا دەروازەیەکی بێ بەرگری بۆ حەشدی شەعبی بکەنەوە بۆ ئەوەی ئەم هێزەی کە نوێنەرایەتیی ئێران و سپای پاسداران لە عێراق دا دەکا، بە سەر کوردستان و پێشمەرگەوە بکا بە پاڵەوان.

سەرچاوە Serchawe

لە پاڵ ئەو سێ هۆکارە دا، ڕەنگە بیر لەوەش کرابێتەوە کە بەرەڵایی مێدیا لە کوردستان هەر زوو هێندەی دیکە ورەی پێشمەرگە و خەڵک دەڕووخێنێ و ئاشبەتاڵ و پاشەکشەی زیاتری لێ دەکەوێتەوە.

بەم جۆرە بە سێ تاکتیکی غافڵگیر کردن، فریودان و تابووری پێنجەم توانی شکستێکی گەورە بە سەر کوردستان دا بێنێ و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی پێ بڕووخێنێ.

حەشد کە هاتە کوردستان، دەبوو ڕق و قینی ئێران و ئەو ئایدۆلۆژیایەش کە ئێران پێی تەزریق کردوە، بە سەر کوردستان دا بڕێژێ. ڕقی هەڵچووی ئێران لە ریفراندۆم دەبوو ئاوا بنیشێتەوە. هەر بۆیەش حەشد دەستی کرد بە سوکایەتیی بە خەڵک و هێما و ڕەمزەکانی کورد. ئەم هەڵسوکەوتە پڕ لە سوکایەتیەی حەشدی شەعبی کە نارەزایەتی و بەگژداچوونەوەی مەدەنیانەی خەڵکی کوردستانی بە دواوە بوو، ئاوارە بوونی ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی ئەو ناوچانە و لە سەرووی ئەوانەش وشیار کردنەوەی ئەمریکا، سعودیە و بە تایبەت ئیسرائیل لە لایەن سەرۆکایەتیی سیاسی کوردستانەوە هۆکارە سەرەکیەکان بوون تا هاوپەیمانان سەبارەت بە کوردستان وەخۆ بێنەوە و بەغدا ناچار بە کشاندنەوەی ئەو هێزە بکەن.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

---

## ماڵاوایی لە سکرتێری ناکۆکەکان

هەر ئێستا ڕێورەسمی ناشتن و پرسەی مام جەلال بەڕێوە دەچێ. زۆربەی هەرە زۆری کاناڵە تلویزیۆنیەکانی باشوور ڕاستەوخۆ ڕێورەسمەکە بڵاو دەکەنەوە. ڕێورەسمێک کە پڕە لە ناتەبایی. هەر لە مارشی عێراقەوە تا سروودی ئەی ڕەقیب کە ئەم ڕۆژانە زیاتر لە هەر کات لێک دوژمنن، لە بەشداریی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تا ڕێبەرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، لە پەیامی سەرەخۆشیی ئەردۆغان و ئەسەدەوە تا پرسەنامەی پەکەکەو ڕاگەیاندنی سێ ڕۆژی ماتەمینی لە ڕۆژئاوا، لە ئاڵای نیوە داکێشراوی سەر بانی باڵیۆزخانەی کۆماری ئیسلامی تا

ئـالا و ئـارمی نیوەهەڵـدراوی سـەر قەڵای دێمـوکرات، لە پەیـامی پـڕ لە هـاودەردیی کەسـایەتی و رێـبەر و حیزبەکانەوە تا تۆمەت و وردە جنێوی هێندێک لە ئەندامانی خوارەوەیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا، لە خوێندنی قورئانەوە تا لێدانی سروود، لە قوڕپێوان و سینگ کوتانەوە تا گێڕانەوەی نوکتە خۆشەکانی..

ئەم ناتەباییانە ئـاوێنەی بـاڵانوێنی خەبـاتی مـام جەلال و دەرەنجـام و حاسڵی خەبـاتی ئەون. هەر لە منـداڵی بنەماڵەیەکی شێخ و فیئودالەوە تا خەبـات بـۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەو سەرمایەداری، لە خۆدۆزینەوە لە بەرەی چەپ و میوان بوون لە وڵاتانی سوسیالیستی و مائۆئیستییەوە تا سەردانی عەرەبستان و زیارەتی حج، لە شەڕی توند و خوێناوی دژی دەسەڵاتی عێراق تا دانیشتن لە سەر تەختی سەرکۆماری لە بەغدا، لە قسەکردن بـۆ پۆلێک پێشمەرگە لە خڕی ناوزەنگەوە تا ئاخاوتن لە پشت تریبونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویورک، لە شەڕ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی و بوون هێزی پشتیوان تا سەردان و زیارەتی قەبری خومەینی، لە پێشمەرگایەتیی سەر چیاکانی کوردستانەوە تا جێگری سەرۆکی رێکخراوی ئەنترناسیونال سوسیالیست... ئەو لە هەر ئاستێک لە بەرپرسایەتی دا بووبێ، هەر لە سکرتێریی یەکێتیی نیشتمانی بە سێ هێڵی جیاوازەوە تا سەرۆکایەتیی کۆماری عێراقی پڕ لە حیزب و نەتەوە و ئایینی جیاواز، رێبەری ناتەباییەکان و کۆکەرەوەی ناکۆکیەکان بوو. لە پێناو ئامانجەکەی دا دۆستایەتیی لە گەڵ دوژمن و دۆست کرد و لە تەنگانان دا دۆست و دوژمن هانایان بۆ برد.

بە هەموو ئەو رەخنانەش کە لە کارنامەی خەباتی ئەو پیاوە هەیە، لە حاڵێک دا کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، عێراق و کوردستانیش پڕن لە ناتەبایی، نالێکی و ناکۆکی، ئەوە تەنیا سەرکردەیەکی وەک مام جەلال و کارنامەی ئاڵۆزی خەباتەکەی بوو کە دەیتوانی لە کوردستان و عێراق دا ئەو هەموو ناکۆکیە لێک کۆ بکاتەوەو ئەو هەموو ناکۆکیە لێک کۆ بکاتەوە.

ماڵاوا مام

سەرچاوە: ویبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## غەیبەتی ڕێبەرێکی تەوافقی و هەڵوەشانەوەی تەوافق

ڕێبەرانی سیاسی بە گشتی بە سەر سێ دەستە دا دابەش دەکرێن؛ فکری، تەشکیلاتی و تەوافقی. مام جەلال لەو ڕێبەرانە بوو کە لە دەستەی سێهەم دا پۆلێن دەکرێن. ڕێبەرێکی بە تەواو مانا تەوافقی. ڕێبەری "چەپکە گوڵەکە".

تەوافق و سازان لە گەڵ مێژووی خەباتی سیاسیی مام جەلال دا متوربە کراوە. پێکهێنانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە سێ ڕەوتی سوسیالیست، کۆمەڵە و خەتی پان و پاراستن و ڕێبەریی کردنی ئەو یەکێتی‌یە بە درێژایی دەیان ساڵ، وێنەی هەرە بەرچاوی کارنامەی خەباتی ڕێبەرێکی تەوافقی‌یە. ئەم تایبەتمەندیەی مام جەلال لە شکڵ و شێوەی دیکەش دا چەندان جار خۆی نواند و دووپات کرایەوە. لەوانە دەسپێشخەری بۆ پێکهێنانی بەرەی جوقد و دواتر بەرەی کوردستانی، تەوافق لە گەڵ پارتی بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە شێوەی فیفتی فیفتی و دواتر مۆرکردنی پەیماننامەی ستراتژی لە گەڵ ئەو حیزبەو سەرەنجام دارشتنەوەی ستروکتوری سیاسیی عێراق لە سەر بنەمای تەوافق.

گرینگترین تایبەتمەندیی ڕێبەرانی تەوافقی ئەوەیە کە بە ئاسانی و بێ چارەسەری بنەڕەتی، بە سەر جیاوازیەکان دا باز دەدەن، کێشەو نێوان ناخۆشیەکان بە قسەی خۆش چارەسەر دەکەن و لە سەر یەک کاراکتەری سازان و پێکەوە هەڵکردن و لێک گرێدانن. ئەم تایبەتمەندیانەی ڕێبەرێکی تەوافقیی وەک مام جەلال بوو کە بەردەوام گرێ کوێرەکانی پێکەوە نەسازانی ناتەباییەکان لە ناو یەکێتی، لە باشووری کوردستان و لە عێراقی دوای سەدام حوسێن، هەر بە دەستی خۆی دەکرانەوە. تا ئاستێک کە بەشێک لە چاوەدێرانی سیاسی پێیان وایە زۆربەی نەهامەتیەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی عێراق، هەر لە هاتنی داعشەوە تا هەڵوەشانەوی تەوافقی نێوان بەغداو هەولێر، لە ناکۆکیەکانی ناوماڵی کوردی باشوورەوە تا فڕان فڕانی ناو سەرکردایەتیی یەکێتی، بۆ غەیبەتی مام جەلال دەگەڕێتەوە. بۆچوونێک کە تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ درووست بێ. چونکە مەرگ، خاڵی هەرە لاوازی ڕێبەریی ڕێبەرانی تەوافقیە. تەوافق، ڕێککەوتن و پێکەوە سازانێک کە لە سەر دەستی ئەوان پێک دێ، ئاستەمە بە کەسانی دیکە بپارێزرێ. دوای نەمانیان لە سەر گۆڕەپانەکە و پڕ نەکردنەوەی جێگای بەتاڵیان بە

ڕێبەر یا ڕێبەرانی هاوشێوە، وەک ئەوەیە کە ئاڵقەی وەسڵی جیاوازیەکان بترازێ. هەر بۆیە دوای مەرگی ئەوان، سازانەکان دەبنەوە بە کێشە، کێشەکان لە سەر یەک کەڵەکە دەبن و سەرەنجام دەتەقێنەوە.

کەسێ کە دوای نەخۆشکەوتنی مام جەلال و رەنگە ئێستاش، چ لە ناو یەکێتی، چ لە باشووری کوردستان و چ لە عێراق دا دەتوانی رۆڵی ئەو بگێڕێ و جێگای پڕ بکاتەوە، بە ئەگەری زۆر د. بەرهەم ئەحمەد ساڵحە. بەڵام ئیدی ئێستا دۆخەکە وایە کە ئەو خۆی پێویستی بە کەسانی دیکەی ڕێڕەوی مام جەلال لە ناو سەرکردایەتیی یەکێتی دا هەیە تا تەوافقی لە سەر بکەن و وەک ڕێبەر قەبوڵی بکەن.

**سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧**

---

## ناتانیاهو و قەڵسەگێڕان لە سەر حیسابی کورد

بە پێچەوانەی پێخۆشبوونی بەشێک لە کوردان، ئەمن پشتیوانیی ناتانیاهو لە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانم پتر وەک قەڵسەگێڕان لە وڵاتانی دەوروبەر دیت. قەڵسەگێڕان لە سەر حیسابی کورد و ئەو هەوڵەی کە بۆ پشتراست کردنەوە ئەنجامی دا.

ئیسرائیل بۆخۆی زۆر باش دەزانێ کە پشتیوانیی ئاشکرای لە هەر گۆڕانکاریەکی رۆژهەڵاتی ناوەراست، خزمەت بە بەرەوپێشچوون و بە ئاکام گەیشتنی ناکا و بە زیانی رەوتەکە دەشکێتەوە. ڕێبەرانی ئیسرائیل و بەرپرسانی مووساد، وەک چۆن تا ئێستا هەزاران کاری گەورەیان بۆ دۆستەکانیان کردوەو نەیانهێشتوە کەس پێ بزانێ، دەیانتوانی لە نفووز، لۆبی و توانایی خۆیان بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان کەلک وەرگرن.

نەک وەک ئێستا کە بۆ قەڵسەگێڕان لە وڵاتانی ئیسلامی و وڵاتانی جیرانی باشووری کوردستان، ئاوا دەهۆڵ لە سەر سەری کورد دەکوتن و دوژمنان لە دژی کورد کۆک و بەسیج دەکەن.

سەرچاوە Serchawe

لە گەڵ ئەوەدا کە پێوەندیەکە لە جێی خۆیەتی و تا بەهێزتر بکرێ باشترە بەڵام خۆڕانانی کورد لە سەر حیسابی دۆستایەتی لە گەڵ ئیسرائیل و قەڵسەگێڕانی ئیسرائیل لە سەر حیسابی سەربەخۆیی کوردستان، بە زیانی کوردی بێ پشتیوان و کوردستانی دەورەدراو بە دەسەڵاتە ئیسلامیەکانە. ئەمە دەتوانێ فاکتەرێکی گرینگ بێ بۆ دوژمنانی کورد کە لە دژی کورد، بە ئاسانی لە دەوری یەک کۆ ببنەوە.

لە دوا کۆنفرانسی رۆژنامەوانیی بەڕێز مەسعوود بارزانی‌دا هەستم کرد کە بەڕێوەبەرانی ریفراندۆمیش هیچ بەو دەهۆڵ کوتانەی ئیسرائیل کەیفخۆش نین. بەڕێز بارزانی لە وڵامی پرسیارێکی پێوەندیدار دا گوتی ئەوانەی هەنگاوەکانی ریفراندۆم بە پلانی دامەزراندنی ئیسرائیلی دووهەم لە ناوچەکە دەشوبهێنن، زۆر سەخیفن. لە حاڵێک دا رەنگە کەسانێ چاوەڕوان بوون لە حاند پشتیوانیی ناتانیاهو لە ریفراندۆم، ئەویش پشتیوانی لە ئیسرائیل بکا.

سێ ساڵ لەوە پێش سەرۆکی ئەنستیتۆی مێری لە هەولێر گوتی: "گەورەترین یارمەتیی اسرائیل بە ئێمە ئەوەیە کە نەڵێن یارمەتیمان دەکەن".

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## "کوردستان - عێراق" بۆ کۆنفیدرالیزە کردنی عێراق

لە مێژووی تێکۆشانی سیاسیی کورد لە باشووری کوردستان، رەنگە جاری دیکەش پێکهاتەیەک بە ناوی "سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان - عێراق" ساز بووبێ بەڵام ئەمەی ئێستا، کە بەر لە ریفراندۆم ناوی "ئەنجومەنی باڵای ریفراندۆم" بوو، دەکرێ سێ مەبەست لە هەڵبژاردنی ناوەکەیدا هەبێ:

١- کوردستان هەر وا لە گەڵ عێراقە بەڵام بە پێچەوانەی دەستەواژەی "کوردستانی عێراق"، لێرەدا کوردستان هی

عێراق نییە. ئەمە لە بۆچوونی ئەو کەسانەمان نیزیک دەکاتەوە کە بەر لە ریفراندۆم پێیان وا بوو ئامانجی ریفراندۆم لانیکەم بۆ ماوەی چەند ساڵ، بە کۆنفیدراڵی کردنی عێراق و پێکهێنانی کۆنفێدراسیۆنی عێراق لە دوو فێدراسیۆنی کورد و عەرەب یان سێ فێدراسیۆنی کورد - عەرەبی سوننەو عەرەبی شیعەیە.

٢- دەستەواژەی "کوردستان - عێراق" کە بە رواڵەت جێگای "هەرێمی کوردستان"ی گرتوەتەوە، رووی لە کۆی باشووری کوردستانەو بە تایبەت سیلەی لە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان گرتوە. واتە لانیکەم ئامانجی نیوەمەودای ریفراندۆم گەڕاندنەوەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر فیدراسیۆنی کوردستانە.

٣- "کوردستان - عێراق" گەرەکیەتی ئەو پەیامە بە وڵاتانی تورکیە و ئێران بدا کە چوارچێوەی تێکۆشان و ئامانجی ئەوان عێراق و کوردستان - عێراقەو کاریان بە سەر کوردستانەکانی لکاو بەو وڵاتانەوە نییە. بەوەش دەخوازن ئەو دوو وڵاتە لەو هەموو دژایەتیە خاو بکەنەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧

## تورکیا و پارتیەکی بەهێز بۆ کوردستانێکی بەهێز لە عێراقێکی یەکپارچە دا

هەمیشە پێم وا بووە کە سەربەخۆیی هەر پارچەیەکی کوردستان بە بێ پشتیوانی یان لانیکەم نەرمی نواندنی یەک لە وڵاتانی داگیرکەری کوردستان، چەتوونە. بە درێژایی خەباتی کورد لە هەر چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیە و سوریە، ئەو وڵاتانە سەرەڕای ناکۆکی و تەنانەت دوژمنایەتی نێوانیان، ئەوەی بەردەوام لە سەری کۆک بوون، دژایەتی لە گەڵ پرسی کورد بووە. لە ژێر ئەم بۆچوونەدا، لەوەتا دەسەڵاتی باشووری کوردستان رایگەیاندوە کە ریفراندۆم دەکا و دەیهەوێ سەربەخۆ بێ، رۆڵی پشتی پەردەی تورکیا بۆم جێگای پرسیار بووە. ئاخر لە نێو وڵاتانی ناوچە دا، تورکیا زیاترین سات و سەودای لە گەڵ باشووری کوردستان هەیە و نیزیکترین دۆستی حیزبی دەسەڵاتدار لە باشوورە. کەواتە تورکیا سەرەڕای هێندێک هەڵوێست و قسەی بەرپرسانی، ناکرێ بە راستی دژی

ریفراندۆم بێ. دژایەتی نەکردنیشی نە بۆ سەربەخۆیی و دامەزرانی دەوڵەتی کوردستان بەڵکو بە ئامانجی بە هێز کردنی پارتی بۆ درێژەدان بە بەڕێوەبەریی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە. باشووری کوردستانێکی بەهێز بە رێبەریی پارتی باشتر دەتوانێ ململانێ و دژایەتی لە گەڵ پەکەکە بکا، لە بەغدا چاکتر یاری بکا و تورکیا هەروەها قازانجێکی زۆری ئابووری لە دۆخی ئێستای باشووری کوردستان دەکا. ساتوسەودای نێوان تورکیا و حکومەتی هەرێم لە دۆخی ئێستا دا بە لای تورکیا دا لاسەنگە. چونکە حکومەتی هەرێم بە دەسەڵاتدارەتیی پارتی، بە دوو هۆ ناچارە زیاترین باجی ئابووری بە تورکیا بدا:

١- لە نێو وڵاتانی ناوچە دا، تورکیە سەرەکیترین دۆستی پارتی‌یە

٢- لە کاتێک دا کە نێوانی پارتی لە گەڵ زۆربەی نیزیک بە تەواوی یاریکەرەکانی ناوچە لێڵە، بەندەرەکانی تورکیا بۆ نەوتی باشووری کوردستان رێگای نیزیکی ئاوی ئازاد و بازاری ئازادی رۆژئاوا و جیهانە.

تورکیا دەزانێ کە پارتی لە لایەن ئێران، عێراق، گۆڕان، پەکەکە، یەکێتی، حیزبە ئیسلامیەکانی باشوور و تەنانەت سوریاش لە ژێر گوشاری زۆر دایە. بەو پێیەش بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە باشووری کوردستان و لە عێراقیش، لە مەترسی دان. ئەگەر هەر ئاوا بڕوا رەنگە پارتی بەرگە نەگرێ. لە ماوەی ساڵانی رابردووش دا پارتی لە ململانێ لە گەڵ لایەنەکانی دیکەی باشوور، بە پێی رادەی کورسیەکانی لە پارلمان، بەردەوام لە داکشان دا بووە. ئەمەش بۆ تورکیە جێی نیگەرانیە. تورکیە پێویستی بە پارتیەکی بە هێزترە بەو چوار هۆکارەی خوارەوە:

١- بە هەر رادەیەک پارتی لاواز بێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژێر گوشار یان رێبەریی گۆڕان، یەکێتی و لایەنە ئیسلامیەکانیش دا روو لە بەغدا و تاران دەکا.

٢- ئەگەر لایەنەکانی دیکە لە حکومەتی هەرێم دا دەسەڵاتیان زیاتر بێ مەترسیی پێداچوونەوەو تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە سەربازی و ئابووریەکانی حکومەتی هەرێم لە گەڵ تورکیا دێتە ئاراوە.

٣- بە زیاتر بوونی دەسەڵاتی لایەنەکانی وەک گۆڕان و یەکێتی، پەکەکەش دەستی کراوەتر دەبێ بۆ هەڕەشە لە

سەر بەرژەوەندیەکانی تورکیا لە باشوور و ئەوە کە باشوور بکا بە مەتەرێزی دژایەتیی لە گەڵ تورکیا.

٤- حکومەتی هەرێمی بە هێز (بە بەڕێوەبەریی پارتی) لە حاند بەغدا، لە باری سیاسیشەوە بۆ ئانکارا گرینگە. چونکە زۆرینەی شیعە و لە ئاکام دا دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە عێراق لە ژێر نفووزی ئێران دایە، عەرەبستان نفووزی بە سەر سوننەکانەوە هەیەو ئەوەی بۆ تورکیە وەک کارتی یاری لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراق دا دەمێنێتەوە، هەرێمی کوردستانە. ئەم کارتەش تا بەهێزتر بێ، دۆخی یاریەکە بۆ تورکیا لەبارتر و خۆشتر دەکا. بەڵام هەمووی ئەوانە تا کاتێک دەتوانن لە قازانجی تورکیا بن کە هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق بمێنێتەوە. سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان و جیابوونەوەی لە عێراق، بۆ تورکیە بە واتای سوتانی کارتی یاریەکەیە. بە واتایەکی دیکە تورکیا لە گەڵ ریفراندۆمێکە کە بتوانێ پێگەی پارتی لە هەرێمی کوردستان و پێگەی هەرێمی کوردستان لە ناو عێراق بە هێز بکا. هەر بۆیەشە کە دژایەتی توند سەبارەت بە پرسی ریفراندۆمی باشووری کوردستان، لە بەرپرسانی تورکیا نابینین و نابیسین. ئەگەر لەم بارەوە قسەیەکیش بکەن، زیاتر بۆ بێدەنگ کردنی ناسیونالیزمی توندئاژۆی تورکە. هاوکات رەزامەندیەکیش لە لایەن ئانکاراوە بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان لە ئارا دا نییە. دەسەڵاتدارانی تورک دژایەتیی خۆیان لە حاند ریفراندۆم، بە داکۆکی لە یەکپارچەیی عێراق راگەیاندوە. لەوەش دا بە ئەگەری بەهێز، راست دەکا. چونکە لە هەمان کات دا کە ریفراندۆم دەتوانێ دەنگی هەولێر لە بەغدا دلێر بکا و کوردستانێکی بەهێز لە چوارچێوەی عێراق دا، قازانجی سیاسی و ئابووریی بۆ تورکیا هەیە، سەربەخۆیی باشووری کوردستان خەونی ئانکارا ئاڵۆز دەکا و هەموو حیساباتەکانی لێ تێک دەدا. بە جیابوونەوەی هەولێر لە بەغدا، تورکیە نەک هیچی زیاتر لە ئێستای دەست ناکەوێ بەڵکو دەوڵەتی کوردستان وەک دومەڵێک لە بن هەنگڵی قوت دەبێتەوە و هیچ روون نییە دوای سەربەخۆیی بتوانێ لە تەکیا تا هەتایە بە دۆستایەتی بمینێتەوە.

بەڵام سەرکەوتنی ریفراندۆم رێگا بۆ پارتی خۆش دەکا تا لە هەڵبژاردنی مانگی نۆڤامبریش دا زۆربەی کورسیەکانی پارلمانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر بکا. چونکە ئەرکی جێبەجێ کردنی ئەنجامی ریفراندۆم دەکەوێتە سەر شانی ئەنجامدەرانی ریفراندۆمەکە. بەوەش رێگای بۆ خۆش دەبێ تا بەو جۆرەی مەبەستێتی ئاکامەکانی ریفراندۆم لە یارییە سیاسیەکانی داهاتوو دا بە کار بێنێ. ئەگەریش بەو ریفراندۆمە تەنیا بتوانێ ناوچە دابڕێندراوەکانی کەرکووک، خانەقین و شەنگال بخاتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان، دەسکەوتێکی

گرینگی لە ریفراندۆم بۆ کورد دەستەبەر کردوە. دوای ریفراندۆم و هەڵبژاردنی مانگی نۆڤامبریش رەنگە دەستی بکرێتەوە تا بە گێڕانەوەی مووچە بۆ خەڵک، دەنگە نارازیەکان لە جێبەجێ نەکردنی ئاکامی ریفراندۆم کەم بکاتەوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەیە کە تا ساڵانێکی زۆر دەتوانێ مانۆڕ لە سەر ئەنجامی ئەم ریفراندۆمە بدا تا بەرەبەرە بابەتەکە دەسوێ و مەوزوعی دیکە جێی دەگرنەوەو چیدی برەوی نامێنێ. وەک چۆن هیچکەس لە پەکەکەی نەپرسیەوە کە دروشمی باکوور، باشوور، رۆژهەڵات، یەک ئامانج و یەک وڵات، دوای ئەو هەموو قوربانیە چی بە سەر هات!

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

---

## ڕەشبەڵەک

*بەڵەک بوو کێو و سەحرا، وەک دەڵەک خۆی دزیەوە زستان*
*زەیستان چون بەری خست ئیتیفاقەن هێزی پێی نابێ*

*(حەریق)*

بنەمای وشەی بەڵەک، "پەڵە"یە. پەڵەک لە سەر زاران بووە بە بەڵەک. پەڵە بە واتای قۆپەن، لەکە و رەنگێکی جیاواز لە ناو رەنگێکی دیکە دا. بەڵەک چووەتە ناو زمانی دەروجیرانەکانەوەو بووە بە ئەبلەق. ئەبلەق هەروەها لەو زمانانەوە گەڕاوەتەوە بۆ نێو زمانی کوردیو بە تایبەتیش رەنگێکی ئەسپە.

وشەی بەڵەک دەکرێ بە واتای بوونی دوو رەنگ بە تایبەت رەش و سپی، بە شێوەی پەڵەپەڵە، یەکسان و لە پاڵ یەکتر بێ یان بنەما سەرەکیەکە رەنگی سپی بێ و پەڵەی رەشی تێدا بێ بەو جۆرەی لە شێعری سەرەتا دا هەیە یان لە دەستەواژەی "چاو بەڵەک" دا دەبیندرێ. بەڵام لە رەشبەڵەک یان سووربەڵەک و... دا بنەمای رەنگەکە رەش یان سوورە کە رەنگی سپی تێدەکەوێ.

وشـەی ڕەشـبەڵەک بە تـایبەتی بەو جـۆرە هەڵپەڕکـێیە دەگـوترێ کە کچـانیش بە نـاوی "دۆ" دەچـن دە دەسـتی کوڕانەوەو لە دەستیان دا هەڵدەپەڕن. ئەم نەریتە زیـاتر لە موکریـان بـاوە. کەمیش وا هەیە کە ڕادەی هەردوو ڕەگەز لە گەڕی هەڵپەڕکێ دا بەرابەر بن و زۆربەی جاران کوڕەکان زیاترن. هەر بۆیەش بە ڕەشبەڵەک ناوی دێنن. بەو پێیە هەڵپەڕکێیەک ئەگەر کچی تێدا نەبێ و تەنیا پیـاوان بـن، ڕەشە. ڕەنگە جـاری واش هەبـێ کە کچان زیاترن یان تەنیا کچان لە دەستی یەکدا هەڵدەپەڕن بەڵام ئەمن ناوێکی تایبەتیم بۆ ئەوانە نەبیستوە.

تێکەڵکێشی دوو ڕەنگی ڕەش و سپی یا ڕەشبەڵەک یان بەڵەک لە ئایین و باوەڕی کۆنی کورد دا پیـرۆز بـووە. بەو واتـایە کە دژەکـان لە پەنـا یەکتر دەحەجمین و ئەوەش نیشـانەیەک بـووە لە ئاشتی و ئـارامی و بەیەکەوە ژیـان. ڕەنگە بتوانین ڕەشبەڵەکیش هەر لەو پێناسەیەدا ببینین. واتە هەڵپەڕینی کوڕ و کچی بێگـانە لە دەسـتی یەکتـردا نیشانەی ئاشتی و ئارامییە.

سـازکردن و ڕازانـدنەوەی ڕووکـاری بینـا گەورەکـان بە دوو ڕەنگـی ڕەش و سـپی لە پـاڵ یەکتـر بە نـاوی "بورجـا بەلەک"، گرینگیی جامانە و ڕەنگەکەی، چنین و ڕازانـدنەوەی جلوبەرگ، بەرمـاڵ و.. بە دوو ڕەنگـی ڕەش و سـپی، نمونەی ڕەنگدانەوەی ئەو باوەڕەن. هەموو ئەوانەش لەوەوە هـاتوون کە بـاوەڕ بە دوانەی خێـر(سپی) و شـەڕ(ڕەش) لە لای کوردان و لە ئایینی کۆنی کوردان دا باو بووە. پێیان وا بووە هەردووی ئەوانە لە خواوە بۆ بەشەر ناردراون و مرۆڤ خۆی دەبێ چـاک و خـراپ هەڵبژێـرێ. هەر ئەوەشە کە ئێستا ئێزدی و یارسانەکان باوەڕیـان بە تـف و لەعنەت کردنی سەرچاوەیەکی خراپە بە ناوی شەیتان نییە و لە سەر ئەوە بە شـەیتان پەرەسـت و شـتی وا نـاوزەد دەکرێن .

*کیژ و کوڕ بگرن لە دەوری گۆڕی هێمن 'ڕەشبەڵەک'*
*من کە شینگێڕی شەهیدانم لە کوێ شینم دەوێ*

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١١ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

# خالید شازدە

ئەو کاتیش تەمەنی لە زۆربەی هاوسەنگەرانی زیاتر بوو. باڵتۆیەکی ئەمریکایی دە بەر و کەڵاشینکۆفێکی موزەللی لە شان دا بوو. قەڵافەتی بە خۆوە بوو و تفەنگەکەی وەک بەشێکی بچووک لە جەستەی وابوو. پێشمەرگەیەکی بە ئیخلاق و مرۆڤێکی خۆشەویست بوو. ناسناوەکەی هەمیشە بۆ من سەرنجراکێش بوو. خالید شازدە. باشە بۆ شازدە؟! بۆ پازدە و حەڤدە نا؟!

دوا جار ئێوارەی پاییزێکی درەنگ لە قەراخ پۆلە دارێک، دوور بە دوور دیتم. لە گەڵ دوو لە هاوسەنگەرانی تیمی تەشکیلاتی ناوچەی چۆمی مەجیدخان بوون. هێشتا خۆر نەپەڕیبوو کە وەدەرکەوتبوون و خەریک بوون دەڕۆیشتن. روویان لە رۆژئاوا بوو. دیار بوو وادەی مانەوەیان تەواو ببوو و دەبوو بڕۆنەوە بۆ 'ئەودیو'. ناوچەکە لە پێشمەرگە ئەستێندرابوو و بە سپای داگیرکەر تەنرابوو. هەر کوێ بەرز با، پایەگایەکی لە سەر دامەزرابوو. تەنانەت سەر ئەو تەپۆڵکەش کە بە سەر پۆلەداری حەشارگەی ئەوان دا دەیڕوانی، بە رۆژ تەئمینی ڕێگای لێ بوو.

خاوەن ژن و منداڵ بوو کە دەستی پێ کرد و وا دیار بوو تووشی هەڵەی لێکدانەوە ببوو. حیسابی درێژەکێشانی خەبات و دەربەدەری و نەداری و نەهامەتیەکانی دیکەی نەکردبوو. زۆری پێ نەچوو خەبەر بڵاو بۆوە کە خالید شازدە گەڕاوەتەوەو خۆی تەسلیم کردوە. گەڕانەوەی خەڵکی زۆر نیگەران کرد. ئەمن هەرچەند تازە لاوێک بووم و هەر دووراودوور دیتبووم بەڵام لە ناخی خۆم دا پێم حەیف و پێم ناخۆش بوو. ئەگەرچی حەیف و مخابنی من لە جێی خۆی دا بوو بەڵام دەرکەوت کە نیگەرانیی خەڵک لە خۆڕا بوو. هیچکات نەمبیست خیانەتی لە خانەخوێیەکی سەردەمی پێشمەرگایەتی کردبێ، کەسێکی بە گرتن دابێ یان قسەیەکی لە سەر بێ. گەڕایەوەو درەنگتر بیستم کە لە مەهاباد تاکسی دەگێڕێ.

رەوانی شاد بێ

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## مێش، گامێش، خۆڵەمێش ..

مێش دەعبایەکی باڵداری بچووکە و لە هەموو پیسیەک دەنیشێ. وشەکە چ بە هۆی پاشگر و چ وەک پاشگر، لە کۆمەڵێک وشەی زمانی کوردی دا هەیە. هەموو ئەو وشانەش کە بە جۆرێک مێشیان تێدایە، لە رەنگ دا وەک یەک یان لێک نیزیکن. مێش جۆرێکی تایبەت لە رەنگی رەش یان رەنگی رەشی ئاماڵ بۆرە.

مش یان مێش لە مشکی و خۆڵەمێش دا هەیە کە هەر دوو وشە یەک واتایان هەیە. ئەویش ئەو خۆڵەیە کە دوای سووتان دەمێنێتەوە. مێشکی لە زمانی فارسیش دا هەر واتای رەشە. هەرچەند لەوێ رەشێکی قەترانییە و زیاتر تایبەت بە رۆژانی تازێ و تازیەبارییە. مشکی هەروەها پارچە و قوماشێکی رەنگ رەشە کە رەشتیشی پێ دەڵێن کە لە ناوچەکانی ناوەند و باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان سەروێنی پیاوان و ژنانی کوردە.

مش یان مێش دەگەڕێتەوە سەر وشەی "موس"ی سۆمەری بە هەمان واتای رەش. بە شێوەی سەربەخۆ یان بە هۆی پاشگرێک لە وشەکانی مێش، مشک، مشکی، مژ، ماش (دانەوێڵە) و رەنگە مێشک و مەشکە دا هەیە.

وەک پاشگریش لە گامێش (گای رەنگ مێش)، خۆڵەمێش (خۆڵی رەنگ مێش)، گورگەمێش و کۆمەڵێک وشەی دیکەدا دەبیسترێ. هەرچی وشەی گورگە مێشە، ئەوە بریتیە لە سەگێکی دوو رەگە لە گورگ و سەگ. ئەم جۆرە سەگانە رەنگیان خۆڵەمێشییە کە رەنگە خەدەی باوکە گورگەکەیان هەڵگرن و کاتێ شوان چاویان لێ خافڵ کا، پەلاماری مەڕەکان بدەن. هەر بەو هۆیەش وشەی گورگەمێش واتای سەگێکە کە رەنگە مەڕ و بەرخەکان بخوا.

مێش لە وشەی گامێش کە لە عەرەبی دا بووە بە جاموس، پێوەندی بە رەنگی گامێشەوە هەیە نەک مێ و نێریی ئەو جۆرە گایە. بەڵام چونکە زۆربەی ئەو گامێشانەی راگیراون، بە مەبەستی کەڵک وەرگرتن لە شیرە چەورەکەیان، مێ بوون، وشەی گامێش بۆ مێی ئەو گیاندارە بە کار هاتووە. هاوسەری گامێش، کەڵە. رەنگە فارسەکان بە تێگەیشتنی هەڵە لە واتای گامێش، وشەی "میش"ی بە مانای مەڕی هاوسەری بەرانیان لێ داڕشتبێ. دەگوترێ وشەی "قامیش" وشەیەکی تورکییە بەڵام وەک ئەگەرێک بە دوور نییە بەشی دووهەمی وشەکە هەمان مێش

بێ و ئەویش ئاماژە بەو گوڵە توکنە بێ کە قامیش لە وەرزی پاییزدا دەری دەکا. ئەگەر ئەوە دروست بێ، ئەوە بەشی یەکەمی وشەکە واتە "قا"، هەمان گیایە و لە سەر یەک قامیش واتای گیای ڕەنگ خۆڵەمێشی دەدا.

*مێش ڕەنگە دەوری سەرەکی لە سازکردنی وشەی "مێشک"یش دا هەبێ. هەروەها لە وشەی مێشە بە واتای پۆلە داری چڕ و پڕ. بە گۆڕانی "م" بە "ب"، وشەی مێشە کراوە بە "بێشە". فارس پێی دەڵێ "بیشە" و "بیشەزار". هەر ئەم گۆڕانە لە "ڕەش و بێش" دا هەیە و بە گۆڕانی "م" بە "پ" لە ڕەشکە و پێشکەش دا بەر گوێ دەکەوێ.*

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## بۆچوونێک لە سەر بنەچەی وشەی "مامۆستا"



مامۆستا بە کەسێک دەگوترێ کە لە خەڵکی ئاسایی زیاتر دەزانێ و لە بوارێک یان چەند بواری زانستی دا شارەزایە. پێشتر ئەم وشەیە بۆ مەلا و پیاوانی ئایینی بە کار دەهات. بەو پێیە کە ئەرکی فێرکردن، ئامۆژگاری و نەسیحەتی خەڵک بوو. دواتر وشەکە جێگای "معلم" و "مدیر"ی قوتابخانە و تەنانەت زانستگاشی گرتەوە. ئێستاش بۆ هەموو ئەوانەی سەرەوە(زانا، مەلا و معلم) بە کار دێ. یەکێک لەو ڕەخنانەش کە لە سەر بە کار هێنانی وشەکە هەیە، ئەوەیە کە مامۆستا تەنیا بۆ پیاوان بە کار دێ و ناکرێ بۆ ژنان و ڕەگەزی مێینەش بە کاری بێنین. بەڵام ئاخۆ وشەکە دە بنەڕەت دا بۆ پیاوان دارێژراوە؟

زۆر کەس پێی وایە "مامۆستا" پێکهاتەی دوو وشەی "مام" و "وەستا"یە و زۆر کەس وای بە دروست دەزانێ کە وشەکە بە شێوەی "مامەوەستا" بنووسرێ و بگوترێ. بەڵام وەک دەزانین مامۆستا و وەستا ئەگەرچی پلە و پایەی

کۆمەڵایەتیان لە خەڵکی ئاسایی بەرزترە بەڵام دوو پیشەی جیاوازن. ئەرکی مامۆستا کار لە سەر گیاندارە بەڵام وەستا کار لە سەر بێ گیان دەکا. مامۆستا ئینسان یان گیانداری دیکە ڕادەهێنێ و فێر دەکا بەڵام ئەرکی وەستا بەستن و چاک کردن و چاک کردنەوەی کەرەسەیە. من پێم وایە ئەو دوانە ئەوەندەی لە باری پیشەییەوە کارەکەیان جیاوازە، لە باری بنەمای وشەکانیشەوە لە دوو بنەمای جیاوازەوە دروست بوون و پێوەندییان بە یەکەوە نییە. هەرچەند لە باری وشەسازییەوە هەردوویان بە هۆی پاشگری "ا" بوون بە بکەر. پێشم وایە بنەمای وشەی "وەستا"، لە کرداری "بەستن"ەوە چێ کراوە. ئەگەر ئەو وشەیە هەر ئێستا و لە سەر هەمان بنەما داڕێژرابا، دەبوو بە "بەستا". لە زمانی کوردی و زمانە دەستەخوشکەکانی دا گۆڕانی "و" بە "ب" زۆر بەرچاوە و پێچەوانەکەشی دەبیندرێ. وەک دەشزانین ئەرکی وەستا دروست کردن، بەستن و هەڵبەستنە. جا بەستن و هەڵبەستنی دەرگا و پەنجەرە بووبێ یان نیر و ئامور یان هەڵبەستنی خۆگە و بەند. بەو پێیە استادی فارسی و أستاذ عەرەبی کە لە سەر بنەمای ئەو وشەیە ڕۆ نراون، لەو زمانانەدا جێگای شیاوی خۆیان وەرنەگرتووە.

بەشی یەکەمی وشەی مامۆستا، "مام"ە. مام دە زمانی کوردی دا بۆ دوو مەبەست بە کار دێ؛ مام بە مانای برای باوک، مام بۆ پیاوی پیر و بە تەمەن. ئەو وشەیە هەر وەها بە شێوەی "مامۆ"ش گۆ دەکرێ.

شێوەی کۆنتری وشەی "مام"، وێدەچێ "ئام" بووبێ و "مامۆ"ش "ئامۆ" بووە. ئەم وشەیەی دوایی لە وشەکانی "ئامۆژن" بە مانای هاوسەری برای باوک و "ئامۆزا" بە مانای کچ یان کوڕی بڕای باوک دا هەن و پارێزراون. هەروەها لە زمانی دەر و جیرانەکانیش دا دەبیندرێن. لە زمانی عەرەبی دا پێی دەڵێن "عم" کە وێدەچێ لە "ئام"ی شێوەی کۆنتری وشە کوردیەکە وەرگیرابێ. لە زمانی فارسی دا پێی دەڵێن "عمو" کە ئەوەش لە سەر بنەمای "ئامۆ" وەرگیراوە بەڵام شوێنی وشە بە عەرەبی کراوەکەی بە سەرەوەیە. شوێنی وشە کوردیەکە لە زمانی تورکی و لە وشەی "ئامجە"ش دا بە هەمان مانا بەدی دەکرێ.

بەڵام بۆچی پێمان وا بێ "عم"ی عەرەبی و "عمو"ی فارسی و "ئامجە"ی تورکی لە ئام و ئامۆی کوردی وەرگیراون و شتەکە پێچەوانە نییە؟

"ئام" لە زمانی کوردی، دە کۆمەڵێک وشەی دیکەش دا خۆی نیشان دەدا. "ئامباز" بە مانای لێک نیزیکبوونەوەی خێرا، ئامێز بە مانای باوەش، ئام بە مانای هاتن دە وشەی ئاموشۆ یان هاموشۆ دا و هەروەها "ئاما" بە مانای

"هات" دە زاراوەی هەورامی دا، ئامێتن بە مانای تێکەڵاو کردن و لە ناو کۆمەڵێکی زۆر وشەی دیکەش. دە هەمووشیان دا ئاماژەیە بە لێک نیزیکبوون و وێک هاتن و وێک کەوتن. وەک دەشزانین ئەو نیزیکایەتیە دە نێوان مام و برازادا هەیە. شێوەیەکی دیکەی وشەکە لە ئامرازی "هەم"، "ئام"، "ئاو"، "هام" و "هاو" دا ماوەتەوە چ بە تەنیا و چ وەک پێشگر دە کۆمەڵێک کردار و وشەدا وەک هاودەنگ، ئاواڵ(هاواڵ، هەواڵ، هەڤاڵ)، ئامیار(هاوکار) و... رەنگە وشەی "ئاوا"ش بە مانای وێک هاتن و لێک نیزیکبوونەوە بۆ وێنە دە وشەی "ئاوایی" دا هەر لە بنەمای "ئام" وەرگیرابێ.

بەڵام شێوەی دیکەی وشەی مام و مامۆ، واتە ئام و ئامۆ زیاتر لە مەبەستەکە نیزیکمان دەکاتەوە. ئامۆ بە تایبەتی لە هەردوو وشەی "دەستەمۆ" و "ئامۆ" دا پارێزراون و لە یەکەمیان دا مانای فێرکراو و لە دووهەمیان دا مانای فێر نەکراو دەدا. دەستەمۆ دەبێ کورتکراوەی "دەست ئامۆ" بووبێ و "ئامۆ"ش دەبێ بە مانای فێر کردن و فێر کران بووبێ. ئەگەر پێوەندیشی بدەینەوە بە "ئام"ی بنەمای وشەکە، ئەوە مانای لە خۆ نیزیک کردنەوە و پێچەوانەی تەرە کردن و دوور خستنەوەیە. بەو پێیەش ئەرکی ئامۆ و مامۆ فێرکردن و راگواستنی ئەزموون و ئامۆژگاریەکانی بووە بۆ وەچەی دوای خۆی تا لە باری ئەزموون و زانابییەوە لە خۆیان نیزیک بکاتەوە و بیانگەیەنێتە ئاستی خۆی. رەنگە هەر بەو هۆیەش بێ کە ئەو وشەیە بۆ پیاوانی پیر و بە تەمەن بە کار دێ وەک کەسانی خاوەن ئەزموون و زانست کە دەکرێ لێیان فێر بی و بە مامۆستایان بزانی. هەروەها لە زمانی کوردی دا وشەی "ئامک" هەیە کە جمکی "ئامۆ"یە و بە مانای پور، پلک و خوشکی باوکە. ئێستاش لە زاراوەی کرمانجیی باکوور دا "ۆ" لە کۆتایی وشەدا بۆ نێرینەیە و بە دوور نییە "ۆ"ی کۆتایی "ئامۆ" و "مامۆ" لە بنەڕەت دا ئەو دەورەی گێڕابێ.

"ئامۆ" دەکرێ بووبێ بە بنەمای کردارێک هەر بە واتای فێر کردن. لە زمانی کوردی دا وشەی "ئامۆژگار" و "ئامۆژگاری" لە سەر بنەمای "ئامۆ" دارێژراون و هەمان واتایان هەیە. "گار" کە دە کۆمەڵێک وشەی دیکەش دا دەبیندرێ، وەک کردگار، رۆژگار و... پاشگرە و بنەمای وشەکە لێرەدا "ئامۆژ"ە. ئەو کردارانەش کە شێوەی ئێستا و داهاتوویان بە "ژ" تەواو دەبێ، لە بنەمای ئەو کردارانەن کە چاوگەکەیان بە "شتن" کۆتایی دێ. وەک؛

*چاوگ - ڕابردوو - ئێستا*

*دارێشتن - دارێشت - دارێژ*

*ناشتن - ناشت - نێژ*

*کوشتن - کوشت - کوژ*

*بەو پێیەش دەبێ چاوگی کرداری ئامۆژ، ئاوا بووبێ؛*

*ئامۆشتن - ئامۆشت - ئامۆژ*

**بە جۆرێکی دیکەش دەکرێ ڕیشەی کرداری "ئـامۆژ" ببینینەوە. وەک دەزانـین هەردوو زمـانی کـوردی و فارسی یەک بنەچەیـان هەیە. زۆر وشە و بنەمـای زۆر کردار لە یەکێک لەو دوانەدا لە بیـر چـوونەوە یـان کـرداری دیکە جێـی گرتوونەوە، بەڵام لەویدی دا پارێزراون. بەو پێیە لە زمانی فارسی دا بە دوای نیزیکترین وشە لە "ئامۆژ"ی کوردی دەگەڕێین و تووشی وشەی "آموز" دەبین کە هەم لە باری مانا و هەمیش لە باری وشە سازییەوە لە وشە کـوردییەکە نیزیکە. "آموز" لە چاوگی کرداری "آموختن"ە؛ آموختن ، آموخت ، آموز. بەشێک لەو کردارانەش کە لە زمانی فارسی دا بە "ختن" تەواو دەبن، لە کوردی دا دەبن بە "شتن". وەک؛**

| فارسی | کوردی |
|---|---|
| بیختن(بیز) | دابێشتن(دابێژ) |
| پختن (پز) | پێشتن (پێژ) |
| انداختن(انداز) | هاویشتن(هاوێژ) |
| ریختن (ریز) | ڕێشتن(ڕێژ) |
| بەو پێیەش؛ | |
| آموختن (آموز) | ئامۆشتن(ئامۆژ) |

**بە واتـایەکی دیکە، "ئامۆ"ی بە مانای فێرکەر، ڕاهێنەر و بارهێنەر، بە هـۆی پاشگری "شتن" بـووە بە کـردار و لە گەڕانەوە دا وەک دەستە کردارەکـانی دەستەخوشکی خـۆی(...شـتن)، شـێوەی ئێسـتا و داهـاتووی بـووە بە "ئـامۆژ". کرداری "ئامۆشتن" بە داخەوە لە زمانی کوردی دا وشەیەکی لە بیر کراوە و کردارە تێکەڵاوەکانی "فێر کردن"، "بـار هێنـان" و "ڕاهێنـان" جێگایان گرتۆتەوە. کاتێک لە سەر بنەمای لکاندنی پیتی "ا" بە کردار، لە کـرداری "ئامۆشتن"**

بکەر چێ بکرێ، دەبێ بە "ئامۆشتا" (ئامۆشتن ، ئامۆشت ، ئامۆشتا). ئەو جۆرە بکەرە لە وشەی "بینا" و "زانا"ش دا دەبیندرێ بەڵام جیاوازیەکەیان ئەوەیە کە ئەو دوانەی دوایی لە سەر بنەمای شێوەی ئێستای کردارەکە (مضارع) چێ بوون لە حاڵێک دا "ئامۆشتا" و "وەستا"(وەستن[بەستن] ، وەست[بەست]، وەستا[بەستا]) لە سەر بنەمای ڕابردووی کردارەکانیان(ماضی) ڕۆ نراون و ئەوەش وێدەچێ شێوەی کۆنتری سازکردنی بکەر لە کردار بێ. وەک پێشتر گوترا، "ئام" و "ئامۆ" شێوەی کۆنتری "مام" و مامۆ"ن. بەو پێیەش "ئامۆشتا" گۆڕانی بە سەر دا هاتووە و "ئا" بە "ما" گۆڕاوە. ئامۆشتا بووە بە "مامۆشتا". بە دوای ئەو گۆڕانەدا وشەکە لە سەر بنەمای خۆی لای داوە و هەر ئەو لادانەش بووە بە هۆی ئەوە کە بە نیزیکبوونەوە لە وشەی "وەستا" گۆڕانی بە سەر دا بێ. واتە گۆڕانی وشەکە بەو ڕێچکەیەدا بووە؛ ئامۆشتا - مامۆشتا - مامۆستا.

ئێستاش دەکرێ زمانی کوردی وێڕای پاراستنی مامۆستا، "ئامۆشتا"ش وەربگرێتەوە و لە جێی خۆی دا بە کاری بێنێ. وەکچۆن پێویستی بە زیندوو کردنەوەی کرداری "ئامۆشتن"یش هەیە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٧

## نیگەرانیەکانی ئێران لە ریفراندۆمی سەربەخۆیی باشووری کوردستان

بە دوای دیاریکرانی ڕۆژی ٢٥ی سێپتامبر (٣ی ڕەزبەر) بۆ ڕۆژی بەڕێوەبردنی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە لایەن سەرکردایەتیی کورد لە باشووری کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی هەرە سەرەوەی هێرەمی دەسەڵاتەوە تا کاربەدەستانی خوارەوەی دەسەڵات، لە فەرماندە سەربازیەکانەوە تا ڕۆژنامەنووسان و لە وتەبێژی فەرمیی دەوڵەتەوە تا کۆنسولی ئێران لە عێراق، دژ بەم ریفراندۆمە هەڵوێستیان گرتووە هەڕەشەیان نواندوە. ئەو ئاستە لە دژایەتیی ئێران بۆ سەربەخۆیی بەشێک لە نەتەوەی کورد کە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە دەژی، بە سەرنجدان بە سیاسەتی خۆ بە دایەن نیشاندانی ئەم دەسەڵاتە لە حاند کوردانی دەرەوەی جوغرافیای ئێران، ڕەنگە بۆ بەشێک لە کوردستانیانی دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگای پرسیار و سەرسوڕمان بێ. ئەم بابەتە هەوڵ دەدا هۆکارەکان یان بەشێک لە هۆکارەکانی ئەو دژایەتیە لەو چەند خاڵەی خوارەوەدا تاوتوێ بکا:

### ١- بێ باوەڕی بە دەنگی خەڵک:

کۆماری ئیسلامی لە بنەڕەتدا دەسەڵاتێکی دێموکراتیک نییە تا باوەڕی بە دەنگی خەڵک بۆ چارەسەری کێشەکان لەوانە مافی دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلان هەبێ. ئەویش دەنگی نەتەوەیەکی بندەستی وەک کورد کە بەشێکی بەرچاوی ئەم نەتەوەیە کە لە ژێردەسەڵاتی خۆی دا لە کەمترین ماف بێبەشە. ناتەبایی و نەبانیی ئەم ڕێژیمە لە گەڵ دەنگی خەڵک کە بنەمای دێموکراسییە، پێمان دەڵێ چاوەڕوانی لە وەها دەسەڵاتێک کە بڕوای بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان هەبێ و ڕێز لە دەنگی نەتەوەیەک بگرێ، لە بنەڕەت دا چاوەڕوانیەکی لە جێ دا نییە.

### ٢- دیدی ئەمنیەتی لە سەر کورد؛

کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتی پێشتریش لە ئێران، هەمیشە لە دەلاقەی ئەمنیەتیەوە چاوی لە کورد و لە پرسی کوردستان کردوە. ئەگەرچی ئێمە لە ڕۆژهەڵات زیاتر باسمان لە بوونی ئەو ڕوانینە ئەمنیەتیە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کردوە بەڵام لە ڕاستی دا ئەم جۆرە ڕوانینە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان و هەموو لایەنە کوردستانیەکان لە هەر بەشێکی کوردستان دا پێڕەو دەکرێ. بۆ وێنە سەرەڕای حکومەت و پارلمانی هەڵبژێردراوی خەڵک لە باشووری کوردستان، تا ئێستاش ئەوە بەرپرسانی ئەمنی و ئیتلاعاتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن کە پێشوازی لە بەرپرسانی حوکمی و حیزبیی باشووری کوردستان دەکەن یان زۆربەی ئەندامانی وەفدەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەردان بۆ باشووری کوردستان پێکدێنن. بە کورتی کەیسی باشووری کوردستان لای کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە کەیسێکی ئەمنیەتیەو پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی باشووری کوردستانیش لەم ڕوانگە ئەمنیەتیەوە وەک هەڕەشە بۆ سەر ئەمنیەتی ئەم دەسەڵات و وڵاتە سەیری دەکرێ.

### ٣- خۆ بە قەییومی کورد زانین:

سەرەڕای سەرکوتی بەردەوامی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام خۆی وەک قەییوم و گەورەی لایەنە سیاسیەکانی باشوور نیشان داوە. هەوڵی داوە وا نیشان بدا کە کورد ناتوانێ لە سەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پێویستە وڵاتێک دەستی بگرێ و ئاگای لێی بێ و ئەمر و نەهی پێ بکا. نەک هەر لە چارەگە سەدەی ڕابردووی

دوای رزگاریی باشووری کوردستان بەڵکو ئەو کاتەش کە لایەنەکانی دەسەڵاتداری باشوور لە شاخ و لە سەنگەری دژ بە داگیرکەری بەعس دا بوون، ئێران هەوڵی داوە خۆی وەک قەییومی ئەوان و، ئەوان بە بێ کۆماری ئیسلامی، بە بێ هێز لە خەبات و لە بەرێوەبردنی وڵات نیشان بدا. دوا نموونەی زەقی ئەو سیاسەتە لە هێرشی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان بوو کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە دەیان جار گوتویانە و گوتویانەتەوە کە ئەوە ئێران بوو نەیهێشت داعش هەولێر داگیر بکا. ئێستاش کە کورد لە باشوور بە دوور لە ئیرادە و دەسەڵاتی ئێران بەرەو سەربەخۆیی هەنگاو دەنێ، دەتوانێ خاڵی کۆتایی ئەو ئیدیعای خۆ بە قەییوم زانین بۆ کورد و کورد بە ناکامڵ نیشاندانە بێ کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام مانۆڕی لە سەر دەدا.

### ٤- ململانێ لە گەڵ عەرەبستان:

باشووری کوردستان لە کاتێک دا بەرەو ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەچێ کە نێوانی ئێران و عەرەبستان لەوپەڕی خراپی دایە. لە کاتێک دا کە ئەمریکاییەکان بە ئاشکرا رایانگەیاندوە کە رێز بۆ دەنگی خەڵکی باشووری کوردستان دادەنێن بەڵام ئێستا بە کاتێکی گونجاو بۆ سەربەخۆیی نازانن، کۆماری ئیسلامی ریفراندۆمی باشوور وەک پیلانی عەرەبستانی سعوودی سەیر دەکا. ئێران هاوکات پێی وایە عەرەبستان بە هاندانی کوردەکان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی بەرەو سەربەخۆیی، رێگا بۆ سوننەکانی عێراق خۆش دەکا کە هەمان رێچکە بگرنە بەر.

### ٥- نیگەرانی هەڵوەشانەوەی عێراق:

وەک لە خاڵی سەرەوەدا وترا، ئێران لەوە نیگەرانە کە دوای کوردەکان، سوننەکانیش دەست بۆ هەمان کار ببەن. ئەمەش بۆ دەسەڵاتێک کە لە سەر بنەمای چەوساندنەوەی نەتەوەکان و ململانێی ئایینی و باڵادەست کردنی ئایینزای شیعە بە سەر ئایین و ئایینزاکانی دیکەدا، دامەزراوە، شکستێکی گەورەیە. ئێران وەک بەهێزترین و گەورەترین دەسەڵاتی شیعە لە جیهان دا، خۆی بە قەییوم و دایەنی زۆرینەی شیعەی دەسەڵات بە دەست لە عێراق و لەم سۆنگەیەوە زامنی پاراستنی یەکپارچەیی ئەو وڵاتە دەزانێ. بەشی زۆری دەسەڵات بەدەستان و سیاسەتوانانی شیعە لە عێراق دەستپەروەردەی کۆماری ئیسلامی و دەزگا ئیتلاعاتی و سەربازیەکانی ئەو وڵاتەن و کۆماری ئیسلامی بۆ دەستداگرتن بە سەر عێراق، تێچووی زۆری داوە. بۆ کۆماری ئیسلامی، عێراق گرینگترین ئاڵقەی سیاسەتی

هەناردە کردنی ئینقلابەو هەڵوەشانەوەی عێراق، شکستیستراتژیی هیلالی شیعەیە کە عێراقی ئێستا بنەمای سەرگرتنی ئەم ستراتژیەیە.

### ٦- تابۆی جیرانەتی لە گەڵ دۆستێکی ئیسرائیل و ئەمریکا:

کۆماری ئیسلامی کە هەر لە سەرەتاوە خۆی لە سەر بنەمای دژایەتی لە گەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل پێناسە کردوە، بە سەرنجدان بە پێوەندیی نێوان حکومەتی هەرێم لە گەڵ ئەم دوو وڵاتە، نیگەرانە کە بە سەربەخۆیی باشووری کوردستان ئەم دوو وڵاتە لە ڕێگای وڵاتی کوردستانی دۆستیانەوە، دەتوانن لە سەر "سنوورەکانی ڕۆژئاوای" قوت ببنەوە. بە سەرنجدان بە هەڕەشەکانی دەوڵەتەکەی ترامپ لە ئێران کە سێنا و کۆنگرێسیش لەم بارەوە لە گەڵی هاودەنگە، نیگەرانی لەو 'جیرانەتیە نامۆبارەکە' بۆ ئێران، زیاتر خۆی نیشان دەدا.

### ٧- هەڕەشە لە سنوورەکانی ڕۆژئاواوە:

لە سەد ساڵی ڕابردوو و بگرە دوورتریش دا، ئێران ئەوەندەی لە سنوورەکانی ڕۆژئاوایەوە کەوتۆتە بەر هەڕەشەو هێرش و ئەوەندەی سنوورەکانی ڕۆژئاوا لە سەر گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ئەو وڵاتە دەوری هەبووە، سنوورەکانی دیکە نەیانبووە. ڕۆژنامەی کەیهان لە ژمارەی ڕۆژی ٢٧ی پووشپەڕی خۆی دا ئەوەی بە ئاشکرا ڕاگەیاند کە بەرپرسانی ئێران دوا جار بەو ئاکامە گەیشتنەوە کە خاڵی هەڕەشە لە سەر ئەو وڵاتە هەر وا سنوورەکانی باکووری ڕۆژئاوایە. لەدایکبوونی کوردستانی سەربەخۆ لە جیرانەتیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕۆژئاوای ئێران، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ دەسەڵاتێک کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لە ڕۆژئاواوە پێوەی دراوە.

### ٨- کاڵتربوونەوەی چەمکە درۆیینەکانی قەومی کوردو میللەتی ئێران؛

چەمکی "میللەتی ئێران" لە سەر بنەمای سڕینەوەی نەتەوەکان ڕۆنراوە. بە پێی ئەم پێناسەیە، لە کۆی چەندان 'قەومی' کورد، لوڕ، ئازەری، بلوچ و.. 'میللەتی ئێران' پێکهاتوە. لەم بارەوە بە تایبەت لە سەر قەومیەتو ڕەسەنایەتیی کورد وەک 'کۆنترین قەومی ئێرانی' مانۆڕی زۆر دراوە. بە لەدایکبوونی دەوڵەتی کوردستان و جێگرتنی نوێنەری نەتەوەی کورد لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ئەو فڕ و فیشاڵانەی بە درێژایی

سەدەی رابردوو بۆ سەلماندنی "میللەتی ئێران" و "قەومیەتی کورد" لەو وڵاتە ئەنجام دراوە، دەبێ بە بڵقی سەر ئاو.

**٩- کورسیی کورد لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

**بوونی نوێنەری کورد لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی دیکە، بە سەرنجدان بە ئاستی بەرزی هاوپێوەندیی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکان بە تایبەت کوردی باشوور و رۆژهەڵات، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ وڵاتانی داگیرکەری کورد و لە سەرووی هەموان کۆماری ئیسلامیی ئێران کە چیدی نەتوانی بە بێدەنگی کوشتار و برۆی کوردانی ژێردەستی خۆی درێژە پێ بدا و مافەکانیان پێشێل بکا. وڵاتێک کە لە سەر بنەمای بە بێگار گرتنی چەندان نەتەوەی دیکە پێکهاتووە. ئەم بێ ماف کردنەی نەتەوەکانی دیکە وای لێ کردووە کە بەردەوام خەون بە هەڵوەشانەوەی خۆیەوە ببینێ.**

**سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧**

---

## بیرەوەری و یادێک لە شەهید عەلی قۆیتاسی



**شەوێک لە سەر باسکی بەسری دانیشتبووین و چاومان لە ناو شاری مەهاباد و چراخانی شار دەکرد. هێشتا سەری شەو بوو و شەقامەکان بە تەواوی لە جووڵە نەکەوتبوون. چراکان لە گەڵمان چاوبڕکێیان دەکرد. گەڕەک و شەقامەکانمان بۆ یەکتر دەناسیەوەو پێشانی یەکترمان دەدا. گەورە ببۆوە. زانستگای لێ دامەزرابوو و شەقامی**

گەورەتری پێدا ڕاکێشرابوو. ئەوانەی زووتر بە جێیان هێشتبوو، چاکیان نەدەناسیەوە. عەلی لەوانە بوو کە زووتر بە جێی هێشتبوو. ڕەنگە لە هەموومان زیاتر بۆ دیداری ئەو شارە خۆشەویستە بە تاسە بوو. لە کاتێک دا ئێمە نوقمی تەماشا بووین، ئەو بە دەم هەناسەیەکی قووڵەوە گوتی: ئەرێ بڵێی ئێمە لە هەموو خەڵکی ئەو شارە ئاقڵتر بین وا وە کێوان کەوتووین؟!

هێندێک لە کوڕەکان پێکەنین. بەشێکیان بێدەنگ بوون. ڕەنگە وەک من کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا، بە سەدان و ڕەنگە هەزاران جار ئەو یادەو ئەم قسەیە لە مێشکم دا هاتووەو چووەو قەت وڵامێکم بۆ نەدۆزیەوە کە لانیکەم خۆم قەناعەتی پێ بکەم.

دەرەنجامی نەدۆزینەوەی وڵام بۆ ئەو پرسیارە ئەوە بوو کە دوای ئەوەی حیزب لە سەر کێوان دابیەڕاندین، رووم لە شاریش نەکردەوە. چارەنووس هێنامی لە فینلاند، لەو سەری دنیا بە عەرزێی دادام. بەڵام دڵم هەر لەو شارە و هەر وا بەو کێوانەوەیە.

زۆربەی هاوڕێکانی ئەو شەوە چارەنووسی نیزیک لە منیان هەبوو بەڵام عەلی سەرەڕای خوڵقاندنی ئەم پرسیارە کە خوا دەزانێ لە کەنگێوە لە مێشکی دا دەهات و دەچوو و ئەو شەوە دەریبڕی، بە هیوای دیداری بە ئازادیی شارەکەی، مایەوە. مخابن، دەستی ڕەشی داگیرکەر مەودای نەدا و لە شەوی یەلدای ٢٠١٦، تێکەڵ بە کاروانی سووری هاوڕێیانی شەهیدی بوو.

ڕۆحت شاد عەلی گیان

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٧

# ڕێسای واو و جووت واو لە زمانی کوردی دا

***کاک عەلی فەتحی، نووسەر و وەرگێڕ و، دۆست و هاوڕێی ئازیزم، سەبارەت بە کێشەی تەک واو (و) و جووت واو (وو) لە زمانی کوردی دا پرسیاری لێ کردووم کە بەو جۆرەی خوارەوە وڵامم دایەوە. هیوادارم ئەم وڵامە یارمەتی بە ڕێسامەند کردنی چۆنیەتیی بە کار بردنی ئەم دوو بزوێنە لە نووسین دا بکا:***

## واو و جووت واو لە زمانی کوردی دا

***کاک عەلی ئازیز و خۆشەویستم***

**سڵاو!**

**دوای پێشنیارەکەی جەنابت سەبارەت بە نووسینەوەی کێشەی *"و" و "وو" یان "تەک واو" و "جووت واو"* لە زمانی کوردی دا، زۆرم بیر لێ کردەوە کە ئاخۆ چی لە سەر بنووسم و چ بکەم کە قسەتم نەشکاندبێ. باسەکە ئەوەندە ئاڵۆزەو زمانەکەمان ئەوەندە خزمەت نەکراو و لە گۆترە نووسراوە کە بۆ کەسی وەک من کلۆڵ زۆر ئاستەمە بتوانم سەرەدەر لەم هەموو ئاڵۆزیە دەرکەم. بەو حاڵەش بۆ ئەوەی لە حاند ئەو هەموو ماندوو بوونەی جەنابت بۆ خزمەت بەم زمانە شیرینە و دەوڵەمەند کردنی کتێبخانەی ئەم نەتەوە هەژارە، شتێکم کردبێ و بێ قسەییم نەکردبی، ئەو چەند لاپەڕەیە ڕەش دەکەمەوە. هیوامە جەنابت پێی رازی بی.**

**سەبارەت بەم باسی تەک واو و جووت واوە بۆخۆشم لە نووسین دا زۆر جار تووشی ئەو ئاڵۆزی و سەرلێشێوانە هاتووم. کێشەکە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە دەڵێین زمانی کوردی بەو جۆرە دەنووسرێ کە دەگوترێ. چۆنیەتیی گوتنی وشەیەکیش زۆر جار لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە جیاوازە. تەنانەت ڕەنگە گۆ کردنی وشەیەک بە دوو واو یان بە یەک واو، بۆ یەک کەسیش لە دوو کاتی جیاواز دا وەک یەک نەبێ و بگۆڕێ. ئەمن بۆخۆم ئاوام لێ بەسەر هاتووە. ڕەنگە کابرای نووسەری لاپەڕە جێی گلەییەکەی جەنابیشت هەر وای لێ بە سەر هاتبێ بۆیە لە پێنج جار**

نووسینی وشەی جووت، دوانی بە یەک واو نووسیوە و سیانی بە دوان. ترۆپکی ئەو کێشەیە لە چۆنیەتی گۆ کردنی ئەو وشانەدا خۆ دەردەخا کە مرۆڤ دڵنیا نییە ئاخۆ بە یەک واو دەگوترێ و دەنووسرێ یان بە دوو واو لە کاتێک دا بە هەردوو شێوە دەتوانێ بیانڵێ و ماناش تێکناچێ. ئەمە هەمان نەبوونی یاسا و رێسای نووسین و نەبوونی رێنووسێکی یەکگرتوویە.

باسی تەک واو و جووت واو هەتا ئێستا زۆری لە سەر گوتراوە و نووسراوە. زۆر جار ئەو نووسین و گوتنانەم بە تامەزرۆییەوە تاقیب کردوون کە پێم وا بووە لەم بارەوە قسەیان بۆ گوتن پێیە. بەڵام زۆربەی ئەوانەی ئەمن لێم بیستوون و لێم خوێندوونەوە، لە باسێکی دووپاتە سەبارەت بەم بابەتە تێنەپەڕیون و نەیانتوانیوە رێسایەک بۆ نووسین و نەنووسینی ئەم پیتە لە زمانی کوردی دا بدۆزنەوە و کۆتایی بە کێشەی واوان بێنن. شەڕی تەک واو و جووت واو زۆر جار مەلا عەولای گوندەکەی خۆمانم وەبیر دەخاتەوە. مەلا سەوادێکی وای نەبوو بەڵام هەر ئەوە کە ماوەیەک هاموشۆی فەقێیانی کردبوو، توانیبووی تا رادەیەک پیتەکان بناسێ و جار و بار هێندێک وشەی قورئانیشی پێ بخوێنێتەوە. بە بیستن لە زاری مەلا و مامۆستای ئاواییش شتێک فێر ببوو. پێچێکی ئاماڵ سپیی نیزیک لە مەندیلی مەلایانی لە سەر نابوو و خەڵکیش پێیاندەگوت مەلا عەولا. مەلا ئەگەرچی لە سەواد دا کلۆڵ بوو بەڵام ئۆگریەکی سەیری بە خوێندنەوە هەبوو. هاوپاڵەکانی لێیان دەگێڕایەوە کە نەخوازەڵا کوتە قاقەزێک بە دەم باوە هاتبا، مەلا خێرا داسو دروێنەی بۆ بە جێ دەهێشت و بە دوای قاقەزدا هەڵوەدا دەبوو تا دەیگرتەوە. لە نیزیک بەری دروێنە پاڵی وە باقەیەک دەداو سەری دەخستە سەر قاقەزی گۆڕین و لە بەرە خۆیەوە دەیخوێندەوە: "ئەوە مەحموودەو واویشی نییە!" تۆمەز تووشی وشەی محەممەد ببوو!

جووت واوی ئێمە هێشتا لە سەر ئەوە کە ئاخۆ پیتێکی تەواوە یان نا، قسەی لە سەرە کەچی بە دوو بزوێنان دەنووسرێ. لەو لاوەش هەر کەس بە هەوای گوتنی خۆی و بە ئێشتیای خۆی، وشەی واودار، بە واوێک یان بە دوو واو دەنووسێ و لە هیچیشیان دڵنیا نییە. کەسانێکیش لە گەڵ خۆیان ساخ بوونەتەوە کە هەر نەینووسن و پێیان شتێکی زیادەیە. بە گشتی هەتا ئێستا چ یاسا و رێسایەکی ئەوتۆمان بۆ نووسین و نەنووسینی جووت واو نییە یان لانیکەم ئەمن نەمدیوە. ئەوەی هەیە زیاتر مەنعی نووسینی جووت واو لە سەرەتای وشەو مەباح بوونی لە نێوەراست و کۆتایی وشە دایە. رەنگە ئەمنیش لەم نووسینەدا نەمتوانیبێ ئەم کێشەیە یەکلایی بکەمەوە بەڵام هیوادارم شتێکی زیاترم هاویشتبێتە سەر ئەو زانیاریانەی تا ئێستا سەبارەت بەو بزوێنە نووسراون و گوتراون و بۆچوونەکانم لە

دامەزرانی رێسایەک بۆ جیاکردنەوەی "و" و "وو" یاریدەدەر بن.

## واو لە زمانی کوردی دا

لە زمانی کوردی دا سەرجەم چوار جۆرە واومان هەیە. دەشزانین کە بار کردنی چوار دەنگ لە سەر شانی هێمایەک، چەندە قورسە و هەر ئەوەش بەشێک لە هۆکاری ئەو ئاڵۆزیەیە کە سەبارەت بەم بزوێن یان پیتە لە ئارا دایە. ئەمن ئەگەرچی لەم بارەوە کۆنەپارێزم و درێژەدان بە بەکار بردنی ئەم ئەلفوبێی ئارامیە بۆ زمانی کوردی و بۆ نووسینی کوردی بە دڵخواز و لە دەستان خۆشتر دەزانم بەڵام کێشەی واو و ئەو هەموو دەنگە زۆرەی لە سەر شانی ئەم پیتە سەر زل و مل باریکە بار کراوە، پێمان دەڵێ کە ئەلفوبێی ئارامی بۆ نووسین بە زمانی کوردی زۆر کامڵ و پڕ بە پێست نییە.

*ئەمن چوار جۆرە واوەکە لە زمانی کوردی دا بەو شێوەیەی خوارەوە لێک جیا دەکەمەوە:*

*یەکەم:* "ئۆ" یان "ۆ" کە لە گەڵ **O**ی لاتین بەرابەر و هاوسەنگە. لە زمانی کوردیش دا درووستەکەی ئەوەیە کە بە ناوی "ئۆ" بیناسین. وەک چۆن لە سەرەتای وشەدا بە هەمان شێوەی "ئۆ" دەنووسرێ: ئۆخژن (Oxjin)، ئۆقرە (Oqire) ، ئۆگر (Ogir) ، ئۆباڵ (Obal)، ئۆخەی (Oxey) . "ئۆ" بە هۆی هێمای سەر شانی، بزوێنێکی جیاواز لە واو و جووت واوی بەر باسی ئێمەیەو بابەتی سەرەکیی ئەم باسە نییە.

*دووهەم:* "وی" یان "و" کە لە سەرەتا، نێوەڕاستو کۆتایی وشە بە هەمان شێوەی "و" خۆ دەردەخاو لە گەڵ Wی لاتین هاوسانە. ئەم واوە، واوی کۆنسۆنانت یان صامتو بێدەنگە. هەر بۆیە هەمیشە لە گەڵ بزوێن یا پیتێکی دەنگدار لە پێش یا لە دوا یان لە هەر دوو بەر، لە وشەدا خۆ دەنوێنێ: ورچ (Wirch)، ئاوایی (Awayi)، وانێک (Wanek) ، هەتاو (Hetaw)، کەو (Kew)

ئەم واوە چونکە هێندێک جار سنووری دەگاتە سەر واو و جووت واوی بەر باسی ئێمە بەڵام جیاوازە، سێ تێبینی هەڵدەگرێ:

*تێبینی ١:* ئەم پیتە لە زاراوەی کرمانجی دا زۆر جار دەبێ بە "ڤ v". دەشزانین "ڤ" کۆنسۆنانت یان بێدەنگە: ئاوایی - ئاڤاهی، تاو - تاڤ، ئاو - ئاڤ، هەواڵ - هەڤاڵ

*تێبینی ٢:* بە دوای "و" لە سەرەتای وشەدا، ئەگەر بزوێن نەبێ ئەوە بزرۆکە هەیەو بزرۆکەش کاری بزوێن یا پیتی دەنگدار بۆ ئەم واوە بێدەنگە ئەنجام دەدا. جا بۆیە نابێ واوی سەرەتای وشە بە بزوێن بناسین و کێشەی تاک واو و جووت واوی بۆ ساز بکەین: وشە Wişe، ورچ Wirç، ون Win

*تێبینی ٣:* واوی پێوەندی یان عەتف سەر بەم واوە بێدەنگەیە. چ بە جیا بنووسرێ و چ بکەوێتە نێو دوو وشەی لێکدراوەوە، خدەی کۆنسۆنانتیی خۆی دەپارێزێ و وا درووستە بە یەک واو بنووسرێ: هاموشۆ، هاتنو چوون، خواردن و نووستن

*سێهەم:* "ئو" یان "وٚ" کە لە گەڵ U (ئو)ی لاتین (نەک یوی ئینگلیزی) هاوسانە. ئەم پیتە ئەگەرچی لە سەرەتای وشە کوردیە رەسەنەکان دا کەم و دەگمەنە بەڵام ئەگەر بۆ نووسینی وشە بێگانەکانیش بێ، بە شێوەی "ئو" خۆی دەردەخا و هەر بەم شێوەیەش دەبێ بنووسرێ: ئورمیە (Urmiye)، ئوتوومبیل (Utûmbil) ، ئوردوو (Urdû).

*چوارەم:* "وو". ئەگەر "وو" وەک پیتێکی سەربەخۆ بناسین، ئەوە پیت یان بزوێنێکی تایبەت بە فۆنەتیکی زمانی کوردیەو هاوشێوەی لە ناو زمانە دەستەخوشکەکانی ئەم زمانە دا دەگمەنە. ئەم بزوێنە چونکە لە سەر واتای وشە شوێنی ئەوتۆ دانانێ، بە تەواوی سەربەخۆ نییە لەو واوەی کە لە خاڵی سێهەم دا قسەی لێ کرا. لە راستی دا دەکرێ وەک شێوەیەک لە بزوێنی "ئو" حیسابی لە سەر بکەین. لە رێنووسی لاتینیی زمانی کوردی دا نیشانەی Ûی بۆ داندراوە. بە بڕوای من ئەگەر لە ئەلفوبێی رێنووسە ئارامیەکەش دا شتێکی ئاوا لە سەر "و" داندرابا، بۆ وێنە بە شێوەی واوی کڵاودار نووسرابا یان درێژە بەو پێشنیارەی کۆڕی زانیاریی کورد درابا کە هێڵێکی بە سەر دا دەکێشا، لەوە باشتر بوو کە بە دوو واو بنووسرێ. چۆنکە "وو" وەک دوو هێما خۆی نیشان دەدا. دانانی دوو هێماش بۆ یەک دەنگ کە ئەویش قسەی لە سەرە، زۆر شیاو نییە و ئەمن بە درووستی نازانم. وەک چۆن لە گوتنیش دا ئەوەی دەگوترێ، واوێکی درێژە نەک دوو واوی بە دوای یەک دا. بە واتایەکی دیکە شێوەی گۆتنی "وو" لە وشەی کوردی دا، جیاوازە لە گەڵ ئەوەی بۆ وێنە لە وشەی ئینگلیسیی (Door) لە جۆری گۆ کردنی O دەگوترێ و بەر گوێ دەکەوێ. ئۆیەکانی ئەم وشە ئینگلیزیە دوو جار بە دوای یەک و هەر لە گەروودا، دەگۆترێن بەڵام "وو"ی

کوردی تەنیا یەک واوی درێژ و باریکە.

## ڕۆڵی دوو واو:

رادەی ئەو وشانەی بە یەک یان بە دوو واو مانایان دەگۆڕدرێ، یەکجار کەمن و رەنگە لە رادەی ئەنگوستەکانی دەست تێنەپەڕن. تەنانەت ئەوانەش کە هەن قسەیان لە سەرە. بۆ وێنە ئەو وشانەی خوارەوە نموونەی جیاوازیی مانایی تەک واو و جووت واون:

کوڕ -------- کووڕ

قوت -------- قووت

قوله -------- قووله

بە دووری نازانم وشەی کوڕ لە بنەڕەت دا بە شێوەی "کور" گوترابێ. واتە بە "ر"ێ ئاسایی نەک قەڵەو یان بە رێیەک کە قەڵەو و ئاسایی بوونەکەی زۆر روون نییە. هەر ئێستاش لە هێندێک زاراوە دا بە شێوەی "کور" و "کورە" دەگوترێ یان شێوەی گوتنی لە نێوان "ر"ێی ئاسایی و "ڕ"ێی قەڵەو دایە. بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینیانە "کوڕ" و "کووڕ" دوو وشەن کە زیاترین کاریگەریی جیاوازیی تەک واو و جووت واویان بە سەرەوەیە. وشەکانی دواتر مێژووی جیاوازیان هەیە. قووت بە واتای بژیو وشەیەکی عەرەبییە. قولیش بە واتای مرۆڤی رەش یان هەمان کۆیلە، وشەیەکی تورکییە. بەو پێیە دەبینین لە نێوان زۆربەی ئەو وشانە دا کە بە یەک واو و دوو واو مانایان دەگۆڕدرێ، یەکیان رەسەن نییە. واتە تاک واو و جووت واو رۆڵی ئەوتۆیان لە سەر گۆڕانی واتای وشە نییە.

لەو روانگەیەوە (وو) و (و) دەکرێ بە دوو پیتی جیاواز دانەندرێن. هەر ئەمەش وای کردووە کە بەشێک لە نووسەران و توێژەرانی زمانی کوردی لەوانە مەسعوود محەممەد و ئاوڕەحمانی حاجی مارف پێیان وا بێ نووسینی دوو واو پێویست نییەو کەسانی وەک نەوشیروان مستەفاش لە تەرکەندە جووت واو بە کار نەهێنن.

بەڵام بۆچوونی هەراوتر ئەوەیە کە دوو واو لە زمانی کوردی دا هەیە و دەگوترێ و دەبێ بنووسرێ. ئەزیش پێم وایە سەرەڕای ئەوە کە جێگۆرکێی ئەم دوانە لە گەڵ یەکتر شوێنی ئەوتۆ لە سەر واتای وشە دانانێ، بەڵام لە

گوتن دا جیاوازن و بە دەنگی جیاواز بەر گوێ دەکەون. بۆیەش وشە بەو جۆرەی دەگوترێ دەبێ بنووسرێ. هەر لە بنەڕەتیش دا نووسین بۆ ئەوە نییە واتای وشەیەک لە وشەیەکی دیکە جیا بکرێتەوە بەڵکوو بۆ درووست نووسینی چۆنیەتیی گوتنی پیت و وشەیە. بەو پێیەش ناکرێ بە سەریدا تێپەڕ بین و فەرق لە نێوان "و" و "وو" دانەنێین. بە کورتی جووت واو لە زمانی کوردی دا هەیەو جیاکردنەوەی تاک واو و جووت واو لە گوتن‌و نووسین بەم زمانە، پێویستە. بەڵام لەوە پێویستتر ئەوەیە کە نووسینی ئەم دوانە لە وشەدا بە پێی یاساو ڕێسایەکی ڕێنووسی بێ و وەک ئێستا سەر لە خەڵک نەشێوێنێ‌و لە گۆترەو هەر کەس بە ئیشتیای خۆی لە گەڵیان نەکا.

## ڕێسای تەک واو و جووت واو

بۆ ئەوەی بتوانین ڕێسایەک بۆ ئەوە دامەزرێنین کە لە کوێ وشە بە "وو" یان بە "و" بنووسین، پێویستە ئەو فاکتەرانە دەستنیشان بکەین کە دەبنە هۆی ئەوە لە وشەدا بە یەک یان دوو واو بنووسین. لەم بارەوە بە تایبەت گرینگە کە بزانین لە کوێ جووت واو نییە یان دەگمەنە. ئەویش بەو جۆرەی خوارەوە؛

١- پێشتریش گوترا ئەگەر بزوێن یا پیتی دەنگدار بکەوێتە پێش یان دوای واو، ئەوە واوی بێدەنگ یان "صامت" ساز دەبێ و پێویستە بە یەک واو بنووسرێ:

*خوار، کەو، داوا، واز*

٢- "و" لە سەرەتای وشە دا، واوی بێدەنگە و دەبێ بە یەک "و" بنووسرێ. چونکە لە دوای ئەم واوە، ئەگەر بزوێنیش نەبێ، بزرۆکە هەیەو بەوەش دەکەوێتە خانەی ڕێسای خاڵی یەک و بە یەک واو دەنووسرێ:

*وشە (wishe)، ورکە (wirke)، ورچ (Wirch) وان (Wan)*

٣- چونکە جووت واو پیتێک نییە کە لە سەر واتای وشە شوێندانەر بێ و زیاتر پێوەندی بە جۆری گۆتنی وشەو چۆنیەتی وەدەرکەوتنی دەنگی "و" لە زمان و زاری مرۆڤەوە هەیە، بوون و نەبوونیشی لە ژێر کاریگەریی پیتەکانی دەوروبەری خۆی دایە. واتە ئەوە پیتی پێشتر و ڕەنگە دواترە کە دیاری دەکا "ئو" لە وشە دا بە یەک واو گۆ بکرێ

یان بە دوو واو. ڕێسایەک کە لەم پێوەندیەدا ڕەنگە تا رادەیەک یارمەتی بە یەکلاکردنەوەی شوێنی تەک واو و جووت واو بدا ئەوەیە کە ئەگەر پیتە بێدەنگەکان بە سەر دوو بەشی پیتەکانی قورگ (ئەوانەی لە گەروو و قورگەوە دێن: ح، خ، ع، غ، ک، گ، ق، هـ) و پیتەکانی سەر زمان و لێو (ئەوانەی بە زمان یان بە لێو گۆ دەکرێن؛ ب، پ، ت، ج، چ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ل. ڵ، م، ن)، دابەش بکەین، زۆربەی واوی دوای پیتە زمانیەکان بە دوو واو و واوی دوای پیتە قورگیەکان کە هەشت دانەن، بە یەک واو دەنووسرێن:

ح : حوشتر، حوللەمەرەسێ، حوجرە

خ : خودا، کڵاوخود، خولخولە، خوری، خورێن، خوران، خورگە، خوشک..

ع : عورووس، عومبەر، عومر، عورف

غ : غونچە، غوڵام، غوراِبی، غوللوور

ق : قوربان، قوت، قوڕ، قولاپ، قوڵە،

ک : کوتک، کوچک(بەرد)، کوڕ، کورت، کورتەک، کورد، کورک، کورمانج، کوشتن، کوشین، کول، کوڵ، کوللە، کون، کونج، کوند

گ : ئەنگوتک، ئەنگوست، گول، هەڵگورد، گوڵ، گوللە، گومان، گوند، گومبەز، گورگ، گوناح،

هـ : هونەر، هوڕە، ملهوڕ، هورمز، هورووژم، هەراوهوریا،

هەڵبەت ئەو ڕێسایەش هەمیشە نییە و وشەی شاز بۆ هەردوو بەر وەبەرچاو دەکەوێ. بۆ وێنە: ک: کوور، کووڕ. بەڵام چونکە لە سەر زۆربەی هەرە زۆری وشەکان ڕاست و گونجاوە، دەکرێ وەک ڕێسا دایمەزرێنین و لە نووسین دا پێڕەوی لێ بکەین.

تێبینیەکی دیکە ئەوەیە کە ئەم ڕێسایە بۆ ناوبەندی وشەکانە و لە گەڵ واوی کۆتایی وشە تەبا نییە. سەرجەم واوەکانی دوای ئەم پیتانەش ئەگەر بکەونە کۆتایی وشە، پێڕەوی لە خاڵی چوار دەکەن کە لە خوارەوە هاتووە.

٤- ئەگەر واو بکەوێتە کۆتایی وشەو پێش ئەم واوەش پیتی دەنگدار نەبێ، ئەوە لە گوتن دا درێژ دەکرێتەوەو بەو پێیەش وا درووستە کە بە دوو واو بنووسرێ. واتە واوەکانی کۆتایی وشە ئەگەر پیتی دەنگداریان لە پێش نەبێ، جووت واون: دوو، مێژوو، تاکوو، چوو، بوو. ئەم ڕێسایە ئەو واوانەش نابوێرێ کە لە دوای پیتە قورگیەکان

دێن. وەک: یەرغوو، برغوو، تاکوو، قوو..

٥- لەو وشانەدا کە بە جووت واو کۆتایی دێن، ئەگەر تووشی یای نیسبەت بن، گوتنی چوار پیتی دەنگدار بە دوای یەک دا ئاستەمە. لەو حاڵەتەدا لە دوو واو، یەکیان هەڵدەبوێرێ و قورسایی گۆ کردنی بزوێن دەکەوێتە سەر "ی":

مێژوو - مێژووی - مێژویی

مردوو - مردووی - مردویی

٥- لە زمانی عەرەبییەوە کۆمەڵێکی زۆر وشە کەوتوونەتە ناو زمانی کوردی کە پێویستە لە گەڵ یاساکانی نووسینی "واو" لە زمانی کوردی دا ڕایانبێنین. زۆر جار ئەم وشانە یاسای پیتە قورگیەکان نایانگرێتەوە. بۆ وێنە:

* ئەگەر وشەیەکی عەرەبی واوی تێدابێ و پیتی پێش واو بە زەممە - بۆر گۆ بکرێ، لە زمانی کوردی دا دەبێ بە دوو واو: منصور - مەنسوور، موصل - مووسڵ، محمود - مەحموود، روح - رووح، ممنوع - مەمنووع، ممنون - مەمنوون.

* وشەیەکی عەرەبی کە واوی تێدا بێ، لە زمانی کوردی دا دەبێ بە دوو واو: سورة - سوورەت، نور - نوور، کوت - کووت (شاری کووتی نیزیک عەممارە)،

* ئەگەر وشەیەک بە زەممە - بۆر بگوترێ و واوی بە دوادا نەیە، لە زمانی کوردی دا بە شێوەی "ۆ" و "و" یان بە هەردوو شێوە دەنووسرێ و بە دەگمەن بە جووت واو دەنووسرێ: ثریا - سورەییا یان سۆرەییا، شکر - شوکر، شغل - شوغل، صغری - سوغرا، کبری - کوبرا

* دەرچوون لە ڕێسا زۆر جار وشەی سەر بە زمانەکانی دیکەش دەگرێتەوە لەوانە زمانی تورکی یان فارسی و ئینگلیزی. بەو واتایە ڕێسای دەنگە قورگیەکان زیاتر پێوەندی بە وشە کوردییە ڕەسەنەکانەوە هەیە.

٦- لە زمانی کوردی دا بە هۆی ستاندارد نەبوونی زمانەکە، زۆر جار وشەیەک لە دۆخی ئاسایی خۆی دەردەچێ و سنوور و ڕێساکان دەبەزێنێ. بۆ وێنە وشەی "چونکە" لە حاڵێک دا کە "چ" پیتی گەروو یان قورگ نییە، دەکرێ بە یەک یان دوو واو بگوترێ و بنووسرێ. هۆکارەکەش ئەوەیە کە وشەکە لە تێکهەڵکێشی "چۆن" و "کە" کەوتوەتەوە و وای بە سەر هاتووە. لە حاڵێک دا وشەی "چۆن" بە ئۆ دەنووسرێ نە بە تەک واو یان جووت واو. لە بنەڕەتیش دا شێوەی درووستی "چونکە" و "چوونکە"، چۆنکەیە. یان کرداری گۆتی (گۆتن) کە لە سەر زاران سواوە و بە شێوەکانی

گـوتی، گـووتی، کـوتی و کـووتی دەگـوترێ و دەنووسـرێ. ئەم حاڵەتـانە کە لادان لە ڕێسـاکانی زمانیـان لـێ دەکەوێتەوە، وا درووستە لە نووسین و لە ستاندارد کردنی زمان دا بگەڕێندرێنەوە سەر شێوەی درووست و ڕەسەنی خۆیان.

**بە کورتی:**

- لە زمانی کوردی دا پیتی واو بە سەر چوار بەش دا پۆلێن دەکرێ: ئۆ / ۆ، وی / و، ئو / و، وو.
- واو لە سەرەتای وشەدا واوی کۆنسۆنانت یان بێدەنگەو بەو هۆیە هەمیشە بە یەک واو دەنووسرێ.
- ئەگەرچی شـوێنی جـووت واو لە سـەر گـۆڕینی واتـای وشـە، زۆر لاوازە بەڵام مـادام لە گـۆتن دا هەیە، دەبێ بنووسرێ و تەک واو و جووت واو لێک جیا بکرێنەوە.
- دوای ئەو پیتـانەی بە پیتـی گەروو یـان قـورگ ناسـراون، تەک واو دەنووسـرێ و جـووت واو لە دوای ئەمـانە دەگمەنە. ئەوانیش هەشت دانەن: ح، خ، ع، غ، ق، ک، گ، هـ
- جووت واو زیـاتر دوای ئەو کۆنسـۆنانت یـان پیتە بێدەنگانە دەنووسرێ کە لە سـەر زمـان و لێـو گـۆ دەکـرێن. ئەوانیش هەژدە دانەن: ب، پ، ت، ج، چ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ل، ڵ، م، ن.
- ڕێسای پیتە قورگیەکان و پیتە زمانیەکـان بـۆ جیـاکردنەوەی تەک واو لە جووت واو، ڕێسـایەکی سەداسەد نییە بەڵام دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر ئەرخەیانمان بکا کە لە کوێ تەک واو بنووسین و لە کوێ جووت واو.
- واو لە کۆتایی وشەدا ئەگەر واوی کۆنسۆنانت نەبێ، ئەوە بە جووت واو دەگۆترێ و دەنووسرێ. واوی کۆنسـۆنانت یا بێدەنگ لە کۆتایی وشەدا ئەوەیە کە بزوێنی لە پێش بێ.

بەو هیوایە توانیبێتم دارێک لە سـەر پەردووی ئەم زمـانە دەوڵەمەنـد بەڵام پـڕش و بـڵاوە دابنـێم و یـارمەتیم بە درێژەدان بە نووسین و وەرگێڕانە هەراوەکانی جەنابت کردبێ.

بە حورمەت و ڕێزەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

## خانەخوێ ، خێو، خێزان

*وشەی خانەخوێ لە بنەڕەتدا "خانەخێو"ە. ئەویش خێوی ماڵ یان خاوەن ماڵە.*

وشەی خێو لە هەنبانە بۆرینەدا بە واتای راهێنان و ژیاندن هاتوە. بەو جۆرە خانەخوێ (خانەخێو) واتە کەسێ کە ماڵەکە بەڕێوە دەبا و دەیژێنێ.

وشەی خێو پەرەی گرتوەو چۆتە ناو ئایین و خورافاتەوە. بەم جۆرە خێوی شەو، خێوی ئاو، خێوی جندۆکان و کۆمەڵێک خێوی دیکە کەوتوونەتەوە.

ئەگەرچی پێشتر پێم وا بوو وشەی "خاووخێزان" بریتی لە دوو بەشی ئەندامانی بنەماڵەن کە خاو ئەوانەن هێشتا پێویستی‌یان بە سەرپەرەست هەیە و خێزان ئەوانەن کە دەتوانن لە سەر پێی خۆیان راوەستن و بەشەکەی دیکە بەخێو بکەن، بەڵام بە وەرد دانەوەی خێو و خانەخوێ گومان لە بۆچوونی پێشووم دەکەم. ئیستا ئەم بۆچوونە بە بەهێزتر دەزانم کە:

*"خاو و خێزان" لە بنەڕەت دا "خێو و خێوزان"ە. خێو وەک سەرەتا ئاماژەی پێ کرا، بەڕێوەبەر و ژێنەری ماڵە و خێزان سواوی "خێوزان"ە. خێوزانیش لە سێ بەشی خێو + زا + ان پێکهاتوە.*

***خێو؛ خاوەن ماڵ***

***خێوزا: ئەوەی لە خێو (خاوەن ماڵ) کەوتۆتەوە، لە خێو بوو، منداڵی خێو***

**خێوزان: خێوزایان، کۆی خێوزایە بە واتای ئەوانەی لە خێو کەوتوونەوە.**

لەم بۆچوونەدا هێشتا گرێی نەکراوە ماون. ئەوە کە ئاخۆ وشەکە بۆ کام یەک لە دەورانی دایکمەزنی یان باوک مەزنی دەگەڕێتەوەو مەبەست لە خێو کامیان بووە؟ ئەگەر وشەکە بە هی دەورانی دایکمەزنی بزانین، ئەوە پیاو یان

باوک وەک چۆن لەو سیستمە بنەماڵەییەدا ڕۆڵی لاوەکی هەبووە یان هەر نەیبووە، لە وشەکەشدا ڕۆڵی نییەو تێیدا دایک، خێوەو مناڵەکانی خێوزان. بەڵام ئەگەر بە هی سەردەمی باوکمەزنی بزانین ئەوە ڕۆڵی ژن یان دایک لە دەستەواژەکەدا ونە. بەو پێیە ئەگەری ئەوە کە وشەکە لە سەردەمی دایکمەزنی دا داکەوتبێ، بەهێزترە. ئەگەرچی دواتر بۆ خۆشاردنەوەی پیاو لە ناوهێنانی ژنەکەی، وشەی خێزان بۆ ژن بە کار دەبردرا.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---

## وەرگێڕاوی دوو شێعر

چە دلپذیراست
اینکە گناهانمان پیدا نیستند
وگرنە مجبور بودیم
هر روز خودمان را پاک بشوییم
شاید هم می بایست زیر باران زندگی می کردیم
و باز دلپذیر و نیکوست اینکە دروغهایمان
شکل مان را دگرگون نمی کنند
چون در اینصورت حتی یک لحظە همدیگر را بە یاد نمی آوردیم
خدای رحیم ، تو را بە خاطر این همە مهربانی ات سپاس.
فدریکو گارسیا لورکا
چەندە خۆشە
کە گوناهانمان لە بەر چاو نین
ئەگینا ناچار دەبووین
هەموو ڕۆژێ خۆمان بشۆین
یان لە ژێر باران دا بژین

ئەوەش هەر خۆشە کە بە درۆ

نە دەگۆڕین، نە تێکدەچین

گەر وا نەبا

یەکترمان نەدەناسیەوە

هەمیشە لێک نەبان دەبووین

---------

برای فریب دادن

عده ای را شیر میکنند

و عده ای را خر ...!

مواظب باشید حیوان صفت نشوید

بازنده بازنده است چه درنده چه چرنده

----

لوئیس بورخس،(۱۸۹۹- ۱۹۸٦)

بۆ فریودان

تاقمێک دەکەن بە شێر و

کۆمەڵێکیش دەکەن بە کەر

بەڵام ئێوە ئاژەڵ مەبن

دۆڕاو هەمیشە دۆڕاوە

چ درِندەو چ کاوێژکەر

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ۲۸ی جوونی ۲۰۱۷

## حدک و ڕێگایەکی هەتڵە بەرەو ئامانجێکی گرینگ

ئەوە کە یەکگرتنەوە لە گەڵ حدکا باشە و پێویستە، ئەوە کە یەکگرتنەوە خواستی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتە، ئەوە کە یەکگرتنەوە تەبایە لە گەڵ سیاسەت و پەسندکراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوەش کە کۆمەڵێک فەیرانی تەشکیلاتی، دارایی و سیاسی هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکرات بەرەو یەکگرتنەوە رادەماڵن، حاشا هەڵنەگرن. بەڵام بە پێی ئەو دوا لێدوانانەی کە تا ئێستا لە زمان بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم بارەوە بڵاو بۆتەوە، ئەم حیزبە ڕێگای بەرەو یەکگرتنەوەی هەتڵە کردووە بە هەڵە ئەم ڕێگایە دەپێوێ.

بە پێی قسەی هەردوو بەڕێزان کاک مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتی و کاک کەماڵ کەریمی ئەندامی دەفتەری سیاسی، ئەگەر دوو لایەن لە سەر بابەتەکانی دیکە (ڕەنگە مەبەست وەرگرتنی هێندێک پۆستی ڕێبەری بێ) ڕێککەون، حدک لای خۆی قەبوڵی کردوە کە بچێتە ناو حدکا و هەتا کۆنگرەی هاوبەش، لە گەڵ حدکا بکەوێ و بە ناوی حدکا درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا.

ئەم وتانە کە سەرەتا لە زمان کاک مستەفا مەولوودی سڕدرانەوە بەڵام دواتر کاک کەماڵ کەریمی لێبڕاوانە باسی کرد، لە باری پرەنسیپ و ئەساسنامەییەوە چەند کێشەی گرینگییان دەخۆ دا هەڵگرتوە:

١- بە پێی ئەساسنامە تەنیا کۆنگرەی حیزب مافی هەڵوەشاندنەوەی ئەم حیزبەی هەیە. هیچ بەند و ئەسڵێکی ئەساسنامەیی ڕێگا نادا کۆمیتەی ناوەندی، ناوی حیزبێکی دیکە لە سەر ئەم حیزبە دابنێ یان ئەم حیزبەو تەشکیلاتی ئەم حیزبە بباتە ژێر ناوی حیزبێکی دیکە.

٢- بە پیی قسەکانی کاک کەماڵ کەریمی، دوو لایەن لە سەر هیچ خاڵێک ڕێک نەکەوتوون! کەچی حدک لە ختوخۆڕایی ئیمتیازی گەورەی خۆهەڵوەشاندنەوەو خۆرا دەستکردنەوەی پێشکەش بە حدکا کردوە. ئەم قسەیە ڕەنگە تەماح بخاتە بەر حدکا بەڵام لەو لاوە حدک هەڵدەتەکێنێ.

٣- کاتێ حدک ئامادەیە پێشوەخت و پێش کۆنگرەش ناوی خۆی بۆ حدکا فڕێ بدا، هیچ دەرەتانێک بۆ پێکهێنانی حیزبی دێموکراتی هاوبەش و پێکهاتوو لە حدک و حدکا نامێنێ. ئەوەی هەیە حدکایەو تەشکیلاتی حدک ی پێشووشی لە گەڵە.

٤- لەو حاڵەتەدا سازان لە سەر هێما حیزبییەکان وەک لۆگۆ، سکرتێر، ئۆرگانە سیاسی و چاپەمەنیەکان بۆ حدک نامێنێ. بەو واتایە حدک مافی ئەوەی نییە هیچ هێما و نیشانەیەکی لە حدکا دا هەبێ. دەنگۆکانیش لەم بارەوە ئەمە پشتراست دەکەنەوە. ئاواش ئاستەمە ئەندامی حدک هەر بە هۆی بوونی چەند ئەندامی رێبەریی حدک ی پێشوو لە رێبەریی حدکا دا، ئەو حیزبە بە هی خۆی بزانێ و خۆی تێدا ببینێتەوە.

٥- کاتێ حدک بەر لە کۆنگرە و بەدەر لە کۆنگرە دەبێ بە حدکا و کەوڵی حدکا دەبەر دەکا، ئیدی قسە کردن لە کۆنگرەی هاوبەش بە واتای کۆنگرەی هاوبەشی حدکا و حدک، مانای نامێنێ. ئەوەی ئەو کات هەیە کۆنگرەی حدکایە و ئەگەر رێبەریی حدکاش هێشتا بە رێککەوتنی یەکگرتنەوە وەفادار بێ، ئەوە لە حدکی رەحمەتیش بە پێی ئەو رێککەوتنە کۆنگرە ئەندامی دەبێ.

بە داخم کە ئەوانەی پرۆسەی یەکگرتنەوەی پێش کۆنگرەی شازدەیان تێک دا، ئێستا بۆخۆیان یەکگرتنەوەیەکی ئەوەندە خراپ دەبەنە پێش. دڵنیام ئەوەی ئەو کات لەمەی ئێستا خراپتر نەبوو. دۆخی حدکیش ئەو کات زۆر لە حدکا باشتر و لە مەوزعی هێز دا بوو. رێگای ئەمجارە ئەگەرچی یەکگرتنەوەی لێ دەکەوێتەوە بەڵام ئەوەندە هەتڵەو هەڵەیە کە حدک، بە رێبەریی و بەدەنەوە ئاستەمە خۆشی لێ ببینێ. بەو رێگایەدا رەنگە حدکا هەست بە براوەیی بکا بەڵام نەک هەر حدک بەڵکو حیزبی دێموکرات لە گشتایەتیی خۆی دا دۆڕاو و زەرەرمەندی سەرەکی دەبێ.

بژی یەکگرتنەوەیەک کە حیزبی دێموکرات براوەی بێ

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢٠ی جوونی ٢٠١٧

## "ئەی کوا ناوی من؟!"

ژنانی ئەفغانستان کەمپەینێکیان بە ناوی "ئەی کوا ناوی من" یان "ناوی من کوا" لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان وەڕێخستووە. ئەوان لە دەست ئەم فەرهەنگە نێرمەزنییە وەزاڵە هاتوون کە پیاوان ئامادە نین و پێیان شەرمە ناویان بێنن. بەوەڕا وەبیرم هاتەوە کە باوکانی ئێمەش هەمان خدەیان هەبوو. دایکمان لە زمان باوکمان ناوێکی وەک دایکی فلانی (منالی یەکەم)، ژنەکە، عافرەت و شتی وا بوو. هەڵبەت دایکانیشمان رێسایەکی جیاواز لەوەیان نەبوو. باوکمان لە زمان دایکمانەوە باوکی فلانی (منالی یەکەم)، "پیاوەکە"، "کابرا" یان "ئەو" بوو. جا بەوەڕا وەبیر هاتەوە کە پۆلی دووهەم یا سێهەمی سەرەتایی بووم، رۆژێک لە رۆژانی سەرەتای ساڵی خوێندن، مامۆستا پرسیاری ناوی باوکمانی کرد. هەتا ئەو دەم قەتم بیر لەوە نەکردبۆوە کە باوکم جگە لە 'باب' ناوێکی دیکەی هەبێ. ئەو سەردەم هێشتا گوندەکەمان قەوغا بوو. سەرجەم ١٥ تا ٢٠ قوتابی دەبووین. هیچمان نەمانزانی باوکمان ناوی چییە؛

*مامۆستا: نێوی بابت چیە؟*

*ئێمە: نێوی بابمە!*

*مامۆستا: نا، نێوی خۆی چیە؟*

*ئێمە: هەر نێوی باب.. بابمە!*

لە بیرمە نیوەڕۆی ئەو رۆژە چوومەوە ماڵێ و دایکم بە تەنێ لە ماڵ بوو. لێم پرسی؛ ئەرێ دایە نێوی بابم چیە؟! دایکم لە قاقای پێکەنینی دا بەڵام ئاخری ناوی باوکمم لێ نەبیست. وا بزانم دواتر باوکم یان یەک لە گەورەکان پێیان گوتم.

کوردستان و ئەفغانستان سەرەڕای مەودایان، لە باری فەرهەنگ و زمانەوە هاوبەشی و وێکچوونیان زۆرە. ئەم وێکچوونە هۆکار بووە بۆ لێک نیزیکبوونەوەو تێکەڵاوی خێرای نێوان کۆچەرە کورد و ئەفغانیەکان لە وڵاتانی دەرەوە. تەنانەت لێکدان و پێکدادانیش لە نێوانیان دا و لە کەمپەکانی پەنابەران دا بەشێکی هەر دەگەڕێتەوە

سەر ئەم وێکچوونە زۆرەی نێوانیان. بەڵام لەم باسی ناو نەهێنانەدا هی ئەفغانستانییەکان یەکجار تۆختر و لە رادە بەدەر ژن بەکەمگرو دژە ژنە. نەک هەر شوو ئامادە نییە هاوسەر بە ناوی خۆی بانگ بکا، برا پێی شەرمە خوشک و کوڕ پێی شوورەییە ناوی دایک بهێنێ. ئەم ناو نەهێنانە تەنانەت دوای مردنیش دەست لە یەخەی ژنان ناکاتەوە. لە ناوەرۆکی تازیەنامەکانیان دا یان لە سەر بەردەنووسی گڵکۆکانیان، ژنان ناویان کچی فڵان باوک، ژنی فڵان پیاو یان دایکی فڵان کوڕە. ئەمەیان لە ناو کورد دا دەگمەنە یا هەر نییە. زۆر کوڕ بە ناوی دایک بانگ دەکرێن و چ شەرمیش نییە. هەڵبژاردنی خۆشترین و ناسکترین ناوەکان بۆ کچان لە کەلتوری کورد دا جێگای تایبەتی هەیە. تەنانەت لەوان سەردەمانیش دا کە ناوی عەرەبی و ئیسلامی بۆ کوڕان باو و فەرز بوو، بەشێکی زۆر لە کچان هەر وا لە فەرهەنگی کورد و لە زمانی کوردیەوە ناویان بۆ هەڵدەبژێردرا. ئامۆژنم ناوی مامز بوو، نەنکم (دایکی دایکم) کە تەقریبەن هاوتەمەنی ئەو بوو، ناوی خاتوزین بوو، پووری باوکم ناوی تەنکەڵێ بوو. لە کاتێک دا لە نێو پیاوەکان دا بە توتوش ناوێکی کوردی دەست نەدەکەوت. لە گۆرانی و فۆلکلۆری کوردیش دا ئەم گرینگیدانە بە ناوی ژن، بە زەقی خۆی دەنوێنێ. ئەگەرچی هێندێک جار گۆرانیبێژ "ناوێرێ ناوی یارەکەی بێنێ" بەڵام بەشی زۆری گۆرانییە فۆلکلۆریەکانمان بە ناوی ئەسمەر و کەژاڵ و زارا و زێنەب و شلێر و نەسرین دەناسرێنەوەو بە دەگمەن شتی وەک "ئەمنی کوشتوە خوشکەکەی حەمە" دەبیسترێ. ئەم ناوانە ئەگەر ئەمڕۆ تایبەت بە کەسی دیاریکراو نین بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ناوی کەسێکی تایبەتەوە داکەوتوون و ئەم گۆرانیانەیان بۆ خوڵقاوە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٩ی جوولای ٢٠١٧

## *منیش واتای "سەوڵەجان"م نەدەزانی*

***پەند***

*زۆر شت هەن ژەنگ هەڵدێنن و*

*بیر ئەچنەوە و*

*دوایش ئەمرن...*

*وەکوو تاج و*

*سەوڵەجان و*

*تەختی ژێر پێی پادشاکان...*

*زۆر شتی تری دنیاش هەن،*

*نارزێن و*

*بیرناچنەوە و*

*هەرگیز نامرن...*

*وەکوو شەپقە و*

*گۆچانەکە و*

*پێڵاوەکەی "چارلی چاپلن*

**شێرکۆ بێکەس**

**یەک لە ئاوێنە بچکۆڵەکانی شێرکۆ بێکەس، شێعری "پەند"ە کە بۆ چارلی چاپلین یان وەک خۆی بە زمانی عەرەبان گوتویە، بۆ "شارلی شاپلین" هونەرمەندی بە ناوبانگی جیهانیی نووسیوە. دۆستێکی بەرێز کە ماوەیەکە سەرقاڵی وەرگێڕانی شێعرەکانی شێرکۆ بۆ سەر زمانی فینلاندیە، پرسیاری واتای وشەی "سەوڵەجان"ی ناو ئەم شێعرەی لێ کردووم.**

**زۆرم وا لێ بە سەر هاتووە کە خۆشەویستیی شێعرێک وەها بەری چاوی گرتووم بیرم لە واتای وشە بە وشەی ناو شێعرەکە نەکردوەتەوەو بۆم گرینگ نەبووە. جا لەو سۆنگەیەدا زۆر جار بێ ئەوەی واتای یەک یان چەند وشەی ناو شێعرەکە بزانم، ساڵانێک لە گەڵی ژیاوم و وەخت و بێ وەخت لە بن لێوان وتوومەتەوە. شێعری پەند و "سەوڵەجان"ی ناو شێعرەکە لەو نموونانە بوو.**

**کە برادەرەکەم پرسیاری واتای "سەوڵەجان"ی کرد، دۆش دامام. چاپلین لەو هونەرمەندانەیە کە زۆرم خۆش دەوێ و بە دەگمەن وا هەیە فیلمەکانیم چەند جار و چەندین جار تەماشا نەکردبێ. گەلێک جاریش بە دیتنی وێنەیەک**

یان فیلمێکی چاپلین، ئەو شێعرەی شێرکۆم وەبیر هاتووەتەوە. بەڵام ئێستا بۆ واتای وشەیەکی ناو ئەم شێعرە دامابووم. کە چاوم بە سەرلەبەری شێعرەکەدا گێڕا، زانیم کە شێرکۆ گۆچانەکەی چاپلینی لە بەرامبەر "سەوڵەجان"ی پاشایان راگرتوە. وەک چۆن شەپقە لە بەرامبەر تاج و پێڵاوە دڕاوەکانی ئەوی لە ئاست تەختی پاشایان داناوە. کەواتە گۆچان هی فەقیران و سەوڵەجان هی دەسەڵاتدارانە بەڵام واتای چییە؟

بە دوای وشەی سەوڵەجان دا، سەرم لە دیکشێنێرییە فارسیەکان دەرهێنا. ئەوانیش وشەی "صولجان"ی عەرەبییان گرتووە. صولجانیش وەکازی دەستی پاشایانە. فارسەکان پێیان وایە وشەکە هەمان چەوگانی ئەوانە کە تەعریب کراوە. (رەنگە پێیان وا بێ چێی چەوگان بووە بە ص و گ بووە بە ج).



دیارە سەوڵەجان تەنیا بە دەست پاشایانەوە نییەو پیاوانی ئایینی و ساحیران و جادوگەرانیش بە دەستیانەوە گرتوە. دەشزانین کە ساحیران و تەنانەت پێغەمبەرانیش گیانیان وەبەر گۆچانی دەستیان ناوە و سیحر و جادوویان پێ کردوە. بۆ وێنە عەسای مووسا هیچ نەمابوو بۆ خاوەنەکەی نەکا. جارێک دەبوو بە هەژدیها و ماری جادووگەرانی دەخوارد و جاریش هەبوو بەحری سووری بۆ دادەقەڵەشت تا خۆی و پێڕەوانی پێیدا دەرباز بن. بەو پێیەش سەوڵەجان دەکرێ هەما سەوڵ یان سەروی گیاندار بێ. سەردانی هەنبانەبۆرینەم کرد و دیتم ئەم وشەیەی نەگرتوە. بەو پێیەش ئاستەمە سەوڵەجانی دەستی شا وشەیەکی کوردی بێ و هەژاری مەزن لە بیری کردبێ. بەڵام وشەی "سەوڵ"ی گرتوە کە گەمی و بەلەمی پێ لێدەخوڕن. هەروەها سەوڵ شێوەیەکی دیکەی وشەی "سەرو"ەو ئەویش دارێکی بە گەڵا هەمیشە بەهار و بە جەستە سەخت و پتەوە. هەر ئەم سەختیەش وای کردوە کە لە ناو ئاودا بەرگە بگرێ و ببێ بە سەوڵ. بەڵام ئەمە دەبێ جیاواز لە سەوڵەجان بێ.

داری سەرو یان سەوڵ درەختێکی هەمیشە بەهارە و بەرز و بڵێندە. لەم سۆنگەیەوە شاعیران باڵای یاریان بەو

دارەش دەچوێنن. گەڵاکانی هیچکات ناوەرن و هەمیشە سەوزە. لە بەرامبەر گەرما، سەرما، با و تۆفان دا خۆڕاگرە. دەنوشتێتەوە بەڵام ناشکێ. ئەمانەش وای کردوە کە وەک پەرجۆ و نیشانەیەک لە ژینی تا هەتایی و نەمری بچێتە ناو ئایینە ئاسمانیەکانەوە و پیرۆز بکرێ. لە ناو ئایینە کەوناراکانی وەک میترایی، مەزدایی (زەردەشتی) و دواتریش کریستیانی (مەسیحی) دا سەرو درەختێکی پیرۆزە. مەزداییەکان پێیان وایە زەرتۆشت ئەم دارەی لە بەهەشتەوە هاورد. ئاسەواری ئەم پیرۆزیە بە تایبەت لە رۆڵی ئەو درەختە لە جێژنەکانی سەری ساڵی زایینی دا زەق و بەرچاوە. بەو پێیەش هەڵبەستنی گۆچانی جادویی لە داری سەوڵ، داردەستێکی گیاندار لە درەختێکی نەمرە و ئەوەش ئەوەندەی دیکە پیرۆزی بە گۆچانەکە داوە. بەو جۆرە سەوڵەجان یان سەروی گیاندار لە لایەن دەسەڵاتداری ئایینی یان وڵاتداریەوە وەک ئامرازێکی حوکمڕانی و ترساندنی خەڵک، پاوان کراوە. بە دووریش نییە سەوڵچان لە سەر بنەمای گۆچان ڕۆنرابێ و لە تەعریب دا بووبێ بە سەولجان. ئەوەش بۆچوونی فەرهەنگنووسانی فارس پشتراست دەکاتەوە کە صولجان هەمان چەوگانی ئەوانە لێ ئەگەر ئاوا بێ، ئەوە زیاتر ڕێی تێدەچێ لە سەر بنەمای گوچانی کوردی ڕۆنرابێ نەک چەوگانی فارس.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٧

---

## سەرچۆپی و گاوانی



هەڵپەڕین، هەڵپەڕکێ، داوەت، شایی، زەماوەند، گۆوەند، رەشبەڵەک، سەما و چۆپی بەشێک لەو ناوانەن کە کورد بۆ هەڵپەڕکێی خۆی بە کاریان دەبا. لێرەدا مەبەست شی کردنەوەی ئەو وشانە نییە و ئامانج ناو و پلەی ئەو کەسانەیە کە لە گەڕی هەڵپەڕکێ دان.

هەڵپەڕکێ بە پێچەوانەی خولی کاتژمێر لە چەپەوە بۆ ڕاست دەگەڕێ. کۆمەڵێک کەس دەستی یەک دەگرن و بە شێوەی هیلالی مانگ لە سەر جەغزێک و بە سەر بازنەیەک دا دەسووڕێنەوە. بە ئەگەری زۆر ئەم نیودایرە یان هیلالە دەیهەوێ پێمان بڵێ کە ئەو شێوە هەڵپەڕینە لە پەرستنی خوای مانگ کەوتووەتەوە.

ویل دۆرانت دەڵێ؛ "ترس دایکی یەکەمی خوداکانە". هەروەها دەڵێ "ڕەنگە مانگ لە ریزی یەکەم بوونەوەرەکان بووبێ کە پەرستراوە." سروشتییە ئەگەر مرۆڤی سەرەتا لە تاریکیی شەو ترسابێ. هەر بەو رادەیەش تریفەی مانگ بۆ ئەو چرا و رووناک کەرەوە بوو و ترس و تاریکی دەرەواند. لەوەوە مانگ جێگای ڕێز بوو. ئەو شەوانەی کە ون دەبوو، مرۆڤ هەم ترسی زیاتر دایدەگرت و هەم نیگەرانی دەکرد. ڕەنگە پێی وا بووبی مانگ تووڕە بووەو ڕووی خۆی لێ وەرگێڕاوە. کاتێکیش لە شێوەی هیلالێک دا دەردەکەوتەوە، شادی و خۆشی دەخستەوە ناو دڵان. جێژنیان بۆ گرتووە و بۆی هەڵپەڕیون. تەنانەت هەڵپەڕینەکەشیان وا ڕێک خستووە کە شێوەی هیلالی مانگی پێوە دیار بێ. بەم جۆرە هەڵپەڕکێی کوردی لە دایک بووە.

بەڵام هەڵپەڕین ڕێوشوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەم ڕیوشوێنانە دەکرێ دواتر و لە گەڵ گەشەکردنی دا داندرابن. لەوانە دابەشکاریی ئەوانەی لە گەڕی هەڵپەڕکێ دا. لە راستەوە بۆ چەپ سەرچۆپی، چۆپی، دۆ، گاوانی. وای بۆ دەچم کە ئەم ناو لێنانانە دواتر و لە ناو ژیانی ئاژەڵداری و گەڕی هەڵپەڕکێ لە پەنا یان لە دوای کاری رۆژانەی بێر و هاوێری مێگەل دا داکەوتوون ئەویش بەو جۆرەی خوارەوە:

**چۆپی**: شوانی، لە سۆمەری دا شۆپ واتای شوانە. وشەی 'شیپ'ی ئینگلیزی بە واتای مەڕ و **Shepherd** بە واتای شوان دەچنەوە سەر ئەم وشەیە.

شۆپ بە ئەگەری زۆر بنەمای وشەکانی شوان، شڤان و چۆپانە. وشەی چۆپی لە چۆپ + ی پێکهاتووە کە لە سەر یەک بە واتای چتی پێوەندیدار بە چۆپ یان بە شوانە. بەو پێیە لە بڕگەیەکی زەمان دا هەڵپەڕکێ بە هی شوانان ناسراوە یان لانیکەم شوانان خاوەنی جۆرێکی تایبەت لە هەڵپەڕکێ بوون.

**سەرچۆپی**: سەر شوان، شوانی لە شوانان شارەزاتر و پسپۆڕتر سەرچۆپی گرتوە و سەرچۆپی بەو دراوە. سەرچۆپی هەروەها بە واتای لای سەرەوەی چۆپییە. سەرچۆپی هەروەها **چۆپی کێش** و **سەرچۆپی کێشیشی** پێ دەگوترێ.

**دۆ**: بێری، جگە لەوە کە وشەی "دۆ" بنەمای 'دۆت'ی کوردی، 'دۆوتەر'ی ئینگلیزی و 'دۆختەر'ی فارسی‌یە بە واتای

کچ، ڕەنگە پێوەندیشی هەبێ بە 'دۆ'ی بە واتای شیر و کاری دۆشین کە بێری بۆ ئەو مەبەستە لەوێ بووەو و لە گەڕی ڕەشبەڵەک دا بەشداری کردووەو وەک دۆ و لە ناو چۆپی دا بووە بە چۆپی گر.

**گاوانی**: پێوەندیدار بە گاوان، بریتی لەو کەسەی لە کۆتایی داوەت دا هەڵدەپەڕی. گاوانی وەک پیشە، بە نزمتر لە شوانی چاوی لێ کراوەو بەو پێیەش کۆتایی گەڕی هەڵپەڕکێی پێ دراوە. لە لایەکی دیکە گاوانی لە باری هێز و توانایی، کارێکی سووکتر لە شوانی بووە و بە پێچەوانەی شوان، گاوان شەوانە لە کێو و چیا نامێنێتەوەو دەچێتەوە ناو ماڵ و منداڵی خۆی. بە گشتی گاوان پیاوێکی بە ساڵاچووی خاوەن ژن و مناڵ بووە کە هێز و گوردی چۆپی و سەرچۆپی لە هەڵپەڕین دا نەبووە. هەڵپەڕینیش لە گاوانی دا بە پێچەوانەی سەرچۆپی، بەو ڕادەیە پێویستی بە هەڵپەڕین و خۆ ماندوو کردن نییەو لەوێ بە جێی گوڕ و تینی سەرچۆپی، مەندی و ئەزموون بە کار دێ.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠١٧

## واتای بەشێک لە ئاجۆرە مانناییەکانی موکریان



ئەم شکڵانەی لە خوارەوە دەیبینن هی چوار بنکە سەرەکیەکەی ئاسەواری مانناییەکان لە موکریانن کە بریتین لە زێویەی سەقز، قەڵایچیی بۆکان، ڕەبەت و حەسەنلووی نەغەدە. سەرجەم شکڵەکان باری مەزهەبی و ئایینییان هەیە و هی پلەکانی ئایینی میترایین کە وێدەچێ بە تایبەت لە سەردەمی دەسەڵاتداریی مانناییەکان ئایینی دانیشتوانی ئەو هەرێمە بووبێ.

لە سەرەوەی وێنەکە لە چەپەوە پێنج شکڵ هەن کە سەرجەمیان یەک مەبەستیان تێدایە بەڵام سەر بە بنکە و ڕەنگە مزگەوت و پەرستگەی جیاوازن. سەری ئەم هەیکەلە مرۆڤە و جەستەی شێرە. ئەمە خوای ئاگر، شەڕ و خوای فەرماندەکانە و لە ئایینی میترایی دا پلەی چوارەمی لە حەوت پلەی ئایینەکە هەیە. وێنەی ئەم خوایە زیاتر لە خواکانی دیکە بەرچاو دەکەوێ و ئەوەش نیشانەی گرینگی و زۆریی ئۆگرانی و پیڕەوانێتی لەو سەردەم دا.

ریزی دووهەم لە راستەوە دوو شکڵ هەن کە هەردوویان قامچییان بە دەستەوەیە. یەکیان کە روونترە و باشتر دەردەکەوێ، مەشخەڵێکی بە دەستەوەیە. ئەمانە شکڵی خوای هەتاون کە لە میترائیسمی رۆژئاوایی دا بە هێلیۆدرۆموس ناسراوە و پلەی شەشەمی لەم ئایینە دا هەیە. قەمچی و مەشخەڵ کەرەسە و نیشانەکانی ئەون. خوای هەتاو دوای پیر، بەرزترین پلەی ئایینی میترایە.

لە خوارەوە لای چەپ دوو هەیکەلی هاوواتا هەن کە سەری مرۆڤە و لەشی باڵندەیە. لێم روون نییە چ باڵندەیەکە. ئەوەندەی کە زانیاریم هەیە، لە میترائیسم (لانیکەم میترائیسمی رۆژئاوایی) دا تەنیا قەلەرەشە نیشانەی پلەی یەکەمی ئایینەکەیەو دوای ئەو، هیچکام لە پلەکانی ئەو ئایینە باڵندەیەکی تایبەتیان بە نیشانە نییە. وێنەکانیش وێناچێ هی قەلەرەشە بن. بەڵام ئەگەر لێیان ورد بینەوە شتێکی وەک شاخ، هیلالی مانگ یان داس لە سەر سەریان دەبیندرێ. بە ئەگەری زۆر ئەوە ئاماژەیە بۆ خوای مانگ یان پارێزکار (preses) کە پلەی پێنجەمی ئایینی میتراییەو نیشانەی تایبەتیی ئەو داسە.

ماوەتەوە نێریە کێویەکە کە گیانداری تایبەتیی خواژن گەلاوێژ یان ئاناهیتایەو لە میترائیسمی رۆژهەڵاتی دا پلەی دووهەمی ئایینەکەی هەیە. دەگوترێ ژنان رۆڵی ئەوتۆیان لە میترائیسم دا نەبووە بەڵام پەرینەوەی ئەم پلە ئایینیە بۆ ناو ئایینی یارسان کە لە دەوری هەفتەنەکان دا بە دایە رەزبار، فاتمەی کچی عەلی، ماما جەلالە، خاتوو دایراک، دۆستی خانم و پەریخان شەرت خۆی دەنوێنێ. گەلاوێژ خوای ئاو، کەڵ گرتن و ئاوسبوونە. لە بابەتی سزای ڕاوی کەڵەکێوی دا بە تایبەتی باسم لەوەیان کردوە.

*پلەکانی ئایینی میترایی حەوت پلەن و بە پێی میترائیسمی رۆژئاوایی، لە خوارەوە بۆ سەرەوە بریتین لە:*

*ناو- واتا - بە لاتین - نوێنگەی - گیاندار - نیشانە و کەرەسە*

قەلەرەشە (سوختە، رەشایی؟) (corax): با، قەلەرەشە

گەلاوێژ (پۆشراو، دەزگیران) (Nymphus): ئاو، کەڵەکێوی (لە میترائیسمی رۆژهەڵاتی دا ئەمە دەچێتە پلەی چوارەم)

چەکدار (سەرباز) (Miles): خاک، نێزەو کڵاوقوت

شێر (Leo): ئاگر، خاکەناز

پارێزکار (Perses): مانگ، داس

خۆرپێو (Heliodromus): خۆر، قامچی و مەشخەڵ

پیر (Pater)



سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢٨ی مای ٢٠١٧

## ساخ

دەگوترێ ساخ وشەیەکی تورکی‌یەو لە 'ساخلەم'ی تورکی وەرگیراوە. ئەمن بۆچوونی پێچەوانەی ئەوەم هەیە و پێم وایە ساخ هەمان وشەی "ساز"ە. "ساز" چەندان واتای هەیە. لەوانە "لە سەر پێ بوون"، "ئامادە بوون" و "نەخۆش نەبوون". چاوگی کرداری ساز لە زمانی فارسی دا "ساخ / تەن"ە. ساخ وەک بنەما و 'تەن' وەک نیشانەی کردار. لە گەردان دا ئەویش دەبێتەوە بە 'ساز'. (سازەم = دەسازم). لە زمانی کوردی دا وشەکە بە شێوەگەکی سازان، ساز کردن و ساز بوون گەردان دەکرێ.

دەکرێ پێوەندی لە نێوان وشەی چاک لە گەڵ ساغ هەبێ کە واتای وەک یەکیشیان هەیە. بە گۆڕانی س بە چ و ک بە غ، خ یان ق. وەک چۆن هەر لەو ماکەیە وشەی چاق بە واتای قەڵەو، هەڵگری جۆرێک لە ساغی‌یە. بە پێی ئەو روانگەیەی لە رابردوودا بۆ قەڵەوی هەبوو و کزی وەک نەخۆشی چاو لێ دەکرا.

لە فەرهەنگی زمانی سۆمەری دا وشەی "ساگ Sag" بەرچاو دەکەوێ بە واتای باش و جوان، هەروەها بە مانای پەسنی باشی، دەگمەنی و بە نرخی. ئەم واتایانەش رێکن لە گەڵ نەخۆش نەبوون و بێ عەیب بوون کە لە زمانی کوردی دا بۆ وشەی ساغ هەیە. سۆمەری بوونی وشەی ساغ دەتوانێ هۆکاری هاوبەشیی ئەو وشەیەو وشەکانی پێوەندیدار بە ساغ بێ لە نێوان زمانی کوردی و تورکی دا. بەو پێیە کە چەندان وشەی تورکی بە هۆیەکی ناڕوون رەگیان لە زمانی سۆمەری دایە.

ساخ لە زاراوەکانی باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە شێوەی "ساق" گۆ دەکرێ. وای بۆ دەچم ئەم "ساق"ە بنەمای وشەی "ساقی"یە. ساقی بە مانای مەیگێڕ و بادەگێڕی ناو مەیخانە کە بە تایبەت لە شێعری عیرفانیی شاعیرانی فارسی سەدەی سێزدەهەم بە دواوە بە زۆری دەبینــدرێ. بە رواڵەت وێدەچێ لە "سقاء"ی عەرەبی بێ بەڵام عەرەبەکان خۆیان بە کاری ناهێنن و بەشێک لە شارەزایانی زمانی عەرەبی گومانیان خستوەتە سەر عەرەبی بوونی وشەکە. لە زمانی سۆمەریش دا وشەی ساقی بە شێوەی "شاقیا" تۆمار کراوە کە حیکایەتی لە مێژینە بوون و عەرەبی نەبوونی وشەکەیە. گۆڕانی ش بە س لە نێوان وشە سۆمەری و کوردیەکان دا بە لێشاوە.

کۆمەڵێک نیشانە لە شێعری شاعیرانی کلاسیک دا هەن کە ئاماژەن بە واتـای سـاغ و سـاقی وشـەی سـاقی و سـاخ بوونی ساقی لە بەرامبەر خرابیی ئەوانەی لە بێ بادەیی یان خواردنەوەی زۆر خراپ کەوتوون. لە هەردوو حـاڵەت دا ئەوە ساقی‌یە کە هۆشی لە سەر خۆیە و ساغە یان ساخکەرەوەیە. بە واتـایەکی دیکە لە بەر یەک دانـانی ساخ (ساقی) و خراپ و سەرخۆش (بادەخواز) ئاماژە بەو واتایەی وشەی ساقین.

*حافز دەڵێ:*

*من از چشم تو ای ساقی خراب افتادەام لیکن*
*بلایی کز حبیب آید هزارش مرحبا گفتیم*

واتە: ئەی ساقی! من زۆر خراپ لە بەر چاوی تۆ کەوتووم بەڵام هەزار سڵاو لەو بەڵایە بـێ کە لە خۆشەویستەوە دێ. یان ئەی ساغ، من زۆر خراپ لە بەر چاوی تۆ کەوتووم..

*وحشی بافقی دەڵێ:*

*ساقیا امشب پر از دردم خرابم کن*
*سیە مستم نما سیر از شرابم کن*

ئەی سـاقی! من ئەمشـەو لێوڕێژ لە ژانم، خـراپم کە.. یـان ئەی سـاغ! ئەمن ئەمشـەو پـڕم لە دەرد، خـراپم کە.. بە کورتی هەوڵدان بۆ دانانی خراپ لە بەرامبەر ساقی وەک نیشاندانی واتای ساغ یان ساق لە وشەی ساقی دێتە بەرچـاو. سـاغ و سـاغ بـوون تەنیـا تـایبەت بە سـاقی‌یەو ئەوان لە هەر دوو حـاڵەتی مەسـتی و ئەغیـاری دا هەر خراپن.

هەر لەو ماکەیەو لە فەرهەنگی مەیخانە دا، وشەی "ساغەر" هەیە کە پیاڵەی شـەرابە. ئەمەش دەبـێ پێوەنـدی بە ساقی و ساخ - ساغ - ساق هەبێ لە بنەمای وشەی ساخ بە واتـای ساغکەر، سـاغکەرەوە یـان شـتێکی لەم بـابەتە.

چاوگی کرداری ساخ لە زمانی کوردی دا دەکرێ "ساستن" یان "ساچتن" بووبێ. کرداری "ساچان" لەو بنەمایە بە واتای سازان و بە یەکەوە حەوانەوەیە. هەڵبەت ئەوە تەنیا ساخ و ساز نییە کە کردارە بنەڕەتیەکەی تووشی ئەو ئاڵۆزیە بووەو ئەم ئازارە چەند کرداری دیکەی لەو شێوەیەی گرتوەتەوە. لەوانە کردارە سەرەکیەکەی سووتان. لە بەیتە فۆلکلۆریەکان دا سوتان بە "شێوەی "دەسۆزێ" گەردان کراوە کە ئەمە دەبێ لە چاوگێکی وەک "سۆزان" یان "سۆستن" و "سۆچتن" کەوتبێتەوە. بەڵام لە زمانی کوردیی ئەمڕۆ دا ئەو شێوازانەی کردارەکە باو نین و ئەوەی هەیە بە کەمی سوچان و بە پڕانی "سووتان"ە.

--------------------

ژێدەر:

- کورد کێیە؟ سۆران حەمە رەش
- دیوانی حافز
- دیوانی وەحشی بافقی

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٧ی مای ٢٠١٧

---

## شیاوی میداڵی ئازادی

گێژاوی ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردووی پێوەندیدار بە ئێران، کوردستان و ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەیتوانی ئەو هەواڵە گرینگە لە چاوی کوردان بشارێتەوە کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن سەرکۆماری فینلاندەوە میداڵی ئازایەتیی پێ بەخشرا.

سێ ساڵ بە سەر ئەو ئازایەتیەدا تێپەڕ ببوو کە بەرپرسان و دەزگا پێوەندیدارەکانی فینلاند توانیان ئەو کەسە بدۆزنەوە کە سێ ساڵ لەوە پێش لەخۆبوردوانە گیانی مرۆڤێکی لە مردن رزگار کرد. ئەو بۆخۆی لە سەرەتاوە

ئازایەتیەکەی تەنیا وەک ئەرکی ئینسانی چاو لێ کردو کاتێکیش ڕۆژنامەنووسێک پێوشوێنی گرت، بۆ ئەو بەس بوو کە بنووسرێ "کوردێک ئەو چاکەیەی ئەنجام دا".

شوانە ڕزگەیی دەمێک ساڵە شیاوی میدالی تێکۆشان، ئازایەتی، مرۆڤبوون، خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی وڵاتەکەیەتی. ئەگەر کورد لە بێ دەوڵەتی و بێ دەسەڵاتی دا زۆر جار نەیتوانیوە ڕێز لە تێکۆشانی ڕۆڵەکانی خۆی بگرێ، ئەوە دەوڵەتی فینلاند تەنیا پەی بە گۆشەیەک لە گەورەیی و شیاوی ئەو مرۆڤە بردووەو خەڵاتی ئازایەتیی پێ بەخشیوە.

ڕزگەیی ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانیی خۆی وەک تازە لاوێک سەرەتا لە ناو ڕیزەکانی یەکێتیی لاوان و حیزبی دێموکرات دا دەست پێ کرد. دواتر وەک تێکۆشەرێکی نهێنی لە ناو شار دا لێبڕاوانە و دڵسۆزانە لە ماڵ و ژیانی خۆی بۆ ئامانجەکانی حیزبەکەی و ڕزگاریی نەتەوەکەی مایەی دانا و تێکۆشا. ئیستریۆ و نەوارفرۆشییە خنجیلانەکەی بوون بە کانگای بڵاوکردنەوەی بیری کوردایەتی. ئیستریۆی "ئاگرین" و ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانەی کە بڵاوی دەکردنەوە، زۆر زیاتر لە خاوەنەکەیان بۆ ئەدیبان و ئۆگرانی ئازادی ناسرابوو. سەرەتاکانی دەیەی حەفتای هەتاوی شوانە ڕزگەیی وێڕای پۆلێکی دیکە لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە شاری مەهاباد هەڵکەندران و پەنایان بۆ بنکەکانی حیزب هێنا. ئاشکرا بوونی شانە نهێنییەکانی ئەوان لە ناو شاری مەهاباد خەسارێک بوو کە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات کەوت. کاک شوانە پاش ماوەیەک وێڕای منداڵەکانی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بوو و لە وڵاتی فینلاند گیرسایەوە.

ساڵ هاتن و چوون تا منیش ڕێگام کەوتە ئەم وڵاتە و لێی جێگیر بووم. جارێکی دیکە شوانە ڕزگەییم دیتەوە. سەخڵەت و سەرمای ئەم وڵاتە پەنجەی کوردایەتیی ئەویان لە گۆ نەخستبوو. خەمی نان و هەوای دەوڵەمەند بوون نەیانتوانیبوو لە مەیدانەکە وەدەری بنێن. ساڵانی دواتر بە تایبەت لەم گۆڕەپانەدا زیاتر چاومان بە یەک کەوت و زیاتر دیوارەکانی مابەینمان بۆ دۆستایەتیی زیاتر، ڕوخاند. بە ڕوخانی هەر دیوارێکیش لە مابەینمان دا، ئەمن زیاتر ناخی بێ گرێ و هەستی کوردانە و مرۆڤانەی ئەو ئینسانە تێکۆشەرەم بۆ دەرکەوتووەو شانازیم بە ناسینی کردوە.

لێرەوە دەستخۆشی لەو هەنگاوە بە جێیەی سەرکۆماری فینلاند دەکەم و پیرۆزبایی لە هاوڕێی خۆشەویستم کاک شوانە رزگەیی دەکەم. ئەو ئەگەر لە فینلاند گیانی مرۆڤێکی لە مەرگ رزگار کرد و خەڵاتی ئازایەتیی پێ درا، لای هاوڕێکانی هەمیشە شیاوی بە نرخترین میداڵەکانی ئازایەتی، هاوڕێیەتی، نیشتمانپەروەری و مرۆڤدۆستییە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٧ی مای ٢٠١٧

---

## ئاغوەتمان



لە کانالی تێلگرامیی "دونگوز" وتەکانی دانیشتوویەکی ئاوایی "ئاغوەتمان" بە ناوی کاک خالید ئیسماعیلی سەرنجی راکێشام. کاک خالید باسی لە ئاواییەکەیان و بنەمای ناوی ئەو ئاواییە کرد. فەرمووی کە کابرایەک بە ناوی "وەتمان" لێرە ژیاوە و مەڕ و ماڵاتی هەبووە. زستانێکی سەخت، سەرما زەفەری پێ بردووە و مردووە. وەختێک هاتوونە سەر مەیتەکەی وتوویانە "ئاغ (ئاخ) وەتمان".

ئاغوەتمان، گوندێکە لە ناوچەی گەورکایەتیی مەهاباد هەڵکەوتوە. دوایین گوندی ناوچەکەیە کە کەوتووەتە ژوور گوندەکانی قالوێ باراوا. بە رووکاری ئەو دیوی دا گوندەکانی زێڕاندۆڵ، سلامەت، گڵۆڵان و.. هەڵکەوتوون و ئەوێ ناوچەی گەورکایەتیی بۆکانە. ئەمن بۆخۆم چەند جار سەردانی ئەو گوندە خۆشەویست و میوانگرەم کردوە و لێی ماومەتەوە. خەڵکێکی هەژار کە سەرچاوەی داهاتیان لە بە خێوکردنی مەڕ و ماڵاتە بەڵام تا خوا حەز بکا میوانگر و نیشتمانپەروەرن.

سەبارەت بە بنەچەی ناوی ئاواییەکە بە ئەگەری زۆر وشەی ئاغوەتمان پێکهاتەی "ئاغا وەتمان"ە کە رەنگە بۆ یەکەم جار کەسێکی دەستڕۆیشتوو بەو ناوە گوندەکەی ئاوەدان کردۆتەوە و ناوی خۆی بە سەر ئاواییەکەوە بە جێ هێشتووە. لە سەردەمی فیئوداڵی و ئاغا و رەعیەتی دا زۆر گوندی ئاوا لە لایەن ئاغای دەستڕۆیشتوو دامەزراون یان سەر لە نوێ ئاوەدان کراونەتەوە. زۆربەی ئەو ئاواییانەش کە ناوی کەسیان بە سەرەوەیە، لە لایەن کەسی بەو ناوەوە ئاوەدان کراون. وەک عەوڵابات، حاجیابات، هەباساوا، حەسەن چەپ، حوسێن مامە و..

ئاغ کورتکراوەی ئاغایە کە لە تێکهەڵکێشی لە گەڵ وەتمان دا کورت کراوەتەوە و "الف"ی کۆتایی سواوە.

وەتمانیش کوردێندراوی ناوی عوسمانە. ناوێک کە بۆ وێنە لە ناوی "کانی وەتمان"یش دا هەیە.

ئاغوەتمان لە دوو کۆنە گوندی گورگە و قەرەقاج تازەترە کە چۆڵ کراون و تەنیا کەلاوە و ئاسەواریان لە نیزیک ئاغوەتمان ماوە. بە پێی ناوەکان دەبێ "گورگە" کە وشەیەکی کوردیە، کۆنتر بێ و پاشان "قەرەقاج" کە ناوێکی ترکی‌یە، دوای هاتنی مەغول و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی مەغوول یان ترکان دا ساز کراوە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٧

## بۆچوونی من سەبارەت بە ئینتیخاباتی ٢٩ی بانەمەڕ لە ئێران و کوردستان:




١- لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا هەر کەس سەرکۆمار بێ و لە زێدەکەی من هەر کەس شوورا بێ،

بە حاڵی من کە پەڕەوازە بووم و لە فینلاند دەژیم، فەرق ناکا و تەئیسریان لە سەر ژیانی شەخسی و تەنانەت سیاسیی من نییە.

٢- دەنگدان لە لایەن خەڵکی کوردستان نە بە ئامانجی تەئید کردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەزانم و نە بە نیشانەی دانی مەشروعیەت بە ڕێژیمی حاکم.

٣- مادام ڕێگایەکی کورتخایەن بۆ ڕووخانی ڕێژیم شک نابەم و ناشتوانم بژێرەیەکی باشتر و کردەیی بە قازانجی ژیان و ئازادیی کوردستان بە خەڵک پێشنیار بکەم، ئەگەر دانیشتوانی کوردستان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی کە لە ژێر ئەم دەسەڵاتەدا دەژین و دەجووڵێن، بە پێی ئەزموونی ئەو چەند ساڵەی رابردوو پێیان وا بێ سەرکۆمارێکی میانەڕەو بۆ حاڵ و ژیانی ئەوان باشترە، بە مافی ئەوانی دەزانم و بە هیچ جۆر لە سەر ئەوە کەسم پێ جاش یان خیانەتکار نییە.

٤- بەڵام سەرەڕای خاڵی سێ، مادام شەش حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەمساڵ بۆ یەکەم جار بەیاننامەیەکی هاوبەشیان داوەو بە یەکەوە داوایان لە خەڵک کردوە دەنگ نەدەن، سەرەڕای تێبینیم لە سەر هەڵوێستەکەیان، پێم خۆشە ئەگەر خەڵک چوونە سەر سندووقی دەنگدانیش، دەنگی سپی بۆ ئینتخاباتی سەرکۆماری تێباوێن. ڕێژەی زۆری دەنگی قرت یان سپی لە کوردستان دەیتوانی ئاماژەیەکی باڵکێش بێ. کۆماری ئیسلامی بە فێڵ دوو ئینتخاباتی تێکەڵ کردوە کە ڕەنگە یەک لە ئامانجەکانی، پەلکێش کردنی خەڵکی زۆر بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بێ. بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم تاکتیکەی کۆماری ئیسلامی، حیزبەکان دەبوو زیاتر مانۆڕ لە سەر دەنگی سپی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری بدەن و دەستی خەڵکیان لە هەڵبژاردنی شورا بۆ شوێنی ژیانی خۆیان ئاوەڵا کردبا.

٥- سەبارەت بە ئینتخاباتی شوراکان، پێم وایە ئەوەیان ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ژیانی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئیداریی دانیشتوانی شار و گوندەکانەوە هەیە و نابێ وەک پرسێکی سیاسی - ئەمنیەتی سەیر بکرێ. گوند و شارەکان لە هەموو حاڵەتێک دا دەبێ ئەنجوومەنێکیان هەبێ کە ئەگەر بۆخۆیان هەڵینەبژێرن، ئەوە دەسەڵات بۆیان دیاری دەکا یان بە دەنگی ڕێژەیەکی کەم لە خەڵکی هەلپەرەست و نابەرپرس، خراپترین کەسەکان

هەڵدەبژێردرێن و بە سەریان دا دەسەپێندرێ. وا بە باشتر دەزانم کە خەڵک بە هەست بە بەرپرسایەتیەوە لە ناو کاندیداکان دا بێ لەبەرچاوگرتنی فاکتەری خزمایەتی، تایفەگەری، ناوچەیی و.. دەنگ بە کەسانی شارەزا، دڵسۆزو جێگای متمانە بدەن. خراپی و خاسیی ئەنجومەنی شوراکان لە چوار ساڵی داهاتوو دا راستەوخۆ تەئسیری لە سەر ژیان و ژینگەی ئەوان هەیە.

٦- لەو شار و ناوچانەی کە کوردەکان لە ژێر گوشار و زێدەخوازیی ترکان دا دوو هێندە ستەمیان لێ دەکرێ و ناوچە و شارەکەیان هەڕەشەی راماڵین و پاکتاوکردنی کوردان یان زمان و فەرهەنگی کوردیی لە سەرە، باشترە بەوپەڕی یەکگرتووییەوە هەوڵ بدەن کاندیدە کوردەکان سەربخەن و بەم جۆرە لانیکەم بەشێک لە ئیدارەی ئەو ناوچانە بە دەستەوە بگرن.

٧- ئەم ئینتخاباتەش تێدەپەڕێ و خەڵک بە هەر رێژەیەک بەشدار بن و هەر کەس ببێ بە سەرکۆمار و پێکهاتەی ئەنجوومەنی شار و لادێکان هەر چۆن بن، بە حاڵی حیزبەکانیش وەک من فەرق ناکا. مەگەر ئەوە کە مرخیان لە سەرکۆمارێکی توندڕەو خۆش کردبێ و لە دڵە خۆیان دا پێیان وا بێ رەنگە ئەو کۆماری ئیسلامی بەرەو هەڵدێر بەرێ یان زوڵم و زۆرەکە وەها زۆر بکا کە خەڵک ڕاپەڕێ.

---

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ١٧ی مای ٢٠١٧

## هەڵەیەک لە "لوتکە" دا

لە نێو ئەو هەنگامەیەدا کە دوای لێدان لە دوکتور فەرهاد پیربال تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی گرتەوە، شێعرێک بە ناوی شاعیری مەزن عەبدوڵا پەشێو دژ بەو کارەی دەسەڵاتی هەولێر، لە سەر تۆڕی فەیسبووک بڵاو کرایەوە. مادام شێعرەکە ناوی مامۆستای بە سەرەوە بوو، سەرنجی منیشی راکێشا و بە تامەزرۆییەوە خوێندمەوە. بەڵام بە پێچەوانەی شێعری پەشێو، ئەمەیانم هیچ لە دڵ نەنیشت. هەستم کرد هەلپەرستان لەم هەنگامەیە کەلکیان وەرگرتوە و بە ناوی مامۆستاوە نووسیویانە. پێشتریش کردەوەی ئاوا دزێوم دژ بە مامۆستا دیتبوو. بەڵام لە سەر

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەموو قسەیەک بۆ ئەوە نابێ کۆڵی پێوە هەڵگری. زۆر قسە دەکرێن و دەڕۆن بێ ئەوەی لە یادان دا بمێننەوە. بەو تێبینیەوە بە پەنا شێعرەکەدا فیزماڵکم لێدا و تێپەڕیم.

بەڵام شێعرەکە زۆر زیاتر لەوەی ئەمن بیرم لێ دەکردەوە، بە تایبەت لای ئەدیبان و ئەدەبدۆستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو بۆوە. ئەوەش نە بە خاتری ناوەرۆکی شێعرەکە بەڵکو لە بەر ناوی شاعیر بوو. خۆشەویستیی مامۆستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لای ئەدیبان و ئەدەبدۆستانی ئەو دەڤەرە بێ سنوورە. دیارە مامۆستاش هەستی بەو ڕێز و خۆشەویستیە کردوە، ئاگای لە تێکۆشانی ئەدەبیی ئەدیبانی ڕۆژهەڵات هەیە و کارەکانیان لای ئەو هەمیشە بە نرخ و گرینگە. لە بیرمە جارێکیان "فەرهەنگی زارەکیی موکریان"ی کاک سەلاح پایانیانی بە زیاتر لە هەموو خزمەتە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی چارەگە سەدەی تەمەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەسف کرد. هەر کاتیش ئەمن یان دۆستانی دیکە خۆشەویستیی ڕۆژهەڵاتیەکان بۆ مامۆستامان وەبیر هێنابێتەوە، نیوە ڕاست و نیوە شۆخی، خێرا گوتویەتی؛ ڕەنگە بەو هۆیە بێ کە ئەمنیش هەر ڕۆژهەڵاتیم، باپیرم لە کرمەشانەوە پەڕیوەی ناوچەی هەولێر بووە.

بۆ دۆستێک کە لە ڕۆژهەڵاتەوە بە تایبەتی شێعرەکەی بۆ ناردم، نووسیم کە ئەمە بەو هۆیانەی خوارەوە ناتوانێ شێعری پەشێو بێ:

- شێعرەکە زیاتر وەک شوعار یان هەڵوێستی ڕووت دەچێ و شتی ئاوا لە کاری مامۆستا دا نییە.
- مامۆستا زمانی کوردی بە پەرجۆی خوا دەزانێ و نووسین و بڵاوکردنەوەی تێکستی بە هەڵە لای ئەو گەورەترین کفرە. کەچی چەندان هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی لەو تێکستە دا بەرچاو دەکەوێ.

- ڕەنگە کەم کەس بە قەد پەشێو لە بڵاوکردنەوەی شێعر دا وەسواس بێ. ئەو هیچکات ئاوا بە پەلە شێعر بڵاو ناکاتەوە. ئەگەر هێندێک جاریش ناچار بووبێ بە پەلە هەڵوێست بگرێ، پەنای بۆ شێعر نەبردوە.

- بۆ کارێکی دیکە تازە قسەم لە گەڵ مامۆستا کرد کە لەسەر سەفەر بوو. ڕەنگە لە کاتی نووسین و بڵاو بوونەوەی ئەم شێعرەدا، ئەو بە ئاسمانەوە بووبێ یان هێشتا بار و بەندیلی سەفەری نەکردبێتەوە.

جگە لەوانە دەمزانی کە ئەوەندەی لەو دەسەڵاتە بێزارە، چەند هێندە لەو نووسەرانە تووڕەیە کە دەستەندەخۆری دەسەڵاتن. ئەوانەی تا گیرفانیان بەتاڵ دەبێ، دەمیان پڕ دەکەن لە قسە و هەر گا گیرفانیان بۆ پڕ کردنەوە، دەمیان لە حاند زوڵم دا دەبێتەوە بە تەڵەی تەقیو.

وا راستا کە رۆژی ٧ی مەی بە خزمەت مامۆستا بگەم و لە نیزیکەوە بیبینم. لە نێو قسە و باسەکانمان دا کەوتینە سەر باسی لێدان لە دوکتور فەرهاد پیربال و هۆکار و کاردانەوەکان سەبارەت بەو رووداوە. یەکسەر وەبیرم هاتەوە کە پرسیاری شێعری گۆرینی لێ بکەم.

ئەرێ مامۆستا ئەوە شێعری تۆ بوو؟!

- کوڕە نەوەڵا! شتی هیندە نزم بە ناوی من بڵاو دەکەنەوە. ئەوەندە سەخیف کە هەر بۆ ئەوە نەدەبوو قسەی لێ بکەم.

پرسیارەکەم تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بە تەواوی لە بۆچوونەکانی خۆم ئەرخەیان بم. جا چونکە مەبەستم نەبوو لەم بارەوە بنووسم، هیچم یاداشت نەکرد و لێرەش دا هیچ قسەیەکی مامۆستا دەقاودەق وەک خۆی نەنووسراوەتەوە.
بەڵام ئەمڕۆ دیتم کە شێعرەکە جارێکی دیکە سەری دەرهێناوەتەوە. ئەویش نەک لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بەڵکو لە ناو لاپەڕەکانی ژمارە ١٩ی هەفتەنامەی "لووتکە" دا. هەفتەنامەیەک کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاو دەکرێتەوەو بەڕێوەبەرانی لە خۆشەویستیی ئەم شاعیرە مەزنە، تووشی هەمان هەڵە بوون کە پێشتریش بەشێک لە ئۆگرانی ئەو شاعیرە مەزنەی گەلەکەمان تووشی بوون.

---------------------

***دەقی شێعرەکە:***

***عبدوللە پەشێو بۆ د.فەرهاد پیربال:***

***دە لێی گەڕێن با بڵێ***

جنێو بدات... هاوار بکات...سنگ بدڕێ
فەرهاد بە هاوار و جنێو جوانە
دە لێی گەڕێن... بۆ لێی دەدەن؟
نە خاوەنی بیری نەفتە
نە پێش لەشکری بێگانە
دە لێی گەڕێن دەبا بڵێ...
فەرهاد دەمێکە هەر دەلێ...
کێ زاتی کردووە...
بۆ جارێکیش کە ئەو دەڵێ
بڵێ... مەڵێ
دەبا بڵێ... دلی شارم
چیرۆکی ئەتکی قەڵا و...
چیرۆکی ئەتکی میلەت و
چیرۆکی ئەتکی گەڵێ...
ئێوە دەڵێن هەموو کپ بن
گوێ قوڵاغ و بێ دەماغ بن
تەنها پادشا بۆی هەیە بڵێ
منیش دەڵێم... ئەو هەر دەڵێ
منیش دەڵێم... هەموو دەڵێین
وڵاتتان...شارتان بۆ پڕ دەکەین لە هەمبەڵێ

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٩ی مای ٢٠١٧

# سزای ڕاوی کەڵەکێوی

**"خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ دوو بەیتی سەیدەوان و خەجو سیامەند"**



بەیت لە ئەدەبیاتی کوردی دا دەکرێ بە شێوەی جیاواز و بۆ مەبەستی جیاواز مامەڵەی لە گەڵ بکرێ. وەک دەقێکی ئەدەبی، وەک هەوایەکی کۆن یان وەک خوڵقاوێکی مێژوو. بەم ڕوانگەیەی دوایی دەکرێ کەلک لە بارە مێژووییەکەشی وەرگیرێ بەڵام بەیت بە تەنیا مێژوو نییە. تەنانەت ئەو بەیتانەش کە مێژوویان روون و دیارە. هۆکارەکەش ئەگەر لە لایەک بۆ نەخوێندەواریی بەیتبێژ و ئامانجی لە دانانی بەیتەکە کە تۆمارکردنی مێژوو نەبووە، لە لایەکی دیکە بە دەگمەن بەیتێک وەک خۆی سینگ بە سینگ گواستراوەتەوەو بە دەست ئێمە گەیشتوە. بەیتەکان نەک هەر لە بواری زمان و وشە بەڵکو لە ناوەرۆک و تەنانەت ئەو مەبەست و ئامانجەش کە بەیتەکەی بۆ گوتراوە، زۆر جار گۆڕانیان بە سەردا هاتوە. گۆڕانی ئایین، کەلتور، سڕانەوە یان کاڵبوونەوەی ئەو نرخ و بەهایانەی کە لە سەردەمی خۆی دا بەیتەکەیان بۆ داڕێژراوە، بەشێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی ناوەرۆکی بەیتەکانن. هەر بۆیەش ئێمە زۆر جار بۆ لێکدانەوەی هۆکاری خوڵقانی بەیتێک، تووشی ئاڵۆزی و دەستەوەستانی دەبین. سەیدەوان و خەج و سیامەند دوو بەیتی لەمێژینەن کە ئەگەرچی توانیان لە گەرداوی گۆڕانی ئایین و کەلتور بە درێژایی مێژووی خوڵقانیان دەرباز بن، بەڵام ئەو باوەڕ و بەهایەی کە بەیتەکانی لە سەر داڕێژراوە، نەک هەر بۆ وەچەی ئەم سەردەمە بەڵکو سەدان ساڵە کە ئیدی نرخ و بەهای کۆمەڵگای کوردستان نییە.

سەبارەت بە هەردوو بەیت و هەر دوو چیرۆک، هەتا ئێستا زۆر نووسراوە و زۆر گوتراوە بەڵام ڕەنگە هێشتا گرێ و گۆڵی وەهایان تێدا مابێ کە لێمان بخوازێ زیاتریان قسە لێ بکەین و بیانکەینەوە. بۆ وێنە ئەمن هەتا ئێستا زۆر جار بیرم لە وڵامی ئەو پرسیارە کردوەتەوە کە ئاخۆ تاوانی عەبدولعەزیزە کوڕەی داسنی چی بوو کە ئاوا

کەوتە بەر غەزەبی خودا و یەک بە یەک جگەر گۆشەکانی لێ ئەستاند؟ نەک هەر لێی ئەستاند تەنانەت وای کرد کە سەیدەوان و بە وتەیەک سەیدەوان و مەلکەوان بە دەستی خۆی بکووژێ. بەیتبێژ بەئێمە دەڵێ کە عەبدولعەزیز تووشی غەرڕەیی هاتبوو و لەخۆی بایی ببوو. دەڵێ دەیویست لە رۆژێکدا سێ بووک بۆ سێ کوڕان بێنێ و خوا ئەوەی پێ خۆش نەبوو. بەڵام ئەمن نەمتوانی باوەڕ بکەم کە ئەو کارەی عەبدولعەزیز گوناه یان گوناهێکی هێندە گەورە بێ تا خوا ئاوا سزای بداو جەرگی خۆی بە دەستی خۆی پێ داخ بکا. ئەو عەزابە تەنانەت بۆ ئەو تێکستەی بەیتەکەش هەر عەزابێکی گەورە و لە ئینساف بەدەرە کە دەڵێ دوای ئەوەی نێچیرەوان پەردوگیر دەبێ و دەمرێ، عەبدولعەزیز شایی بە شین ناگۆڕێتەوەو بووک لە کوڕی نێونجی مارە دەکا.




هەمان سزای قورس و بە رواڵەت بێ هۆ لە بەیتی خەج و سیامەندیش دا دەبینین. سیامەند بە هەر کام لە دوو هۆی ئێرەیی بردن بە کەڵی بچووک یان بۆ دابین کردنی خواردن، راوی کەڵەکێوی دەکا. بە تیر دەیئەنگێوێ بەڵام ناتوانێ سەری ببڕێ و بە لینگەفرتە یان بە شاخی کەڵەکێوی لە سەر چیای سیپانەوە فڕێ دەدرێ. ئەم سزایەش هێشتا بەس نییە. لە کەوتنە خوارەوەدا دەکەوێتە سەر پەلی تیژ و دارەبەن لەشی بە برینان کونکون دەکا. بە جۆرێک کە "کۆترە باریکە دەتوانێ لە ناو برینی هەرە بچووکی لەشی دا هێلانە بکا". بیسەر دیسان پرسیار لە خۆی دەکا کە ئاخۆ تاوانی سیامەند چی بوو؟ ئەم سزا قورسە بارتەقای کام گەورە تاوان و گوناهی ئەو بوو؟ ئەم بابەتە بە دوای وڵامی ئەو پرسیارانەدا دەگەڕێ.

سەیدەوان و خەج و سیامەند ئەگەرچی لە ناوەرۆک، شێوەی دارشتن و زۆر لایەنی دیکەش جیاوازن، بەڵام سزای قورسی قارەمانانی بەیت، تاکە خاڵی هاوبەشیان نییە. بوونی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لە نێوانیان دا وای کرد کە لەم بابەتەدا بە یەکەوە کۆیان بکەمەوە. لە راستی دا ئەم هاوبەشیە بۆچوونەکانی منیان پتەو کرد و هانیان

دام کە ئەم بابەتە بنووسم؛

*- هەردوو بەیت، ڕووداوی تراژدین.*

*- هەردوو بە هاوسەرگیری یان بە مەیلی پێک گەیشتنی کچ و کوڕ دەست پێ دەکەن.*

*- لە هەردوویان دا خەون و گوێ نەدان بە خەون، هۆکاری کۆست و کارەساتن.*

*- هەردوو تراژدی بەرهەمی ڕاون*

*- قارەمانانی هەردوو بەیت دەیانهەوێ ڕاوی نێرییێ کێوی بکەن و سەرکەوتوو نابن.*

*- لە هەردوو ڕووداو دا، دوای سەرنەکەوتنی ڕاو، ڕاوی نێرییێ کێوی سەرکۆنە کراوە.*

بەو پێیە دەبینین تاوان یان تاوانی سەرەکیی قارەمانانی هەر دوو بەیتی سەیدەوان و خەج و سیامەند، ڕاوینێری یا کەڵە کێویە. هەڵبەت نێری و کەڵەکێوی هەر یەکن. یەک لە واتاکانی کەڵ، نێرییێ کێوییە. "کەڵ" وەک "کوور"، ناوی دیکەی نێرییێ کێویە. ناوێک کە هەتا ئێستاش بۆ وێنە لە ناوچەی کرماشان بۆ ئەو گیاندارە بە کار دێ. بەڵام بەشی زۆری بەیتبێژان لە گواستنەوەو گوتنەوەی بەیتی خەج و سیامەند دا تووشی هەڵە هاتوون و کەڵی نێری بزنە کێوییان لە گەڵ کەڵی جووتێ لێ تێکچووە. تەنانەت "شیراز"ی نووسەری ئەرمەنیش کە بەیتەکەی لە کوردان فڕاندوە، تووشی هەمان هەڵە بووە. ئەم هەڵەو لێ تێکچوونەش بۆ ئەو چەند هۆیەی خوارەوە دەگەڕێتەوە:

١- لە بنەڕەتی بەیتەکەدا لە جیاتی نێرییێ کێوی، کەڵ یان کەڵەکێوی هاتوە کە دواتر لە زمان و ئاخاوتنی ڕۆژانەدا وشەی کەڵ زیاتر بۆ نێرینەی گامێش بە کار هاتووەو جێی بە واتای نێری لێژ کردوە.

٢- بەیتبێژ ململانێی سیامەند لە گەڵ نێرییێ کێوی و هەڵدێرانی بە شەقۆن یان لینگە فرتەی نێری بە کەم و بە لاوازیی قارەمانی بەیتەکە زانیوە. لە حاڵێک دا شوێنی ڕووداوەکە شاخ و ڕەوەزە، بەیتبێژ سەرنجی بەوە نەداوە کە کەڵ و گامێش ناوچەی گەرم و کەناری ڕووبار و زۆنگاوەکان بۆ ژیان هەڵدەبژێرێ نەک سەر دوندی چیای سەخت و هەڵەمووتی سپیان.

٣- ڕۆڵی نێرییێ کێوی و خراپیی ڕاو و کوشتنی، لە باوەڕ و دینی خەڵک دا و بەو پێیەش لە بەیتەکەدا کاڵ بووەتەوە و گرینگی نەماوە. لە دینی ئیسلام دا نێری و بزنەکێوی لە ریزی گیاندارانی حەڵاڵ گۆشت دایەو دوای هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان ڕاوی نێری و بزنە کێوی حەرامەتی بە سەرەوە نەماوە. بەو جۆرە راوی کەل و بزن لە

تابۆوە بۆ توانایی راوکەر گۆڕدراوە.



ایزیرتو - قەڵایچیی بۆکان

لە راستی دا هەر دوو بەیت دژ بە راوی نێری و بزنە کێوی خوڵقاون لە حاڵێک دا بە درێژایی چەند سەدەی دوایی، ئەو سزا قورسە ئاسمانیانەی ناو هەر دوو بەیت لە سەر کوشتنی نێریێ کێوی، بۆ گوێگر و تەنانەت بەیتبێژ خۆیشی، بێ واتا و رەنگە گاڵتەئامێز بووبێ. هەر بۆیەش بەیتبێژ هەوڵی داوە هۆکاری سزاکان بۆ غەڕەیی و لە خۆ بایی بوونی قارەمانانی بەیت بگەڕێنێتەوە. قورسایی باری تراژدیی مەرگی قارەمانانیش، وای کردوە کە ئامانجی سەرەکیی بەیتەکان کە سەرکۆنەکردنی راو و کوشتنی نێریێ کێوییە، لە بەیتەکان دا کاڵ بێتەوە. بەیتبێژی دواتری بەیتی خەج و سیامەند، کەڵی نێری گامێشی لە زۆنگاوەکانی مێزۆپۆتامیاوە تا سەر دوندی چیای سەختی سیپان هەڵکێشاوە و لە جێگای کەڵی بە واتای نێری داناوە بێ ئەوەی گوێگر هەست بەو گۆڕانەو خەتای ئەو گۆڕینە بکا. تا ئاستێک کە هێندێک بەیتبێژ بە تەواوی ناوەرۆکی بابەتەکەیان پێچەوانە کردوەتەوە. بۆ وێنە لە خەج و سیامەند بە راوێژی مام ئەحمەدی لوتفی دا خەج، سیامەند لە هێزی کەڵ دەترسێنێ و هانی دەدا کە لە جێی کەڵ، بچێ ڕاوی نێریێ کێوی بکا؛

کوڕە نەچیە سەر رێگای کەڵە کێویی چقری یاغی بوو، بۆ کەس نایەتە بن بەند و داوە



زێویە - سەقز

*پێم وا نییە تیر ببڕێ ئەو ماڵە ساحەب بە قوڕێ گیراوە*

*شێتە، دێوانەیە، وەحشیە، جانەوەرێکە دایمە لە شاخ و کێو ماوە*

*نەتبیستووە کەڵی یاغیی کێوی، بێتە سەر ڕێگای سەت سوار*

*هەموو دەبنەوە پەرێشان و دەیکەنەوە بڵاوە*

*بۆچی نە بە کەس گیراوە نە بە کەس کوژراوە*

*کورە دەستی منت داوێن بێ، بچۆ ڕاوی نێرییە کێویان*

*بە دەمیان هەڵدەپسێنن وەنەوشەو*


*بە ئەستۆیان هەڵدەبڕنەوە گیابەند و خاوە*

**بەڵام سەرەڕای ئەو شێوانەی رۆڵی نێریێ کێوی لە بەیتەکەدا، باری پیرۆزیی ئەو ئاژەڵە و تەنانەت پێوەندیی نێوان ئەو و ئاو کە رەگی لە ئایین و باوەڕی کۆمەڵگای سەردەمی خوڵقانی بەیتەکە دایە، هەروا خۆی نیشان دەداتەوە؛**

*مبارەکن ئەوانە*

*زەمانی ئەسحابان، ئەوان لەوانە چوونەتە ڕاوە*

*ئێوارەو سبحەینان دێنەوە سەر گۆم و گۆمیلکەی دە بەفراوە*



تصویر ٦- آناهیتا با بزکوهی بر سرش، نمادی از ایزد آب،
گیریشمن، ١٣٧١، ٢٤

**ئەوە تەنیا مام ئەحمەد نییە کە ناوەرۆکی بەیتەکەی لێ شێواوە. لە راوێژی حەمەدی ئاغای دا کە رادیۆی کوردیی تاران کردویەتی بە بنەمای چیرۆکی شەو، نەهیێ لە ڕاوی کەڵە کێوی کراوە بەڵام ئەم نەهی لێکردنە پێچەوانە بووەو لە پیرۆزبوونەوە بۆ شووم و بەدفەری هەڵگەڕاوەتەوەو لە زمان خەجەوە دەڵێ؛**

*چەندم پێ گوتی ئامۆزا راوی کەڵەکێویان پەسەند نییە*

*هەر لە قەدیمەوە پێشینیان بە نەحس و بەدفەڕیان زانیوە*

سەرەڕای ئەو شێوان و بەراوەژوبوونە، لە نیزیک بە تەواوی راوێژەکان دا، خەج ڕازی بەو ڕاو و شکارە نییەو هەوڵ دەدا سیامەند پاشگەز بکاتەوە. لە راوێژی عەلی کەردار دا، خەج بە سیامەند دەڵێ؛

*ئەوە بە تۆم دەگوت سیامەند تفەنگی خۆت ماوێ*

*ئەمن گۆشت نێچیری کەڵەکێویم لە تۆ ناوێ*

*ئەتۆ بە قسەی منت نەدەکرد، تفەنگی خۆت داویشت و لە کەڵەکێویت دەدا*


*لە کەلەکەی چەپەی خوێن بە جۆش هەڵداوێ*

لە راوێژی حەسەن سیساوەیی دا کە بە پێچەوانەی راوێژەکانی موکریان، نێری جێگای کەڵ دەگرێتەوە، بەیتبێژ وەک شین بۆ خەج و سیامەندان، شینی نێریێ کێویش دەکا و دەڵێ:

*نێری مارۆیران دە شاخێ عاسێ لە بەر برینۆکی خۆ هەر دەنارێنی*

*نێری بە زمانۆکی خۆ خوێنی لە دامەنی خۆ لێسیتەوە*

*نێری چەن دژوارە! چەن هەژارە! چەن بریندارە! چەن غەریبە! چەن مەلوولە!*



زێویە - سەقز

بەڵام ئەگەر لە خەج و سیامەند دا باری خۆشەویستی و دڵداری و لاواندنەوەی گراوی بۆ کوڕە حەیران، باڵی بە سەر مەبەستی سەرەکیی بەیتەکەدا کێشاوە، لە بەیتی سەیدەوان دا ڕاوی نێریێ کێوی، ئەو کۆستەی ڕاوی نێری بە

سەر قارەمانی بەیتەکەی دا دێنێ و دوا جار پەژیوانی لە ڕاوی نێری بە ڕوونی و بەردەوام لە پەیامی بەیتەکەدا بەر گوێ دەکەوێ. سەرنجراکێشە کە ناوی لانیکەم دوو لە سێ کوڕەکەی عەبدولعەزیزی داسنی پێوەندیان بە ڕاو و شکارەوە هەیە و واتای راوکەریان هەیە. وا دیارە باوک کوڕانی خۆی بۆ ڕاو و شکار ئامادە کردوە بەڵام دوا جار هەرسێکیان بە شێوەیەکی تراژیک دەمرن یان بە هەڵە، بە دەستی خۆی دەیانکوژێ. لە راستی دا راوکەران ڕاو دەکرێن. باوک نەک هەر جوقەواری کوڕە راوکەرەکانی دەبڕێ بەڵکو بۆخۆیشی تۆبە لە راو دەکا. ئەمە بە جۆرێک قۆناخی گواستنەوەی ژیانی مرۆڤ لە راوچییەتیەوە بەرەو ئاژەڵداری و دواتر جووتیاری و وەرزێری دەگەیەنێ.

بەڵام بەیتی سەیدەوان پێش ئەوەی پێوەندی بە نەهی لە ڕاو و شکار بە گشتی هەبێ، دژ بە ڕاوی نێریێ کێوی داڕێژراوەو هەوڵ دراوە بە پێی باوەڕ و ئایینی باو، گوێگر لە ڕاوی ئەو ئاژەڵە بترسێنێ و بتارێنێ. لە راوێژی سەیدەوانی حەمەدی ئاغای دا کە ئەمن بە وێچووترین تێکستی ئەو بەیتەی دەزانم، عەبدولعەزیز شەوی پێش کارەساتەکە، خەونێکی ناخۆش دەبینێ و ئاوا خەونەکەی دەگێڕێتەوە:

*ئەمن ئەوشۆم خەونێک دیوەو لە من وایە ئاخری بەهارێیە*
*دەگەڕام لە تیلەگی دە کوێستانان*
*قەت وەگیرم نەدەکەوت قولێک گیا بەشی باقەبێنێ (ڕاوێژی حەمەدی ئاغای)*

ئەم خەونە راستەوخۆ پێوەندیی نێوان بەیتەکە و مەترسیی وشکەساڵیمان پێشان دەدا. هەروەها پێوەندیی نێوان نێریێ کێوی و تەڕەساڵی کە کوشتنەکەی دەرەنجامی پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە. ئەمەش رەگی لە باوەڕی کۆن و لەمێژینەی دانیشتوانی سەر زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس دایە کە دواتر زیاتری هەڵوەستە لە سەر دەکەم.



نەخشی بزن لە سەر فەرش

عەبدولعەزیز بەو خەونە وشیار دەکرێتەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو هەڵێنجانە لە بەیتەکە کە پێی وایە لە شایی گرتن و بووک گواستنەوە و بایی بوون نەهی کراوە، لە ڕاوی نێریێ کێوی و پێوەندیی نێوان کوشتنی ئەو ئاژەڵە و داهاتنی وشکەساڵی وشیار کراوەتەوە. ڕاوێک کە دەبێ گۆشتی میوانەکانی سێ داوەتی پێ دابین بکا. عەبدولعەزیز گوێ بەو خەونە نادا و شایی بۆ کوڕان ساز دەکا. بە ڕواڵەت تاوانی ئەم گوێ بە خەون نەدانە بە مەرگی کوڕی نێونجی دەداتەوە و بە ڕەوایەتێک نێچیرەوان پەردوگیر دەبێ و دەمرێ. وێچووترین تێکست لەم بارەوە ئەوەیە کە دەڵێ عەبدولعەزیز لە حاڵێک دا کە بەرەو ڕاوی کێوییان وەڕێکەوتبوو، هەواڵی مەرگی نێچیرەوانی پێ دەدرێ؛

*ئەمن وەگەڕ دەستم دەداوە تفەنگێ*

*رووم دەکردەوە چیایێ مەغلووبێ داسنیان*

*زەینێکە خۆم دەداوە بازی دە کێویان*

*بانگیان دەکردم دەیانگوت عەبدولعەزیز وەرە بگەڕێوە*

*کوڕی نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ (ڕاوێژی حەمەدی ئاغای)*

دەستی ئاسمانی، نێچیرەوان لە عەبدولعەزیز دەستێنێ تا لە ڕاوی نێریێ کێوی بیپرینگێنێتەوەو بیگەڕێنێتەوە بەڵام ئەو تەسلیم نابێ. کۆست و خەمی مەرگی نێچیرەوان وەسەر خۆی ناهێنێ و داوا دەکا شایی و هەڵپەڕکێ بەردەوام بێ. بۆخۆیشی بەرەو چیا و ڕاوی نێریێ کێوی درێژە بە ڕێگای خۆی دەدا. لە یەکەم هەوڵی دا بۆ کوشتنی نێریێ کێوی، هەمان دەست کە نێچیرەوانی لێ ئەستاندبوو، بە هەڵەی دا دەبا. عەبدولعەزیز کاکۆڵی مەلکەوانی لە گەڵ ردێنی نێری لێ تێکدەچێ. تەقە لە نێچیر دەکا بەڵام ئەم نێچیرە، کوڕە بچووکەکەی خۆیەتی. کوڕ دەپێکرێ و بە دەستی باوک دەکوژرێ. بەو حاڵە دیسان تەسلیم نابێ و واز لە ڕاو ناهێنێ. جارێکی دیکەش تووشی هەمان هەڵەی ماڵوێرانکەر دەبێ. جارێکی دیکەش لە بری نێریێ کێوییەکی دیکە، کوڕێکی دیکەی خۆی دەکوژێ.

بەم جۆرە سەیدەوانیش دەکوژرێ و باوک هەر سێ کوڕی خۆی لە پێناو ڕاو و شکاری نێریێ کێوی دا لە دەست دەدا بێ ئەوەی بتوانێ نێچیرێک بپێکێ.

**ئەگەر لە خەج و سیامەند دا نێری بۆخۆی بەرگری لە خۆی دەکا و تەنیا دارەبەن لە ئەستاندنەوەی تۆڵەی دا یارمەتیدەریتی، لە سەیدەوان دا دەستێکی غەیبی و پارێزەرێکی ئاسمانی کەڵەکێوی دەپارێزێ. دەستێک کە بەردەوام هەوڵ دەدا قارەمانی بەیت لە ڕاوی نێری دوور بخاتەوە. جار لە دوای جاریش نرخی ئەم وریا کردنەوانە بۆ عەبدولعەزیز قورستر دەبن. بەڵام عەبدولعەزیز پێڕەوی ئایینی بەیتبێژ و گوێگرانی نییە کە ڕاو و کوشتنی نێرییێ کێوی تێیدا حەرام و گوناهە. گوێ بەو وریا کردنەوانە نادا. دەستە غەیبییەکە سزای قورستری دەدا و پێی نیشان دەدا کە کوشتنی نێرییێ کێوی بۆ ئەو، هێندەی کوشتنی کوڕ بە دەستی باوک، بە ژانە. دەستێکی ئەوەندە بە هێز کە هەر دەڵێی هەموو جارێ نێری لە بەر سێرە و تیری عەبدولعەزیزی راوکەر هەڵدەگرێ و یەک لە کوڕانی خۆی لە جێ دادەنێ. سەرەنجام عەبدولعەزیز لەم ململانێیەدا بە تەواوی دەدۆڕێ و دەشکێ. ئەگەرچی ئیدی هیچی نەماوە لە دەستی بدا، بەڵام پەشیمانە و تۆبە دەکا. نەک هەر تۆبە لە ڕاوی نێرییێ کێوی، لە هەموو راوێک، بە تایبەت لە ڕاوی بە تفەنگێ؛**

**شەرت بێ لە پاش سەیدەوان و نێچیرەوان و وەلکەوانان**




**نەخشی نێری لە سەر بەرد**

***لە خۆم حەرام کەمەوە راوی دە تفەنگێ***

***دەگەڵ ئی نێرییێ بەلەبۆزە (ڕاوێژی حەمەدی ئاغای)***

**یان:**

***شەرت بێ رۆڵە سەیدەوان لە پاش ئێوە***

*دە لاقم نەکەم چەکمان*
*دە شانم نەکەم تفەنگی سێ تیر و*
*تازە ناچمەوە ڕاوی ئەوان کێویانە (ڕاوێژی عەلی کەردار)*

یان؛

*شەرت بێ ئەمن لە پاش کاکە سەیدەوانی*
*لە خۆم نابەستم تفەنگی شەش خان و*
*ڕوو ناکەمەوە چیایێ مەغلوبی داسنیان*
*ناکەمەوە ڕاوی نێریێ بەلەکوورە (ڕاوێژی حەمەی بەیتان)*

بــاوەڕ و ئــایینی بەیتبێــژ و گەورەیــی و بە دەســەڵاتیی خــوای نێریــێ کێــوی لەو ململانێــیەدا ســەر دەکەوێ و عەبدولعەزیز هۆزی داسنیان بە جێ دێڵێ کە ڕاوی نێریێ کێوی تێیدا ڕێگە پێدراوە؛

*شەرت بێ لە پاش سەیدەوان و نێچیرەوان و وەلکەوانان*
*...*
*چیدیکە دەگەڵ قەومی داسنیان دانەنیشم و*
*دەگەڵیان نەکەم جێژنە پیرۆزە (ڕاوێژی حەمەدی ئاغای)*

## کەڵەکێویی پیرۆز

کوردســتان وڵاتێکــی شــاخاویە. بــزنە کێــویش وەک نــاوی خــۆی بە خــۆوەیەتی، لە گەڵ ئەم شــاخ و هەڵەمــووت و بەندەنانە تەبا و گونجاوە. دەڵێن هەر جێیەک بـاران لێـی بـدا، ئەوە ئەویش دەتـوانێ پێیدا هەڵگەڕێ و پێیدا بڕوا. لە مەودایەکی بەرینتردا لە بەحری ڕەشەوە هەتا کەنداوی فارس کە بە زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس لێک گرێ دەدرێن، مەوتەنی ئەو ئاژەڵە کێویە بووە. ئەگەرچی ڕادەی ئەم ئاژەڵە بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک ڕاو، بەرتەسک بوونەوەی شوێنی ژیان و ئاڵۆزی و شەڕ لە کوردستان یەکجار لە کەمێی داوە بەڵام هێشتا لە هێندێک ناوچەی وەک بـارزان لە باشـووری کوردسـتان، کرماشـان و بێسـتوون لە ڕۆژهەڵات و نـاوچە شـاخاوییەکانی بـاکووری کوردسـتان، ڕازێنەرەوەی سروشتی کوردستانە. بوونی ئەم ئاژەڵە لە کێو و چیاکان و لە پاڵ دانیشتوانی ئەم هەرێمە، هەر لە

بە تۆتم بوونی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە تا چوونە ناو ئایین و پیرۆز کردنی لە ناو ئایین دا، شوێنی لە سەر مرۆڤەکان و پێوەندیی نێوان مرۆڤ و کەڵەکێوی داناوە. تا ئاستێک کە تەنانەت بۆچوونێک پێی وایە ناوی کورد لە وشەی "کوور"ی بە واتای نێری داکەوتووە ئەوەش دەگەڕێتەوە سەر هەڵبژاردنی تۆتم و نیشانەی کوور یان نێری لە لایەن کۆمەڵگای سەرەتایی دانیشتوانی ئەو هەرێمەوە. (کوردۆخ = کوور/داخ؟)



تەپکی حەسەنلو - نەغەدە

لە ناو ئەو دەفر و ئامانانەی کە لە بنکە و تەپۆڵکە مێژووییەکانی ئێران دا دۆزراونەتەوە یان ئەو نەخشانەی لە سەر بەرد و خشت و دیوارە مێژووییەکان کێشراون یا هەڵکەندراون، رەنگە وێنەی هیچ گیانلەبەرێک بە رادەی وێنەی بزن و نێری کێوی بەرچاو و زۆر نەبێ. وێنە و نەخشی بزن بە تایبەت نێریێ کێوی چ بە شێوەی ئاسایی و چ لە جۆری ئەفسانەیی بە وێخستنی پەڕ و باڵ و.. بەرچاو دەکەوێ. لە سەر دیوار و کەلوپەلە دۆزراوەکانی سێ بنکەی مێژوویی موکریان واتە حەسەنلوی نەغەدە، ئیزیرتوی بۆکان و زێویەی سەقز کە رەنگە ئاخێزگەی دوو بەیتی بەر ئەم باسە بێ، نەخش و نیگاری نێری زۆر دیار و بەرچاوە. بە تایبەت لە بنکەی مێژوویی ئیزیرتوی نیزیک بۆکان دا نێری زەقترین ئاجوری رەنگیی قەڵایچیەیە و شاخەکانیشی بە سەر زۆربەی شکڵ و شێوەکان دا کێشراوەتەوە. هەمان نەخش کە هونەرمەندانی بۆکانی لە ناوەندی شارەکەدا تابلۆیەکی جوانیان لێ نەخشاندووە بەرەبەرە خەریکە دەبێ بە نیشانەی ناسراو بۆ ئەو شارە رازاوەیە.

وێنەی بزن یان نێریێ کێوی هەروەها لە سەر فەرش و بە تایبەت بەڕەی کوردیش دا دەبیندرێ و بەرچاوە. ئەمانەش پیرۆزایەتیی ئەو ئاژەڵە لە ناو باوەڕی کۆمەڵگای کەونارای کوردستانمان بۆ دەسەلمێنن. پیرۆزایەتیەک کە هەتا ئێستاش ئاسەواری لە هێندێک ناوچەی کوردستان دا هەر ماوە. بۆ وێنە لە ناوچەی بارزان ڕاوی بزن و کەڵە کێوی قەدەغەیە یان ئەندامانی هۆزی باوەنە لە دۆڵی رۆستی ناوچەی باڵەکایەتی پێیان وایە بە خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵە نەخۆش دەبن و گۆشتەکەی ناخۆن.



زیاتر لە سەدا نەوەدی بەردە هەڵکەندراوەکانی ناو چیاکانی زاگرۆس هەر لە کۆسالانی مەریوانەوە تا بلوچستان بە وێنەی بزن و بە تایبەت نێریێ کێوی رازاونەتەوە. پڕانیی ئەو هەڵکەندراوانەش لە نیزیک کانی و سەرچاوەکانی ئاو هەڵکەوتوون. ئەوەش پێوەندیی نێوان ئەو ئاژەڵە لە گەڵ ئاو و بەو هۆیەوەش لە گەڵ ئاناهیتا، خواژنی ئاو و پاراوکردن لە ئایینی کۆنی دانیشتوانی هەرێمی زاگرۆس، نیشان دەدا. خواژنێک کە ئێرانیەکان بە پێڕەوی لە ئیشتار، خواژنی بابل بۆخۆیان هەڵبژارد.

ئاناهیتا لای ئێرانیەکان خواژنی باران و ئاو، کەڵگرتن و بەرهێنانە. نێری یان کەڵە کێوی گیانداری ئەم خواژنەیەو لە سەر هەرد نوێنگەی خواستی ئاو، زاوزێ و بەرەکەتە. لە دابەشکاریی هەسارەکان دا، هەسارەی "زۆهرە" هی ئاناهیتایە. هەمان هەسارە کە لە لای کوردەکان "گەلاوێژ"ی پێ دەڵێن. گەلاوێژ هەروەها نێوەراست مانگی هاوینە. راست لە شەوی نێوەڕاستی هاوین دا ئەستێرە (هەسارە)ی گەلاوێژ خۆی دەنوێنێ و دەنگوێ. ئەو شەوە کورتترین شەوی ساڵە و رۆژەکەی، درێژترین رۆژی ساڵ. دوای ئەوەی گەلاوێژ ئەنگوت، گەرما دەشکێ، ئاوی کانیاوەکان زۆرتر و ساردتر دەبن. ئەوەش پێوەندیی نێوان خواژن گەلاوێژ و ئاو زیاتر نیشان دەدا. پێکهاتەی وشەی گەلاوێژ راستەوخۆ پێوەندی بە کەڵەکێویەوە هەیە و لە کرداری "کەڵ هاویشتن" و "کەڵ هاوێژ" کەوتوەتەوە. کرداری "کەڵ هاویشتن" واتای جووت کردنی نێر لە مێیە و "کەڵ هاوێژ / کەڵاوێژ / گەلاوێژ" بکەری کردارەکەیە. ئەوەش لە گەڵ هێز و دەسەڵاتی بەرگرتن و زاوزێ بۆ ئیشتار خواژنی بابلیەکان، ئاناهیتا خواژنی ناو ئاڤێستا و گەلاوێژ کە رەنگە لای دانیشتوانی کوردستان ناوی هەمان خواژن بووبێ، تەبایە.

بەو پێیە لە پشت هەر دوو شاکاری خەج و سیامەند و بە تایبەت سەیدەوان دا بۆچوونێکی ئایینی خۆی مەڵاس

داوه. بەڵام ئەو ئایینە نا کە بەیتبێژی موسوڵمان بە تایبەت لە سەیدەوان دا گەرەکیەتی دەرخواردمان بدا. باسی ئایینێکە کە تێیدا کەڵەکێوی گیاندارێکی پیرۆزە. ئاژەڵێک کە هی خواژنی باران، بەرگرتن و ئاوس کردنی مەڕ و ماڵاتە. تێری و بە کەیفیی ئەو ئاژەڵە لە سەر هەرد، نیشانەی رەزایەتی خواژن ئاناهیتا یان گەلاوێژە کە هێزی بەرگرتن و بەرهێنان بە زەوی و بە گیاندارانی دیکە دەبەخشێ. سروشتییە لە روانگەی پێڕەوانی ئەم باوەڕە کوشتنی ئەم ئاژەڵە شووم و بەد فەڕە. دەتوانێ تووڕەیی خواژن و مەترسیی وشکەساڵی لی بکەوێتەوە. بە مەبەستی پارێزگاری لەو ئاژەڵە و لە غەزەبی وشکەساڵی و بۆ پرینگاندنەوەی خەڵک لە ئازاردان، راو کردن و کوشتنی نێریێ کێوی، دوو شاکاری ئەدەبی - هونەری خوڵقاون. دوو شاکاری ئەوەندە بەهێز کە گەرد و بادی مێژووی نەتەوەیەکی نەخوێندەواریش نەیتوانی بە بای فەرامۆشییان بسپێرێ.

کەواتە مێژووی خوڵقان و داکەوتنی هەردوو بەیتی سەیدەوان و خەج و سیامەند بۆ ئەو سەردەمە دەگەرێنەوە کە هێشتا کۆمەڵگای کوردستان دینی ئیسلامی وەرنەگرتووە، نێریێ کێوی هەر وا ئاژەڵی خواژن گەلاوێژەو کوشتن و راوکردنی، بێ بارانی، وشکەساڵی و قاتی و قڕان بە سەر خەڵک دا دێنێ.

ژێدەر:


- بەیتی خەج و سیامەند بە راوێژی بەیتبێژان؛ عەلی کەردار، حەمەدی ئاغای، حەسەن سیساوەیی
- سێ بەیتی فۆلکلۆریک - کۆکردنەوەی قادری فەتتاحی قازی
- بەیتی سەیدەوان بە ڕاوێژی بەیتبێژان حەمەدی ئاغای، حەمەی بەیتان، عەلی کەردار
- توتم و تابو - زیگمۆند فرۆید
- چەواشەبوونی بەیتی خەج و سیامەند - عەلی ئیسماعیل زادە، گۆڤاری مەهاباد ژمارە ١٤١
- بەردە نووسراوەکانی ئێران - محمد ناصری فرد (فارسی)
- مانگە کوردییەکان باشتر بناسین - هیوا ئەحمەدی
- بەڕە، پارێزەری نەخشی بزنە کێوی - عفت السادات افضل طوسی (فارسی)


سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٢٠ی ئەپریلی ٢٠١٧

## چوار نوسخە لە بەیتی سەیدەوان

### سەیدەوان (بە ڕاوێژی حەمەی بەیتان)




ئەوە بەهارەو...
چ بەهارێکە لە من بە غلوورە
خۆ من دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی
لە من شین دەبوو شەشپەڕ و شلێرو گەزیزە و نەورۆزەو
سەد ماشەڵڵا دەڵێی گوڵێکی دە سوورە
شەرت بێ ئەمن لە پاش کاکە سەیدەوانی
لە خۆم نابەستم تفەنگی شەش خان و
روو ناکەمەوە چیایێ مەغلوبی داسنیان
ناکەمەوە ڕاوی نێرێ بەلەکوورە
بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم بەهارە
فەسڵێکە گیا دەگرێتەوە ژەنگێ
خۆ من دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی
لە بابی خۆی زیز بووەو
هەر ناکاتەوە دەنگێ
خۆ من لە پاش سەیدەوانی
لە خۆم حەرام دەکەم ڕاوی دە کێویانو
جودا لە ڕاوی دە تفەنگێ
بەهارێک لە من دادێو چ بەهارێکە لە من بە بەفر و بە بارانە
خۆ من دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی
لە من شین دەبوو شەشپەڕ و شلێرەو گەزیز و نەورۆزە

هەرامەتی دانە بە دانە

شەرت بێ ئەمن لە پاش کاکە سەیدەوانی

لە خۆم نابەستم تفەنگی شەش خازو

روو ناکەمەوە چیایێ مەغلووبی داسنیان

ناکەمەوە ڕاوی بەرانە کێویانە

بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم بەهارە

چ بەهارێکە لە من بە ئاڵۆزە

خۆ من دەچوومەوە سەر قەبری کاکە سەیدەوانی

لە من شین دەبوونەوە شەشپەڕ و شللێرە و گەزیزە و

هەرامەتی گوڵە نەورۆزە

شەرت بێ من لە پاش کاکە سەیدەوانی

لە خۆم نابەستم تفەنگی شەش خازو

روو ناکەمەوە چیایێ مەغلوبی داسنیان

ناکەمەوە ڕاوی نێرێ بەلەبۆزە

بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم

فەسڵێکە دەوڵەمەندان دەچوونەوە کوێستانێ

خۆ من لە بۆت ئەوە هەڵدەڵێم بە دەزگیرانی مەلکەوانی

سەری هەڵنایەو هەرامەتی لەبەر شەدە لێدانێ

بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم بەهارە

چ بەهارێکە لە من شین دەنوێنی

یاڕەبی خودایە ئەوە نە بکەی، نە بسەبرێنی

کەسانێک نەبوو بڵێ عەبدولعەزیزی داسنی

دەستی تفەنگێت ورد بێ

چاوی دە جاسووسێت کوێر بێ

کوانی سوتنێت لە ئانیشکێ بێ

قامکی پەلاپیتکێت بشکێنی
ئەوە کاکۆڵی کاکە سەیدەوانین
دە سیپەیدا با ڕایدەژێنی
مەلکەوانم مرد دەنگم نەکرد
نێوچیرەوانم مرد دەنگم نەکرد
سەیدەوانم بە دەستی خۆم کوشت
ماڵە خۆم وێران کرد
مەلکەوانم ڕۆ
نەوچیرەوانم ڕۆ
گەورەی هەزار و پێنسەت ماڵ داسنی
سەیدەوانە ڕۆ
تا ئەوێ ڕۆژێ خوداوەندی میری مەزن دەگرێ دیوانێ
مەگین بڵێم سەیدەوانە ڕۆ
بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم بەهارە
چ بەهارێکە لە من چەندە دوورە
کێ دیویەتی لە دەورەتی دە زەمانان
لەسەر سێ کوڕان ڕا بووک بچتەوە ماڵی دە بابان
هەرامەتی هەر بە ڕووی دە سوورە
بەهارێک لە من دادێ عەزیزەکەی لە دنیایەم بەهارەو
چ بەهارێکە لە من چەندە گرانە
عەبدولعەزیزی داسنی ئەوە بانگ دەکاتە دەزگیرانی مەلکەوانی
ڕۆڵە وەرە مەرەخەستێ لە مامی خۆت بخوازەو
روو بکەوە ماڵی دە بابانە
دەزگیرانی مەلکەوانی ئەوە بانگ دەکا مامە
هەڵکێشە خەنجەرێکە دەبانە

بیست و چوار جارانی بگێڕەوە دە جەرگ و دڵانە

ئەمن لە سەر مەلکەوان و نێچیرەوان و سەیدەوانی ڕا

بە چ چاوورووێکی بکەمەوە ماڵی دە بابانە

بەهار چیایێ مەغلوبی داسنیان

لە من بە لێژە، لە من بە تاتە، هەرامەتی هەر لە من بە بەرزە

خۆ من دەچوومەوە سەر جەنازەی سەیدەوانی

هەر دە خوێنی خۆی دەگەوزا

--------------------------

**سەیدەوان بە ڕاوێژی عەلی کەردار**

ئەوە بەهارە چ بەهارێکی لە من بە نیێنی

ڕەبی خودایە ئەتۆ هەوری ڕەحمەتێ بێنی

لە لای قوبلەی مبارەک

لە داوێنی فەڕەنگیان

لە سەر تاج و هۆبەکەی بابی کاک سەیدەوانی هەڵبڕژێنی

ئەورۆکانە ئەمن زەینی خۆم دەداوە گراوی کاک سەیدەوانی

تۆق و تەلەسم و کرمەکان لە لاجانگێ با رایدەژێنی

یەک لە نەکاو دەیگوت عەبدولعەزیز نێچیرەوانت مردۆ

دەمکوت توخوداکەی کەس دەنگێ نەکا

با دەستی دیلانێ بەر نەبێ

نەوەک دڵی کیژ و کوڕی داسنیان

لە بابی سەیدەوانی بێشێنی

ئەوە بەهارە.. رۆڵە سەیدەوان بەهارە

چ بەهارێکی لە من بە دزی

ڕەبی خودایە ئەوە تو هەوری ڕەحمەتی بێنی

لە لای قوبلەی موبارەک

سەرچاوە Serchawe

لە داوێنی فەرەنگیان

لە سەر قەبری نێوچیرەوانم هەڵبرێژی

ئەمن زەینێ خۆ دەکردە سەر قەبری کورانم

لێی دەرسکا هەڵاڵە و بەیبوونە لە گەڵ گوڵی دە نێرگزی

تو خودا خزمینە کێ دیویەتی لە دەورەتی زەمانەی دا

باب بە دەستی خۆی کوڕی خۆی بکوژێ

ئەوە بەهارە رۆڵە سەیدەوان بابم بەهارە

چ بەهارێکی لە من لە نەکاوێ

ئەمن زەینی خۆم دەداوە ماڵ و مەرەکەی بابی کاک سەیدەوانی

هەڵیدەداوە لە تیلەگی دە کوێستانێ

بەرامبەر و پێشانم دەبۆ گۆمە دەڵاوێ

ئەمن زەینی خۆم دەداوە نێری بەرانەکەی کاک سەیدەوانم

هەڵدەپسێنێ سەری هەڵاڵە و بەیبوونە و گیاخاوێ

بۆ کەس نەبوو بڵێ رەبی عەبدولعەزیز

چاوی جاسوسیت کوێر بێ

قامکی  پەلا پیتکەت بشکێ

ئەوە سەیدەوانە و تفەنگی خۆت ماوێ

ئەوە بەهارە سەیدەوان بابم بەهارە

چ بەهارێکی لە من شین دەنوێنی

رەبی خودایە ئەتۆ هەوری رەحمەتێ بێنی

لە لای قوبلەی مبارەک

لە داوێنی فەرەنگی‌یان

لە سەر چادر و چیغەکەی بابی کاک سەویدەوانیم هەڵبرژێنی

یارەبی خودایە ئەتۆ هەڵکەیە بای رەحمەتی

لە غەمی عەبدولعەزیزی دەی

لە بەحری خوێی تێپەڕێنی
توخودا خزمینە کێ دیویەتی لە دەورەتی دە زەمانەی دا
باب بە دەستی خۆی کوڕی خۆی بکوژێ و دە خوێنێی بگەوزێنی
ئەوە بەهارە ڕۆڵە سەیدەوان بابم بەهارە
چ بەهارێکی لە من لە شەڕە
یارەبی خودایە ئەتۆ چڵکە هەورێکی بێنی
لە لای قوبلەی مبارەک
لە داوێنی فەڕەنگی‌یان
ببارێنی بارانی ڕەحمەتێ
قەبری کوڕانم بۆ بکەیەوە تەڕە
ئەمن زەینێ خۆم دەداوە سەر قەبری کوڕانم
لێی دەڕسکا هەڵاڵە و بەیبوون و سوێسن و شللێر و شەشپەڕە
ئەمن دەستم دەدا تفەنگێ خۆم
رووم دەکردەوە چیایێ مەغلوبێ داسنیان
بۆ بوکنیان بێنمەوە گۆشت بەران و گۆشت مەڕە
بە داوێنی بەردان دا دەڕۆیمە خوارێ
دەمڕوانیە تاقەی سیپانی وێرانبوو
خۆ من نەمدەزانی کاکۆڵی کاکە سەیدەوانیە
لە گەڵ گوڵی کوێستانان
پرشێکە بای شەماڵ لێی دەدا
بە یەکیان دەداتەوە گەڕە
ئەمن تفەنگی خۆم داویشتە سەر بەردی
جاسوسم لێ دەگرت
تەقەم لە تفەنگێ دەهات
تەمی لە سەر نەدەڕەوی

لەوێ سەیدەوانم وەسەر یەک دەگەڕا

ئەلحان ئەگەر بڵێم توخودا خزمینە

دەستی یەک بەردەن و ئەمن دیلانێ ناکەم

پێم دەڵێن عەبدولعەزیز خەرفاوە، شێت بووە و پیرێکی ئاخر شەڕە

ئەوە بەهارە رۆڵە بەهارە

چ بەهارێکی لە من بە غللورە

ئەورۆکە ئەمن زەینی خۆم دەداوە سەر قەبری سەیدەوانم

لێی دەرسکا هەڵاڵە و بەیبوون و سوێسن و گوڵە زەمبوورە

شەرت بێ رۆڵە بە شەرتی خودای

لە پاش ئێوە دە لاقم ناکەم چەکمان و

دە شانم ناکەم تفەنگێ سێ تیر و

تازە ناچمەوە ڕاوی نێرێ بەلەکوورە

توخوداکەی خزمینە

کێ دیویەتی لە دەورەتی زەمانێ دا

لە سەر سێ کوڕان ڕا بووک بچنەوە ماڵی بابیان

بە جلی دە سوورە

ئەوە بەهارە رۆڵە سەیدەوان بەهارە

چ بەهارێکی لە من هاڵۆزە

ئەورۆکە ئەمن زەینێ خۆم دەداوە سەر قەبری کاک سەیدەوانی

لێی دەڕسکان هەڵاڵە و بەیبوون و سوێسنە و گوڵە نەورۆزە

شەرت بێ رۆڵە بە شەرتی خودای

لە پاش ئێوە دە لاقم ناکەم چەکمان و

دە شانم ناکەم تفەنگێ سێ تیر و

تازە ناچمەوە ڕاوی نێرێ بەلەبۆزە

ئەوە بەهارە

چ بەهارێکی لە من سەر بە زستانە

ئەمن زەینێ خۆم دەکردەوە سەر قەبری کاک سەیدەوانی

لێی دەرسکاوە هەڵاڵە و بەیبوون و سوێسن و گوڵی دانە بە دانە

شەرت بێ رۆڵە سەیدەوان لە پاش ئێوە

دە لاقم نەکەم چەکمان

دە شانم نەکەم تفەنگی سێ تیر و

تازە ناچمەوە ڕاوی ئەوان کێویانە

وەی ڕۆڵە هەر لەو زەمانی تا ئەو زەمانی

هەر لە دەوری شای تا نەوشیرەوانی

توخودا گەلی دە دۆستان

گەلی دە خزمان

وەرن سێ داوەتان بگێڕن

یەکیان ئی مەلکەوانی

دومیان ئی نێچیرەوان سێهەم ئی سەیدەوانی

کێ دیویەتی لە دەورەتی زەمانان دا

لە سەر سێ کوڕان ڕا بووک بچتەوە ماڵە بابانی

مەلکەوانم مرد دەنگم نەکرد

نێچیرەوانم مرد هەر شوکری خودام کرد

بە خودای سەیدەوان خۆڵی گەرمێن و کوێستانێت وەسەری عەبدولعەزیزی کرد

وەی ڕۆ

هەتا ئەو ڕۆژەی خودا لە من دەکاتەوە دیوانێ

وەسەری عەبدولعەزیزی دەکردەوە خۆڵی کۆکۆیە

بە خودای نازانم نە دەردی پیری گەیوەتە عەبدولعەزیزی

نە لە بەر ئەنگۆیە..

----------------------------

سەرچاوە Serchawe

**سەیدەوان بە ڕاوێژی حەمەدی ئاغای**

ئەورۆکە سەرم دێشێ..

دڵی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی دەکا بێنە بێنێ

بەڵان ئەمن ئەوشۆم خەونێک دیوەو لە من وایە ئاخری بەهارێیە

دەگەڕام لە تیلەگی دە کوێستانان

قەت وەگیرم نەدەکەوت قولێک گیا بەشی باقەبێنێ

توخوڵاکەی ئەو کەسانەی ئەگەر خوداشوناسن

وەرن تەعبیری ئەو خەونەم بۆ لێدەنەوە

دەترسم خوداوەندی میری مەزن پادشاێ کەرەمێ

ئەگەر موسیبەتێکی گەورەم بە سەر بێنێ

ئەمن دەمگوت مەسڵەحەت وایە ئەگەر باب بە ڕۆژێکی

سێ بووکان لە بۆ کوڕانی بێنێ

نەمزانی تەقدیری خودای تەگبیری عەبدی بەتاڵ دەکات و

هێلانەی لە عەبدولعەزیزی ماڵوێران دەشێوێنێ

ڕۆڵە دەبەر قافڵەو بازرگانو مرم

ئەگەر بەرێی دەکەن بۆ وڵاتی گەرمێنێ

ئەوە پارچەو ئەتڵەس و کیمخوای

لە بۆ جلی دەزگیرانی خۆی بێنێ

چ بکەم کەس دەربەند نییە ئەگەر داخوڵا

مەڕو ماڵو مێگەلو چادرو چیغی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی

لە کوێستانان بە بێ ساحەبی دەمێنێ

ئەمن وەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ

رووم دەکردەوە چیایێ مەغلووبێ داسنیان

زەینێکە خۆم دەداوە بازی دە کێویان

بانگیان دەکردم دەیانگوت عەبدولعەزیز وەرە بگەڕێوە

کوڕی نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ

دەمگوت توخوڵاکەی خزمینە دەنگێ مەکەن

دەستی داوەتێ بەر مەدەن

دڵی کیژ و کوڕانم لێ دەمێنێ

ئەورۆکە بەهارێکم گەیوەتێ رۆڵە چ بەهارە

سەرم دێشی، دڵی عەبدلعەزیزی داسنی

چەندی لە ئێش و ژانە، چەندی لە غرووره

ئەمن زەینم دەداوە تیلەگی دە کوێستانێ

سوور دەبوون سوورەگوڵ و هەڵاڵ و بەیبوون

دەپشکووتن شەشپەڕ و شللێره

ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ

رووم دەکردە چیاێ مەغلووبێ داسنیان

زەینێکە خۆم دەدا بازی دە کێویان

لفکەی سەیدەوانی لە پلەی بەردی با رایدەژێنێ

لە من وایە ڕدێنی نێرێ بەلەکووره

وەی چاوی جاسووسێت کوێر بێ

دەستی چەخماخێت شکێ

تەقە لە تفەنگێ دەهات و

سەیدەوان دە خوێنێ دا دەبۆوە سووره

ئەورۆ بەهارێکم گەیوەتێ رۆڵە چ بەهارە

سەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی

چەندی لە ئێشەو چەندی لە ژانە، ئەی خودا چەندی لە من دە هاڵۆزە

ئەمن زەینی خۆم دەداوە تیلەگی دە کوێستانان

سوور دەبوون سوورەگوڵ و هەڵاڵ و بەیبوون

دەپشکووتن گوڵە نەورۆزە

ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ و

رووم دەکردە چیاێێ مەغلووبێ داسنیان

زەینێکە خۆم دەدا بازی دە کێویان

کاکۆڵی وەلکەوانی لە پلەی بەردی با رایدەژێنێ

لە من وایە ردێنی نێرێ بەلەبۆزە

وەی چاوی جاسووسێت کوێر بێ

دەستی چەخماخێت شکێ عەبدولعەزیز!

تەقە لە تفەنگێ دەهات و

کورِ لەوێ دە خوێنێ دا دەگەوزا

ئەستێرێک هەڵدێ بەری بەیانی

وەی سەڵا لە عەبدولعەزیزە کۆرەکەی بابی سەیدەوانی

ئاوی کوێستانان دێنە خوار رۆڵە

بە توندی هەر بە تیژی

هەڵدەرژێنە بن سوورە گوڵی لە سەر بە گژنیژی

توخوڵاکەی خزمینە وەرن رەجمم کەن

کێ دیویە لە دەورەتی دە زەمانان

لە سەر سێ کورانِ را

بووک بچنەوە ماڵی دە باوان

بە تارای سوور و هەر بە کیژی

ئەی رۆڵە رۆ لە سەر رۆیە

ئەمن لە دەروونم دێتە دەرێ بڵێسەو بۆسۆیە

نازانم نە بەدبەختێ منە.. سەیدەوان! نە نەدامەتێ تۆیە

شەرت بێ لە پاش سەیدەوان و نێچیرەوان و وەلکەوانان

لە خۆم حەرام کەمەوە راوی دە تفەنگێ

دەگەڵ ئی نێریێ دە بەلەبۆزە

چیدیکە دەگەڵ قەومی داسنیان دانەنیشم و
دەگەڵیان نەکەم جێژنە پیرۆزە

----------------------------------------

سەیدەوان (بە دەنگی شۆڕش مەحموودی)

بەهارە، بەهارە، ئەزیزەکەی لە دنیایەم سەیدەوان
ئەوە بەهارێکە لە شەڕ
ئەوە هەورێکی ڕەشی دەهێناوە لە قیبلەی مبارەک
لە سەر قەبری پیر خدری
لە مەغلوبی دە داسنیان
دە ڕەبی خودایە هەڵکەی لە رووی رەحمەتێ
بارانی پەڵەی هەڵرێژی
قەبری سەیدەوانیم لە بۆ بکەیەوە تەڕە
ئەوە من دەچوومەوە سەر قەبری سەیدەوانی
چەندیم دەدیت سوێسن و هەلاڵ و بەیبوون و شەشپەڕە
خۆ من دەستم دەداوە شینکێ چەخماخ خوار
ڕووم دەکردەوە چیاێی مەغلوبی داسنیان
ئەگەر لە بۆ شایی سەیدەوانی بێنم
گۆشتی شەک و بەران و مەڕ
دە ڕەبی خودایە چاوی جاسوسێم کوێر بێ
قامکی پەلەپیتکەم شکێ
وە من تەقەم دەهاتەوە لە تفەنگی
بە خوای کزەم دەهاتەوە لە هەناوە
ئەمن لە زەینێ خۆم دەدایە
وەملەزانی نێرێ کێویە و

نەمدەزانی ئەوە کاکۆڵی کاکە سەیدەوانم

بە پشوێ بای دە شەماڵی

دەگەڵ گوڵی سوێسن و هەڵاڵێ دەگەڕاو

ئەوە کاکە سەیدەوانمە دەگەوزێوە دە گۆمیلکە گۆمیلکەی دە خوێناوە

بەهارە.. بەهارە بەهارە عەزیزەکەی لە دنیایەم سەیدەوان

ئەوە بەهارێکە سەر دە هەوەڵێ

وەمن شەرت بێ رۆڵە بۆت دەفرۆشم پێنسەت مەڕی لە بەر بەرانی

بە عامی بۆت دەکەمەوە بە پوڵ و پارە

بۆت دەگەڕێمەوە شاران

حەکیمان دەگەڵ ئەوان لوقمانە

حەک سەڵا لە چاوی بابت

برینت بە کەس ناکرێتەوە دەرمانە

دە وەرن برادەرینە

گەلی دە خزمان و گەلی دە داسنیان و ئەهلی دە ژەنگارێ

دارە مەیتێکم بۆ ساز بکەن

مەیتی کاکە سەیدەوانم لە چیاێی رەنگین دەگەڵ بێننەوە خوارێ

تو خوا قەبری ئەویشم بۆ هەڵکەنن لە کن مەلکەوان و نوچیرەوانی

ئەویشم بۆ بدەنەوە لە قەتارێ

دە وەرە برادەرینە

ئەوە شایێ عەبدولعەزیزی

لە سەر سێ کوڕان ڕا وەشین دەگەڕا

بەهارە..کوڕم بەهارە بەهارە

عەزیزەکەی دە دنیایەم سەیدەوان ئەوە بەهارێکە لە من دژەدژێ

وە من شەرت بێ رۆڵە

لە پاش ئێوە

دەشانم نەکەم تفەنگی دە سێ تیر و

نەچمەوە ڕاوی نێری دە بەلەبووزە

دە ڕەبی خودایە

چاوی جاسوسێم کوێر بێ

قامکی پەلەپیتکەم شکێ

ئەوە بە سێ شەشی دە بەهاری

کاکۆڵی کاکە سەیدەوانم با دەیشەکێنی و

ئەوە لە عەبدولعەزیزە کۆرەکەی وایە

ئەوە ڕدێنی نێری دە بەلەکوورە

دە وەرە برادەرینە

گەلی دە خزمان و گەلی دە ماجەران و گەلی دە پیر و پێشینیان

کێ دیویەتی هەر لە دەورەتی دە زەمانان هەتا دەورەتی ئاخر زەمانێ

باب بە دەستی خۆی کوڕی خۆی بکوژێ

بەهارە.. بەهارە بەهارە، عەزیزەکەی لە دنیایەم سەیدەوان

ئەوە بەهارێکە لە من سەر بە زستانە

ئەوە عەبدولعەزیزی داسنی بانگ دەکاتە دەزگیرانی سەیدەوانی

دەڵێ رۆڵە وەرە مەرەخەستێ لە مامی خۆت بخوازە و روو بکەوە ماڵی دە بابانە

ئەوە دەزگیرانی سەیدەوانی بانگ دەکا

دەڵێ بابە هەڵکێشە خەنجەرێکی دەبان

بیست و چوار جارانی بگێرەوە دە جەرگ و دڵانە

ئەمن لە پاش مەلکەوان و نێچیرەوان و سەیدەوانی ڕا

بە چ چاو و دڵێکی ڕوو بکەمەوە ماڵی دە بابان

دە وەرە برادەرینە

گەلی دە دۆستان و گەلی دە خزمان و گەلی دە ماجەران و گەلی دە پیر و پێشینیان

کێ دیویەتی هەر لە دەورەتی دە زەمانان هەتا دەوری ئاخری دە زەمانی

*له سەر سێ کوران را بووک بچێتەوە ماڵی دە بابان هەر بە جلی دە سوورە*

*مەلکەوانم مرد دەنگم نەکرد*

*نێچیرەوانم مرد دەنگم نەکرد*

*کاکە سەیدەوانم مرد*

*خۆڵی دە گەرمێن و کوێستانانم هەر وە سەری عەبدولعەزیزی داسنی کەن*

**سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٣ی ئەپریلی ٢٠١٧**

## حەوت شین چۆن بوو بە هەفت سین؟



**لە ناو ئێرانیەکان دا یەک لە نەریتەکانی جێژنی نەورۆز کە لە راستی دا بەرچاوترین نەریتە، راخستن و رازاندنەوەی سفرەی حەوسینە. دانانی حەوت خواردن کە بە پیتی "سین" دەست پێ دەکەن. ئەوانیش بریتین لە سرکە، سماق، سەمەنی، سنجوو، سێو و سیر کە ئەم شەش خواردنە لە گەڵ سکە و سەوزە دەبن بە هەشت سین. لە پاڵ ئەوانە دا چەند شەم، کتێب (قورئان یان دیوانی شاعیرێک)، ئاوێنە، نانێکی پان و قاپێک ئاو دادەندرێ و سفرەکە بە شیرنی، شووشەیەک ئاو کە ماسی سووری تێدایە، دەفرێک شیر و چەند هێلکەی رەنگ کراو دەڕازێندرێتەوە.**

**وەک سروشتی هەر نەتەوەیەکی بندەست، فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست شەقڵی بە سەر کەلتوری کوردەکانی**

ڕۆژهەڵاتیش دا بەجێهێشتووە و فەرهەنگی ڕاختستن و ڕازاندنەوەی سفرەی حەوسین بە تایبەت لە شارەکانی کوردستانیش دا کەم و زۆر باوە. بەڵام ئاخۆ حەوسین چ پێوەندی بە کوردەوە هەیە؟

سەبارەت بە بنەما و مێژووی ڕاختستنی سفرەی حەوسین لە ناو ئێرانیەکان دا باس و خواسی جۆراوجۆر هاتووەتە ئاراوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ژمارەی ٧، ژمارەیەکی گرینگ و پیرۆز بووە لە ئایینە کەوناراکانی وەک میترایی و زەردەشتی دا. لە میترایی دا پلەکانی ئایینی ٧ پلەن کە حەوتەمینیان دوایین و گەورەترین پلە بووە. ئاسمان بە سەر حەوت تەبەقەدا دابەش کراوەو هەر کام لە حەوت هەسارەی ئاسمان نوێنگەی یەک لە پلەکانی ئایینی بووە. لە ئایینی زەردەشتیش دا، حەوت، ژمارەی حەوت ئەمشاسپەندی مەزنە کە دەکرێ ئەمانە یان یەک لەوان لە ژمارە ی٧ ی حەوسین دا ڕەنگی دابێتەوە. بەڵام لە سەر واتا و هۆی هەڵبژاردنی پیتی "سین" بۆچوونی جیاواز هەیە. کەسانێ پێیان وایە ئەمە هەمان "سینی"یە کە خواردنەکانی لە سەر دادەندرێ و سینیش هەمان دەفر و ئامانی چینی یان صینی‌یە کە لە وڵاتی چینەوە دەهات و دەفری بە نرخ و بەها بوو.

بۆچوونی دیکە دەڵێ وشەکە لە "هەفت صنف" کە "صنف" وشەیەکی عەرەبی‌یە بە مانای دانەوێڵە، کەوتووەتەوە و دواتر ئەم هەفت صنفە بووە بە هەفت صن و پاشان هفت سین.

بۆچوونێکیش پێی وایە لە بنەڕەت دا حەوت "شین" بووە کە بە شەراب ، شەکر، شیر و... دەڕازایەوە بەڵام چونکە دوای هاتنی ئیسلام شەراب حەرام کرا، حەوشین جێگای خۆی بۆ حەوسین بەجێهێشت.

کۆنترین بەڵگەیەک کە سەبارەت بە حەوسین هەیە، هی ئەبورەیحانی بیروونی‌یە. بیروونی لە کتێبی "آثار الباقیه"دا کە بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی، دەڵێ؛ "دوای ئەوەی جەمشید بە سەر ئەهریمەن دا سەرکەوت کە ڕێگای خێر و بەرەکەت و بارانی شین بوونەوەی گیای گرتبوو، دیسان باران دایکردەوە، گیا شین بوونەوە، خەڵک گوتیان ڕۆژی نوێ (واتە ڕۆژێکی نوێ و چاخێکی تازە) هاتووە. بۆیەش هەر کەس قاپێک جۆی چاند و خەڵک لە ڕۆژی نەورۆز دا لە حەوت قاپ دا، حەوت جۆرە دانەوێڵەیان چاند و شین کرد."

ڕەنگە ئەبورەیحان خۆشی نەیزانیبێ کە ئەوەی ئەو باسی دەکا، "حەوت شین"ە کە تەنیا لە زمانی کوردی دا واتای

هەیە. حەوت دانەوێڵەی شینبوو. لە زمانی کوردی دا یەک لە واتاکانی "شین بوون"، روانەوە، سەوز بوون و چەکەرە کردنی گژ و گیایە. حەوت شین ئەو حەوت قاپە بوون کە هەر یەکەی جۆرێک دانەوێڵەیان تێدا "شین" کرابۆوە. دانەوێڵەکان کە پێش نەورۆز چێندرابوون، لە نەورۆزدا شین بوون و ببوون بە شینکە و شیناوەرد.

ئەوانەی پێیان وایە حەوسین لە بنەڕەت دا حەوشین بووە دوو هۆی دیکە بۆ گۆڕانی شین بە سین دێننەوە کە بریتین لە حەرام بوونی شەراب و نیزیک بوونی شوێنی دەرکەوتنی دوو پیتی س و ش. بەڵام واتای "شین"ی "حەوشین" رەگی لە زمانی کوردی دا هەیە و لە زمانی فارسی دا بێ واتایە. فارس وشەی شینی بە هیچکام لە واتاکانی (رەنگی شین، گریان بۆ مردوو یا سەوز بوونی گژ و گیا) وەرنەگرتوە. لە بەرامبەر شین دا، "سەبز" بە کار دەبا کە وشەیەکی هاوبەشی کورد و فارسە. هەر بۆیەش بەو شین و شینکانەیان وتووە "سەبزە". جا چونکە سەبزە بە پیتی "سین" دەست پێ دەکا و شینیش لایان بێ واتا بووە، حەوت شین کراوە بە حەوت سەبزە و "هەفت سین" کە پێوەندیەکی واتایی بە وشە سەرەکیەکە و ماکەی نەریتەکەوە نییە.

بە پێچەوانەی زۆربەی نەریتەکانی جێژنە کەوناراکانی دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کە دەگەڕێنەوە سەر ژیانی ئاژەڵداری بە تایبەت مەڕداری، حەوشین پێوەندی بە ژیانی جووتیاریەوە هەیە. شین بوونەوەی هەر حەوت دانەوێڵە مزگێنی‌یەکی خۆشی بۆ جووتیاری خاوەن مووچەو مەزرا پێ بووە. جووتیار ئەم شینبوونەی وەک بەرکوتێک لە خەرمانی پڕ بەرەکەتی ساڵ پەژراندوە و بە هومێدی زیاترەوە سەرەتای ساڵ و سەرەتای وەرزی کشتوکاڵی دەستپێکردوە. ئەو شینبوونەوانە رۆڵی تاقیکارییان هەبووە. بەو واتایە کە هەر کام لە دانەوێڵەکان زووتر، باشتر و جوانتر شین بووبێ، نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ساڵە دەبێ زیاتر گرینگی بە چاندنی ئەو جۆرە دانەوێڵەیە بدرێ.

لە بەرامبەریش دا ئەگەر یەک یان چەند لە دانەوێڵەکان خراپ شین بووبن یان کوێرەیان کردبێ، ئەوە ئەو ساڵە بەروبوومی ئەو جۆرە دانەوێڵەیە خراپ دەبێ و باشترە زۆر خۆی پێوە ماندوو نەکا. هەڵبەت جووتیارانی زاگرۆس هەتا ئێستاش، لە پەنا کاری کشتوکاڵ دا، بە راگرتنی چەند سەر مەڕ و بزن یان گا و گامێش، ئاژەڵداریشیان کردوە. لە بەر و بوومی ئەم ئاژەڵانەو لەو خواردنانەی کە لە دانەوێڵەکان وەک سەرەکیترین سەرچاوەی خۆراک و خواردەمەنی، سازیان کردوە، سفرەی حەوت شینیان رازاندووەتەوە. جا چ خواردنەکانی سەر ئەو سفرەیە بە پیتی "ش" دەستیان پێ کردبێ یان بە دەستئاوەڵایی، چییان بۆ ئامادە کرابێ لە سەر خوانی جێژن دایاناوە.

ئەو خواردنانەی کە لە سەر کەوڵی حەوسین دادەندرێن، ئەگەرچی رەنگە فەلسەفە و واتای تایبەتیان بۆ داتاشرابێ، بەڵام لە گەڵ خواردنی راستەقینەو خواردەمەنیەکانی سەر سفرەیەک لە رۆژی نەورۆزدا ناتەبان. بۆ وێنە لە رۆژی نەورۆزدا کە هێشتا بەفر بە تەواوی ناتوێتەوەو دارە سێوەکان تەنانەت گوڵیشیان نەکردوە، دانیشتوانی سەد ساڵ و دوو سەد ساڵ لەوە پێشی ئەو چیا و کوێستانانە سێویان لە کوێ بووە تا سفرەی حەوسینی پێ برِازێننەوە؟! لە لایەکی دیکە بەشێک لە سینەکان وەک سرکە و سماق و سیر لە بنەرِەتدا بۆ تام دان بە خواردن کەلکیان هەیە و بە تەنێ پێخۆر نین. سفرەیەکیش کە خواردنەکانی سرکەو سنجوو و سەمەنی و سیر و سماق و سێو بێ، چ زگێکی پێ تێر نابێ. ئاقڵێش تێیناچێ کە کۆمەڵانی خەڵک کە نیزیک بە تەواویان نەخوێندەوار بوون، تەنیا بە هۆی بارە فەلسەفیەکە، سفرەی خۆیان بەو خواردنانە رازاندبێتەوە.

بەڵام لە بەرامبەردا کورد بۆ رازاندنەوەی سفرەیەک کە خواردنەکانی بە پیتی "ش" دەست پێ بکەن، دەستی زۆر ئاوەڵاتر بووە. بە سەردانی هەنبانە بۆرینە تووشی کۆمەڵێک چێشت و خواردن دەبین کە بە پیتی ش دەست پێ دەکەن و هەڵقوڵاوی کولێن و ئاشپەزخانەی کوردن. شیو یا شێو (چێشت)، شۆرباو، شلە، شلکێنە، شیر، شەلەمین (چێشتی ترخێنە)، شەهریە (هەرشتە، رشتەی ئاش)، شنگال (کەلانە) و شڤار (ساوار) بەشێک لەو خواردنانەن کە بە پیتی ش دەست پێ دەکەن و بۆ هەر کامیان دەکرێ فەلسەفە و واتای تایبەت بدۆزرێتەوە. بە سەرنجدان بە دەسپێکی زاوزێی مەرِ لە رۆژی نەورۆزدا، دەکرێ یەک لە خواردنە گرینگەکانی نەورۆزیش **شیرێزنج** یان فرۆ بووبێ کە لە ژەک وەک یەکەم شیری مەرِ ساز دەکرێ.

خۆ ئەگەر لە سفرەی حەوسینی ئێستاش ورد بینەوە، دەبینین ناوی زۆربەی کەلوپەلی سەر سفرەکە لە زمانی کوردی دا بە شین دەست پێ دەکەن. بۆ وێنە **شەم** (مۆم)، **شینکە** (سەوزە)، **شایی** (کۆنترین وردەپووڵ، سکە)، **شاووت** (سوورە ماسی) و **شەکر** و **شیرینی**. هەروەها لە سەر سفرەکە نانێکی پان و گەورە دادەندرێ و ئەمەش دەکرێ **شاتە**، **شکەڤا** یان **شلکی** بێ کە لە ناو کورد دا هەر کامیان جۆرێک نانی تەنکی پانن. بۆ منداڵانیش **شاتەلی** (نانە قەیسی) یان **شڵانەکوت** (وشکە قەیسی) رەنگە یەک لەدەستهاتووترین نەورۆزانە بێ کە بنەماڵەکان توانیویانە پێشکەش بە منداڵانی بکەن. دەسترِۆیشتوانیش دەیانتوانی بە **شیرینی** و **شەکرۆک** پێشوازی لە میوانە نەورۆزیەکانیان بکەن.

نەبوونی فەرهەنگی سەربەخۆ و تایبەت بۆ رازاندنەوەی سفرەی نەورۆزی، رەنگە کەمایەسیەک بێ کە لە ناو کورد دا هەیە. خاتوونی کورد وەک هەر ژنێک حەز دەکا هونەر و شارەزایی خۆی بۆ هەرچی جوانتر رازاندنەوەی سفرەیەکی نەورۆزی پێشان بدا. ئێمە ناکرێ جێژنی نەورۆز تەنیا لە هەڵکردنی ئاگر یان بەستنی جامانە و شتی ئاوا دا کورت بکەینەوە. فەرهەنگی سفرەداری و سفرە رازاندنەوە یارمەتی بە کۆبوونەوەی ئەندامانی بنەماڵە بە دەوری یەکتردا دەکا. هەر بۆیەش کورد دەبێ لەم بارەوە بە سەر کەلتور و فەرهەنگی خۆی دا بچێتەوە. رەگ و ماکەی راستەقینەی داب و نەریتەکانی خۆی بدۆزێتەوە. ماکەی رەسەنی ئەو نەریتانەی خۆی بدۆزێتەوەو راستیان بکاتەوە کە لێی دزراوە و دەستکاری کراوە. ئەو داب و نەریتانەی بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی، بە دەستکاری کراوی جارێکی دیکە لە نەتەوەی باڵادەستی وەرگرتووەتەوە.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٧

## جوگرافیای ستراڤۆنی کاک عەلیی فەتحی



کاک عەلی فەتحیی خۆشەویست لە پرکارترین وەرگێرەکانی ئەم سەردەمەی کوردستانە. ئەویش وەرگێڕان لە زمانی یونانیەوە و لە کتێبخانەی دەوڵەمەند و کەوناری یونانەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بۆ کتێبخانەی هێشتا هەژاری کورد. لە کارەکانیشی دا بەردەوام بە دوای وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانەدا دەچێ کە بێنێکی کورد و کوردستانیان پێوە بێ. ئەوەم بە تایبەتی لە وەرگێڕانی "مێژووی شەڕی پارسەکان"ی هێرۆدۆت و "ئاناباس"ی گزنفۆن دا بۆ دەرکەوتووە.

ئەو لەو دەگمەن ئازیزانەیە کە مەگەر چەرخی زەمان قۆرتێکی دیکەی خستبێتە ناو ژیانی ئەگینا مالاواییەکانی نیگەرانم ناکا. دەزانم بە دەستی زۆر پڕەوە دەگەڕێتەوە.

نیزیک بە دوو مانگ لەوە پێش جارێکی دیکە مالاوایی لە دۆستانی سەر فەیسبووکی خواست. لە ژێر مالاواییەکەی دا نووسیم کە دڵنیام بە دەستی پڕەوە دەگەڕێیتەوە. واش دەرچوو. بەڵام ئەوە هونەری من لە پێشبینی و غەیب گۆیی دا نەبوو بەڵکوو ناسین و ئەزموونم لەزەحمەت و کارە بەپێزەکانی تائیستای ئەم وەرگێڕە ماندوونەناسەمانە.

تاوێک لەوە پێش وەک چاوەڕوان بووم، بە دیاریی دەستیەوە گەڕایەوە؛ وەرگێڕانی کتێبی جوگرافیای ستراباۆن. گەورەیی نواندوەو فایلی وەرگێڕانەکەی بۆ ناردووم. هێشتا نەمخوێندووەتەوە بەڵام دڵنیام لەم بەرەبەری ساڵی نوێیەدا، نەورۆزانەیەکی بە بایخە لە لایەن وەرگێڕێکی قەڵەم رەنگین و پڕکار بۆ دۆستانی و لەوانیش گرینگتر بۆ نەتەوەیەک کە بەردەوام مێژووی خۆی بە قەڵەمی داگیرکەر خوێندووەتەوە.

لێرەوە ماندونەبوونی لە کاک عەلیی خۆشەویست دەکەم، بۆ ئەم نەورۆزانە بە نرخەی، سپاسی دەکەم و تەمەننای ژیانی خۆش و لەشی ساخی بۆ دەکەم تا ژیانی داهاتووشی وەک تا ئێستای، پڕ بێ لە بەرهەمی بە پێز و خزمەتی مەزن بە نەتەوەکەی.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٧

## مەزرا، دامەرزان ، فەرمان

کاک هەورام رەحیمی پرسیاری وشەی دامەرزان یان دامەزرانی کردووە ئەمنیش بۆچوونی خۆم لە ژێر ستاتوسەکەیدا نووسی بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر بکەوێتە بەر سەرنج، ئەوە لێرەش دایدەنێم:

دامەزران یا دامەرزان دوو واتای هەیە:

- ئۆقرە گرتن و ئارام گرتن
- دۆزینەوەی ئیش و کار بۆ خۆ بەڕێوەبردن

ئەز وای بۆ دەچم کە ئەم کردارە لە وشەی "مەزرا" واتە شوێنی کشت و کاڵ، وەرگیرابێ. رەنگە زۆر کەس بڵێن مەزرا هەمان "مذرعە"ی عەرەبی‌یە بەڵام لەوەشدا ئەمن هاوڕا نیم و پێم وایە وشەکە دەچێتەوە سەر وشەی "میترا" پێغەمبەر یا خوای خۆرپەرستان. لە ئایینی میتراییدا دەڵێ؛ کە میترا هاتە سەر هەرد و لە ئەشکەوتەکە دەرکەوت، یەکەم کار گایەکی قوربانی کرد. هەر جێیەک خوێنی ئەو گایەی لە سەر پژابێ، ئەوە خاکی بە پیت و مێرگ و مەزرایە. جا ئەمن وای بۆ دەچم کە هەر دوو وشەی مێرگ (مێهر/گ) و مەزرا(میثرا) لە ناوی میترا و لەو ئەفسانە ئایینیەوە داکەوتوون. دوور لە ئاوەزە ئەگەر پێمان وا بێ دانیشتوانی وڵاتی سەرسەوزی پڕ لە مووچە و مەزرای وەک کوردستان وشەی مەزرایان لە دانیشتوانی دەشتی قاقڕ و کاکی بە کاکی عەرەبستان وەرگرتبێ. بە گشتی پێم وایە وشەی مەزرا بە پێچەوانەی ئەوە کە دەگوترێ لە "ذرع" و "مذرعە"ی عەرەبی وەرگیراوە، رەوتی پێچەوانەی بڕیوە.

وەک دەزانین لە سەردەمی فیئودالیزمدا کە سەدان و رەنگە هەزاران ساڵ لە کوردستان درێژەی کێشا، مەزرا گرینگترین شوێنی کارکردن، بەرهەمهێنان و پەیداکردنی مووچەو بژیو بوو. هاوکات خەڵکی ئاسایی خاوەنی زەوی نەبوون و زەوی هی فیئۆدالەکان بوو. ئەوان بوون بەرامبەر بە بژیو و مووچە، کرێکار و خەڵکی ئاساییان لە سەر مەزرا دادەمەزراند و ئیش و کاریان پێ دەدان. لەوەوە کرداری دا / مەزرا / ان یان دا / مەزرا / اندن هاتە ئاراوە و دامەزرانی جوتیار لە سەر زەویی فیئودال هەردوو واتای دامەزرانی دەخۆیدا هەڵدەگرت. واتە هەم کاری دەدۆزیەوە تا مووچە و بژیوی خۆی پێ دابین بکا و هەم لە گوندێک و لە سەر زەوی و مەزرایەک ئۆقرەی دەگرت و ناچار نەبوو چیدی گونداوگوند بکا. رەنگە هەر لەبەر ئەو پێوەندیە بێ کە کردارەکە تەنیا بە پێشگری "دا" گەردان دەکرێ و لە حاڵەتی ئاسایی (مەزران یا مەزراندن) یان بە پێشگرەکانی دیکە (هەڵمەزران، تێمەزران، لێمەزران و...) نییە.

## ئەی پێش میترائیسم؟

ڕەنگە پرسیار بێ کە ئەگەر مەزرا و وشەگەلی پێوەندیدار دوای داکەوتنی میترائیسم کەوتوونەتەوە، ئەدی پێش ئەو کات بەرامبەری وشەی مەزرا چ بووە؟ ئەوەندەی فکرم پێی گەیی، وشەی "فەرمان" بەرامبەری وشەی مەزرا بووە کە دواتر واتای گۆڕدراوە.

**فەر(فەڕ): پیت و بەرەکەت**

**مان: پاشگری شوێن (وەک نیشت/مان: جێگای دانیشتن)**

لە سەر یەک فەرمان واتای شوێنی بە پیت و بەرەکەت یان زەویی بە فەڕ و هاتە. وشەکە لە گەڵ "farm"ی زمانی ئینگلیزی و زمانەکانی دیکە بە هەمان واتای کێڵگە یان مەزرا و شوێنی کشتوکاڵ، هاوڕیشەیە. ئەوە کە بۆچی فەرمان لە زمانی کوردیدا واتای ئەمر پێ کردن و دەستوور دانی هەیە، دەگەڕێتەوە سەر هەمان سیستمی کۆمەڵایەتیی فیئۆدالی کە لەودا فیئودال لە سەر کێڵگە ئەمری بە جوتیار دەکرد و کاری پێ دەکرد.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٣ی مارچی ٢٠١٧

## به شوێن "فانی"ی شاعیر دا



دەسنووسی شێعرەکەی فانی

سەبارەت بە هزر و روانگەی شێخی شەهید "بابا سەعیدی غەوسابات"، داوای زانیاریم لە دۆستی بەڕێزم موهەندیس "رەزا داوودی" کرد. ئەویش دۆستانە بە دەنگمەوە هات و کتێبێکی خۆی نایە بەردەستم کە چەند ساڵێک لەوە پێش ئامادەی کردوە. کتێبەکە کۆمەڵێک بەڵگە و زانیاریی گرینگی سەبارەت بەو کەسایەتیە مەزنەی کوردستان و بابەتگەلی دیکە دەخۆ گرتوە کە بە داخەوە هێشتا نەیتوانیوە لە چاپی بدا. لە ناو کتێبەکەدا، شێعرێکی فارسی سەرنجی راکێشام کە شاعیرێک بە ناوی "ئەحمەد" و بە ناسناوی "فانی" لە شینی "شێخ سەعید"دا نووسیویەتی؛

*مسلمانان! چه آفتــها رسید از چرخ بر کیهان*
*که شد خورشید دین از ظلمت ابر سیه پنهان*

شێعرەکە بە شێوەی دەستنووس و وەک شین بۆ شێخ بابا سەعیدی غەوسابات لە لایەن بنەماڵەی شێخانی غەوسابات پارێزراوەو بە کاک رەزا دراوە. ئەویش هەر بەو جۆرە لە کتێبەکەی دا گونجاوندوویەتی. بەڵام مێژووی ساڵی ١٣٢٦ بە ژێر دەستنووسەکەوەیە کە دەبێ ساڵی کۆچی مانگی بێ. ئەو ساڵەش لانیکەم ٧ ساڵ پێش لە لەداردرانی شێخ بابا سەعیدی بەرزنجی‌یە. بەو پێیە ناکرێ ئەو شێعرە لە شینی شێخ بابا دا نووسرابێ. بەڵام لە لایەکی دیکە، شاعیر لە کۆتایی شێعرەکەدا، ناوی "سەعید" و کوژرانی بێ تاوانانەی ئەوی وەک بۆنەی شێنگێڕیەکەی هێناوە:

*بخون دیده بنوشته است "فانی" بهر تاریخش*

*"سعید"ی بیگنه فایز شد از وی جنت العدنان*

کەواتە ئەو شینە دەبێ بۆ کەسایەتیەک بە هەمان ناوی سەعید کە بە چارەنووسێکی هاوشێوەی شێخ بابا سەعید گیانی لێ ئەستێندراوە، نووسرابێ. هەر لەم کۆتابەیتە دا شاعیر رێکەوتی کوژرانی "سەعید"یشی بە حیسابی ئەبجەد لە میسرەعی (*"سعید"ی بیگنه فایز شد از وی جنت العدنان*) دا گونجاندوە کە دەکاتە ١٣٢٦. ئەوەش هەمان ئەو رێکەوتەیە کە بە سەر دەسنووسەکەوەیە.

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو، بۆمان دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی تورک لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دا و بە مەودای کەمتر لە بیست ساڵ، سێ کەسایەتی بە ناوی "شێخ سەعید" لە کورد شەهید کرد. رەنگە کوردان زیاتر ناوی "شێخ سەعیدی پیران"یان بیستبێ کە لە ساڵی ١٩٢٥ بە دەستی تورکان ئیعدام کرا بەڵام دە ساڵ پێش ئەو تاوانە، شێخ بابا سەعیدی بەرزنجی لە گوندی کەرێزەی ناوچەی بۆکان لە لایەن فەرماندەیەکی تورک بە ناوی عومەر ناجی بەگ لە دار درا. حەوت ساڵ پێش ئەمەشیان، شێخ سەعیدی بەرزنجی باوکی شێخ مەحموودی نەمر لە ساڵی ١٩٠٨ لە شاری موسڵ بە فێڵ و دەهۆی تورکان شەهید کرا. ئەو ساڵەش بەرامبەرە لە گەڵ ساڵی ١٣٢٦ی کۆچی مانگی کە لە ژێر دەسنووسی شێعرەکە دا نووسراوە.

شێخ سەعیدی بەرزنجی، کوڕی شێخ محەممەدە بچکۆڵ، نەوەی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ و باوکی شێخ مەحموودی نەمرە. دوای کۆچی دوایی حاجی کاک ئەحمەد لە ١٨٨٧، جێگای باپیری گرتەوەو بوو بە مورشیدی خانەقای تەریقەتی گێلانی لە شاری سلێمانی. ساڵی ١٩٠٨ لە لایەن دەسەڵاتی ئەستەمووڵ بۆ شاری مووسڵ دوور خرایەوەو هەر ئەو ساڵەش بە فیتی دەسەڵاتی تورکانی عوسمانی لەو شارە شەهید کرا. بە ئەگەری زۆر بەهێز، "فانی" ئەو شینگێڕیەی بۆ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحموودی بەرزنجی نووسیوە. ***بەڵام ئاخۆ "فانی"، شاعیری ئەو شێعرە بۆخۆی کێیە؟***

بە دوای دۆزینەوەی شاعیر و ئەدیبێک لە کوردستان بە ناسناوی فانی وەک خاوەنی ئەم شینگێڕییە، تووشی چەندان زانا و شاعیر بووم کە ئەو ناسناوەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە. وا دیارە شاعیرانی کورد زۆریان حەز لە

هەڵبژاردنی ناسناوی "فانی" بووە کە نە واتایەکی زۆر موبارەک و دڵخۆشکەری هەیە و نە بۆ ئەو زانا و شاعیرانەشمان خێری داوەتەوە. بە داخەوە "فانی"یەکان ئەوەندە کەم ناسراون کە شاعیر و شاعیرانی دوای خۆیان تەنانەت ئاگایان لە بوونیان نەبووە تا ناسناوێک بۆخۆیان هەڵنەبژێرن کە پێشتر گیراوەتەوە.

لە خوارەوە بە شوێن "فانی"، شاعیری شینگێڕیی شێخ سەعید دا، ئاوڕێکی کورت لە ژیان و بەرهەمەکانی فانی‌یەکانی کوردستان بە پێی ساڵی لەدایکبوونیان دەدەینەوە و ورد دەبینەوە تا بزانین کامیان دەتوانێ خاوەنی ئەو شینگێڕییە بێ؛

### ١- مەلا ئەحمەدی نۆدشی (فانی)

یەکەمین "فانی" کە لە کتێبەکانی مێژووی ئەدیبانی کورد دا ناوی تۆمار کراوە، مەلا ئەحمەدی نۆدشی بە ناسناوی فانی یان "فانی نۆدشەیی"یە. لە ١٨١٣ لە نۆدشەی ناوچەی هەورامان لە دایک بووە. لە ڕێی زانست و فێربوون دا ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان هەر لە پاوە تا ڕەواندز گەڕاوە. لە سلێمانی و سنە مامۆستا بووەو منداڵانی دەرس داداوە. بەرهەمەکانی کەوتوونەتە بەر سەرنجی کەسانی وەک شاعیری پایەبەرز مەولەویی تاوەگۆزی. ئەوەش نیشان دەدا کە فانی، زانایەکی لە زەبر بووە. حاجی مامۆستا ساڵی ١٨٨٤ی زایینی کۆچی دوایی کردووە ئەوەش زۆر بەر لە سەردەمی ئیعدامی یەک لە شێخ سەعیدەکان و ئەو تاریخەیە کە لە حیسابە ئەبجەدەکەدا هەیە یان لە ژێر دەسنووسی شێعرەکەدا نووسراوە.

### ٢- شێخ فاتحی فانی

فانیی دووهەم، شێخ فاتحی فانی‌یە. زانیاری ئەوتۆم لە سەری نییە. ئەوەندە نەبێ کە مەلا حەسەنی دزڵی (١٨٥٩-١٩٤٦) نامەی لە گەڵ گۆڕیوەتەوە و لە شێعرێک دا چەند جار ناوی هێناوە:

*خەیلێن سەرحەڵقەی عالی مەقامان*

*شای "فانی" نامان، نامەیچش نامان!*

یا:

*مەواچی تالار ئەحمەد خانییەن*

*ئانا تەنوورەی، ئاش "فانی"یەن!*

**یان:**

*حەسەن ئەر قەوڵت ڕاســــــەن بە تاقی*

*چوون "فانی" ڕوو کەر نە دەرگای باقی*

**بە داخەوە زانیاریەکی ئەوتۆم سەبارەت بە ژیان و بەرهەمەکانی شێخ فاتحی فانی نییە و سەرچاوەیەکیشم دەست نەکەوت کە لەم بارەوە زانیاریەکی تێدا بێ.**

### ٣- مەلا حوسێنی شێخ سەعدی فەیزوڵڵا (فانی)

**فانیی سێهەم مەلا حوسێنی شیخ سەعدی فەیزوڵڵایە کە ناسناوی "فانی" بۆخۆی هەڵبژاردوە. لە ١٨٨٣ لە شاری هەولێر لە دایک بووەو سەد ساڵ ژیاوە. ئەگەرچی لە تافی لاویدا شێعری ئەویندارانەی وەک *"دانەی دورڕ دەندانی، بە قەد سەروە، مەمەی مەی"* نووسیوە، بەڵام پیاوێکی ئیماندار و لە خوا ترس بووەو زۆربەی شێعرەکانی موناجات و خواپەرەستین. لە پەنا ئەوە دا دڵی بۆ سەربەستی نەتەوەکەشی لێیداوەو بانگی یەکبوون و برایەتیی کوردانی کردوە. بە ناوەرۆکی شێعرەکانی دا دیارە کە حەز و ئۆگرییەکی زۆری بۆ جوغرافیا هەبووە. بەردەوام هەوڵی داوە وڵات و جێ و مەکانی زۆر لە شێعرەکانی دا بگونجێنێ:**

*..لە من دەپرســـن من ڕاوەستاوم*

*بە ماڵ و بە سەر نەوەک دەرکەنار*

*شوورەی پۆڵا بین بۆ حیفزی وڵات*

*لە چنگ ڕووسیە و ئەڵمان و بولغار*

*فەریاد ســــەد فەریاد برایانی کورد*

*وا چاخی کارە هــــاوار سەد هاوار*

یان:

*پەرچەمت ژاپـۆن و ئەبرۆت ئینگلیسە، نێـوچەوان*
*مڵکی سەنغافوورە کەوتە بەینی شاخی دووبەران*
*تورکی کوڵمت باغی ڕەم بەحری سیای دوو زولفی تۆ*
*جەرمەنی خاڵت نییە ڕێ، ڕەت بێ بۆ نێو بۆستان*

*شێعری زۆر ناسکی وەک ئەم بەیتەی خوارەوەشی هەیە:*

*ئەگەر پێت خۆشە کوردستان وەکوو جەننەت موعەتتەر کەی*
*بکە زولفی تەڕت شانە و سەعاتێ روو بەرەو با کە*

لە کـاتی نووسـرانی شێعرەکەی بەرباسـی ئێمە، مەلا حوسێنی فـانی تەمەنـی ٢٥ سـاڵان بـووە. ئەوەش تەمەنێکـی گونجاوە بۆ ئەوەی وەک خاوەنی شێعرەکە هەڵیبژێرین. بەڵام لەو سەردەمەدا کە هەولێر لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی دا بوو، کەم بوون ئەوانەی ئەوەندە شارەزای زمانی فارسی بووبن کە شێعری پێ بنووسن و شینی پێ بگێڕن. وێڕای ئەوە بۆ شاعیرێکی هەولێری چ پێویستیەک لە ئارادا نەبووە کە بە زمانی فارسی شینی کەسایەتیەکی دەڤەرەکەی خۆی بکا. لە دیوانی مەلا حوسێنی فانیش دا، نەو ئەو شینگێڕیە و نە هیچ شێعری فارسی بەرچاو ناکەوێ.

### ٤- شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەد ناسراو بە فانی

شیخ عبدالکەریمی فانی چوارەمین شاعیر و زانای کوردە کە ئەو ناسناوەی بۆخۆی هەڵبژاردوە. شێخ عەبـدولکەریم کوڕی شێخ ئەحمەد، لە دایکبووی ١٨٨٥ لە گوندی خانەشۆری ناوچەی سەلاسی باوەجانیە. شارەزای زمانی کوردی بە هەر دوو زاراوەی سۆرانی و هەورامی بووە:

*وەرە ئەی دڵ وەکوو پەروانە باڵی عیشق پەیدا کە*

*به دەوری شەمعی شەرعی ئەنوەرا سەد سۆز بەرپا کە*

**بە هەورامی:**

*دووریت ئازیـزم دەردی دا لە دڵ*
*نزیکەن ئەو دەرد من بەرو وە گڵ*
*هەرکەس دیدەکەت نەوینێ وە چەم*
*پەری دیدەنت عومـرش مەبۆ کەم*
*ئێستە دیدەکەم دوورە جـە دیدەت*
*بو ئەبـرۆی سیای تـاقە خەمیدەت*
*ساعەت بە ساعەت شەوان تا بە رۆ*
*بینایی دیدەم! دیدەم کەم مەبـو*

**شێخ هەروەها شارەزایەکی باشی زمانی فارسی بووە. وەک زۆرێک لە فوتابیانی حوجرەکانی کوردستان، ئەویش یەکەم جار لە خوێندنی گوڵستان و بوستانەوە فێری خوێندنەوەو نووسین بە زمانی فارسی بووە. دواتر خۆی فێری خوێندنەوەو نووسین بە زمانی دایکیی خۆی کردوە. ئەوەی خوارەوە شینگێڕیەکە کە فـانیی شاعیر بە زمانی فارسی بۆ مەرگی مصطفی خانی مسعودالسلطنەی نووسیوە:**

*شور محشر شد هویدا در زمین و آسـمان*
*داغـدار و سـوگوار این مصیبت مرد و زن*
*واله و سرگشتەی این ماجرا پیـر و جوان*
*از تنـــور دیده شد بسط زمین طـوفان اش*
*سرخ شد از جوش سیل خون دل هفت آسمان*
*شد پریشـان خاطر مجموع اعیان زمین*
*گرد حسـرت بر جبین بنشست ارکان زمـان*

*کاکل زیبا رخان ببریده از تیغ جفا*

*سنبل زلف بتان پژمرده از باد خـزان*

*زانکه آن میر نکو سیرت به ناحق شـد شهید*

*وز دم تیغ عدو غلتید در خـون ناگهان*

*در مصاف کافران مانند شاه کربلا*

*جان به جانان دادو از دنیای 'فانی' شد نهان*

*"مصطفی خان قبادی" رادمرد پاک دین*

*مرغ روحـــش شد طفیل مصطفی اندر جنان*

*از وفاتش سبعه سیاره بی تـاب و تـوان*

*واز عذابش چشمەی چشم ثوابت خون چکان*

*"فانـــیا" کوتاه کن آه و فغان زیرا کـنون*

*او بود آسـوده خاطر در نعیم جاودان*

*خاصەی دست قضا بر لوح خاطر زد رقم*

*رمز سالـش "خیمه زد بر مامن دارالامـان"*

شاعیر ساڵی مەرگی مستەفا خانی لە کۆتایی شێعرەکە و لە دێڕی "خیمە زد بـر مـامن دارالامـان" دا هێنـاوە کە بە پێـی حیسـابی ئەبـجەد دەکـاتە سـاڵی ١٣٢٧. ئەوەش سـاڵێک دوای شـێنگێڕیەکەی بەر بـاسـی ئـێمەیە. هەروەهـا هەڵبژاردنی قافیەی هاوشێوەی شینگێڕیەکەی شێخ سەعیدیش بۆ ئەم شینگێڕییە، جێی سەرنجە.

شێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەد (فانی) نەک هەر پێڕەوی تەریقەتـی قـادری بەڵکو پیـر و مورشیدی خانەقـای گێلانی لە گوندی خانەشۆر و لە ناوچەی سەلاسی باوەجانی بووە. ئەوانەش نیشـانەی روونـن بـۆ ئەوەی بە خـاوەنی شێعری فارسیی شینگێڕی بۆ شێخ سەعیدی بەرزنجی بزانین.

لە سـەر یەک بەو دەلـیلانەی خـوارەوە بـژاردەی سـەرەکیی ئـێمە بـۆ دۆزیـنەوەی خـاوەنی شـینگێڕیەکە، شـێخ عەبدولکەریمی شێخ ئەحمەد بە ناسناوی شێعریی "فانی"یە؛

**الف**- ئەویش وەک شێخ بابا و وەک شێخ سەعیدی بەرزنجی، پیڕەو و پیری تەریقەتی شێخ عەبدولقادری گێلانی بووە.

**ب**- شارەزای زمانی فارسی بووەو بە زمانی فارسی شێعری نووسیوە

**ج**- ناوی باوکی ئەحمەد بووە و رەنگە بەو هۆیە نووسەری تێکستی شێعرەکە ناوی شاعیری بە هەڵە یان ئانقەست، بە ئەحمەد فانی نووسیوە.

**د**. لە کاتی شەهید کرانی شێخ سەعیدی بەرزنجی دا، لاوێکی پێگەیشتوو و تەمەنی ٢٤ ساڵان بووە.

### ٥- مەمەند ئاغای رەسوڵ ئاغای مەرگە ١٩١٠ - ١٩٧٢

هەرچەند تا ئێرە توانیمان فانی، شاعیری شینگێڕیی شێخ سەعید بدۆزینەوە بەڵام هێشتا شاعیرێکی دیکە بە ناسناوی فانی هەیە کە ناکرێ لەم باسەدا بیبوێرین و باسی نەکەین. شاعیرێک کە دەبوو زۆر زیاتر لە لای نەتەوەکەی ناسراو و خۆشەویست بێ بەڵام ویدەچێ دەردی هەڵبژاردنی ناسناوی "فانی" زیاتر لە هەموان داوێنگیری ئەم شاعیرە بووبێ.

"مەمەنداغای مەرگە" یەک لە نەتەوەییترین و شۆرشگێڕترین شاعیرانی سەدەی بیستەمی کوردستانە. بە پێی تەمەنەکەی، پێشەنگی شاعیرانی نیشتمانپەروەری دوای خۆیەتی و بە پێی ناوەرۆکی شێعرەکانی، سەرمەشقی زۆرێک لە شاعیرانی هەرە بەرزمان بووە.

کەماڵ میراودەلی کوڕی فانی شاعیرە کە زۆر درەنگ دەستی بە کۆکردنەوە و لە چاپدانی شێعرەکانی باوکی کرد. ئەو لێکۆڵینەوەیەکی درێژی سەبارەت بە هزر و روانینی فانی بۆ پێشەکیی دیوانەکەی نووسیوە و تێیدا دەڵێ؛ "...تا ئێستا تاقە یەک لێکۆڵینەوەش لە سەر فانی نەکراوە و دیارە دیوانەکەشی کەم کەس بینیویانە."

بۆ ئاستی بەرزیی هزری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەریی فانی رەنگە هەر ئەوەندە بەس بێ کە ئەو خۆی بە قوتابیی قوتابخانەی حاجی قادر دەزانێ:

*حاجی قادر شاعیری مەشهورو دەوڵەت خواهی کورد*

*شیعرەکانی شاهیدن بۆ فیکرو بەرزیی فیترەتی*
*هەروەکو باوکێکی موشفیق چۆنە بۆ ئەولادی خـۆی*
*دەرحەقی کوردانی گێتی وا بوو رەحم و شیفقەتی*
*بۆ ئەوەی ئیرشادی کوردو نەشری سـەربەستی بکا*
*دایە سەر شیعرو ئەدەب تا رۆژی مـردن ئولفەتی*
*حاجیا حەیف و تەئەسوف میللەتی نادانی تۆ*
*بەم هەموو بەندانە جاهیل ما نەگۆڕا حاڵەتی*
*گەر لە ناو قەومێکی زانا بایە حاجی، بێگومان*
*تا زەمانی ئاخرەت دەکرا سوپاس و مـەدحەتی*

مەمەنداغا ئەگەرچی پاشگری ئاغای بە دواوەیە بەڵام دژ بە ئاغـاوەت و چەوساندنەوەی خەڵکەکەی، قەڵەمی ئاژۆتووەو هەڵوێستی گرتوە:

*لاوێکی شوانزادەیی هۆشیار و بـەغیرەت*
*قوربانی دەکەم سەد بەگو ئاغا لەڕێ بێهۆش*

یان:

*نە ئاغامو نە کوێخامو نە شێخم*
*لیباسی مفتەخۆرانم لەبەربێ*

بە خوێندنەوەی شێعرە دژ بە ئاغاوەتەکانی "فانی" زیاتر ئەو راستیەمان بـۆ روون دەبێتەوە کە ئەو پێشەنگایەتی بۆ شاعیرانی سەردەمی کۆماری کوردستان بە تـایبەت لە تـافی کۆمەڵەی ژێکـاف دا کردوە. فـانی لەو سەردەمە دا شاعیرێکی پێگەیشتوو و شێعرە شۆشگێڕیەکانی بـۆ شـاعیرانی لاوی ئەو کـات سەرمەشق و ڕێنوێن بـوو. ڕەنگە کەم کەس بزانێ کە سەرمەشق و ئیلهامی شێعری "دەیلێم و بێ باکم"ی مامۆستا هێمن، شێعرێکی فـانیە. هەڵبەت جگە

لە مامۆستا هێمن، شاعیر و ئەندامێکی دیکەی کۆمەڵەی ژێکافیش ئیلهامی لە شێعرەکەی فانی وەرگرتوە کە ئەویش مەلا ئەمجەدی عوسمانی یان "مەلامجەتی قەلا" بە ناسناوی شێعریی "کاک"ە. روون نییە کامیان بەر لە ئەویدی سەرنجیان پەڕیوەتە سەر شێعرەکەی فانی بەڵام وەک دیارە هەردوو شاعیری موکریان وڵامی شێعری فانی‌یان نووسیوەتەوە. ناراستەوخۆش لۆمەی فانی‌یان کردوە کە لە شێعرەکەی دا "ناوێرێ بیڵێ" بەڵام ئەوان "بە قاو دەیڵێنو ناترسن" یان "دەیڵێن و بێ باکن". بەڵام شێعرەکەی فانی چ لە ناوەرۆک و چ لە شێوازدا سەردەقی بۆ ئەوان شکاندوە و سەرمەشقی شێعری ئەوانە. لە راستیشدا فانی سەرەڕای هەڵبژاردنی قافیەی "دەڵێم بیڵێم و ناوێرم"، قسەی خۆی کەمتر لە کاک و هێمن نەگوتوە.

بە گشتی فانی چ لەو شێعرەی دا و چ لە شێعرەکانی دیکەی دا، وەک شاعیرێکی ئازا و نەترس دەرکەوتوە. بەڵام جیاوازیی بۆچوون لە نێوان فانی لە لایەک و کاک و هێمن لە لایەکی دیکە لە ناوەرۆکی شێعرەکانیان دا دەبیندرێ. بۆ وێنە لەو سەردەم دا کە سیستەمی کۆمەڵگای کوردستان هێشتا فیئودالی و باوی ناسیونالیزمی فیئودالی بوو، فانی، ئاغا و کرمانج وەک یەک بە کەمکاری و خراپەکاری تاوانبار دەکا بەڵام نووکی هێرشی شاعیرانی موکریان بەرەو ئاغاوەتانە. وێدەچی لەو سەردەمەدا ژێکاف بیری سوسیالیستی تێدا بەهێز بووبێ. پێک گرتنی ناوەرۆکی شێعرەکان بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگرم و لە خوارەوە هەر سێ شێعر بە جیاواز دەنووسمەوەو کۆتایی بە باسەکە دێنم:

**فانی: دەڵێم بیڵێم و ناوێرم**

*قسێکم دێتە سەر زاری دەڵێم بیڵێم و ناوێرم*

*لە باسی کورد و کرداری دەڵێم بیڵێم و ناوێرم*

*دزو جەردەو ریاکارن، نەزانو گێژو بێ عارن*

*لەگەڵ یەکتر دەڵێی مارن دەڵێم بیڵێم و ناوێرم*

*ئەوەی ئێستاکە زۆردارە خەریکی جەورو ئازارە*

*ئەوەی بێ زۆرە غەمبارە، دەڵێم بیڵێم و ناوێرم*

*ئەگەر ئاغایە بەدکارە ئەگەر کوێخایە مەککارە*

ئەگەر مسکێنە بێ عارە، دەڵـــێم بیڵێم و ناوێرم


دووسەد خەرمانی میللیەت بە یەک جۆ ناکڕێ میللەت

وەفا رۆیی ، نەما غیرەت، دەڵــێم بیڵێم و ناوێرم

ئەتۆش (فانی) هەتا ماوی خودا نوتقێکی پێداوی

لەچاکەی گەل نەکەی خاوی دەڵێم بیڵێم و ناوێرم

تێبینی: رەنگە شێعرەکەی فانی لەوە زیاتر بێ بەڵام من هەر ئەوەندەم دەست کەوت.



کاک: بە قاو دەیڵێم و ناترسم

شێعری کاک لە کەشکۆڵی مەلا بابەوەیسی

بەڕێز ئەنوەر سوڵتانی ساخی کردوەتەوە

قسێکی دیم لە بیـر ماوە، بە قاو دەیڵێم و ناتـرسم

لە بابەت کـورد و ئاغاوە، بە قـاو دەیڵێم و ناترسم

زمانم رووی لە ئاغایە، ئەڵێم بێ ترس و بێ پایە

لە گەڵ کـرمانج قسەم نایە، بە قـاو دەیڵێم و ناتـرسم

زمانی کورد دەبێ پاک بێ برای راستو برای چاک بێ

زمانـی ماری زوححاک بێ، بە قـاو دەیڵێم و نـاتـرسم

ئەوی ئاغای موکریانە، لە سوێی قەند بوونە دێوانە

وەکـوو عەبدن لە کارخانە، بە قـاو دەیڵێم و ناتـرسم

ئەڵێن ئاغا لە خەو دایە، قسەی کوردانی لا بایە

نەسەب کوردە، عەجەمخوایە، بە قـاو دەیڵێم و نـاتـرسم

قوڕی دنیا بە سەردا کە، لە حەیفی کوردەکان "کاکە"
هەمووی هەر غەیری پێ چاکە، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
هەتاکوو گەورە بێ باک بێ، خراپ و پاک لە لای چاک بێ
بچووک مەجبوورە غەمناک بێ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
کە ئاغا ساحیبی ئەملاک، نەیانبیست "اترکوا الاتراک"
دەبێ کورد ڕێککەوێن سەرپاک، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
بە مڵک و ماڵ و زێو و زێڕ، عموومیان بوونە میلیۆنێر
نەیانکرد قسەیەکی خێر، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
هەتا سەرگەورەمان خان بێ، دەبێ کورد شوان و گاوان بێ
ئەسیری تورکی ئێران بێ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
هەموو مامەش لەگەڵ ئاغا، لەسەر کوردان نەیانکوت 'نا'
نەیانکرد دوو قسەی بێجا، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
کە مەنگوڕ بوونە سەرکردە، دەڵێن هەر قوڕ بەسەر کوردە
ئەوی بووش، چوونە ناو پەردە، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
هەتا دێبوکری سەردار بێ، دەبێ کورد ڕووت و بێ کا[ر] بێ،
ئەسیری دەستی ژاندار بێ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
گەورک و ئێلی بەگزادە، لە ترسا بەو دڵی سادە
گەلی کوردیان بەئاو دادا، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
بەشێخ و قازی و ئاغا، کەچوون بۆ بادکوبە و جوڵفا،
چییان کرد بۆ مە؟ ماشەڵڵا! بە قاو دەیڵێم و ناترسم
بە تۆپێ چیت و بارێ قەند، لەئاغاکانی دەوڵەتمەند
ڕەشادەتیان کڕی و لێ سەند، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
ئورووپا و ئاسیا سووڕا، بۆ کوردان سەد وەرەق گۆڕا،
نەیانکرد "امرهم شورا"، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
کە ئاغاکان لەنێو چن، 'هەژار' و 'هۆرنر' و 'گوردوون'

لەوان زۆر چاتر و وێچوون، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
وەرن کوردان بە تەرِدەستی، بۆ ئیستیقلال و سەربەستی
بە هەویای کەس مەکەن سستی، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
وەرن کوردان وەکوو 'سمکۆ'، مەکەن ڕاکەن هەتا ژینۆ
لەوێ کارتان بکەن یەک لۆ، بە قاو دەیڵێم و ناترسم
بە یاری زاتی 'حق الله' بە هەویا[ی] تۆم ڕەسوولەڵلا
کە ئەمجارەش نەبین بێ شا، بە قاو دەیڵێم و ناترسم

## هێمن: ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

هەچێکی بێتە سەر زارم، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
ئەگەرچی بێکەس و زارم، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
ئەوی ئاغایە بێکارە، جەبوون و قەڵس و لاسارە
دزی و ڕێ گرتنی کارە، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
گەلێ بێ فیکر و ئیدراکن، گەلێ بێ خێر و ناپاکن
توخواکەی کامەیان چاکن، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
ئەوەندە گێژو بێ هۆشن، حەیا و نامووسێ دەفرۆشن
لەبۆ ئازادی ناکۆشن، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
خودای ئاغاوەتان قەندە، لەبۆ قەندن هەموو بەندە
بەحاڵی وان دەکەن خەندە، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
نییانە بیری سەربەستی، دەکەن فەخرێ بەژێردەستی
دەڕۆن هەروا بەرەو پەستی، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
لە تاڵان و برۆ ئازان، لە ڕێگرتن هەموو وریان
درۆ ناکەم بپرسە وان، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
ئەوانەی ئێستە سەردارن، جەفاجۆن و ستەمکارن

غوڵامی پوول و دینارن، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
بەشەو تا ڕۆژ دەکەن تەگبیر، چ مڵکێکی بکەن داگیر
چ داماوێک بکەن یەخسیر، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
لەبەر زوڵم و جەفای وانە، وەتەن یەکبارە وێرانە
هەزار خۆزگەم بەبێگانە، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
لەشەرمو شوورەیی مردم، بەخۆم من چۆن بڵێم کوردم
کە ئاغا ئابڕووی بردم، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
منم لاوێکی بێ پەروا، لە کەس باکم نییە بەخوا
ئەگەر ئاغا لە حەبسم کا، ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

ژێدەر:


١- شیخ بابا سعید برزنجی (غوث آباد مهاباد) تالیف رضا داودی
٢- مەلا ئەحمەدی نۆدشی - کوردیپیێدیا
٣- دیوانی مەلا حەسەنی دزڵی - ماڵپەڕی ڤەژین
٤- دانشمند و شاعر نامی ثلاث باباجانی شیخ عبدالکریم فانی خانه شوری را بشناسیم - سید حسن هاشمی
٥- شێعرێکی نەمر مەلا ئەمجەدی عوسمانی (کاک) - ئەنوەر سوڵتانی - ماڵپەڕی بۆکان ڕۆژهەڵات
٦- فانی نەمر شاعیری نەتەوەیی شۆرشگێڕ - کەمال میراودەلی
٧- تاریک و روون - هێمن
٨- بۆ دۆزینەوەی حیسابی ئەبجەدی شێعرەکان، کەلکم لەو ماڵپەڕە وەرگرتوە کە بە شێوەی ئوتوماتیک کارەکە دەکا
http://abjadcalculator.ir


سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٧

## ئاغای پیروەلی باغی و ئەوینی خەجێ

لەو سەردەمەدا کە قازی ئەسکەر بە بەریەوە مابوو و ئیشتیای ملەقوتە و چاولەوەڕاندنی هێشتا دە سەردا بوو، یەکێک لە رعێتەکانی بە ناوی سۆفی رەحمەت تازە ژنی هێنابوو. سۆفی لاو بوو و ژنەکەشی لە چاو ژنانی دیکەی ئاوایی و ناوچە کە زۆربەیان ناحەز، چلکن، رەش و تاوەسووت بوون، جوان و ژیکەڵە بوو. لانیکەم لەو دێیەدا بۆ جوانی کەس تای نەدەکرد. بە تایبەت ئەگەر ئێواران بەو کراسە سوورە گوڵگوڵیەوە، گۆزە لە سەر شان، لە گەڵ کچان و ژنانی دیکەی ئاوایی دەهات بۆ کانی، دڵان بۆی دەکەتنە خورپەو چاوی لە سەر هەڵنەدەگیرا. دەیانگوت ئاشقی دڵسووتاوی یەکجار زۆرن بەڵام لە هەموان دڵسووتاوتر قازی ئەسکەر، ئاغای گوند بوو.

ئاغا لانیکەم دە پازدە ساڵێک لە سۆفی رەحمەت و ژنە ژیکەڵەکەی بەتەمەنتر بوو. لەو تەمەنەش دا دەبوو بزانێ کە خۆشەویستیی ئاوا رسوایی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئاشق کەی بیری لە پاراستنی ناو و ناوبانگ کردووەتەوە؟

ئەوینی ئاگرینی خەجێ وای لە قازی ئەسکەر کرد کە وەک شێخی سەنعان بۆی لە دین وەرگەڕێ. بە تەواوی لە ئیشقی دا سووتابوو. جاران کە قسەو سەتمەنی لە گەڵ رعێتان نەدەکرد، لە ئیشقی خەجێ دا تەواو گۆڕابوو. تا ئەو کاتانە کەم کەس دەیزانی ئاغا دەنگی خۆشە و قامان دەزانێ. بەڵام ئەو رۆژانە ئاغا هەر نارەی دەهات. خەڵکیش بە ئیشتیاوە گوێیان بۆ رادەگرت و شاهیدی گۆڕانی حاڵی ئاغا بوون. ئەوانەی ئێوارە درەنگان لە مەزرایە ڕا دەهاتنەوە یان تا شەو درەنگان لە مزگەوتێ دادەنیشتن، لە سەر کانی یان لە ڕێی باغی چاویان بە تارمایی ئاغا دەکەوت. زۆر جاریش گوێیان لە گۆرانی "خەجێ" دەبوو کە ئاغا دەنگی بۆ هەڵدێنا و دەیگوت:

*سەرسەوز و بۆرچین نیشتن لە دەریا*

*ئەوان بوون بە جووت، خۆم تاقی تەنیا*

*عەمرەکەم خەجێ، چاوەکەم خەجێ*

*بێ وەفا خەجێ، بۆ تۆ نەماوم*

*لە دووری باڵات رەش بوو هەناوم*

*خۆزگەم بەو گۆزەی دەبیبا بۆ کانی*

*جار جار دەکەوێ لە شلکەی رانی*

*عەمرەکەم خەجێ، چاوەکەم خەجێ*

*ماڵ لە میرەدێ، قەولت دا بە کێ*

سۆفی رەحمەت جیرانی ئەولاتری ماڵی کوێخا عەولا بوو. ئاغا کە لە ئیشقی خەجێ دا تەواو سووتابوو، ئیدی چیدی خۆی بۆ رانەگیرا و دەستەوداوێنی کوێخا عەبە بوو. فیزی ئاغایەتی وەلا نا و داوای لێ کرد هەر چۆنێک بووە خەجێی بۆ رازی بکا.

کوێخا کە پیاوێکی ئازا، زیرەک و گەڕناس بوو، زوو زانی مریشکی هێلکە زێڕینی بۆ پێوە بووە. لە دڵە خۆی دا بڕیاری دا کە لەو خاڵە لاوازەی ئاغا ئەوپەڕی کەلکی خۆی وەرگرێ. بەڵێنی پێ دا کە خێزانەکەی رادەسپێرێ تا خەجێی بۆ رازی بکا. بەڵام بە مەرجێک پەلەی لێ نەکا و ئەوە کارێک نییە بە رۆژێک و دوان جێبەجێ بکرێ، هەروەها ئاغا بۆ ئەوەی بە مرازی دڵی خۆی بگا دەبێ لە ماڵی دنیا مایە دابنێ. ئاشقی دڵسووتاو گوتی ناتوانم زۆر چاوەڕێ بم بەڵام لە ماڵی دنیایە هەرچی پێویستە دەیکەم. کوێخا بیست تمەنی ئەو زەمان و دەستێک کەواوپاتۆڵی لە ئاغا ئەستاند و دەست بە کار بوو. ئەو دەم شەکە مەڕێکی شێست کیلۆیی هەر بایی پێشتمەن بوو. کەس نازانێ ئەرێ کوێخا لە رێی کوێخاژنەوە جارێک مرازی دڵی ئاغای بە خەجێ گەیاند یان نا بەڵام هەموو رۆژێ بە درۆ هەواڵی دڵخۆشکەر و جێی هومێدی بۆ ئاغا دێناوە. بەردەوام ئاغای وا تێدەگەیاند کە بە خۆی و بە ژنێوە دەستیان لە هەموو کارێک بەرداوە و خەریکی رازی کردنی خەجێن، ئاغا چاوەڕوان بێ کە بەو زووانە زەحمەتیان بەر دێنێ و خەجێی ناسک و نازدار دە باوەش وەردێنێ.

هەموو جارێ بەو مزگێنییە درۆیانەوە لیستی پێداویستیەکانیشی بە گوێی ئاغا دەگەیاند. بۆ وێنە لە گەڵ خێزانی هیندە هاتوون و چوون، کەوشیان دڕاوە یان ئاغا لە بازاڕی کەلبەرەزاخان دەبێ قەوارەیەک پارچە، چەند لینگە بازنە یا جووتێک گوارە بۆ یاری سرک و سڵ بکرێ تا زووتر دڵی نەرم بێ. جاری واش بوو مەڕێکی بە ئاغا دەکردە خێر و گۆشتەکەی بە سەر خەڵکی پیروەلی باغی دا پێ دەبەشیەوە بۆ ئەوەی گراوی بزانێ کە ئاغا چەندە خێرخواز و بە دەست و دڵە. قازی ئەسکەری فەقیریش وەها لە ئیشقی خەجێ دا سووتابوو کە هەرچی کوێخا

عەولا گوتبای، نای نەبوو.

ڕۆژ و حەفتە و مانگ تێدەپەڕین و ئاغا هەروا دڵی بە درۆکانی کوێخا عەولا خۆش دەبوو. وای لێ هات ئەو بەزمە گەیشتە هەشت نۆ مانگ کە ئاغا هەر دەیبەخشی و کوێخاش لە قسە زیاتر هیچی دیار نەبوو. وای لێ هات کە ئاغا ئیدی تاقەتی نەما. ڕۆژێک لەو ڕۆژانە، یەخەی کوێخای گرت و گوتی؛ ئەرێ ئەتۆ هەتا کەنگێ هەر قسەم بۆ دەکەی و پووڵ و ماڵم لێ دەستێنی و ئەمڕۆ و سبەینێم پێ دەکەی؟ چیدی تاقەتم نەماوە. ئەگەر تا حەوتوویەکی دیکە بۆت جێبەجێ کردم باشە دەنا وات لێ دەکەم لە عومری خۆت پەشیمان بی.

کوێخا کە هیچی بۆ ئاغا نەکردبوو و لەو ڕێگایەدا تاقە هەنگاوێکی هەڵنەهێنابوو، بەو هەویایەی لەوە بە دوا بتوانێ شتێک بکا، حەفتەیەکی بە کەم زانی و داوای دوو مانگ وەختی کرد. سەرەنجام ئاغا سەنگ و سووکی لە گەڵ کرد و بە مانگێک ڕازی بوو بەو مەرجەی درێژی نەکاتەوە. کوێخا بەو یەک مانگەش هەر نەیتوانی هیچ بۆ ئاغا بکا. بەڵام تا توانی لە ماڵی ئاغای دۆشی و لێی خوارد. وردە وردە وادە بەرەو کۆتایی دەچوو. دوو ڕۆژی بۆ وادەی ژوان مابوو کە کوێخا نێوی خودای لێ هێنا و مزگێنی بە ئاغا دا کە دڵدار ساز و ئامادەیە و نیوەشەوی سبەی شەو بۆت دێتە ژوانێ. کوێخا هەر بۆخۆی نێو قەڵاغی ئاغای بە جێژوان بۆ دیاری کرد کە جێگایەکی بە لاوەیەو کەس شکی لێ ناکا.

ئاغا لە خۆشیان پێی وە عەرزی نەدەکەوت. دوای ئەو هەموو چاوەڕوانی و ماڵی دنیایە سەرەنجام بە مرادی دڵی خۆی دەگەیی. لە خۆشیان بیست تمەن پووڵ و کەرێکی شەش پووت باری لە مزگێنی دا بە کوێخا. سەر لە نوێ کەوتەوە نارەنار کە ماوەیەک بوو دەنگی لێ بڕابوو. لەو ماوە کەمەدا وەها گەشایەوە کە هەموو کەس هەستی پێ دەکرد. دیاری کردنی نێو قەڵاغەکەش بۆ جێژوان لە لایەن کوێخا عەولاوە کارێکی ئاقڵانە بوو. ڕاستە شەوانە بە تایبەت لە شەوانی زستان دا سەگان تێیدا دەخەوتن بەڵام جێیەکی پارێزراو و بە لاوە بوو. هەتا زستانێ کەس کاری بەوێ نەبوو و لە دەرەوەش گەرمتر بوو. ئەو تایبەتمەندیانەش ژوانی ئاغایان خۆشتر دەکرد.

ئاشقی دڵسووتاو نەیدەزانی کە مەعشووق رووحیشی ئاگای لەو قەول و قەرارانە نییە. سەرەنجام شەوی ژوان کە ئاشق چەندین مانگ بوو چاوەڕوانی دەکرد، گەیشت. ئاغا بێ ئۆقرە، ئان و دەقیقەی دەژمارد. کوێخا وەک مەکۆکی

جۆلا لە نێوان ماڵی خۆی و باڵەخانەی ئاغادا دەهات و دەچوو. کەس نەیدەزانی چ خەبەرە و چ قەوماوە. شەو درەنگ بوو. خەڵک خەوتن. تەنیا ئەستێرەی ئاسمان لە گەڵ ئاغا و کوێخا بە خەبەر بوون. سەعاتێکی بۆ وادەی ژوان مابوو کە کوێخاش مۆڵەتی لە ئاغا خواست و رۆیشت. ئاغای حاڵی کردبوو کە دەبێ درەنگانی شەو، لەو وەختەدا کە کەس بە خەبەر نییە، بەرەو ژوان بخوشێ.

نیوەشەو کە لە ناو باڵەخانەی ئاغادا کەس بە خەبەر نەبوو، ئاغا هەر بۆ کار قایمی، تفەنگەکەشی هەڵگرت و بە دڵەخورپە وەڕێکەوت. گەیشتە بەر دەرگای قەڵاغ و بەوپەڕی وشیاریەوە، دەست لە سەر پەلەپیتکەی تفەنگ لە دەوروبەری روانی. بە خۆشیەوە کەس بە دەرەوە نەبوو. تەنانەت وزەی مێشوولەش نەدەهات. لە بەر زارکی قەڵاغەکە بۆ جارێکی دیکە ئاوڕێکی لە دەوروبەر دایەوە، بە ئەسپایی سەری دانواند و لە کاتێکدا کە لە خۆشیان دڵی خێراخێرا لێی دەدا، وەژوور کەوت. نێو قەڵاغەکە ئەوەندە تاریک بوو کە چاوی هیچی نەدەدی. هەتا چاو هەتەر بکا رەشایی بوو. کوێخا پێی گوتبوو کە نابێ شەمچە هەڵکا. ئاغا بە دەستەکوتە بە دەوری خۆی دا گەڕا و یەک دوو جار بە ئەسپایی هەرای کرد؛ خەجێ! خەجێ! بەڵام کەس وڵامی نەدایەوە. پێی وا بوو یار لە شەرمان وڵام ناداتەوە و زیاتر بەرەو پێش چوو. لاقی دە شتێک هەڵەنگوت. خێرا دانیشت و دەستی کوتا تا بزانێ چییە. پارچەیەکی نەرم و ناسکی وەبەر دەستی کەوت. وەیزانی لاقی دە لاقی یار هەڵەنگوتووە و بە سرتە داوای لێبوردنی کرد. بەڵام دیسانیش وڵامێکی نەبیستەوە. دەستی راکێشا تا تارای لە سەر هەڵداتەوە کە دەستی لە شتێکی چاوەڕواننەکراو کەوت؛ کەللە سەرێکی زل و تووکاوی، دوو گوێی درێژ و لمبۆزێکی پان. زۆری پێ سەیر بوو. ئەمە چییە؟! لەو دەمەدا دەنگی گیاندارێک کە لە گەڵ ئاغا دە قەڵاغێ دا بوو، بەرز بۆوە. دەنگ لە تفنکی ئاژەڵێکی ئاشناوە دەهات. ئاغا تووشی حەقیقەتێکی تاڵ ببوو. ئەو ماشووقەی بۆیان هێنابووە ژوانێ، خەجێ نەبوو. جاشکێک بوو کە دەست و لاقیان بەستبوو و پەڕۆیەکیان بە سەردا دابوو...

هیچ قەڵەمێک ناتوانێ رادەی رق و تووڕەیی ئاغا لەو کاتەدا بنووسێتەوە. وەها تووڕە ببوو کە ئەگەر چەقۆیان لێدابا، خوێنی لێ نەدەهات. کەس نازانێ بەو تووڕەییە چۆن پەرژایە سەر ئەوە کە دەست و لاقی جاشکەکە بکاتەوەو بەرەڵای بکا هەتا سبەینێ کەس بەو پەندە نەزانێ؟ وەک شێتان لە قەڵاغێ دەرپەڕی و رووی لە ماڵی کوێخا کرد. خوا راستان کوێخا هەڵاتبوو دەنا بە دوور نەبوو ئەو شەوە تاوان و جنایەتێک ئەنجام بدرێ. ژنی کوێخا بە سەرسوڕمان و شپرزەییەوە لە خەو راپەڕی. تووڕەیی ئاغا و تفەنگی دەستی، کوێخاژنیان لە گیانی

مێردەکەی نیگەران کرد. سوێندی بۆ خوارد کە خەبەری لێی نییە و نازانێ لە کوێیە. سوێندەکەی هەر چۆنێک بێ درۆ نەبوو. کوێخا ون بوو کە ون بوو..

لەو کاتەوە ئاغا شەو و رۆژ کەفی هەڵدەخڕاند و سۆراغی کوێخای لە هەموو کەس دەپرسی. هەڕەشەی لێ دەکرد و خەبەری لێ دەنارد کە بە تۆڵەی ئەو بێڕێزیە گەورەیە وای لەتوپەت دەکا کە لەتی گەورەی گوێی بێ. سەرەنجام شوێنپێی عەولا لە شاری دۆزرایەوە. لە مەهاباد. پەیامی ناردبوو بۆ مەگەر چ گوناحێکی کردوە کە ئاغا ئاوای لێ بە رقدا چووەو دەیهەوێ بیکووژێ؟! با ئاغا لە لای مەلا و ردێن سپی ئاوایی بڵێ چ گوناحێکم کردوە و ئەوان شەرعمان بکەن، ئەمن بۆ خۆم بە پێی خۆم دێم تا محاکەمەم بکەن. بەڵام بۆ مەگەر شتی وا دەبوو؟ ئاغا تەنیا باسی لە تەوهینێکی گەورە دەکرد و بە کەسی نەدەگوت ئەو تەوهینە گەورەیە چیە و چۆن بووە.

وردە وردە وەرەق وەرسووڕا. قەرزدار بوو بە خاوەن قەرز. ئەمجار کوێخا هەڕەشەی دەنارد کە ئەگەر ئاغا لە کەری شەیتانێ نەیەتە خوارێ و خەنجەر لە کالانێ نەنێ، رازی لێ دەدرکێنێ و لای خەڵکی دێ ئابڕووی دەبا. ئاخری روون نەبوو کە چۆن ئاو بە سەر ئەو ئاورەدا کرا و ئاشتی جێگای ئەو شەڕەی گرتەوە. ئەوەی زانرا نە قازی ئەسکەر قەت بە وەسڵی خەجێ گەیی و نە کوێخاش بەو سزایە کە بە رواڵەت شایانی بوو.

لە سەرەتای بەهارێ دا، سۆفی رەحمەت کە گۆیا کەم و زۆر ئەو بەسەرهاتەی بیستبۆوە، لە پیروەلی باغی باری کرد، رووی لە ئاواییەکی دیکە کرد و بوو بە رعێتی ئاغایەکی دیکە.

--------

وەرگیراو لە؛ خاطرات یک مترجم - محمد قاضی

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٧ی فێبریوێری ٢٠١٧

# زێدی من ؛ پیروەلی باغ



پیروەلی باغی گوندێکە کە لە نێوان شارەکانی مەهاباد، میاندواو و بۆکان دا هەڵکەوتووە. لە نێوان دوو ناوچەی محاڵی ئەختاچی و چۆمی مەجیدخان ئەگەرچی مەودای لە گەڵ چۆمی تەتەهوو یان بەو جۆرەی ناوچەکەی بە ناو کراوە، چۆمی مەجیدخان، زۆرە. پێشوو سەر بە شارستانی مەهاباد بوو بەڵام دوای ئەوەی بۆکان بوو بە شارستان، ئەو گوندەش وێڕای چەندین گوند و ناوچەی دیکە خرایە سەر ئەو شارە.

بە پێی لۆغەتنامەی دێهخودا، پیروەلی باغی سەر بە ناوچەی محاڵی یەختەچییە. هەر بە پێی دێهخودا ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە بە ٢١٧ کەس خەمڵێندراوە. ئەوەش هەمان ئەو زانیاریانەیە کە "حاجی عەلیی رەزم ئارا" لە جڵدی چوارەمی کتێبی جوغرافیای ئوستانەکانی ئێران دا سەبارەت بە پیروەلی باغی نووسیویەتی و مێژووی زانیاریەکانی بۆ نێوان ساڵانی ١٣٢٥ تا ١٣٣٥ دەگەڕێتەوە:

پیروەلی باغی pir-vali-bäqi دێ لە دێیەکانی ئەختاچی بەشی دەوروبەری شارستانی مەهاباد
٣٥ کیلۆمیتریی رۆژهەڵاتی مەهاباد. ٥/٧ کیلۆمیتریی رۆژئاوای جادەی راکێشراوی بۆکان بۆ میاندواو
کوێستانی - فێنک - مالاریایی - دانیشتوانی ٢١٧ کەس - کوردی سوننی
ئاوی لە کانیاوە - بەروبووی بریتییە لە توتن و دانەوێڵە،
پیشە؛ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری - بەرهەمی دەسکار، جاجم تەنین، رێگا؛ مالرۆ (رێگای باریک کە تەنیا مرۆڤ و ئاژەڵ دەتوانن پێیدا برۆن)

له ویکی‌پێدیای فارسی دا حەشیمەتی گوندەکە بە پێی سەرژمێریی ساڵی ١٣٨٥ بە ٣٠٠ کەس و ٥٦ بنەماڵە خەملێندراوە .

## ناو:

پیروەلی باغی یان بە فارسی پیرولی باغی، بە شێوەکانی "پلۆری باغ(ی)"، "پللۆری باغ(ی)"، پیرۆلی باغی، پیروەلی باغ یان پیروەلی باغی لە لایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە گۆ دەکرێ بەڵام دروستەکەی پیروەلی باغ یان پیروەلی باغی‌یە.

لە مێژووی نووسراودا دوو کەسایەتی هەبوون کە ناویان وەک ناوی ئەو گوندەیە؛ یەکەمیان پیروەلی برای ئەمیر وەلی و ئەمیر خوسرەوشا و دووهەمیان پوریای وەلی کە ناوی پاڵەوانێکی ئێرانی بووە و گۆیا گۆڕەکەی لە شاری خۆی هەڵکەوتووە. بەڵام بە دووری دەزانم ناوی ئەو گوندە پێوەندی بە ناو و کەسایەتیی ئەو دوانە یان یەکێک لەو دوو کەسایەتیانە هەبێ .
ناوی گوندەکە شیمانە دەکرێ لە ناوی شەخس و پیاوچاکێک وەرگیرابێ کە ئیستا گۆڕەکەی لە پەنا ئاوایی‌یە و بە "حاجی وەلی" ناسراوە. گۆڕی حاجی وەلی لە پەنا ئاوایی پیروەلی باغی بە وارش و ئاڵا و کۆمەڵێک بەردی سپی، تەخت و درێژ، لە ناو گۆڕستانێکی تەنیشت ئاوایی هەڵکەوتووە. گۆڕستانەکە بە هۆی تێکەڵبوونی لە گەڵ ماڵەکانی ئاوایی، لە مێژە ئیدی مردووی لێ نانێژرێ بەڵام هەروا نزرگەی کچان و کوڕانە، چلدانەی لێ دەگرنەوەو بەختی خۆیانی پێ تاقی دەکەنەوە. دایکان ئاقیدەیەکی زۆریان پێی هەیە.

وێدەچێ "وەلی" پێش ئەوەش کە چووبێ بۆ حەج و بووبێ بە "حاجی وەلی"، لە ناو خەڵک دا خۆشەویست و جێگای رێز بووە. وەک گەورەیەکی ئایینی لەقەبی "پیر"ی بۆ بە کار هێنراوە و پێیان گوتووە "پیروەلی". "پیر" لە ئایینی میترائیسمدا دوا پلەی خواناسی و هاوتای خۆر بووە کە دوای هاتنی ئیسلامیش وشەکە بە پلە ئایینیەکەوە هەر وا بۆ پیاوچاکانی ئایینی ماوەتەوە. "پیر" بە مانای پیاوچاک و شێخی تەریقەت. رەنگە "وەلی" ناوی ئەو پیاوچاکە بووبێ یان لە بەر پیاوچاکی، خەڵک بە "وەلی" و جێنشینی پێغەمبەرانیان شوبهاندبێ. هەرچەند ڕوون نییە کە ئاخۆ ئەو بەراستی شێخی تەریقەتێک بووە یان تەنیا گەورە و خۆشەویستێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی. چونکە لە

ئاواییەکەدا جگە لە قەبرستانی سەرەکیی ئاوایی کە بە "قەبری سەیدان" ناسراوە، شێخ و سەیدی لێ نین و کەسیش خۆی بە وەچە و نەتیژەی ئەو نازانێ. لە پاڵ مەزاری حاجی وەلی، باغێکی پڕ پیت و بەرەکەت هەیە کە بە ئاوی کانیاوی سەرەکیی ئاوایی پاراو دەکرێ و خەڵک بە "باغی حاجی وەلی" دەزانن. باغەکە داری کۆن و لەمێژینەی گوێز، توو و هەروەها باغێکی گەورەی ترێی لەخۆ گرتبوو. دوای داگیرکرانی کوردستان بە دەست پاسدارانی ناکۆماری ئیسلامی، باغەکە دەستی بەسەردا گیراو لە ئەنجامی پێڕانەگەیشتندا روو لە فەوتانە. هەروەها پێشتریش زیانی پێ گەیەندراوە. لەوانە لە دوای ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ کە دەسەڵاتی مەلایان لە تاران گەمارۆی سووتەمەنی خستبووە سەر کوردستان، بەشێک لە دارگوێزە بە نرخەکانی باخەکە بۆ گەرم کردنی کورەی مزگەوت بڕدران. بە کورتی وێدەچێ ناوی پیروەلی باغ لەو باغ و شەخسە وەرگیرابێ. گوندی "باغی پیروەلی". هەرچەند جۆری تێکهەڵکێش کرانی ئەو دوانە لە ناوی پیروەلی باغی دا، وەک ناوی بەشێکی زۆر لە گوندەکانی موکریان، بیچمێکی تورکانەی هەیە.

باخەکە پێشتر هی بنەماڵەی قازی بوو و قازی ئەسکەری مامی قازی محەممەد بەسەریدا رادەگەیشت کە دواتر بە شێخانی غەوسابات فرۆشترا. بەڵام دوای ئینقلاب و داگیرکرانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی، باغەکەش لە لایەن پاسدارەکانەوە دەستی بە سەردا گیرا .

* بۆچوونێکی دیکە سەبارەت بە ناوی پیروەلی باغ یان پیروەلی باغی ئەوەیە کە وشەکە لە بنەڕەتدا "پیروەلی بلاغی" بووبێ. بە مانای کانیی پیروەلی. وەک "ئاتابلاغی" و.. ئەویش بەو هۆیە کە مادام جۆری داڕشتنی ناوەکە تورکیە، ناکرێ سەرجەم پێکهاتەکەی (پیر، وەلی و باغ) کوردی یان غەیرە تورکی بێ. هۆکاری سوان و کورتبوونەوەی "پیروەلی بلاغی" بۆ "پیروەلی باغی"ش رەنگە بۆ دووپاتبوونەوەی دوو جار پیتی "ل" لە ناوەکەدا بووبێ .

## جوگرافیای گوند

***پیرولی باغی لە نێوان ئەو دێهاتانەی خوارەوە دا هەڵکەوتووە و بە قەولی دانیشتوانی ناوچەکە مەزرایان لێک دەگەڕێتەوە:***

❊ لە باشوور: گۆلی مەرزینگ

❊ لە باشووری رۆژئاوا: شۆریجە، عەولاتەپەسی و کۆنە مەڵالەر

❊ لە رۆژئاوا: شێخاڵی و قۆرغان

❊ لە باکوور: غەوساباد و دەوەشاری

❊ لە باکووری رۆژهەڵات: بەردەڕەشان و مەخسودیان

❊ لە رۆژهەڵات: ئاغەڵیان، سریلاوا

❊ لە باشووری رۆژهەڵات: قارنجە و حسین مامە

ئاوی خواردنەوەی گوندەکە لە کانیەک دابین دەکرێ کە لە رێی سیستمی کەرێزە، لە دوو کیلۆمیتریی رۆژئاوای گوندەکەوە کێشراوە و هەر بە کانی پیروەلی باغی ناسراوە. جگە لەوەش چەندین کانی و ئاوی دیکە مەزرا و کێڵگە بەراوەکانی ئاوایی پاراو دەکەن وەکوو: گۆلی مووچەی کاکی، گۆلی کا حەمە حەسەن، بەردە سووران، کانی گولان، کانێ سپی، کانی مەلا، کانی زەنگوڵە و کانی حاجی رەسوڵ .
کێوەکانی ئاوایی:' داغداغانی، سێ لک، کاسە ڕووت، فەندیان یا کێوی سریلاوا، کێوی عەولابات و کەلە ملە، وەتەلگی، کێوە سپی، کێوە سوور، کورسیلە یا چراغچی و پاردە.

لە ساڵی ١٣٧١ کارەبا بۆ گوندەکە کێشراوە و ساڵی ١٣٨٥یش ئاوی لولەکێشی بۆ چووە. هەروەها رێگای گوندەکەش ئیسفاڵت کراوە.

## سەرچاوەی ئابووریی خەڵک

**"حاسڵات"**

پیروەلی باغی خاوەنی زەوی و زارێکی زۆرە بەڵام زۆربەی زەویەکانی دێمەکارن. گەنم، جۆ، نۆک، نیسک، بەروبوومەکانی بێستان وەک شووتی، کاڵەک، تەماتە، خەیار (هارۆ) و ترۆزی لە بەروبوومەکانی کشتوکاڵی گوندەکەن. پێشتر تووتنیشی لێ بەرهەم دەهات کە ئیستا رمێنی نەماوە. هەروەها داری بەریشی لێیە وەک گوێز،

بادام، قەیسی، ترێ و تووی رەش. بە شێوەی خۆرسکیش هەر دوو جۆرە داری گێوژ (سوور و زەرد) لە چیاکان هەن.

ئەو بەشە لە زەویەکانی ئاوایی کە بەراون، بە ئاوی کانی پاراو دەکرێن کە سەرجەم پێنج مووچە و مەزرای لەو جۆرەی لێیە کە هەر کامیان چەندین کانیان تێدا هەڵکەوتووە. مەزراکان بریتین لە: مەزرای کۆنە دێ، مووچەی کاکی، بەردەسووران، مەزرای مامە حاجی، و مووچەی بەر دێ.

دوای میکانیزەبوونی کشتوکاڵ، بیر و پۆمپ لە بەشێکی بەرچاو لە پێدەشتەکانی ئاوایی هەڵکەندرا و بەو جۆرە مووچە و مەزرایەکی زیاتر بەراو کران.

## " ئاژەڵداری"

جگە لە کشت و کاڵ، نیزیک بە هەموو بنەماڵەکانی ئاوایی مەڕدارن. هەموو بنەماڵەیەک لە پاڵ کاری کشت و کاڵ ١٠ تا ١٠٠ سەر و بگرە زیاتریش مەڕیان هەیە کە بە هەر چەند ماڵ، ساڵانە شوانێک مەڕەکان وەک مێگەل لە کێو و پێدەشتەکانی ئاوایی دا دەلەوەڕێنێ. جگە لەوە هێندێک ماڵ چەند سەر مانگاشیان هەیە. هەروەها مریشک، قەل، قاز و مراوی ئەو پەلەوەرانەن کە لە ئاوایی دا هەن و دانیشتوان بۆ هێلکە و گۆشت کەڵکیان لێ وەردەگرن.

## "دانیشتوانی ئاوایی":

دانیشتوانی پیروەلی باغی سەر بە تایفە یان عێڵ و عەشیرەتێکی تایبەت نین و لە نێویان دا بنەماڵەکانی سەر بە مامەش، مەرزینگ، کوردە، باریک و هیتر هەن.

## مێژووی پیرولی باغی

روون نییە کە پیروەلی باغی کەی بۆ یەکەم جار ئاوەدان کراوەتەوە. ناوەکەی کە زیاتر وەک پێکهاتەیەکی تورکی دەچێ، بۆ سەردەمی هاتن و داگیرکاریی تورکان دەگەڕێتەوە. هەرچەند ئەوەش بەدوور نازاندرێ کە وەک زۆر گوند

و ئاوایی دیکەی ناوچەکە، ناوی ئەو گوندەش وەرگێڕدراوی "کانیی پیروەلی" یان "باغی پیروەلی" بێ و لە سەردەمی دەسەڵاتداریی تورکاندا وەرگێڕدرابێتە سەر زمانی تورکی و گۆڕدرابێ. بەڵام بەو حاڵەش بە سەرنجدان بەوە کە بە هەر چەند کیلۆمیتر لە دەوری ئاوایی شوێنەواری کۆنە دێیان هەیەو ئەو شوێنانەش هەر کامیان بە سەردەمێک پێش لەو ئاواییە، ئاوەدان بوون و دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆری وەک سێڵاو، گرانی و ...

دانیشتوانەکەی بۆ شوێنێکی تر گواستوویانەتەوە، وێناچێ پیروەلی باغ لەو کۆنە دێیانە کۆنتر بێ. بۆ وێنە ئاسەواری ژیان و نیشتەجێ بوون بە شێوەی کۆنەسواڵەت یان کاولە کۆن لە موچەی کاکی، مەزرای کۆنەدێ، کاولان و مەزرای بەردەسووران کەم و زۆر هەر ماوە.

پیروەلی باغی لە سەدە و دەیەکانی کۆتایی دەورانی فیئوداڵی و سیستەمی ئابووری - کۆمەڵایەتیی ئاغا و رەعیەتی دا ملکی بنەماڵەی قازی بوو و لە دوایین ساڵەکانیش دا لە نێوان ئاغاکانی دێبوکری و بنەماڵەی قازی دا دابەش کرابوو. هەروەها شێخانی غەوساباتیش زەوی و زاریان لە پەنا ئاوایی هەبوو. بەر لە بنەماڵەی قازی، پیروەلی باغی ملکی سەیدانی نوورانی بوو. بەڵگەش بۆ ئەوە بەسەرهاتی دەمی ئاویلکەدانی میرزا قاسمی قازی باوکی میرزا فەتاح و قازی عەلییە:

"میرزا قاسم مریدی دڵسووتاوی شێخی بورهان بوو. پێش سەرەمەرگ داوای لە شێخ کردبوو کە یەک لە نیزیکانی خۆی بۆ خوێندنی یاسین و دادانی تەڵقینی بنێرێتە ژوور سەری. شێخ مەلای رەوانی یان رەببانی بۆ ئەو کارە رادەسپێرێ. "سەید سەعیدی نوورانی" لە عالەمی باتینیی مەلای رەوانیدا هاتووەتە ژوور سەری میرزاقاسم و پێی دەڵێ؛ "لە تۆڵەی ئەوەی کە ئێوە بە تۆبزی دێی "پیروەلی باخی"تان لە وەرەسەی ئێمە ئەستاندوە، ئەمن ئیمانت لێ دەستێنم".

سەید سەعید کە پێش میرزا قاسم کۆچی دوایی کرد، لە سەیدانی کولیجە بوو. ساڵی ١٢٦٧ی کۆچی هەتاوی یان ١٨٨٨ی زایینی کۆچی دوایی کردو لە خانەقای شێخی بورهان نێژرا. بەو پێیە سەیدانی نوورانی رەنگە میراتگری حاجی وەلی بووبن و ئەو سەیدانەش کە گۆڕ و وارشیان بووەتە بناخەی گۆرستانی ئاوایی لە قەبری سەیدان، سەیدی بنەماڵەی نوورانی و خاوەن ملکانی پێشووی ئەو گوندەن. سەیدانی نوورانی لە سنجاخ، کولیجە و چەند

ئاوایی دیکەی ئەو دەڤەرە نیشتەجێن و خانەقای زەمبیل هی ئەوانە. ملْکی پیروەلی باغی دەبێ لە زەمانی میرزا ئەحمەدی باوکی میرزا قاسمی قازی یان هەر لە زەمانی میرزا قاسم دا کە ٧ برای ئازای هەبوو، بۆ ئەو بنەماڵەیە دەستەبەر بووبێ. میرزا قاسم باوکی قازی عەلی، قازی ئەسکەر، سەیفولقوزات و میرزا رەحیم بوو کە ئەوەی دواییان لە تافی لاویدا لە پیروەلی باغی کوژرا.

هاوکات لە گەڵ بنەماڵەی قازی، بەگزادەی موکریش تەماحیان لە سەر پیروەلی باغی هەبوو. موکریەکان کە دوای کوشتاری موکری قڕان لە لایەن شا عەباسی سەفەوی، لە بداخ سوڵتانەوە جارێکی دیکە درێژەیان بە دەسەڵاتی خۆیان لە ناوچەکە دایەوە، چەند جار شەڕ و تێکەڵچوونیان لە گەڵ بنەماڵەی قازی هەبوو. شەڕی نێوان قازی و بەگەکانی بورهان کە ئاغای کۆنەمەلالەریش بوون، لە سەر سنوور و کەوشەنی نێوان مەزرای کۆنەمەلالەر و پیروەلی باغی هاتە ئاراوە. لە یەکێک لەو تێکەڵچوونانەدا میرزا رەحیمی قازی برای قازی عەلی و مامی پێشەوا قازی محەممەد، کە هێشتا جەوان بوو، لە نێوان سێلک و تەپکی گەلالان کوژرا. کوژرانەکەی بەو جۆرە بوو کە میرزا رەحیم جووت و گای بردە سەر ئەو زەویە دێمەکارانەی کە کێشەیان لە سەر بوو. بەگەکان هەڵیانکوتایە سەر میرزا رەحیم و پیاوەکانی و، میرزا رەحیم بە دەستی "مەجیدبەگی بورهان" کوژرا. بە دوای ئەوەدا شەڕ بەرین بۆوە و بنەماڵەی قازی و بەگ لەشکریان لێک کۆ کردەوەو چەندان جار لێکیان دا و لێکیان کوشت.

لە سەردەمی شەڕی جیهانیی یەکەم دا، دوای ئەوەی خەڵکی شاری مەهاباد و ناوچەکە لە ترسی هێرشی عرووس و لە ململانێی شەڕی رووس و عوسمانی دا ناچار بوون ناو شار و ئاوەدانی بە جێ بێڵن، قازی محەممەدی شەهید و ئەبولقاسمی سەدری قازی برای پێشەوا کە گەنج و تازە پێگەیەیشتوو بوون، لەو گوندە مانەوەو بە سەر دەغڵ و دانی ئاوایی دا رادەگەیشتن. زۆربەی خەڵک بەرەو ناوچە سەخت و شاخاویەکان رایانکردبوو بەڵام میرزا محەممەد (پێشەوا قازی محەممەد)و میرزا قاسم (سەدری قازی) لە پیروەلی باغی ئەرکی ئاگاداری لە ملْک و ماڵ و حاسڵات و کاروباری مەزرایان پێ سپێردرابوو. ئەو دوو لاوە کە ئەو کاتە زۆرتر لە پازدە یا شازدە ساڵ تەمەنیان تێنەپەڕیبوو، بە یارمەتی گەوهەرتاج خانم کچی میرزا فەتاحی قازی، خێزانی قازی عەسکەر کە پووری ئەوان و شێرەژنێکی هەڵکەوتەی مەڵبەندی موکریان بوو، زۆر ئازایانە کاروباری گوند و مەزرایان راپەڕاند و سەرکەوتووانە لەو هەرێمەدا کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییان کرد. قازی عەسکەری مامیان هەروەها گەنم و دەغڵ و دانێکی زۆری دەچاڵ و عەمباران دا راگرتبوو کە لەو سەردەمەدا بەهۆی گرانی و قاتی و قڕی زۆر باش بە گران دەفرۆشرا. میرزا

محەممەد و میرزا قاسم وێڕای ئەوە کە بەو گەنم و دەغڵ و دانە گیانی هەزاران کەسیان لە مەرگ رزگار کرد، بە فرۆشی ئەو دەغڵ و دانە داموودەزگایەکی دەسەڵات و ئاغایەتییان وەڕێ خست و بە پوڵی ئەو گەنمە دواتر گوندەکانی گوێگجەلی، دەلمە، مشیرابات، کانی کووزەڵە و عەوڵابات لە سەر چۆمی جەغەتوو کڕدران.

هەر لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە لە گوندی پیروەلی باغی مابوونەوە، میرزا محەممەد و میرزا قاسم لەلای چەند نەفەر کاربەدەستی رووسی کە لە میاندواو بوون و هاتووچۆی ئەو مەڵبەندەیان کردووە فێری زمانی رووسی بوون. بەتایبەتی میرزا محەممەد زۆربەی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و دەرسی رووسییەوە تێپەڕ کردووە و کاروباری ملکداری و ئاغایەتیی بۆ میرزا قاسم بەجێ هێشتووە. ئەم ماوەیە کە چەند ساڵی کێشاوە بۆ ئەم دوو لاوە وەک پلەیەکی گرینگی پێگەیشتن دێتە ئەژمار. میرزا قاسم پاش ساڵی شکاک (١٩٢٤ - ١٩٢٠) دەگەڵ کچی خاڵی خۆی شاسوڵتان خانمی ناهید کچی مستەفا بەگی سڵەمانکەندی کە لەقەبی سالاری هەبووە زەماوەند دەکا. هەر لەو ساڵەدا قازی عەسکەر و قازی عەلی و سەیفولقوزات جوێ دەبنەوە و هەرکەو ماڵی خۆی دەکا. سەیفولقوزات گوێگجەلی (گوندێک لەسەر جەخەتوو) وەبەر دەکەوێ، قازی عەلی لە قارنجە و ئاغەڵیان بەشی خۆی هەڵدەگرێ و قازی ئەسکەریش (میرزا عەبدوڵا) لە پیروەلی باغی دەمێنێتەوە.

میرزا عەبدوڵا (قازی ئەسکەر) وەجاخ کوێر و بە پێچەوانەی براکانی، پیاوێکی کەم خوێندەوار بەڵام بە مشوور بوو. دەورێکی گرینگی لە ئاوەدان کردنەوە و پێڕاگەیشتن بە گوندەکە دا هەبووە. لەوانە سازکردنی حەوز و دەستبەئاو، بینای قەڵات و باڵاخانەیەکی بەرز کە بە خشتی خاو داندراوە کە بە داخەوە بە هۆی بێ خاوەنی روو لە فەوتان و خاپوور بوونە.

کە قازی ئەسکەر مرد، ملک و ماڵەکەی وێڕای قەرزێکی زۆر، بۆ سەیفولقوزات بە جێ ما. ئەویش بە پێی بەڵگەنامەیەک، دوو دانگ لە ملکی هەر کام لە گوندەکانی پیروەلی باغی و عەوڵاباتی بە حاجی میرزا ساڵحی ئەمینی تاجری سابڵاخی فرۆشت تا قەرزەکانی قازی ئەسکەری پێ بداتەوە. مەبەست لە عەوڵابات لێرەدا هەر ئەو گوندەیە کە لە داوێنی کێوی عەوڵابات لە سەر رێگای پیروەلی باخی بۆ حسین مامە هەڵکەوتوەو دەمێک ساڵە چۆڵ و کاولە. رەنگە هەر لە سەرەتاشەوە لە لایەن قازی ئەسکەرەوە ئاوەدان کرابێتەوەو ناوی خۆی (میرزا عەوڵا - عەوڵابات)ی بەسەردا براوە.

وێدەچێ قازی ئەسکەر لە سەردەمی ژیانی خۆیشیدا بەشێک لە زەوی و ملکی پیروەلی باغیی بە ئاغایانی دێبوکری فرۆشتبێ یان حاجی میرزا سالح دواتر بەشەکەی خۆی بە زیاتر لە یەک کەس فرۆشتبێتەوە. لە دەیەو سالانی کۆتایی سیستمی ئاغاو رەعیەتی دا، سەعدووناغای قۆرغان کە سەر بە بنەماڵەی ئاغایانی دێبوکری بوو، خاوەنی زەویەکانی باکوور و رۆژئاوای ئاوایی بوو و وەرزێرانی بەشێک لە مووچە و مەزرای گوندەکە رەعیەتی ئەو بوون. دوو بنەماڵەی قازی و دێبوکری لە سەر ئەم دابەشکاریە و کەوشەنی نێوانیان، چەندان جار شەڕ و نێوان ناخۆشیان کەوتە بەینەوە .

دوای ئینقلابی سپی ساڵی ١٣٤٢ لە لایەن حەمەرەزا شا، دەسەلاتی ئاغاوەتیش لە سەر مووچە و مەزرای خەڵکی گوندەکە کورت کرایەوە بەلام دیسانیش بەشێکی زۆر لە مەزرا و مووچەی ئاوایی هەر بۆ ئاغاوەتان مایەوە. بە تایبەت زەویەکانی دەشتی عەولابات کە بە میرات بە خانمە خانمی هاوسەری رەحیمی سەیفی قازی و بووکی سەیفولقوزات بڕابوو. دوای ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ حیزبی دێموکرات کە لە ناوچەکە حوکمی دەکرد، ئەو زەویانەی بە سەر قەرە و رەشایی گوندەکە دا دابەش کرد دوای داگیر کرانەوەی کوردستانیش، کۆماری ئیسلامی دەستی لەو دابەشکردنەی حیزبی دیموکرات وەرنەدا.



پەراوێز

مامەشێرە؛ بەیتبێژێکی بەناوبانگی سەردەم لە پیروەلی باغی

http://www.bokan.de/laperekan/nuseran/Kak%20Anwer/bokan/bokan401.pdf

**ژێدەر:**

**کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی - نووسینی؛ خەلیلی فەتاحی قازی**

**ژیان و شێعرەکانی سەیفولقوزات - ئامادەکردنی؛ ئەنوەر سوڵتانی و حەسەن قازی**

**فەرهەنگی فارسیی دێهخودا**

**فەرهەنگی ئوستانەکانی ئێران - حاجی عەلی رەزم ئارا**

-----------------

**سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - رێکەوتی: ١٥ی فێبریوێری ٢٠١٧**

## سی



**سی لە زمانی کوردیدا چەندان واتای هەیە:**

**- ژمارەی دوای ٢٩**

- ئەندامی هەناسەدان لە هەناودا ، جگەری سپی
- ڕەنگی ڕەش، سیا
- جۆرێک نەخۆشیی باڵداران، نەخۆشیی ئازارە باریکە
- ناوی باڵندەیەکە

ئەوەی کە مەبەستی ئەم باسەیە، واتای کۆتایی سیە. بەڵام نەک تەنیا تایبەت بە باڵندەیەک بەڵکو ناوی کۆنی باڵندە و بنەمای ناوی چەندان جۆر باڵندە لە زمانی کوردیدا.

وشەکە بە پاشگری "ک" و بە شێوەی "سیک" لە ناوی چەند باڵندە
یان ناوی پێوەندیدار بە باڵندەدا هەیە. ئەوەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ناوەکە لە دەنگی باڵندە وەرگیراوە و بنەمای وشەی "جیک"ە. پیتی "س" لە "ج" کۆنترە و بەو پێیە جیک، چیک یان جیکە لە سی و سیک کەوتووەتەوە.

جیک یان جیکە بە دەنگی بەشێک لە باڵندەکان دەگوترێ کە وەک کەڵەشێر یان بولبول ناخوێنن و وەک قەل و قاز ناقڕێنن. جیکە لە بنەڕەتدا دەنگی جوجکە و بێچووی مەلە.

سی لە ناوی باڵندە دا:

چیک، چیچ ، چیجک، جوجک، جوچکە: سی + باشگری بچووک کردنەوە، سی بچووک
چۆلەکە، چوێلەکە: سی + پاشگری "ۆلکە". سیۆلکە. چێولکە، سی بچووک، باڵندەی بچووک
چیچک: سی بچووک
سیسارکە کەچەڵە: سی + سەر + کەچەڵە، سی سەر کەچەڵ، باڵندەی سەر کەچەڵ
چیدانە: باڵندەیەکی ڕەنگ بنەوش
چێرگ: مێشە سی
چیق: قەلە ڕەشە
سیمرغ

سێرو

سریله

سیکوژ: شاهێنی بەحری

سەقر

سوێسکە: سی ئاسکە، باڵداری وەک ئاسک. شوبهاندنی بە ئاسک (آهو) لە ناوە فارسیەکەشیدا هەست پێ دەکرێ:

تیهو

## حاجی لەگ لەگ

بە ڕواڵەت لە دوو بەشی حاجی + لەگلەگ وەرگیراوە. بەشی دووهەم دەگەڕێتەوە سەر دەنگی ئەو باڵندەیە و زیاتر بە لێکدانی دندووکە درێژەکەی دەنگی لەقلەق، لەکلەک یان لەگلەگ ساز دەکا. بەڵام بۆ بەشی یەکەمی ناوەکەی پێشتر وام گومان دەکرد کە پێوەندی بە رەنگی سپی باڵندەکە یان کۆچبەربوون و گەرمێن و کوێستان کردنی ئەوەوە هەیە. هەردووی ئەوانەش ناکرێ بە یەکجاری رەد بکرێنەوە بەڵام ئەمەش بە دوور نازاندرێ کە ئەم دووانە ڕێگایان خۆش کردبێ تا وشەی سی بۆ حاجی و سی لەکلەک بۆ حاجی لەکلەک گۆڕدرابێ. سی لەک لەک؛ واتە باڵندەیەک کە دەنگی لەکلەک/لەقلەق/لەگلەگی هەیە. ناوەکە لە زمانی عەرەبیش دا "طایر لقلق"ە بە واتای باڵندەی لەقلەق یا هەمان سی لەقلەقە.

لە سی لەقلەقەوە چیای لەقلەقایسی یان لەقلەقاسم وەبیر کەوتەوە. چیایەک لە نیزیک ئاوایی حاجی لەک لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان. چیاکە کۆمەڵێک بەردی بەرز و هەڵچووی لێیە کە لەگلەگ لە سەریان هێلانە دەکا. دانیشتوانی ناوچەکە ئەم ناوە بە وشەیەکی تورکی دەناسن و هەشن وشەکە دەگەڕێننەوە سەر داری قەیسی و شتی لەم بابەتە. بەڵام ئەم ناوە رەنگە ناوی کۆنی حاجی لەقلەقی لە خۆیدا هەڵگرتبێ. چیای لەقلەقایسی: چیای حاجی لەگلەگ. وێدەچێ حاجی لەقلەق ناوی خۆی بە ناوی گوندەکەش بەخشیبێ و گوندی حاجی لەک و تەنانەت رەنگە گوندی دارەلەکیش پێوەندیان بە هۆزی لەکی ناوچەی کرماشانەوە نەبێ. بە تایبەت کە هەردوو گوند لە پێدەشتە سەوز و زەنوێرەکانی چۆمی مەجیدخان و شاروێران هەڵکەوتوون و بەهاران هەوار و مەنزڵگەی حاجی لەکلەکن.

## مریشک

مر بە ئەگەری زۆر لە وشەی "مێهر" و "مێر" کەوتوەتەوەو ئەوەش ناوی میترایە و دەچێتەوە سەر ئایینی میترایی و مێرایەتی کە ئایینی کۆنی کوردان و دانیشتوانی سەر زنجیرە کێوەکانی زاگرۆس بووە. بە ئەگەری زۆر پێشینیانی ئێمە وەک نیعمەتێک لە میترا، لە مریشکیان روانیوە. وەک چۆن کەڵەشێریش هەڵگری جۆرێک پیرۆزایەتی بووەو ئەم پیرۆزایەتیە لە ناوەکەی و هەروەها لە ناوی کەڵەبابیش دا پارێزراوە. شێر پلەی چوارەم لە حەوت پلەی خواناسییەو "باب"یش وەک پلەیەکی پیرۆزایەتیی ئایینی لە ناوی زۆر چاک و پیری وەک بابەقەتار، بابەگوڕگوڕ و... دا دەبیندرێ.

مریشک سەرەکیترین باڵندەیە لە کوردستان کە بە کەمترین پێڕاگەیشتن، هێلکە و گۆشت بۆ مرۆڤ دابین دەکا خزمەت و خێری زۆری پێدەگەیەنێ.

وشەیەک کە لە زمانی کوردی دا بنەمای ناوی زۆرێک لە ناوی باڵندەکانە، "سی" یان "سیک" و "چیک"ە. ئەمەش وشەیەکی دەنگیە و ئەمڕۆ "جیکە" دەنگی باڵندەیە. وەک سی (جۆرێک باڵندە و دەستەخوشکی هەڵەتانج)، چۆلەکە (سی+ۆلکە کە نیشانەی گچکاندنە)، سیسارکە کەچەڵە (سی سەر کەچەڵە)، سیکوژ (شاهێنی بەحر، باڵندە کوژ)، جیقنە (سیک یا جیک گەنە، گەندی سیک، گەنی باڵندە)..

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر وشەی مریشک، دەکرێ وشەی سی یان سیک لە پاژی دووهەمی وشەکەدا بدۆزینەوە. مێهری چیک (باڵندەی مێهر)، مێری چیک، مری چیک، مریچک، مریشک.
هەرچی وشەی مراویە، بە ئەگەری زۆر لە سەر بنەمای تێگەیشتنی هەڵە لە وشەی مریشک کەوتوەتەوە.بە پێی ئەم بۆچوونە، مراوی زۆر دواتر هاتوەتە ناو کوردان. ئەوان پێیان وا بووە مریشک مری ئیشک یا مری وشکانە و ئەم تازەیەش کە وەک ئەو هێلکەیان بۆ دەکا و گۆشتی دەخورێ بەڵام لە ناو ئاو دایە، وا باشە ناوی بنێن مری ئاوێ. دەشزانین کە مراوی بە جۆرەماڵیەکەی دەگوترێ و مراوی سەر بەحر و گۆماوان سۆنەیە.

پێوەنیدار بە باڵندە
چێرت؛ سی + ریت، سی ریتە، ریتەی باڵندە، جیقنە

جیقنە: سیک + گەنە، گەن و گووی سیک، گەنوگوی باڵندە

سیکڵدانە، چیکڵدانە، جیکڵدانە،

سیکەتۆرە: تورەی سیک، توورەکەی باڵندە

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ١٤ی فێبریوێری ٢٠١٧

## ئەرێ "مهربانی"ی کورد چی لێ هات؟

زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە. بۆ زۆر واتا، زیاتر لە وشەیەکی هەیە. بەڵام جاری وایە وشەیەکی بێگانە خۆی دە ناو ئەو زمانەدا خزاندوە و بواری بە گەشە کردنی وشە خۆماڵیەکە نەداوە. هەشبووە کە وشە خۆماڵیەکە خوێندنەوەی هەڵەی بۆ کراوە و پێش لە گەشە سەندنی گیراوە. مێهرەبانی یەک لەو وشانەیە.

لە گەڵ هاتنی زستان و وەرزی سەرما، لە ناو شارەکانی ئێراندا دیاردەیەکی جوان سەری هەڵداوە. دیاردەی "دیواری میهرەبانی". ئاوێزە یان رەختاوێزیان بە دیوارانەوە داکوتاوە و جلوبەرگی گەرمی زستانەیان پێوە هەڵواسیوە. داوا لە ڕێبواران دەکەن کە ئەگەر پێویستیانە هەڵگرن و ئەگەر هەشیانە دانێن.

کوردستان وڵاتێکی شاخاویە و زستان و سەرمایەکی زیاتر لە زۆربەی شارە فارس نشینەکانی هەیە. بە تایبەت ئەمساڵ بەفر و سەرمایەکی زیاتر لەچەند ساڵی بەرێ، ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتیش بە لاسایی ئەم هەنگاوەی لە تاران و شارە گەورەکانی دیکەی فارس نشینەوە دەستی پێ کرد، دیواری خۆیان دانا. بەڵام لە زۆربەیاندا هەمان تێکستی فارسیی "دیوار مهربانی" بە سەر دیواری جلوبەرگە هەڵواسراوەکانەوە داکوتراوە. لە یەکێک لەو وێنانەش دا کە وا بزانم شاری پیرانشارە، چالاکان خەریکی هەڵواسینی پلاکاردێکن کە تێکستەکەی بە "دیواری دڵسۆزی" مانا کراوەتەوە. بەڵام دڵسۆزیش پڕ بە پێستی مانای مێهرەبانی نییە.

لە زمانی کوردی دا وشەی نیزیکتر لە میهرەبانی، بەزەییە. لە هەنبانەبۆرینەدا ئەم وشانە بۆ واتای بەزە و بەزەیی هاتون:

*بەزە: دلۆڤانی، روحم، دڵنەرمی*

*بەزەوی: بەزە، روحم*

*بەزەیی: بزی، بەزە، روحم*

وشەی بەزەیی لە کرداری "زان" و "زایین" داکەوتووە. ئەویش بریتیە لەو هەستە پڕ لە بەزەیی و میهرەبانییەی کە گیانداری تازە زاو بۆ بێچووەکەی هەیەتی. ئەم لێک کەوتە لە وشەکانی روحمی بە واتای بەزەیی و رەحەمی بە واتای منداڵدان لە زمانی عەرەبیش دا هەیە.

*بەڵام ئاخۆ میهرەبانی لە ناو کوردان دا چی لێهات؟!*

وشەی مێهرەبان و مێهرەبانی لە دوو بەشی مێهر و بان پێکهاتوە. مێهر پێوەندی بە ئایینی میترایییەوە هەیە و میتراش هەمان مەتەر و "مادەر"ی بە واتای دایکە. پێشینیانی ئێمە لە باسی خوڵقانی مرۆڤ دا پێیان وا بووە مرۆڤ لە دایکێکی ئاسمانی بووە یان دایکێک لە ئاسمان مرۆڤی لێ بووە. بەو دایکە ئاسمانیەیان دەگوت میترا بە واتای دایک یان ئاڵامیترا بە واتای دایکی بان یان سەروو. مێهر یەکێک لە شێوەکانی وشەی "میترا"یە.

لای پێڕەوانی میترا وا گوتراوە کە میترا لە ئەشکەوت یان کەلێنە بەردێک (مەڕە - مێهرە) هاتە دەر. گایەکی کرد بە قوربانی. هەر شوێنێک کە خوێنی ئەم گایەی بە سەردا پرژابێ، سەوزایی و بە پیت و بەرەکەتە. هەر لەو ئەفسانەیەو لە ناوی میتراوە دوو وشەی "مێرگ (مێهر+گ)" و "مەزرا (میثرا یان مەثرا)" داکەوتن. وشەی میترا بە شێوەگەلی: میثرا، میترا، مەتەرا، مێهرا، مێهر، مێر، میر و رەنگە شێوەگەلی دیکەش تۆمار کراوە:

مێرگ: چیمەن، گیاجاڕ (هەنبانە بۆرینە)

مەزرا: کێڵگە، موچە، جێگەی شت لێ چاندن

میترا/میثرا/مەثرا، مەزرا

کورد نابێ سڵ لەو وشانەی خۆی بکاتەوە کە دەروجیرانەکانی وەریان گرتوە و بەرگی خۆیان بە بەردا کردوە. بۆ وێنە عەرەب وشەی مەزرایان کردۆتە "مزرعە" و لەوەشەوە بنەمای "زرع "یان بۆ داتاشیوە. بەڵام ئەمە نابێ فریومان بدا کە بنەمای مەزرا، درعی عەرەبییە. ئەمە راست نییە.

مێهر یان میترا گەلێک وشەی دیکەی لە زمانی کوردیدا لێ کەوتۆتەوە کە رەنگە بۆ ئەم بابەتە گونجاو نەبێ زیاتری لە سەر بدوێم. بەڵام سەبارەت بە وشەی "مێهر" و مێهرەبان"، ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بە هۆی ئەو گۆڕانەی لە گۆ کردنیدا هەیە، واتای جیاوازی لێ کەوتۆتەوە. ئەویش شێوەی گۆ کردنی بە "مێر" یان "میر"ە.

مێر بە هەڵە واتای "پیاو"ی گرتوە. مێری کوردی و "مەرد"ی فارسی، لە وشەی میترا کەوتوونەوەو واتای جیاوازیان وەرگرتوە. تەنانەت "امیر"ی عەرەبیش هەر لە مێهر کەوتۆتەوە. ئەوەش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە:

یەکەم میترا بە پێی ئەو باوەڕەی لە سەرەوە ئاماژەی پێ کرا، سەرەتا دایک و بەو پێیەش ژن بووە. ئەمە بە پێی باوەڕی سەرەتایی مرۆڤەکان بۆ میترا بووە. دواتر ئەم باوەڕە بووە بە دین و داڕێژراوەتەوە. سەرەتا وەک مرۆڤێک کە ژن و پیاویی نادیار و ناگرینگە، پێشان دراوە. بەڵام دواتر و بە تایبەت لەو سەردەمەدا کە میترائیسم بەرەو رۆژئاوا گەشەی کردوە، میترا لە وێنەی کوڕە جحێڵەیەکی ئازادا خەریکی کوشتنەوەی گایە.

دووهەم؛ میترا خوای شەڕ و ئازایەتی بووەو ئازایەتیش پیاوان بە سفەتی خۆیانی دەزانن. هەروەها میترا خوای پەیمان و بەڵێنییەو لە کۆمەڵگای پیاوسالار دا ئەم پەیمان و بەڵێنییە وەک خسڵەتی پیاوانە چاوی لێ کراوە. بەم جۆرە مێر وەک سفەتی پیاوانە داکەوتووە. لەم مێرەش، کۆمەڵێک وشە داکەوتوون کە مێر و مەرد لەوانەن. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کە ژنان بە یەکجاری لە پەسنەکانی میترا بێبەری کراون. مێرێ و مرۆت (مێهر دۆت، کچی مێهر) لەو نموونانەن. بەڵام پشکی شێر هەر وا بۆ پیاوانە. وشەی مەردۆم لە مێهرتۆم، مێرتۆم بە واتای توخمی مێهر یان میترا کەوتوەتەوە. لە مەردۆمیشەوە، مەرد و مێرد بە واتای پیاو داکەوتوە. بەڵام سەرەڕای باوبوونی زیاتری وشەی مەرد لە ناو زمانی فارسی دا، وشەی مێهر بە واتای بەزەیی ماوەتەوە. ئەمەش هەمان پەسن و سفەتی بەزەییداری میترای سەرەتایە وەک دایکی مرۆڤایەتی. لێ کورد زیاتر باری ئازایەتی و مانەوە لە

سەر پەیمان و بەڵێنی لە میترائیسم وەرگرتوە کە نیشانەی گەشەکردن و پەرەگرتنی دواتری میترائیسم وەک دین لە ناو کوردان دایە. بوونی وشەی "بەزەیی"ش زیاتر هۆکار بووە کە وشەی مێهرەبانی لە ناو کورد دا بە شێوەی پێویست بە کار نەیە و وشەش لە بە کار بردن دا گەشە دەکا و لە سەر زمان و لە ناو زمان دا لە قالب دەدرێ.

سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٣ی جانێوێری ٢٠١٧

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

## «نا»یەک بە پانتایی ئێران بە کۆماری ئیسلامی لە ئێران

هەڵەیە ئەگەر پێمان وا بێ دەسەڵاتەکان بەدەر لە خواستی ڕێژەیی کۆمەڵگە و بەبێ بوونی پشتیوانی لە نێو خەڵکدا، دەتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە دەسەڵاتی خۆیان بدەن. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش لەو ڕاستییە بەدەر نیە. دەسەڵاتێک کە خۆی دەرەنجامی شۆڕشی بەرینی خەڵکە. شۆڕشێک کە وەک دەڵێن دەیزانی چی ناوێ و نەیدەزانی چی دەوێ. دەرەنجامی ئەم زانین و نەزانینە دەسەڵاتێکی تۆتالیتەری مەزهەبی بە ناوی کۆماری ئیسلامی بوو. دەسەڵاتێک کە ئەوە ماوەی نیزیک بە چل ساڵە لە مەزهەب بۆ ڕازیکردن، بێدەنگکردن، تاوانبارکردن و سەرەنجام سەرکوتکردنی خواست و ویستە سیاسی و بژێوییەکانی خەڵکی ئێران کەلک وەردەگرێ.

بە درێژایی نیزیک بە چوار دەیە تەمەنی ئەم ڕێژیمە، زۆر بەرخودان و بەرەنگاربوونەوەی ناوچەیی و هەرێمی بە مەبەستی پاشەکشە بە دیکتاتۆری و دەستەبەرکردنی بەشێک لە ماف و ئازادییەکانی نەتەوەیەکی بندەست یان سەرانسەری ئێران هاتوەتە ئاراوە. کوردستان، بلووچستان و ناوچە عەرەبییەکانی ئێران لەو هەرێمانە بوون کە بە درێژایی چل ساڵی ڕابردوو خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و بۆ دابینبوونی مافی نەتەوەیی لە هەر کام لەو

هەرێمانەدا کەم و زۆر بەردەوام بووە. بەڵام بە هۆی ناوچەیی بوونی خەباتەکەیان، نەیانتوانیوە دەسەڵات لە تاران بە چۆک دابێنن و بە لانیکەمی ماف و خواستەکانیان بگەن. لە پاڵ ئەم خەباتە ناوچەییانەدا، بە درێژایی چوار دەیە تەمەنی دەسەڵاتی ڕێژیمی مەزهەبی لە تاران، چوار سەرهەڵدان و ناڕەزایەتی لە ناوەندی ئەم وڵاتەشەوە سەریان هەڵداوە یان ناوەندی گرتووەتەوە کە دوایەمین و جیدیترینیان لە سەرەتای مانگی بەفرانباری ئەمساڵدا بوو.

یەکەم ناڕەزایەتی و سەرهەڵدانی گشتی لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویدا بوو. دوای ئەوەی خومەینی و ڕێبەرانی دیکەی نیزام پلانی لادانی بنی سەدر، یەکەم سەرکۆماری هەڵبژێردراوی خەڵکی ئێرانیان جێبەجێ کرد، هاوکات پلانی دەرکردنی موجاهیدینی خەڵقی ئێران لە دەسەڵات، گرتنی ڕێبەران و هەڵتەکاندنی تەشکیلاتەکەشیان دارشت؛ موجاهیدین بە هۆی ئەو تەشکیلاتە بەهێزەی کە هەیبوو، ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانی لە ناوەند و بەشێک لە شارەکانی دیکەی ئێران وەڕێ خست. شەڕ بۆ ماوەیەک شەقامەکانی تارانی گرتەوە، بەڵام دەسەڵات، سەرەڕای ئەو زیان و خەساری لە ئاکامی ئەو شەڕ و ناڕەزایەتییانەدا بەری کەوت، پاش ماوەیەک توانی دۆخەکە لە بەرژەوەندیی خۆیدا کۆنترۆڵ بکا.

پیاوانی ئایینیی دەسەڵاتبەدەست، بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ئایینی و هەڵخڕاندنی هەستی وەتەن پەرەستیی خەڵک دژ بە دەستدرێژیی عێراق بۆ سەر وڵاتەکەیان، توانیان سەرانسەری دەیەی شەست و تا نێوەڕاستەکانی حەفتای هەتاویش بێ ناڕەزایەتییەکی گشتی و ئاشکرا، حکومەت بەڕێوە بەرن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نەبوو کە خەڵکی ئێران لەو ڕێژیمە و لە ئاکار و کرداری ڕێبەرانی ڕازی بن. هەژاری و گرانی هەروا لە پەرەگرتن دابوو، بەشێکی بەرچاو لە داهاتی وڵات بۆ ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات تەرخان دەکرا، ئاڵقەی ماف و ئازادییەکانی خەڵک بەردەوام تەنگتر دەکرایەوە و حکومەت بە تەواوی دەستی خستبووە نێو ژیان و هەست و نەستی خەڵکەوە. هاوکات لە نێو دەسەڵاتدارانیشدا ململانێی دەسەڵات و ناکۆکی لە سەر چۆنیەتیی بەڕێوەبەریی وڵات لە ئارا دا بوو. دواجار ناڕەزایەتییەکانی خەڵک و ململانێکانی نێو دەسەڵات دەستیان بە دەستی یەک دا و بزووتنەوی ئیسلاحخوازی لە دایک بوو. پشتیوانیی خەڵک ئەم بزووتنەوەیەی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریی ساڵی ١٣٧6 و دوو ساڵ دواتر لە هەڵبژاردنەکانی پارلمانیشدا سەرخست. باڵی پاوانخواز لە زەینی خەڵکدا نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامیی دەکرد. ناڕەزایەتییەکان بەوەندە نەوەستان و لە پووشپەری

سەرچاوە Serchawe

١٣٧٨ دا خۆپێشـاندان و نـاڕەزایەتیی خوێنـدکارانی تـاران دژ بە داخسـتنی ڕۆژنـامەی «سـەلام» و دژ بە بەربەستکردنی ئەو نەختە ئازادییەی کە خەڵک لە ژێر چەتری ئیسلاحخوازیدا دەستەبەریان کردبوو، هاتە ئاراوە. بەڵام ئەم خۆپێشـاندان و ناڕەزایەتییـانە لەلایەن خەڵـکەوە بە کـردەوە پشـتیوانیی لـێ نەکـرا و تەنیـا وەک ناڕەزایەتییەکی خوێندکاری مایەوە. بەو هۆیەش خواستەکانی گشتگیر نەبوون و پەرەیان نەسەند. دەسەڵات بە توندترین شێوە ئەم ناڕەزایەتییانەی سەرکوت کرد. چەندان خوێندکار کوژران و ژمارەیەکی زۆریان لێ بریندار کرا و زیاتریشیان دەستبەسەر کران. بەڵام سەرکوتی بێبەزەییانەی ئەم ناڕەزایەتییانە هەتا ئێستاش وەک پەڵەیەکی شەرم بە ناوچەوانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانییەوە ماوەتەوە.

دە ساڵ دوای سەرکوتی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکـانی ناسراو بە «کوی دانیشگا»، سێهەم نـاڕەزایەتیی گشتی هاتە ئاراوە. لە درێژەی ململانێکانی نێـو دەسەڵات و لە ئاکـامی هەڵبژاردنەکـانی سـەرکۆماریی سـاڵی ١٣٨٨، دوای ئەوەی مەحموودی ئەحمەدی نەژاد بە پاڵپشتیی عەلی خامنەیی جارێکی دیکە بە بـراوەی هەڵبـژاردن ڕاگەیەنـدرا، کاندیـداکانی بەرەی ئیسـلاحات و خەڵکێکـی زۆر ئەمەیـان نەپەژرانـد. لە ئەنجامـدا خۆپێشـاندان و نـاڕەزایەتیی بەرین شەقامەکانی تـاران و بە ڕیـژەی کەمتـر، چەنـد شـاری گەورەی دیکەی ئێرانی گرتەوە. لە تەمەنـی کۆمـاری ئیسلامیدا، ئەم خۆپێشاندانانە بەرینترین خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی بوون. حەشیمەتی زۆر تێیاندا بەشداری کـرد و ماوەی نیزیک بە حەوت مانگی خایاند. بەڵام خواستی ڕێبەرانی خۆپێشاندان کۆماری ئیسلامیی تێنەپەڕانـد و لە پێـداچوونەوە بە ئاکـامی دەنگەکـانی خەڵـک، واوەتـر نەچـوو. بەو هـۆیەش خۆپێشـاندانەکان نەک بـۆ شـار و ناوچەکانی دیکە پەلوپۆیان نەهاویشت و پەرەیان نەگرت، بەردەوام بەرەو کزی چوون و سەرەنجام کۆتاییان هـات. دەسەڵات لە ڕۆژی ٩ی بەفرانباری هەمان ساڵدا، خۆپێشاندانێکی حکومەتی ساز کرد و کۆتـایی ئەو خۆپێشـاندان و ناڕەزایەتییانەی ڕاگەیـاند. کۆتـایی ئەو خۆپێشـاندانانەش ئەوەنـدە بە لای دەسـەڵاتدارانەوە گرینـگ بـوو کە ڕۆژی ٩ی بەفرانباری ساڵانی دواتریش شانۆی خۆپێشاندانی بۆ دووپات دەکردەوە. لە هەشتەمین ساڵی خۆئامادەکردن بـۆ نیشاندانەوەی ئەم شانۆی خۆپێشاندانانەشدا بوو کە چوارمین خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیی بەرینی خەڵکی ئێران دژ بە دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی هـاتە ئـاراوە. خۆپێشـاندانێک کە هاوپێوەنـدیی لەگەڵ هیچکـام لە خۆپێشـاندان و ناڕەزایەتییەکـانی پێشـوودا نەبـوو. گەرچـی لە سـاڵەوەختی سـەرکوتی خۆپێشـاندانەکانی ناسـراو بە بـزووتنەوەی سـەوزدا بـوو، بەڵام کەمتـرین ئامـاژە بەو بـزووتنەوەیە و ئامانجەکـانی لە دروشـم و هێمـای ناڕەزایەتییەکـانی بەفرانباری ٩٦ دا نەبوو. گەرچی خوێندکاران هەر زوو کەوتنە بەر شاڵاوی گرتن، بەڵام زانسـتگا و زانکۆکـان ڕۆڵ

و دەوری بەرچاویان لەو خۆپێشاندانانەدا نەبوو. گەرچی وەک ڕێکخەرانی خۆپێشاندانی جۆزەردانی ١٣٦٠ خوازیاری نەمان و ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوون بەڵام خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەک نەبوو کە حیزب و لایەنێکی تایبەت ڕێکی خستبێ یان لە پێناو حیزب، ڕێکخراو یا ئیدئۆلۆژیەکی تایبەتدا سەری هەڵدابێ. خۆپێشاندانێک بوو کە هەڵگری نەخشەی سیاسیی ئێرانی داهاتوو بوو. ئێرانێک کە بیر و بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان بتوانن لە پاڵ یەکتردا درێژە بە تێکۆشانی خۆیان بدەن. ئێرانێک کە هی یەک نەتەوە و یەک ئایین نییە، سامانی وڵات بێ جیاوازی و هەڵاواردن دابەش دەکرێ و هەژاران و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەشی خۆیان لە سامانی زۆر و زەبەندی ئەو وڵاتە پێ دەبڕێ. ئاماژەکان وایان نیشان دا کە باڵی ئوسولگەرا دژ بە دەوڵەت چەخماخەی ئەم خۆپێشاندانانەی لێدا، بەڵام خۆپێشاندەران زۆر زوو عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و هێمای نیزام و ئەو جەناحەی دەسەڵاتیان کردە ئامانج. لەو لاوە ئیسلاح تەڵەبانیش سەرەڕای هەڵوێستی هاوشێوەیان دژ بە خۆپێشاندەران، لە ڕۆژانی دواتردا هەوڵیان دا بە جۆرێک خۆ لەو خۆپێشاندانانەدا بدۆزنەوە و دژ بە باڵەکەی دیکە کەلکی لێ وەرگرن. بەڵام کەمترین دروشمی لاگری لە دەوڵەت یان لە ڕیفۆرمخوازان لە خۆپێشاندانەکاندا نەبوو. بەوەش خۆپێشاندەران ئەو پەیامەیان گەیاند کە ئەگەر لە هەڵبژاردندا دەنگ بە کاندیدی ئیسلاحخواز دراوە، بەو ئامانجە بووە کە لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆر پاشەکشەی پێ بکرێ نەک هەڵبژێردراو دوای دەنگوەرگرتن ئاوا ببێتەوە بە بەشێک لە دەسەڵات دیکتاتۆر.

سەرهەڵدانی بەفرانباری ٩٦ لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بوو. لە باری جوغرافیاییەوە زۆر زوو سەرانسەری ئێرانی تەنییەوە. ئیدیعای حکومەتی خودایی دایە بەر گەپ. لە زۆر شار و ناوچەدا نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان شانبەشانی یەکتر دروشمی نا دژ بە باڵەکەی دیکە کەلکی لێ وەرگرن. بەڵام کەمترین دروشمی لاگری لە دەوڵەت یان لە ڕیفۆرمخوازان لە خۆپێشاندانەکاندا نەبوو. بەوەش خۆپێشاندەران ئەو پەیامەیان گەیاند کە ئەگەر لە هەڵبژاردندا دەنگ بە کاندیدی ئیسلاحخواز دراوە، بەو ئامانجە بووە کە لەو ڕێگەیەوە دەسەڵاتی دیکتاتۆر پاشەکشەی پێ بکرێ نەک هەڵبژێردراو دوای دەنگوەرگرتن ئاوا ببێتەوە بە بەشێک لە دەسەڵات دیکتاتۆر.

سەرهەڵدانی بەفرانباری ٩٦ لە زۆر بواردا ڕچەشکێن بوو. لە باری جوغرافیاییەوە زۆر زوو سەرانسەری ئێرانی تەنییەوە. ئیدیعای حکومەتی خودایی دایە بەر گەپ. لە زۆر شار و ناوچەدا نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان شانبەشانی یەکتر دروشمینا بۆ دیکتاتۆرییان گوتەوە. دروشمەکان زۆر زوو باری خۆپارێزییان تێپەڕ کرد و لوتکەی

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییان کردە ئامانج. بە پێچەوانەی ئیدیعای چل ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی کە خۆی بە نوێنەری هەژاران و موستەزعەفان لە قەڵەم دەدا، هەژاران و چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەشدارانی هەرە سەرەکیی ئەو خۆپێشاندانانە بوون. ئەو چین و توێژانەی کە ئامادەیی زیاتریان هەیە تا لە پێناو ئامانجەکانیاندا خەسار و تێچووی خەباتەکەیان بدەن. بەڵام سەرهەڵدانەکە بێ کەمایەسیش نەبوو. وەک چۆن بزووتنەوەی سەوز بە چینی مامناوەند و بە بێ بەشداریی چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە نەیتوانی ئامانج بپێکێ، لەم خۆپێشاندانانەشدا چینی مامناوەندی کەمتر تێکەڵ بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان بوو. سەرەڕای ئەمە، کەمایەسیی هەرە گەورەی ئەم بزووتنەوە گۆڕانخوازە، نەبوونی ڕێبەر و ڕێبەرییە. ئەم بزووتنەوەیە هەرچەندی ئامادە بێ تێچووی خەبات بدا بەڵام ئاستەمە لە ژێر زەبروزەنگی دەسەڵاتی سەرکوتکەردا بتوانێ ڕێبەریی شۆڕشەکەی خۆی بگرێتە دەست و بە سەختی دەتوانێ لە نێو خۆیدا ڕێبەر و ئاڵترناتیڤ بۆ دوای ڕووخانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ساز بکا. هەر بۆیەش لە کاتی خۆپێشاندانەکاندا درووشمی بێ واتای سەڵتەنەتخوازی یان ڕەحمەت ناردن بۆ ڕەزا شا و شتی لەو بابەتە دەبیسترا. ئەمە ئەگەر بەشێکی بۆ قەڵسەگێڕان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوو، ئەو پەیامەشی گەیاند کە ئەم نارەزایەتییە لە ڕێبەر دەگەڕێ و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی کۆماری ئیسلامیش نەیانتوانیوە لە زەینی خەڵکدا ببن بە جێگرەوە و ئاڵترناتیڤێکی جیدی. ئەمە یەک لەو فاکتەرانە بوو کە خۆپێشاندانەکانی ئەمجارە نەیانتوانی زیاتر درێژە بکێشن. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە کۆتاییان هاتووە.

لە ڕاستیدا ئەوەی لە ماوەی یەک حەتووی ئەو خۆپێشاندانانەدا ڕاگەیەندرا، «نا»یەکی گەورە و سەراسەری بە کۆماری ئیسلامی بوو. بۆ یەکەمجار خەڵکی شارە گەورە و بچووکەکانی ئێران، بە چین و توێژی جیاواز، بە ئایین و ئایینزای جیاواز و بە نەتەوەی جۆراوجۆر، مەترسیی گرتن، زیندان و کوشتنیان بە گیان کڕی تا درووشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر بڵێنەوە و «نا» بە کۆماری ئیسلامی بڵێن. ئەوان هاتن تا بەو ڕێژیمە و بە دژبەرانی ئەم ڕێژیمە رابگەیەنن کە کۆماری ئیسلامییان ناوێ. سروشتییە کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان زۆر درەنگ دەنگی خەڵک دەبیسن یان تا لێواری مەرگ نایبیسن بەڵام ئەوەی لەم نێوەدا دەبێ پەیامی ئەو خۆپێشاندانانە ببیسێ، ئۆپۆزیسیۆن و ڕێبەرانی دژبەری کۆماری ئیسلامین. ئەوان ئەگەر دەیانهەوێ ئەم ڕێژیمە بڕوا، ئێستا کاتی ئەوەیە وەخۆ بێنەوە و یەکتر بدۆزنەوە. دڵنیاکردنی کۆمەڵانی ناڕازیی خەڵکی ئێران لە ئاڵترناتیڤێکی جیدی و لە هەمان کاتدا دێموکراتیک و گشتگیر، ئێستا لە هەموو کات زیاتر ئازادیخوازانی ئێران لە ئامانجەکانیان نیزیک دەکاتەوە.

ئاڵترناتیڤێکی دێموکرات کە بەرنامەی بۆ دابینکردنی مافی هەژاران، نەتەوە بندەستەکان، ژنان، ئایین و ئایینزاکان و سەرجەم جیاوازییەکانی کۆمەڵگا هەبێ، باشترین یارمەتیدەر و پەرەپێدەری ئەو نا گوتن و نارەزایەتییانەی خەڵکی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

(لە ژمارەی ٧١٨ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢١ی جانێوێری ٢٠١٨

## کاک مستەفا هیجری و تەرحێک بۆ یەکنەگرتنەوە

سەرەنجام حدکا کۆنگرەی خۆی بەست و بە پێچەوانەی هێندێک چاوەڕوانی، نەک ڕێگای بۆ یەکگرتنەوە خۆش نەکرد تەنانەت دیوار و بەربەستی زۆر گەورەشی لە بەردەم هەیئەتەکانی دانوستانی دوو لایەن دا هەڵچنی. ئەویش گۆڕینی چارتی ڕێکخراوەیی حدکا بوو بە پێی پلانێک کە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ بوو کەسی یەکەمی ئەو حیزبە کاری بۆ دەکرد. ئامانجەکانی بەڕیز مستەفا هیجری لە هێنانی ئەو تەرحە و گۆڕینی سیستمی بەڕیوەبەریی حیزبەکە ئەوانەی خوارەوە بوون:

١- دوای لەتبوون، مستەفا هیجری بەردەوام داوای دەکرد حدک لە باری ناو و ناوەرۆکەوە لە حدکا دوور بکەوێتەوە تا ئیمکانی یەکگرتنەوەی دوو لایەن هەرچی کاڵ و کاڵتر بێتەوە. بەڵام حدک جوابی نەدایەوە و کەمترین گۆڕانی لە خۆی دا پێکهێنا. بۆیەش بەڕێز هیجری کە لەو لا بە ئامانج نەگەیشت، ناچار بوو بۆخۆی لە حیزبەکەی خۆی دا ئەو کارە بکا. ئەگەر تەمەن مەودای بدا و بۆی بلوێ، بە ئەگەری زۆر لە کۆنگرەی داهاتوو دا گۆڕینی ناوی حدکا یەک لە ئامانجەکانی دەبێ.

٢- دوور بوونەوە لە حدک تەنیا ئامانجی هیجری بۆ گۆڕینی سیستمی بەڕیوەبەریی حدکا نەبوو. ئەو بە پێی ئەو سیستمە نوێیە، لە حدکا دا دەسەڵاتی زیاتر لە دەستی خۆی دا کۆ دەکاتەوە و رەنگە بتوانێ ئاسانتر زەمینە بۆ

ئەو گۆڕانکاریانەش خۆش بکا کە لە دوا کۆنگرە دا پێی نەگەیشت. ئەو هەروەها دەبێ بە یەکەم لێپرسراوی گشتی لە حدکا دا و پێی وایە بەو کارەی مێژووی نوێی حدکا لەوەوە دەست پێ دەکا. ئەمە تایبەتمەندیی بەشێک لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتە کە هیندەی هەوڵ دەدەن لە دۆخێکی باش دا بمرن و ناوی گەورە لە خۆیان بە جێ بێڵن، ئەوەندە لە پێناو ئامانجەکانی نەتەوە و حیزبەکەیان دا هەوڵ نادەن.

٣- پرسی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات لەم چەند ساڵەی دوایی دا لە لایەن خەڵکەوە پێداگریی زۆری لە سەرە و لە حدکاش دا لاگری زۆرە. هیجری کە پێشتریش بە نووسینی کتێب، بە موساحبە و هێرش بۆ سەر حدک و کەسایەتیەکانی، چەتی خستبووە سەر ڕێگای یەکگرتنەوە، بیری لە بەربەستێکی گەورەتر لە بەردەم یەکگرتنەوە دا کردەوە. سەرەنجام بە یارمەتیی کەسانی دیکە کە بەشێکیان سەر بە دەزگا جاسووسیەکانی ناوچەن، بەوە گەیی کە لەوە باشتر نییە ئەگەر ئەو بەربەستە بە ناوی ڕێگا خۆش کردن بۆ راسان و شۆرشگێڕی و پێشمەرگە و تەقە کردن و چالاکی نیزامیەوە بکرێ کە خەڵکێکی زۆر پێیان تینوویە. راسان و شەهید دان هەم لاگری بۆ سەرخستنی تەرحەکە زیاد کرد و هەم باری پیرۆزیی بە ئامانجە رواڵەتیەکەی ئەو گۆڕانە دا.

٤- لەوە بە دوا یەک لە گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم لێژنەکانی دانوستانی دوو لایەن ئەوەیە کە ئەگەر یەکیان گرتەوە بە پێی ئەو سیستمە سازمانییە یەک بگرنەوە کە حدکا هەیەتی یان هەمان سیستمە کۆنەکە بێ کە حدک کاری پێ دەکا. وەلانانی هەر کام لەو دوانە بۆ هەر دوو لا کارێکی زۆر ئەستەمە. ئەگەر حدکاییەکان سیستمەکەی خۆیان لابەرن ئەوە دژی کۆنگرەکەی خۆیان و دژی لێپرساوە گشتییەکەیان وەستاونەتەوە و ئەگەر حدک هی خۆی لابەرێ، ئەوە حیزب و نیوێک تەسلیمی خواستی یەک کەس بووە.

٥- نەک هەر سیستمی ڕێکخراوەیی بەڵکو لێپرسراوی گشتی بۆخۆشی یەک لە بابەتە گرینگەکانی یەکگرتنەوە دەبێ. بەڕێز هیجری هەڵبژێردراوی کۆنگرەیە کە ناکرێ لاببردرێ. ئەگەر حدک بە سیستمی ڕێکخراوەیی حدکا رازی بێ ئەوە دەبێ لێپرسراوی گشتیش وەک کەسی یەکەم قەبووڵ بکا و بچێتە ژێر فەرماندەیی ئەوەوە. لێپرسراوی گشتیش بۆخۆی بڕیار دەدا کە کێ لە کوێ دابنێ و کێ لابا و کێ دەربکا..ئەوەش هەمان بوون بە ئەو چەترەیە کە بە هۆی ئەو تەرحەوە ئیدیعای دەکا

لە خۆڕا نەبوو کە بەڕێز هیجری بەر لە کۆنگرە لە وتووێژێک دا ئیدیعای کرد حدک هەم سکرتێریی منی قەبووڵ کردوە و هەم ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر لێی پەشیمان نەبنەوە! هەر لە پاڵ ئەمانە دا بابەتی بە رەسمی ناسینی حدکی هێنا ئاراوە کە هەم دەیزانی دەنگ ناهێنێ و هەمیش بۆ ئەوەی بە هۆی تەرحەکەی بە سازکردنی بەربەست بۆ یەکگرتنەوە تاوانبار نەکرێ

## کاک مستەفا هیجری و تەرحێک بۆ یەکنەگرتنەوە ٢

حدک هەر لەو رۆژەوە کە بەیاننامەی "ملدان بە لەتبوونی" بڵاو کردەوە، بانگەوازی یەکگرتنەوەشی دەست پێ کرد. لە ماوەی یازدە ساڵی رابردوو دا هەڵگرتنی ئەو درووشمە یان بەدواداچوون بۆ ئەو ئامانجە کۆمەڵێک زیان و قازانجی بۆ حدک هەبووە. قازانجەکانی دەتوانن ئەوانە بن:

١- پاشەکشەی بە توندوتیژی و زمانی زبری حدکا کردوە و بە رێژەیەک توانیویەتی فەزایەکی سیاسیی سالمتر لە گۆڕەپانی سیاسیی رۆژهەڵاتی کوردستان بێنێتە ئاراوە.
٢- سۆزی خەڵک و یەکگرتووخوازانی بۆ لای خۆی راکێشاوە و کردوویەتی بە پێوانەیەک بۆ درووستی سیاسەتەکانی خۆی و کەم خەتایی لە لەتبوون دا.
٣- مەوزوعی یەکگرتنەوەی هاویشتووەتە ناو ماڵی حدکا و ئەوانی لە سەر ئەم بابەتە ئاڵۆز کردوە.
٤- بە گشتی توانیویەتی مەوزوعی یەکگرتن وەک سیاسەتی خۆی بکا بە مەوزوعێکی گشتگیر و بەو هۆیەوە حدکا بخاتە ژێر گوشارەوە.

### بەڵام لە بەرامبەر ئەو قازانجانە دا بە هۆی ئەو سیاسەتە زیانیشی لێ کەوتووە:

١- بێ باوەڕی و متمانە بە خۆ نەبوونی لە ناو ریزەکانی خۆی دا پەرە پێ داوە.
٢- ئەندامەکان تەنانەت لە ئاستی هەرە سەرەوەش دا خۆی بۆ ماندوو ناکەن و چاوەڕوانن حیزبەکە ببێتەوە بە یەک و لە کۆڵیان بێتەوە.
٣- لە دەرەوە خەڵک وەک حیزبێکی جیدی مامەڵەی لە گەڵ ناکەن و وەک لەتێکی فەرعی لە حدکا دەیبین. بەردەوام چاوەڕوانن لە گەڵ حدکا یەک بگرێتەوە و کۆتایی پێ بێ.

بە گشتی هەردوو لایەنی حدک و حدکا بە هۆی مەوزوعی یەکگرتنەوە، سیاسەتیان لە گەڵ یەکتر کردوە. واتە یەکگرتنەوە زیاتر لەوە کە بۆ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات و یەکخستنەوەی ناو ماڵی ئەو حیزبە بێ، دەسکەلای سیاسەت و لاواز کردنی ئەویدیکەیە. لەو نێوەدا حدک لە باری زەمانیەوە ماوەیەکی درێژتر و حدکاش بە رادەیەکی دەقیقتر کەلکیان لەو سیاسەتە وەرگرتوە. ئەگەر هەڵسەنگاندنێکیش بۆ رادەی قازانج و زیانی هەر کام لەو دوو لایەنە بکەین، ئەوە حدکا زیاتر سیاسەتی لاواز کردن و داوەراندنی ریزەکانی حدک ی گرتوەتە بەر و حدک هەوڵیداوە لە ئاستی بیروڕای گشتی دا حدکای پێ لاواز بکا. هەر دووشیان تا رادەیەک لە سیاسەتی خۆیان دا سەرکەوتوو بوون. لە دانوستانەکانیش دا دوو لایەن بەو ئاراستەیە دا چوون. حدک هەوڵیداوە بە نەرمی نواندن و قەبووڵ کردنی هێندێک شتی گرینگی حدکا، سەرنجی بیروڕای گشتی راکێشێ و حدکاش بەو ئیمتیازانە هەوڵیداوە ریزەکانی حدک سارد بکاتەوە. هاوکات هەردوو لا دەرەنجامی پێچەوانەشیان لە سیاسەتەکەی خۆیان چنیوەتەوە. واتە حدک بە هۆی سیاسەتی یەکگرتووخوازانەی لە ئاستی بیروڕای گشتیش دا زیانبار بووە و حدکاش بە هۆی سیاسەتی خۆی لە حاند یەکگرتنەوە، لە ریزەکانی دا تووشی دڵساردی و داوەرین هاتووە. بەڵام سەرکەوتنی تەرحەکەی کاک مستەفا و گۆڕانی چارتی رێکخراوەیی حدکا فەسڵێکی نوێی لە سەر پرسی یەکگرتنەوە هەڵداوەتەوە. فەسڵێک کە پێشکەوتن لە مەوزوعی یەکگرتنەوە بە پێی میروولە دەبێ. مەگەر لەو دوو حاڵەتەی خوارەوە دا:

١- حدک رازی بە سیستمی نوێی بەڕێوەبەریی حدکا بێ و لێپرسراوی گشتی قەبووڵ بکا و خۆ بداتە دەست قەزا و قەدەری کاک مستەفا.

٢- ئامانجی دژە یەکگرتنەوەی تەرحەکە لە قاو بدا و لە گەڵ نارازییانی ناو حدکا دژ بەو تەرحە یەکدەنگ و هاوهەڵوێست بێ.

من پێم وایە خاڵی یەکەم بۆ حدک تەنانەت بە نارازیانی ناو حدکاشەوە، خۆکوژییە. لە بەرامبەر دا کار کردن لە سەر خاڵی دووهەم دەرفەتی لە بار بۆ حدک و ئەگەر سەرکەوتوو بێ، بۆ یەکگرتنەوە و بۆ کۆی حیزبی دێموکرات پێک دێنێ. بەڵام ئەو کارە بە دمبەدمە لە ئاستی خوارەوە و لە ناو ئەندامان دا ناکرێ. دەبێ لە ئاستی رەسمی بۆ نموونە بە شێوەی ئەوەی کە لە وڵامی دیمانەکەی کاک مستەفا هیجری دا کرا، بکرێ. دەبێ ماهیەتی یەکگرتن نەخوازانەی ئەو تەرحە و ئەو گۆڕانی سیستمی رێکخراوەییە بۆ خەڵک روون بکرێتەوە. هەمان کار کە بەڕێز عەلی

مێهرپەروەر لە سبەینێی کۆتایی کۆنگرە دا لە قاوی دا. ئەم کارە هەم گوشار بۆ سەر لاگرانی سیستمی نوێ زیاد دەکا و هەم دەرفەت بۆ دژبەرانی لە ناو حدکا دا پەرە پێ دەدا. لە گەڵ دەسپێکی ئەم سیاسەتە، حدک نەک نابێ لە دانوستانەکان دا ئیمتیاز بدا بەڵکو دەتوانێ زیاتر وەرگرێ. هاوکات هەموو شتی خۆی بۆ دوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی نوێی حدکا و لابردنی سیستمی کۆکردنەوەی دەسەلات لە دەست یەک کەس دا، هەڵگرێ.

بەڵام زامنی سەرکەوتنی ئەو سیاسەتە ئەوەیە کە حدک بە زووترین کات کۆنفرانسێکی حیزبی بگرێ. تێیدا رێبەرییەکەی نوێ بکاتەوە، سیاسەتێکی روون بۆ داهاتووی تێکۆشانی خۆی دیاری بکا و لە باری سیاسی و تەبلیغیەوە بێتەوە سەر ئانتێن و لە باری کردەیی بە تایبەت لە تێکۆشانی پێشمەرگانە دا نەک نەهێڵێ بە جێ بمێنێ، بەڵکو ببێتەوە بە پێشەنگ.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٧ی فێبریوێری ٢٠١٨

---

## داهاتووی جووڵەی چەکداریی پێشمەرگەی رۆژهەڵات لە نۆژەن کردنەوەی پێوەندیەکانی نێوان ئێران و حکومەتی هەرێمی کوردستان دا:




١- بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتێک دا سەردانی ئێرانیان کرد کە لە پێگەیەکی زۆر لاوازی ناوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی دان. ئەم سەردانە دوای شکستی کوردی باشوور لە کەرکووک و شکست لە بەرەوپێش بردنی ئاکامی ریفراندۆمی سەربەخۆیی دا ئەنجام درا و ئێران رۆڵی سەرەکی لەو شکست و شکاندنەی کورد دا هەبوو.

٢- دوای شکستی چەکداری - سیاسیی کورد لە ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٧، کورد لە باشوور هاتووەتە سەر ئەو باوەڕە کە پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی خۆی دا بکا. ئەم پێداچوونەوەیەش پێش هەر شت ئەوەیە کە لە پێوەندیەکانی دا خۆی تەنیا بە یەک لایەن و یەک جەهەت نەبەستێتەوە. ڕۆڵی دۆستانی کورد لە تورکیا، ئەمریکا و تەنانەت سعودیەش لە شکستدانی کوردەکان هێندە کەمتر لە ڕۆڵی ئێران نەبوو.

٣- ئامانجی سەرەکیی سەردانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران نۆژەن کردنەوەی پێوەندی لە گەڵ ئێرانە کە لە ئەنجامی ریفراندۆم و دواتر لە گیرانەوەی کەرکووک دا ئاداری بە سەر پاداریەوە نەماوە. وا دیارە کوردەکان زیاتر لە لایەنی ئێرانی هەست بە پێویستیی ئەو نۆژەن کردنەوەیە دەکەن. ئەمەش ئەوان هێندەی دیکە دەخاتە پێگەی لاوازەوە.

٤- یەکەم قسەی ئێرانیەکان لە دیدار لە گەڵ کوردەکان، جەخت کردنەوە لە سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق بوو. لایەنی هەرێمی کوردستان لە دۆخێک دا نییە کە بتوانێ قسە لەو قسەیەدا بکا. تەنانەت بە ئاشکرا ڕایانگەیاند کە ویستی ئەوانیش "عێراقێکی یەکپارچە و یەکگرتوویە و هەموان دەبێ پێمل بە دەستووری بنەڕەتی ئەو وڵاتە بن". بەڵام ئێرانیەکانیش دەزانن کە کوردەکان لانیکەم جارێ لە دۆخێک دا نین کە دەست بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم یەکپارچەییەی خاکی عێراق بەرن. هەر بۆیە مامەڵە لە سەر ئەوە ناکەن.

٥- بە پێی قسەکانی سەرۆکی شورای ئەمنیەتی ئێران، بابەتی پێشگرتن لە چالاکیی چەکدارانەی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات یەک لە بابەتە سەرەکیەکانی ئەو دیدارە بووە. ئەوەش بابەتی سەرەکی بۆ سات و سەودایە. بە پێی قسەکانی شەمخانی، ئێرانیەکان تەنانەت ڕوومالی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تلویزیۆنەکانی باشووری کوردستانیشیان لە سەر بەرپرسانی حکومەتی هەرێم کردوە بە ماڵ.

ئەوەی کە دەبێ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات نیگەران بکا نە نەفسی دیدار و سەردانی بەرپرسانی حکومەتی هەرێم بۆ لای بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ئاسایی کردنەوەی پێوەندیەکانی نێوانیان بەڵکو دۆخی لاوازی ئەوان لە مامەڵە لە گەڵ ئێرانە. بارزانیی سێهەم (نێچیروان) و تاڵەبانیی دووهەم (قوباد) کە بە ناچاری و لە ژێر

گەمارۆیەکی هەرێمی دا خەریکن پێوەندیەکانیان لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران نۆژەن بکەنەوە بە دڵنیاییەوە هیندەی بارزانیی دووهەم و تاڵەبانیی یەکەم شارەزای فرتوفێڵی ئێرانیەکان نین. ئێرانیەکانیش کە هەمیشە هەوڵیان داوە زیاترین ئیمتیاز لە کوردەکان دژ بە کوردەکان وەرگرن، ئیستا لە هەموو کات زیاتر بە لەبار دەبینن تا خواستەکانی خۆیان بە سەر بەرپرسانی باشوور دا بسەپێنن. بەربەست کردنی چالاکیی پێشمەرگەی رۆژهەڵات لە قۆناخی یەکەم دا ئامانجی سەرەکیی کۆماریی ئیسلامییە بەڵام لە قۆناخی دواتر و گەورەتر دا چەک کردن و دەرکردنی حیزبەکانی رۆژهەڵات ستراتژی ئەم رێژیمەیە. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەم ساڵانەی دوایی دا بە ئاشکرا رایانگەیاندوە کە ئەوەی ئێستا و لە داهاتوو دا هەڕەشە لە دەسەڵاتەکەیان دەکا، هەروا لە رۆژئاوا و لە باکووری رۆژئاوای ئێرانەوەیە. سروشتیە ئەگەر بە چەک کردنی پێشمەرگە یا دەرکردنی حیزبەکانی رۆژهەڵات هەوڵی راماڵینی ئەو مەترسییە لە سەر خۆیان بدەن.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - رێکەوتی: ٢٢ی جانێوێری ٢٠١٨

---

## قەبووڵ کردن کلیلی یەکگرتن و یەکگرتنەوە

گەورەترین نەقسی یەکگرتنەوەی پێشووی حیزبی دێموکرات ئەوە بوو کە نەیتوانی بە دەروازەی یەکتر قەبووڵ کردن دا تێپەڕێ. بە روونی حدکا سەرەڕای بڕیاری کۆنگرەکەی بۆ یەکگرتنەوە، ئامادە نەبوو حدکا - رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ قەبووڵ بکا. لە بیرمە پرسی یەکگرتنەوە تا چەند مانگ لە بەر خاتری گیومە پەکی کەوت. حدکا

تەنانەت لە بەیاننامەی یەکگرتنەوەش دا نەیدەویست نـاوی حدکا - ڕێبەرایەتـی شۆڕشگێڕ بێنـێ و ڕێگـای لەوەدا دۆزیبـۆوە کە نـاوی بەرامـبەرەکەی بچێـتە گیـومەوە. بـۆ ئەوەی نیشـانەی قەبـووڵ نەکـردن بە سـەر بەیاننـامەی یەکگرتنەوەش دا خـۆ بنـوێنێ. ئێمەش وەک ئەنـدامانی حدکا ئەرکـدار بـووین هاوکـات کە نـاوی ئەوان چیـدی بە ناتۆرەی "لادەر" نەهێنین، وەک خۆیان و وەک لایەنێک لە حیزبـی دێموکراتیش ناویـان نەهێنین. بـۆ ئەوەش نـاوی قۆڕی وەک برادەرانی دۆڵێ، برادەرانی دۆڵە رەقە و لە باشترین حـاڵەت دا برادەرانی ڕێبەرایەتـی لە سەر زاران بـوو. دەرەنجامە نێگەتیڤەکـانی ئەو سیاسـەتە و ئەو جۆرە یەکگرتنەوەیە زۆر بـوون کە لە سـەرووی هەمـوان دوای یەکگـرتنەوە، بەشـی زۆری بەدەنەی حـدکا - ڕێبەرایەتـی شۆڕشـگێڕ ئەم حیـزبە یەکگرتـوویەی بە حیزبـی خـۆی نەدەزانـی و بـۆی نـامۆ بـوو. لە چـاوی ئێمەی ئەنـدامانی حـدکاش دا کەم و زۆر ئەو هەسـتی نـامۆییە سـەبارەت بە ئەوان هەر هەبوو.

گەرەکمە بڵێم حدک بۆ تێکۆشانی خۆی پێویستی بەوە نییە کە حدکا بە رەسمیی بناسێ. حدک یا هەر ڕێکخراوێکی دیکە مەشروعیەتی خۆی لە ئەندامان، لاگران و دۆستانی خۆی وەردەگرێ کە حدک لەم بـارەوە هەژار نییە. بەڵام یەکتر قەبووڵ نەکردن بەربەستی هاوکاری و لەمپەری پەرەدان بە نیزیـک بـوونەوەوە و سـەرەنجام یەکگرتنەوەیە. بەو جۆرە کە لە دە ساڵی ڕابردووش دا بەربەست بووە. لە بەرامبەر دا بە رەسمی ناسین بە هەر ئامانجێک بکرێ، ڕێگا بۆ یەکگرتنەوە خۆش دەکا. وەک چۆن بە بێ بە رەسمی ناسین، یەکگرتنەوەیەکی ڕاستەقینە و سەرکەوتوو مسـۆگەر نـابێ. ناشـبێ لەوە نـیگەران بـین کە دوای ئەوەی حـدکا، حـدکی بە رەسـمی ناسـی، بەردێـک لە سـەر یەکگرتنەوە دادەنـدرێ. تـا ئەو دوو لایەنە ناویـان حیزبـی دێموکرات بـێ، نە خواسـتی یەکبـوون لە زمـان خەڵـک دەکەوێ و نە پێویستیی یەکگرتنەوە لە مێشکی خەڵک دەردەچێ.

ئیتر کەیفی خۆتانە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٣ی فێبریوێری ٢٠١٨

# نەتەوەیەکی دادخواز و ڕێبەرانی دادگەر

که لاپەڕەکانی تەمەنی کەم بەڵام بە نرخ و بە بایەخی کۆماری کوردستان هەڵ دەدەینەوە، سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی لاوانی دڵسۆز و ڕووناکبیر، مرۆڤ بە تەواوی هەست بەو ڕاستییە دەکا کە ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد تێکەڵ بەو بزووتنە سیاسییە نەبوایە و ڕێبەریی بزووتنەوەکەی بە دەستەوە نەگرتبا، ئاستەم بوو کۆماری کوردستان لە مێژوودا ئاوا تۆمار بکرێ و لە تاریکەسەلاتی مێژووی کورددا وەک گەوهەری شەوچرا، تاهەتایە بدرەوشێتەوە.

پێشەوا پێش ئەوەش کە تەڤلی ڕێکخراوێکی سیاسی بێ، ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی و جێی متمانەی خەڵک بوو. «ژێکاف»ییەکان پێشوەخت مەزنی، خۆشەویستی، نەتەوەپەروەری و نیشتماندۆستیی ئەو پیاوەیان ناسیبوو. دەرکیان بەوە کردبوو کە لەو هەلومەرجەدا پێویستە جڵەوی خەباتەکە ڕادەستی ئەو ڕێبەرە نەتەوەییە بکرێ. هەر بۆیە بڕیاریان دا چۆنی بۆیان دەکرێ هەوڵ بدەن قازی بۆ نێو ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەیان ڕابکێشن. ئەو قورسایی و متمانەیەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیبوو، لە لایەک دەرەنجامی میراتێک بوو کە لە باپیرانیەوە بۆی مابۆوە و لە لایەکی دیکە بەرهەمی کەسایەتیی ئەو وەک خۆی و ئەو متمانە و خۆشەویستییە بوو کە لە پلەی دادوەری و دادئەستێنیی خەڵکەکەیدا، دەستەبەری کردبوو. بەڵام گەیشتنی قازی و دادوەرێک بە پلەی ڕێبەریی خەڵک، لە نێو ئەو خەڵکەدا کە قازییان بە پێشەوای خۆیان هەڵبژارد، ڕەگی لە فەرهەنگ و لە ڕابردووی زۆر کۆنی ناوچەکە دایە و میراتێک بوو کە لە قووڵایی مێژووڕا بە وەچەی ئەو سەردەم گەیشتبوو.
لە ئۆستوورەی میترادا، کە میترائیسم بۆ سەردەمێکی درێژ ئاییني کۆنی دانیشتووانی بەشی هەرە زۆری کوردستان بوو، میترا دوای ئەوەی جیهانی ڕێکخست و ژیان لە سەر هەردی خوڵقاند، کاروباری بەڕێوەبردنی ئەم جیهانەی بە سەر چەند فریشتە یان مەلایکەتدا دابەش کرد و بۆخۆی وەک هێما و نموونەی بەرزی داد و عەداڵەت، سەرانسوێی کاروباری ئەوانی دەکرد تا ئەوان عادڵانە بە سەر خەڵکدا حوکم بکەن. لە ئۆستوورەکانی کورددا ئەگەر مەلایکەت یا خێوێک پەردەی داد و عەداڵەت بدڕێ، ئەوە لە گەڵ سزای میترای خودای عەداڵەت بەرەوڕوو دەبێتەوە. ڕوون نیە کە کۆمەڵی کوردەکان لە کەنگێوە ئەوەندەیان هەست بە زوڵم و زۆر کرد کە میترایان وەک خودای داد و عەداڵەت هەڵبژارد، بەڵام هەڵبژاردن و خۆشەویستیی زۆری ئەو نیشانەی ستەمی زۆر لە سەر خەڵک و، پێویستی

و ئۆگریی زۆری خەڵک بە دادگەر و دادئەستێنە.

میترا کەسایەتییەکی ئاسمانی و خوڵقاوی زەینی دادخوازانەی مرۆڤی کورد بوو، بەڵام لە ڕەوتی مێژوو، بە کردەوە، لە سەر هەرد و لەو هەرێمە، تووشی هەڵبژاردنی یەکەم ڕێبەر بە هەمان پێوانەی دادگەر و دادئەستێن دەبین. ئەویش دیاکۆ، بناخەدانەری دەوڵەتی میدیایە. هێرۆدۆت لەو بارەوە دەگێڕێتەوە: «لە نێو میدییەکاندا مرۆڤێکی وشیار و زیرەک بە ناوی دیاکۆ، کوڕی فەرائورت هاتە مەیدان. ناوبراو ئەو کاتە قازی بوو... دیاکۆ سەرەتا لە شارۆچکەکەی خۆی و دواتر لە سەرانسەری وڵاتدا بوو بە خاوەن ناو و ناوبانگ و ڕێز و حورمەت... تێکۆشانی ئەو ڕاست لەو سەردەمەدا بوو کە لە وڵاتی میدیادا بێسەرەوبەرەیی حاکم بوو... دیاکۆ دەیزانی کە ناهەقی، دوژمنی سەرەکیی حەق و ڕاستییە... میدییەکان کاتێک چاویان بە ئەخلاق و ڕەفتاری باشی ئەو کەوت، وەک قازیی خۆیان هەڵیانبژارد.»(١) بە وتەی هێرۆدۆت، دیاکۆ لە پلەی دادوەریدا ئەوەندە عادڵانە بڕیاری دەدا کە وای لێ هات خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەوە کێشە و ناکۆکییەکانی خۆیان بۆ لای ئەو دەبرد «چونکە دەیانزانی هەردوو لایەن دادگایی بەرهەق دەکرێن.»(٢) ئەم متمانە زۆرەی خەڵک سەرەنجام دیاکۆی بە پلەی هەرە بەرزی دەسەڵات گەیاند و لە لایەن گەورە و مەزنانی میدیاوە بە پاشای وڵات و بناخەدانەری پاشایانی ماد هەڵبژێردرا.

مێژووی نەنووسراو یان سڕاوە زۆر شتی لێ ون کرووین بەڵام ئەم ڕۆحی دادگەری و داخوازییە، بێ ئەوەی ئاگای لە مێژوو هەبێ، لە هەناوی مرۆڤی کورددا، بەردەوام بووە. کەریم خانی زەند کە هیچی لە پاشایانی دیکە کەم نەبوو، بە قەولی مامۆستا هەژار(٣) هەر چونکە کورد بوو، ئامادە نەبوو ناوی پاشا لە سەر خۆی دابنێ و خۆی وەک «وەکیل الرعایا» یان پارێزەری هەژاران دەناساند.

دادخوازیی نەتەوەیی و دادگەریی قازییەک، هەزاران ساڵ دوای هەڵبژێرانی دیاکۆی دادوەر بە یەکەم پاشای میدیا و سەدان ساڵ دوای خۆناساندن بە پارێزەری مافی هەژاران لە لایەن کەریمخانی زەند، لە نیوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە یەکیان گرتەوە. قازیی خۆشەویست و جێی متمانەی خەڵک، بوو بە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزب کۆماری کوردستانی دامەزراند و پێشەوا لە نێو پێشوازیی گەرموگوڕی خەڵکدا لە چوارچرای مەهاباد، بە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا. بەڵام ئەوە تەنیا قەزاوەت و دادوەری نەبوو کە پێشەوا نەک هەر ئەو سەردەم بەڵکوو هەتا ئێستاش لە زەینی مرۆڤی کورددا بە ڕێبەرێکی عادڵ و دادگەر

ماوەتەوە. لە ڕاستیدا پێوەندیی نێوان پێشەوا لە حاند دادگا بە سێ قۆناخ یان سێ بوار دابەش دەکرێ کە لە هەر سێیاندا کارنامەی سەربەرزانەی تۆمار کردوە:

*یەکەم؛* پێشەوا وەک قازی و دادوەر کە توانایی و عەدالەتگریی ئەو لە دادئەستێنی و یەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا خۆشەویستی و متمانەی زۆری خەڵک بۆ ئەوی لێ کەوتەوە. هەمان خۆشەویستی و متمانە کە بە میترا هەبوو یان دیاکۆ لەو کارەدا و لەو بوارەدا بۆخۆی دەستەبەر کرد. هەر ئەوە کە تا ئێستاش نەبیستراوە تۆمەتبار یان حەقخوراوێک لە ئەنجامی دادگایی و دادوەریی قازی محەممەد دڵمەند و بە گلەیی بووبێ، گەورەترین نیشانەی دادگەری و توانایی ئەو مرۆڤە لە یەکلایی کردنەوە و چارەسەری کێشەکانی خەڵک بووە.

*دووهەم؛* پێشەوا قازی محەممەد وەک سکالاکەر یان سکالا لێکراو. ئەویش لە کاتێکدا کە سەرۆک کۆماری کوردستان بوو. میرزا عەولای قازی دەگێڕێتەوە؛ «ئەو کات کە سەرۆک کۆمار بوو، ئەو هەمووە دەستی دەڕۆیی، باغێکی ترێی لە نیزیک باغی ساوا هەبوو کە باغەوانەکەی زوڵمی لێ دەکرد و کرێی نەدەدایە. پێشەوا لە دادگوستەریی کۆمار لە لای قازی کەریم شکایەتی لە کابرای باغەوان کرد کە باغەکەی لێ خواردوە و هیچی ناداتێ. کابراش دەیگوت خەرجم زۆر لێ کردوە و دەرینەهێناوەتەوە. لە ئاخریدا بە موساڵحە گوزەرا و کابرا شتێکی دا بە پێشەوا.»(٤) بە پێی گێڕانەوەی خاتوو رابیعە ناهید، باخەوان شکایەت لە پێشەوا دەکا و بەوە تۆمەتباری دەکا کە ویستوویەتی لێی بدا(٥). وێدەچێ هەردوو گێڕانەوە ڕاست بن. هەم پێشەوا شکایەتی لە کابرای باغەوان کردوە و هەم کابرای باغەوان بۆ دیفاع لە خۆی ئیدیعای کردوە کە پێشەوا خەریک بووە لێی بدا. بەڵام هەردوو گێڕانەوە ئەوە دەردەخەن کە پێشەوا لەگەڵ باخەوانەکەی کێشەی هەبووە و کێشەکەیان بردووەتە بەر دادگا. ئەمەش نیشان دەدا کە لە سایەی دەسەڵاتی قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستاندا، باخەوانێک دەخۆی ڕادیوە کە کرێ بە سەرۆک کۆمار نەدا، سەرۆک بۆ ئەستاندنی مافی خۆی لە جیاتی بەکارهێنانی زۆر، پەنا بۆ دادگا و یاسا ببا و لەوێش باخەوان بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا و تەنانەت تۆمەتی ئەوەش لە سەرکۆماری کوردستان بدا کە دەستی لێ هەڵێناوەتەوە و ویستوویەتی لێی بدا.

*سێیەم؛* پێشەوا وەک تۆمەتباری سیاسی لە بەردەم بێدادگای دەسەڵاتی حەمەڕەزاشادا. بێدادگایەک کە بە پێچەوانەی خواست و مەبەستی دەسەڵات، لە سای زانایی و ئازایی پێشەوای مەزندا، بوو بە شوێنی بەرگری لە

مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی کورد و بە مەیدانی دادگاییکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر. بە ڕادەیەک کە سەرەڕای دۆخی کپ و بێدەنگی سەردەم، هەواڵنێرانی سەر بە دەسەڵات نەیانتوانی ئەو ڕاستییە بشارنەوە. سەروان کیومەرسساڵح کە وەک هەواڵنێری ئەرتەش شاهیدی ڕەوتی دادگا بوو، لە بابەت بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی سەرۆک کۆماری کوردستان ئاوای نووسی: «من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازیدا وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەممەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردندا نەیدەزانی ترس چییە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.» سەروان شەریفی یەکی دیکە لە ئامادەبووانی دادگا دانی پێدانا کە «لە ڕاستیدا ئەوە پێشەوا بوو دادگای محاکەمە دەکرد». نەجەفقولیی پەسیان(٦) وتەکانی پێشەوا لە دادگای لەو چەند ڕستەیەدا کورت کردەوە و نووسێ: لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت؛ «من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیر کردووین..»

پێشەوا کە پیاوی یاسا و دادگا بوو، تا دوا هەناسەکانی ژیان لە بەرگری مافە نەتەوەییەکانی نەکەوت. ڕەنگە گرینگترین پەیامی ئەو لە پای سێدارەوە بە گوێی نەتەوەکەی و دوژمنانی نەتەوەکەی گەیی کە گوتی: «ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لە پێناو ڕزگاریی کوردستاندا پەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردستان»(٧)

-----

**سەرچاوەکان:**


١) هێرۆدۆت؛ مێژووی شەڕی پارسەکان – عەلی فەتحی لە یونانیەوە کردوویە بە کوردی

٢) هەمان سەرچاوە

٣) چێشتی مجێور

٤) وڵاتی من – بیرەوەریەکانی حاجی عەوڵای قازی

٥) وتووێژ لە گەڵ رابیعە ناهید – حەسەن قازی – ماڵپەڕی روانگە

٦) نجفقلی پسیان؛ از مهاباد خونین تا کرانەهای ارس

٧) شەریف فەلاح؛ ژیان و خەباتی پێشەوا قازی محەمەد سەرۆک کۆماری کوردستان

(لە ژمارەی ٧٢٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی ئەپریلی ٢٠١٨

---

## "زەرەری بۆ پەز نییە"



دۆستێکی خۆشەویستم سەبارەت بە ئیدیۆمی "زەرەری بۆ پەز نییە" پرسیاری لێ کردم و ئاوام وڵام دایەوە:

وەک دەزانی زۆربەی کورد مەڕدار بووە و ژیانی لە سەر شیر و خوری و پێست و گۆشتی ئەو گیاندارە بەستەزمانە سووڕاوە. بوون و مانی مرۆڤی کورد بە رادەیەک گرێدراوی پەز و مەڕ بووە کە هەموو رووداوێکی لە دەلاقەی قازانج و زیان بۆ مەڕەکانەوە دیتوە و بەو پێودانە هەڵیسەنگاندوە. هەر شتێک قازانجی بۆیان هەبووبێ، باش و ئەگەر زیانی پێگەیاندبن، ئەوە بە خراپی زانیوە. تا ئاستێک ئەگەر شتێک یا دیاردەیەک خەساری دیکەشی دابێ مادام زیانی بۆ مەڕەکان نەبووبێ، ئەوە بە لای باشدا هەڵسەنگێندراوە یان لانیکەم گوێیان نەداوەتێ.


زۆربەی ئەو پەند و قسە نەستەقانە چیرۆکێکی کورتیشیان لە گەڵ بووە. بۆ ئەوەی بیسەر بزانێ کە ئەو قسەیە لە کوێڕا هاتووە. ئەگەر پەندەکە قورس بووبێ ئەوە زۆر جار لە گەڵ هێنانەوەی قسەکە، کورتە چیرۆکەکەشیان

گێڕاوەتەوە بەڵام ئەگەر سووک و ڕەوان بووبێ و بیسەر و بەردەنگ بە ئاسانی لێی تێگەیشتبێ، ئەوە چیرۆکەکەی بەرەبەرە بەرەو فەرامۆشی و لە بیرچوونەوە چووە و پەند و قسە نەستەقەکە بە تەنێ ماوەتەوە. پێم وایە پەندی "زەرەری بۆ پەز نییە" لە بەشی سادە و ڕەوانی پەند و قسە نەستەقەکاندا پۆلێن دەکرێ. چونکە ئاوێتەی زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵگا بووە.

ئیدیۆمەکە زیاتر بۆ چۆنیەتی بەرەوڕوو بوونەوە و لە ڕاستیدا بەرەوڕوو نەبوونەوە لە حاند پێشهاتەکاندا دەگوترێ. واتە مرۆڤ هەموو شت لە دەلاقەی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە دەبینێ و بە پێوانەی بەرژەوەندیی خۆی هەڵیدەسەنگێنێ. لەو ڕوانگەوە، ڕووداو و پێشهاتەکان بە سەر چاک و خراپدا دابەش نابن بەڵکو ئاستی خاس و خراپییان بەوە بەستراونەوە کە چ قازانج یان زیانێکیان بۆ هەڵسەنگێنەر هەیە. بۆ وێنە کەسێک دووکانێکی هەیە، هەر شتێک کە ڕووی دا یان کە قەرارە ڕوو بدا، بەو پێوانەیەی هەڵدەسەنگێنێ کە ئاخۆ زیان لە دووکانەکەی ئەویش دەدا یان نا.

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٧ی ئەپریلی ٢٠١٨

## میترائیسم لە سەر جامی حەسەنلوو



حەسەنلوو ناوی گوندێکە کە لە ناوچەی سندووسی سەر بە شاری نەغەدە، لە داوێنی گۆلی ورمێ هەڵکەوتووە. دانیشتوانی گوندەکە سەر بە دوو نەتەوەی کورد و تورکی قەرەپەپاغن. ناوی گوندەکە هەر لە سندووس

کەوتووتەوە. بەشێک لەو شوێنانەی ناوی "حەسەن"یان تێدایە وەک حەسەناوای سنە بە سەرنجدان بە ناوی سنە، لە بنەڕەتدا سێن، سەن یا سان بوون کە ناوی سیمرغ، باڵندە ئەفسانەییەکە و باڵندەی تایبەتیی خودای بای میترایییە. ناوی سندووس لە گوێن ساینقەڵا، قوڵەسەن، سەنەندژ، قەڵاتی سنان و.. لە "سێن دژ" بە واتای قەڵای سێن یا قەڵای سیمرغ بە جێ ماوە.



لە پاڵ گوندی حەسەنلوودا تەپۆڵکێکی مێژوویی هەیە کە سەردەمانێک ناوەندێکی گرینگی مانایییەکان بووە. تەپۆڵکەکە لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم هەڵکۆڵانی کارناسانەی بۆ کرا و چەندان چینی نیشتەجێبوونی لێ تویژ کراوە. ئاسەواری سەیر و سەمەرەی وەک ئیسکلێتی دوو کەس لە ناو قەبرێکدا کە دەڵێی یەکتر ماچ دەکەن بە ناوی "ئەویندارانی حەسەنلوو" ناوبانگی جیهانیی وەرگرتووە، هۆدەیەک کە ژمارەیەکی زۆر ئیسکلێتی کچانی تازە پێگەیشتووی تێدا بوو و جامێکی زێڕین بە دەست کەسێکەوە کە خەنجەری دە پشتی چەقیوە و بە سەر جامەکەدا لە سەر دەم کەوتووە، دۆزراونەتەوە. هەروەها ژمارەیەکی زۆر کەلوپەلی بە نرخی مێژوویی لە گڵ و ئاسن و برۆنز تا زێڕی لێ دۆزراوەتەوە. گرینگترین و بە نرخترینی ئەو کەلوپەلانەش هەر ئەو قاپ یا جامە زێڕینەیە کە بە جامی حەسەنلوو ناسراوە. جامەکە لە کاتی کۆڵین و پشکنینی تەپۆڵکی حەسەنلوو، لە لایەن کەونارناسی ئەمریکایی رابێرت دایسۆن لە ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوی دۆزرایەوە. کەوتبووە ژێر ئەو پیاوەی کە لە کاتی گواستنەوەیدا بە سەریدا کەوتبوو. بەو هۆیەش قوپاوە و تا ئەم ساڵانەی دوایی هەر بە قوپاوی لە مۆزەخانەی ورمێ هەڵگیرابوو. کێشی ٩٥٠ گەرەم، بەرزایی ٢١ سانتیمەتر و پانایی ٢٥ سانتیمەترە کە مێژووی ١٢٠٠ ساڵ بەر لە زایینی بۆ خەملێندراوە. لە کێش و قەبارە و جنسی ئەم جامە گرینگتر، کۆمەڵێک وێنەی سەر جامەکەن کە تا ئێستا لێکۆڵەران خوێندنەوەی جۆراوجۆریان بۆ کردوە بەڵام نە بۆخۆیان لە خوێندنەوەکانیان دڵنیان و نە بە یەک خوێندنەوەی وەک یەک و ستاندارد گەیشتوون. بە گشتی نەخش و نیگاری سەر ئەم جامە تا ئێستا بە نەخوێندراوەیی ماوەتەوە.

لە سەرەوەی جامەکە سێ عارەبە سوار کە دوانیان عارەبەکەیان بە گیاندارێکی وەک ئێستر یا کەر رادەکێشرێ و کەسی پێشەوە عارەبەکەی لە گایەک یا دوو گا بەستووە، سێ کەس کە بە پێشوازی ئەو سێ سوارەوە هاتوون و یەکیان پیاڵەیەک ئاو یا شەرابی هێناوە و دوانەکەی دیکە هەر کامیان مەڕێکیان پێیە، لە خوار ئەوان باڵندەیەکی وەک هەڵۆ یا سیسارک ژنێکی لە کۆڵ ناوە، ژنێک کە هەوساری شێرێک بە دەستێکی و چرا یا قەندیلەیەک بە دەستەکەی دیکەیەوە، سێ خەنجەر، پیاوێکی ریشن کە جامێک ئاو یا شەرابی لە نیزیک تەختێکی بەتاڵ راگرتووە، پیاوێک شتێکی وەک دەسکێش یا کوتە ئاسنی بە دەستەوە و بەرەو گیاندارێک بە هەیکەلی ماسی یا مار کە سێ سەری درەوشەداری هەیە و مرۆڤێک تا سینگ لەو پەیکەرە دایە و بەرەوڕووی کابرای هێرشبەر بووەتەوە، لە خوارتر دوو پیاو مرۆڤێکی وەک دێویان دەستبەسەر کردوە، ژنێک منداڵێک رادەستی پیاوێک دەکا کە لە سەر تەختێک دانیشتووە و شتێکی بچووکی وەک چەکوچ یا تەشوێی پێیە، شێرێک کە وەرکەوتووە، ژنێک کە لە سەر پشتی بەرانێک راوەستاوە و جەستەی خۆی وەدەرخستووە و پیاوێکی کەماندار کە وێدەچێ پارێزەر یا پاسەوانی ئەو ژنە بێ، راوەستاوە. لە بن جامەکە چوارچێوەیەکی خانەخانە و شەترەنجی‌یە کە لە سەر هەر کام لە گۆشەکانی ئەو چوارچێوەیە، بەرانێک خەریکە بەرەو لای راست دەبزوێ.



ئەم جامە، جامێکی میترایی‌یە کە بە پێی باوەڕی کۆنی خەڵکی ناوچەکە نەخشێندراوە. هەر لە سەر بنەمای میترائیسمیشدا دەکرێ بخوێندرێتەوە؛ ئەو سێ سوارەی لە سەرەوەی وێنەی جامەکەن، میترا، ئیندرا و واروونان. سوارەکان لە چەپەوە بەرەو راست دەڕۆن. یەکەم شکڵ لە چەپەوە یان دواسواری ئەو برە سوارە، بە هیلالی سەر سەرێڕا دەناسرێتەوە کە خودای مانگە. خودای مانگ یا واروونا، خودای رەوانی پاک و خێوی کشتوکاڵە. لە شێخمەندو شێخڕەشدا، شێخمەند، لە برایمۆکدا میرشێخ، لە کاوەو زەحاکدا فەرەیدوون، لە مەموزیندا مەم و لە چیاکانی میترادا شارۆێران بە تایبەت گوندی لەجێ جێگا و پەرستگای ئەو بووە. لەو دیاری یا قوربانیانەی بۆیان دێنن، بە پێی ریزبەندیەکە، دوا قوربانی بۆ ئەوە.

دوای ئەو ئیندرایە کە لە نێوەڕاستەوە دەڕوا و نیشانەی خۆری لە سەرە. خودای ئەستێرەی ڕۆژێ یا خۆرپەیک کە خودای شەڕە و پارێزەری ئایینی میترایە. لە شێخمەندو شێخڕەشدا، شێخ ڕەش، لە مەمو زیندا بەکرە شۆفار، لە کاوە و زەحاکدا زەحاک، لە لاسو خەزاڵدا مامەرەشی سەرتەریدە، لە شێخفەرخ و خاتوون ئەستیدا وسووئاغا تەنی ئەون و لە سەر چیاکانی میترا، ئیندرقاش جێگا و پەرستگای ئەوە. لە راستەوە دووهەم دیاری یا قوربانی کە ئەویش دەکەوێتە نێوەڕاستەوە، بۆ ئیندرایە.

لە پێشەوەی ئەم سێ سوارە میترایە کە گای پیرۆزی دە عارەبە کردوە. کاوێژی گا لە گەڵ نمەی باران وەک خێرو بەرەکەت دەڕژێتە سەر هەرد و زەوی بە پیت و پاراو دەکا. ئەوە هەمان مۆتیڤی قوربانی کردنی گا لە لایەن میترایە. گەرچێ لێرەدا گا ناکوژرێتەوە و لیکاوی گاکە هەڵگری ئاماژەی بە پیتیی خوێنی گای قوربانی کراوە. هەمان گایە کە میترا بەر لە گەڕانەوەی بۆ ئاسمان، قوربانیی کرد و رووەک و ئاژەڵی لێ خوڵقاند و بە خوێنەکەی شەرابی هۆمی گرتەوە.

میترا خودای داد و عەداڵەتە. لە بەیتی شێخمەندو شێخڕەشدا خۆرە و سزای شێخرەش دەدا و دەیسووتێنێ، لە کاوەی ئاسنگەردا ئەشکەوت نمادی ئەوە کە پەرستگاکانی میترایی لە ئەشکەوتاندا ساز دەکران و دەکرێ هەڵگری ئاماژەی جێی لێپرسینەوە و سزدانی زەحاک بێ. لە مەموزیندا حەزرەتی خدرە کە غوسڵ بە مەم و ئەسپەکەی دەکا و لە ریزە کێوەکانی میترادا میرقازە و فەقرەقا پەرستگەی ئەو بووە.

لە لای راستەوە بەرەو چەپ، سێ پێشەوای ئایینی بە پیر سێ سوارەکەوە هاتوون. هەر کام لەو سێ پێشوازە لە سەر هەرد نوێنەرایەتیی یەک لەو سێ پلە میترایییە دەکەن. پێشوازیکەران دیاری و قوربانییان بۆ ئەو سێ خودا ئاسمانییە هێناوە. کەسی پێشەوە جامێکی پێیە کە دەتوانین بڵێین شەرابی هۆمی پێشکەش بە میترای گاسوار کردوە. میترا خۆی بەر لەوە کە لە سەر هەردەوە بۆ ئاسمان بگەڕێتەوە، ئەم شەرابەی بە تێکەڵ کردنی خوێنی گای قوربانی لە گەڵ گیای هۆم گرتەوە و لە گەڵ یارانی لە ئەشکەوتەکەدا خواردیانەوە.

بە پێی ریز، پێشوازی دووهەم یا نێوەڕاست قوربانیی بۆ خودای دووهەم یا نێوەڕاست پێیە کە ئیندرایە. کەسی سێهەمیش قوربانیی بۆ خودای سێهەم هێناوە کە واروونایە. قوربانی بۆ واروونا گەورەتر و قەڵەوترە و دیاری

کراوە کە بەرانە. لە بەرامبەردا قوربانی بۆ ئیندرا لەڕتر و نێر و مێیەتیشی ناڕوونە. ئەمە هەم پێوەندیی واروونا و بەران نیشان دەدا و هەم ئەوە کە واروونا خودای زیاتر خۆشەویست و جێگای رێزی زیاتر لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا بووە.

لە خوار داچۆڕانی بەرەکەتی گای میترا و بارینی باران، هەیکەلی گیانداره سەیرو سەمەرەکە هەڵکەوتووە. گیاندارێک کە سەر و دەست و سینگی مرۆڤ لە جەستەیەکی زەبەلاح کە پوولەکی مار یا ماسی پێوەیە، هاتووەتە دەر. لە گەڵ سەری مرۆڤەکە، سێ سەری وەک سەگ و گورگ یا ماری درویشەدار لە هەمان جەستە هاتوونە دەر و وێڕای سەر و دەستی مرۆڤەکە، بەرەوڕووی پاڵەوانێکی هێرشهێن بوونەتەوە. ئەمە هەمان ئەژدەهاکە. هەژدیها گیانداری تایبەتیی ئیندرایە کە نمادی بورجی قرژاڵ و چلەی گەورەی هاوین و هەروەها چلەی گەورەی زستانیشە. لە وێنەی سەر جامەکە بەو پێیە کە بەری گەیشتنی باران و بەرەکەتی گای میترای گرتوە، ئاماژە بە چلەی گەورەی هاوینە. ئەم مۆتیڤە بنەمای چیرۆکی شێخمەند و شێخڕەش و هەروەها زەحاک و کاوەی ئاسنگەرە. گەرچی چیرۆکی کاوە باسی ئەژدەهاکی چلەی زستانە و ئەمە زیاتر ئاماژە بە چلەی هاوینە.

لە خوار هەژدیها، شێرێک وەرکەوتووە کە ئاماژە بە بورجی شێر یا چلەی بچووکە. ئەمە خودای ئاگرە کە بەردەوام نیزیک و هاوکاری ئیندرایە و نمادی چلە بچووکەکانی هاوین و زستانە. لە بەیتی شێخمەندو شێخڕەشدا شێخ ئادی، برا چکۆڵەی شێخ رەشە. لە کاوەی ئاسنگەردا دەبێ بە کوندرەو کە وەزیری زەحاکە. لە بەیتی شێخ فەرخدا شێخەڵ، رەقیبی فەرخە. لە لاس و خەزاڵدا، لاس خۆیەتی، لە برایمۆکدا کوڕی میرعەزەمە و لە مەمو زیندا ئەو ئاورەیە کە دە ماڵە قەرەتاژدین بەر دەبێ. لە ئاسمان بە هەسارەی مۆشتەری یا هۆرمز دەناسرێ و لە ریزە کێوەکانی میرقازدا، زەرگەتەن و شێربەگە.

لە لای راستیمۆتیڤی چلەی بچووک یا شێر، ژنێک لە سەر بەرانێک یان دوو بەران وەستاوە و پاڵەوانێکی کەماندار بە شکۆیەکی زۆرەوە پاسەوانی لێ دەکا. ئەم مۆتیڤەش هەر پێوەندی بە چلەی بچووکی هاوینەوە هەیە و لە راستیدا مۆتیڤی بەیتی لاس و خەزاڵە.

لە لای چەپو لە ریزی خوارەوەی سێ خودا ئاسمانیەکە، باڵندەیەک ژنێکی لە سەر پشتی خۆی هەڵگرتوە. ئەم باڵندەیە سێن یا سیمرغ، باڵندەی زاڤ یا تیری خودای بایە. ژنەکەش، زارا یا ئاناهیتای خودای ئاو و هاوسەری



خودای بایه. گومان دەکرێ بۆ نیشاندانی هاوسەرێتیی ئەو دوو خودایه و بۆ ئەوەی هاوکات پاکیزەیی زارا نیشان بدرێ، زاڤ بە نمادەکەیەوە کە باڵندەیە، نیشان دراوە. خودای با لە شێخفەرخدا، فەرخ، لە کاوە و زەحاکدا، کاوە، لە خەجوسیامەنددا، سیامەند، لە لاسوخەزاڵدا مەلا نەبی و مەلا داوود، لە شێخمەند و شێخڕەشدا ، شێخ جافری باوکی مەند، لە برایمۆکدا برایمیمەلازێندین، لە مەموزینددا برایم پاشای باوکی مەم و لە ئاسمان هەسارەی تیر نیشانێتی. لە ریزە کێوەکانی میترادا، جێگای ئەو لە تەرەغەیە. زارا یا ئاناهیتاش کە دایک و خودای ئاوە لە شێخمەند و شێخڕەش و لە مەم و زیندا دایکە، لە برایمۆکدا پەریخانە، لە کاوە و زەحاکدا فەرانەکە، لە خەج و سیامەنددا خەجە، لە لاس و خەزاڵدا خانزادی سۆرانە، لە شێخ فەرخدا ئەستێیە و لە ئاسمان هەسارەی ناهید یا زۆهرەیە. لە سەر زنجیرە چیاکاندا کۆشکی زارا لە پاڵ تەرەغە جێگای ئەوە.



لە لای راستی باڵندە و ژن، شێرێکە کە نمادی خێوی ئاگر لە پلەی چوارەمی میترایی‌یە. نیشانەی خاچ لە سەر کەفەڵی شێرەکە، داغ و نیشانەی تایبەتیی ئەو پلەیەیە. ژن یا مرۆڤێک کە رەگەزی بە تەواوی روون نییە، هەوساری شێرەکەی گرتوە. ئەمە دەتوانێ خوێندنەوەیەکی دیکە لە ئیندرا بێ. پاشماوەی ئەو دەورانە کە میترا و دوو هاوڕێکەی ژن بوون یان یەکیان ژن بوو. هەروەها هەڵگری پێوەندیی نێوان ئیندرا و خودای ئاگرە کە هەردوویان لە ئاگرن و لە زۆربەی بەیت و ئۆستوورە میترایی‌یەکاندا پێوەندیی نێوان ئەو دوانە پێوەندییەکی زۆر

چڕە. ئیندرا لە وێنەکان دا بە گشتی چرایەک و قامچیەکی بە دەستەوە کە لە سەر جامەکە ئەوە نیشان دراوە. لە وێنەی سەر ئاجۆرێکی قەڵایچیی بۆکانیشدا ئیندرا بە هەمان قامچی و مەشخەڵەوە، نەخشێندراوە.

ئەو پیاوەی پیاڵەکەی لە بەرامبەر چوارپایە بەتاڵەکەدا راگرتووە، خودای خاکە. خودای خاک بە گشتی لە پیاوچاکان و شێخ و مشایخانی سەر هەرد پێک دێن کە سەربازانی میترا و پارێزەرانی ئایینی میتراییین. لە ئۆستوورەکاندا زیاتر بە ئەسپ وەک گیانداری تایبەت یا ئاسن وەک کانزای تایبەت دەوریان هەیە. لە ئاسمان هەسارەی مارس هی ئەوانە و لە ریزە چیاکاندا مەرغەوڵە. سێ خەنجەرەکەی پشت سەری ئەو ئاماژە بە پلەی سێهەمی میتراییە و رووی بەرەو خواری خەنجەرەکان هەڵگری هەمان ئاماژەی خاک و خاکی بوونی ئەم پلەیەیە. کورسیی بەتاڵ و پیاڵە کە رەنگە هەڵگری شەرابی هۆم و بە گومانی زیاتر هەنگوین بێ، خەڵاتی ئەو پاڵەوانەیە کە شەڕی هەژدیها دەکا. ئەگەر سەرکەوتوو بێ ئەوە دەستەکانی بە هەنگوین دەشۆن و لە سەر ئەو کورسی یا مێزە دادەنیشێ و بەم جۆرە دەچێتە پلەی چوارەمی میترایی کە خێوی ئاگرە. ئاگر خودای دەسەڵاتداران، فەرماندە و پاڵەوانانە. شێر کە گیانداری تایبەت بە پلەی ئاگرە و لە پشتەوە بەرەو ئەو پەردەیەی جامەکە دێ، هەڵگری ئەو ئاماژەیەشە.

دوو پیاو کە لە خوارەوە هەیولایەکیان دەستبەسەر کردوە، بە جلوبەرگیاندا دەردەکەوێ کە پیاوی ئایینین. پاڵەوانەکان داوێنێکی گوڵینگداریان دەبەر دایە بەڵام کراسی پیاوە ئایینیەکان درێژە و تا گوێزینگیانی داپۆشیوە. هەیولا رەنگە ئاڵ و شەوەی زەیستانبەر و شتێکی ئاوا بێ کە پیاوە ئایینیەکان ناهێڵن زەفەر بە ژنە زەیستانەکە بەرێ. ژنی زەیستان یا دایک منداڵەکەی رادەستی پیاوێک دەکا. ئەو پیاوەش بە گومانی زۆر پیاوێکی ئایینی و سەر بە مەرەگەی میتراییە. تەشوێ یا چەکوچەکەی دەستی، ئاماژە بە راهێنان و ئامادەکردنی منداڵان و تازەلاوان بۆ خزمەتی دین و دنیایە. منداڵەکە بۆ شەڕی ئەو شێرە پەروەردە و ئامادە دەکرێ کە لە پشت پیاوی ئایینی وەرکەوتووەو وەک نمادی بورجی ئەسەد یا چلەی بچووکی هاوین بەشی خۆی بەری ئاو و بارانی گرتوە. دوای هەژدیها کە لە چلەی گەورە و بورجی قرژاڵ دا نمادی وشکەساڵیە، شێر وەک نمادی بورجی ئەسەد یا چلەی بچووک، زیاتر و توندتر بەری ئاو و بەرەکەت لە ئاوەدانی دەگرێ.

لە دوای شێر، ژنێکە کە لە سەر پشتی بەران راوەستاوە. ئەو ژنە گەلاوێژە. خودای سێکس و کەڵ هاویشتن.

خۆڕووتکردنەوە و نیشاندانی لەش، لەشێکی ڕێک، خاڵێک کە لە سەر نێوکی دەدرەوشێ و بەرانێک یا دوان کە ئەویان لە سەر پشت داناوە یان ئەو لە سەر پشتیان راوەستاوە، حیکایەتی جوانیی و هاندەریی ئەستێرە و ئۆستوورەی گەلاوێژ بۆ کەڵ هاویشتنە کە ناوەکەشی هەر لە "کەڵ هاوێژ" وەرگرتوە. گەلاوێژ، لە ئۆستوورەی لاس و خەزاڵدا، خەزاڵە شۆڕی مەلانەبییانە و پاڵەوانێک کە وەک پاسەوان لە پەنای راوەستاوە، لاسە شۆڕی باڵەکییانە. لە سەر یەک ئەم بەشەی جامەکە مۆتیڤی بەیتی لاس و خەزاڵە.



لە ژێر جامەکە چوارگۆشەیەکی شەترەنجی کێشراوەتەوە. لە هەر لایەکی ئەو چوارگۆشەیە بەرانێک بەرەو راست هەنگاو دەنێ.  بەران، ئاماژە بە بورجی بەران و مانگی فەروەدین، یەکەم مانگی بەهارە کە مانگی خێر و بەرەکەتە. هەروەها ئاژەڵی پیرۆز و تایبەتیی واروونای خودای روانی پاک و خودای کشتوکاڵە. هەنگاویان بەرەوڕاست، گەڕان بەرەو ژیانە. هەروەک لە هەڵپەڕیندا گەڕان بەرەو چەپ ئاماژە بە مەرگە و ئەو قوربانیانەش کە لە سەر جامەکە بە پێشوازی خودایانەوە هێندراون، لە راستەوە بەرەو چەپ دەهێندرێن. خانە شەترەنجیەکان لە پەنا یەکتر، هەمان ئاماژەیە کە لە بورجی بەڵەک یا لە رەنگی جامانەدا هەیە. نیشانەی لە پەنا یەک حەوانەوەی دژەکان و ئارام گرتنی خودای شەڕ (رەش) لە پەنا خودای خێر (سپی)ە. ئەمە دەتوانێ شوێنەواری ئایینی زەروانی و باوەڕی هاوماک بوون و جمکایەتیی دوو ماکی خێر و شەڕ بێ کە کەم و زۆر شوێنی لە سەر میترائیسمیش دانا.

* ئەم بابەتە، دوا بابەتی لێکۆڵینەوەیەکی درێژە لە ژێر ناوی *"میترائیسم لە سەر چیاکانی موکریان و لە فەرهەنگ و فۆلکلۆری ناوچەکەدا"* کە هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە



سەرچاوە: وێبلاگی یاداشت - ڕێکەوتی: ٩ی ئەپریلی ٢٠١٨

## دیاریی دوژمنی دڵ چڵکن




بەهاری ١٣٦٤(١٩٨٥ی زایینی)، لە بەرەبەری دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری سروە، تلویزیۆنی سنە وتوویژێکی لە گەڵ مامۆستا هێمن ئەنجام دا. لەو دەرفەتەی کە بۆ خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ڕەخساوە، شادی و خۆشحاڵی بە روخساری مامۆستاوە دیارە. هاوکات وەک دەسبەسەرێکیش دەچێ کە دەیهەوێ یان دەبێ وا نیشان بدا ئازادە. لە کۆتایی دیمانەکەدا شێعری ئێوارەی پاییز دەخوێنێتەوە. دەڵێی گەرەکیەتی هەموو هەستی دەستبەسەریی خۆی بە خوێندنەوەی ئەو شێعرە دەربڕێ. بەڵام خوێندنەوەکە یەک - دوو جار قۆرتی تێدەکەوێ. وا دیارە سانسۆر کراوە یان مامۆستا بۆخۆی تووشی خۆسانسۆری بووە. بە تایبەت لە خوێندنەوەی ئەو چوارینەیەی شێعرەکە و بەر لە گوتنی وشەی خەنجەر:

*به چڵکی یەخەی کرێکار*

*به کەفی سەر شانی جووتێر*

*به پەچەو رووبەند، به "خەنجەر"*

*به یەک نەبوونی مێ و نێر*

پێشتریش وشەی ناقۆڵای "خەنجەر"م لەو شوێنە دیتووە. لە ڤەژین و چەند نووسخەی دیکەشدا شێعرەکە بەو شێوەیە و بەو وشەیە نووسراوە. بەڵام ئەو وشەیە لە شوێنی خۆیدا نییە و خەنجەر چ پێوەندی بە پەچە و رووبەند یا بە یەک نەبوونی مێ و نێرەوە نییە.

ئەوەندەی لە بیرم بێ ئەو وشەیەی لەو دێڕە شێعرە و لە جێی خەنجەر هەیە، "چارشێو"ە. چارشێو لە گەڵ پەچە و رووبەندیش رێکە و ناچارکرانی ژن بە پۆشین و دە خۆ وەرپێچانی، نیشانەی ئاشکرا و زەقی ژێردەستەیی ژن لە کۆمەڵگا و "یەک نەبوونی مێ و نێرە". هێمن پێشتر و بەر لە ئێوارەی پاییزیش، دژایەتیی خۆی لە گەڵ "پەچە و رووبەند و چارشێو" راگەیاندوە و نارەزایەتیی خۆی لە رووپۆشین و پۆشینی چارشێو دەربڕیوە:

*ئەو پەچەو رووبەندو چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ*

*ئەو شــڕ و شاڵاتە دیاریی دوژمنی دڵ چڵکنە (یادگاری شیرن)*

*لە چاوپێکەدا جارێکی دیکەش باس لە دزێویی پەچەو رووبەندو چارشێو دەکا و دەڵێ:*

*هەتا لاو بووم چاوی جوانم لێ ون بوو*

*پەچەو رووبەندو چارشێوم دوژمن بوو*

بەو هەموو ناکۆکی و دوژمنایەتییەی کە هێمن بە درێژایی تەمەنی لە گەڵ چارشێو هەیبوو، لە کۆتاییدا کاری کەوتە لای دەسەڵاتێک کە چارشێوی وەک پەڕێک لە پەڕەکانی قورئان بە پیرۆز سەیر دەکرد. دوای هاتنی خومەینی و لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، چارشێو و حیجابی ئیسلامی بوو بە بەشێک لە ئایدۆلۆژیای ئەم دەسەڵاتە و بە زۆر بە سەر ژناندا سەپا. مامۆستاش لە حاڵێکدا "ئێوارەی پایز" لە ستۆدیۆی تلویزیۆنی سنەدا

دەخوێنێنەوە کە وێنەیەکی خومەینی لە پەنا دەستی قوت کراوەتەوە. وا دیارە ناچار بووە یان مەجبوور کراوە چیدی ئاوا بێ دەسنوێژ ناوی چارشێو نەهێنێ! بەو حاڵەش دەربڕینی نارەزایەتی و نیشاندانی جێگۆڕینی بە تۆبزی، لە دانانی وشەی خەنجەر بە جێی چارشێو لە شێعرەکەدا هەست پێ دەکرێ. هەروەها جۆرێک گاڵتە بە سانسۆڕ و بە دەسەڵاتێک کە چارشێوی پیرۆز کردووە!

*دەقی درووست و رەسەنی ئەو بەشەی ئێوارەی پایز ئاوایە:*

*بەڵێ هەن و پێدەکەنن..*

*...*

*بە چڵکی یەخەی کرێکار*

*بە کەفی سەر شانی جووتێر*

*بە پەچەو رووبەندو چارشێو*

*بە یەک نەبوونی من و نێر*

وێدەچێ مامۆستا لە کۆتایی تەمەن و لە سەردەمێکدا کە ئیدی کەمتر بەرەو نووسینی شێعر دەچوو، داخی سانسۆڕی چارشێو لە ئێوارەی پایز و کۆی رقی خۆی لە "حیجابی ئیسلامی"ی دیاریی دوژمنی دڵ چڵکن، بە شێعری حیجابی ئیسلامی سارێژ کردبێتەوە:

*بە حیجابی ئیسلامەوە دیم جوانێ*

*ماڵە بابم ئای لەو خەلە و خەرمانە!*

*نەمدیبوو مانگی چاردە وا ڕوناک بێ*

*بەساوی پاک لەنێو جغزی خەرمانە*

*گوناح نەبوو، تێم هەڵڕوانی، نەترسام*

*لە چەمۆڵە و جنێو و بۆڵە بۆڵی*

*ئەوی جوان بوو لە ڕووی ئەودا بەدیم کرد*

هەنیە، کوڵمە، دیدە، برۆ، مژۆڵــی
کە دین نەبێ، دینی دەگۆڕێ بۆ تۆ
ئەو تەرسایەی بێ ترس ڕایمووسی خاچ
کچی شەرمن بە ڕوو سووری دەنیشێ
لەسەر ڕووی تۆ شەوێکیش ئاپۆلی ماچ

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٩ی ئەپریلی ٢٠١٨

## ناچار بووم تەقە لە سەربازەکە بکەم..




ناچار بووم تەقە لە سەربازەکە بکەم.. کە کەوتە سەر هەرد هەر هاواری ژنەکەی دەکرد؛ ماریا.. ماریا.. و لە پێش چاوی من مرد. ملوانکەیەکی لە ملدا بوو کە وێنەی زەماوەندی خۆی و کیژێکی منداڵکاری پێوە بوو. گومانم کرد ماریا بێ. رقم لە خۆم بۆوە. ئەمن هەوڵ دەدەم هەمیشە سیلە لە قاچی بەرامبەرەکەم بگرم. هەوڵ دەدەم نەیانکوژم. تەنیا برینداریان بکەم بۆ ئەوەی وەدوامان نەکەون. ئەو جارەش هەر وام کرد. بەڵام کاتێ سیلەم لە قاچی گرتبوو، لە پڕ داهاتەوە و فیشەک بەر سینگی کەوت. ئێستا ماریا بچکۆڵەکەی دەبێ تا کەی چاوەڕوانی ئەو بێ؟! دەبێ چەند شاڵگەردن و کراسی گەرم بچنێ تا رۆژێک پیاوەکەی لە شەڕ بگەڕێتەوە؟ ماریا تەنانەت نازانێ کە پیاوەکەی لە ژێر باران و بۆ ئاخر جار هەر ناوی ئەوی لە سەر زار بوو. شەڕ دزێوترین بیرۆکەی مرۆڤە.. لە منداڵیەوە بیرم لەوە دەکردەوە؛ باشە بۆ مەگەر مرۆڤەکان ناچارن لە گەڵ یەک بەشەڕ بێن و ئێستا دەزانم بەڵێ! هێندێک جار ناچارن.. چونکە ئەوانەی بڕیاری شەڕ دەدەن لە ژێر باران نین. لە نێو قوڕ و چڵپاودا نین و بە یادی

چاوانی سەوزی ماریا نامرن. ئەوان لە ماڵە گەرم و گوڕەکانیاندا دانیشتوون. سیگار دەکێشن و فەرمان دەدەن.. خۆزگە چەکەکەم روو بەو سەرۆکانە گرتبا کە لە ماڵە گەرمەکانیاندا دانیشتوون، مناڵەکانیان لە ناو ئەستێردا مەلە دەکەن و بۆخۆیان بە قەڵەمێکی گرانبایی، بڕیاری مەرگی هەزاران هاوسەری ماریاکان واژۆ دەکەن. تەنانەت ئاسانتر لە نووسینی سڵاوێک..

تاهیر حسینی بە فارسی داینابوو، کردم بە کوردی

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢١ی ئەپریلی ٢٠١٨



سڵاو لە بنەماڵەی بەڕێز و خۆشەویست هاوڕێ تاهیر قاسمی



هەتا ئێستاش بنەمای خەباتی نەتەوایەتیی ئێمە لە کوردستانەو لە دڵی رزگاریخوازانی کوردستاندا لە هەر شار و ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان، زیندوویە. کەواتە ئەگەر مێژووی هاوچەرخی رۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆماری کوردستانەوە دەست پێ بکا، ئەوە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای داگیرکرانی کۆمار، یەکەیەکی جوغرافیایی داگیرکراوە. دەسەڵاتی تارانیش چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ ئێستا و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا، لە کوردستان دەسەڵاتێکی داگیرکەرە. بەو پێیەش خەباتی ئێمە دەبێ خەباتی نەتەوە و خاکێکی داگیرکراو دژ بە دەسەڵاتێکی داگیرکەر بێ. لە ستراتژیی خەباتی ئێمەدا، داگیرکەر دەبێ وڵاتەکەمان بە جێ بێڵێ و تەنیا بە رێککەوتن لە گەڵ دەسەڵاتی خەڵکی کوردستان مۆڵەتی بوون لە ناو ئەم یەکە جوغرافیاییەی هەبێ. تا کاتێک ئەمە پێناسەی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە دەسەڵاتی تاران نەبێ، کابرای تارانی زۆر بە ئاسانی دەتوانێ پێمان بڵێ، ئەگەر رازین لە ئێران بمێننەوە و ئەگەریش نارازین، ئەوە برۆن لە وڵاتێکی دیکە بگیرسێنەوە!

کەواتە ئێمە دەبێ دەسەڵات و هێزی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان، وەک هێزی داگیرکەر ببینین نەک بە تەنیا وەک هێزی دیکتاتۆر.

تاهیر قاسمی

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رەحمان نەقشی

رێکەوتی: بانەمەڕی ٢٧١٨ی کوردی - مای ٢٠١٨ی زایینی